# بسم الله الرحمن الرحيم

( إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّـهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَخْشَ اللَّـهَ وَيَتَّقْهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ)
(النور: ٥١- ٥٢)

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

نەبوونی کەش‌و هەوایەکی ئازاد لە تەواوی جیهانی ئیسلامی‌دا و بوونی گیانی پاکتاو کردن و لە ڕیشە دەرهێنان و پەراوێز خستنی ئەوی تر ، لە ڕووی جەستەیی‌و مەعنەوی‌یەوە و لە هەمان کاتدا مەترسی لەدەست دانی کورسی دەسەلات‌و ئەو ململانێیانەی ئەم بارودۆخە سەپاندویەتی ، وەهای کردووە زۆربەی نوسین‌و ووتارو هەلویستەکانمان زیاتر کاردانەوە بن وەك لەوەی کاری هێمنانەو جیددی بێت ، ئەو هەلویستانەشی کە دروست دەبن تا ڕادەی دەمارگیرێتی لە گەلیدا دەڕۆین هەرچەندە زۆربەیان پاش ئەزمونی چەند سالێکی تەمەن لە واقیع و ژیاندا هەلەییان بە دەر دەکەوێت .

ئێمە پێویستمان بەوەیە تێڕوانینەکانمان هەلقولاوی دۆخێکی هێمن‌و لەباری سایکۆلۆژی‌و کۆمەلایەتی‌و مەعریفی بێت ، بارودۆخێك ترس‌و حەزو کاردانەوەو دەمارگیرێتی سێبەری بەسەرەوە نەکات ، ئاتاجی ئەوەین دەزگاو بنکەی زانستی پسپۆڕ لە بارودۆخێکی ئاسایی و ئازاد دابێ هیچ پەسەتانێکی دەرونی و مەعنەوی و ماددی توێژینەوەی بوارە جیاجیاو بابەتە جۆربەجۆرەکانمان بۆ بکەن تاوەکو بگەینە زۆر دەرئەنجامی گرنگ کە هەمومان پێویستیمان پێیەتی ، دیارە بواری ئیسلام ناسی بە مانا فراوانەکەیی و بە سەرجەم ئەو ڕەهەندانەی گرێدراوی ئەم بوارەن لە گرنگترین ئەو بابەتانەن کە شیاوی ئەم بایەخ پێدانەبن ، بەلام ئایا ئەو زەمینەیە هەروا بە سانایی بەدی دێت‌و بەدی هاتووە ؟! وە ئایە لەو ڕووەوە چەندەو چەندین هەنگاومان هەلگرتووە ؟! من وا دەزانم

كاركراوەو چەندین هەنگاویش نراوە بەڵام ئەو بارودۆخە جۆراوجۆرە سیاسیو فكری و ئابوریانەی هەنوكە لە جیهاندا زۆر خێرا ترن لەوەی بوار بدەن ئەو هەنگاوە جوزئیانە بگەنە ئەنجامی ویستراوی خۆیان ، ناسازی ئەو بارە ناوخۆیانەشی ئاماژەم پێدا گرفتێكی ترە .

لەسەر ئاستی فكری ئیسلامیش نەبونی كیانێكی سیاسی بە هێزی پشت ئەستور بە پێگەی فكریو بنكەی جەماوەری و تەواوكاریو ماددی ڕۆڵێكی سەرەكی بینیوە لەو پشێویە فكریو بارە ناهەموارەی جیهانی ئیسلامی پێدا تێدەپەڕێو ئەو قەیرانانەی توشی تێڕوانینو باری ژیانو گوزەرانی ئەم ژینگەو زەمینەیە بووە ...

سەرەڕای ئەوەی لە كوردستاندا لە ڕووی سیاسیو بزافی كوردایەتیەوە دەكرێت و شیاوە خاڵە هاوبەشە نەتەوەییەكانو خەمە دێرینەكانی گەلی كورد بارێكی ڕەخساندبێت كە هەردوو تەوژمی ئیسلامیو عەلمانی خستبێتیە سەر یەك هێڵی كاركردن بۆ بەدیهێنانی خەونە نەتەوەیو مافە مرۆڤیەكانی گەلی كوردمان ، بەڵام نكوڵی لەوە ناكرێت لە ڕووی فكریو ئایدۆلۆژیەوە جیاوازی و ناكۆكیەكان درێژەی هەبووە و دەبێت ، كە ئەكرێ لە چەندین كەناڵی گفتوگۆو مشتومڕو دەمەتەقێوە قسە لەسەر ئەم ڕووەشی بكرێت ، بەتایبەتیش تەوژمی عەلمانی سیاسی كوردی لەسەر ئاستی تاكو كۆ میانڕەوو توندڕەو بێباوەڕو بێلایەنو نیشتمانی نەتەوەیی تێدایە ، بەشێك لەو تەوژمەش كەمتەرخەمی نەكردوە بۆ قۆستنەوەی هەر ڕوداوو هەلێك تاوەكو لەو ڕێگەیەوە هێرش بباتە سەر بزاڤ و فكرو ئایدیای ئیسلامی ، بگرە هەندێ جار هێرش دەكرێتە سەر ئیسلام وەكو ئاین و مەرجەعیەتیش .

سەرەڕای ئەوەی نوسەرانو ڕۆشنبیرانی عەلمانی لە ڕێی هەوڵی فەردیو دەزگاییشەوە درێغیان نەكردوە لە (تنظیر) كردنی عەلمانیەت لە ڕوی فكریەوە ... هەر بۆ نمونە هەر لەم ماوەیەدا كە من خەریكی نوسینی ئەم كتێبە بووم لە بری جارێك دوو جار وەرگێڕانی لێك جیای كتێبەكەی (علی عبدالرازق ) ( ئیسلام و بنەماكانی فەرمانڕەوایی ) كرا ، بەو پێیەی كتێبێكی زۆر گرنگەو خزمەت بە پرۆژەی عەلمانیەت دەكات .. ئەمە جگە لە چەندین كتێبو نامیلكەو گۆڤاری جۆراو جۆر كە بۆ هەمان مەبەست بە چاپ گەیەنراون ..

باس كردنش لەمە تەنها بۆ خستنە رووی واقعەكەیە كە تیایدا جیاوازی و ناكۆكیەكان ڕەنگدانەوەیان هەبووە ، دیارە لە بەرانبەریشدا تەوژمی ئیسلامی هەمان ڕەوتی گرتۆتە بەر ، جیاوازیەكەیان تەنها لەوەدایە تەوژمی عەلمانی پشت ئەستورە بە دەسەڵاتو تواناو

ئیمكانیـەتی زۆرو زەوەنـدەو بەرژەوەنـدی جـۆراو جـۆر لەبەردەسـتیاندا بـووە، ئەوەشـی ململانێو گفتوگۆكانی زیار چڕ كردەوە ئەو خاڵە بوو كە ڕەوتی ئیسلامی میانڕەو توانی لـە كوردستاندا شیاوێتی و لـەباری خـۆی بسـەلمێنێ لەولاشـەوە ئـەو ڕووداوە كارەساتیاویانەی بوەتـە دیاردەیـەكی تـا ڕادەیـەك جیهـانی و بـە نـاوی بـەرەی تـیرۆرو دژە تـیرۆر لـە ئارادایـە ململانیەكانی رق ئەستور كردوەوەو زۆر مەلەفی تێكـەڵ بەیـەك كـردوە كـە لـە بناغـەدا جیا لـە یەكن . لەم میانەشدا ڕەوتی ئیسلامی بەهۆی كاری نەفامانەی هەندێكەوە بەر توانج و تەشەر و ڕەخنەی توند بووەتەوە .

دیـارە عەلمانیـەتیش بـە هـەموو ئـەو پێناسـانەی بـۆی دەكـرێو ئـەو خوێندنەوانـەی هەڵێیدەگرێ، مەرجەعیەتێكی سەربەخۆیە ، لێرەوە گفتوگۆ و پەیڤین لەگەڵ كردنـی ئـەركێكی هەنوكەی ئیسلام خوازانە ، لە لایەكی ترەوە ئەبێ ئەوەش لە یاد نەكەین ئەم گفتوگۆو پەیڤین بگـرە ململانێیانـە سـەر نەكێشـێ بـۆ جـەدەلێكی بـێ كـەڵكو بـە هـەدەردانی وزەو تواناكـانی مرۆڤی كورد لە شتێك دا كە نازانستی بوون و بێ ئامانجی لێ بكەوێتەوە ....

لە لایەكی ترەوە هەنوكە بزاڤێكی تریش لـە ئارادایـە دەیـەوێ خوێندنەوەیـەكی عەلمانیانـە بۆ ئیسلام  بكاو ئیسلام بە عـەلمانی بكـا ، یـاخود تـەئویل كردنـی بـۆ دەقـە ئیسلامیەكان بـە شێویەكە كە سەرئەنجام تێڕوانینێكی ماددیانە زیاتر هیچی تر نییە و ئەو یاساو ڕێسایانەی تێپەڕاندوە كە مەرجن بۆ هەر تێگەیشتنێكی در وست لە ئیسلامو خوێندنـەوەی نوێخوازیانـە بـۆی . ئەمـە جگـە لـەوەی خوێنـەوەی بـاری ژیـارو شارسـتانیانەی ئیسـلامو ئـەو ڕۆڵـەی موسـڵمانان لـە زانسـتو زانیـاری دا بینیویانـە تاڕادەیـەكی زۆر لـە كـۆنو نوێـدا پشـت گـوێ خـراوە و نوسـینەوەی مێـژووی موسـڵمانانیش زیـاتر جـەختی كردوەتـەوە لەسـەر مێـژووی فەرمان ڕەواو جەنگو فتوحاتەكان وەك لەوەی ڕووەكـانی تـری ژیاری موسڵمانان بخاتـە روو كە ئەمەش كەلێنێكەو ئەوەندەی دەكرێ گرنگە بخرێتە روو ...

♦ ئەم كتێبەی بەردەستان كە سەبارەت بە دیدی ئیسلامیە لەمەڕ دەسـەڵاتو كۆمەڵگـەو بنـەماكانی فـەرمان ڕەوایـی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای سـاڵی ٢٠٠١ ، بـەڵام لەبـەر سـەرقاڵی خۆمو كەم پەرژانم ماوەیەكی زۆری پێچوو تاوەكو بتوانم ئامادەی بكەم ... دیارە فراوانی بابەتەكەش ڕۆڵی هەبووە لەم دواكەوتنەدا هەندێ جار ناچار بووم بابەتی ڕێخۆشكەر بهێنم تاوەكو لەم ڕێگەیەوە فیكرەكە زیاتر ڕۆشن بێت .

له رووی باوەڕبوونمان بە زەرورەتی ئاوێتەیی و ئاوێزانی ئیسلامو بەها ڕەوشتی‌یەکان بەسەرجەم کایەکانی ژیان لەوانەش کایەی سیاسی و فەرمان ڕەوایەتی هەر بۆیە لە زۆربەی بابەتەکاندا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەگەڕێینەوە سەر ئەم خاڵە جەوهەریە کە سەرەکی‌ترین تەوەرەی ئەم کتێبەیە ، کاتێکیش باس لە ئاوێزانی و زەرورەتی پێکەوە هەڵکردنی ئیسلام بە ژیانو سیاسەتو فەرمان ڕەوایەتی دەکەم ، مەبەستم ئەوە نی‌یە بە دیدێکی (ثیوکراتی)یانەوە بۆ ئیسلام بڕوانم ، بەڵکو قەناعەتمان بەوەیە ئەمڕۆ سەرجەم بوارەکانی ژیان سەرەڕای ئەوەی بە توندی پێکەوە گرێدراون ، لە هەمان کاتدا لە واقعی ژیاندا هەریەکە دەزگا و ڕێوڕەسمی تایبەت بە خۆی هەیە کە لێیەوە کاروبارەکانی ڕێك دەخرێ ، بەڵام ئەو گیانەی ئاڕاستەیان دەکات بەڕای ئێمە جگە لە ڕێو شوێنە ئیداریەکان دەبێت لە قورئانو شەریعەتەوە وەرگیرابن لەوێوە ئیلهامیان پێ ببەخشرێت ، با ڕاستەوخۆش لە دەقەوە وەرنەگیرابن ، گرنگ ئەوەیە دژ نەبن پێی ، سەرەڕای بونی چەندین دەق سەبارەت بەهەندێ کاروباری تایبەتی ئەم بوارە (هەروەکو پاشتر دێینە سەری ) ، موسڵمان بە ئەرکی خۆی دەزانێت ڕایان پەڕێنێو کاریان بۆ بکات بۆ ڕەنگدانەوەی لە ژیانی تاكو کۆمەڵدا .

کاتێکیش باس لە بواری سیاسی‌و فەرمانڕەوایەتی دەکەین مەبەستمانە باس لە بوراێك بکەین کە ئیسلام تێڕوانینێکی تایبەتی بۆی هەیە ، ئیتر ئایا بزاڤ و بیریارانی ئیسلامی لەو رووەوە توانیویانە چی بکەن و لە چی ئاستێکدان و چی دەکەن ؟ وە ئایا سەرجەم موسڵمانان لە ئاستی فیکری ئیسلامی‌و پەیامی ئیسلامدان ؟ وەچەند توانیویانە بەها مرۆییەکانی ئیسلام بخەنە ڕوو لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا لەوانەش بواری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ...هتد.. ئەمانە چەند پرسیارێکن وادەزانم وەڵامی ئیجابی لەزەمینەی واقع دا بەپێی پێویست نی‌یەو ماویەتی موسڵمانان لەو رووەو هەوڵو خەمخۆریەکانیان زیاتر بخەنە گەڕ و هەنگاوو ئەزمونی زۆر ماوە کە ببردرێو تێڕوانینی زۆریش هەیە ئاتاجی پێداچونەوەن و موراجەعەی پێویستە ، تەنانەت بۆئەو فیکرانەی ئێمەش لەم کتێبەدا خستومانەتەڕوو .

بۆ نوسینی ئەم کتێبە کەڵکی زۆرمان بینیوە لەبەرهەمی کەسانی ترو داومانەتە پاڵ نوسەرەکانی یاخود فیکرەو بیرۆکەکانیمان وەرگرتووەو ئاماژەمان بەسەرچاوەکەی کردووە هەرچەندە ئەو بابەتانە لە ئاستی بەڵگە نەویستو سەلمێنراویشدا بن بەڵام لە ڕووی مافی

بەرامبەرەوە ئەو ئاماژەکردنانەمان پێباش بووە ، هەرچەندە قەناعەتی پێشینەی خۆشمان بووبێ ، هەندێ جار لە سەرچاوەیەك یان زیاترەوە کەڵکێکی زۆرمان بینیوە و بە ئەندازەی پێویستیش هێناومانە ..

سەرەتا بە ڕێخۆشکردنێك چووینەتە ناو باسەکەوە لە زەروەرەتی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان دواوین ، بە تێپەڕبوونی قۆناغە یەك لە دوای یەکەکانی ژیان پێویستی بوونی چەند بنەمایەکی ڕێکخەر ، دەسەڵات هاتە ئاراوە و پاشتریش لە شێوەی دەوڵەتدا خۆی نواند ، ئەمەش پاڵنەرمان بوو بۆ ئەوەی باسێکی خێرا سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دەسەڵات و دەوڵەت بکەین ، لەم ڕووەوە ئاماژەمان بەو بیردۆزانە داوە کە سەبارەت بە سەرهەڵدانی دەسەڵات لە ئاراداون و بیری ئیسلامیشمان لەم ڕووەوە خستووەتە سەر باس و قسە لەسەر کردن ، لە ڕووی دەقەوە بێت یاخود لە رووی مێژوویی یەوە ، باس کردن لە بەڵگەنامەی مەدینەش تەوەرێکی گرنگی ئەم باسەیەو لەو ڕووەوە وادەزانم شتێکی باشم خستبێتە پێش چاو بە تایبەت پاش ئەوەی دەقیقی بەڵگەنامەکەمان وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و پاشتریش بە سود بینین لە سەرچاوەی تر ، تاوتوێی بەڵگەنامەکەمان کردووە و لەڕووی بابەتی فەرمان ڕەوایی و یاسایی یەوە چەندین خاڵ و بەندمان خستوەتە ڕوو ، سەرەڕای ئاماژەکردنێکی خێرا بە تێگەیشتنی چەمکی دەسەڵات لەسەردمی خەلیفەکانی ڕاشیدین دا ، پاشتریش چوینەتە نێو بابەتی دەروازەیەك بە رووی ئیسلام و ژیانداو ئاماژەمان داوە بەوەی ژیان چەندین ڕەهەندی لەو ڕووانەوە چەندین ئاماژەو ئاراستەی خستۆتە پێش چاو بە پێی دەقی قورئان و سونەت ئەمەشمان لە سیستمەکانی ڕەوشت و کۆمەلاتی و ئابوری و جیهادو قەزاو .... هتد دا خستوەتە ڕوو ، سەرجەم ئەم سیستمانەو ئەو ڕێوشوێنانەی دەگیرێتە بەر بۆ گرنگی پێدان و بەڕێوەبردنیان لە نێو خەڵکی موسڵماندا ئەوە دەردەخەن ناکرێت ئیسلام لە کایەکانی کۆمەڵگە دابڕێنرێت و ژیان و گوزەران و سیاسەت و فەرمانڕەوایەتی هیچ ڕایەڵەیەکی نەبێ لەگەڵ ئیسلام و دەقەکانیدا ، بەتایبەتیش لە کۆمەڵگەیەکدا کە بەهاوکەلتوری ئیسلامی ڕیشەیەکی قوڵ و دێرینی هەیە لەدەرون و ناخ و کایەی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگەی موسڵماناندا ..... لەگەڵ ئەمەشدا خوێندنەوەیەکی خێرای سیاسەت و سیاسەتی شەرعیمان کردوەو پاشتر بە درێژی چوینەتە نێو باسی ئیسلام و بنەماکانی فەرمانڕەواییەوە ، چونکە زۆرن ئەوانەی بێباکانە لەسەر ڕوو پەڕەی

کتێب و گۆڤارەکان بە ڕاشکاوی دەڵێن لە ئیسلامدا تەنها دەقێك بەدی ناکریت سەبارەت بە سیستمی فەرمانڕەوایەتیو بنەماکانی ئیسلامدا ؟!

لەبەرئەوەی سەرجەم ئەم باسە پەیوەندی یەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە پیادەکردنی شەریعەتەوە ، لەبەرئەوە بە باشم زانی لەو ڕووەوە بابەتێك وەرگێڕم و وەك و پاشکۆیەك لەگەڵ ئەم کتێبەدا لە چاپی بدەین . *

لە ڕاستیدا بابەتی دەسەلاتو کۆمەڵگەو بنەماکانی فەرمانڕەوایەتی بابەتێکی هەروا ئاسان نییە و کەسی پسپۆڕی دەوێ بەلام هەست کردن بە بەرپرسیاریتی پالی پێوەناین ئەگەر کەمو کوڕیش بووە لەدەرگایەکی ئاوەها بابەتێك بدەین ، بە هیوای ئەوەی کەلێنەکانی لەلایەن نوسەرانو پسپۆڕانەوە پڕبکرێتەوەو هەوڵەکەی ئێمەش هەنگاوێك بێت لەو ڕووەوە سەرەڕای ئەوەی چەندین بابەتی وەكو ئازادییەکانو فرەلایەنیو دیموکراسی و عیلمانیەت و .... هتد لە کرۆکی بابەتەکەی ئێمەبوون بەلام نەمانتوانیو بۆمان نەڕەخسا بەپێی پێویستو لەوە زیاتر قسەیان لەسەر بکەین .

ماوەتەوە بڵێم هیچ کارو بەرهەمێك بێهەڵەو پەڵەو کەموکورتی نییە هەڵەکانیش لە منەوەیە ،گرنگ ئەوەیە ئەوەی نوسیومە بەڕاستم زانیوە هەرچەندە نەشم پێکابێت .....

**فاتح سەنگاوی / چەمچەماڵ /** ١٦/٢/٢٠٠٤

---

* لە گۆڤاری باباگوڕگوڕ ژمارە ( ٥ ) دا بلاوکراوەتەوە .

# دەسپێك

لەو ڕاستیە سەلماوو بێ‌پێچ‌وپەنایانەی كە مرۆڤـــ پێی گەیشتووە و وە تێی گەیشتوە ئەوەیە كە مرۆڤـ ناتوانێ بژی و ژیان بەرێتە سەر مەگەر لە چوارچێوەی ناوەندێكدا نەبێت كە خۆی لەو ناوەندەشدا بەشێوەیەكی سروشتی‌و كۆمەڵایەتی‌و سیاسی ژیانی ئاسایی خۆی ڕێك دەخات تاوەكو كۆمەڵگایەكی مرۆیی پێك بهێنێ‌و ژیان‌و بژێوی خۆی بەشێوەیەكی ئاسایی دەستەبەر بكات لەنێو كۆمەڵگەدا و لەگەڵیاندا ژیان بگوزەرێنێ لێرەوەش تاك ، هەرتاكێك بێت بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت لەكۆمەڵگەدابڕێت ئەو بیردۆزە و وەهمیانەی كەلەسەر گریمانەی بوونی مرۆ بەبێ پەیوست بوونی بە كۆمەڵەوە دەدوێن ، جا چ لە قۆناغەسەرتاییەكانی ژیانی مرۆڤدا بێت یان لە دواتردا تەنها بیانویەك كە لێیەوە لێوە خاوەن بیردۆزە تاك گەراییەكان دەیكەنە بەڵگە تا بیرۆكەی فەردیەت بكەنە بیروباوەڕو لەوێشەوە تاك بكەنە بناغەی دەوڵەت‌و دەسەڵات و ڕۆڵی دەستە جەمعی كۆمەڵ كەم نرخ بكەن لەبەرامبەر تاك دا .

بەدەر لەو دیاردە ڕەگەزی‌و عیرقیانەی كە كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیان دابەش كردووە بۆ چەندان ڕەگەز و ڕەچەڵەكی جیاواز ، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو تاكەی كە كەرەستەو پێكهێنەری سەرجەم كۆمەڵگا مرۆڤیەكانە ، بەیەكەیەكی سروشتی سەربەخۆ دادەنرێت لە ڕووی كارو پیشەو ئەركەكانی‌یەوەو خاوەنی چەندان غەریزەو پێداویستی‌یەو لە هەوڵی بەجێگەیاندن‌و تێركردنیاندیە و بەجێگەیاندنی ئەو پێداوستی‌و غەریزانەدا جۆرێ لە پەیوەندی تایبەتی لەنێوان  تاكەكاندا دروست دەكات‌و لەو ژینگەیەی كە تیایدا دەژین رووبەرێكی دیاری‌كراوی بۆ پەیدا دەبێ .... كە ئەو ژینگەو شوێنگەیە ، كاریگەری دەبێت لەسەر جۆری ژیان و گوزەرانی ئەو تاكانەی تیایدا دەژین[1] وە دروست كردنی هاوسەنگی‌یەك بۆ پاراستنی بەرژەوەندی‌یەكان .

لێرەوە كۆمەڵگە ڕێكخەری تەواوی ئەو پەیوەندیانە دەبێت‌و لەسەریشی پێویست دەبێت . بەند (ضابط) بۆ ڕێكخستنیان بەدی بهێنێ ، بەدەر لەوەی سروشتی‌ی ئەو بەندانە چۆن دەبێت ، تا پاڵنەرە غەریزەییەكانی مرۆڤـ ڕێك بخات.

ئەم بەندانەش دەبنە كرۆكی سەرەكی ئەو بنەماو ڕێسایانەی پەیوەندیەكانی كۆمەڵگا ڕێك

---

[1] سەیری (الدولة والنظم السياسة) د. ابراهيم عبدالكريم الغازي ل ١٣-١٤ .

دەخــەن‌و دواتــریش مــۆرکی یاســایی و پابەنــدێتی ( الإلزامــي ) بــەپێی چــەند بنەمایــەکی دیاری‌کراو وەردەگرن ، لێرەوە حەتمیەتی بوونی یاسا (قانون) بەدی دێت لە کۆمەڵگەی مرۆییدا بەچاوپۆشی لەوەی سەرچاوەکەی چ شتێکە ، دانراوی مرۆیی‌یە .... یا ئاسمانی‌یە .. یا هەرشتێکی دی .لێرەوە کۆمەڵگەکان پێویستیان بە چەند بنەماو ڕێسایەکی یاسایی هەیە کە پەیوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە ڕێك بخات ، ئیتر ئەو کۆمەڵگەیە پێشکەوتوو بێت یان دواکەوتوو[1] چونکە هەماهەنگی و پێکەوە ژیان ئەوە دەخوازێ‌و وە ئەیسەپێنێ‌و دەیکاتە ئەمری واقع .

لێرەوەش پێویستی بوونی دەسەڵات بەدەر دەکەوێت ، دەسەڵات تاکێك بێت یان چەند تاکێك یان پێکهاتەیەك ، شتێك نی‌یە حەقیقەتەکەی تەنها بریتی بێت لە ئامرازی ئیستغلال کردن ، هەرچەندە لە هەندێ کۆمەڵگەشدا کرابێتە هۆکای ئیستغلال بەڵکو بوونی دەسەڵات حەقیقەتێکە ، وەك حەتمیەتی بوونی یاسایەکی ڕێکخەر بۆ پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و ڕامیاریەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵگەدا [2]

لێرەشەوە دەکرێت بڵێین دەسەڵات زەروەتێکی کۆمەڵایەتی‌یەو بەبێ بوونی دەسەڵات ژیانی کۆمەڵگە ناڕوات بەڕێوە جا ئیتر ئەو دەسەڵاتە دام‌ودەزگای حکومی بێت یان ڕێکخراوی تر بەڕێوەبەری بێت یان هەر دامەزراوە و هێزێکی تر کە دەتوانێت ڕۆڵی ئیجابیانەی خۆی ببینێت لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و ڕێکخستنی کاروبارەکانی‌دا .

هاوکات لەگەڵ بوونی ئەو بنەماو ڕێسایانەی کاروباری تاکەکانی کۆمەڵگە ڕێك دەخاو هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندیەکاندا دەکات ، هەندێ بنەمای تر هەن پەیوەندی تاك بە کۆمەڵگە و هاوسەنگی ئەم نێوانە ، ڕێك دەخا و دیاری دەکا . لەهەمان کاتدا هۆکارێکە بۆ ڕێکخستنی ئازادی و ڕەهەندی چالاکی‌و روونکەرەوەی مافەکانی هاوکات لەگەڵ دەستنیشان کردن‌و ڕێکخستنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایان‌و شێوازی ڕێکخستنی دەوڵەت .

سروشتی مرۆڤ بوونی ( کۆمەڵگەیەکی پەیوەست بەیاساو دەسەڵات ) دەخوازێ و هەر بۆیە ناکرێت کۆمەڵگەی بێ‌یاسا و دەسەت بوونی هەبێت [3]

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو..

[2] سەرچاوەی پێشوو ل ١٥

[3] سەرچاوەی پێشوو ل١٦ .

به پێچەوانەی بیردۆزەی مارکسیەکانەوە کە بە گونجاوی دەبینن کۆمەڵگەیەك هەبێت کە بکرێت دەسەڵاتی تێدا نەبێت ئەمەش لە حاڵەتی کۆمەڵگەی سەرەتایی‌و کۆمەڵگەی یۆتۆپیای کۆمەنیستی چاوەڕوانکراودا . چونکە بە لای ئەوانەوە لە سەرەتادا دابەشکردنی چینایەتی نەبووە و چینێك خاوەنی هۆکارەکانی بەرهەم هێنان نەبووە تا پێدویستی بوونی دەسەڵات هەبێت بۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار لە داهاتوشدا کۆمەڵگە بێ هیچ پەستان‌و زۆرێك ژیانی خۆی ڕێك دەخات پاش ئەوەی سەرمایەداری لا دەچێت [٤] بونی دەسەڵاتێکی خۆسەپێنی توندوتیژ لە وڵاتە سۆسیالیستەکاندا ئەم ئەگەرانە هەڵدەوەشێنێتەوەو میسداقیەتیان بۆ ناهێڵێتەوە ( لانی کەم لە رووی عەمەل ی‌و هەلێکی رەخساوی مێژوویی‌یەوە ) .

بەرەنجامی ئەم قسانە ئەوەیە کەمرۆڤ پێویستی بە یاسا و ڕێساهەیە (( بۆیە پێویستە بۆ چەسپاندنی نیزام پاسەوان هەبێ بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکاران ، چونکە پێشێلکردنی یاسا دەبێتە هۆی زیانی هەموولایەك ، هەروەکو پێغەمبەر (ﷺ) دوفەرموێ : شێوەی ئەو کەسانەی کە سنوری شەرعی خوا نابەزێنن و نایەڵن کەسیش بیبەزێنێ و ئەو کەسانەی سنور دەبەزێنن ، وەکو ئەو کۆمەڵە کەسە وایە کە سواری کەشتیەك بن و بەتیروپشك هەندێك نهۆمی سەرەوەیان بەرکەوێ و هەندێکی‌کە نهۆمی خوارەوەیان بەرکەوێ ، ئەوانەی لەخوارەوەن هەرکاتێ بیانەوێ ئاو بخۆنەوە دەبێ سەرکەون و بەلای ئەوانەی سەرەوە تێپەڕن، بۆیە ئەوانەی خوارەوە گوتیان : باژێرەوەی کەشتی‌یەکە کون بکەیین و ئاو بۆخۆمان لەخوارەوە دەربێنین ، چیدی ئەوانەی سەرەوە هەراسان نەکەین بەهات و چۆی خۆمان ، جا ئەگەر ئەوانەی سەرەوە دەستیان نەگرن هەمویان بەفەتارەت دەچن ، بەڵام ئەگەر دەستیان گرتن ونەیانهێشت کەشتیەکە کون بکەن هەردوولا ڕزگاریان دەبێ )) لەم فەرموودەیە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەندامانی کۆمەڵگە دووجۆرن : جۆرێکیان بڕوایان بە دادگەری‌هەیە و دەزانن ژیانی کۆمەڵگە بە سەقامگیربوونی نیزامەوە بەندە ، بەڵام جۆرێکی‌تر بەندەی هەوا و ئارەزووی خۆیانن ، ئەگەر نیزام و دادگەری لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بێ دەڵێن: سەقامگیربوونی نیزام و دادگەری لە هەمووشت پیرۆزترە و کەس لەسەرەوەی یاسا نی‌یە، بەڵام ئەگەر ناکۆکی کەوتە نێوان یاسا و بەرژەوەندی‌یەکانیان نیزام پێشێل دەکەن ، بۆیە

---

[٤] سەرچاوەی پێشوو.

پێویسته چاودێرییان بکرێ و هەرکاتێ هەوڵی سنوو بەزاندنیان دا دەستیان بگیرێ هەرکاتێ سنوریان بەزاند سزابدرێن ، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە پێویستە لە ناو کۆمەڵگەدا چاودێرو پاسەوان بۆڕاگرتنی یاسا هەبێ و پێویستە ئەو پاسەوانەش هێز و توانای ئەوەی هەبێ سنور بەزێنان سزا بدات ، ئەو پاسەوانە بەو واتایە پێیدەڵێن : دەوڵەت یا حکومەت) *

لەم میانەشدا فکریی دەسەلآت دێتە ئاراوەو لە لایەن کۆمەڵێك تاکەوە بەڕێوە دەبرێت کە بە حکومەت دەناسرێت ....لێرەوە حکومەت بریتی دەبێت لە (کەسانێکی جێبەجێکار بۆ کۆمەڵێك فکرەو بەمانا قەناعەت کە تاکەکانی کۆمەڵ بەیەکەی مرۆیی پپسەندی دەکەن، بەم پایە کومەڵ دەزگایەکی تەنفیزی بەڕێوەبەرییە بۆ دەوڵەت) [1] . ئەی ئەبێت دەوڵەت چ پێناسەیەکی یاسایی هەبێت و ڕەهەند و بنەماکانی لە چی داکۆ ببێتەوە ... دەکرێت ئەمە بە کورتی پێناسە بکەین پێش ئەوەی بچینە سەر کورتەیەکی سەرهەڵدانی مێژووی دەوڵەتو ئەو بیردۆزانەی لەو بوارەدا هەن ....

دیارە مێژووش چەندەها جۆرو شێوەو دەسەلآتی لە قۆناغە جیاجیاکانی مرۆڤایەتیدا بەخۆوە بینیوە تاگەیشتوەتە ئاستێکی پەرەسەندن و ئاڵۆز و ڕایەڵە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی دەسەلآت .

* سەنتەری برایەتی ژمارە( ١٢ )بابەتی شەرعیەتی حوکمڕانی لەئیسلامدا لەنوسینی د.محەمەد ئەحمەد گەزنەیی .

[1] سەرچاوەی پێشوو ل١٨.

# دەوڵەت چییە ؟

ئێمە لێرەدا دەمانەوێت گوزەرێکی خێرا بکەین بە ماناو مەبەستی دەوڵەتدا وەك فراوانترین تۆڕی دەسەڵات کە مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە (تویژەرەوانیش ناکۆك نین لەوەدا کە دەوڵەت دیاریدەیەکی نوێیە لە سەرەتای بەرایەکانی مرۆڤ دا بەم شێوەیە نەبووە پێش ئەوەی مرۆڤ پێ بنێتە قۆناغی ( کۆمەڵگای سیاسی )ەوە .... بەڵام کۆمەڵگا سەرەتاییکانیش کۆمەڵێك پەیوەندیان هەبووە (بالاوازیش بوو بێت) کە جێگەی دەزگایەکی سیاسی دەگرێتەوە )[1] ...

بەڵام قسەکردن لەسەر حکومەت وەك دەزگایەکی جێبەجێکارو سیاسەت وەك ڕوحی هەردەوڵەت و حکومەتێك شتێکی نوێ نیەو لە مێژەوە قسەی لەسەر دەکرێت .. هەر بۆ نمونە سوقرات لە (جمهوریەتی ئەفلاتون) دا دەڵێت : (دەوڵەت بەرهەمی خەڵکەکەیەتی ، بۆ زانین و خوڕەوشتەکانی دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ڕەفتارەکانی ئەوان )[2] لە پێشتریش دا ئەو قەناعەتە دەردەبڕدرێت کە دەوڵەت بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی تاك دروست دەبێت (ل٥٦).

لە دیدی سوقراطیشدا حکومەت پێنج جۆرە هەر جۆرەشی خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی لەوانە حکومەتی: ( ئەرستوقراطي (حکومەتی خانەدانان)) و (ثیوقراطي :حکومەتی دینی یاخود (حكومة الشرف والعسكرية ) و حکومەتی ئولیفارکی :حکومەتی سەرمایەداران و (حکومەتی داپڵۆسینەر : حکومەتی ستەمکاران و حکومەتی دیموکراسی : حکومەتی گەلە ...

(سوقراط) دەسەڵات و (دەسەڵاتدارێکی ) پێ باشە کە خاوەنی باس و خواسی عەقلی تێکەڵ بە فەلسفە بێت[3] (ئەرستۆش) ((زانستی سیاسەت لە خێرو خۆشی مرۆڤدا)) دەبینێتەوە [4]

زانایانی موسڵمانیش لەلایەن خۆیانەوە باس وخواسیان لەوبارەیەوە زۆرە و چونەتە وورده کاری و بابەتەکەوە سەیرکردنی بەرهەمەکانی (ابن ابي ربيع و فارابی و ماوردی و

---

(١) علم السياسة – سيد صدرالدين القبانجي ل ٩٣

(٢) جمهورية افلاطون الكتاب الثامن – ل٢٣٤

(٣) سەیری سەرچاوەی پێشوو بکە .

(٤) الأخلاق والسياسة.

طرطوشي و ابن خلدون )و لا باسه فيقهيەكانی كتێبی ( فقه ) پڕن لەو بابەتانەی دەخۆن بە باسی دەوڵەت وسیاسەتو حكومەت ، لە چاخی نوێشدا چەندانی وەكو هۆبز و لۆك و ڕۆسۆ ... هتد قسەی تايبەتيان لەسەر چۆونێتی دروست بوونی دەسەلات و جۆری حكومەتەكان هەيە ... ئێستا بابگەڕێینەوە بۆ پێناسەی دەوڵەت .

- وەكو هەر چەمكو زاراوەيەكی تر (بەتايبەت ئەوانەی مەودای بلاوبونەوەيان لەبارە ) لێرەشدا دەبينين زانايانی ياساناس كۆكو ڕێك نين لەسەر يەك پێناسی يەكانگير بۆ چەمكی دەوڵەت هەربۆيە دەبينين هەريەكەی بەجيا لەوی تر پێناسەی تايبەتی خۆی بۆ دەكا .

(دەبينين فەقيهێكی وەكو (ديجی) بەدروستی دەبينی ووشەی ( دەوڵەت ) دابڕێتە سەرگشت كۆمەڵێكی سياسی لە هەر كۆمە ڵگايەك لە كۆمەڵگاكاندا بێت ، هەرچەندە ئەو كۆمەڵگەيە سەرەتايی بێت ، لەبەر دەستەبەر بوونی كۆمەڵێكی فەرمانڕەواو فەرمانبەسەردا دراوی مل كەچ بۆ بڕيارەكانی كۆمەڵی فەرمانڕەوا . )) [1]

زانايانی قانونی دەستوری [2] چەندين پێناسەی جۆراوجۆری بۆ دەوڵەت دەكەن بەهۆی جياوازيان لەو پێوەرانەدا كە بۆ چەمكی دەوڵەت بەكاری دەهێنن لەوانەش :-

فەقيهی فەرەنسی (كاريەدی ملبەر) بەم شێوەيە دەوڵەت پێناسە دەكات ( كۆمەڵێك تاكی سەربەخۆ بەشێوەيەكی بەردەوام لەسەر زەوی‌يەكی دياریكراودا جێگيرن‌و لە نێوانياندا چينێكی فەرمانڕەوا و فەرمان بەسەردا كراو هەبێت )).

(بونار)يش پێناسەی دەكات بەوەی:يەكەيەكی ياسايی بەردەوامە پێكهاتەيەكی كۆمەلايەتی لەخۆ دەگرێ كەمافی پيادەكردنی دەسەلاتی ياسايی‌يە دياريكراوەكانی هەبێت لە بەرامبەر نەتەوەيەكی (ئۆمەتێكی) جێگيری هەرێمێكی دياريكراو دەوڵەتيش مافەكانی سەرەوەی خۆی لەويستێكی تاكانەوە دەست پێدەكات لە ڕێگەی ئەوهێزە ماديەی كە هەيەتی). [3]

د.ابراهيم الغازی مامۆستا لە زانكۆی (فورستبور) ی ئەڵمانيا :جياواز ی پێناسەكان دەگێڕێتەوە بۆ ئەو جياوازی‌يە فيكريە سەرەكی‌يەی (الفكر الاساسية)ی سەردەكێشێ بۆ ئەو جياوازی‌يە مانايانەی دەبەخشرێ بە دەوڵەت ئەميش لە واقيعێكەوە بۆ واقيعێكی تر

---

[1] الدولة والنظم السياسة .

[2] نظام الحكم في الاسلام د.محمد فاروق البهنان ، اعادة الطبع ١٩٧٨ وطبوعات جامعة الكويت (سه يرى النظم السياسي د. ثروتي بدوي)

[3] سەرچاوەی پێشوولا٢١/٢٢ ئەويش سودی وەرگرتوە لە(النظم السياسة)ی‌د.محمد كامل ل٢١.

دەگۆڕێت ، هەر لەم میانەیەشدا پێناسە دەبەخشرێ  بە دەوڵەت ئەمەش لە واقیعێکەوە بۆ واقیعێکی تر دەگۆڕێت ،هەر لەم میانەیەشدا پێناسەی هەریەکە لە فیقهی فەرەنسی و ئینگلیزی ئەڵمانی و مارکسی و عەرەبیمان بۆ دەکات .

دواتر بەڕای خۆی ئەم پێناسەیە دەست نیشان دەکات بەوەی دەڵێت :- بەڕای ئێمە دەوڵەت تەنها بریتیە لە (کۆمەڵێکی خەڵکی کە لە هەرێمێکی دیاری دەستنیشان کراودا بە شێوەیەکی بەردەوام نیشتەجێن بە کۆمەڵێك چەمكو پێوەرو قەناعەتەوە گرێ دراون کە ئەو کۆمەڵە مرۆیە جیا و کۆك دەکات ، دەسەڵاتێکی باڵاش فەرمانڕەواییان دەکات).[1]

(( لە (موسوعە السیاسة )بەرگی دوو ل٧٢ )) بەم شێوەیە پێناسەی دەوڵەتمان بۆ دەکات :

***دەوڵــەت:*** کیانێکی سیاسیو چیوەیەکی ڕێکخستنی فراوانە بۆ یەکەی کۆمەڵگە و ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و جێوپێگەی سەروەرییەتی ، بەشێوەیەك ویستی دوڵەت (لە ڕووی یاسایی ( شەرعەوە ) باڵابێ و لە سەروی ویستی تاكو کۆمەڵەکانی تری ناو کۆمەڵگەوە بێت ، ئەمەش لە ڕوانگەو میانەی لەبە دەستا بوونی دەسەڵاتی دەرکردنی یاساکانو قۆرغ کردنو لەدەستا بوونی هۆیەکانی زۆرکردنو مافی بەکارهێنانی لە پێناو پیادەکردنی یاساکان بەمەبەستی ڕێککردنی بزاوتی کۆمەڵگاو بەدەست هێنانی ئاشتی ویاساو بەجێگەیاندنی پێشکەوتن لەناوەوەدا و پاراستنی ئاسایش لە دەستدرێژیەکانی دەرەوە ، لە تەنیشت ئەم بەکارهێنانە گشتیەی ئەم زاەروەیە کە مانای جەستەی سیاسی کۆمەڵگەیە بەکارهێنانێکی زۆر وورد ترو کورت تریدوورتری هەیە کە ماناکەی تیادا کورت دەکرێتەوە بۆ ئەوەی دەوڵەت بریتیە لە ( دامو د ەزگاکانی فەرمانڕەوایی ) [2]. (( دیارە پێناسەی یەکجار زۆر هەیە بۆ دەوڵەت کە ئێرە جێی تەرخان کراوی ئەو باسە نیە لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازییانەی لە پێناسەی دەوڵەتدا هەیە بەڵام زانایانی ئەو بوارە کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەبێ دەوڵەت چەند پایە و ڕەگەزێکی سەرەکی تێدابێ بۆئەوەی بەدەوڵەت بناسرێ و ئەو پێناسەیەی لێ نەسەنرێتەوە ...

لەو ڕەگەزو پایانەی کە بۆ دەوڵەت دیاری کراوە و ئاماژەی پێکراوە هەندێکیان سەرەکین و بەبێئەوانە دەوڵەت بوون ی نییە و زۆربەی نووسەرانیش کۆکن لەسەر ئەو ڕەگەزانە

---

[1] (الدولة والنظم السیاسة) ل١٩-٢١.

[2] سەرچاوەی ئاماژە پێکرا و.

**لەوانەش : گەل‌و زەوی‌و دەسەڵات‌و کۆمەڵە بنەماو ڕێسایەکی ڕێکخەر.. هەشیانە جێگای جیاوازی‌و قسە لەسەر کردنە لە نێوان نوسەرانی ئەو بوارەدا ، لەوانەش سەروەری (السیادة) وکەسێتی مەعنەوی (الشخصية المعنوية)ی دەوڵەت.** *

## پایەکانی دەوڵەت:-

**وەك ئاماژەمان پێ‌دا دەوڵەت لەچەند پایەیەکی سەرەکی پێك دێت کە بەبێ بوونیان ، بوونی دەوڵەت مەحاڵە لەو پایە سەرکیانەش .**

**یەکەم: (گەل)**

**ئەم پایەیە بە یەکێك لە پایە بەڵگە نەویستەکانی دروست بوونی دەوڵەت دادنرێت ، بەبێ بوونی گەل دەوڵەت بونێکی نی‌یە. مەرجش نی‌یە گەل لە یەك بنەچەو یەك ڕەگەزێکی دیاری‌کراو یان زمانێکی هاوبەش بن ، بەتایبەت لە جیهانی ئەمڕۆماندا کە بە هۆی چەندان**

---

* (لؤي صافي) لەم بارەیەوە سەرنجێکی تایبەتی خۆی هەیە و لە بابەتێکدا بە ناونیشانی (الدولة الاسلامية بين الإطلاق المبدئي والتقييد النموذجي) دا ئاماژەی پێ‌دەکات کە کورتەکەی ئەمەیە :- لە پێناسەکردنی دەوڵەتی ئیسلامی‌دا قورساییەکی زۆر دێتە پێشەوە بەهۆی ئەوەی فیکری ڕۆژاوا توانیویەتی گۆڕەپانی فیکری ئیسلامیش داگیر بکات و کاریگەری خۆی لەسەر فیکرو چەمکەکان بەجێ بێڵێت ، ئەو وا دەبینێ کە پێناسەی دەوڵەت لە ڕێگەی هەر سێ ڕەگەزی (گەل + هەرێم +سیادە) بنیات نانێکە لەسەر بۆچون‌و ئەزمونی ڕۆژئاوایی بۆ دەوڵەوت‌و شەرعیەت دەدا بەو دابەش کردنە باوەی کە هەیە لە نەخشەی سیاسی دەوڵەتان‌و لەرویەکی ترەوە جیاکارە باشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بەدەر ناخا کە ڕێزی تایبەتی سەرجەم ڕ ەگەزو نەتەوەکان دەگرێ نەك نەتەوەیەك یان ڕەگەزێك فەزڵ بدات بەسەر ئەوی تردا .

لەبەر ئەوە ئەو ڕای وایە پێویستە دەوڵەت لە روانگەی دوو پێکهاتەوە پێناسە بکرێ یەکەم : بنەما سیاسیە ڕێکخەرەکانی پەیوەندی‌یەکانی دەسەڵات لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی سیاسی‌و دیاریکراودا .

دووەم : ئەو دامو دەزگایانەی کە ڕێپێدراون بۆ ڕێکخستنی ژیانی سیاسی لە نێو ئەو کۆمەڵگەیەدا ، لێرەوە بەلای ئەوەوە دەسەڵات : بریتی دەبێت لە (البنية السلطوية التي توجه الفعل السياسي وتحدده وفق منظومة المبادئ السياسية المعتمدة) لێرەشەوە پێناسەی دەوڵەتی ئیسلامی تەنها : (وفق منظومة المبادئ الإسلامية) ی بۆ زیاد دەکرێ.... سەیری (الحركات الإسلامية والديمقراطية) بکە .

هۆکارەوە رشەگەزە جیاوازەکان پێکەوە دەژین و لە ژێر چەتری دەوڵـەتێك جێگایـان بوەتـەوە ...

گەلیش: بریتیەیە لە کۆمـەڵێك تـاك کـە سـەرجەم خـەڵك دەگرێتـەوە و چـەند پەیوەندیـیـەك پێکیانـەوە گرییـان دەدات و بـەپێی یاسـاو ڕێسـای بـاو پێداویسـتی یەکانییـەکتری تـەواو دەکەن.

گـەل دوو مانـا لـە خـۆ دەگرێـت.. مانایـەکی یاسـایی و یـەکێکی کۆمەڵایـەتی، گـەل بـەمانا کۆمەڵایەتیەیەکـەی کۆمـەڵێك تاکـە کـە پەیوەنـدی خـوێن و ئەصـل و زمـان پێکیانـەوە گـرێ دەدات، بـەڵام لـە ڕووە یاسـایەکەیەوە ئـەو کۆمەڵـە تاکەیـە کـە پەیوەندیـەکی یاسـایی بەدەوڵەتێکی دیاری کراویانەوە دەبەستێ و بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەر هەرێمێکی دیاری کـراو دەژیـن و نیشتەجێن و پەیوەندیـەکانیان بـە تەشریع و یاسای باوی ئـەو دەوڵەتـە ڕێـك دەخەن .

دیارە بەشێوەیەکی گشتی گـەل بەمانا کۆمەڵایەتیەکەی بەسـەر چەندان دەوڵەتدا دابـەش دەبن، هەر بـەم مانایـەیش چەندان گـەل لـە ژێر سایەی یـەك دوڵەتدا دەژیـن.. ئـەو کاتـە گـەل چـەمك و ڕووە یاسـایەکەی وەردەگرێـت . لـەم میانەیـەدا ووشـەی نەتـەوە (الامـە)ش باسـی لێـدەکرێت ، جـا ئایـا ئـەم دوو ووشـەیە چـەندە پەیوەنـدیان بەیەکـەوە هەیـەو چـەند لێـك جیاوازن؟ چونکە زۆر جار وەك یەك شت تەماشادکرێن.

(لەم بارەیەوە د.ابراهیم الغازی دەڵێ : نەتەوە ( أمة )کۆمەڵێك تاکە کەیـەك هەسـت و سـۆز و بیرو ڕوانین بۆ ژیان کۆیان دەکاتـەوە ، لە ڕوانگـەی ئـەو عەقیدەیەی باوەڕیان پێیـەتی، بە چـاو پۆشـین لـە پەیوەنـدی ڕەگـەز و زمـان) لێـرەوە دەکرێـت بوترێـت کـە پەوەنـدی فکـری و عەقاعیدی بناغەیە بۆ دروست بوونی نەتەوە (الامة) . دەکرێ نەتەوەیەك بەم مانایە .. تاکە دەوڵـەتێکی هـەبێت ، یـان بەشـێکی دیاری کراوی ئومـەتێك خـاوەنی دەوڵـەتێك بێـت پیـادەی بیرو باوەڕەکەی خۆی بکات.

ئەشگونجێ ئومـەتێك هیچ دەوڵـەتێکی وەهـای نـەبێت کـە چاودێری بەرژەوەندیـەکانی بـۆ بکـات و پیـادەی فکرەکـەی بکـات بـەو شـێوەیەی ئیمـرۆ موسـڵمانانی تـێ کـەوتووە مەگـەر بەشێوەیەکی جوزئی و کـەم و کـورت . هـەر بۆیـە بـۆ ئـەوەی دەوڵـەتێك بـۆ ئومـەتی ئیسـلامی دروسـت بێـت پێویسـتە دەسـەڵاتێك بـوونی هـەبێت کـە لەسـەر بناغـەی عەقیـدەی ئیسـلامی دامـەزرابێ و موسـڵمانان گوێڕایـەڵی بکـەن و مـل کەچـی بـۆ دەربـڕن ، ئەمـەش بەشـێوەیەکی

تەواو لە ژیانی هاوچەرخماندا بەدی ناکرێت . کەواتە چەمکی ( أمة ) فراوانترە لە چەمکی گەل ( شعب ) . ئەوەی هەیە زیاتر دەوڵەتی نەتەوەیی بەمانا ڕەگەزی و زمانیەکەیەتی.

لێرەدا تێبینیەك هەیە گرنگە سەرنجی بدەین ئەوەش ئەوەیە (گەل)مەرج نیە ژمارەکەی ڕێژەیەکی یەکجار زۆر بێت بۆ ئەوەی پێناسەی (گەل) بیگرێتەوە ، چونکە دەکرێت گەلێك لە چەند هەزارێك پێك بێت لەلاشەوە گەلێکی تر ملیۆنان کەس بێت .[١] لەهەمان کاتدا مەرج نیە گەل تەنها لەیەك ڕەگەز و زمان پێك بێت بەڵام مەرجە بەشێوەیەکی گشتی لەژێر سایەی سیستمێکدا جێگەیان ببێتەوە

**دووەم : ( هەرێم یان زەوی )**

یەکێکی تر لەڕەگەزە سەرەکیەکانی دەوڵەت زەویەکی نیشتەنیە بۆ دانیشتوان ، بونی (هەرێم) بەپایەیەکی سەرەکی پایەکانی دەو ڵەت دادەنرێت ، چونکە هیچ دەوڵەتێك بوونی نابێتو بەدی نایەت ئەگەر پارچە زەویەکی نەبێت دانیشتوانەکەی لەسەر نیشتەجێ بێت ، لێرەوە مانای سەقام گیری بەی دێت ئەمە جگە لەوەی دەوڵەت لەو زەمینەیەدا پیادەی دەسەڵاتو سەلاحیەتەکانی دەکات و پەیوەندی نێوان ئەندامەکانی تیادا بەرجەستەتە دەبێت ،هەرێم تەنها پابەند نیە بە زەویەوە بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ دەریا و کەنارە ئاویەکانی دەور و کەنار و وشکانیو هەروەها بواری ئاسمانیش دەگرێتەوە ، لێرەوە هۆزو تیرە کۆچ بەرەکان دەوڵەتیان بۆ پێك نایەت ، لەبەر ئەوەی زەمینەیەکی جێگیرو بەردەوامیان نیە بۆ نیشتەجێ بوون .

لەدەست دانی زەویو هەرێمی هەردەوڵەتێك سەردەکێشێ بۆ لە ناودانو تیاچوونی دەوڵەتەکە خۆیشی لێرەوەش پاراستنی سنوری دەوڵەت یەکێك دەبێت لە ئەرکەکانی دەوڵەت و لەناوچونی بەشێکی تیاچونی بەشێکی دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتەیە .

ئینتما بوونی تاك بۆ هەرێمێکی دیاری کراو لە کەسێتی مرۆڤدا پەیوەندیەکی بە تینو ڕیشەدار دروست دەکات بەو هەرێمو پارچە زەویەوە وەلە هەرشوێنێکیش دا بێت ئەو سۆزە هاوتاو هاوەڵی دەبێت ، هەر بۆیە وا بە ئاسانی لە خەیاڵگەی مرۆڤ دەرناکرێت باماوەیەکی زۆریش دوور بێت لێیەوەو سەردەمێکیش بێت جێی هێلابێت .

---

[١] سەیری سەرچاوەکانی پێشوو بکە.

دیاره سنوری دەوڵەتیش بەپێی گۆڕانکاری و بارودۆخەکان گۆڕانی بەسەردا دێت و کەمو زیاد دەکاتو هەروڵاتەش بۆ خۆی سنوری دیاریکراوی هەیە .کە دەسەڵاتی بەسەریدا هەیەو بەرپرسە لە پاراستنی ، بەڵام بەهۆی گۆڕنکارییە بە گەیاندنو ڕاگەیاندنەکانی جیهانی نوێو عەولەمەوە دەوڵەت وەكو خۆیو سنو ری دەوڵەتیش بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی خۆی لەدەست داوە و سنورەکان بە چەندین شێوە و لەچەندین ڕێگەوە بەزێنراوە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە .

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا سەرجەم ئەو هاوڵاتییانەی لە سنوری هەرێمی دەوڵەتێکدا دەژین مل کەچن بۆ دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە بەپێی (سەرورەی هەرێمی – السیادە الاقلیمیە)ی هەر دەوڵەتێك مەگەر هەندێ جیاکاری نەبێت کە بەپێی یاساو بواری ئازادییەکانو هتد... ڕەچاو دەکرێن ئەوەش هەر لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا ڕێوشوێن ی یاسایی خۆی هەیەو مافەکانی مرۆڤیش پێویستییەکە و ئەبێ ڕەچاو بکرێت .

**سێیەم : دەسەڵاتی گشتی یان دەسەڵاتی سیاسی**

سەرەکیترین پایە لە پایەکانی دەوڵەت دەسەڵاتی سیاسییە کە هیچ دەوڵەتێك ناتوانرێت ناوی دەوڵەتی لێبنرێ و ڕەگەزەکانیتری دەوڵەتی تیا بێتە دی مەگەر دوای ئەوەی پێکهاتەیەکی سیاسی هەبێتو پیادەی دەسەڵاتی بکات بەسەر ئەو گەلەی لە زەمینەیدا نیشتەجێیە ، چونکە ناوی دەوڵەت بەردەوام ئاماژەی تێدایە بۆ فیکرەی دەسەڵات و ئەو ڕێکخستنە یاساییەی کەفالەتی (گرنتی) پاراستنی یاساو ئاسایشی نیزام دەکات ، لەهەمان کاتدا ئەو دەوڵەتە ناچارە نهێنی ئاسایشی ئەو دەزگایە بپارێزێ کە بڕیار و ڕاسپاردەکانی جێبەجێدەکات .

سەربەخۆیی دەوڵەتیش لە دەسەڵای سیاسیدا مەرجێکە بۆ سەربەخۆی بونی دەوڵەت ، ئەگەر دەوڵەت دەسەڵاتی سیاسی بەدەستی دەسەڵاتی دەرەکی بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانانرێت [1] و بڕیارەکانی لەدەستی خۆیدا نابێت بەمەش یەکێك لە پایەکانی بەدەوڵەت بوونو دەسەڵات لەدەست دەدات . بوونی دەوڵەت بەبێ بوونی دەسەڵات نایەتە دی دەوڵەتیش لە ڕێی دسەڵاتەوە ویست و ئەرکی خۆی پیادە دەکاتو پەسەندیو ڕێز لای

---

[1] نظام الحکم الدولیة في الإسلام) ل٢٤ سەیری نظریة الدولة و الأسس العامة للتنظیم السیاسی د. طعیمة الجرف ل ٩٣ــ ٩٥ بکە .

هاوڵاتی‌یەکانی بەدی دێنێت و لێرەوە یاسا دادەمەزرێت و هەموو ئەندامان سەرپەرشتی و شەو نوخونی دەکەن بۆ پیادەکرن و پاراستنی .

واباشە لێرەدا لەگەڵ باس کردنی دەسەڵاتدا تێکەڵی دروست نەکەین لە نێوان و دەسەڵات و هێزدا مەرج نییە کە باسی دەسەڵات و مەوداکانی دەکەین یەکسەر زۆرداری و بەزۆر سەپاندن بێت بەخەیاڵمان دا چونکە دەکرێت دەوڵەت دەسەڵاتی خۆی بسەپێنی یان پیادەبکات بە هاوسۆزی‌و پەسەند کردنی هاوڵاتیانی .. هەرچەندە زۆرینەی دەوڵەت ئەم رێگەیە ناگرنەبەر و بونەتە دەزگایەکی داپڵۆسێنەر بەسەرهاوڵاتیانیدا ، بەڵام ئەزمونی رۆژگار ناچاریان دەکات رەوت و رێرەویان بگۆرن .

لەلایەکی ترەوە نابێت دەسەڵاتی دەوڵەت رەهاو بێ بەندو کۆت بێت ، بەڵکو دەبێت لە رێی دەستوورەوە پێش دەوڵەت مافی تاکەکان پارێزراو بێت و لە بریار و قەرار و ئەحکامەکاندا شوێنگەی خۆیان هەبێت هەروەك لە هەندێ دەوڵەتی سەردەمدا دەبینرێت لەگەڵ دەستەبەر کردنی چەندەها مافی تر کە تاك بۆی هەیە دەریان ببڕێت یان قسەیان لەسەر بکات بەڵکو ئەمڕۆ لە هەندێ دەوڵەتی سەردەمدا تاك بۆی هەیە داوای پیادە نەکردنی یاسا بکات یان داوای هەڵوەشاندنەوەی بکات ئەگەر ئەو یاسایە پێچەوانەی دەستوور بوو یان دەستووری دەبەزاند ، وە بەرژەوەندی خەڵکی دەخستە مەترسی‌یەوە ، بەرژەوەندی گشتیش ، لەسەر دادگەری (العداله) بنیات دەنرێت هەربۆیە دەبێ مرۆڤ بە قەناعەتەوە ئەرك و پەیوەندی و بیرو بۆچوونی خۆیان دەر ببڕن و داکۆکی لێ بکەن ...

کەواتە دەسەڵاتی دەوڵەت لە دەوڵەتە هۆشیار و پێشکەوتووەکاندا ئازادو رەهاو بێ کۆت نی‌یە ، بەڵکو لەسەرجەم دیاردەو بوارەکانیدا پەیوەستە بە بنەماو رێسا یاسایی‌یەکانەوە ، ئەوەشی بەسەر دەوڵەتدا پیادە دەکرێت بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتیشدا هەروایە بەو پێیەی یەکێکە لە دەزگاکانی رژێمی یاسایی دەوڵەت ، لێرەوەش دەوڵەت تایبەتمەندی‌یەکانی چەمکی دەوڵەتی قانونی [1] بۆ دەسەبەر دەبێت .

---

[1] چەمکی دەوڵەتی قانونی: ئاماژەیە بۆ ئەو دەوڵەتەی کە سەرجەم دام و دەزگاکانی فەرمانڕەوایەتی ملکەچن بۆ ئەو بنەماو یاسایانەی کە پێویستە مل کەچی بۆ دەربېردرێت و پایە سەرەکی‌یەکانیشی لە بوونی (دەستورو بنەمای یاسایی مل کەچی بەڕێوەبەرێتی‌یەکەن بۆ یاساو دانان بە ماف و ئازادی‌یەکان دا) خۆ دەبینێتەو .. سەیری (الدولە القانونیە)ی د. منیر البیاتی بکە لا٤١

تایبەتمەندی‌یەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت وەك یەكێك لە پایەکانی دەوڵەتیش لەم خاڵانەدا کۆ دەبنەوە:-

١.توانای خۆرێکخستن.

٢. یەك حوکم ڕانی.

٣. شەرعیەتی دەسەڵات.[٢]

چوارەم/ کۆمەڵە بنەما و ڕێسایەکی ڕێکخەر

پێویستی بوونی کۆمەڵە بنەماو ڕێسایەکی ڕێکخەرە بۆ پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا ، لە بەڵگە نەویستەکانی بواری کۆمەڵ ناسی و یاساو فەلەسەفەیە ، سەرجەم ئەم زانستانە گەیشتوونەتە ئەوەی مرۆڤ لەم سەرزەمینەدا کۆمەڵە بنەماو بەندێك کۆنترۆڵی پەیوەندی و ڕەفتارەکانی دەکات . ئیتر ئەو بنەمایانە سەرچاوەکانیان بە پێی جیاوازی بیر و باوەڕەکانیان دەگۆڕێن لێرەدا ئەم بنەماو ڕێکخەرانە پێگە و شوێنێکی خۆیان دەبێت لە نێوان پایە سەرەکی‌یەکانی دەوڵەت دا .

جیاوازی بەها و چەمکەکانیش جیاوازی بنەماکانی لێ کەتوەتەوە بە پێی فیکرە جیاوازەکانیش توێژەرەوەکان ڕای جیاوازیان لە بارەی بنەچەو ڕیشەی پەیدابوونیانەوە هەیە ، مەسەلەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیش لە مەسەلە مرۆی‌یەکانەو توێژەرەوە بە پێی ئەگەرە جیاوازەکان و بیرو بۆچونە جۆراو جۆرەکان دەرەنجامی جیالەیەکی بۆ بەدی‌بێت .

دیارە مەسەلەی زانستی بوون لە بابەتە مرۆیانەدا زۆر ڕێژەیی‌یەو وەك‌و ئەزمون‌و بابەتە کەرەستەیی‌و مادی‌یەکان نی‌یە .. لەو بارەیەوە هارۆلد لاسکی لە کتێبی -الدولة في النظرية والتطبيق- چاپی یەکەم -بیروت ١٩٦٣ -ل٥ . دەڵێت : (( قورسە لەسەرمان زانستی و پابەندبین بە هۆی دەرئەنجامەوە لە کارو بارە مرۆی‌یەکاندا بەو پلەیەی لە مەسەلە ماددی‌یەکاندا دەتوانین وابین ، چونکە لە کاروبارە مرۆی‌یەکاندا سۆز و کینەمانی تێکەڵ دەکەین و ناتوانین خۆمانی لێ دەرباز بکەین تەنانەت ئەو کاتەش لە شیتەڵکاری‌یەکانماندا خۆمان بەبابەتی بوون دەزانین ، ڕاستی‌یەکانیش بەو دۆخە ڕەنگ دەبێ‌کە ئێمە بەشێکین لێی ))[١] هەرچۆنێك بێت ئەگەر توێژەر عەقیدەیەکی فیکریشی نەبێت بەڵام کارتێکراوە بە

---

[٢] الدولة والنظم السياسة ل٣٦-٤٤

[١] سەرچاوەی پێشوو.

بەشێك یان لایەنێك لەو عەقیدە فیكریانەی كە هەیە ، لێرەوەش حەتمیەتی پێویستی ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی بە عقائیدی فیكری دێتە ئاراوە ..

سەبارەت بە سەرهەڵدان ی بنەماو بنەماو یاسا ڕێكخەرەكان باس لە چەند خولێكی گریمانەیی ژیانی مرۆڤەكان دەكرێ كە گوایە لە چوارەم چاخیاندا كە چاخی نوسراو (عصر الكتابە)یە بنەماو ڕێسا كۆمەڵایەتیەكان سەریاون هەڵداوە ، ئەمە شتێكی سەلماوو جێگیر نیيە ، دیارە پێشتریش بەپێی ئەم بۆچونە چاخەكانی بەستەڵەكی بەردی كۆن و نوێ تێپەڕیوە بێئەوەی هیچ بنەما و یاسا و ڕێسایەكی تێدابێت ، كەچی نازانین بۆچی لە چاخی مێژووییدا كە سەردەمی نووسین بوو بەو خێراییيە كۆمەڵگە ژیاریيە فیكرییە پێگەیشتوەكان یەكسەر بەدەردەكەون وچەندەها بەندوكۆت دادەنێن ...لەگەڵ ئەوەی تاوەكو ئێستاش كۆمەڵی مرۆیی وەك و سەردەمی پێش مێژوو لەهەندێ شوێنی جیهاندا ژیان بەسەر دەبن .

لەكاتێكدا ئەو عەقیدە فیكرییەی كە پشت بە فیكری ئیسلامی دەبەستێت ئەو گەشە كۆمەڵایەتیانەی مرۆڤی پێدا تێپەڕیوە لەسەرجەم چاخەكاندا دەیكاتە بناغەی پەیوەندی ڕێكخستنە كۆمەڵایەتیەكان و سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی بە چەند بنامایەكی پابەند دیاری دەكات ، لەمەشدا پشت بە نەقڵ و هەواڵ دەبەستێ بە دوور لە دەرئەنجامی گریمانەیی ... فیكرەی ئیسلامی خاڵی سەرەتای ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی بە پەیوەندی نێوان پیاو ئافرەت و دروست بوونی خێزان دیاری دەكات و پاشترش لەگەڵ ئەمەدا بازنەكە فراوانتر دەبێ لە گەڵ فراوانبوونیشیدا ، كە دواتر بەرەو هۆزو تیرەیی بوون دەڕوات بەند كۆت و حەرام كراوەكان دەست پێ دەكا و ...هتد.. تا دەگاتە درووست بوونی دەسەڵات و كۆمەڵگەكان و پەیدابوونی بەندو بنەماكانی ڕێكخستنی كاروباری ژیان بەپێی ئاست و سروشت و پێداویستییەكان [1] .

هەر لە باسی دەوڵەت و تایبەتمەندییەكانی قسەی تر زۆر ماوە لەوانە سەروەری (السیادە) ی دەوڵەت و كەسێتی یاسایی دەوڵەت كە ئاووكێشن و لەسەر نووسینیان بۆ هەندێ بابەتی یاسایی تر ڕامان دەكێشی كە ئێمە لێرەدا نامانەوێ تیایدا ڕۆچین [2] لەوەی

---

[1] سەرچاوەی پێشوو لا ٤٦-٥٦.

[2] دیارە ئێمە كەسێكی پسپۆری یاسای نین باس كردنیشمان لێرەدا زەرورەتی بابەتەكە دەی خوازێ.

**ئایا ئەو دوو بابەتە لە پایە سەرەکییەکانی دەوڵەتن یان لاوەکی و ناسەرەکییەکانن ... وە ئایا گۆڕانکاریە نوێیەکان و جیهانی عەولەمە چەندە کاریگەریان هەیە لەسەر سەروەری وڵات و کەسێتی قانونی ئەو دەوڵەتە ؟ وردکردنەوەی سەروەری (السیادە) خۆی زۆری دەوێ و زیاد لە بۆچونی ڕایەك وەهەڵگرێ ؟ مێژووی سەرهەڵدانەکەی پێویستی بە دوادا چوون و لەسەرووتنی زیاترو زۆرتری دەوێ .**

## (( دەسەڵات و دەوڵەت .. هۆكاری سەرهەڵدان ))

دیارترین دیاردەو پایە لە دەوڵەتدا بوونی دەسەڵاتە بەگشتیو دەسەڵاتیسیاسییە بەشێوەیەكی تایبەتی ... ئەی دەسەڵات لە سەرەتاوە چۆن سەری هەڵداوە و بەم شێوەیە لە دەوڵەت یان لە دەزگای فرە توانادا خۆی بەرجەستە كرد .. لێرەدا بە كورتی حەز دەكەین چاوپیاخشانێكی خێرا بە نێو بیردۆزەكانی دروست بوونی مێژوویی دەسەڵاتدا بكەینو پاشتریش دیدی ئیسلامی لەو رووەوە دەخەینە روو.

دیارە جگە لە دیدی ئیسلامی بۆ دەسەڵات سەرجەم ئەو بیردۆزانەی تر زیاتر لە لایەن بیریارانی ئەوروپییەوە توێژینەوەی لە سەر كراوە و لەو جیهانبینییەوە خراونەتە روو هەر بیردۆزەیەكیش لە فیكرەیەكی دیاریكراوەوە و وتراوە و بەدەركەوتنیشی پەیوەستە بە پاساوی واقیعی دەوڵەتێكی دیاری كراو ، لەسەردەمێكی زەمەنی سنوردار دا ، هەرچەندە تیورینسەكانی ئەم بیرانە لە هەوڵی پێبەخشینی سیفەتی گشتێتی و هەمەلایەنیدا بن [(١)] لەلایەكی ترەوە هەندێ لەو بیردۆزانە زیاتر گریمانەیین نەك بوونێكی جەستەیی مێژوویی و دیاری كراو ... بەتایبەت ئەو گرێ بەند و پەیمانە كۆمەڵایەتییانەی هۆبز و لۆك و ڕۆسۆ باسی لێوە دەكەن ، هەربۆیە دەبینین واقیعی دەوڵەتێك لەگەڵ یەكێك یان زیاد لە یەكێك لەو بیردۆزانەدا پڕاوپڕ گونجاوە و لە هەمان كاتدا لەگەڵ واقیعێكی تردا دژو ناتەبان .

دیارە سروشتی دروست بوونی دەوڵەتو زەق كردنەوەی لایەنی دینی لای هەندێكو بواری عەقڵیش لای هەنێكی تریان هۆیەكی ترە لە هۆكاری سەرهەڵدانە مێژووییەكانی دەسەڵاتو دەوڵەت[(٢)] .. دەكرێت بڵێین لەسەرجەم ئەو بیردۆزانەدا بەشێك لە ڕاستی ئەگەر لاوەكیش بێت بەدی دەكرێت و دەكرێت بكرێتە بناغەیەك و لەرووی گریمانەی مێژووییەوە سودی لێ ببینرێ بۆ سەرهەڵدانی دەسەڵات و دەوڵەت لە مێژوودا ، ئەمەش بە كورتی ئەو بیردۆزانەن كە دەكرێنە بناغەو هۆ بۆسەرهەڵدانو دروستبوونی دەسەڵات (بەمانا تایبەتەكەی)، یان باس لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی دەسەڵات دەكەن ، ( دیارە لێرەدا باس ناكەین لەو هەوڵە دیارانەی كە لە رووی واقیعییەوە كەسانێكی وەك ئەرستۆو یۆنانییەكان باسیان لە دەسەڵاتو دەسەڵاتی سیاسی كردوە ) :-

---

(١) سەیری (الدولة والنظم السیاسة) ل ٢١٢ بكە

(٢) نظام الحكم – ل٢٩

١) بیردۆزەی گەشەکردن لە خێزانەوە یان گەشەی کۆمەڵایەتی .
٢) بیردۆزەی هێزو زاڵێتی .
٣) بیردۆزە ئاینی‌یەکان .
٤) بیردۆزە دیموکراسی‌یەکان .
٥) دیدی ئیسلامی لەمەڕ بناغەی دەسەڵات لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا .

**١ . بیردۆزی گەشەکردن لە خێزانەوە یان گەشەی کۆمەڵایەتی :-**

فیکرەی دەوڵەت‌و دەسەڵات بەپێ ی ئەم بیردۆزەیە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی باوك كە بەخاڵی یەکەم و سەرەتای بنیات نانی دەوڵەت دادەنرێت چونکە هەر خێزانە پاشتر بنەماڵەو هۆزو تیرە دروست دەکاو دواتر گەشە دەکاو پایە سەرەکی‌یەکانی ڕێکخستنێکی سیاسی دروست دەبێت‌و دەوڵەتی لێ پێك دێت ، بە مانایەکی تر دەسەڵات بوونی خۆی لەگەشەی یەکەمی مێژووی مرۆڤایەتی‌یەوە وەردەگرێ، کە بە بوونی خێزان دەست پێ دەکات ، سەرەتا دایك‌و باوك‌و پاشتر بە پێی زۆربوون‌و گەشەکردن پەرەی پێ دراوە و هۆز و تیرە دروست کراوە لەم میانەیەدا سەرۆك هۆزو تیرەش پەیدا دەبن پاشان گەشە دەکات تا دەگاتە دروست بوون و پەیدا بوونی شارەکان و پێك هێنانی دەوڵەت .

کەواتە بەم پێیە بناغەی دەسەڵات بریتی‌یە لە گەشەی کۆمەڵایەتی کە بە باوك‌و دایك دەست پێ دەکات و بەدەسەڵات‌و سەرۆکی حکومەت‌و دەوڵەت کۆتایی پێ‌دێت ، لێرەوە خێزان دەبێتە بناغەی سەرەکی دەوڵەت و یەکەیەکی پێك هێنەری .

بەپێی ئەم بۆچونە دەوڵەت وێنەیەکی گەشەسەندوو ڕێکخراوو فراوانی خێزانێکی گەورەی چاخی کۆنە [(١)] لە ڕاستی‌دا لە ڕووی مێژوویی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی‌یەوە ئەم بیردۆزە بەهێزە و پاڵپشتی زۆر لە پشتی‌یەوە هەن .. بەڵام دیارە تاکە هۆو هۆکار نی‌یە .

**٢ . بیردۆزی هێزو زاڵێتی (القوة والغلبة) :-**

بیردۆزەی هێزو زاڵێتی یەکێکی ترە لەو بیردۆزانەی شیکردنەوەی خۆی هەیە لەمەڕ سەرهەڵدان‌و بناغەی دەسەڵات ، هەوادارانی ئم بیردۆزە پێیان وایە ئەو بناغەیەی دەسەڵات

---

[(١)] سەیری (نظام الحكم في الإسلام) ٢٩-٣٠ و (الدولة والنظم السياسية) ل٢١٩ بکە.

لەسـەر پرانسـیپی هێـز ڕاوەسـتاوە ، بـەهێز دەتوانێـت دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر لاوازدا بسـەپێنێت ، لەمبارەیەشـەوە لـە زۆر ڕووداوی مێـژوویی کـۆن و نـوێ بەڵگـە دەهێننـەوە کـە سەرجەمیان ئاماژە دەکات بە زاڵ بوونی بەهێزان بەسەر لاوازاندا ،وەهـەر ئـەم خاڵەیشە هۆی گۆڕانکاری بارە سیاسیەیەکانە لە جیهانداو بەرپابوون و لاچونی دەوڵەت و حکومەتەکان لەم ڕێوە بەدی هاتووە .

یان دەکرێت بوترێ دەسەڵات لەسەر بناغەی دەستگرتنی کەسێك یان چەند کەسێك بەسەر کاروبار کۆمەڵێکدا دروست دەبێ و پاشتریش ئیرادەو ویستی خۆیان بە هێزو هۆکارە مادییەکانی وەك پەستان و زۆرکردن دەسەپێنن لێرەوە تاکەکانی تر ملکەچی و گوێڕایەڵی دەردەبڕن ، کەواتە هێزو زۆرکردن پاڵپشت و بناغەن و زامنی بەردەوامی دەسەڵات و مانەوەی دەسەڵاتن .لێرەوە بناغەی دەسەڵات لە دەوڵەتدا هێز دەبێ و دەوڵەتیش بۆ پاساوی کارو جێبەجێکردنەکانی پشتی پێ دەبەستێ لێرەوە ئینقلاباتی سەربازیش پاساوی خۆی دەستدەکەوێت ، بە تایبەت لە جیهانی سێدا ... یان هەندێجار هەندێ کەس بەهۆی بارودۆخێکی تایبەتییەوە هەل دەقۆزنەوەو ویست و دەسەڵاتی خۆیان دەسەپێنن ...

هەر لەم میانەیەشدا بیردۆزەیەکی تر دێتە ئاراوەو پێی وایە دەوڵەت دیاریدەیەکی سیاسیەو لە ئەنجامی کارلێکی چەندا کارای جۆراوجۆرەوە دروست بووەو سەرئەنجام دەوڵەت بە شێوازەی ئیستای لێ دروست بووە ، ئەمەش لەسەرئەنجامی گەشەیەکی مێژوویی و پلەپلەیی سروشتی دا ، لە ئەنجامی ئەم گەشەسەندنەدا دەستەوکۆمەڵێك لە خەڵکی توانیویان خۆیان بسەپێنن بەسەر کۆمەڵدا مافی دەسەڵاتیش بۆ خۆیان قۆرخ بکەن ، بۆ ئەمەیش پشت دەبەستن بە چەندان هۆکاری جیاوازو هێزی جۆراوجۆر چ مادی بێت یان جگە لە ماددی ئەم هێزانەش یارمەتی دروست بوونی دەوڵەتی داوە کە بەپێی بارودۆخی گەلە جیاوازو ئامادەگیەکانیان گۆڕانکای تێدا بووە ، جیاوازی ئەم بیردۆزەیەش لەگەڵ بیردۆزەی هێزدا لەوەدا دەبینرێت کە هێز لێرەدا مانایەکی گشتی تری هەیە و توانای ماددی فەرمانڕەوا یان نفوزسی ئاینی یان ئابوری یان کەسێتی فەرمانڕەوا خۆی دەگرێتەوەو پاشتریش ژێردەستەکان بە قەناعەتەوە بێ یان دەسەوسان بن بە حوکمی واقع ڕازی دەبن .

**٣. بیردۆزە ئاینیەکان ( الثیوقراطیة ) :-**

پەیوەست کرنی وشەی ئاینی لەم بیردۆزانەدا لەوەوە دێت کە دەسەلات تیایدا ڕیشەیەکی ئایینی پێدەدرێ بە حسابی خۆیان خودا تیایدا بەشداری دەکات...
مەبەست لەم بیردۆزانە پاساو هێنانەوەبووە بۆ فەرمانڕەوایان تا کارەکانی خۆیان لە ئاست ژێر دەستەکانیاندا شەرعیەت پێ بدەن و پیرۆزی‌یەکی بۆ دروست بێت لە دڵ و دەروونی خەڵکی دا و دوا جار مل کەچ و گوێڕایەڵ بن بۆیان ئەمەش بەشتێکی خوا کردو خوا ویست بزانن و لە خودی خۆیاندا مل کەچی بن .
چونکە دسەلاتی فەرمانڕەوا لە خواوە وەرگیراوە ئەوانیش جێنیشینی خوان لە سەر زەوی دا و بەرپرسیارنین لە بەرامبەر خەلك و گەلەکانیاندا چونکە دەسەلاتیان ڕەهایە، بەرپرسیاریان تەنها لە بەرامبەر خوایەکدایە کە ئەم دەسەلاتەی پێ بەخشیون .
بیردۆزە ئایینی یەکان کۆنترین بردۆزەن کە لەمێژووی مرۆڤایەتی دا ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە ، لەسەر ئەم بناغەیەیش زۆرترین دەسەلاتە ژیاریە کۆنەکان بەرپا بووە بەتایبەت لە لای میسری و چین و فارسەکان، لە چاخی ناوەڕاستیشدا پاشا و پیاوە ئایینی‌یەکانی ئەوروپا لە دەسەلاتیاندا پشتیان بەم بیردۆزانە دەبەست و پاساوی دەسەلاتی ڕەهای خۆیانیان پێ دەکرد .
دەشتوانین جیاوازی بخەینە نێوان ئەم بیردۆزانەوە بەپێی گەشە مێژوویەکانیان سەرەتا بە شێوەیەك سەری هەڵدا کە دەگونجا لەگەڵ ژیانی سەرەتایی مرۆڤدا دواتریش بەپێی گەشە مێژوویەکان ئەمانیش پەرەیان سەند تالە چاخی نوێ دا بەتەواوی کرچ و کاڵ بۆیەوە و پاساو و شەرعیەتی خۆی لەدەست دا ، هەرچەندە تا سەدەی حەڤدەهەمیش بیریاری سیاسی وەکو ( سیر ڕوبرف فلمر ) [1]ی لە پشتەوە بوو .
**ئەمەش کوتەی ئەو بیردۆزانەیە بەپێی گەشە مێژوویەکانیان :-**
**یەکەم: ( بیردۆزەی بەخواکردنی فەرمانڕەوایان ) ( نظرية تألیه الحكام ).**
کرۆکی ئەم بیردۆزەیە لە کۆمەڵگە بەرایەکاندا بەرپا بوو ، ئەوانەی بیروباوەڕو ئەفسانەو خەرافیات ژیانیانی داگیر کردووە، ژیانی مرۆڤ مۆرکێکی ناڕۆشنی و ترسی لە خۆ گرتبوو، فەرمانڕەوا لە و کۆمەڵگایەنەدا نمونەو (نمایندەی) دەسەلاتی خوای بوون، قوربانیان

[1] بیریارو سیاسی ئینگلیزی (سیر روبرت فلمر) (١٥٨٨-١٦٥٣) لەوبارەوە کتێبی (الحکم الابوی) دانا سەیری (الاخلاق و السیاسە) بکە ل٢٨٤

پێشکەش دەکراو بەوێنەیخوایەکی پەرستراو بۆیان دەڕواندرا. ئەم بیروباوەڕە لەلای شارستانیەتەکانی میسر و فارس و هیند و چین بەدی کراوە.. لە میانەی توێژینەوی مێژوویی دا ئەوە بەدەردەکەوێ کە دەسەلاتی فیرعەونەکان بە نمایندەی دەسەلاتی خوایی دانراوەو وەهاش پەرستراون کە خوایەکی بەتوانان لەسەر دروست کردنی شتەکان و کەس بۆی نیە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات .

دووەم : ( **بیردۆزەی مافی پیرۆزی خوایی یان هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی خوایی** )

ئەم بیردۆزە لەدوای بەدەرکەوتنی مەسیحەوە بڵاو بۆیەوە و تەعالیم و ڕێ و شوینەکانی ئەو بیری بەخوا کردنی فەرمان ڕەوایانی ڕەفز دەکردەوە، چونکە پێچەوانەی تەعالیمەکانی مەسیحیەت بوو، مەسیحیەت بە پێویستی دەزانێ جیایی بکرێت لە نێوان دەسەلاتی ئاینی و دەسەلاتی زەمەنی دا ، لەولاشەوە پێویستی بەکەم کردنەوەی ئەو دەسەلاتە هەبوو کە بەترانەکان بەناوی دینەوە دەیان کرد ، ئەم فکرانە لەلایەن دەسەلاتی فەرمان ڕەواوە بەرهەڵستی و بەرگریەکی توندی کرا ، بەلام هەر ئەم فکرەیە لە کۆتایدا سەرکەوت ، چونکە نمایندەی ڕزگارکدرنی مرۆڤ بوو لە عبودیەت بۆ مرۆڤ ( بەتایبەت لە و قۆناغەدا ) لەگەل ئەمانەشدا مەسیحیەت دانی نابوو بە دەسەلاتی زەمانی سوڵتان بەسەر خەڵکیدا ، لێرەوە بیردۆزەیەکی نوێ سەری هەڵدا کە لە داڕشتەی پیاوانی کەنیسە بوو، ئەویش بریتی بوو لە ڕەت کردنەوەی فیکرەی خوایەتی فەرمانڕەوا ، لەبەرامبەر ئەوەیشدا دەسەلاتی ئەوەی ئەدا بە فەرمانڕەوا کە دەسەلاتەکەی ئەو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە خواوە وەرگیراوە ، چونکە خوای گەورە هەڵیبژاردوە تا بەپێی (مافی خوایی ڕاستەوخۆ-الحق الالهي المباشر) فەرمانڕەوایی خەڵك بکا بەپێی ئەو گۆڕانە دەسەلاتی زەمەنی خاوەنی پیرۆزیەکی ڕەهایەو فەرمانڕەوایش لە خوایەکان نیەو نابێت بپەرسترێت ، چونکە ئەوە جۆرێکە لە هاوبەشی دانان (شرك) بەڵکو بەندەی خوایە و هەڵبژێردراوە تاوەکو دەسەلاتی بەسەر خەڵکیدا پیادە بکات ، بۆیە بۆهیچ کەس نیە بەرگری لێبکات یان ڕەفزی مل کەچی بکا.[1]

کورتەی ئەم بیردۆزەیەش ئەمەیە دەسەلاتی سیاسی بەپێی هە ڵبژاردنێکی خوایی بۆ هەندێ کەس بەدی هاتووە تا ویستی خوایی جێبەجێبکەن بێ ئەوەی سیفەتی پێغەمبەرایەتیان هەبێت، بەم پێیە دەسەلاتی فەرمانڕەوایان لە خواوە وەرگیراوەو ئەو

---

[1] نظام الحكم في الإسلام (٣١-٣٢)

سەروەری دەسەلاتیان پێ دەبەخشێ بەم پێیەش فەرمانڕەوایان تەنها لە بەرامبەر خوادا بەرپرسیارن و بەس، گەل و دەزگاکان بۆیان نییە لەسەر کردەوەکانیان لێپرسینەوەیان لێ بکەن ئەوەی لەسەریانە تەنها مل کەچیو پابەند بوونە بە بڕیارو ڕاسپاردەو فەرمانەکانیان – چونکە دەسەلاتیان پشت بە ویستی خوا دەبەستێ [٢]

بیردۆزەی مافی ڕاستەوخۆی خوایی لەسەر دەستی زۆرێك لە پیاوانی کەنیسەی مەسیحییەوە بلاوبۆیەوە ، ئەوانەی دەیانوت سەرچاوەی گشت دەسەلاتیك ویستی خواییە تەنانەت ( پاپا لیۆنی سیانزە ) دەیووت فەرمانڕەوایان دەسەلاتیان ڕاستەوخۆ لە خواوە وەردەگرت چەندانی تریش کە بە ( قدیس ) وەسف دەکران هەمان شتیان دەوتەوە لەوانە بیروبول و ئیمبرواز.

پاشا و بەترانەکانی فەرەنسا لە سەدەی حەڤدەو هەژدەدا پشتیان پێ دەبەست و بە بناغەی دەسەلات و فەرمان ڕەوای خۆیان دادەنا لەوانە لویسی چوارادە و پانزە کە لە دەسەلاتیاندا پشت ئەستوربوون بە مافی خوایی و ڕەتی ئەوەیان ئەکردەوە کە لەبەردەم گەل دا لێپرسراوبن.

هەروەها ( بەتران – اباطرة )ە کانی ئەڵمانیا تا سەرەتایی سەدەی بیست و پێش جەنگی یەکەمی جیهانی بەتایبەت غلیۆمی دووەم پشتیان بەمە دەبەست، ئەم بیردۆزە لە یاباندا تاکۆتایی جەنگی جیهانی دووەمیش جێگای خۆی هەبوو ئەوەبوو ئیمپراتۆری یابان بەو پێیە فەرمان ڕەوایی دەکرد کە نوێنەری ئەو خوایانەیە کە بۆ فەرمانڕەوایی هەڵیان بژاردووە . [١]

***سێیەم :ـــــ بیردۆزەی ڕێپێدانی ( تفویض )ی خوایی یا هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆیی خوایی:***

ئەم بیردۆزە لە میانەی سەدەکانی ناوەڕاست دا و لە ئەنجامی کێشمە کێشی نێوان کەنیسە و ئیمپراتۆردا بەدەر کەوت، لەومافە گشتییەدا خۆیی دەنوێنێت کە پیاوانی کەنیسە پاش بەدەرکەوتنی مەسیحیەت پیرۆزیان بەدەسەلاتی زەمەنی بەخشیبوو، بەلام بەپێی گەشەکردنی زەمەن و گوڕینی دەسەلات ئەم چەمکەش گۆڕانی بەسەردا هاتوو پیاوانی کەنیسە لێرەوە بیردۆزەی مافی ناڕاستەوخۆی خۆیان بەدی هێنا ، بەپێی ئەم مافانەش

---

[٢] الدولة ونظم السياسة لا ٢١٤

[١] سەرچاوەکانی پێشوو.

دەسەڵات دەبەخشرێ بەفەرمان ڕەوا لە ڕێگەی گەلەوە بەئاراستەو ویستی خوایی کە ناڕاستەوخۆ پاڵی ناوە بەگەلەوە فەرمانڕەوا هەڵبژێرن.

کەواتە بەپێی ڕاو دیدی ئەم بیردۆزە ویستی خوایی کورت هەڵدێ لەوەی خوا تەدەخول دەکا لەڕەخساندنی بناغەو دۆخی لەباری دەسەڵات بۆ دەوڵەتێك و سازکردنی پاساوی گونجاو بۆ گوێڕایەڵی فەرمان ڕەوایان، ئەمەش بەوە دەبێ خوا ڕووداو واقیعەکان ڕیزبەند دەکات کەسەرەنجامەکانی دەستکەوتن و دەست بەسەراگرتنی فەرمان ڕەوایییە لەلایەن چەند کەسێکەوە یان خێزان و بنەماڵەیەکەوە کە خوا خۆی لە دڵی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەدا ڕێز و گوێڕایەڵی بۆ دەسەڵات دار دەچەسپێنێ، یا دەسەڵاتی ئەو فەرمانڕەوایانە هەرچەندە پشت نابەستێ بەویست و هەڵبژاردنی ڕاستەو خۆی خوایی بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو نادیار بەدی دێ.. خوا خۆی دڵی خەڵکی نەرم دەکات تا ڕەشمەی کاریان بدەنەدەستی کەسێکی دیاری کراو یان خێزان و بنەماڵە تا لێرەوە شەرعیەت وەردەگرن .

تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئەم چەمکە نوێیە جیایە لە دوو چەمکەکەی تر کە دەسەڵاتێکی ڕەهاو بێ کۆتایان دەدا بەفەرمانڕەواو هیچ لەبەردەمیدا حسابی بۆ نەدەکرا بەڵام لێرەدا دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بەپێی ویستی گەل دەبێ، بەڵام خوا ڕۆڵی تیا بینیوە ( بەپێی ئەم بۆچوونە ) .

ئەم فیکرەیە وەك سەرەنجامێکی بیردۆزی جیاکردنەوەی کەنیسەو دەوڵەت لە ئەوروپادا بڵاوبوەوە، دەسەڵات لە خواوەیە و فەرمان ڕەواش بەپێی بۆ ڕەخسانی(کە خوا تەدەخولی تیادا دەکات) خەڵکی هەڵ دەبژێررێت .

ئەم بیردۆزەیە لەلایەن پیاوانی کەنیسەوە پاڵپشتیەکی بەهێزی لێدەکراو لەلایەن فەرمانڕەوایانی ئەوروپاشەوە ڕەواجێکی بەرفراوانی هەبوو ، دیارە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کەنیسەشدا سازو تەبا بوو ، بەتایبەت کە دەیانویست دەسەڵاتیان بەهێزتر و پتەوتر بێ و بەسەر دەسەڵاتداراندا و پاڵپشت بەو گەلو جەماوەرەی کە کەنیسسە خۆی بە نمایندەیان دەزانی و وەکو کارتێکی فشاریش دژ بەو دەسەڵاتدارانە بەکاردەهێنرا [1] . لەولاشەوە دەسەڵاتداران دەیانویست لە ڕێگەی پاڵپشتی دینییەوە

---

[1] سەیری سەرچاوەکانی پێشوو بکە ، ئەوانیش سوودمەند بوون لەم سەرچاوەیە ، أدهون رباط الوسیط فی القانون الدستوری العام ، بیروت ١٩٦٥ بەرگی ١ ل ٢٨٢ و دواتر ، ب ٢ ل ٢٥٠ .

پێگەی خۆیان بەهێز تر بکەن بیردۆزەیەك بە دەسەلاتەکەیان ببەخشن دیارە ئەم ئاراستەیە لەسەدەی هەژدەدا زۆربە روونی دەرکەوت ..

**بیردۆزە دیموکراسییەکان** *

ئەم بیرردۆزانە لەسەر ئەو بناغەیە دامەزراون کە دەسەلاتی سیاسی پێویستە دەربڕی ، ویستی گەل و جەماوەر بێ ، هەر ئەو ویستە جەماوەریەشە مافی ئەوەی داوە بە دەسەلاتی سیاسی کە دەربڕی ڕای گەل بێ ،لەسەرەنجامی پەیمانێکی گرێدراوی نێوان تاکەکاندا کە دەیانەوێ لەو ڕێگەیەوە دەسەلاتێکی فەرمانڕەوا بەرپا بکەن ، ئەو پەیمانەشی کە ئاوەها دێتە ئەنجام بە ( پەیمانی کۆمەلایەتی – العقد الإجتماعی ) دەناسرێ .

بیری پەیمانی کۆمەلایەتی بیرێکی کۆنو لەمێژینەیە هەندێ دەیگێڕنەوە بۆ مێژووی کۆنی ڕۆمانی ، ئەمەش لەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەندێ لە بیریارە ڕۆمانییەکان دەیانگووت : دەسەلات لە ڕێی گەلەوە دەگواسترێتەوە بۆ فەرمان ڕەوایان بەپێی سەرپشکییەکی سیاسی هەلقولاو لە ویستی مرۆڤیانەی مرۆڤدا.

پاشان ئەم بیرۆدزە لە سەدەی شانزەی زایینییدا لە ژێردەستی پیاوانی ئاین ی مەسیحیدا سەری هەلدا بە مەبەستی پەیوەند کردنی دەسەلاتی ڕەهای ئەو فەرمانڕەوایانە لە رووی ئاینییەوە لەگەلیان ناکۆك بوون ، لە ئەنجامی ئەو ململانێیەی لە نێوان کاثۆلیكو پرۆسستانەکاندا هەبووە.

---

* سەیری ( الدولة والنظم السیاسة / ٢١٥–٢١٩ ونظام الحکم ) بکە لا ٣٣–٣٥.

بەلام پێناسەی ئەو بیردۆزەیە بەشێوە باوەکەی تەنها لە چاخی ڕێنسانس‌و سەدەی حەڤدەو هەژدەدا بەدەرکەوت لە ژێردەستی ئەو فەیلەسوف و بیریارانەی بانگەشەی ئازادیان دەکرد هاووێنەی تۆماس هۆبزو جان جاك ڕۆسۆ و  جۆن لۆك و جگە لەمانەش .

لەم بیردۆزانەدا ویستی گەل بە بناغەی دەسەڵاتی دەوڵەت دادەنرێ و لەوەوە بە بەردەوامی شەرعیەت وەردەگرێ بەو وپێیە بەرژەوەندی گشتی دەیخوازێ . ویستی جەماوەریش کە لێردا پشت‌و پەنای دەسەلاتە لە شێوەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی‌دا بەرجەستە دەبێ تاوێنە نماو ڕەنگدانەوەی ویستەکانی کۆمەڵ بێ ، بەڵام لە رووی چۆنیەتی ئەو پەیمانە و وردەکاری‌یەکانی‌یەوە جیاوازی‌یەکی روون دەبینرێ .

ئەمەش لەو شیتەڵکاری‌و ڕاڤانەدا بە روونی دیارە کە بۆ (بیردۆزەی پەیمانی کۆمەڵایەتی) کراوەو ئەنجام دراوە لەلایەن هەریەکە لە هوبزو لۆك‌و جان جاك ڕۆسۆوە هەریەکەشیان لەسەر ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتیەی هۆکاری دەسەلات‌و حکومەت و[1] دەوڵەتە چەندان بەرئەنجامیان ڕیزبەند کردوە ، ئەم بیردۆزانە وەك خستە روو ( طرح ) گریمانەین ،  بەڵام ئەوەی تێدایە کە دەسەڵاتیان لە دیدێکی میتافیزیکی‌یەوە دەگۆڕێ بۆ شتێکی زەمەنی و مرۆیی پەیوەست بە خەڵکەوە هەریەکە لە هۆبز و لۆك و ڕۆسۆ لەگەڵ یەك دەنگیان لە خاڵە سەرەکی‌یەکانی بیردۆزی پەیمانی کۆمەڵایەتی‌دا جیاوازی هەیە لە وردەکاری‌یەکانی چۆنی‌یەتی ئەم گرێبەست و پەیمانە کۆمەڵایەتی‌یەی نێوان خەڵك و دەسەڵات فەرمانڕەوایان ئەمەش کورتەی بۆچونەکانیانە :ــ

**یەکەم : بیردۆزی پە یمانی کۆمەڵایەتی لای ( هۆبز ) " ١٥٨٨ - ١٦٧٩ز " :-**

لەدیدی هۆبزدا ژیان ( پێش ئەوەی مرۆڤــ پەیوەست بێت لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی مرۆیی‌دا بە شێوەیەك وێنا دەکرێ مرۆڤــ بەردەوام لە شەڕو جەنگ‌و کوشتاردا بووەو بەردەوام مەینەتی‌و بێبەشی‌و چەوساوەیی باڵی بەسەر گوزەرانیدا کێشا بوو ، هەر لێرەوە هۆبز وا دادەنێت مرۆڤــ بە فیترەت و سروشت شەڕەنگێزە و غەریزە و حەزەکانی تەحەکومی پێدەکەن لێرەوە مرۆڤــ عەقلانی‌یەتی خۆی لەدەست دەدات‌و بەردەوام لەگەڵ ململانێی کەسانی تردا درێژە بە گوزەران دەدات تا شتومەك‌و خواردن‌و پێداویستی‌یەکانی ئەوانی دی بۆ خۆی دەسەبەر بکات .

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو تەماشا بکە.

جا لەبەرئەوەی ئەمە هەرەشەی لەناوچونی مرۆڤـــی تێدا دەبینراوە لەو روانگەیەی مرۆڤـــ غەریزەی حەز بەمانەوەی هەیە ، هۆبز وای بۆدەچێ کە تاکەکان بەپێی ویستی خۆیان کۆكو ڕێك بوون لەسەر ڕێك کەوتنێك کە هاوسەنگی بەرژەوەندییەکانیان بدا و سەرپەرشتی کاروباریان لە ئەستۆ بگرێت .

ئەم ڕێکەوتنەش کە بە شێوەی پەیمانێکی گریمانەیی .بەدەر کەوت هەموو تاکەکان ڕەزامەندیان لەسەری دەربڕیو ئەوەش وای پێویستکرد تاکەکان لەمافەکانیان دابەزن بۆ کەسێکی تر کە سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی دەسەلات دەکاو بەبێ بەندو کۆت بەشێوەیەکی ڕەها کاروبار بەڕێوە دەبات تاکەکانیش تەنها گوێڕایەڵیان لەسەرە چونکە خۆیان پابەندی ئەو پەیمانە کردوە ناتوانن لە ژێر رکێفی ئەو دەرچن بە ڕادەیەك دەسەلاتدار مافی ڕەهای هەیە لە بەموڵك کردنی ماڵو سامانەکانیاندا چونکە تاکەکان بە ویستو ئیرادەی خۆیان بەپێی پەیمانێکی کۆمەلایەتی ڕازی بوونو فەرمانڕەواش بۆ بەرژەوەندی ئەوان کاروبار بەڕێوەدەبا ، چونکە لە حاڵەتی ئاژەوەو ئاژاوە گێڕی سەرەتایی دەریکردونو مافی تری بۆ دەستەبەر کردونو ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانیانی کردوە . لێرەوە دەکرێ بوترێ کۆمەڵەی سیاسی لای ( تۆماس هۆبز دیاریدەیەکی سروشتی نییە بەڵکو ڕێکەوتنێکە بەپێی پەیمانێکی کۆمەلایەتی ).

لەلایەکی ترەوە فەرمانڕەوا لایەنێك نییە لەپەیمانەکەدا بەڵکو تاکەکان لایەنن ، دەسەلاتدار مافی ڕەهای هەیە ئەم بیردۆزەی ( تۆماس هۆبز )ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە بووە کە لەو قۆناغەدا ئینگلتەرا تیایدا ژیاوە پادشا کە دەسەلاتی دەکەوێتە دەست لای کەس بەرپرس نییەو خەڵکی دەبێت مل کەچی دەسەلات بن ....

### دووەم : بیردۆزی پەیمانی کۆمەلایەتی لای ( لۆك ) " ١٦٣٢ – ١٠٧٤ ز " :-

لەگەڵ ئەوەی هەر یەکە لە (هۆبز)و (لۆك) کۆکن لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگەی مرۆیی خۆویستانە لەنێوان خۆیاندا ڕێکەوتن لەسەرئەوەی کە لە کۆمەڵگەیەکی سروشتیی (فطري)ەوە بگوازنەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی سیاسی بەلام لە درێژەو وردەکاری چەمکی پەیمانی کۆمەلایەتیدا جیاوازیان هەیە .. و هەریەکەیان بەشێوەیەکی تایبەت پەیمانی کۆمەلایەتی وێنە دەکێشێ و لەمەشەوە بەرەنجامی جیاواز دەکەوێتەوە .

( لۆك ) وای دەڕوانێیە مرۆڤــ كە بونەوەرێكی چاكەخواز و دادوەر و ئاشی ویستە، لە ژێــر ســایەی یاســای سروشتیشــدا ژیــانێكی تاكانــەی بــەختیاری بەســەر دەبــرد بــەڵام پێداویستیو حەزەكانی مرۆڤــ لەلایەكەوەو لێڵی و ناڕۆشنی یاسای سروشتی لە لایەكی ترەوە پاڵی نابە مرۆڤـــەوە تا لەگەڵ كەسانی تردا ژیانی ڕێك بخاو كۆمەڵ پیك بهێنێ .

جا لەبەر ئەوەشی پێویست بوو دەسەڵات و فەرمانڕەوا لە نێوانیانیدا هەبێ ، هەندێ لەو تاكانــە لــە بەشــێك لــە مافــەكانیان بــۆ كەســانی تریــان دابــەزین ، تاسەرپەرشــتی كاروبــارو جێبەجێكردنی بەرژەوندییەكانیان بكەن ، ئــەوانی تــریش دوای پەیوەســت بونیــان بــە كۆمەڵێكی دیاریكراوەوە لە هەندێ مافی خۆیان بوران بەو ئەندازەیەی بوار بدات بە دروست بوونی دەسەڵاتێك كە سەرپەرشتی فەرمانڕەوایان بۆ بكات ئەمەش لە شێوەی پەیمانێكی كۆمەڵایەتی بەدی هات لە نێوان كۆمەڵ و ئەوانەی دەسەڵاتی فەرمانڕەواییان پێ بەخشرا .

كەواتــە لێرەشــەوە بناغــەی دەســەڵاتو فــەرمانڕەوایی پــەیمانێكی كۆمەڵایەتییــە و بەدەســەڵاتداریش لایــەنێكی ئــەو پەیمانەیــە و پابەنــدێ هەنــدێ لــە مەرجــەكانێتی ، بــە تێپەڕاندنو پشت گوێخستنیان پاساوو بیانوش دروست دەبێت بۆ تاكەكانی كۆمەڵ بۆ واز هێنان لە پەیمانەكەو دەرچوون لە گوێڕایەڵیو مل كەچی بۆ فەرمانڕەوا ، بەمەش دەسەڵاتو فەرمانڕەوا پاڵپشتی یاسایی ئە پەیمانە لەدەست دەدا .

ئەمەش جیاوازی (لۆك)ە لە گەڵ (هۆبز)دا كە بە بڕوای لۆك بەپێی (پەیمانی كۆمەڵایەتی) فــەرمان ڕەوا مــافی ڕەهــای فــەرمان ڕەوایــەتی كردنــی نییــە و دەبێــت دەســەڵاتەكەی كــۆت و سنووردار بێت و پەیمانەكەشی ئەوە لە خۆ دەگرێ كە هەردوو لا پابەندبن پێیەوە ، بە هیچ شێوەیەكیش بــۆ فــەرمانڕەوا نییــە مافــە سروشــتییەكانی مرۆڤـــ بخاتــە مەترسییەوە یــان پاڵپشتیان بكات ، چونكە ئەم مافانە چەند مافێكی چەسپاوو جێگیر بوون تەنانەت پێش ئــەوەی مرۆڤـــ بچێتە كۆمــەڵێكی سیاســی ڕێكخراویشــەوە ، ئــەم مافانــەش دەســەڵاتەكانی فــەرمانڕەوا پابەنــد دەكــەن و بــە ئەنــدازەی ســودو ئاســایشو بەرژەوەندییــەكانی كۆمەڵگــەش سەڵاحیەتو قەڵەمڕەوی سنوردار دەكرێ ، لەوانەش مافی موڵك داریو مافەكانی تر .

كــاری ســەرەكی فــەرمانڕەواش پاراســتنی كۆمەڵگــەو ڕێكخســتنێتی بەشــێوەیەك كــە بەرژەوەندییە گشتییەكانی بۆ دەستەبەر بكات ، بە شكاندنی ئەم پەیمانــەش مــافی گەلــە لــە ڕوویدا بوەستێ و بەرهەڵستی بكات .

**سێیەم : بیردۆزەی پەیمانی کۆمەڵایەتی لای ( ڕۆسۆ ) :-**

(جان جاك ڕۆسۆ)ش پەیمانی کۆمەڵایەتی دەکاتە بناغەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی، بەڵام بەشێوەیەکی جیا لەوانی تر و لە ڕوانگەی ترەوە بۆ چۆنیەتی ئەم پەیمانە دەڕوانێ .

روانینی رۆسۆ بۆ مرۆڤــ بەو شێوەیە کە گوایە مرۆڤــ پێش ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی بە شێوەیەکی تەواو ئازادو بە دوور لە هەر کۆتێ ژیانو گوزەرانی بەسەر بردوە بە تاكو تەنهایی ژیاوەو دوور بووە لە هاوڕەگەزەکانی ، بەڵام بە هۆی بارودۆخێك کە بەسەریدا هاتوەو بەرپابووە خۆی بە ناچار بینیوە تالەگەڵ کەسانی هاو وێنەی خۆیدا کۆ ببێتەوە و ژیان بگوزەرێنێ ، جا لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیو حەزی هەریەکە لەو تاکانە جیاجیاو ناتەبابووە و پێکەوە ژیانیشیان بە کۆمەڵی پێویستیبە سازدانو هاوسەنگیو هاوئاهەنگی بووە بۆ ئەم مەبەستەو بۆ ڕێکخستنی بەرژەوەندیو ویستو حەزەکانی مرۆڤــ ، ئەو تاکانە ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی هەریەکەیان واز بهێنێ لە هەندێ ماف و ئازادیيەکانی خۆی ، کە پێش تێکەڵ بوونی بە کۆمەڵ هەیبوە .. مەرجی وازهێنانی لەم مافانە لە بەرژەوەندی ئەو کۆمەڵەدا بێ کە ئازادیو مافەکانی تری تاك دابینو دەستە بەر دەكات ..

سەرئەنجام ئەو تاکانە ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی دەسەڵات (سلطة) سەرپەرشتی جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتنە بکاو تاکەکان بپارێزێ لە جەورو ستەمی یەکتری ، بەم شێوەیە دەسەڵاتی سیاسی (حکومەت) لە دەوڵەتدا بەدیهات .. ئەم حکومەتەش بەپێی ڕێکەوتنێبەدی هات کە تاکەکان لە نێو خۆیاندا لەسەری ڕێکەوتن ، لەشێوەی پەیمانێکدا پێی ڕازی بوون ،لێرەشدا حکومەت لایەك نیيە لە پەیمانەکە بەڵکو ئەندازەیەك دەسەڵاتی پێ بەخشرا کە بەهۆیەوە کاروبارەکانی فەرمانڕەواییوبەرژەوەندی تاکاکەنی پێڕەچاو و دەستەبەر دەكات..

لە ئەنجامی ئەم پەیمانەشدا ویستێکی گشتی بەدیهات کە بریتيیە لە ویستی کۆمەڵ و دەربڕی سەروەری (السیادە )ی دەوڵەتە . ئەم ویستەش شتێکی جیایە لە ویستی ئەو تاکانەی لە پێکهاتەکەیدا بەشدارنو پەیوەستن بە پەیمانەکەوە ، واتە لێرەدا دوو ویست دەبینرێ یەکێکیان تایبەتە بە دەوڵەتەوەو ئەوی تریان بە تاکەکانيیەوە کە لە شێوەی کۆمەڵدا خۆیان ڕێکخستوە تا زۆربەی بەرژەوەندیو حەزەکانیان بۆ بەدی بێت ، بەڵام لێرەدا ویستی گشتی دەوڵەت خاوەنی سەروەریو دەسەڵاتەو ناکرێ دەستکاری بکرێ هەر بۆیە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بە ناوە و لەجێی گەل سەرپەرشتی فەرمانڕەواییو پیادەی دەسەڵات

دەكات هەركاتێ كۆمەڵ ویستی دەتوانیت بیگۆڕێ یان لایدا ، چونكە گەل خاوەنی سەرەكی دەبێو بەپێی ویستو ڕێپێدانی گەل و جەماوەر دەبێ هەڵسو كەوت بكات ، واتە دەسەلاٌت جێگرو وەكیلی ویستەكانی گەلە بە پێی پەیمانێكی كۆمەلاٌیەتی ..

لەلایەكی ترەوە لەبەر ئەوەی تاكەكان بە ویستی خۆیان ئەو كیانە كۆمەڵیەیان دروست كردوە و لە هەندێ مافی خۆیان وازیان هێناوە ڕەوا نی‌یە هیچ تاكێك دەست درێژی بكاتە سەر ئەوی تر ، هەر دەست درێژی یەكیش مانای دەست درێژی كردنە سەر كۆمەڵەو هەر بۆیە پێویستی سەرشانی دەسەلاٌتی سیاسی‌یە پارێزەری‌مافەكانی بێت تا شەرعیەت بوونی بمێنێ ، دیارە جگە لەم بیردۆزانە بیردۆزەی تر هەیە بۆ دروست بوونی دەسەلاٌت وەك بیردۆزەی (ماركسی) كەشی‌كردنەوەی ئابوورییانەی هەیە هەروەها تێوری پێشكەوتن‌و گەشەسەندنی مێژوویی ..

جاپێش ئەوەی بچینە سەر دیدی ئیسلامی لەسەر بەدیهێنانی دەسەلاٌت و بناغەی فەرمان ڕەوایی كردن حەز دەكەم چەند سەرنجێكی كورت لە مەڕ ئەو بیردۆزانە ڕەچاو بكەین :-

بەوورد بونەوە لەم بیردۆزانە ئەوە دەردەكەوێ كە ئەمانە لە روانگەی ئەو دەسەلاٌتانەوە ستماتیزە كراون كە لە ئەوروپا بە تایبەتی سەری هەڵداوە بەشێوەیەكی گشتی لێرەو لەوێ هاتونەتە بوون، هەر بۆ نمونە بیردۆزەكانی (مافی خوایی) لەسەر بنەمای ئەو دەسەلاٌتانەدا داڕێژراوە كە لە ئەوروپای كەنەسیدا سەری هەڵداوەو پاشتریش كە ئەم دەسەلاٌتانە كۆتاییان پێ دێ ولاٌتانی ئەوروپا بەپێ گۆڕانكاری‌و تێكۆشانی گەلەكانیان لەسەر بنەمای بیری روناكبیری‌و بیریارانیان بەرەو ڕزگار بوون لە دەسەلاٌتی فەردی پڕ جەورو ستەم‌و پیاوانی ئاینی دەچن و بەرەو دەوڵەتی تاڕادەیەك دیموكراسی هەنگاو هەڵدەگرن .

لێرەدا لە نێو بیردۆزەكاندا بیردۆزەی پەیمانی كۆمەلاٌیەتی سەری هەڵداوە، ئەمە جگە لەوەی بیردۆزەی هێز جاری وا هەیە بۆ پاساو دان بە دەسەلاٌت داران جەورو ستەم رەواجی پەیدا كردووە .

❖ یان بۆ نمونە بیردۆزەی پەیمانی كۆمەلاٌیەتی زیاتر لە گریمانەیەكی خەیاڵ ئامێز دەچێ وەك لەوەی لە واقیع داو لە ماوەیەكی زەمەنی‌دا شتێكی واقیعی لەو شێوە سەری هەڵدا بێت ، لە مێژووشدا شتییكی لەو شێوە نەسەلماوە .... مەگەر لە چاخی نوێدا.

بەلام کاتێ لەلایەن بیریارانی‌یەوە دەخرێتە روو کاریگەری‌یەکی گەورەی دەبێت لە خستنەڕووی ڕۆڵی تاك و پابەند کردنی فەرمانڕەوایان بە سەلماندنی مافەکانیان دوای ئەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی‌یان بێسنوور و ڕەها بووە ، ئەکرێ هەر یەك لەمانە پێکەوە ( وێنا کردنێك )ی نزیك لە ڕاستیمان بۆ پێکبهێنن ، هەر یەکەیەیان بەبەشێك لە ڕاستی کەم یان زۆر بەشداری بکەن ..

**بیردۆزەی ئیسلامی لەمەڕ سەرهەڵدانی دەسەڵات و هۆکارەکانی دروست بوونی**

دیارە قسەکردن لە مەڕ دەسەڵات و هۆکاری سەرهەڵدانی و پێویست بوونی دەسەڵات بەشێوەیەکی گشتی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە قسە هەڵدەگرێ و گەرەکە لە دوو ڕووەوە لەمەڕ ئەم دیاردەیە ، دیاردەی ( دەسەڵات یان دەوڵەت ) * ەوە بدوێین یەکەمیان رووە مێژوویی‌یەکەیەتی کە دەسەڵات بە مۆرك و ڕیشەیەکی ئیسلامی‌یەوە سەری هەڵداوە و ( بەچەندان سەرنج و تێبینی‌یەوە ) درێژەی بە خۆی داوە لە سەدە جیاجیاکانی مێژوودا .

رووەیەکی تر مەسەلەی دەقەکانی ئیسلامە (( قورئان و سوننەی صحیح )) و چۆنی‌یەتی ڕووانینی ئەم دوو سەرچاوەیە بۆ دەسەڵات و ڕیشەکانی و بابەتی پێویست بوونی دەوڵەت و دەسەڵات بۆ پیادەکردن و دەستەبەر کردنی بڕیارو داواکاری دام و دەزگاکانی . وە ئایا ئیسلام بۆ پیادەبوون و گەشەو نماکردنی چەندە پێویستی بە دەسەڵاتە ؟ ئایا دەسەڵات پێویستی بە دینە یان دین پێویستی بە دەسەڵاتە ؟ یاخود ئیسلام داخوازی بونی دەوڵەتە بەرژەوەندی‌یەکانی خەڵکی‌دا ؟ لەگەڵ چەندین پرسیاری تری لەم شێوەیە ...

لەو بڕوایەدام مەسەلەی پێویست بوونی دەسەڵات و دەوڵەت چۆنی‌یەتی سەرهەڵدانی لای زانایانمان لەو بەڵگە نەویستانە بێت کە قسە زۆر هەڵ نەگرێت ، چونکە بەلای ئەوانەوە ژیانی مرۆڤ لە نێو کۆمەڵگە و کەسانی تردا ( ئیتر ئەو کۆمەڵگەیە لە چ ئاستێکدا بێت بچوك و گەورەیی ) شتێکی هەرە پێویستە و بناغەو ئەسڵ لە ژیانی مرۆڤدا بە کۆمەڵ ژیانە و مرۆڤ هەر بە سروشتی ئەمەی لەلا بەڵگە نەویستە ، کە کۆمەڵگەش بوو لێرەوە پێویستی نیزام و سیستەم بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆکان دەبێتە شتێکی زەروری ژیانی کۆمەڵی مرۆڤ تا مرۆڤ لە سەرگەردانی ڕزگاری بێت و تووشی لێ‌شێواوی نەبن ... دیارە ئەم سیستەمەش

---

* ووشەی دەسەڵات فراوانترە لەوەی کە تەنها دەوڵەت و حکومەت بگرێتەوە بەلام ئێمە زیاتر بۆ ئەم دوو چەمکە بەکاری دەهێنین .

دەبێت لەسەر چەند بنەماو فکرەیەك دابمەزرێ بەدەر لەو تاوانکاریانەی دەسەڵات بەسەر مرۆڤدا هێناوی‌یەتی ... ( کە لێرەدا جێگەی ئەو باسە نی‌یە ) .

سروشتی پێکهاتەی مرۆڤ ئەوە دەخوازێ کە مرۆڤ ژیانی خۆیان لەسەر لەژێر سایەی دەوڵەت یان هەر هێزێکی ڕێکخەردا بەسەربەرن ... جا لەبەر ئەوەی هەرتاکێك کە خشت و پێکهاتەی بینای کۆمەڵگەیە ، هەریەکەی بۆ خۆی بەرژەوەندی تایبەت بەخۆی هەیە و خاوەنی کۆمەڵێك حەز و ئارەزو غەریزەیە .. وە تێرکردن و بەجێگەیاندنیان تووشی ناکۆکی و ڕوو بەڕوو بونەوەیان دەکات لەگەڵ یەکتردا ، لەبەر ناتەبا بوونیان لەگەڵ حەزو ئارەزو غەریزە و بەرژەوەندی‌یە تایبەتیەکان ، هەر لێرەوە پاراستنی دەزگای کۆمەڵایەتی کۆمەڵ و پاراستنی بەرژەوەندی ئەندامەکانی ، بوونی دەسەڵات و هێزی ڕێکخەر دەخوازێ تا زامنی پاراستنی هاوسەنگی نێوان تاك و کۆمەڵ بێت و هاوسەنگی بەرژەوەندی‌یەکانی نێوانیان بکاو ئەو گرێدراوی و پێکەوە بوونیان پتتەو و تۆکمەبێ [1] .

لە بیرو دیدی ئیسلامیشدا مرۆڤ بالاترین بونەوەری زیندوی سەر ئەم زەمینەیە بەو پێ‌یەی خاوەنی ژیری‌یە ، لەگەڵ بوونی مرۆڤیشدا لەسەر ئەم زەوی‌یە کۆمەڵێك بنەماو ڕێکخستن بۆ ژیان و پەیوەندی‌یەکانی دروست بوون ، جا دەکرێ ئەوانە هەندێکیان لە ڕێگەی سروش ( وەحی )یەوە بووبن هەر وەك‌و بۆ سەرجەم پێغەمبەران ئاراستەو پەیامو بەهای تایبەت بۆ کۆمەڵگەکان دابەزێنراون ، ئەشکرێ بیری مرۆڤیش دەست نیشانی پەیوەندی‌یە ئاسایی‌یەکانی ژیانی مرۆڤی کردبێ و لەم نێوانەشدا بە ئەندازەی دووری‌و نزیکی مرۆڤ لە پەیامی پێغەمبەران و ئەوەندەی توانیویەتی مافەکانیان دابین بکەن و یا ڕێز لە مافی یەکتر بگرن ، یان دەکرێ‌و بووە کە مرۆڤەکان شوێنی ئارەزوو و حەزەکانیان کەوتوون‌و ئەوانی تریشیان بەم شێوەیە ڕام هێناوە کە لەگەڵ حەزەکانی ئەواندا هەڵکەن بەهەر نرخێ بوبێت ، هەندێ لە توێژەرە ئیسلامی‌یەکان [2] ئاماژە بەوە دەکەن کە جۆرێك لە پەیوەندی هەیە لە نێوان دیاریدەی بەدەر کەوتنی دەوڵەت‌و دیاریدەی پێغەمبەرایەتی‌دا چونکە ئەو ماوە مێژووی‌یەی تەمەنی مرڤایەتی کە دیاریدەی دەوڵەتی بە خۆوە بینی هەر هەمان ئەو ماوەیەیە کە پێغەمبەرایەتی بە خۆوە بینیوە.

---

[1] سەیری المعتزله واصول الحکم ..د. محمد عماره بکه ل ٧ ( المؤسسة العربية للدراسات والنشر ١٩٧٧/١٠ .

[2] سەیری (علم السیاسه تجید من وجه نظر اسلامیه ی السید صدرالدین القبانچی بکه .

لەوكاتـەی پێغەمبـەران (سـەلامی خوایـان لەسـەر بێـت) بەشـداریان دەكـرد لـە ڕێـك و سـازكردنی كۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی كـە كـەوتبووە قۆنـاغی ئـاڵۆزیو نـاكۆكیو تێـك گیرانـی بەرژەوەندیـیەكانیان ئـەم كردەوەیـە كـە پێغەمبـەران ڕۆڵیـان تیـادا بینیـوە سـەرئەنجامەكەی دروست كردنو ئامادەسازییەك بووە بۆ بنیاتنانی بنـەماكانی دەوڵـەتو پـرۆژەی دەسـەڵات بەڵام بەشێوەیەكی دادگەرانەو بۆ بەرژەوەندی مرۆڤــ .

ئەمـەش لـەوەوە هـاتوە كـە پێغەمبـەران لـە بـەرایی ئەوانـەدان كـە هەسـتاون بـە چارەسـەر كردنـی ناكۆكیـیـەكانی مرۆڤایـەتی بـە شـێوازێكی دادگەرانـە و لـە ڕێگـەی مەنهـەجێكی تەواوكارییەوە بۆ ژیانی كۆمەلایەتی وسەركردایەتی كردنو ئاراستەدان و دادوەری كردنـی ناكۆكیـیـەكانی نێوانیـان كـە ئەمـەش جۆرێكـە لـە دەسـەڵات یـان دەوڵـەت بـە مانـا سـەرەتایيەكەی ، كورتـەی ئـەم بیرۆكەیـەش ئەوەیـە كـە مرۆڤـەكان لـە سـەرەتاوە لـە سـەر ژیانێكی سادەو سروشتی بوون و ناكۆكییەكانیان كەم بوون بە دەربڕینە قورئانیەكە ( كَـانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً) ( البقرة : من الآية٢١٣ ) بوون یەك ڕیز و تـەبابون بـەڵام پـاش ئـەوەی ئـاڵۆزی كەوتە ژیانیانەوە وردده وردە ناكۆكی نێوانیان پەیدا بوو بە تەعبیری قورئانی (فأختلفوا) واتـە ناكۆكی كەوتە نێوانیان وەكو لەم ئایەتەشدا ئاماژەی پیّدەكرێت (وَمَا كَانَ النَّاسُ إِلَّا أُمَّةً وَاحِـدَةً فَـاخْتَلَفُوا)(یونس: مـن الآيـة١٩) واتـە : لـەم قۆناغـەدا واتـە قۆنـاغی سـێهەم و دوای نـاكۆكی ، پێغەمبـەران نێـردراون و دیـاردەی پێغەمبـەرێتی بـەدەر كـەوتوە و ئـەم قۆناغـەش مـرۆڤ تـا ڕادەیـەكی بـاش پێگەیشـتوە واتـە قۆنـاغی ( نضـوج ) بـووە هـەر بـۆ ئـەم قۆناغانـەش ئامـاژە دەكرێت بەم ئایەتە پیرۆزە كە هەرسێ قۆناغەكەی تێدا كورت كراوەتـەوە (كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ وَأَنْزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَـا اخْتَلَفُـوا فِيـهِ وَمَـا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلَّا الَّذِينَ أُوتُوهُ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ بَغْياً بَيْنَهُمْ فَهَدَى اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا لِمَـا اخْتَلَفُـوا فِيـهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِهِ وَاللَّهُ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ) (البقرة:٢١٣) واتـە : خـەڵكی ( لەسـەرەتادا ) یەك ئومـەت بـوون خـاوەنی تـەنها بیروبـاوەڕی یەكتاناسین بـوون ( بـەڵام بـەرە بـەرە لایانـدا ) خواش وێڵی نـەكردنو پێغەمبـەرانی ڕاوانـە كـرد ، تـا مژدەدەر و ترسـێنەر بـن هـاوڕێ لەگـەڵ كتێبـی ئاسمانیـدا ، بـۆ روون كردنـەوەی حـەق و ڕاسـتی ، تـا لـەنێوان خەڵكیـدا فـەرمان ڕەوایـی و دادوەری ئـەنجام بـدات لەسـەر ئـەو شـتانەی كـە بوەتـە كێشـەیان و ڕاو بۆچوونیان لەسەری جیاوازە ، كەسیش جیاوازی و كێشـەی لەسـەر بـەرپا نـەكرد جگـە لەوانـەی كـە ئـەو كتێبانەیان پێ بەخشراوە ، دوای ئەوەی بەڵگە و نیشانەی روون و ئاشكرایان بۆ هـات ئینجا

کێشە و دووبەرکییان تێدا دروست بوو ئەمەش بە هۆی حەسادەتو ستەم کردنیانەوە ، ئەوسا خوا ڕێنمونی ئیماندارانی کرد بۆ دۆزینەوەی حەقو پەیڕەوی کردنی لە نێوان ئەو مەسەلانەی کە ئەوان کێشەیان لەسەری هەبوو خوا ڕێنمونی هەر کەسێك ئەکا کە بیەوێ و ( شایستە بێت ) بۆ ڕێگە و ڕێبازی ڕاست و دروست ..

قۆناغی یەکەم :( یەکێتیو یەك ڕیزیە – كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً ) .

قۆناغی دووەم : وناکۆکیو جیاوازیە فیما أختلفوا فیه ) .

قۆناغی سێیەم: ناردنی پێغەمبەرانە بە هۆی ئەو جیاوازیو ناکۆکیانەوە ... پاشانیش لەسەر ناردنی پێغەمبەرانیش ناکۆکی تر دروست دەبێت (*) .

بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نیە ( لە ڕوانگە ئیسلامیەکەوە ) ئەوەیە کە ئەو پێغەمبەرانە سەرچاوەی سەرەکیان وەحی خوای کاربەجێیە و ئەوە خوایە لە ڕێگەی پێغەمبەرەکانیەوە کۆمەڵێك بنەمای ڕێك خەر بۆ ژیانی مرۆۋ دادەڕێژێو هێڵە گشتیەکانمان بۆ دەست نیشان دەکاو بوارێکی فراوانی بۆ ژیری مرۆۋیش تەرخان کردوە تا تیایدا خۆی بۆخۆی کاروبارەکانی هەڵسوڕێنێو ...

لەولاشەوە بەپێی ئەو ژیریەی بە مرۆۋ بەخشراوە و ئەو ئەزمونەی مرۆۋ تێی پەڕاندوە توانیویەتی لە بواری دەسەڵات و بەڕێوەبردندا قۆناغی گرنگ ببڕێ ، ئەوەشی مرۆۋ خاوەنی هەر بیروباوەڕێك بێت پێویستی بەیاسای ڕێکخەر هەیە جا ئیتر ئەوە لە دەوڵەتو دەسەڵات دا خۆی دەبینێتەوە یان لە هەر دەزگاو ڕێکخراوێکی تر وابزانم شتێکی زۆر بەڵگە نەویستەو ئەوەی ناوێ کە هەندێ نوسەر وایبۆدەچن کە گوایە زانایانی موسڵمان لەسەر مەسەلەی ڕیشەو هۆکاری دەسەڵات قسەیان نیەو نەکردوە بەڵکو زیاتر لە بازنە ئیسلامیەکەی دەسەلاتی ئیسلامیدا قسەیان کردووە ، لە ڕاستیدا ئەوەی زانایانمان قسە لەسەر دەسەڵات بکەن لە چوار چێوە ئیسلامیەکەدا ئەوە ڕاستیەکەو نکوڵی لێ ناکرێت، بەڵام ئەوەی گوایە سەبارەت بە سەرهەڵدانی دەسەڵاتەوە قسەیەکیان نەبووە ئەوە بێئاگایو نەخوێندنەوەیە بۆ وتەی ئەو زانایانەی کە لەو بارەیەوە شتیان ووتوە ..

بەچاوخشانێك بەووتەی ئەو زانایانەدا ئەوە بەدەردەکەوێ کە زانایانمان لە گەڵ ئەو ڕاستیە بەڵگە نەویستەدان کەمرۆۋ پاش ئەوەی زەمینەی کۆمەڵگەی بۆدروست بوو،

---

(*) ئەم ئایەتانە ڕاڤەی تریش هەڵدەگرن .

بوونیدەسـﻪڵات وبنـﻪمای ڕێکخـﻪر دەبێتـﻪ زەرورەتێکـی ژیـانیو بەبێئـﻪو بنەمایانـﻪ لەنێوکۆمەڵگەدا فەوزاو ئاژاوە بـەردەوام دەبێت بۆئـەم مەبەستەش ئامـاژە بەهەندێ لەووتـەی زانایانمـان دەکـەین ،هـەروەکو ووتیشـمان ئـەمانیش لەگـەڵ ئاراستەگشـتیيەکە (لـەنێو ئەوانەشـدا فەیلەسـوفەکانی یۆنـان )دا یـەك دەگرنـەوە ، لـەو بارەیـەوە ( مـاوەردی ) دەڵـێ:- (...مرۆڤــ بـە سروشـتی پێویسـتی بەرەگـەزی خۆیـەتی ، پشـت بەسـتنیان بەیـەکتریش سیفەتێکی ئەو سروشتەيەتیو لەکرۆکیدا ئەوە دروست کراوە[1] .

دیارە (ماوردی ) لە پێش ( ابن خلدون ) ەوە ئەم ڕاستیيە دەدرکێنێ و دەیخاتـە روو [2] لە پێش ئەمیشەوە ( جاحظ )یش ئاماژە بەوە دەکا و دەڵێت ( خەڵکی بە هۆی چلێسی و حەریس بونێك کە پێکهاتەیە لە ڕەوشتیاندا ستەم لە یەکتری دەکەن لەبەر ئـەوە پێویستیان بە فەرمانڕەوایان هەیە [3] ( ابن خلدون )یش وا دەبینێ کە مرۆڤەکان بە سروشت پێویستیان بە دەسەڵاتو پاشا هەیە ، چونکە لە لایەکەوە مرۆڤ ناتوانێت بەدەر لە کۆمـەڵو بێ هاوکاری ئەو بژیو هەریەکەشیان پێویستی بەوی تریانە چونکە بە سروشت مرۆڤ ستەمو ستەم کاری لە نێوان خۆیاندا لە یەکتری دەکەنو هەندێکیان بە توانـان لەسـەر بەرگری و وەڵام دانـەوە و لێـرەوە کوشـت و کوشـتار روو دەدات و خـوێن دەڕژێ لێـرەوە مرۆڤــ بـە دەربڕینـی ( ابـن خلدون ) پێویستی بە ( وازع ) هەیە کە ئەویش بوونی فەرمانڕەوایە بەسەریاندا [4].

جـا بـۆ دەسـتەبەرکردنی مافـەکان و سـتەم نـەکردن ، لـە دیـدی زانایـانی پێشـینانماندا دەسـەڵات و فـەرمانڕەوا پێویسـتیيەکی سروشـتیانەی ژیـانی مرۆیـە . دیـارە ئیسـلامیش ڕوانگـەی خـۆی هەیـە بـۆ چـۆنیەتی ڕەنگدانـەوەی بـەهاکانی لـە دەسـەڵاتداو دەیـەویت بـە

---

[1] ادب الدنیا والدین –الماوردی /١٣٢

[2] (ماوردی) لەسەرتای کتێبی ( تسهیل النظر) وە لەبەشی (الأجتماع البشري ) دا دەڵێت – (ان الله جل اسمه بدلیغ حکمته وعدل قضائه ، جعل الناس اصنافاً مختلفین واطواراً متباینین ، لیکونوا بالأختلاف مؤتلفین ، وبالتباین متفقین ، فتعاطفوا بالإثار – تابعاً ومتبوعاً ، ویساعدوا علی التعاون آمراً ومأموراً ) سەیری (الجماعة والمجتمع والدولة ) ی رضوان السید / لا ٢٧١ بکە.

[3] رسائل الجاحظ ج١ ص٦١ نقلاً ( عن معتزلة واصول الحکم ) .

[4] مقدمة ابن خلدون لا ١٤٨ دار الفکر بەدەستکاریيەوە (ابن خلدون ) زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە دەڕوات .

شێوەیەکی تایبەتیو لە دیدو بۆچونو فیکرەی خۆیەوە ڕۆڵی خزمەتگوزارییانەی خۆی ببینێ.

هەر چۆنێك بێت گرنگە لێرەدا ئەوە بزانین هۆکاری دروست بوونی دەسەلآت لە دیدی زانایانی ئیسلامەوە پێداویستییەکی سروشتی مرۆڤە وەك تاك و کۆمەڵ .. ئیتر سەرەتا هەرچۆنێك دروست بوبێت کە دەکرێت لە دیدی ئیسلامیدا لەێوە ئاماژەی پێبکرێت نەوەکانی ئادەم زۆر بوونو پاشتر دوای بوونی کۆمەڵێك یاسای ڕێکخەر ، کە لەسروش و ئەزمونەوە سەرچاوەی گرتبوو .

بە زۆربوونی مرۆڤەکانیش گەشە بە دەوڵەت و دەسەلآت لە شێوە ساکارەکەیدا دراو پێغەمبەرانیش ڕۆڵێکی سەرەکیيان لەم نێوەندەدا بینیوە ، بە نیسبەت چوارچێوەی ئیسلامیشەوە ئەوا بوونی دەسەلآت ئیتر چ لە دامودەزگای دەوڵەتدا بێت یان هەر هێزێکی دی کە جێ بەجێکەری داواکارییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤ بێت و پیادەی شەریعەتی ئیسلامی بکات .. ئەوا بوونی دەسەلآتێکی دادگەر پێداویستییەکی هەرە گرنگی ژیانی مرۆڤەو ئەو داواکاریانەش کە ئیسلام دەیکات بە بێ بونی دەزگاو ڕێکخراو و هێز و کاریگەر جێبەجێ نابن ، لەلایەکی ترەوە هەر کەسێك بە ویژدانەوە لە ئیسلام بڕوانێت و وێڵی ڕاستییەکان بێت لە هەمان کاتدا ئاگای لە زانستە ئیسلامیەکان بێو بە ئەزمونی مێژووی ئیسلام شارەزا بێت گومانی لەوەدا نابێت کە ئیسلام بە سروشتە تایبەتەکەی کە هەیەتی سیستمێکی گشت گیری ژیانەو حەقیقەتیش لەم مەسەلەیەدا لە دیدی ئیسلامەوە ( هەروەك ( ئیقبال ) تەئئکیدی لەسەر ئەکاتەوە ) ئەوەیە .. کە ئیسلام لەلایەکەوە دینە و لە لایەکی ترەوە دەوڵەتە ..سەرجەم زانایانی کۆنمان لە سەر ئەوە کۆکن .. جگە لە زانایەکی موعتزیلە و لقێکی بچوکی خەوارج نەبێت ( کە دواتر هەندێك لەسەری دەدوێین ) ئەمانیش وایان داناوە کە بوونی ئیمام یان دەوڵەتی ئیسلامی ئەرکێك ( واجب )ێکی ئاینی نیيە ، بەڵکو بەرژەوەندییەکی شەرعیيە بە پێی پێویست پەنای بۆ دەبرێت جا ئەگەر گونجا دادوەری ئەنجام بدرێت ، بەبێ بوونی پێشەواو خەلیفەی موسڵمانان ئەوا پێویستییەکەی ئەڕەوێتەوەو دەکرێت داخوازی بونی ئیمامو خەلیفە نەکرێ [1] .

---

(1) سەیری (الحريات العامة في الدولة الاسلامية)ل٨٩ راشد الغنوشی ط مرکز دراسات الوحدة العربية بيروت ١٩٩٣ بکە

کەواتە دەسەڵات پێداویستییەکی ژیانی کۆمەڵایەتییە لەبەر ئەوەی مرۆڤ پێویستی بە سیستەمەو خوازیاری ئاشتیو ئاسایشو ئارامییە لە کۆمەڵگەدا .. ئەمە جگە لەوەی هاوکاری دیاریکردنی ماف و ئەرکە کۆمەڵایەتییە کانە و کێشمە کێش و موونافەسەی تاك و کۆمەڵاکان لە سنورێکدا ڕادەگرێ ..

هەربۆیە بوونی ویلایەتو سەرپەرشتیار لە دیدی زانایانی ئیسلامدا گرنگییەکی زۆری هەیە زانایانشمان بەو پێیەی ئیسلامیان بە چوارچێوە و ئاراستەکەری دەسەڵاتی کۆمەڵگەکەیان زانیوە و لەو سنورەداباسیان لێی کردوە . هەروەك دەبینین زانایەکی وەك ( ابن تیمیه ) لە ژێر ناونیشانی :- ( وجوب اتخاذ الأمارة ) دا لە کتێبی ( السیاسة الشرعیة ) ل ١٦١ چ ١٩٩٠( مكتبة المعارف - بغداد )دا دەڵێ : ( پێویستە بزانرێ سەرپەرشتی کاروباری خەڵکی لە گەورەترین ئەرکەکانیئاینە بەڵکو ئاین پایەدارنابێ بەوەنەبێ ،چونکە لەراستیدا بەرژەوەندی مرۆڤ بەدی نایەت بەکۆبوونەوەیان نەبێ لەگەڵ یەکتردا بەهۆی پێویستی هەندێکیان بەهەندێکیتریان ، لەگەڵ هەرکۆبونەوەیەکیشدا دەبێ سەرکردەهەبێ، تەنانەت پێغەمبەری خوا (ص) فەرموویەتی :-(ئەگەر سێ کەس بۆسەفەرێك دەچوون ، با یەکێکیان فەرماندەیان بێ ) ئەم فەرمودەیە ئەبوداود گێڕاویەتییەوە ، فەرمودەکەش لە ئەبوسەعیدو ئەبوهورەیرەوە هاتووە ، هەروەها دەڵێ دواتریش دێینە سەر باسی گرنگی فەرماندە بۆ هەر کۆڕو کۆمەڵێك تا بتوانرێت ئەرکەکانی تری جێبەجێ کرێ هەرلە جیهادو بەرپاکرنی دادگەرییەوە تاسەرخستنی ستەم لێکراو ..هتد ، تەنانەت لەدیدی ( ابن تیمیه )دا بوونی فەرماندە بۆ کاروباری موسڵمانان ئەرکێکی ئاینییەوە مرۆڤ پێی لەخوا نزیك دەبێتەوە .. ئەوەشی ئەم بارە تێك دەدا حەزکردنە لە(الریاسة)و ماڵ کۆکردنەوەیە بەهۆی ئەو دەسەڵاتەوە هەر کەسێکیش لە دەسەڵاتو فەرماندەییدا ئەوە مەبەستی بێت ئەوە پێشینە وە سەرکردەی ئەو بریتییە لە فیرعەونو قارون [1].

لەلایەکی ترەوە هەر لە سەرەتاوە ئەوە دەردەکەوێ سەرجەم هاوەڵان کۆك بوون لە سەرئەوەی کە نابێ موسڵمانان بێ پێشەوا بژین ، هەر بۆیە یەکەم هانگاوێ کە پێی هەستان

---

[1] السیاسة الشرعیة ل ١٦٢-١٦٣

له دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (ﷺ) دانانی پێشەواو خەلیفەی موسڵمانان بوو ئەمەش هەر وەكو (شەهرستانی) دەڵێ : ((بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە لە سەر واجب بوونی ئیمامەت))[٢] .

ابن خلدون دەڵێ : (( دانانی پێشەوا ئەرك (واجب)ە، واجب بوونیشی لە ڕێگەی شەرعەوە بە کۆڕا (اجماع) ی هاوەڵان تابعین دەزانرێت ، چونکە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)لە کاتی کۆچی دوای ئەودا دەستپێشخەریان کرد لە بەیعەت دا بە ابو بکر (خوای لێ ڕازی بێت ) وە سپاردنی کاروبارەکانیان بە ئەو بە هەمان شێوە لە چاخەکانی دواتریشدا لە هیچ چاخێکیش دا خەڵکی بەبێ سەروبەری وازی لێنەهێنراوە ، ئەمش بە کۆڕا (اجماع) دادەنرێ لەسەر پێویستی دانانی ئیمام . [١]

ئەوەشمان لە بیر نەچێ دانانی ئیمامو سەرۆکی دەسەڵات بەبێ دانانی دەسەڵاتو پایەکانی تری دەوڵەت دەستەبەر نابێ .. واتە باس کردن لە دانانی پێشەواو خەلیفە ڕاستەو خۆ بوونی دەسەڵات دەخوازێ ، چونکە دەسەڵات بەبێ دەسەڵات داران حەقیقەتێکی نییە لێرەوە دەردەکەوێ بوونی دەسەڵات و بنەمای ڕێخەرەکانی کۆمەڵگا لای زانایانمان شتێکی پێویستە و بە دیدی ئیسلامیانە کە ( ئیمام ) یان ( خەلیفە ) لە لوتکەی هەرەمەکەیدایە و واجبێکی ترە و دەبێت بە ئەنجام بگا دیارە وتەکانی ئەوانیش لەم بارەیەوە مەرج نییە کورت بکرێنەوە لە کەسی سەرۆکدا کە بە زاراوەی ئەوان ( امام ) یان ( خلیفه ) یان ( امیر ) ، بەڵکو دەکرێ دەزگای بەڕێوەبردنی دەسەڵاتیش بگرێتەوە کە ئەمڕۆ شێوازێکی (دەزگایی ــ مؤسسي ) هەیە ڕۆڵی سەرۆکیش بەندو (ظوبط)ی بۆ دانراوە.. لەبەر گرنگی ئەم بابەتەو پەیوەستی بە بابەتی دەسەڵاتەوە پێمان باشە ئاماژە بەڕای هەندی لە زانایان بدەین لەم بارەیەوە .

پاشان دەچینە سەر ئەو دەقە ئیسلامیانەی کە بونی دەسەڵات بە پێویست دادەنێ ، دیارە پێویست بوونی دەسەڵات یا ( امام ) و ( خەلیفە ) لە دیدی زانایاندا (هەروەکو نەسەفی و ماوەردی )و چەندان زانایانی تر دەفەرموون ، لەوەوە هاتوە کە هەندێ لە ئەرکە شەرعیەکان دەکەوێتە سەر دەسەڵات ئەنجامیان بدا وێنەی (جهاد) کردن (قضاء)و کاروبارە گشتییەکانی خەڵکی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی و چەندانیتر ، کە زانایان

---

[٢] سەیری (الاسلام) سعید حوی بکه ل٣٦٢.

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل٣٦٢

ئامـاژەی پـێ دەکـەن ، بـابزانین لـەم بارەیـەوە زانایـان چـی دەفـەرموون لـەم ڕووەوە پێشـەوا جورجـانی دفـەرموێت : ( دانـانی پێشـەوا لەبەرژەوەنـدیترین شـتی موسـڵمانان و گـەورەترین مەبەستەکانی ئاینە )) [٢] .

ماوەردیو شافعی و ئەبویەعلای حەنبەلی و زانایانی تریش تەئکیدیان لەسەر هەمان ڕاو بۆچوون کردوەتـەوە [٣] لـەم ڕایەشـدا سـەرجەم دەسـتە و تاقمـەکانی ئیسـلام و موسـڵمانان کـۆکن لەسـەر ئـەوەی کـە پێویسـتە دەسـەڵاتێکی فـەرمانڕەوایی دادگـەر بـەرپا بکرێـت لـە کۆمـەڵگادا ، بـەلام ژمارەیـەك لـە مێـژوو نوسـی پسـپۆڕ لـە بـوراری دەسـتەو تاقمـە ئیسلامییەکاندا ئاماژە دەکەن بۆ بوونی جیاوازییەك سەبارەت بەم باسە [١]، هەربۆ نمونە لەم بارەیەوە (اشعری) سەبارەت بە فیرقەکانی ئیسلام دەڵێت (جیاوازی هەیە سەبارەت بە واجبی ئیمامەت) :

١. سەرجەم خەڵکی جگە لە ( أصم ) وتویانە دەبێت هەر ئیمام هەبێت .
٢. (ئەصەم) وتویەتی ئەگەر خەڵکی واز بهێنن لە ستەمکاری پێویستیان بە ئیمامەتەوە نییە .[٢]

هەروەك ئبنو حەزم دەڵێت ( سەرجەم ئەهلی سونە و مورجیئـە و شیعە و خـەوارج کـۆکن لەسەر واجبی ئیمامەت ، وە ئومەت واجبە لەسەری کە مل کەچی ئیمامێکی دادگەری وابێ کە ئەحکامەکانی خوایان لە نێواندا جێبەجێ بکاو ئەحکامەکانی شەریعەت بەڕێوە ببات – جگە لە ( نجدات )ی خوارج ، چونکە ئەوان ووتویانە خەڵکی پابەندی فەرز بونی ئیمام نین ، بەڵکو لەسەریانە مافەکان لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ بکەن .[٣]

هـەروەها (فـەخری ڕازی ) سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی دەسـتەو تاقمـەجیاوازەکان لـە بـارەی ئیمامەتەوە دەفەرموێت : ( هەیانە وتویانە واجبەو هەیشیانە نەیان ووتوە .. ئەوانەی نەیان ووتوە واجبە خەوارج و ئەصەمە) لەوانە وردو تەواوتر ئەوەیە کە دەربڕینەکە بەم شێوەیە بێ :–(( نەجدیەکانـە لـە خـەوارج )) واتـە نـەك هـەموو ( خـەوارج ) ئایـا لـە ڕاسـتیدا هـیچ

---

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو.
[٣] سەیری (الأحكام السلطانية)ی (ماوردی و أبو يعلى ) بکە .
[١] سەیری (المعتزلة واصول الحكم )بکە محمد عماره ل ٩ – ١٧ .
[٢] مقالات الاسلاميين ب٢ ل ١٤٩ .
[٣] الفصل في الملل والاهواء والغل ب٤لا ٨٧ .

جیاوازی‌یەك لە بە (واجب) دانانی ئیمامەتادا دەبینریْ هەروەك دەقەکانی ئەشعرەی‌و ئیبن حەزم‌و فەرخری ڕازی .. ئاماژەی پیْ دەکەن ؟؟ لەڕاستی‌دا هیچ جیاوازی‌یەکی جەوهەری لە نێوان دەستە و تاقمەکان لەسەر ئەم بابەتە لە ئارادا نی‌یە .. بەڵکو ئەو جیاوازی‌یەی کە لە نێوان نەجدی‌یەکان‌و ئەصەم دا هەیە ( هیشامي فوطي معتزلة )ی لەگەڵدایە ..

لەلایەکەوە و دەستە و تاقمەکانی تر لە لایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێو شوێن‌و شێوازەی بوونی ( إمام ) واجب دەکات لە کاتێکدا زۆرینە یا سەرجەم ( جگە لە نەجدی‌یەکان و ئەصەم‌و فوطي ) ئەڵێن ئیمامەت لە ڕێگەی شەرعەوە واجب دەبێت .. ئەم واجب بوونە شەرعیەش وادەکات دانانی ئیمام لە هەموو کات‌و سەردەمێکدا و لە گشت حاڵەتێکدا واجب دەبێت ، نەجدی‌یەکان و ئەصەم و فوطي ئەمە بە دوور دەگرن کە شەرع ڕێگەی واجب بوونی ئیمام بێت ، لەبەر چەند هۆیەك چونکە لای ئەوانە دەق و کۆڕا ( إجماع ) لەسەر ئەو بابەتە نی‌یە هەروەك هیچ کۆڕایەکیش نی‌یە پشت ئەستور بێت بە دەق ..

لەگەڵ ئەمەشدا هەریەکە لە (نەجدی ئەصەم و فوطي ) یش هیچیان لەوکەسانە نین بەرهەڵستی واجبی ئیمامەت بکەن ، بەمانای بەرپاکردنی دەسەڵاتێکی فەرمانڕەوا لە کۆمەڵگەدا ، بەڵکو ئەم زانایانە ئەم باس‌و خواسە لە بازنە و چێوەی شەرع‌و دین دەگوێزنەوە بۆ بازنەو چێوەی (بەرژەوەندی مەدەنی) کۆمەڵگا ، هەرکاتێکیش ئەم دەسەڵاتە پێویست بێت بۆ بەرپاکردنی دادگەری ، دادگەریش واجبە ئەوا ئیمامەتش دەبێتە کاروبارێك کە جیْی ناکۆکی نی‌یە، چونکە ئەم واجب بوونە لە واجبی بەردەوامی بەرپاکردنی دادگەری نێوان خەڵکی‌یەوە وەردگیریْ ، بەڵام ئەگەر دادگەری نێوان خەڵکی چەسپا ستەمکاری‌و هۆکارو سیمای سەرهەڵدانی ستەمکاری لە کۆمەڵگادا ڕەوایەوە ئەوا دادگەری ( واجب ) جیْبەجیْ بووە ، ئەمەش وەك ئەوە وایە ئیمامەت بەدی هاتبێت هەر بۆیە بیانوو پاساوی بەرپاکردنی دەسەڵاتێکی فەرمانڕەوا لە ئارادا نی‌یە پاش ئەوەی پاڵنەری بەرپاکردنی لەو کۆمەڵگەیەدا نەماوە . ئیمامی شەهرستانی ئەم ڕاستی‌یەی سەرەوەمان بۆ روون دەکاتەوە لە ( نهاية الأقدام في علم الكلام )ل ١٨١-١٨٤ هەروەك (محمد عمارە)لە کتێبەکەیدا لێوەی وەرگرتووە .

ئەم ووتانەش کە وترا ئەوەی پەیوەستە بە ( ئەصەم و فوطي ) یەوە پەیوەستن بە ڕووداوێکی مێژووی‌یەوە و هەریەکە لە (ابو بکری ئەصەم و هیشام )ی کوڕی عەمری فوطي هاوچەرخ و سەردەمی یەك بوون ، یەکەمیان لە نیوەی سەدەی سیْهەمی کۆچیدا کۆچی دوای کردوە دووهەمیشیان لە ساڵی ٢٠٨ ك کۆچی دوای کردوە .

به دیاری کراویش شۆڕشەکەش لە (٢٠١ك ) روویدا ، کە تیایداعامەیخەڵکی دەسەلآت و دەزگای دەوڵەتی عەباسییان لەکارخستو بێنیازی خۆیان لە خەلیفەو حکومەتو والیو سوپاکەی دەربڕی و کاروباری خەڵکیش لەلایەن دەسەلآتێکی جەماوەرییەوە بەڕێوە چوو ، کە لەسەردەمی خۆیدا نمونەیەکی سەیرو پێشکەوتوو بوو ، ماوەیەکیش گوزەری کردوە دەنگ دانەوەیەکی گەورەشی هەبوو ، کەپێدەچێ کاریگەری بووبێ لەسەر (ئەصەمو فوطي) لێرەوە ئەم زیاد کردنەیان لەسەر فیکری سیاسی ئیسلامی بوو بێ ؟! ئەم روداوەش لە بغداد رووی داوەو( طبراني )ش لە ( تاريخ الطبري) ب ٨ ل ٥٥١ ، ٥٥٣ . ٥٦٢-٥٦٤ .٥٧١-٥٧٣ – ( أحداث -٢٠١-٢٠٣ ك ) طبعة المعارف دا ، لە ژێر ناونیشانی (ذكر خروج المطوعة للنكير على الفساق) دا هێناویێتی . دیارە هەریەکە لە ئەصەم و فوطي و خەوارجیش تەواو یەك دەنگ نین لە وردەکاری بیروبۆچونەکەیاندا .

سەبارەت بە ڕای ئەوانەشی ئیمامەت بە پێویست دەزانن ماوردی دەڵێ :-

(( ئیمامەت دانراوە بۆ جێگرتنەوەی پێغەمبەرێتی لە پاراستنی ئاینو سیاسەت کردنی دنیا ، پەیمان دانیش بەو کەسەی کە پێی هەڵدەسێ ، بە ئیجماع واجبە جگە لە ڕیز پەڕی ئەصەم نەبێ ، لە رووی واجب بوونەوە جیاوازی هەیە لەوەی کە ئایا ئەم واجب بوونە لە ڕێی عەقڵەوە یا شەرعەوە سەلماوە ؟

کۆمەڵێك دەڵێت بە عەقل واجبە چونکە سروشتی عەقل وادەخوازێ کە سەرۆکێك هەبێت و خەڵکی مل کەچی بێت تا ستەم لێکردن نەهێڵێت ، چارەسەری ناکۆکیو ناتەباییەکانیان بکات ، ئەگەر دەسەلآت دارەکان نەبن لە ئاژاوەدا دەژیان و لێشێواو و سەرگەردان دەبوون .

کۆمەڵێکی تر دەڵێن بەشەرع واجب بووە نەك عەقڵ چونکە ئیمام بە چەند کارێکی شەرعی هەڵدەستێت بەپێی عەقل گونجاو بوو بەپەرستن دانەنرێ ، وە عەقل واجبیان نەکات، بەڵكو عەقل ئەوە واجب دەکات کە هەریەکە لە ژێرەکان خۆیان لە ستەمو زۆرداری بەربەستی بکەن ...

بەلآم شەرع ئەم ئەرکەی لە رووی دینەوە سپاردوە بەسەرکردە و سەرپەرشتیار هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت : (( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ )) ( النساء : من الآية ٥٩ ) .

ئەوانەشی کە دەڵێن ئیمامەت واجبە بەربەدەوامی و لە هەموو سەردەمێکدا بریتین لە تێکڕای ئەهلی سوننە و شیعەو موعتەزیلە ( جگە لەوانەی باسمان کرد )و مورجیئەو

خواریج ( جگە لە نەجدییەکن نەبێ ) شیعە و هەندێ موعتەزیلە دەڵێن ڕێگەی واجب بوونی بریتییە لە عەقڵ بەڵام هەریەکەیان بە تێگەیەشتنی تایبەتی خۆی کە تەواو جیایە لەوی دی ، هەربۆ نمونە شیعە دەڵێت ، خوا دەبێت ئیمام بۆ مرۆڤ دەستنیشان بکات نەك خەڵکی خۆیان کەچی ئەو موعتەزیلانەی ئیمامەت بە واجب دەزانن دەڵێن واجبە خەڵکی دەستنیشانی ئیمام بکات نەك خوای گەورە ، چونکە مەسەلەی ئیمام بەلای ئەوانەوە بۆ بەرژەوەندی دونیای خەڵکییە [1] ئەمە جگە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی تری ئیمامەت .

دیارە ئەهلی سوننەو هەندێ معتزلە دەڵێن ڕێگەی واجب بوونی شەرعە واتە: بەڕێگەی بەڵگەی بیسراوی شەرعی ئەم مەسەلەیە سەلماوە لەم ڕایەشدا پشت ئەستورن بەوەی زۆربەی سنورە شەرعیەکان و هەندێ ئەحکامی تر پێویستی بە ئیمامە بۆ جێبەجێکردنیان ، ئەمە جگە لە هەڵوێستی هاوەڵان لە زوو دانانی خەلیفەو ئیمام بۆ خۆیان لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەم ڕێگەیە ئەوەش ڕەت ناکاتەوە کە لە ڕووی عەقڵیەوە مەسەلەی دەسەڵات و ئیمام شتێکی گرنگو پێویستە بەڵام واجب بوونەکەی لە ڕێگەی شەرعەوەیە .

بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ئەهلی سوننە بە موعتەزیلەشەوە ئیمامەت بە ئەسڵێکی ئیعتقادی ئاین دانانێن ، بەڵکو بەمەسەلەیەکی فیقهی دادەنێن بە پێچەوانەی شیعەوە کە ئەم باسی ئیمامەتە لە (أصول الدین)دا جێدەکەنەوە و دەیکەن بە بەشێك لە پایەکانی ئیمام ، بەڵام خۆڕوونە ئەوەشی کە ئیمامەت لە ( أصول الدین )دا نىیە مانای واجب نەبونی نىیە ، بەڵکو ئەرکەکانی ئیمانو ئیسلام بە مانا تایبەتو باوەکەی زیاتر ئاراستەیەکە بۆ تاك بەڵام بەرپاکردنی دەوڵەتو دەسەڵاتێکی ئیسلامیانە ڕوو لەسەرجەم موسڵمانانەو ئەرکێکی کۆمەڵ خوازانایە .

خاڵێکی گرنگ کە باشە لێرەدا سەرنجی بۆ ڕابکێشین ، بریتییە لەوەی کاتێك کە دەوترێ موعتەزیلە لە ڕووی عەقلیەوە ئیمامەت (دەسەڵات) بە واجب دەزانن مانای وا نىیە دەسەڵات لە ڕووی دروست بونو ئەرکەکانیيەوە بە دورە لە بیرو بۆچوونو جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئیسلامو دەسەڵات شتێکی دونیاییە ، بەمانا هەنوکەییەکەی ، نەخێر چونکە موعتەزیلە وا دەڕواننە عەقل کە سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی ئەحکامی شەرعیو بگرە لە لای ئەوان ( کە ئەهلی سونە پێچەوانەیانن لەمەدا ) دەلیلی عەقلی یەکەم دەلیلەو حوکمی

---

[1] المعتزلة وأصول الحکم لا ١٧-١٨

شـەرعی لێ وەردەگـرن کەواتـە ئەگـەر لـە رووی عەقلیـەوە شـتێ کـە بـە واجـب زانـرا ئـەوا وەك سـەلماندنی ئـەو شتەیە بەهـەر بەڵگـەیـەکی تـری شـەرعی مـرۆڤیش موکەلەفە پێیەهەسـتێ و جێبەجێی بکا ، ئەمە لە لایەك و لەلایەکی ترەوە موعتەزیلە لەگەڵ سـەرجەم ئومەتدا ڕێکن لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئەحکامەکانی شـەریعەت جێبـەجێکرێ لەوانـەش ئـەو ئەرکانـەی کـە پێویستە ئیمام پێی هەستێ وەك مەسەلەی جیهاد و سنورە شەرعیەکان و هتد..

تەنانـەت ئەوانەشـی کـە لـە هەنـدی حاڵـەت دا ئیمامـەت بـە واجـب نـازانن پیـادەکردنی شـەریعەت لـەلایان واجبێکـی شـەرعیو فـەرزێکی ئاینیـیە ، بەپێچـەوانەی ئـەوەی دەوتـرێ موعتەزیلە بخرێتە بەرەیەكو پێشینەیەکی مێـژوویی کە سودی لێ وەربگیرێ بۆ بە عیلمانی کردنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی .

هەربۆیە دەتوانرێ بوترێ سەرجەم زانایانی ئومـەتی ئیسلام جگـە لـە ڕێژەیـەکی یـەکجار کەم نـەبێت دانـانی سـەرکردەو دەسـەڵاتداری ئیسـلامی بـە واجـبو فـەرزێکی ئـاینی دەزانـن و زۆرێك لەو ئەحکامانەی ئیسلامیش کە ڕووکارێکی گشتیان هەیە بەبێ دەسـەلات ( ئیتر هـەر شێوازێکی هەبێت ) نایەتەدی کەواتە پێویستە دەسەڵاتێکی پیادەکاری ئیسـلامی بێتـە دی . .. (دواتر لەسەر بنەماو پایەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی دەدوێین ) .

خاڵێتریش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە زانایانی موسڵمان بوونی دەسەڵاتێکی ئیسـلامیان بـە پێویسـت زانیـوە و بـە سـەرنجدانی شـەریعەتی ئیسـلامی ئـەوە بـەدەر دەکـەوێت ، کـە شـەریعەتی ئیسـلام و ناوەڕۆکەکـەی سـەرجەم لایەنـە ئـابوری و کۆمەڵایـەتی و ئاکـاری و سیاسیـیەکانی ژیان دەگرێتەوە .. هەروەك لە شەریعەتدا چەندان فـەرمانی گشـتی هاووێنـەی فەرمانـدان بـە دادگـەریو ڕاوێـژو یەکسـانی و بـە دەنگـەوە هـاتنی هـەژارانو نـەداران و دابەشکردنی ماڵو سامان بەسـەریانداو کۆنەکردنـەوەی لـەلای هەنـدێ کـەس و چـەندان ڕێ و شوێنی تر کە دەزگا و دەسەڵات دەخوازن و دەچنە ژێر بنەمای ( ما لا یتم الواجب الا بـه فهـو واجب ) .

لێرەشەوە پێویستی بوونی ئیمام و پێشەوای ئومەت ( کـە ئێمـە وادەزنین ئـەمڕۆ هەنوکـە لە بونی دەسەڵاتێکی فرە دەزگادا بەرجەستە دەبێ کە شەخسـی سـەرکردە بەشێکە لێیـی و زۆرجـار ڕواڵـەتێکی جەماعیـیانـەی دەبێـت ) دەبێتـە ئـەرکێکی واقیعـی و شـەرعیو عـەقڵیو لەسەر موسڵمانان ، دیارە بـەزیادکردنی ئـەو پێویستیانەی کـە گۆڕانکاریـیەکانی هاوچـەرخ دەیخوازن ، ئەمە جگـە لـەوەی ئیسـلام وەكو ئـەوەی هەیـە بـە دەق سـەلماوە نـاکرێ لـە ژیـانو

گـوزەرانی خـەڵك دابڕنـرێ مەگـەر کاتێـك لـە نـاوەڕۆکی ڕاسـتەقینەی خـۆی خـاڵی بکرێتـەوە لێـرەدا واباشـە گوزەرێـك بکـەین بـە نێـو هەنـدێك لـەو دەقانـەی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ پێداویستی دەسەلاتی ئیسلام دەیخوازێ ..

## ((بونی دەسەڵات دەقەكانی ئیسلام دەیخوازێ ))

دەسەڵات زەرورەتێكی ژیانی كۆمەڵایەتی مر ۆڤەكانە ، بەچاو خشانێكیش بە دەقەكانی ئیسلامدا ئەو ڕاستیيە بەدەر دەكەوێت كە پێویستە دەسەڵاتێك هەبێت دادگەری بەرپاكاو لە هەوڵی پیادەكردنی ئەركەكانی شەریعەت و بەرژەوەندی خەڵكیدا بێت كە ئیسلام جەخت لەسەر پیادەكردنی دەكات – گرنگ ئەوەیە موسڵمانان بزا نن ئەوچەمك و بەهایانەڕەنگ پێبدەنەوە لەنێو كۆمەڵگەدا ، دیارەبۆئەم مەبەستەش هە رەمی دەسەڵات بەوشێوەیەی سازو وشیاوبێ بەهەر سەردەمێ ، دەبێتە ئامرازی سەرەكی بەرێوە بردنی ئەو ئەركانە... دەشكرێ زۆرێك لەو چەمكانەی ئیسلام كە ئاوێتەیە بەژیانی كۆمەڵگە لەرێگەیچەندان ڕێكخراوو كۆمەڵی مەدەنی و پیشەییو جەماوەرییەوە بەئەنجام بگا ، بەڵام ئەمیش مانای نەفیكردنی دەسەڵات نابێ چونكە لەلایەكەوە ئەو كۆمەڵو ڕێكخراوانە بۆخۆیان جۆررێكن لە دەسەڵات ، لەلایەكی ترەوە تاوەكو ئێستاش لەسەرجەم جیهاندا لە ژێر چەتری دەسەڵاتی دەوڵەتدا كارەكانیان ڕادەپەڕێنن ، با كۆمەڵێ پەستانیش بن لەسەر دەوڵەت .

باس كردن لە دەسەڵاتو دەوڵەت لە ئیسلامدا شتێكی تازەوداهێنراوی ئیسلامیيەكانی هاوچەرخو ئێستە نیيە تا بوترێ ئەمەش داهێنراوێكی سیاسیانەی ئیسلامی سیاسیيە ، یاخود هەوڵێكە بۆ بەكارهێنانی دین لە مەرامە سیاسیيەكاندا.

نەخێر بوونی دەسەڵات و پێكهاتەكانی بۆ بەرێوەبردنی ژیانی كۆمەڵ یەكێكە لە داواكارییەكانی دەقە ئیسلامیيەكان بە كیتاب سەننەتی سەحیحەوە و مێژووی هەزار ساڵەی ئیسلام و واقیعی ژیانی موسڵمانان و سروشتی ئیسلام وەكو دینێك ئەم ڕاستیيە دەسەلمێنێت دیارە ئەمەش لە تایبەتمەندییەكانی ئیسلامەوە سەرچاوە دەگرێ كە هەندێ كەس پێی ئاشنا نین و ناتوانن لێی تێبگەن چ لەبەر ئەوەی لەسەرەتاوە ئیسلامیان پێ ڕەفزە ، كاتێكیش باسی ئیسلامو دەسەڵات دەكەن تەنها لە دەروازەی جەدەلەوە قسەی لەسەر دەكەن ، یاخود لەوانەن كە بەبینشو ڕوانگەیەتی مەسیحیانە بۆ ئیسلامیش دەڕوانن بەهەمان پێوەر هەڵی دەسەنگێنن ، لێرەوە پێیان هەرس ناكرێ ئاین ڕیشەی بە ناخی كۆمەڵدا بڕواتە خوارەوە قسەو وتەی هەبێت لە دەسەڵاتو دەوڵەتو دونیاو سیاسەتدا .

جـا يا چـاوێك بــە هەنـدێ دەقــى ئیسـلام لـەوبارەوە بخشـێنین و کـەمێك لێیـان ڕامێـنین ، قسەکردنیش لە ئەزمونی مێژووی موسڵمانیش دوا دەخەین بۆ دواتر و پاشتر لەسەر ئەوەش دەدوێین .

خوای گـەورە لـە سورەتی ( نسا ﴾ ئایـەتی ( ٥٨ و ٥٩ )دا دەفـەرمێ ( إنَّ اللَّـهَ يَـأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللَّـهَ كَـانَ سَمِيعاً بَصِيراً يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِـنْكُمْ فَـإِنْ تَنَـازَعْتُمْ فِـي شَـيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً ) ( النساء : ٥٨ – ٥٩ ) واتە : ( بێگومان خوا فەرمانتان پـێدەدا کە هەموو سپاردەکان بگەڕێننـەوە وەدەست خاوەنـەکانیان و هـەرکاتێکیش دادوەریتـان کـرد لـەنێوان خەڵکیـدا ، دادپەروەرانـە فـەرمان ڕەوایـی بکـەن ، چـونکە بەڕاسـتی خوایگـەورە بـە جوانیـو چاکیو تـەواوی ئامۆژگاریتـان پێدەدات ، بەڕاستی خوا هەمیشە و بەردەوام بیسەرو بینایە .

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە فەرمانبەردارو گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرو فەرمانڕەواکان بکـەن کە لـە خـودی خۆتـانن ( لـەبیروباوەڕو پابەندیـدا ) ، خـۆ ئەگـەر لـە شـتێکدا بـوو بـە کێشەتان دەربارەی حوکمی خوایی ئەوە ئەو کێشەیە بگێڕنـەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی ( ﷺ ) ( کە قورئـان و سـونەت دەگەیـەنێت ) ئەگـەر ئێـوە باوەڕتـان بە خـواو بە ڕۆژی دوای هەیــە ، (ڕەفتارکردنتــان) بــەو شـێوەیە چـاکترین جـوانترین سەرچـاوەیە بـۆ چارەســەری کێشەکانتان .

سەبارەت بەم دوو ئایەتە (ابن تیمیە) لەسەرتای کتێبی (السیاسە الشرعیە) دا دەڵێت:– ئەم نامەو پەیامە ( مەبەستی کتێبەکەیەتی ) لەسـەر ئایـەتی فەرمانڕەوا یـان (الأمرا ﴾ بنیات نراوە پاشان دەڵێت : زانایان فەرمویانە ئایەتی یەکەم بۆ فەرمانڕەوایانـەو ئایـەتی دووەمیش بۆ فەرمان بەسـەردا کراوانـە لـە سوپادابن یان لـە دەرەوەی ، لـە کۆتایشـدا دەڵـێ : جا ئەگـەر ئایەتەکـە بـە ئـەرکی دانـا بێـت سـپاردەکان بـۆ خاوەنیـان بگەڕێنرێتـەوە فـەرمانڕەوایی بـە دادگـەری بکرێـت : ئـەوا ئـەم دوانـە کۆکـەرەوەی سیاسـەتێکی دادگەرانـە و ویلایــەتێکی چاکسازانەیە هـەروەك دەڵـێ :ـــ (( وإذا كانـت الآيـة قد أوجبـت أداء الأمانـات الى اهلـها ، والحكم بالعدل فهذان جماع السياسة العادلة والولاية الصالحة))[1]

---

[1] السیاسە الشرعیە لا٥.

دەکرێ بڵێین ئایەتەکە فەرمان بەسەرکردەو فەرمانڕەوایان دەکات کە ئاگایان لە سپاردەکانی خەڵکی بێت ، ستەمیان لێ نەکەن و لێیان زەوت نەکەن خۆ ئەگەر داوەریان کرد ئەوا دادگەرانە لەگەڵیان بجوڵێنەوە * باشە لێرەدا دەپرسین ئایا نابێت کەسانێك هەبن ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن ؟ ئەوا ئەبێ کێ بێت ئەم ئەرکانە بەئەنجام بگەیەنێت ؟ خۆ فریشتە نین هەر دەبێت کۆمەڵێك مرۆڤ بن دەزگاو یکهاتەیەکی لەبار بۆ ئەم مەبەستە پێك بهێنن ، تا بتوانن بەو ئەرکە هەستن لە بەرامبەریشدا داوای لە باوەڕداران کردوە کە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرو فەرمانڕەوایانی خۆیان بکەن ئەوانەی ئامادەی مل کەچی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەرکەی ئەون و داواشی کردوە لە کاتی جیاوازیو ناکۆکیدا بگەڕێنەوە بۆ مەرجەعیەتی سەرەکی کە خواو پێغەمبەرەکەیەتی ، لێرەشدا خوای گەورە باسی ئەوە دەکات کە کۆمەڵێك خەڵك هەیە ئەم کۆمەڵە خەڵکە کە لێرەدا ( باوەڕدارانن ) پێویستی کردوە لە سەریان گوێڕایەڵی دەربڕن ، چونکە لەبەرامبەردا فەرمان ڕەوایان دادگەری ئەنجام ئەدەن ، سپاردەکان دەدەن بە خاوەنەکانیان ئەمەشی کردوە بە پێوەری باوەڕەکەیان ( إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ) ( النور : من الآية ٢ ) وە بەباشترین بۆ لابردنەوەی داناوە کە گەڕانەوەیە بۆ لای قورئان و سوننە و کەسانی پسپۆڕی بواری بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی ( ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً ) ( النساء : من الآية ٥٩ ) مەگەر لەکاتێکدا فەرمانڕەوایان فەرمان بە خراپەو گوناهکاری بکەن کە لە ئاوەها بارێکدا ( لا طاعة للمخلوق في معصية الخالق ) دێتە ئاراوەو دەکرێ لە ژێر سایەی (( وَ لا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ ) ( المائدة : من الآية ٢ ))دا جێی ببێتەوە نەك ( وَ تَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَ التَّقْوَى ) ( المائدة : من الآية ٢ ) دا .

وتووێژی ئێمە لێرەدا لەگەڵ ئەوانەیە کە هێشتا باوەڕدارن بە قورئان و ئیسلامو بە ئاینێکی ئاسمانی دەزانن . نەك وەك هەر دەرهاویشتەیەکی مێژووی کردی زەمەنی بۆی دەڕوانن ، چونکە بۆ ئەو جۆرە کەسانە پێویستی بە میتۆدێکی تر هەیە تا لەگەڵیان بدوێن و لە ئەبجەدیاتی ئیمان و ئیسلامو مەسەلەی وەحیو غەیب لەگەڵیان گفتوگۆ بکەین ، نەك لە دەرەنجامێکی بدوێین .. هەروەها قسەشمان لەگەڵ ئەوکەسانە نیيە کە ئیسلامو ئاینەکانی تر لێك جیا ناکەنەوە ، یان ئیسلام بە ئاینێکی سەردەمێکی دیاریکراودادەنێن . خوای گەورە لە پەیامی سەرجەم پێغەمبەراندا دەفەرموێت : ( بِالْقِسْطِ وَ أَنْزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَ

* داوەری کردن لەڕێگەی دەزگای بەرپرسەوە ئەنجام دەدرێ بەڵام لە بازنەی دەسەڵاتی دادگەردایە .

مَنَافِعُ لِلنَّاس ) ( الحديد : من الآيـة ٢٥ )  واتـه: سوێند بـهخوا بێگومـان ئێمـه پێغهمبـهرهکانمان ڕهوانـه کـردووه هـاوڕێ لهگـهڵ  بهڵگـهو نیشـانهو مـوعجیزهی روون و ئاشـکرادا و کتێبـه ئاسمانیـهکانمان هێناوهتـه خـوارهوه کـه لهگـهڵ ئـهو پێغهمبهرانـهدا بێـت ، تـهرازوو پێـوهری شـهریعی و دادپهروهرانـهمان بـۆ ڕوون کردونهتـهوه تـا خـهڵکی بـه عهدالـهت و دادپـهروهری ڕهفتار بکهن ، ئاسنیشمان دروست کردوه که مادهیهکی رهقو سهختو سود بهخشیشه بۆ خهڵکی .

دوای ئـهوهی پێغهمبــهران بــه بهڵگــهو پاڵپشــتهوه خــوای گــهوره دهیــاننێرێ هاوکـات (کتیاب)و (میزان) یش دهکاته هاوهڵیان بۆ ؟ (( لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ )) ( الحديد : مـن الآيـة٢٥ ) تـا داد گهرىبهرپا بێت ... جا نازانم بهرپا بوونی دادگـهری کـه پێشتریش وهك فهرمانێکی خـودای قسـهی لهسـهر کـرا ، بـۆ ئـهبێ ئهوهنـده جـهختی لهسـهر بکـرێ ؟ بـه تایبـهتی لێرهدا باسهکه تایبهته به سهرجهم پێغهمبهران ( رُسُلَنا ) ... نهك تهنها ههندێکیان سهیر لهوهدایه کۆتایی ئایهتهکه ئاماژهی تێدایه بۆ گرنگی ئاسنو بهکارهێنانی لـه هـهردوو ڕووه سیلبیو ئیجابىیهکهیـهوه ( بَـأْسٌ شَـدِيدٌ ) ، ( مَنَـافِعُ لِلنَّـاس ) کـه ئهمـهش واقیعێکی یـهکجار بهرچـاوی خۆمانه .. سهیری ئهو وێرانکاریانه بکه که به هۆی ئاسنهوه بهدی هاتووه .. بشڕوانه بۆ ئهو سودو قازانجانهی له ئاسنهوه بهدی هاتووه .

ئایا دهکرێ لهگـهڵ ئهمـهدا بـوترێ ئیسـلام تـهنها وهك مهسیحیهت پهیوهنـدی بـه تاکـهوه ههیه ؟ ئهمه جگه له دهیان ئایهت و فهرموودهی تر که پهیوهستن به بواره سیاسىیهکانهوه وه جێبــهجێبونیان دهخــوازێ ، کــه بهشــێکی زۆریــان پهیوهســته بــه بــواره سیاســی و ئابورىیهکانـهوه ، هـهر بۆنمونـه قورئـان کاتێـك بـاس لـهو کهسـانه دهکـات کـه زهکاتیـان پـێ دهشێ دهفهرموێت : (( إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَـرَاءِ وَالْمَسَـاكِينِ وَالْعَـامِلِينَ عَلَيْهَـا وَالْمُؤَلَّفَـةِ قُلُـوبُهُمْ وَفِـي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ )) ( التوبة :٦٠ ) واتـه : بێگومان زهکات تهنها بۆ ههژاران و نهداران و ئهو کهسانهی که کارمهندن بهسهرىیهوه و بـهو موسڵمانه نوێیانهی که هێشتا ئیمان جێگیر نـهبووه لـه دڵیانـدا و بـۆ ئازادکردنی کۆیلـهکان و بـۆ یارمهتیـدانی قـهرزدارهکانو بـۆ گهیانـدنی ئـاینی خـودا (لـه ڕێگـهی خـودادا ) وه بـۆ ئـهو ڕێبوارانهی پارهیان لێدهبڕێ وه نهدار دهکهون ( دابهش کردنی زهکات بـهم شێوهیه ) فـهرزه لهلایهن خوای گهورهوه له گهردنی ئیمانداراندا و خواش زۆر زاناو دانایه..

ئایا ( عاملین علیها ) ئەبێ کێ‌بن ؟ ئەیە ئەو کەسانە نین سەرکردەی موسڵمانان ، یان وەزارەتی بەپرسی زەکات دەیاننێرێ بۆ کۆکردنەوەی زەکات‌و دواتریش ئەو کەسانە پشکی تایبەتیان دەبێت تیایدا ، ئەی بۆ باسی (عاملین)ی کردوە ؟ نەدەکرا جێ‌بهێڵرێت هەرکەسە بۆ خۆی بیدات (کە ئیستا هەروایە) .. باسی ئەوانەی تیادا نەکرایە ، بێگومان ئەمە ئەوە لە خۆ دەگرێت دەبێت دەزگای سەرپەرشتیار هەبێت . بەدوادا چونی کارەکان بکات ، کە ئەمەش ئەرکی دەزگای دەوڵەتی‌یە نەك کاری تاك .

خۆ شۆڕبونەوە بۆ سەرجەم بوارە سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی‌یەکان ئەم مەسەلەیەمان یەکجار لا تۆخ دەکاتەوە گوتە و مەقولەی ئەوانەی کە دەیانەوێت ئیسلام لە کۆمەڵگەو ژیان‌و سیاسەت دارنن ، لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێ ، هەر لێرەوە هەوڵدان بۆ دەست پێ‌کردنەوەی ژیانێکی ئیسلامی هاوچەرخ کە ئیسلام ئاڕاستەی بکا ،بەکێ دەکرێ؟ ئایا تەنها بە هەوڵی تاکە کەس بەجێ‌دێ ، یان دەبێ موسڵمانان لە بیری بەرپاکردنی‌دا بن‌و لەوێوە هێزی ماددی و مەعنەوی موسڵمانان بەرەو سەرەوە بچێ باری ڕەخساو بۆ گەشەی چەمکە ئیسلامی‌یەکان بەلای کەمەوە بەدی بێت ، لەلایەکی ترەوە دەبینین باس لە : [ وشەکانی ( البر ) و ( العدل ) و ( الحق ) و ( الاحسان ) و ( المعروف ) و ( الشوری ) و ( الصلح ) و ( الاصلاح ) ] بەزۆری جەختیان لەسەر کراوەتەوە .. لە بەرامبەریشەوە چەمکەکانی ( ظلم ) و ( طغیان ) (استکبار) و ( استعلاء ) و ( والأعتداء ) و ( بغي ) بەتوندی هێرشیان کراوەتە سەر کەبەشی بەرچاوی ئەم روحیەت‌و ڕێنمویانە ڕاستەوخۆ ئاراستە بە ژیانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی کراون [١].

ئەی چی دەکرێ لەو دەیان فەرمودە (سەحیحانەی) سەبارەت بە ئەمارەت‌و خەلافەت‌و قەزاو پێشەوایان‌و مافەکانیان هاتوە ، لە پشتگرتن‌و هاوکاریکردنیان لەسەر چاوەو ئامۆژگاری کردنیان و گوێڕایەڵی کردنیان لە خۆشی و ناخۆشی‌دا و خۆراگرتن لەسەریان و سنوری ئەم خۆڕاگرتن‌و گوێڕایەڵی‌یەی دیاری کردنی ئەرکەکانیان لە جێ‌بەجێ‌کردنی سنورەکانی خوا و چاودێری کردنی بەرژەوەندی خەڵك‌و ڕاوێژکردن بە خاوەن ڕاکان و سەرکردایەتی‌دان بە هێزو ئەمینەکان‌و چاککان کردنە هاوکار و پشتیوان و فەرمان بەچاکەو

---

[١] جەدەلی ئیسلامی‌و عەلمانی – عمر علی غفور ل ٤٧

به بەستی كردنی خراپەو چەندان شتی تت كە تایبەتن بە باروكاری دەوڵەت فەرمانڕەوایی بەڕێوە بردن و سیاسەتەوە [٢] .

ئەمە جگە لەو □ەداۆ ئاراستانەی بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەو خۆ پەیوەندی هەیە بە دەوڵەتو دەسەڵاتو كۆمەڵگەو پەیوەستە بە سەرجەم بوارەكانی ژیانی مرۆڤەوە لە كۆمەڵگەدا . سەرەڕای ئەوەش چەندەها فەریزە پێویستی جێبەجێبونیان پەیوەستە بە بوونی كۆمەڵێك لە خەڵك و پاشتر جێبەجێكردنی لە لایەن دەسەڵات و پێشەوای موسڵمانانەوە .

كەواتە : ئەگەر قورئانیانە بیربكەینەوە و دەقەكانی ئەو بكەینە پێوەری دەرئەنجامەكانمان ئەوە بە هیچ شێوەیەك ناتوانین ئەو بڕیارە بدەین كە ئیسلام لە ژیانی تاكو كۆمەڵو مرۆ دەركرێ و بڕیار درێ یان بەلای كەمەوە لە دەسەڵاتو سیاسەتێكی دروست وەلا بخرێتو نەبێتە سەرمەشقو بەرچاو ڕۆشن بۆی هەر لەو بارەیەوە چەند سەرنجێكی تر دەدەین لە چەند ئایەتێكی تری قورئانی تا ئەو مەسەلەیە باشترو چاكتر یەكالا ببێ بۆ ئەوانەی كە دوو دڵنو دڵ كرمۆڵن لە ئاست ئەومەسەلەیەدا ..یان لە ژێر كاریگەری بیرو هونەرو توانا ماددی و تەكنەلۆجیەكانی شارستانیەتی سەردەمی ڕۆئاوادا چۆكیان داداوە یان لایەنی كەم خەریكە دەچەمنەوە و لە ژێر كاریگەریاندا بە شێوازە سلبییەكەی .

دیارە ئاراستەی دەقەكان بۆ دەسەلاتو بونی دەزگای خزمەت گوزار كەسەرئەنجام ئاوێتەیی ئیسلام بە ژیان دەخوازێ لە رووە كۆمەلایەتیەكەشەوە زۆر بە ئاشكرایی دیارە .

با لەڕوویەكی ترەوە كە هەر تایبەتە بە دەقەكانەوە بۆ ئەم بابەتە بڕوانین ، لە یەكێك لە سورەتەكانی جزمی ( عمّ ) و لە سورەی ( ماعون )دا سورەتیكی مەككیيە خوای گەورە باسی ئەوانەمان بۆ دەكەت كە بێباوەڕن بە ئاین یاخود بە ڕۆژی دوایی .كە ئەمە خۆی لە خۆیدا قسەكردنێكی ڕاستەوخۆیە لەسەر ئاین ، بەم شێوەیە دەست پێ دەكاتو دەفەرموێت:( أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ ) ( الماعون :١ ) ئایا نابینی و سەرنجت نەداوە لەو كەسەی ئاینی خوا بە درۆ دەزانێت ، بەمانایەكی تر كە بێباوەڕە بە ڕۆژی دوایی و زیندو

---

[٢] من فقه الدولة الإسلام –يوسف القرضاوي– ل ١٦.

بونـەوە ، ئایا دەبێـت ئـەو کەسـە کێبێـت : کـە گەیشـتبێتە ئـەو ئاسـتە لـە بێبـاوەڕیو بـاوەڕ نەکردن ئایا تەنها ئەو کەسانەیە پەرستشە شەخسیەکان ئەنجام نادەن ؟! ) .

بە سەیرکردنێکی ئایەتەکان بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو جۆرە کەسانە بریتین لە :-

١ .ئەوانەی پاڵ بە هەتیوەوە دەنێن و پیایدا هەڵدەشاخێن ( فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ ) (الماعون : ٢ ) .

٢ئەوانەی هانی کەسیش نادەن تا خواردنو خۆراك ببەخشن بە هـەژارو نەداران،هـەر لـە دوای ئەمەوە باس لە سزای نوێژ کەرانێك دەکات کە نوێژەکانیان پشت گوێ دەخەنو لەبەر خاتری خەڵکی ئەنجامی دەدەنو ڕیابازن ،لەسیفەتی ئەو نوێژکەرە خراپەکارانەشدا هاتووەکە.

* قەدەغـەی هـەموو چـاکەو یارمـەتی هاوکاریـەك دەکـەن لـە خـەڵکی (وَيَمْنَعُـونَ الْمَـاعُونَ) (الماعون:٧) جا بە سەرنج دانێك لـەم سورەتە مەککیـە ... ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێ کـە بـاوەڕی مرۆڤــ بـە ئـاین و ڕۆژی دوایـی ئـەرکێکی دونیـایی لەسـەر مرۆڤـە باوەڕدارەکـان دادەنـێ کـە ئەویش هاوکاری کردنی هەتیوو هەژارو نەدارەکانە ، کە ئەمەش ڕایەڵەیەکی بەهێزی ئیمانی نێوان دونیاو دواڕۆژی مرۆڤەکانـە .. مرۆڤــ هـەر بـە باەڕداربونی لێـی دەخـوازرێ لـە خـەمی هەنسکی هەتیوانو نەداری هەژاراندا بێ و ئەگـەر نوێژیشـی ئەنجامـدا ئـەوە نوێژەکـەی ئـەوە دەخوازێ بەدەم پێویستیەکانی خەڵکیەوە بێت .. کە لێرەدا بە (ماعون) پێناسە کراوە .

* لە سورەتی (بلد)یش دا خوای گەورە کاتێك باسی هەندێك لە بەخشـشـەکانی خـۆی بەسـەر مرۆڤەکاندا دەکات کە پێبەخشینی چاوو زمانو لێوە و سەرپشك کردنێتی لە گرتنی ڕێبازی ڕاستو چەوتدا دوای ئەوە دەفەرمێت : ((فَلا اقْتَحَمَ الْعَقَبَةَ وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْعَقَبَةُ فَـكُّ رَقَبَـةٍ أَوْ إِطْعَـامٌ فِي يَوْمٍ ذِي مَسْغَبَةٍ يَتِيماً ذَا مَقْرَبَةٍ أَوْ مِسْكِيناً ذَا مَتْرَبَةٍ ثُمَّ كَانَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَوَاصَوْا بِالصَّـبْرِ وَتَوَاصَـوْا بِالْمَرْحَمَـةِ)) (البلـد: ١١-١٧) واتـە: مـرۆڤ نـەیتوانیوە بەسـەر کۆسـپو لەمپەرکانـدا زاڵ بێـت ڕێگـای سـەرفرازی بگرێتـە بـەر ، جـا تـۆ چـوزانیت کۆسـپو لەمپـەرکان کامانـەن ؟! ... ئازادکردنی کۆیلەو بەندیە یاخود خۆراك بەخشینە لە ڕۆژێکدا کە گرانیو برسێتی هـەبێت بەتایبەت لەگەڵ ئەو هەتیوەی کە خزمایەتیت لەگەڵیدا هـەبێت یان هـەژارێك کـە لـە هەژاریـدا لەسەر خاك دابنیشێت یان پەککەوتەو کەفتەکارێك ، لێرەدا کاتێك کە زۆربـەی ئـەو خەڵکـە نـەیتوانیوە بەسـەر کۆسـپو لەمپەڕانـەدا زاڵ بێـت و ڕێگـای سـەرفرازی بگرێتـە بـەر ، لەبـەر بوونی ئەو لەمپەرانە کە خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە .

١) ئازاد کردنی بەندەو کۆیلە

٢) خۆراك بەخشین لە ڕۆژێكدا كە گرانی و برسێتی هەبێت .
٣) بەتایبەتی ئەو هەتیوەی كە خزمایەتی لەگەڵیدا هەیە .
٤) یان هەژارێك كە لەهەژاریدا لەسەر خاك دانیشێت ، یان پەككەوتەو كەفتەكارێك.
٥) سەرەڕای ئەوەش ئادەمیزاد ئەبێت لەوانە بێت كە باوەڕیان هێناوەو ئامۆژگاری یەكتریان كردوە لەسەر خۆڕاگریو ئارامگری و بەزەیی و میهرەبانی ، جا ئەوانەی بەو سیفەتە جوانانە خۆیان دەڕازێننەوە ئەوانە دەستەی ڕاست و بەختەوەرانن (( ثُمَّ كَانَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ وَتَوَاصَوْا بِالْمَرْحَمَةِ)) .

بە سەرنج دانێك لەم ئایەتانە ئەوە بەدەر دەكەوێت كە ئیسلام چەندە گرنگی داوە بە كێشەو گرفتە كۆمەڵایەتییەكان چەندە لە خەمی چارەسەركردنیاندایە ، لە ئازاد كردنی كۆیلەو خۆراك بەخشین بەهەژارو هەتیوانو كەفتەكاراندا خۆی دەبینێتەوە و سەرجەم ئەمانەش پەیوەست دەكات بەوەی كە دەبێت ئەو مرۆڤە موسڵمانانە باوەڕداربنو بەردەوام لە بیری ئامۆژگاری یەكتردا بن لە ڕێی خۆڕاگری و بەزەیی پێداهاتنەوە ..

لەلایەكی ترەوە لە سورەتی (فجر)دا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە هەندێ لە مرۆڤ ، تاقیكردنەوەكانی پەروەردگاریان (لە پێبەخشینو ڕێز لێگرتن ) بە مایەی شانازیو خواناسی دەزانێو لەولاشەوە (لێسەندنەوەی یان كەم كردنەوەی ڕۆزییەكانی) بە ڕسوایی بۆ خۆی دەزانێت ..ئالەم كاتەدا خوای گەورە ئەم خەیاڵ پلاوییە یان بە نەفامی دادەنێ و لە هەمان كاتدا ئەوەشیان بەبیر دێنێتەوە كە ئەوان خاوەنی كۆمەڵێك ڕەفتاری ناشایستەن كە نەدەبوو وابوونایە لەوانەش :-

١. ڕێزیهەتیوو ناگرنو نازی پێ نادەن (( لا تُكْرِمُونَ الْيَتِيمَ)(الفجر: من الآية١٧)
٢. هانی یەكتر نادەن بۆ ئەوەی خۆراك ببەخشن بە هەژارو نەداران ((وَلا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ) (الماعون:٣)
٣. میراتی دەخۆنو هەمووی دەماشنەوە و حەقی خزمان و نەدارانی لێنادەن (( وَ تَأْكُلُونَ التُّرَاثَ أَكْلاً لَمّاً ) ( الفجر :١٩)
٤. ماڵو سامانو دارایشیان زۆر خۆش دەوێت ((وَتُحِبُّونَ الْمَالَ حُبّاً جَمّاً) (الفجر:٢٠)

دوای ئەوە سەرنجیان ڕادەكێشێو بۆ لای ڕووداوەكانی سەرەتای قیامەتو دونیا تێكچونو پاشگەزبوونەوەی مرۆڤ لە ڕەفتارەكانی پاش ئەوەی حاڵ دەگاتە هێنانی دۆزەخو ئامادەكرنی . ئەم جۆرە گرێدان و تێهەڵكێشییە چ دەگەیەنێت ، جگە لە ئاوێتە بوونی

**ئەرکە دونیایی‌و قیامەتی‌یەکان‌و پێکەوە هەڵکردنیان .. نەك هەر ئەوەندە .. بەڵکو تەواوی ئیمان‌و باوەڕ ی مرۆیی باوەڕدار لە پیادەکردنی ئەو شتانەدایە .**

**ئەی ئەوە نی‌یە قورئان لە سورەتی بەقەرە ئایەتی (١٧٧) دا کرداری چاك و باش تەنها لە رووکردنە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا کورت ناکاتەوە بەڵکو کرداری باش لەم شتانەدا دەبینێتەوە.**

١) **باوەڕهێنان بە خوا و ڕۆژی دوایی‌و فریشتەو کتێب‌و پێغەمبەران :** ((َ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَـوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ)) (البقرة: من الآية١٧٧).

٢) **هەروەها بەخشینی ماڵ و سامان لەگەل ئەوەی لە لای مرۆڤ خۆشەویستە ، بە خزمان‌و هەتیوان هەژاران و ڕێبوراران و داواکاران و لە پێناو ئازاد کردنی بەندەکاندا** ((وَآتَـى الْمَـالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَاب)(البقرة: من الآية١٧٧)

.

٣) **لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نوێژی بە چاکی ئەنجام دابێ و زەکاتیشی لە ماڵ‌و سامانی دەرکردبێ** ((وَأَقِيمُوا الصَّلاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ )(البقرة: من الآية٤٣)

٤) **بەها کۆمەڵایەتی‌یەکانی تریشی لەبیر نەکردووە .. هەر بۆیە ئەوانەشی کە وەفادار بن بە پەیمانەکانیان ،کاتێك پەیمانیان دابێ‌و خۆڕازاندنەوە بە ئارامگری لە کاتی نەداری‌و هەژاری و لە خۆشی‌و نەخۆشی‌و کاتی جەنگ‌و شەڕو شۆڕدا ..** (( وَالْمُوفُـونَ بِعَهْـدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ )(البقرة: من الآية١٧٧)

**جا ئەوانەی ئەم ڕەفتارو تێڕوانینەیان هەبێت ئەوا لەو کەسانەن کە ڕاستیان کردوە لەگەڵ خوای خۆیانداو پارێزگارو خواناسن** (( أُولَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَ أُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ ) ( البقـرة : مـن الآية ١٧٧ ) **لێرەوە جیاوازیەك نابینرێت لە نێوان پەرستشی فەردی‌و بەدەمەوە بونی خەم‌و کەلێنە کۆمەلایەتی‌و بەها ڕەوشتی‌یەکاندا .. کەواتە ئیسلام : جیاوازی ناخاتە نێوان چالاکی‌یە دونیایی‌و دوارۆژی‌یەکانی مرۆیی موسڵمانەوە .**

**هەموو ئەمانە هاندەرن بۆئەوەی موسڵمانان لە خەمی کۆمەڵێك دەزگاو و ڕێکخراو و یەکەدا بن کە ئەم داواکاری‌یە قورئانی ئیمانیانەیان بۆ دەستە بەر بکات لەسەر ئاستی تاك‌و کۆمەڵ .**

لەلایەکی ترەوە قورئان (بِر)و چاکەکاری بەوە دادەنێت کە خۆ بپارێزن و ئەمەش لەوەدا بەدی دێمرۆڤ لە دەرگاوە بچێتە ژورەوەو لە پشتەوە خۆی نەکات بە ماڵەوە (( وَ لَكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَى وَ أْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا )) ( البقرة : من الآية ١٨٩)

هەروەك گەیشتن بە چاکەکاری لەوەدا دەبینێتەوە کە مرۆڤ لەو ماڵەی ببەخشێ کە لەدڵیدا شیرینە .. (( لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ ) ( آل عمران : من الآية٩٢) بەخێرو چاکەی تەواو ناگەن ئەگەر نەبەخشن لەو شتانەی کە لەدڵتانا شیرینەو خۆشەویستە .

قورئان سیفاتە ئیمانیەکان دانابڕێ لە ڕەوشتو ڕەفتارەکانی ژیانو دنیای مرۆڤو موسڵمانان هەر بۆ نمونە خوای گەورە لە سیفاتی خواناسانو ئەوانەی لای خوا بەڕێزو بەندەی ڕاستەقینەی خوان ..) وەسفیان دەکات بەوەی کە بە :

١. بە هێمنی و سالاری بەسەر زەویدا دەرشۆن (( يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنا)(الفرقان: من الآية٦٣) .

٢. ئەوانەی کاتێك ماڵو سامانیان دەبەخشنو خەرجی دەکەنو زیادەڕەوی تیادا ناکەنو دەست نوقاوو ڕەزیلیش نین ، بەڵکو لەو نێوانەدا ((وَالَّذِينَ إِذَا أَنْفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَاماً) (الفرقان:٦٧)

٣. ئەمە جگە لە چەندان سیفاتی تری پەیوەست بە ژیانی کەسانی ترەوەو ئاوێتە بە ژیانی کۆمەڵگە لەوانە پیاو نەکوشتنو شایەتی درۆ نەدانە ، کەواتە لێرەدا بەندەکانی خوای میهرەبان .. کە بە ( عباد الرحمن ) ناوزەدیان دەکات داوایان لێکراوە لە ژیانی دونیایاندا جگە لە مانا ئیمانیە رووتەکانیش خۆ بە چەندان ڕەفتاری تر بڕازێننەوە ،کەواتە تەنها ( عباد الرحمن ) ئەوانە نین بەردەوام لە کوڕنوشو نوێژ کردندا بن یا بەتەنها لە زیکر کردندا بن بە مانا دیاریکراوەکەی .. بە تێڕامانێکیش لە سورەتی ( مؤمنون ) ئەو سیفاتانەی تایبەتە بە باوەڕدارانیشەوە هەمان ڕاستی دەبینن .. لەوانە خۆ دوور گرتن لە گوفتاری ناشایستەو ڕەچاوکردنی بەڵێنو پەیمان لەگەڵ خەڵکیدا ... هاوڕێ لەگەڵ نوێژ کردنی بە خشوعو پاراستنی داوێن .. هتد .

یاخود لە شوێنێکی تردا باسی ئاشتەواییو سوڵح دەکا و لەگەڵ ( صەدەقە ) و ( قسەی چاك ) و ( معروف ) دا ریز بەندیان دەکاو داواش دەکات لەبەر خاتری خوا بکرێت : (( لا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلاحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَ مَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْراً عَظِيماً )) ( النساء :١١٤ ) لە زۆربەی چپەو سرتەو قسە

نهێنیەکانیاندا هیچ خێرێك بەدی ناکرێت و تیایدا نیە مەگەر چپەی ئەو کەسەی کە فەرمان بدات بە بەخشینێك یان چاکەیەك ، یان ڕێکخستن و چاکسازیو ئاشتبونەوەیەکی نێوان خەڵکی جا ئەگەر ئەوەی ئەم جۆرە چاکەیە ئەنجام بدات و مەبەستی تەنها ڕەزامەندی خوابێت ، ئەوە لە ئاییندەدا پاداشتی زۆرو بێسنورو گەورەی پێ دەبەخشێ .

یان دەفەرمێت : (( إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ) (الحجرات: ١٠) لە ڕاستیدا هەر ئیمانداران برای یەکن کەواتە هەرکاتێك لە نێوان دوو براتاندا ناکۆکی پەیدا بوو ئێوە نێوانیان چاك بکەن و ئاشتیان بکەنەوە هەمیشە لە خوا بترسن و پارێزگار بن بۆ ئەوەی ڕەحمتان پێ بکرێت ، ئەم ئایەتەش بە سەرنجێکی خێرا ئەم خاڵانەی لێ وەردەگیرێ .

١.فەرماندان بە بەخشین و چاکەکردن . (( إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ)(النساء: من الآية١١٤)

٢.ئاشتکردنەوە و ساز کردنەوەی خەڵکی . ((أَوْ إِصْلاحٍ بَيْنَ النَّاسِ)(النساء: من الآية١١٤)

٣.دەبێت لە ڕوانگە ئیسلامیەکەوە ئەم کارانە بە مەبەستی خوا ئەنجام بدرێ جا ئەم ئەنجام دانی کارانەش لێمان دەخوازێ لە ژیانی کۆمەڵگە و دەوڵەت داریدا .. دەزگای خێرخوازیو بەها پارێزیو داوەری بۆ دامەزرێنرێ ..

لەلایەکی ترەوە ئیسلام داوای مافی زۆر وردو گرنگی مرۆڤ دەکات و دەقی لەم بارەیەوە هەیە و داواش دەکات موسڵمانان ڕەچاوی ئەم مافانەی یەکتری بکەن کە لێرەشەوە دەکرێت چەندان بەندو بنەمای یاسای کۆمەڵایەتی لێوە بنیات بنرێ و بکرێتە بنەما بۆ مافەکانی مرۆڤــ ..

خوای گەورە دەفەرموێت:((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْراً مِنْهُمْ وَلا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْراً مِنْهُنَّ وَلا تَلْمِزُوا أَنْفُسَكُمْ وَلا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَنْ لَمْ يَتُبْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ))(الحجرات: ١١) واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هیچ کەس و هیچ هۆزێك گاڵتە بەکەس و هۆزەکەی تر نەکات و زەلیلی نەکات ، چونکە لەوانەیە ئەوان چاکتر بن لەمان و ژنانیش باگاڵتە بەیەکتر نەکەن و یەکتری زەلیل نەکەن چونکە لەوانەیە ئەوان لەوان چاکتر بن ... سوکایەتی بە خۆتان مەکەن و یەکتری عەیبدار مەکەن هەروەها ناوو ناتۆرەی ناشیرین بۆ یەکتری دامەتاشن ئای کە چەند ناشیرینە ناوو ناتۆرەی خراپ لە دوای باوەڕهێنان و موسڵمان بوون ئەوەش تۆبەی نەکردبێت و پەشیمان نەبووبیتەوە لە گوناهەکانی ئا ئەوانە ستەم کارن .

خوای گەورە لەم ئایەتدا داوامان لیٚدەکات کە ماف و ڕیٚزی یەکتری بگرین لەوانە:
١) گاڵتە جاڕی بە یەکتر نەکەین. لا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ
٢) سوکایەتی بە خۆ نەکریٚ و یەکتری عەیب دار نەکریٚ و ناووناتۆرەی ناشیرین بۆ یەکتری دانەتاشن (وَلا تَلْمِزُوا أَنْفُسَكُمْ وَلا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ)

یا لەبارەی هەندیٚ ڕەفتاری ناشیرینەوە دەفەرمویٚت : (( سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ أَكَّالُونَ لِلسُّحْتِ فَإِنْ جَاءُوكَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ وَإِنْ تُعْرِضْ عَنْهُمْ فَلَنْ يَضُرُّوكَ شَيْئاً وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ )) ( المائدة :٤٢) واتە : ئەوانەی زۆر بە دڵگەرمی‌یەوە گویٚ بۆ درۆ دەگرن زۆر حەرام خۆرن ، ئەگەر هاتنە لات بۆ داوەری کردنیان سەرپشکی لە نیٚوان ئەوەی داوەریان بۆ بکەی یان پشتیان تیٚ بکەیت و داوەریان نەکەیت هیچ زەرەر مەند نابیت و زیانت پیٚناگات ، ئەگەر داوەریشت کرد ئەوا بە دادگەری ئەو کارە لە نیٚوانیاندا ئەنجام بدە ، چونکە خوای گەورە دادگەرانی خۆش دەویٚت .. ئەو جولەکانە زۆر بەگەرمی گویٚ بۆ درۆ دەگرن و کەسایەتیان ناپوختەو زۆر حەرام خۆرو سو خۆرن .

لەم ئایەتانەدا نەهی دەکات لە موسڵمانان نەوەك ڕەفتاری جولەکە ئاسایان هەبیٚت کە بریتی بووە لە :-
١)) زۆر بە دڵگەرمی‌یەوە گویٚ بۆ درۆ دەگرن ( سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ ) .
٢)) زۆر حەرام خۆرن و سوو دەخۆن ( أَكَّالُونَ لِلسُّحْتِ ) .

ئەمانە کۆمەڵە شتیٚکی بواری کۆمەڵایەتین بەڵام دابڕاو نین لەو دەزگایانەی کە یەکەیەکی پیٚکهیٚنەری دەسەڵاتن و لە نیٚوان دەزگای دەسەڵاتدا ڕیٚ و شویٚنی خۆیان هەیە .. لەم بارەیەوە سەدان ئایەت هەیە کە ناتوانین بەدوادا چونیان بۆ بکەین ، ئەم ئایەتانەش تەنها سەرنجیٚکی خیٚراو سادە بوون ئەکریٚ زۆر بە قوڵی لیٚوەی رامیٚنریٚ و سەرنجیان لە بارەوە بخریٚتە روو ...

## لە میٚژووی ئیسلام و سەردەمی وەحیدا

ژیانی پیٚغەمبەری خوا (ص) بۆ دوو سەردەمی میٚژوویی دابەش دەبیٚت ، لەبەشی یەکەمی ماوەی ژیانیدا کە دریٚژترینیانە بەردەوام و سەرومڕ سەرقاڵی گەیاندنی پەیامەکە بوو ، دەیەویست دەستەیەکی گیان فیداو بڕوا پتەوو دامەزراویان لیٚ بنیات بنیٚ ، بۆ ئەمەش چەندەها شیٚوازی دەگرتە بەر ماوەیەك بە نهیٚنی و ماوەیەك بە ئاشکرا ، جاری واش بووە

پەنای بردووەتە بەر دەرەوەی مەککەو لەهەوڵی ئەوەشدا بووە جێگەو پێگەی تری بۆ دروست ببێت خۆیی‌و هاوەڵانی بۆی بچن ، ئەوە بوو تالەمەکەدا بوو بە هۆی تەنگ پێ‌هەڵچنینی قوڕەیشی‌یەکان و ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەو ئازارەی توشیان دەبوو نەیان توانی شتێك بنیات بنێن ناوی دەسەڵات یان شتێکی نزیك لەوە بێ مەگەر وەك بناغەیەك بۆ دەسەڵاتێکی داهاتوو ئەوەشی تایبەت بوو بە بانگەوازەکەیەوە ئەوا وەحی زیاتر جەختی لەسەر عەقیدەو چیرۆك‌و بەسەرهاتی پێشینان‌و هەندێ کاروباری ڕەوشتی تر دەکرد..

ئەمەش مانای وانی‌یە سەردەمی مەککی بە تەواوی خاڵی بێت لە تەشریعاتی عەمەلی ، بەڵام بەبەراورد بە سەردەمی مەدەنی دەگمەنە ، لەسەردەمی مەکیدا ( تشریع ) لەسەر بانگەشەکردن بۆ ڕەوشتە بەرزەکان‌و عادەتە باشەکان‌و وازهێنان لە پاشماوە نەفامی‌یەکانی باوو باپیران ، لەو داب‌و نەریتانەی پێچەوانەی لێبوردەیی ئاینەکانەو پێچەوانەی سروشت‌و فیترەتی ساغ‌و سەلیمە وێنەی کوشتنی منداڵ‌و زیندەبەچاڵی کچان‌و حەرامی شەرواڵ پیسی‌و ستەم خواردنی ماڵی هەتیوو زیادە ڕەوی لە ڕازاندنەوەو خۆ خەریك کردن بە ژیانی دونیاو تەرازوو بازی‌و باس کردنی خاڵە بنەڕەتی‌یەکانی سەودا گەری لە حەرام‌و حەڵاڵ دا جەختی دەکردەوە .

هەروەها تەشریع کردنی هەندێ لە پەرستشەکان وێنەی نوێژو و بانگەشەکردن بە بەخشین‌و بە ڕەهایی بێ دیاری کردنی چەندێتی و ئەندازەکەی [1] بەشێك بوو لە ڕێنماییەکانی ئەم قۆناغە .

ئەمە جگە لە چەندەها جەنگی ڕاگەیاندن و دەرونی دژ بە قەناعەت‌و بیروباوەڕەکانی بەرامبەر و گومان کردن لە ڕاستی‌یان . بەڵام زیاتر کار لەسەر بناغەو خاڵە سەرەی‌یەکانی ئیسلام دەکرا ، ئەوی تر لە مەدینەدا ئەنجام دەدراو لەوێش بەپێی قۆناغی نوێ وەحی شتی تری نوێی دەهێنا .

لێرەوە هەوڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەوەدا کۆبوویەوە کە خەڵکی بۆ بانگەوازەکەی بسازێنێ لەرووی فیکری‌و عەقیدەیی‌و ڕەوشتی‌یەوە ڕایان بهێنێ‌و گیانی پشتگیری‌و خەمخۆریان تیادا بچێنێ ، پاشتریش لە ژینگەو بارودۆخی سازو لەبارتر دەگەڕا تا ببێتە جێگەیەکی نوی بۆ بانگەوازو پەیامەکەی تا دواتر دەسەڵاتێکی بنج گرتوو لەو پەیامەوە بەدی بهێنێ هەر بۆیە دەبینین پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگەشەی ئەو هۆزانەی دەکرد بۆ ئیسلام کە وەك وەفد دەهاتنە مەککە بەتایبەت لە کاتی وەرزی حەجدا یان بۆ بازرگانی کردن

---

[1] دولة المدينة المنورة وتشريعات الدستورية ،اعدا:خالد محمد صالح الكردي،١٤٢١-٢٠٠١ل ٥ .

، لەم بانگەشانەی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) زیاتر جەخت دەکرا لەسەر سێ داواکاری کە بریتی بوون لە (ئیمان –پەنادان و جێکردنەوە ، پشتگیری کردن) چونکە ئیمان مەرجی ئەندامێتی بوو لەو کۆمەڵ و کیانە عەقیدەییە دا بناغە بوو بۆ ئەو سەروەرییەی پەیام و پێغەمبەرێتی ئاراستەی دەکرد .. پەنادان و جێکردنەوە :– بۆ ئامادەکردن و دەستەبەر کردنی هەرێمێکی گونجاو بوو بۆ پێکهێنانی دەوڵەت و گەشەکردنی فیکرە و بیروباوەڕ و دۆخێکی ئارام[1] .

پشتگیریش لە داواکارییەکانی ئیمانە .

هەر بۆ ئەم مەبەستە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر لەسەردەمی مەککەیدا پەیوەندی دەکرد بە هۆزو تیرەکانی عەرەبەوە لەو هۆزو تیرانەی کە لە گێڕانەوەکاندا ناویان هاتووە بریتی بوون لە ( بنو عامر ، بن صعصعة ، غسان ، بنو فزارة ، بنو مرة ، بنو حنيفة ، بنو سليم ، بنو عبس ، بنو النضير ، ثعلبة بن عكاية ، كندة ، كلب ، بنو الحارث ، بن كعب ، بن عذرة ، قيس بن خطيم ، ابو الحيسد بن أبي رافع ، محارب بن خصفة ، بنو البكاء ، حضارمة )[2] ، سەرجەم ئەو پەیوەندی کردنانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەرەڕای ئەوەی ئامانج تیایدا بانگەوازو بانگەشە بوون بۆ ئیسلام بەڵام لە هەمان کاتدا داوای جێکردنەوەو داڵدەو پەنادانی خۆیی و هاوەڵانیشی کردوە ، کە ئەمەش هەوڵێکی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) بۆ زەمینە سازی دەوڵەت و دەسەلاتێك کە موسڵمانان ئازاد بن تیایداو بەسەربەستی بانگەشەی خۆیانی تیادا ئەنجام بدەن ، سەرنجێ کە لێرەدا گرنگە تۆمار کرێ ئەویش ئەوەیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەو پێیەی کەسێکی پەیامدارە و لە ژێر ڕۆشنای وەحی خواییدا هەنگاوی هەڵدەگرت و مەبەستی تەنها دروست کردنی دەسەڵات و کیانێکی سیاسی نەبووە و هیچی تر بەڵکو : ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەنها وەك سیاسیەکی بەرژەوەندی ویست و هەل پەرست ڕەفتاری بکردایە ، ئەوە هەر زوو پلەو پایەی دەست دەکەوت و مەرام و بەرژەوەندییەکانی بەدەست دەهێنا ، بێ ئەوەی سەرجەم ئەو ناسۆرو زەحمەت و قورسییە لە ئەستۆ بگرێت ، بە تایبەت قورەیش خۆیان ماڵ و سامان و سەرۆکایەتیان پێشکەش دەکرد بەمەرجی وازهێنان لە پەیام و بەرنامە ئاسمانییەکەی :(( هەروەك سەرجەم کتێبەکانی سیرە باسی دەکەن بەڵام دەسەڵاتێکی داڕنراو لە فیکرەو پەیام و بێبنەما ، بێ ئەوەی گەلێك باوەڕی پێ بهێنێ و بیپارێزێ و دوور لە شوێن کەوتوانێك کە مەبدەئەکانی تیایدا ڕەنگ

---

[1] سەیری دولة المدينة ل ١٦ بکە .

[2] هەمان سەرچاوە ،١٦– ١٧ ابن سعد في الطبقات ج ١/٢١٦–٢١٧ ابن القيم زاد المعاد ٢/٤٣ .

بداتەوەو بەرگری لە مەشخەڵەکانی بکەن ، بێ سودە ئەگەر بەدەستشی بهێنێ ، چونکە لە ژێر ڕەحمەتی ئاماژەی قورەیشدا دەبێ و مانەوەشی پەیوەستە بە بیرو هەستو حەزی سەرکردە جاهیلەکانەوە کە کۆكو ساز نین بە فیکرەی دەوڵەتەکەی وە بەو مەبەستانەی کە چەندان ساڵ هەوڵی بۆ دراوە ، هەر بۆیە دەگەڕێتەوە ئەو شوێنەی کە لێوەی دەستی پێ کردوە ئەوکاتە دەبێتە دەسەڵاتێکی زەعامەت و سازش کردن وەك لەوەی دەسەڵاتی پەیامو خاوەن بەها بێ[1] .

کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە شاری مەککەدا دەرگاکانی بە ڕوودا دادەخرێ و هیوایەك نامێنێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە شێوەیەکی ئازادانە بانگەوازەکەی پەخش بکاو لەولاشەوە موسڵمانان لە حەبەشەدا ئاوارەو دەربەدەرنو لەملاشەوە لە مەککەدا تەنگەتاونو هیوای گۆڕانکارییەکی وا ناکرێ ، هەر بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دوای شوێنێکی نوێدا دەگەڕێ تا لەوێوە بانگەشە بە بانگەوازەکەی بدات ، نزیکترین شوێنێکیش بۆ ئەم مەبەستە (طائف)ە کە هۆزی (ثقیف)ی لێ نیشتەجێن ، بۆ ئەم مەبەستە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕوو لە طائف دەکا و پەیوەندی دەکات بە سەرکردەکانی هۆزی قوریشەوە لەوانە ( عبد یالیل مسعود و حبیب بن عمرو )کە هەرسێکیان برا بوون ... پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەوڵێکی زۆریان لەگەڵ دەدا تا پشتیوانی بکەنو هاوکاری بکەن لە گەیاندنی ئیسلامدا بەڵام ئەوان زۆر نەشیاوانە وەڵامی دەدەنەوە پاشتریش شێتو وێتو منداڵەکانی تێبەردەدەن تا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناچار دەبێت بگەڕێتەوە بۆ مەککە و داوای پەنادان لە هاوبەش بڕیاردەران بکاتو لەم میانەشیدا ( مطعم )ی کوڕی ( عدی ) پەنای دەدا ، ئامانج لە چونی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەم سەردانەیدا بۆ (طائف) دوو خاڵ بووە :-

١. بانگەشەکردنی (ثقیف) بۆ ئیسلام .
٢. داوای پاراستنو پشتیوانی کردن لێیان هەروەك کتێبەکانی سیرە باسی دەکەن ، دیارە هەڵبژاردنی (طائف) چەندان هۆکاری لە پشتە ... (ثقیف) شتێکی وایان کەم نییە لە قورەیش و پلەیەکی تایبەتیان هەیە لە دڵی عەرەبدا تا ڕادەیەك شوێنێکی پیرۆز بووە، چونکە یەکێك لە بتەگەورەکانی عەرەبی تیادایە کە (لات)ەو نزیکیشە لە مەکەوە ، کەچی ئەم خاڵانە بە نیسبەت حەبەشەوە گونجاو نییە و ئامانجەکانی ناپێکێ و وە ئەو مەبەستەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیەوێ بۆی دەستەبەر ناکرێ..

---

[1] سەرچاوەی پێشوو لا ٢٠

له لایەکی ترەوە لەم قۆناغەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای هاوکاریو پشتیوانی دەکات لە کاتێکدا پێشتر داوای ئیسلام بوونی لێ دەکردن ..

لەسەرەتاوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەنها ئەوەی لە هۆزەکان دەویست کە پەنای بدەنو بتوانێت بانگەوازەکەی بگەیەنێت ... مەرجش نییە هۆزەکە موسڵمان بێ هەروەكو چۆن خزمە هاوبەش پەیداکەرەکانی پەنایان دابوو لەسەروی هەمیانەوە (ابو طالب)ی مامیو هۆزەکەی .

بۆ ئەم مەبەستەش پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای لە چەندان هۆز کرد لەوانە بنو عامر ، شیاب بن سغلبه ، بنو کلب ، بنو حنیفة [1]، بنو کندة و سەرجەم هۆزەکان ڕەتیان دانەوە داواکەی پێغەمبەریان پەسەند نەکرد، ئەوی لامان گرنگە لێرەدا وە مەبەستمانە هەر یەکە لە (بنو عامر بن صعصعة وبني شيبان بن ثعلبة)یە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوو بۆ لای ( بەنی عامر کوڕی صعصعە ) وە بانگەشەی کردن بۆ لای خواو خۆی پێ ناساندنو داوای پەنادانی لێکردن پیاوێك لەوان کە ناوی ( بحیرە کوڕی فراس )بوو ووتی : وەڵاهی ئەگەر ئەم لاوە لە قورەیش وەرگرم سەرجەمی عەرەبی پێ دەخۆم .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگەشەیان دەکات بۆ ئیسلامو پەنادانی ، لە وەڵامدا بنو عامر صعصعە دەڵێن ئەگەر ئێمە پەنامان دایتو پاشان خوا بەسەر دوژمنەکانتا سەری خستی ئایا ئەم کاروبار و سەرکردەیییە بۆ ئێمە دەبێت ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ئەم کارە بەدەست خوایە لە هەرکوێدا ویستی دایدەنێ پاشان پێیا ووت : ئایا ئێمە سنگی خۆمان بخەینە بەرامبەر عەرەبو دوای سەرکەوتنش ئەم کارە بۆ جگە لە ئێمە بێت ، پێویستمان بەم کارەی تۆ نییە ، بۆیە پەنایان نەدا ... پێکگەیشتنێکی تری پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە هاوەڵی أبو بکرو علی لەگەڵ ( بنو شهاب )دا بوو ئەوان زۆر بە جوانی وەڵامی پێغەمبەری خوا دەدەنەوە و پرسیاری بانگەوازەکەی لێ دەکەن لە کۆتاییدا ( مثنیی کوڕی ( حارثة ) دەڵێت ئێمە لە سنوریئاوی عەرەبدا دەتوانین بیپارێزین بەڵام لە سنوری ئاوی کیسرادا ناتوانین بیپارێزین چونکە پاشاکان رقیان لەم کارەیە ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی وەڵامەکەتان ناپەسەند نەبوو ڕاستگۆیانە دەرتان بڕی ، بەڵام لە ڕاستیدا ئاینی خوا کەسێك دەیپارێزێت کە لەهەموو لایەکەوە پەروانەبێت بۆی، پاشتریش بەڵێنی ئەوەی پێ دەدەن کە ئەگەر خوا سەری خستن ئەوا ملکەچی بۆ خوا دەربڕنو بەپیرۆز ڕای گرن ..

---

[1] ابن هشام باس لەم هۆزانە دەکات لە لا ٤٢٢ ج١ بۆ لاپەڕەکانی دواتر ٤٢٥.

ئـەم رووداوەئـەوەمان بـۆ دەردەخـات کـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) پـەنادانی مەرجـداری نەویستووە بەڵێنی دونیا دەستخسـن و دەسـەڵات خوازی دوور لـە دینـی نەویسـتووە ، هـەر بۆیە بەڵێن بە ( بنی عامر ) ناداو پەنادانە ناتەواوەکەی ( بنو شیبان ) پەسەند ناکات چونکە یەکـەمیان رواونینـی سیاسـیانەی وایــە کــە پەیوەنـدی بەئاینــەوە نیــیە داوای گرتنــی دەستخسـتنی دەسـەڵات لـە پێغەمبـەری خـوا دەکـاو دوەمـیش ناتوانـێ بەتـەوای بـەڵێنی پاراستنی بدات ...

کەواتـە لێرەدا پێغەمبـەری خـوا دەیـەوێت یەکـەم: زەمینەسـازی بـۆ بانگەوازەکـە بکـات ، دوەمـیش: دەیـەوێت بانگەوازەکـەی بـە شـێوازێك بێـت کـە نەکەوێتـە ژێرکاریگـەری دونیـا ویستان‌و سەرەنجامیش کەسانێکی دڵسۆز بە پەیامەکەی پارێزەری بەهاکانی بن ، هەر ئەو ڕۆڵە دڵسۆزانەی کە باوەڕی تەوایان پێی هەیە ئەتوانن لە ئامێزی بگرن وەك‌و پاشتریش لـە لایەن ( ئەنصارەوە ) بەدی دێت ...

پاشتریش پێغەمبەری خوا (ﷺ) درێـژە بـەم هـەنگاوە تازەیـە دەداو هـیچ هـەلێك لەدەست ناداو لەم میانەیەدا چاوی بەوەفدێکی خـەزرەج دەکـەوێت و پرسیاریان لێ‌دەکات‌و هـەواڵیان دەپرسێ‌و پاشتریش لەگەڵیان دادەنیشێ و بانگیان دەکات بۆ لای خواو ئیسلامیان دەخاتـە پێش چـاوو قورئانیـان بەسـەردا دەخوێنـێ ئـەوانیش بەدەمیـەوە دێـن وبـەڵێنی ئـەوەی پـێ دەدەن کـە لـە نـاو قەومەکەیانـدا ئەمـە بـاس بکـەن بـەو هیوایـەی ئـەم پێغەمبـەرە بتوانێـت ناکۆکێکانی نێوان خۆیان‌و ئەوس چارەسەر بکات کە دەمێك بوو پێوەی دەتلانەوە ...

دوای ئـەوەی گەڕانـەوە بـۆ (یثـرب) ئـەم باسـەیان لـە نێـوان خەڵکیـدا بڵاوکـردەوە تـا وای لێهات ئیسلام چووە زۆربـەی ماڵـەکانی مەدینـەوە و نـاوی پێغەمبـەری خـوا لەسـەر زمانـەکان بوو ، پەسـندکردنی ئیسـلامش لەسـەردەمی مەدینـەدا نـامۆ نـەبوو بـەهۆی ئـەوەی جولەکـەی تێدا دەژیـاو لـەبارەی زۆر مەسـەلەی وەك‌و وەحی‌و پێغەمبەرایـەتی‌و بەهەشـت‌و دۆزەخـەوە شتیان بیستبوو.

لەساڵی داهاتوودا وەفدێکی (١٢) کەسی کە (١٠)یان خەزرەجی و دووانیان ئەوسی بوون دەگەنە لای پێغەمبەری خواو ئەمـەش دەبێتـە سـەرەتایەك بـۆ سـازی‌و هـۆگری نێـوان هـەردوو هۆزەکەش . ئەم پێگەیشتنەش کە بە ( عەقەبەی یەکـەم ) نـاو دەبرێـت تیایـدا پێغەمبـەری خـوا بەڵێنی لێ وەرگرتن کە .. . هاوبەش بۆ خوا پەیدا نەکـەن ، دزی نەکـەن ، زینـا نەکـەن ، منـداڵ نەکوژن ، بوهتان بۆ یەکتری هەڵنەبەستن ، لـە چاکەدا بێ فـەرمانی نەکـەن . ئەگـەر ئەمانـەیان کـرد ئـەوا بـەڵێنی بەهەشـتیان پـێ دەدات .. ئـەم بەیعەتـەش بـە بەیعـەتی ئافرەتـان ... ( بیعة النسـاء ) ناسـراوە چـونکە جـەنگی تیـادا نییـە و قورئـانیش بـۆ ئافرەتـان لـە بەیعـەت کردنـدا

ئەمانەی بە مەرج گرتووە ، هەروەك لە سورەتی (ممتحنە) ئایەتی (١١)دا هاتوە پێغەمبەری خواش لە بەیعەتدا لەگەڵ ئافرەتاندا جەنگی بەمەرج نەگرتووە و هەروەك لە قورئانش باسی دەكاو پێغەمبەری خواش ( مصعبی كوری عومەیری ) لەگەڵدا ناردن تا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی گۆڕانكاری‌یەكان بكات‌و موسڵمانان بە ئاینە نوێ‌یەكە شارەزاو ئاشنا بكات ..

ئەم بەیعەتە لەگەڵ ئەوەی باسی شەڕو جەنگی تیادا نی‌یە بەڵام هەنگاوێكی گرنگە بۆ پەوەردەكردنێكی دیاری كراو و زەمینەیەك كە پاشتر بزاڤی ئیسلامەتی لەسەر جێگیر دەبێت و ڕیشەدادەكوتێ‌و مەسەلە ڕەفتاری‌و مەبدەئیەكان تیایدا ڕەنگ دەدەنەوەو ئارەزوەكانی تیادا ڕێك دەخرێ بەو شێوەیەی خوای گەرە ویستی لەسەریەتی ، كە ئەمەش زەمینەسازكردنێكی لەبارە بۆ ئەو پێكهاتەیەی پاشتر دروست دەبێت ، چونكە ئەم كارانە چەندەها خاڵ لە خۆ دەگرێ و دەسەبەری چەندانێ‌تره لەوانە :ـ

١.جیاكاری‌و جیاكردنەوەیان لە رووی بیرو باوەڕەوە ، بەوەی هاوبەش پەیدا نەكەن كە ئەمەش مانای یەكلایەنە ڕاگەیاندنی جەنگە بەسەر كۆمەڵگادا لە ڕێی شۆڕشی ئاینی و عەقیدیەوە .

٢.جیاكاری ڕەفتاری .. دزی نەكردن شەرواڵ پیسی نەكردن و منداڵ نەكوشتن و زیندە بەچاڵ نەكردن‌و بوهتان دروست نەكردن جا هەركەسێ بتوانێت بەسەر ئەم ڕەوشت‌و ڕەفتار نەشیاوانەدا زاڵ بێت لە كۆمەڵگادا بەهاو نرخێكی بۆ نەهێڵێتەوە ئەوە ئامادەیە بۆ گیانفیداكاری و گوێڕایەڵیەكی تەواوی ئەو بڕیارو داواكاریانەی كە دواتر بۆیان دەردەچێ و لەڕووی قەناعەتەوە باوەڕی پێ كردوون .

٣.گۆڕینی ( وَلا ) لێرەوە ملكەچی و گوێڕایەڵی بۆ هۆزو سەركردەی مەدینە كۆتایی پێدێت ، ئیتر گوێڕایەڵی بۆ خواو پێغەمبەرەكەیەتی و هەركەسێكیش بێ فەرمانی ئەنجام بدات یاخی‌یەو لەسەر یاخی بوونەكەی لێی دەپرسرێتەوە . لەدوای ئەم گۆڕانەوە پێوەری گوێڕایەڵی‌و یاخی بوون ، دەرچوون نەبوو لە بڕیارەكانی سەرۆك هۆزو باو و نەریتەكانی هۆز بەڵكو دەرچونە لەو فەرمانانەی لە پێغەمبەری خواوە دەردەچێت كە لە مەككەدایە .

٤.پشت بەستن بە هاندەرە ناوخۆیەكانی ناخی مرۆڤ بۆ پیادەركردن ، نەك لە ڕێگەی دەسەڵات دارەوە ، لەم بەیعەتەدا سزای تاوانكاری‌و یاخی بوون لە خواوەیەو هیچ سزایەكی تر تا ئەم كاتە لە لایەن دەسەڵاتی دەوڵەتەوە دەستنیشان نەكراوە ، پاداشتی وەفاش بەهەشتە نەك پێ بەخشینی ماددی سەرۆك هۆزو فەرمان ڕەوایان ، ئەم پەیمان نامەیە زەمینە خۆش كردن بوو بۆ قۆناغێكی نوێ لە مێژووی موسڵمانان‌و پێكهێنانی

زەمینەی دەسەڵاتیان لە ناوەندێکی دیاریکراودا کە مەدینەیە پاش ئەوە ئامادەکاری‌یەکی ئیمانی تر بۆ دۆخێکی نوێ دەسازێ ....

## ئامادەکاری و سازدانی باس و خواسی بەرپاکردنی دەوڵەت *

دوای ئەوەی بۆ ساڵی داهاتوو، موسڵمانە ئەنساری‌یەکانی لە وەرزی حەج دا دێنەوە بۆ مەککەو نوێنەری پێغەمبەری خواشیان لەگەڵدایە (مصعب ی کوڕی عمیر)و لەم ساڵەدا بەیعاتی عەقەبەی دووەم بەدی دێت و بەڵێن دەدەن چیتر واز لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەهێنن بەم شێوەیە لە لایەن ناحەزانی‌یەوە سوکایەتی پێ بکرێت، لەم ساڵەدا حەفتاو سێ پیاوو دوو ژنی موسڵمان لەگەڵ خزمە هاوبەش پەیداکەرەکانیان دا دێن بۆ حەج و لەناو ئەواندا خۆیان حەشار دەدەن و بەڵێنی پێگەیشتنیان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) شێوەی عەقەبەیە لە سێ یەکی شەوداو لەو کاتەی خەڵکی نوستوون ، یەکیەك و دوو دوو دەچن بۆ شیوی عەقەبە تا لێی کۆدەبنەوە ئەمەش لە(ایام التشریق)دا ڕووی‌دا .. پاش ئەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە هاوەڵی عەبباسی مامی کە تا ئەو کاتەش (مُشرك) بوو بەشداری ئەم دانیشتنە دەکات و سەرنجی خۆی لە بارەی چوونی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەنادانیەوە دەخاتە ڕوو .. ئەوەش باس دەکات کە تاوەکو ئێستا توانیویانە بیپارێزن جا ئێوەش ئەگەر دەتوانن بیپارێزن و بەڵێنی خۆتان دەبەنە سەر ئەوە باشە ئەگینا هەر لە ئێستاوە وازی لێ بهێنن .

بە سەرنجدانی خاڵە وردەکانی ئەم کۆبوونەوەیە ئەوە دەردەکەوێت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باوەڕداران خاوەنی نەخشەیەکی ورد بوون و توانیویانە لە نێوەندێك باس لە زەمینە سازی پێکهاتەیەك بکەن کە گەمارۆ دراوە بە هاوبەش پەیداکەران و نەیاران ، لە لایەکەوە لە مەککەدان و لەو لاشەوە ئەنساری‌یەکان تێکەڵن بە خزمە هاوبەش پەیداکەرەکانیان ئەمە جگە لە هێزەکانی دەوروو بەریان کە دوورگەی عەرەبی شوێن و پێکهاتیەکی زۆر لاوازە بەبەراوورد لەگەڵ ئەواندا.

---

* دەربڕینی چەمکی (دەوڵەت) لێرەدا واتایەکی سادەی هەیە و تەواو یەکسان وپڕاوپڕ نی‌یە بە چەمکی دەوڵەت لە تێگەیشتنی نوێدا بەڵام سەرەتایەکە لەو ڕووەوە .

لـه لایـەکی تـرەوە دەسـت نیشـان کردنـی کـاتی دوای سـێ یـەکی شـەو ڕۆیشـتنێکی زۆر وورياپانـه كـه هـاوەڵان بـه چـرپەی قـەتێ دەیچوێنن ، گێڕانـەوەکانیش بـاس لـەوە دەکـەن کـه هاوەڵانی مەککە ئاگاداری ئەم کۆبوونەوەیە نەبوون جگـە لەوانـە نـەبێت کـە پەیوەنـدییان بـەم دانیشـتنەوە هـەبوو وەك ئـەبو بکـرو عـەلی کـە بـۆ پاسـەوانی لـەم سـەرو سـەری شـیوەکەوە دانرابـوون، بەشـداری عەبباسـیش چـەندان مانـا لـەخۆ دەگرێـت لەوانـە دروسـتی بەشـداری پـێکردنی کەسـایەتییە نائیسـلامییەکان بـۆ گۆڕانکارییـەکی سیاسـی کـە لـە خزمـەتی ئیسلامو موسڵماناندایە یا بۆسوود وەرگرتن لە تواناو لێ زانینیان یان بەشداری پێکردنیان لـە نەخشـەو جێجێبەجێکردنـدا بـە مـەرجێك پاڵپشـتو گـوێ ڕایـەڵییان هـەبێت بـۆ سـەرکردایەتییە ئیسـلامییەکان یـاخود بـە مانایـەکی تـر پابەنـدبن بـە هێڵـە گشـتییەکانی دەوڵەت و بەرژەوەندی خەڵکەوە .

کاتێـك بـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەگـەن ئامـادەیی خۆیـان بـۆ بەیعـەت دان دەردەبڕنو پێغەمبـەری خواش (ﷺ) بەرچاو ڕۆشنییان پێ دەدا و خاڵـەکانی ئـەم بەیعەتـەیان بـۆ ڕوون دەکاتەوە کە بریتی بوون لە :

١- بیستنو گـوێ ڕایـەڵی کـردن لـە هـەموو کاتێك دا ، کـاتی چوسـتو چالاکیو کـاتی خاوو خلیچکی .
٢- بەخشین لە کاتی خۆشیو ناخۆشی .
٣- فەرمان بە چاکەو ڕێگرتن (نهی) لە خراپە .
٤- لە پێناوی خوادا هەرچی ڕەوایەك هەیە بوترێ و لە لۆمەی لۆمەکاران نەترسن .
٥- پشتگیرییو پشتیوانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەن ئەگەر چوو بۆلایـان وەکـو ماڵو منالی خۆیان بیپارێزن لە بەرامبەریش دا بەهەشتیان بۆ هەیە .

لێرەدا هاوەڵەکان دەیانەوێت هەستن تا بەیعەت بدەن لەسەر ئەم خاڵانە بەڵام لـەو کاتـەدا هاوەڵێك لە ئەنسارییەکان ( أسعد بن زراره ) هەڵوێستەیەکیان پێدەکاتو ئاگاداریان دەکات کـه ئەمـه شـتێکی هـەروا ئاسـان نییـە، ئـەم بەیعەتـە مانـای دژایـەتی کردنـی عەرەبـە، مانـای کوشتنی پیاوە گەورەکانیانە .. بەڵام ئەنسارییەکان لەمە دەگەنو ئامادەیی خۆیـان بـۆ ئـەم کـارە دەردەبڕن .. لەولاشـەوە ئەنسـارییەکان جۆرێـك لـە پـەیمان لـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) وەردەگـرن کـە دوای سـەرکەوتنی بـەجێیان نـەهێڵێ، پێغەمبـەری خـواش (ﷺ) دوای زەردە خەنەیـەك ئـەوەیان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە کـە خـوێنی ئـەوان یەکێکـەو وەك یـەك پێکهاتـە وایـە

لەگەڵیاندا ، جەنگ‌و ئاشتی‌یان یەکێکە، هەروەك دەڵێت ( بل الدم الدم والهدم الهدم أنا منكم وأنتم مني أحارب من حاربتم وأسالم من سالمتم)[١]

بەسەرنج دانی ئەو پێنج داواکاری‌یەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەیعەتیان لەسەری وەردەگرێ ، ئەوە بەدەر دەکەوێ کە ئەمە جگە لەوەی بەیعەتە لەسەر ئیسلام لەهەمان کاتدا بەیعەتە لەسەر بەرپاکردنی دەوڵەتی ئیسلامیش‌و لەو پێناوەشدا ئامادەی سەرجەم پێشهات‌و گریمانەکانیان هەیە و ئامادەن تا دواساتەکانی ژیانیان بە هەموو هێزێکیانەوە بیپارێزن و بەرگری لە پێغەمبەری خواو (ﷺ) ئاینەکەی بکەن ..

هەرلەم بەیعەتەشدا دۆخێکی تازە دێتە پێشەوە و چاوەڕێیان دەکات کە بریتی‌یە لە جەنگ کردن لەگەڵ ڕەش و سپی ، جیا بوونەوە لە عەرەب .. کوژرانی پیاوە گەورەو دەم سپی‌یەکانیان ، لەناوچونی ماڵ‌و سامانیان ... لەم هەلو مەرجەدا سەرجەم ئامادەبوان بەیعەت بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەدەن لەسەر ئەو خاڵانەی کە باس کرا ..

ئالێرە و لە ئاوا ساتێکدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای ئەوەیان لێ دەکات لە نێوان خۆیاندا دوانزە کەس هەڵبژێرن ، بەڵێ هەڵیبژێرن ؟! تا ببنە نەقیبی قەومەکانیان هەر لەوێدا هەڵیان بژاردن ، نۆیان لە خەزرەج‌و سیانیان لە ئەوس .. پاش ئەوەی ئەمانە هەڵبژێران پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەڵێنێکی لە هەڵبژێردراوەکان وەرگرت بەو پێ‌یەی لێپرسراون و پێ‌ی فەرموون (( ئێوە کەفیلی هەموو شتێکی قەومەکانتانن وەك کەفالەتی حەواری‌یەکان بۆ عیسای کوڕی مەریەم منیش کەفیلی قەومەکەمم (واتە موسڵمانان) ئەوانیش ووتیان بەڵێ))[١] لێرەوە دەکرێ سەرنج بدرێ لەوەی کە چەمکی هەڵبژاردن و دیاری کردن لە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی ئیسلامدا شتێکی بنەڕەتی‌و سەرەکی‌یە و نامۆ نی‌یە بە فیکری ئیسلامی ، خۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیتوانی هەر ساڵی یەکەم لە بەیعەی یەکەم دا خۆی دەستنیشانی نەقیبەکان بکات و لە ساڵی داهاتوودا ئەم کارە نەسپێرێ بەوان ، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) وا ناکات و ئەم کارە بە خۆیان دەسپێرێ و ڕێزی هەڵبژاردنەکەیان دەگرێ .. لە لایەکی ترەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەرك بۆ لێپرسراو و هەڵبژێردراوەکان

---

[١] السيرة النبوية لابن هشام ٤٢٢/١

[١] سەرچاوەی پێشوو ٤٤٦/١

دەست نیشان دەکات و خۆشی لەم کارە هەڵناوێری و خۆی دەکات بە کەفیلی قەومەکەی خۆی [٢]...

ئەو بەڵێنو بەیعەتەی کە لە نێوان پێغەمبەری خواو ئەنصاردا ڕوویدا لە عەقەبەدا دا بە هەردوکیانەوە یەکەمو دووەم بە بەردی بناغەی بنیات نانی دەوڵەتی ئیسلامی دادەنرێ ، چونکە ئەم بەڵێنو بەیعەتە دەربڕی ئەو پەیمانو ڕێککەوتنەیە کە لە نێوان پێغەمبەرو دانیشتوانی (یثرب) دا بەدی هات لە پێناو بەرپاکردنی کۆمەڵگەی ئیسلامی ..

لەم بارەوە د. ضیاء الدین الریسي لە کتێبی ((النظریات السیاسیة الاسلامیة)) ل ١٧ دەڵێ:(لە ڕاستیدا ئەم دوو بەڵێن نامەیە کە هیچ کەسێ گومانی تێیە لە ڕوودانیان دا خاڵی وەرچەرخانن لە مێژووی ئیسلامدا ، کۆچ کردنیش بەتەنها یەکێکە لە بەرئەنجامەکانیان ، دیدی ڕاستو تەواویش ئەوەیە کە ئەم دوو بەڵێن نامەیە بەردی بناغەن لە بنیات نانی دەوڵەتی ئیسلامیدا ، ئەم دوو بەڵێن نامەیە زۆر دەچوێن بەو پەیمانە کۆمەڵایەتیانەی کە هەندێ لە فەیلەسوفە سیاسیەکانی چاخی نوێ گریمانەی بوون و ڕوودانی بۆ دەکەن بە بناغەی دادەنێن بۆ دروست بوونی دەوڵەتو حکومەتەکان ، بەلام ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتیەی ڕۆسۆ و هاوەڵانی قسەی لەسەر دەکەن تەنها وەهمو خەیاڵە ، بەلام ئەو پەیمانەی کە لێرەدا دووجار ڕوویداوەو دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر بنیات نرا پەیماننامەیەکی مێژوویە و ڕاستیەکە هەمووان دەیزانن ، تیایدا ڕێکەوتنێك بەدی هات لە نێوان چەندان ویستی مرۆیانەی ئازادو چەندان بیری هۆشیاری پێگەیشتوو لە پێناو پەیامێکی بەرزو بالا)[١]

ئەم بەیعەتدانە خاڵێکی سەرەتاو گرنگ بوو بۆ مێژوویەکی نوێ سەبارەت بە مێژووی ئیسلامیو پاشتریش بە کوچ کردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمانان ناوەڕۆکی ئەم بەڵێن

---

[٢] سەیری ئەم سەرچاوانە بکە .

١. السیرة النبویة لابن هشام

٢.المنهج الکرکي للسیرة النبویة

٣.السیرة النبویة الصحیحة

٤.فقه السیرة

٥. الرحقیق المختوم ((کە ئەم ڕووداوە مێژوویەیان بە درێژی تیا باس کراوە ))

[١] نضام الحکم في الاسلام .. د. محمد فاروق البنهان ل٩٢.

نامەیە جێبەجێ کرا .. بەگەیشتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ مەدینە ، وورده وورده دەست کرا بە تۆکمەکردنی ڕیزی ناوخۆی مەدینە هەر لەبنیاتنانی بەردی بناغەی مزگەوتەوەتا یاساو سیستمی برایەتی نێوان کۆچکەرو پشتیوانان و تا بەڵگەنامەی نێوان موسڵمانان و جولەکە و موسڵمانان لەنێوان خۆیاندا کە بۆ ئەم بەڵگە نامەیە لە بەرگرتنگی یەکەی باسێکی سەربەخۆی بۆ تایبەت دەکەین ئەمە جگە لە بەردەوام دابەزینی وەحی بۆ تۆکمە کردنی ئەو پێکهاتە تازەیەو گەشەپێدانی ... بەلاَم ئایا دەکرێ ئەم دەسەلاَتەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مەدینەدا بە دەوڵەت ناوزەد بکرێ ؟ ئەگەر وایە چ جۆرێکە لە جۆرەکانی دەوڵەت؟!..

بەسەرنج دانو خوێندنەوەیەکی خێرای ئەو دەسەلاَتەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مەدینەدا دروستی کرد دەتوانین بڵێین پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەوڵەتی بەچەمکە یاساییەکەی دروست کردوە کە بریتیيە لە کۆمەڵە خەڵکێك کە لەسەر هەرێمێکی دیاریکراو بەشێوەیەکی بەردەوام نیشتەجێن و بە کۆمەڵێك چەمكو پێوەرو قەناعەتەوە پەیوەستن کە مایەی جیاکاریو یەکخستنی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەیە و دەسەلاَتێکی بالاَش فەرمانڕەواییان دەکات [٢].

بەو پێیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ ئەرکە تایبەتیەکانی وەکو ڕەوانەکراوێکی خوای گەورە هەستاوە بە کارێکی تر کە ئەویش پیادەکردنو ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕو تەشریعاتەکانی تری پێغەمبەرایەتیيە کە بریتیيە لە دروست کردنی دەوڵەت .. بەلاَم ئایا ئەم دەوڵەتە چ جۆرێکە لە دەوڵەت ... ئایا دەوڵەتێکە پێی دەوترێت دەوڵەتێکی سادە یان پێکهاتە ...

بەڕامان لەو بابەتە دەگەین بەو ئەنجامەی کە ئەو دەوڵەتەی پێغەمبەری خوا پێکیهێنا بریتیبووە لە دەوڵەتێکی سادە ( الدولة البسيطة ) * کە ئەم جۆرەی دەوڵەتیش و ڕەگەزە سەرەکیەکانی دەوڵەتی تیادا دێتە دی کە گەلو هەرێمو دەسەلاَتی سیاسیيە و هەڵدەستێ بە کاروبارو تایبەتمەندیيەکانی فەرمانڕەوایی بە شێوەیەکی یەکگرتوو بەدەر لەوەی کە جۆری سیستمی فەرمانڕەواییيەکە یا شێوازی ئەو حکومەتە لە دەوڵەتدا چ فۆرمێکی هەیە.. [٣]

---

[٢] سەیری الدولة ونظم السياسة بکە لا٢١

* دیارە بە چەمکە یاساییيەکەی

[٣] هەمان سەرچاوە لا ٨٥

بەڵام دواتر دەوڵەتی ئیسلام لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدیندا شێوازی دەوڵەتی پێکهاتە (الدولة المركبة) ی وەرگرت بەهۆی دروست بوونی کۆمەڵێك بونیادو فراوانبونی بواری زەمینەی دەوڵەت .... پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەکو پێشتر باس کرا هەوڵیدا زەمینەسازی جێگەیەك بکات بۆ بانگەوازەکەی کە پاشتر دەبوە هەرێمی دەوڵەتەکەی بۆ ئەم مەبەستەش چەندان کاری جۆراو جۆری ئەنجام دا ... ئەوە بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەرەتاوە لە هەوڵی ئەوەدا بوو ئەو کارە لە مەککەدا بەدەست بهێنێ و لەوزەمینەدا پێگەو ڕێگەی خۆشکا بۆ دەوڵەتە چاوەڕوان کراوەکەی بەڵام بەهۆی چەندان هۆوە نەیتوانی نەك هەر ئەوە بکات بەڵکو دەربەدەریشیان کرد و تەنگیان پێهەڵچنی ، ئەوەبوو هەندێ لە موسڵمانانی ڕەوانەی حەبەشە کرد چونکە لەوێدا وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت:(( فإن بها ملكاً لا يظلم عنده احد )) ، پادشایەکیلێیە ستەم لەکەس ناکا ، ئەمەش بۆ ئەوە بووە تا موسڵمانان دەروازەیەکی نوێیان لێ بکرێتەوە و لەوێشدا هەندێ کاریگەری دروست بکەن ئەگین حەبەشە ئەو جێگەیە نەبوو کە پێغەمبەری خوا بتوانێ دەوڵەتەکەی تێدا درووست بکا لەبەر چەندان هۆ کە یەکێك لەوانە دووری حەبەشەو جیاوازی سروشتی دەوروبەرەکە بوو...هەربۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەردەوام بەدوای هەرێمێکی سازو لەباردا دەگەڕاو هەوڵیدەدا بۆی ... لەوبارەیەوە د.عمادالدین خلیل دەڵێ:- (کۆچی پێغەمبەر(ﷺ) لەوچرکە ساتانەوەدەست پێدەکا کەهەست دەکامەککە سازولەبار نییە بۆ بەرپاکردنی دەوڵەت ، وە ئەو شیوەی کەبەشاخ وچیاکان دەورەدراوە وکەعبە کەی جممەیدێ بەبتەکان ، ناکرێببێتە نیشتمان ) [1] هەربۆیە لەم میانەیەدا هەوڵ دەدا پێگەلە(طائف)دا دروست کا ، بەڵام ئەوەبوو بۆی نەچووە سەرو بەدڵ شکاوی دەریان کرد ،پاشتر ئەمەی لەمەدینەدا بۆ بەدەست هات و چەندان هۆکار وایکرد کەمەدینە شوێنێکی لەباربێ بۆ ئەوکارە گرنگە لەوانە سازیو لەباری باریئابووریو دەشتوانرا باری ئابووری مەککەشی لێوە بخرێتە مەترسییەوە ، چونکە ڕێگەی کاروانی بازرگانی قوڕەیش بوو ، ئەمە جگە لە بوونی جولەکەو سود وەرگرتنی مەدینەییەکان لە جولەکەکان بەو پێیەی خاوەنی ئاینێکی ئاسمانی بوون و ستراتیژبوونی شاری مەدینەش خاڵێکی ڕوون و بەرچاوە بۆ ئەو سەردەمە .

---

[1] د . عماد الدين خليل ... خطوات الهجرة و الحركة لا٥ ـــــ دولة المدينة المنورة وتشريعاتها الدستورية لا ٢٢ .

دیاره دانیشتوانیش لێرەدا بوونی هەیە کە بریتیەیە لەخەڵکی مەدینە بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە بە موسڵمان و هاوبەش پەیداکەرو جولەکەوە ، بەمەش گەلێك دەستە بەردەبێت .

مەسەلەی دەسەلات و دامەزراوەکانی فەرمان ڕەوایی ئەوا دیارە بەشێوەیەکی سادەوشیاو بۆ واقعی ئەو کاتە لەئارادا بووە ، لەم مەیدانەش پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەچەندان کار هەستاوە . جگە لەو دەسەلاتە ڕوحیو ئیمانیەی لە پێغەمبەرایەتیەکەیەوە بویەتی بەسەرموسڵماناندا ، ئەمەش مانای وانیە کەهیچ ئامرازێکی بەڕێوەبردنی کاروباری دەولەت داری نەگیراوەتەبەر ... بەڵکو بۆ ئەم مەبەستە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەندان ڕێو شوێنی جێبەجێ کردنی گرتووەبەر کە دەکرێ لێرەدا ڕۆیشتنێکی خێرای بەسەردابکەین (گرتنە بەری ڕەوتە تەشریعیەکەی بوارێکی فراوانەو لێرەدا لیٚ ی نادوێین ) .

هەر لەگەڵ گەیشتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ مەدینە کەماوەو سەردەمی دووەمی پەیامەکەی پێغەمبەری ئیسلامە ،سەرەتا هەستا بەچەند هەنگاوێ لەوانە (دروست کردنی مزگەوت و ، برایەتی نێوان کۆچەرو پشتیوانەکان ، (صحیفە)ی مەدینە ، )کە سەرجەم ئەمانە تەنها بەڵگە نییە بۆ بنیات نانی کۆمەڵگەی ئیسلامی و هیچیتر ، بەڵکو بەڵگەشە لەسەر بنیات نان و دامەزراندنی دەسەلاتێك کە پاشتر خۆی سەرپەرشتی دەکا بەوپێیەی سروشتی پەیامەکەی دەیخوازێ .

قورئانیش لەلایەن خۆیەوە ( وەك پەیامی پێغەمبەری خوا) ئەم گواستنەوەو گۆڕانکاریە دەردەبڕێو ئەمەش لە میانەی ئەو گۆڕانکاریەدایە کە گوتاری قورئانی بەخۆیەوە بینی وەك جیاکاریەك لە نێوان ئەم قۆناغە نوێیەو قۆناغی پێشتر ، گوتاری قورئانی لە قۆناغی مەککە گشتی بونێکی پێوەدیاربوو ، بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ خەڵکیدا دەدوا سەبارەت بە چەندان بابەت کە مۆرکی بیروباوەڕی ( إعتقادي ) بەسەریدازاڵ بوو ، بەلام لە مەدینەدا گوتارەکە زیاتر ئاڕاستەی دەستەیەکی دیاری کراوبوو کە ئەو دەستەو کۆمەڵە بوو وەلامی پێغەمبەری خوایان دایەوە و باوەڕیان پیێ هێنا ، بابەتەکانیشی زیاتر مۆرکی یاسایی (تەشریعی) بەسەریدا زاڵ بوو .

بە گەیشتنی پێغەمبەری خوا بۆ مەدینە وەك سەرۆکێکی شاری لیٚ هات و دەسەلاتەکەشی وردە وردە لە زیاد بووندا بوو ، بە شێوەیەکی ئاسایی بووە سەرکردەو کاروباری دونیاو ئاراستە کەری باری ڕۆحیئیمانیان بوو ... لێرەوە پێغەمبەی خوا (ع)

دەسەڵات دەگرێتە دەستەوە و (صحیفة) دەنوسێ بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژیانی سیاسیو بەڕێوەبەرییان ، وورده وورده دەست کرا بە سازدانی دەزگاکانی دەوڵەت بەشێوەیەك کەشیاوی ئەوسەردەم و بارودۆخەبوو . بۆئەوەی حکومەتی مەدینە بتوانێ تەشریعات و ئەو داواکارییانەی پەیوەندی بەدەسەڵاتەوە هەیە لەسەرەخۆ لەزەمینەی واقعدا پیادەبێ ، لەڕووە تەشریعییەکەیەوە : دەسەڵاتی مەدینە دەستوورو تەشریعێکی جێگری هەبوو لەشتە نەگۆڕەکاندا وبەوەحیو سروش دادەبەزی بۆکاروبارە ژیانی و ئاینییەکانیان ، پێغەمبەری خواش بە فەرموودەکانی زیاتر بۆی ڕوون دەکردنەوە و بەعەمەلی دەیخستە پێش چاویان ، تەشریع وپاساکان ( لە قورئاندا ) نوسرابوونەوەو لەسنگی موسڵماناندا پارێزرا بوو، موسڵمانانیش بەقەناعەت وباوەڕەوە جێبەجێیان دەکردن و لەکاتی هەر ناڕوونییەکیش دا پرسیاریان لەپێغەمبەری خوا ئەکرد .

بە سەیرکردنێکی ڕێکخستنی سیاسی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) دەبینین زۆربەیدەسەڵاتەکان (تەشریعی ، تەنفیزی ، قەزائی ) لەژێر دەستی پێغەمبەری خوادا بوو ، لەبواری تەشریعیدا پێغەمبەری خوا بڕیارو فەرمانەکانی خوای وەردەگرت و هەرخۆشی بە فەرموودەکانی بۆی ڕوون دەکردنەوە _ یا لەژێر تیشکی وەحیدا شتیتریپێدەگوتن ... بەهەمان شێوەش لە زۆربەی بوارە تەنفیزیو قەزائییەکانی تردا ... کە دواتر ئاماژەیان پێدەکەین .

لە ڕوانگەی شێوازو شەکلی دەوڵەتەوە ئەوەنەبێ دەوڵەت بەتەنها ڕوکارێکی ئاینی هەبێ ، بەڵکو لە ڕوانگەی ڕێکخستنیشەوە شێوازو شەکلی سیاسی وەرگرت ، هەر بۆ نمونە لەوانە:

* سەرۆکی دەوڵەت : بە پێی هەریەکە لە پلەوپایەی پەیام وسەرۆکایەتی ، پێغەمبەری خوا بو بەسەرۆك و سەرکردەی وولات وسەرجەم سەلاحیەتەکانی سەرۆکی وولاتی پیادەکرد ، لەهەمان کاتدا هەڵدەسا بە سەرجەم کارو مەهامە ئاینیەکانی بەشێوەیەکی تەواو ، لێرەوە پێغەمبەری خوا هەردوو ڕۆڵی دەسەلات دارێتی دونیاو ئاینی پێکەوە بە ئەنجام دەگەیاندو (صحیفة)ی مەدینەش ئەم ڕۆڵەی پێ دەبەخشێ بەو ئاماژەیەی کە دەڵێ :(هەر ڕوداوێك و ناکۆکییەك کە لە نێوان جێبەجێکارانی ئەم ( صحیفة ) یەدا ڕوو دەداو مەترسیخراپ بوونی هەیە ئەوا دەبێت بگەڕێنرێتەوە بۆ لای خوا ، وە بۆ لای پێغەمبەری خوا ) ی ادەڵێ (وە ئێوە هەر جیاوازییەکاتان تێکەوت ئەوا دەبرێتەوە بۆ لای خواو بۆ لای موحەممەد ) .

به پێ ی ئه‌م سه‌رۆکایه‌تی‌یه‌ش له‌ هه‌ردوو ڕووه‌که‌وه‌ پێغه‌مبه‌ری خوا هه‌ڵ ده‌سا به‌ سه‌رپه‌رشتی کردنی سه‌رجه‌م ده‌زگا جێبه‌جێکاری‌و ته‌شریعی‌و قه‌زایی‌یه‌کان ، ئه‌و له‌ڕوانگه‌ی په‌یامه‌که‌وه‌ یه‌که‌م شه‌رع دانه‌رو بڕیار به‌ده‌ست بوو ،له‌ هه‌مان کاتدا پێش نوێژو ڕاگه‌یه‌نه‌ری دروشمی په‌رستشه‌کانیان بوو ، هه‌ر خۆشی (دیاره‌ هاوکاری موسڵمانانیشی له‌گه‌ڵ دابوو ) به‌ڵام وه‌ك سه‌رۆك سوپای ده‌خسته‌ڕێ‌و نێردراوه‌کانی‌ده‌ناردو کاغه‌زونامه‌ی بۆ پاشاو سه‌رۆکه‌کان ده‌ناردو پێشوازی له‌ وه‌فده‌کان ده‌کردو سه‌فیره‌کانی‌دیاری‌ده‌کرد ، هه‌ر له‌ژێ ڕفه‌رمانده‌یی ئه‌ودا ئاڕاسته‌ی بواری ژیانی کۆمه‌ڵایه‌تی‌و سیاسی‌و به‌ڕێوه‌به‌رێتی گشتی ده‌کرا له‌ ده‌وڵه‌ت دا ، به‌م شێوه‌یه‌ ده‌وڵه‌تی‌مه‌دینه‌ ده‌وڵه‌تێکی‌خاوه‌ن مه‌رجه‌عیه‌تێکی قیادی‌بووکه‌ له‌ که‌سێتی پێغه‌مبه‌ری خوادا (ﷺ) خۆی ده‌نواند ، هاوکات پشت ئه‌ستوور بوو به‌ لێبڕاوێتی هاوه‌ڵانی .

به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی هه‌ردوو بواری ١-جێبه‌جێکردن و٢-قه‌زایی تایبه‌ت بوون به‌ پێغه‌مبه‌ری خواوه‌ (ع) به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) هه‌ندێ کارو ( مهمة )ی له‌م دوو بواره‌دا ده‌سپارد به‌ هاوه‌ڵانی ، له‌ڕووی جێبه‌جێکردن ( تنفيذ )ی یه‌وه‌ ، له‌ کاروباره‌ گشتی‌و تایبه‌تی‌یه‌کاندا ڕاوێژی به‌ هاوه‌ڵانی ده‌کردو خاوه‌ن ڕا ( إهل الرأي ) و لێ زانه‌کان هاوکاری‌یان ده‌کرد ، له‌ سه‌رده‌می خۆیدا ئه‌بوبه‌کرو عومه‌ر وه‌کو وه‌زیری ئه‌و ناسرابوون ، له‌م باره‌یه‌وه‌ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رموویه‌تی ( وأما وزيراي من أهل الارض فأبوبكر وعمر) سنن الترمذي كتاب الإيمان باب وظائف الملائكة حديث ٣٦١٣ ) .

هه‌ر کاتێکیش پێغه‌مبه‌ری خوا له‌ مه‌دینه‌ ده‌رچوایه‌ یا له‌وێ نه‌بوایه‌ که‌سێکی له‌ جێ ی خۆی داده‌نا بۆ کارئاسانی شاری مه‌دینه‌و به‌ڕێوه‌بردن و پاراستنی ، له‌وانه‌: دانانی سه‌عدی کوڕی عوباده‌ی ئه‌نساری له‌ کاتی جه‌نگی ( الأبواء ) له‌ ساڵی یه‌که‌می کۆچی‌و دانانی عوسمانی کوڕی عه‌ففان له‌ غه‌زوه‌ی ( غطفان )ی ساڵی دووه‌می کۆچی له‌کاتی جه‌نگی ( بنونضير )دا ، هه‌روه‌ها له‌ غه‌زوه‌ی ( تبوك )دا کاتێ بۆ جه‌نگی ڕۆم ده‌رچوو موحه‌مه‌دی کوڕی مه‌سله‌مه‌ی به‌جێ هێشت .

هه‌روه‌ها پێغه‌مبه‌ری خوا هه‌ڵ ده‌سا به‌ ڕاسپارده‌کردنی کردنی که‌سانێك بۆ به‌ڕێوه‌برنی کاروباری ئه‌و ناوچانه‌ی که‌ ڕزگار ده‌کران هه‌روه‌ك له‌ مه‌ککه‌دا کردی ئه‌وه‌بوو دوای ڕزگار کردنی له‌ ساڵی هه‌شتی کۆچی‌دا بۆ به‌ڕێوه‌بردنی کاروباره‌کانی ( عتاب ی کوڕی أسيد )ی بۆ داناو موچه‌یه‌کی دیاری کراوی بۆدانا ، که‌ سه‌رچاوه‌کان ئاماژه‌ بۆ ئه‌وه‌ ده‌که‌ن که‌ ئه‌مه‌

یەکەم موچە ( راتب ) بیٚ کە لە ئیسلامدا دراوەو بریتی بووە لە یەك درهەم بۆ هەر ڕۆژێك ، هەروەها دانانی عوسمانی کوڕی أبي العاص الثقفي بۆ بەڕێوە بردنی ( طائف ) و مالکی کوڕی عوف بۆ هۆزەکەی خۆی ( هوازن ) و ( منذری کوڕی ساوي ) بۆ بەحرەین پاشتریش ( علاءالحضرمي ) و ( أبان ی کوڕی سەعید ) بۆ هەمان شوێن و ئەبو موسای ئەشعەی بۆ سەریەمەن و چەندانی تر .

لەگەڵ ئەم دەست نیشان کردنانەدا سەرچاوەکان ناوی چەندان کەسێتیمان بۆ باس دەکات کە پێغەمبەری خوا چەندان کاری قەزاییو کاروباری ئاینیی لە هەمان ناوچەدا پیٚ سپاردوون بە تایبەت ئەو ناوچانەی کە سەرپەرشتی کردنی بەدەست کەسی ئەو ناوچانەوەبوو ، وەك دەست نیشان کردنی موعازی کوڕی جەبەل بۆ سەر مەککەو پاشتر لە سەریەمەن ، وە تەکلیف کردنی عەلی کوڕی ئەبو تالیب بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکییەکان لە هەندیٚ ناوچەی دەورووبەری مەدینە ، ئەمە جگە لەوەی پێغەمبەری خوا خۆیشی بە تایبەتی بۆ ئەم جۆرە کارە دادەنیشت و ئەنجامی دەدا . بە تایبەتیش لە سەرەتادا ... ئەوە بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی هەڵسا بە چارەسەر کردنی ناکۆکییەکانی نێوان خەڵکی مەدینە ، پاش فراوان بوونی ناوچە ئازاد کراوەکانیش ، پێغەمبەری خوا کەسانی تری ڕادەسپارد بۆ فێرکردنیان و سەرپەرشتی کردنی کاروباری قەزا ، لەگەڵ ئەوانەشدا کە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی ( عام ) یان پیٚ سپێردرابوو لەناوچەو سنوری کاریاندا ، لە هەندیٚ کاتی کەمیش دا پێغەمبەری خوا چەند کەسانێکی دەنارد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دیاری کراو یا ڕووکردنە ناوچەی دیاری کراو بە مەبەستی یەکلا کردنەوەی گرفتێکی دیارو ئاشکرا ... دیارە بە فراوان بوونی دەسەڵات و بوارەکانی دواتر دەزگای تایبەت و بواری فراوانتر بەدیهات ...

دەزگای قەزایی: کە گرنگییەکەی چاك سازی کردنی ناکۆکیو کێشەکانی خەڵکی بوو، بریتی بوو لە پاراستنی سنوورو مافەکان و( حرمات )ی خەڵکیو دەست گرتنی ستەمکارو سەندنەوەی مافی ستەم لیٚ کراو ،سەرەتا پێغەمبەریخوا لەسەرەوەی ئەم دەزگایەبوو ،ئەوە بووقەزاوەتی لە نێوان خەڵکی دادەکردوو هەندیٚ جار کاربەدەستی دەنارد بۆ یەکلایی کردنەوەی هەندیٚ وورده کێشەو چەند مەسەلەیەکی تر بە مۆڵەتی خۆی ، لەسەردەمی ئەبوبەکریش بەم شێوەیە مایەوە ، تا خەلافەتی عومەر ، ئەوەبوو عومەر قەزای کردە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بەدەر لەولایەت و بەڕێوەبەرێتی ، بۆ هەر ویلایەتێك قازییەکی دانا (

ئەبو دەرداء )ی کردە قازی مەدینەو شورەیحی کردە قازی بەسرەو ئەبوو موسای ئەشعەریش بۆ کوفەو بەم شێوەیە ، تا عەدالەت جێگەو پێگەو ڕێڕەوی خۆی بگرێ لەنێوان خەڵکیدا ، کاروباریش بەم شێوەیە لە سەردەمی عوسمان وعەلی دا بەردەوام بوو.

هەروەها دەکرێ هەندێ کاروباری ئەو سەردەمەی پێغەمبەری خوا لە چوار چێوەی دەزگای ڕاگەیاندن دا جێ بکرێتەوە وەك نوسەرو قورئان خوێنەکان ، ئەوەتانێ ژمارەی نووسەرەکانی پێغەمبەری خوا دەگەنە چل وشەش نوسەر لەناویاندا چوار خەلیفەی ڕاشدین و ئەبو ئەیوبی ئەنساری‌و ئەبو سوفیان و ئەرقەمی کوڕی ئەرقەم و بوڕەیدەی کوڕی حصیب وجوهەیمی کوڕی سەڵت و حوصەینی کوڕی نومەیرو خالیدی کوڕی وەلیدو چەندانی تر ... پیشەوکاری ئەوانە بریتی بوو لە نوسینەوەی وەحی‌و ناوی پاشاو سەرکردەکان و هەروەها پەیمان نامەو سوڵح و سەوداگەری‌و قەرزو باجەکان ( الجبایات ) هەروەها ئەوانەشی بە قورئان خوێن ناسرابوون لەنێومەدینە کەسانی وەکو زەیدی کوڕی ثابت‌و ئوبەی کوڕی کەعب و عوبادەی کوڕی صامت کەهەڵ دەسان بە فێرکردنی قورئان .

دەزگای سەربازیش: دەزگایەکی کارای سەردەمی پێغەمبەری خوا بوو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەرووی ئەم دەزگایەوە بوو ، هەر خۆشی سەرکردەی سوپا بوو کاتێك کە دەردەچوو بۆجەنگ ، ئەگەر خۆیشی نەچوایە سەرکردەیەکی بۆ دەست نیشان دەکردن ، بۆ خۆی پێغەمبەری خوا سەرکردایەتی بیست وشەش جەنگی کردووە و بۆ پەنجاو شەش جەنگی تریش هاوەڵانی تری دەست نیشان کردووە ، هەروەك ( ابن سعد لە طبقات الکبری ب/٢ ل ٨- ١٦٥) دا باسی دەکاو جەنگەکان دەژمێرێ‌و هەموو سەڵاحیاتێکی جەنگیشی دەبەخشی بە سەرکردەکانی وەك سازش ( مصالحە ) کردن یا ڕزگارکردن یا وەرگرتنی سەرانە ( جزیە ) ، بە ڕەچاوکردنی کردنی بنەما گرنگەکان و بارو دۆخە مرۆیی‌یەکان و بەرپرسیارێتی ئاینی لە جەنگەکاندا ، کاروبار تا سەردەمی ئەبوبەکر بەم شێوەیە بەردەوام بوو ، بەڵام کاتێ سەردەمی‌عومەر هات کۆمەڵێك سەربازی تایبەت کرد بۆ پاراستنی قەڵاو قولەکان و ڕزگارکردنی شارو وڵاتان و لە ( بیت المال )یش دا ڕزق ومووچەی بۆ بڕینەوە .

لە سەردەمی پێغەمبەری خوا و دواتریش دا دەزگای ئابوری و سەروەت و سامان ، گرنگی یەکی تایبەتی هەبووە بە هۆی ئەوەی ئیسلام گرنگی‌یەکی تایبەتی داوە بەم بوارە و پیادە کردنی کاروبارەکانیشی بە پێی بەرەو پێش چوونی بارو دۆخ گەشەی کرد ئەم دەزگایە تایبەت بوو بە کاروباری ماڵ وسامان ، کاروباری ئابووری لەژێر سەرپەرشتی

پێغەبەری خوادا بوو کار و پیشەی ئەم دەزگایە کۆکردنەوەی ماڵ و سامان و خێرو خێرات و ( فئ ) و دەست کەوتیتر بوو، پاشان دابەش کردنی بە سەر کەسە شیاوو هەژارەکاندا .. هەندێ لەو کەسانەی بەم کارە هەڵ دەسان و بە فەرمانی پێغەمبەری خوا داست نیشان کرابوون و لەچەند کاری تایبەت دا دانرابوون وەك:

## سەرپەرشتیاری غەنیمەت تالآنی جەنگ:

ئەمەش کاری کۆکردنەوەی غەنیمەتەکەو پاراستنی بوو تا لە شوێنی خۆیدا سەرف بکرێ ، بۆ ئەم کارە مەسعودی کوڕی عومەری قازی لە جەنگی ( حنين )دا دەست نیشان کرابوو .. هەش بوو کاری کارمەندو کۆکردنەوەی ( جزية ) بوو لە وانەی کەلێیان وەردەگیرا ، بۆ ئەم کارەی پێغەمبەی خوا (ﷺ) ئەبو عوبەیدەی ڕاسپارد تا لە خەڵکی نەجران و بەحرەینی وەرگرێ هەروەها ( موعازی کوڕی جەبەل )و ( عومەری کوڕی خەتاب ) و ( ئوبەی کوڕی کەعب ) و ( خالیدی کوڕی سەعید ) و چەندانی تر لەم کارەدا کاریان کردووە . هەشیان بوو ئەو خێرو خێراتەی کۆدەکردەوە کە لە لایەنی خەڵکەوە دەدرا لەم کارەشدا هەریەکە لە ( عەلی کوڕی ئەبوتالیب ) و ( عەمری کوڕی حەزم ) بەشداری کردووە ... ئەمە جگە لە کۆکردنەوەی زەکات کە فەریزەیەکی دیاری کراوەو لە ماڵ و سامان و ئاژەڵ و بازرگانی و بواری تردا هەیە ... لەوانەی لەسەرەتاوە بەم کارە هەستا وە عومەری کوڕی خەتاب و خالیدی کوڕی سەعید بووە ...هەشبووە پسپۆڕ و لێ زان بووە لە مەزەنە ( قەبلاندن ) و دەست نیشان کردنی بڕی شت و مەکەکاندا کە بە ( خارصون ) ناسراون لە وانەی بەم ئەرکە ڕاسپێراو بوون عەبدولاّی کوڕی ڕەواحەو جەباری کوڕی ( صخر )عەتتابی کوڕی ئوسەید و ...... هتد .

لە لایەکی ترەوە بۆ هەندێ کارو باری ئیداری پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەندێ نوسەری هەبووە لەوانە ( معیقب ی کوڕی ئەبی فاطمەی دوسی ) نووسەری غەنیمەتەکان بووە و زوبەیری کوڕی عەوام نوسەری ( صدقات ) بووە ..... هتد ، بە فراوان بوونی دەوڵەت ئەم دەزگایەو سەرجەم دەزگاکانی تر فراوانتر بوون.

دەزگای تەشریعیش لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) وەحی دایدەڕشت بەقورئان و سونەتەوە جایا قورئان سەبارەت بە ڕووداوەکان دادەبەزی ، یاپێغەمبەری خوا (ﷺ) ئیجتیهادی تیادا دەکردو ئەوەی دەی پێکا وەحی دانی پێدا دەناو ئەوەشی نەی دەپێکا

ڕاستی دەکردەوە ، لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) سەرجەم بنەماو بناغە تەشریعیی‌یە بنە ڕەتیەکان تەواو کراون ، کاروبارە ووردەکان و گۆڕانکاریەکان هێڵراونەتەوە بۆ زاناو پسپۆڕان ، بۆ ئەوەی لەڕێی شیاوی خۆیەوە بە پێی ڕێنماییە گشتی‌یەکانی شەریعەت و بەرژەوەندیەکانی موسوڵمانان و بە پێی قۆناغە جیاوازەکانی ئیجتهادی تێدا بکرێ...

ئەمە کورتەیەکی کەم بوو لە هەوڵی پێغەمبەری خوا لەم بوارەدا بەدەر لە ڕێنمایی یی‌کانی قورئان ، کە گەلێك زۆرو زەوەندەن .

جا نازانم ئەوانەی دەڵێن پێغەمبەری خوا بەهیچ شێوەیەك دەوڵەتی دروست نەکردووەو دەوڵەت داری نەکردووە ئەبێ وەڵامیان بۆ ئەم ڕەفتارانەی پێغەمبەری خوا چی‌بێ ؟ باشە پێغەمبەری‌خوا بۆ تەنها بە ڕاگەیاندنی بوارە مەعنەویاتە کانەوە وازی نەهێنا چی‌دابوو لە بەڕێوەبردن و دەوڵەت داری ؟ بۆچی هاوەڵانی لەم بوارەدا دەخستە گەڕو بۆیان دەپاڕایەوە و سەرزەنشتی دەکردن لەسەر هەندێ کاری نەشیاو کە لەومەیدانەدا لێ یان دەوەشایەوە ؟ ئامۆژگاری سەرکردەکانی دەکرد ... فەرمانی جوان ڕەفتاری‌و دادگەری‌و ماف پاراستنی لێ‌دەکردن ... چەندان وچەندانی تر ... ئەبێ‌بۆچی ؟ [1]

---

[1] بۆئەم بەشە جگە لەسەرچاوە سەرەکی‌یەکان کەئەم زانیاری‌یانەیان تێدا تۆمار کراوە ئێمە سودمان لەم سەرچاوانە وەرگرتووە :

١- محاظرات في تاريخ الافكار والنظم السياسية ى بسام عبدالحميد .

٢- دولة المدينة المنورة وتشريعاتها الدستورية .

٣- نظام الحكم في الإسلام د.محمد فاروق .

## ڕاگەیاندنی پەیمان نامەی مەدینە
## بنیات نانی دەوڵەت و لەسەرەتای پێکەوەژیانی دەستوریانە

یەکێك لەو بەڵگە هەرە دیارو ڕون و ئاشکرایانەی دەری دەخا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەم ڕۆڵی پێغەمبەرایەتی بینیوەو هەم لەژێر ڕۆشنایی سروشت و بانگەوازەکەیدا بۆ پیادەبوونی لە زەمینەیەکی دیاریکراودا هەوڵی داوەو ئەمەشی بەکرداری جێبەجێکردووە ، ئەو نوسراوە گرنگەیە کە لە سەرچاوە کۆنەکاندا بە ( الکتاب ) و ( الصحیفة ) ناسراوەو لە توێژینەوە نوێیە کانیشدا ووشەی ( دەستوور ) و ( بەڵگەنامە ـــ وثیقة )ی بۆ بەکار دەهێنرێت .

لەم بەڵگەنامەیەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاروباری دانیشتوانی مەدینە ڕێك دەخاو پەیوەندییەکانی نێوانیان دەست نیشان دەکا ، بۆ هەر کۆمەڵێکی شاری مەدینەش چەنان ماف و ئەرك دیاری دەکاو داواش دەکات کە هەموو لایەك پێیەوە پابەندبن ، ئەم نوسراوەش لە سەرچاوە مێژوییەکاندا باسکراوە ، لێرەش باسێك دەکەین لەم بەڵگەنامەیە بە سوود وەرگرتن لە ( د. أکرم ضیاء العمري )[*] هەروەك لە ( السیرةالنبویة الصحیحة )ە کەیدا هێناویەتی ...

### ( ڕێگەکانی هاتنی ئەم بەڵگەنامەیە )

گرنگی باس کردن لەم بەڵگەنامەیە لە چەندان ڕووەوەیە یەکێك لەوانە ، دروست بوونی دەوڵەتەکە لەسە ربنەمای چەند خاڵێکی تۆکمە کە لەشێوەی دەستورێکی ڕوون و ئاشکرادایە ، لێرەش قسە لەسەر دەوڵەتی مەدینەیە ، دەوڵەتی مەدینەش لە سەروی هەرەمەکەوە پێغەمبەری خوایە کە خاوەنی بانگەشەیەکی ئاسمانییە ، سەلماندنی ڕاستی ئەم بەڵگەنامەیە چەندان دەرگا دادەخا بەڕووی ئەوانەی دەیانەوێ ئەگەر بەزۆریش بووە بیسەلمێنن ئیسلام تەنها پەیوندی نێوان بەندەو خوایە ، یاسا نییە بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگە ، سیاسەت و ئیسلام کوجا مەرحەبا ... بەڵام ئەی دەبێ دوای سەلماندنی ئەم

---

(*) د. أکرم ضیاء العمري پسپۆڕە لەبواری(السیرة)داولەم بوارەشدا سەرپەرشتی چەندان نامەیماستەرو دکتۆرای کردووە ، ئەمەجگەلە بڵاوکراوەکانیتری لەم بوارەدا .      ( نوسەر )

بەڵگەنامەیە ، دروست كردنی ئاوەها كیانێك بەچیلێك بدرێتەوەو چۆن پاساو بدرێ ... ئایا چوونە ژێر ژیانی واقعی هۆزایەتی ئەو سەردەمەیە ؟ یاخود ئەمە تەنها لە تایبەتمەندی پێغەمبەری خوایە و درێژ نابێتەوە بۆ سەردەمەكانی دوایخۆی ... ؟ ئایا چ بەڵگەیەك هەیە ئەمە كورت هەڵبێنێ لە سەردەمی وەحیدا ؟ ئەی ئەوانەی وەهادەڵێن لەم بارەیەوە چ بەڵگەیەكیان پێیە ؟ یاخود لەڕاستیدا ئەمە بەڵگەی پێكەوەگرێدانی دونیاو دینە لە ئیسلام دا ، ئەمانەوچەندان پرسیاری تر بەجێ دێڵین بۆ شوێنی خۆی و با ئێستە بچینە سەر بەڵگەنامەكە .

توێژەرەوە هاو چەرخەكان لە كاتێكدا پشت بەم بەڵگەنامەیە دەبەستن ، كە باس لە ڕێكخستنی پێغەمبەری خوا دەكەن لە مەدینەی مونەوەرەدا ، بەڵام زۆر گرنگە پێش ئاوەها كارێك لە مەودای ڕاستێتی ئەم بەڵگەنامەیە بكۆڵرێتەوە پێش ئەوەی توێژینەوەی لەسەربكرێ و بنەمای لەسەر دابڕێژرێ ، بەتایبەت كاتێ دەبینین نوسەری وا هەیە ئەم بەڵگەنامەیە بە هەڵبەستراو دادەنێ [١] .

جا لەبەر گرنگی ئەم بەڵگەنامەیە لەڕوانگە تەشریعی و مێژوویی‌یەكەیەوە ، پێویست دەكا پێوەرەكانی فەرموودەناسی تێدا بەكاربخرێ ، تا پلەی بەهێزی و لاوازی ڕوون بكرێتەوە ، وەك گێڕانەوەو هەواڵە مێژوویی‌یەكانی تر شل گیری لە ئاستدا نەكرێ ، كۆنترین كەسێك كە دەقی ئەم بەڵگەنامەیەی خستبێتەڕوو ( موحەمەدی كوڕی ئیسحاقە كە لە (١٥١ك) كۆچی دوایی كردووە ) بەڵام بەبێ ڕچە ( إسناد ) هێناویەتی [٢] ، هەریەكە لە ( ابن سید الناس[٣] و ابن كثیر[٤] ) بە ئاشكرایی ئەوەیان دەربڕیوە كە لە ئەوەوە وەریان گرتووە ، لە لای ئەوانیش هەروایە بەبێ ڕچە وەریان گرتووە ، بەیهەقیش لە ( السنن الكبرى/ ١٠٦/٨ " كتاب الديات " )دا ئەم ڕچە( سند )ی ابن اسحاق دەهێنێ كە دەست نیشانی پەیوەندی نێوان كۆچەرو پشتیوانان دەكا بەدەر لەو بەندانەی پەیوەستن بە جولەكەوە ، هەر بۆیە ناگونجێ لە هەمان ڕێگەوە وەری گرتبێ . ( ابن سید الناس ) باسی ئەوەدەكات كە ( ابن أبي خيثمة )

---

[١] مامۆستایوسف العش ئەم بۆچونەی لەیەكێك لەپەراوێزەكانی كتێبی (الدولة العربية وسقوطها) یفهلوزن دا دەر بڕیوە سەیری (ئەوسەرچاوەیەبكە ل ٢٠ پەراوێزی ٩ ــ لەوەرگێڕی (العش) ).

[٢] ابن هشام : السيرة النبوية ١ / ٥٠١-٥٠٤ .

[٣] ابن سيد الناس :عيون الأثر ١/ ١٩٧ – ١٩٨ .

[٤] ابن كثير : البداية و النهاية ٣/ ٢٢٤ – ٢٢٦ .

نوسـراوەكە ( بـە ڵگەنامەكـە )ی هێنـاوەو بـەم شـێوەیە ئیسـنادەكەی بـاس كـردووە ( حـدثنا أحمد بن خباب أبو الوليد حدثنا عيسى بن يوسف حدثنا كثير بن عبدالله بن عمرو المزني عن أبيه عن جده : أن رسول الله (ﷺ) كتب كتابا بين المهاجرين و الأنصار فذكر بنحوه ــ أي بنحـو الكتـاب الـذي أورده ابـن إسـحاق )[1] كـە ئەمـەش ئاماژەیـە بـە ڕێگەیـەكی تریئـەم بەڵگەنامەیە ، بەڵام پێ دەچێ باسی ئەو بەڵگەنامەیە لەو بەشەیكتێبەكەی ( ابن خيثمة )دا هاتبێ كە وون بووە چونكە سەرجەم بەشی كتێبەكەی هەروەك ( د. أكرم ) دەڵێ بە ئێمە نەگەیشتووە .

بە هەمان شێوە ئەم بەڵگەنامەیە لە كتێبی ( الأموال )ی ( أبي عبيد قاسم بن سلام )دا بە ئیسنادێكی ت رهاتووە بەم شێوەیە ( حدثني يحيى بن عبدالله بن بكير وعبدالله بن صالح قالا حدثنا الليث بن سعد قال حدثني عقيل بن خالد عن ابن شهاب أنه قال : بلغني أن رسول الله (ﷺ) كتـب بهـذا الكتـاب .... )[2] پاشـان باسـی بەنـدەكانی دەكـا . هـەروەها ئـەم بەڵگەنامەیە لە كتێبی ( الأموال )ی ( ابن زنجويه ) لە ڕێگەی ( زوهری ) یەوەهاتووە [3] .

ئەمـە ئـەو ڕێگایانـەبوو كـە دەقـی تـەواوی بەڵگەنامەكـەی لێـوە گێڕراوەتـەوە ، سـەرجەم گێڕرانـەوەكانیش وەكـو یـەكن حگـە لـە هەنـدێ پـاش وپێشـی و جیـاوازی چـەند دەربـڕین و ووشـەیەك یـان زیـادكردنی چـەند بەنـدێكی كـەم نـەبێ ئەمجیاوازییـەش كـار لـە ناوەڕۆكـە گشتییەكەی ناكات ....

## مێژووی نوسینی بەڵگەنامەكە

دوكتــور ( عمــری ) لای وایــە ڕای بــەهێز ئەوەیــە ئــەم بەڵگەنامەیــە لــە بناغــەدا دوو بەڵگەنامـەبن پاشـان مێژوونوسـان كردونیـان بەیـەك ، یەكـەمیان تایبەتـە بەجولەكەكانـەوەو

---

[1] ابن سيد الناس عيون الأثر ١٩٨/١ .

[2] ابو عبيد : الأموال ٥١٧ .

[3] حمیدی كوڕی زنجويه (٢٤٧ كۆچی دوایی كردووە) لەڕێگەی (صالح بن عبدالله بن صالح) ەوە وەكوئیسنادەكەی( أبو عبيد) هێناویەتی سەیری( كتاب الاموال لابن زنجويه . تحقيق د.شاكر ديب فياض رقم ٧٥٠) بكە .

سازش کردنە لەگەڵ ئەوان ، دووهەمیشیان چەند پابەندی‌یەکی تایبەتە بە موسڵمانان ، لە کۆچەرو پشتیوانەکان لە ڕوانگەی ماف و ئەرکەکانیانەوە .

هەروەها( د. العمری ) وا دادەنێ [٤] کە بەڵگەنامەی سازش کردن لەگەڵ جولەکەکان پێش ڕووداوی بەدری گەورە نوسرابێ ، بەڵام ئەوەی نێوان کۆچەرو پشتیوانەکان لە دوای بەدر نوسرابێ ، چونکە هەندێ سەرچاوە ئەوە ئاشکرا دەکەن کە هەر لەگەڵ هاتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ مەدینە سازش لەگەڵ جولەکەکان کرابێ ، ( ابوعبید قاسم بن سلام) دەڵێ ئەم بەڵگەنامەیە (( لە سەرەتای هاتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ)وە بۆ مەدینە نوسراوە پێش ئەوەی ئیسلام دیارو بەهێز بێ وە پێش ئەوەی فەرمان بدرێ بە وەرگرتنی (جزیە) لە خاوەن کیتابی‌یەکان )) [١]ئیسلامیش دوای جەنگی بەدر زیاتر بەهێزبوو ، جێگەو پایەی بەدەرکەوت ، ( البلاذري ) دەڵێ : " ووتویانە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ هیچ کەس نەجەنگاوەو هەجوی نەکرد ، وە هیچ سریەیەکی نەنارد تا ئایەتی (أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ ) (الحج:٣٩) بەسەریدا دانەبەزی ، هەر بۆیە یەکەم دەستەی سەربازی ( لواء )ێك کە خستیە ڕێ دەستەی سەربازی"حەمزەی کوڕی عبدالمطلب" بوو.[٢]

بەمەش ( البلاذري ) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەڵگەنامەی سازش کردن لەگەڵ جوولەکەدا پێش ناردنی ( سریە ) یەکە نووسراوە .

هەروەکو ڕونیشە دەستە ( سریە )یحەمزە لە ڕەمەزانی ساڵی یەکی کۆچیدابووە واتە پێش جەنگی بەدر بە ساڵێك و چەند ڕۆژ [٣] .

( بلاذري ) لە شوێنێکی تردا و لە کاتێکدا باس لە غەزوەی ( بنوقینقاع ) دەکا دەڵێ : " هۆکاری ئەم جەنگە ئەوەبوو کە کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ مەدینە سەرجەم

---

[٤] د.صالح العلي لەکتێبی (تنظيمات الرسول الإدارية في المدينة ص ٦) هەمان بۆچوونی هەیە .

[١] الأموال ژمارە ٥١٨ .

[٢] البلاذري : أسباب الأشراف ٢٨٦/١ .

[٣] سەیری الطبري :تأريخ ٤٠٢/٢ بکە کە لە(واقدی) وەریگرتووە ،بەڵام (ابن اسحاق) وادەبینێ کە(سریە)ی(عبیدەی کوڕی حارث) لەپێشتربووەوە لەسریەی (حمزە) ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کەکاتی ڕەوانەکردنیان لەیەکترەوەنزیك بووە ولە ربيع الأول یساڵی دوویکۆچیدابووە ، بەمەش هەردوولا ڕیچکن لەسەرئەوەی (سریە) سەرەتایی‌یەکان پێش بەدربووە، کەئەمەش گرنگە لەم باسەدا ، سەیری (ابن هشام : السيرة النبوية ١/ ٥٩٥) بکە .

جولەکەکان لەگەڵی ڕێك کەوتن و لە نێوان خۆیو ئەواندا نوسراوێك نوسرا ، بەڵام کاتێ موسڵمانان لە بەدردا سەرکەوتن و بە دەستی پڕ لە غەنیمەتەوە گەڕانەوە مەدینە ، ئەوان ستەم و دەست درێژییان کردوو پەیمان نامەکەیان شکاند [٤] .

بەم شێوەیە ( بلاذري ) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سازش و ڕێکەتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ جولەکەکاندا پێش بەدر بووە .

هەروەها ( طبري ) یش دەڵێ : " پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دوای گەڕانەوەی لە بەدر لە مەدینەدا جێگیر بوو ، لەپاش ئەوەی لە کاتی هاتنیدا بۆ مەدینە لەگەڵ جولەکەکاندا ڕێککەوتنی ئەنجام دابوو ، بەوەی یارمەتی هیچ کەسێ نەدەن ، لە دژی ، وە هەرکاتێکیش دوژمنێك تەنگی پێ هەڵچنی یارمەتی بدەن ، بەڵام کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بەدردا چەندان هاوبەش پەدا کەری قوڕەیشی کوشت ئێرەییان پێ بردو دەس درێژی یان نواند ... وە پەیمان شکێنییان بەدەر خست [١] .

بەم شێوەیە ئەم گوتەیەی ( طبري )ش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەڵگەنامەی سازش کردنی جولەکەکان لە کاتی هاتنی پێغەمبەری خوادا بووە بۆ مەدینە پێش ئەوەی جەنگی بەدر ڕوویدات .

بەڵام لە ( سنن أبي داود )[٢] دا هاتووە و ئاماژەی تیایە بە نوسینی پەیمان نامەیەك لە نێوان پێغەمبەری خواو جولەکە و هاوبەش پەیداکەرەکان دا پاش ئەوەی ( کعب ی کوڕیأشرف ) کوژرا . ( کعب )یش دوای بەدر کوژراوە ، ئەوە دەکرێ سازییەك بەدیبێ لە نێوان ئەم گێڕانەوەیەو گێڕانەوەی مێژوونوساندا بەوەی دەکرێ جارێکیتر بۆ دڵنیایی زیاتر دوای ئەم ڕووداوە ئەم بەڵگەنامەیە بنوسرێتەوە پاش ئەوەی بەهۆی ئەم ڕووداوەوە جولەکەوهاوبەش پەیداکەرەکان ترسێکیان لێ نیشتبوو .

بەڵام بەڵگەنامە ( وثیقة )ی نێوان کۆچەرو پشتیوانەکان ئەوا لە دوای بەڵگەنامەی ڕێککەوتن لەگەڵ جولەکەدا نوسرا لە ساڵی دووی کۆچیدا .

---

[٤] البلاذري : أنساب الأشراف ١/ ٣٠٨ .

[١] الطبري تأريخ الرسل و الملوك ٢/ ٤٧٩ .

[٢] أبو داود : سنن ٣/٤٠٢ .

( طـبري ) لـه ڕووداوەكـانی سـاڵی دووی كۆچـیدا نوسـیویەتی ( ووتـرا لـەم سـاڵەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوێن  بایی ( معاقل )ی نوسیو بە شیرەكەیەوە هەڵی دەواسی )[٣] ناوی ئەم شیرەش ذوالفقار بووە ، كە لە بەدردا بە غەنیمەت دەستی كەوتبوو .[٤]

ئـەو خـوێن بـایی ( معاقـل )ەی بـە شمشـێرەكەیەوە هەڵواسـرابوو چـەند دەقێكـی بەڵگەنامەكەی نێوان كۆچەرو پشتیوانان بوو هەروەك گێڕانەوەكەی ( ابن سعد ) باسی دەكا "عەبدوڵای كوڕی موسا هەواڵی پێداین ئەویش لە ئیسرائیل و جابیرو جابیربش لە عامرەوە كە ووتویەتی : لەكێلانی شیرەكەی پێغەمبەری خوا ( ذوالفقار ) دا خوێندمەوە : العقل على المؤمنين و لا يترك مخرج في الإسلام ولا يقتل مسلم بكافر " [١] .

پاشتریش شیرو نوسراوەكەش لە لای عەلی (خ .ل) پارێزراوە و كاتێكیش لە لایەن أبی جحیفە [٢] و ئەشتەر [٣]یشە پرسیاری لێ دەكرێ ئەویش بەپێی دەق یا مانای نوسراوەكە وەڵامی دانەوەو لە یەكێك لە ووتەكانیشیدا پوختەی ناوەڕۆكەكەی ووتوە [٤] .

لەو وتانەی عەلی ووتویەتی لەم بارەیەوە هاتووە : جگەلەقورئان و ئەم چەند لاپەڕەیە زیاتر هیچمان لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەنوسیوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : مەدینە حەرامە ( ڕاو و هەندێشت )[*]ی تێدا بكرێ لە نێوان ( عائرە )ەوە تا فلان شوێن هەر كەسێ شتێكی نا شایستەو داهێنراوێك دا بهێنێو جێگەی یەكێ لەو كەسانە بكاتەوە ئەوا نـەفرینی خـواو فریشـتەو سـەرجەم خـەڵكی لەسـەرە هـیچ بریتـی و لێبوردەیی‌یـەكی لـێ وەرنـاگیرێ ، ژیـان و گیـانی موسـڵمانان یەكـە و ئەمانـەش بـۆ سـەرجەم موسـوڵمانانە بـەبێ جیاوازی .

---

[٣] الطبري :تأريخ ٤٨٦/٢ . وەسەیری المقریزی :امتناع الأسماء ١٠٧/١ بكە .

[٤] أحمد :المسند ٢٧٠/١ ، وابن السعد في الطبقات ج٢ قسم ١٧/١ ، الطبري ٤٧٨/٢ ، و الذهبي تأريخ الإسلام ١٧٢/١.

[١] ابن السعد : الطبقات ١٧٢/١ .

[٢] البخاري :الصحيح ١٤/٩  والترمذي :الصحيح ١٨٢/٦ ز ابن ماجة :السنن ٨٨٧/٢ . أحمد :المسند ٧٩/١ .

[٣] أحمد :المسند ١١٩/١ ، ١٢٢ .

[٤] البخاري : الصحيح ٢٩٦/٢ .

[*] نووسەر .

ئەوا نەفرینی خوا فریشتەو سەرجەم خەڵکیان لەسەرە و هیچ بریتیو لێ بوردەیی‌یەکی لێ وەرناگیرێ . هەر کەسەش پشتگیری کەسانێك بکا بەبێ پرسی هاوپشت ــ موالیە ــ ەکەی ئەوا نەفرینی خواو فریشتەو سەرجەم خەڵکی لەسەرە هیچ بریتیو لێ بوردەیی‌یەکی لێ وەرناگیرێ [٥] .

هەروەها ئەوەشی باس کردووەکە ، نوسراوەکە باسی برینەکان ( جراحات ) و ئەو کێشانەی بریندار ی لێ دەکەوێتەوەو وەتەمەنی ئەو ووشترانەی بەخوێن دەشێن ی لە خۆگرتووە [٦] .

جارێکیش ئەوەی زیاد کردووە " ئاگاداربن باوەڕدار بەبێ باوەڕ ناکوژرێ و خاوەن پەیمانیش لەکاتی پەیمانەکەیدا"[١] هەروەك باسی ئەوە کراوە کە باسی ( خوێن بایی ) و ڕزگارکردنی ( دیل ) یشی تێدایە[٢] .

هەروەها عەلی (خ . ل) ئەوەشی لەو چەند لاپەڕەیەدا خوێندۆتەوە کە ئیبراهیم پێغەمبەر سنووری مەککەی لە تاوانکاری یاساغ کردووە منیش مەدینە ، لە بەردەڕەشەکەوە بۆسەرجەم سنووری شارەکە نابێ داری بشکێنرێو زیانی لێ بدرێ وە نابێ ئاژەڵە ڕاوی‌یەکان ڕاو بکرێو گوم بووی هەڵناگیرێتەوە مەگەر بۆ کەسێك ئامارەی پێ بکرێو داری نابڕێ و مەگەر کەسێك بیکاتە ئالفی ووشترەکەی ، وە چەکی بۆ جەنگ تێدا ناکرێتەشان [٣] .

ئەوەی ڕوون دەبێتەوە لێرەدا ئەوەیە کە زۆربەی ئەم پارچانە وەکو دەق یەکسانەبەوەی لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە ، هەوەها ئەم بەشانە و زۆربەی ئەو بەندانەی بەڵگەنامەکەی لەخۆدەگرت کە تایبەتە بەو پابەندی‌یانەی موسڵمانان لە نێوان خۆیاندا جێبەجێی دەکەن

---

[٥] البخاري :(الصحيح ط ١ ليدن )٢٩٨/٢ــ ٢٩٩ وەسەيری ٢٩٦/٢ يش بکە ابوداود :السنن ٤٨٨/٢ وأحمد :المسند ١١٩/١، ١٢٢ ، ٢٤٢/٣ .

[٦] البخاري: الصحيح ٢٩٦/٢ و ابن ماجة :السنن ٨٨٧/٢ .

[١] أحمد :المسند :١١٩/١ وأخرجه (أحمد) من طريق (عمرو بن شعيب عن أبيه عن جده أن النبي(ﷺ) قضى أن لايقتل مسلم بكافر ) المسند ١٧٨/٢ .. ئەم فەرموودەیە بەچەندڕیچگەیەکی‌تریش هەیە لەلای بوخاری‌وابن ماجەو ترمذی .

[٢] البخاري:صحيح ١٤/٩(ط مصطفى البابسي الحلبي) وأحمد:المسند ٧٩/١ وەسەیری‌الشوکانی:نیل الاوطار١٠/٧بکە

[٣] أحمد : المسند ١١٩/١ وەسەیری ١٤١/٤ بکە .

به کۆچەرو پشتیوانەکانەوە ، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی تێدانی‌یە بەو بەندانەی پەیوەستن بە ڕێك کەوتن لەگەڵ جولەکەکاندا ، ئەمەش ئەوە بەهێز دەکا کە بەڵگەنامەکە لە بنەڕەتدا دوو بەڵگەنامەیە و ئەو چەند لاپەڕەیەی بەشیرەکەی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هەڵواسرابوو پاشانیش کەوتە لای عەلی (خ.ل) هەمان ئەو نوسراوەی نێوان کۆچەرو پشتیوانەکان بووە ، ئەوەی شایانی باسە لێرەدا ئەوەیە کە چەندان دەقی‌ترهەن ، هاو وێنەی ئەو چەند لاپەڕەیەی نێوان کۆچەرو پشتیوانەکانە بەڵام دراوەتە پاڵ چەند نوسراوێکی‌تر کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوسیونی : وەك وگێڕانەوەکەی ( عمرو بن حزم ) کە دەفەرموێ : پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوسراوێکی نووسی بۆ خەڵکی یەمەن ، لەو نوسراوەدا هاتووە : ( أن من اعتبط مؤمناً قتلاً عن بينة فإنه قود ، إلا أن يرضى أولياء المقتول [٤] ، واتە هەر کەسێ باوەڕدارێکی کوشتبێ‌و شاهێدی لەسەر بێ ئەوا تۆڵەی لێ دەسەنرێتەوە بە کوشتنی ، مەگەر کەس وکاری کوژراوەکە ڕازی‌بن بەنەکوشتنەوەی .

ئەم نوسراوە ماوەیەك پاش کاتی نوسینی بەڵگەنامەکە نێردراوە ، پاشتریش لە فەتحی مەککەدا بڕگەی هاوشێوەی ئەم نوسراوە دەبینرێ ....[١] بەڵام ئەمانە لە کاتی جیا لەوەی ئێمە لێی دەدوێین ووتراوە و نوسراوە .

ئەوەی لێرەدا گرنگە و ( د.العمری )یش جەختی لەسەر دەکات ئەوەیە کە ئەم بەڵگەنامەیە دوو بەڵگەنامەیەو تەنانەت ئەو سەنەدەی ( ابن اسحاق ) کە بەیەهەقی دەیهێنێ و تایبەتە بە کۆچەرو پشتیوانەکانەوە هیچ ئاماژەیەکی بە جوولەکە تێدا نی‌یە و هاویەکیشە بەوەی (ابن هشام ) لە ( ابن اسحاق )ەوە دەیهێنێ.[٢]...

کەواتە لێرەدا دوو بەڵگەنامە هەیە و مێژوو نوسان پێکەوە کۆیان کردوونەتەوە و ئێمەش لێرەدا دەیانهێنین و پاشتریش چەند تیشکێك دەخەینە سەریان .

---

[٤] الشوكاني :نيل الأوطار ٦١/٧ وەسەیری مجموعة الوثائق السياسية لا ١٨٦ بکە کە ڕوونی دەکاتەوە ئەم دەقە لەونووسراوەی پێغەمبەری خوایە کەنوسیویەتی بۆ (عمرو بن حزم) کەفەرمان بەری پێغەمبەری خوابووەلەسەریەمەن .

[١] الشوكاني : نيل الأوطار ١٠/٧ .

[٢] السيرة النبوية الحصيحة ج١ د. أكرم ضياء العمري ٢٧٢ ــ ٢٨١ بەدەستکاری‌یەوە .

## دەقی نوسراوەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەنێوان کۆچەرو پشتیوانان و جولەکەدا

## بسم الله الرحمن الرحيم

## دەقی بەڵگەنامەکە :[1]

١- ئەمەنوسراوێکە لە موحەممەدی پەیام بەریخواوە بۆ نێوان باوەڕدارو موسڵمانان لە نێوان قورەیش و خەڵکی ( يثرب ) و ئەوانەی شوێنیان دەکەون و لەگەڵیان دەبن و جیهادیان لەگەڵ دەکەن .

٢- ئەوان هەڵگری یەك بیروباوەڕ ( أمة )ن بە جیا لە خەڵکی ...

---

[1] السيرة النبوية الصحيحة ئەویش لە (مجموعة الوثائق السياسية) هەروەها لە( ابن هسام) السيرة النبوية ، ١/٥٠١ـ٥٠٤ . هەروەها لە(العلاقات الخارجية للدولة الإسلامية) ی د. سعيد المهيری هاتووە لا ٥٠٤ ــ ٥٠٧ ئەویش سوودی وەرگرتووە لە(ابن هشام) وکتێبی (أموال) ی هەریەکە لە زنجويه و أبوعبيد و البدايةالنهاية ابن كثير ج٣ل ٤٦٦ . الأموال لابن زنجويه ج٢ ل ٤٦٦ الأموال أبوعبيد ل ٦١ .

٣- كۆچكەرە پشتیوانەكان لەسەر باوونەریتی خۆیانن لە خوێن دانی نێوان یەكتریانداو هەر خۆیان بە شێوازێكی چاك بریتیو فیدیەی دیلەكانیان دەدەن و ڕەفتارێكی داد گەرانە لە نێوان باوەڕدارانیدا بەرپا دەكەن .

٤- ( بنوعوف )یش لەسەر باوویخۆیانن لە خوێن دان داو هەر كۆمەڵێكیش بە شێوازێكی چاك وداد گەرانە  فیدیەی دیلەكانیان دەدن لە نێوان باوەڕ داراندا .

٥- ( بنو حارث )ی ( ابن خزرج )یش لەسەر باووی خۆیانن لە خوێن دان داو هەر كۆمەڵێكیش بە شێوەیەكی چاك فیدیەی دیلەكانیان دەدەن .

٦- ( بنوساعده )ش لەسەر باوی خۆیانن لە خوێن دانداو هەر كۆمەڵێكیش بە شێوازێكی چاك و داد وەرانە فدیەی دیلەكانیان دەدەن لە نێوان باوەڕداراندا .

٧- ( بنوجشم )یش لەسەر باوی خۆیانن لە خوێن دانداو هەر كۆمەڵێكیش بە شێوازێكی چاك وداد وەرانە فیدیەی دیلەكانیان دەدەن لە نێوان باوەڕداراندا .

٨- ( بنوالنجار )یش لەسەر باویخۆیانن لە خوێن دانداو هەر كۆمەڵێكیش بەشێوازێكیچاك و دادوەرانە فیدیەی دیلەكانیان دەدەن لە نێوان باوەڕ داراندا .

٩- ( بنوعوف )یش لە سەرباوی خۆیانن لە خوێن دانداو هەر كۆمەڵێكیش بە شێوازێكی چاك وداد وەرانە فیدیەی دیلەكانیان دەدەن لە نێوان باوەڕداراندا .

١٠- ( بنوالنبیت )یش لەسەر باویخۆیانن لە خوێن دانداو هەر كۆمەڵێكیش بە شێوەیەكی چاك و داد وەرانە فیدیەی دیلەكانیان دەدەن لە نێوان باوەڕداراندا .

١١- ( بنوالأوس ) یش لەسەر باویخۆیانن لە خوێن دانداو هەر كۆمەڵێكیش بە شێوازێكی چاك ودا دوەرانە فیدیەی دیلەكانیان دەدەن لە نێوان باوەڕداراندا .

١٢- (أ) وە باوەڕداران واز لەهیچ قەرزارێكی بێ پشتیوانی نێوان خۆیان ناهێنن تا بە چاكی هاوكاری دەكەن . بە ڕزگاركردنی لە دیلێتی یاخوێن باریيەك .

١٢- (ب) هەر باوەڕدارێك كە لە سایەی باوەڕدارێكدایە ، بۆی نییە بەبێ ئەو پەیمان ببەستێ .

١٣- وە باوەڕدارە خواناسەكان دژ دەوەستن بەرامبەر هەر كەسێك لە خۆیان كە دەست درێژی دەكاو یاخیدەبێ ،یا دەیەوێ شتێكی بەناڕەوا دەست كەوێ یا تاوان یا دوژمن كاری یاخراپەكاری لە نێوان باوەڕداراندا بەرپابكا سەرجەمیان دەبێ دژی بوەستن ، هەرچەندە كوڕی یەكێكیشیان بێ .

١٤- هیچ باوەڕداریێ باوەڕداریێکی تر لە بری کافرێکا ناکوژێ ، وە پشتیوانی کافرێك ناکا دژی باوەڕداریێ .

١٥- پەنا دانێك کە خوا ڕێی داوە بۆ هەموان یەکەو هەموو کەسێ مافی پەنا دانی هەیە ، باوەڕدارانیش بۆ یەکتری پشتیوانی یەکن بە دەر لەخەڵکی .

١٦- وە هەر جولەکەیەك لەگەڵماندابێ ئەوا پشتیوانی دەکەین و سەرمەشقی جوان دەبین بۆی بێئەوەی ستەمی لێ بکەین و هانی خەڵکی بدەین لەدژی .

١٧- وە ئاشتی باوەڕداران یەکە ، هیچ باوەڕداریێ بێ باوەڕدارەکەی تر لە جەنگی پێناوی خوادا ئاشتی لەگەڵ کەس ناکاو مەگەر وەك یەك پێکەوە پێیهەستن .

١٨- وە هەر کەسێك هاوشانمان بجەنگێ ئەوا پێکەوە بە هەموانەوە قورسایییەکانی جەنگ لە ئەستۆ دەگرین .

١٩- هیچ باوەڕداریێ بۆی نییە باوەڕداریێکی تر بێبەش کا لە دەست کەوتی تێکۆشانیان لە پێناوی خوادا .

٢٠- (أ) وە باوەڕدارە خواناسەکان لەسەر باشترین و ڕێك ترین ڕێ و ڕێبازن .

٢٠-(ب) وە هیچ موشریکێکی ( مەدینەیی...) پەنای ماڵ یا کەسێکی قورەیشی ناداو نابێتە ڕێگر و بەربەستی باوەڕداران بۆ سەریان .

٢١- ئەوەی دەستی بچێتە کوشتنی باوەڕداریێکی بێتاوان و بێ ئەوەی شایستەی کوشتن بێ بە بەڵگەوە ئەوا تۆڵەی لێ دەسەنرێتەوە مەگەر سەرپەرشتیاری کوژراوەکە بە بریتی خوێنەکەی ڕازی بێت وە دەبێ سەرجەم باوەڕداران پشتیوانی بکەن و هیچ شتێکی تریان بۆ حەڵاڵ نییە جگە لە پیادە کردنی ئەوە نەبێ .

٢٢- وە دروست نییە ( حەڵاڵ ) نییە بۆ هیچ باوەڕداریێ کە دانی ناوە بەوەی لەم ( صحیفة ) یەدا هاتووە و باوەڕدارە بە خواو بە ڕۆژی دوایی کە پشت گیری هیچ کەسێ بکا کە داهێنراوێکی ناشایستەی کردبێ یا جێگەی بکاتەوە ( پەنایبدا ) ، وە هەرکەسێ پشتگیری بکاوجێگەی بکاتەوە ئەوا لە ڕۆژی دواییدا نەفرین و تووڕەیی خوای لەسەرە ، بێ لەوە هیچ لێبوردەییو بریتییەکی لێ وەرناگیرێ .

٢٣- وە ئێوە لەگەڵ کەوتنەوەی هەر جیاوازییەك لە نێوانتاندا ئەوا دەبێ بگەڕێنەوە بۆ لای خواو بۆلای موحەمەد .

٢٤- وە جولەکەکان لەگەڵ باوەڕداراندا دەبەخشن مادام لە جەنگدان .

٢٥- وه جولەکەکانی ( بنوعوف ) ئوممەتێکن لەگەڵ باوەڕدارانـدا ، جولەکـە دینـی خۆیان هەیەو موسڵمانانیش دینی خۆیان هەیە ، بە خۆیان وئەوانەشی لەسایەیاندان مەگەر یـەکێك ستەم لە خۆی بکاو تاوان ئەنجام بدا ئەوا لەو کاتەدا هەر خۆیی ماڵومناڵی زەرەرمەند دەبن.

٢٦- جولەکەی ( بنيالنجار )یش هەمان مافی جولەکەی ( بنيعوف )ی هەیە .

٢٧- جولەکەی ( بنیحارث )یش هەمان مافی جولەکەی ( بنيعوف )ی هەیە .

٢٨- جولەکەی ( بنیساعدة )یش هەمان مافی جولەکەی ( بنيعوف )ی هەیە .

٢٩- جولەکەی ( بنيجشم )یش هەمان مافی جولەکەی ( بنيعوف )ی هەیە .

٣٠- جولەکەی ( بنيأوس )یش هەمان مافی جولەکەی ( بنيعوف )ی هەیە .

٣١- جولەکەی ( بنيثعلبة ) یش هەمان مافی جولەکەی ( بنيعوف ) یان هەیە.

مەگەر یەکێك ستەم و تاوانێك بکا، ئەوا لەو کاتەدا هەر خۆیيو ماڵ ومناڵی تیادەچن .

٣٢- وە ( جفنة ) لقێکە لە ( ثعلبة )و وەکو ئەوانن .

٣٣- بنـی ( شـطبیة ) هـەمان مـافی جولەکـەکانی ( بنيعـوف )یـان بـۆ هەیـە ، وە دەبـێ بـە چاکەو دوور لە خراپە ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێ .

٣٤- پشتیوانانی ( ثعلبة ) وەکوخۆیانن .

٣٥- هاوکارو پشتیوانانی جولەکە وەکو خۆیانن .

٣٦- (أ) وە هیچ یەکێك لەوان بەبێ پرسی موحەمەد لە مەدینە دەرناچێ .

٣٦- (ب) وە نابێ لە تۆڵە سەندنەوەی بریندار کردندا رق ئەستوریو ستەم کاری ئەنجام بدرێ ، هەرکەسە دەست درێژی بکاو هێرش بەرێ ئەوا خۆیی و خانەوادەکەی زەرەر مەندن، مەگەر یەکێك ستەمی لێ کرابێ وە خوای گەورە لە سەر باشترینی ئەم پەیمانەیە .

٣٧- (أ) وە جولەکـە بەخشـینی خۆیـان لەسـەرەو موسـڵمانانیش بەخشـینی خۆیـان ، وە هاوکـاری و پشـتگیری یـەك دەکـەن لـە گـەڵ هـەر کەسـێکدا کـە جـەنگ دژ بـە خـاوەنی ئـەم (حیفە)یە بکاو وە لە نێوانیاندا ئامۆژگاری و ئامۆژگاری کردن هەیە و چاکە کاری هەیـە نـەك تاوان کاری .

٣٧- (ب) وە نابێ خراپەکاری بەرامبەر هاوپەیمانەکەی بکا ، وە پشتیوانی ستەم لـێ کـراو دەکرێ .

٣٨- وە جولەکە لەگەڵ باوەڕداراندا دەبەخشن تا جەنگاوەر بن ( لە جەنگابن ـــ و ـــ ).

٣٩- ناوچەی ناوەندی ( یثرب ) حەرەمە بۆ ئەوانەی خاوەنی ئەم ( صحیفە )یەن .

٤٠- وه ئەوەی پەنا دراوە وەکو نەفسی خۆتە نابێ زیانی لێ بدرێ یاخراپەکاری لەگەڵ بکرێ .

٤١- هیچ ئافرەتێ پانا نادرێ مەگەر مۆڵەتی کەس وکاری هەبێ .

٤٢- وه ئەو شتەی لە نێوان خاوەنی ئەم ( صحیفه )یەدا ڕوو دەدا ، یا بەسەرهاتێ کە ترسی خراپەکاری لێ دەکرێ ئەوا دەبێ بگەڕێتەوە بۆ لای خوا ، وه بۆ لای موحەمەد پێغەمبەری خوا (ﷺ) وه خوای گەورە ئاگادارە بە سەر باشترین و چاکترین شتی ئەم (صحیفه)یەوە .

٤٣- وه پەنای قورەیش و ئەوانە نادرێ کە پشتیوانی قورەیش دەکەن .

٤٤- وه دەبێ لە نێوانیاندا هاوکاریو پشتیوانی هەبێ بۆ کەسێ کە هەڵدەکوتێتە سەر (یثرب) .

٤٥- (أ) وه کاتێ داوای ئاشتەوایيو ڕێکەوتنێکیان لێ کرا ، ئەوا بۆیان هەیە ئەو ئاشتەوایيو ڕێکەوتنە بکەن، هەروەها ئەوانیش ئەگەر ئەو داوایەیان لێ کرا ، ئەوا دەبێ موسڵمانان بەدەمیانەوە بن مەگەر بۆ کەسانێك کە دژایەتی ئاین دەکەن .

٤٥-(ب) هەموو کەسێ بەشی خۆی هەیە لەو لایەی کە سەر بە خۆیەتی .

٤٦- وه جولەکەی ( أوس ) خۆیان و ئەوانەی لە سایەیاندان هەمان ئەو مافانەیان هەیە کە خاوەن ئەم ( صحیفه ) یە هەیانە لەگەڵ چاکەی تەواو لەگەڵ ئەوانەی ئەم ( صحیفه )ەیە یان مۆر کردووە و دەبێ چاکە بکرێ نەك تاوانکاری هەر کەسێ شتێك ئەنجام دا بەسەر خۆیدا دەشکێ وه خوایگەورە بەئاگایە لەسەر ئەو ڕاستيو چاکەیەی لەناو ئەم (صحیفه) یەداهەیە.

٤٧- وه ئەم نوسراوە نابێتە ڕێگر ( بۆسزادانی ستەمکارو خراپەکاران ) .

وه ئەوەی دەردەچێ پارێزراوە ( لە ئاسایش دایە ) ، ئەوە شی دانیشێ لە مەدینەدا پارێزراوە ( لە ئاسایش دایە) ، مەگەر یەکێ ستەمکاريوخراپەکاری بکا ، وه خوای گەورە پەنا دەری هەر کەسێکە چاکەو خۆ پارێزی ئەنجام دا و موحەمەدیش (ﷺ) پێغەمبەری خوایە.

*****

پێش ئەوەی بچینە سەر هەندێ لە بەندەکانی هەردوو بەڵگەنامەکە گرنگە لێرەدا سەرنجیخوێنەران بۆ ئەوە ڕابکێشین کە ئەم بەڵگەنامەیە گرنگیيەکی یەکجار فرەی هەیە لە

فیکری ئیسلامی داو بەڵگەیەکی بەهێزیشە بۆ دەمکوت کردنی ئەوانەی دەیانەوێ ئیسلام لە ژیانی مرۆڤ داڕنن و دووری خەن لە کۆمەڵو کۆمەڵگاو دەسەلات و سیاسەت ... هەر بۆیە جار جارە زۆر بێئاگایانە ئامارژەبەوە دەکەن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەنها گەیەنەربووە و ئیسلامیش دینە نەك دەوڵەت پەیامە نەك حکومەت ، بەدوورە لە هەرشتێ پێی بوترێ سیاسەت و ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵگە ....

بەبێ ئەوەی حیسابی ئەو مێژووە بکەن کە پێغەمبەری خوا لەڕووی عەمەلیەوە پیادەی کردووە ... باشە پێغەمبەری خوا بۆ دەیەوێ کاروباری نێوان خۆیو جولەکە ڕێك بخا ... لە شێوازی بەڵگەنامەو دەستورێکدا .. نەك هەر ئەوەندە بەڵکو دوا تریش لەنێوان موسڵمانان خۆیاندا هەمان بەڵگەنامە مۆردەکا ... ئەوەشی شایانی ووتنە ئەوەیە ئەم بەڵگەنامەیە کە (کتاب ) و ( صحیفە )شی پێ ووتراوە بەندەکانی زیاتر مەسەلەیەکی یاسایی‌و دەستوورین وەك لەوەی چەند ئامۆژگارییەکی وەعزی بێو هیچی دی ... یا تەنها ڕاگەیاندن و تەبلیغ بێ.. لە قاڵبێکیش دا دارێژراوە کە جیا نییە لە مەبادئەکانی ئیسلام و مەبەستەکانی شەریعەت تا بووترێ ئەم بەڵگەنامەیە مۆرکێکی هۆزایەتی پێوەیە ، یا پەیوەست نییە بە بەهاو تەعلیماتە ئیسلامییە کانەوە ...بگرە زۆرێك لەو بەندانە لەئایەت یا فەرموودەی تردا ئامارژەی پێکراوە ، وەك هەندێ هەڵپەیانەو دەیانەوێ مۆرکە ئیسلامییەکەی لێ داڕنن ... بۆیە دەکرێ ئەم بەڵگەنامەیە وەك دەستورێك دابنرێ بۆ دەوڵەتی مەدینە ئەمە سەرەڕای ئەو چەندان ئایەت و تەوجیهاتانەی تر کە ئیسلام ئاراستەی موسڵمانانی کردووە لەناو ئەوانەش کۆمەڵگای مەدینە .

بەڵگەنامەی مەدینە کە ( الصحیفة ـ الکتاب )ی پێ ووتراوە پێغەمبەری خوا بۆ دەوڵەتە سادەو نوێ یەکەی داینـاوە تا کاروبارەکانی ڕێك بخاو سنووری دەوڵەتەکەی دیاری بکاو لەگەڵ دەست نیشان کردنی ماف و ئەرك و پەیوەندییەکانیان ... هەر هەموو ئەمانەش لەبەر تیشك و ڕۆشنایی مەرجەعیەت و پەیامەکەیدا ئەگەر شتێکیشی تێدا بێت لە ( متغیرات ) بێت ئەوا پاشتر ( نص )ی تری لەسەر هاتووەو دوا حوکمی شەرعی لەو بارانەوە لە شوێنی تایبەتی خۆیدا باسی لێکراوە .

**( بەڵگەنامەکە و خوێندنەوەیەك )**

لەگەڵ ئەوەی مێژوو نوسان ئەم دوو بەڵگەنامەیە بە یەکەوە دەهێنن و بە یەك بەڵگەنامەی دا دەنێن ... بەڵام هەروەکو باس کرا دوو بەڵگەنامەیە و لە ڕووی مێژوو نوسینەوە سازش و ڕێککەوتن لەگەڵ جولەکەدا پێش ئەوەی نێوان موسڵمانان کەوتووە ، هەر چەندە لە بەڵگەنامەکەدا ئەو خاڵانەی تایبەت بە جولەکەن لە دوای ئەوەی نێوان موسڵمانان خۆیانەوە دێن ... دەکرێ ئاماژەش بەوە بکەین کە بۆچی پێغەمبەری خوا بەڵگەنامەی نێوان خۆیی و جووەکان پێشتر دەخا ؟ ئەی بۆ سەرەتا لەگەڵ موسڵمانان ئەنجامی نەداوە ؟ هەر چەندە لەو بارەوە هیچ شتێك پێش چاو نەکەوتووە بەڵام دەکرێ هۆیەکەی ئەوە بێ کە موسڵمانان بە هۆی بەردەوامی وەحی و بوونی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەردەوام لە حاڵەتێکی زۆر ساز و لەباردا بوون و بەردەوامیش پەیام وڕێ نمایی و ئاڕاستەیان بۆ دادەبەزی کە بریتی و جێگری ئەو دەستوورە بووە ، ئەمە جگە لە چەندان پەیوەندی تری مەعنەوی نێوانیان و هەر چەندە بە پێی شیمانەیەکی لاوازیش ئەگەر هەر لە سەرەتاوە بوبێ شتێکی ئاسایی بووە....

بەڵام جووەکان خاوەنی ئاینێکی سەربەخۆن و لە مەدینەشدا بەهێزو بەتوانا بوون و شانازیان دەکرد بە پێگەی مەعنەوی خۆیانەوە .... لە شاری مەدینەو دەورو بەریشیدا خاوەنی قورسایی‌یەکی تایبەتن لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتی‌یەوە شتێکی ئاسایی‌بوو کە ناکۆکی و لێك خشان دروست بێ و لەلایەکی‌ترەوە پتەو بوونی ڕیزی ناوەوەی مەدینە و پاراستنی ماف و ئازادی یەکانیش ڕێککەوتن نامەی لەو چەشنەی دەخواست و ... لە لایەکی ترەوە جولەکە خاوەنی ئاینی ئاسمانین و خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ موسڵماناندا هەیە و بەرژەوەندی هەردوو لا ئەوە دەخوازێ پێکەوە بژین .

* ئەم نوسراوە ... کە بە ناوی خواوە دەستی پێ کردووە باس لە پێك هاتەیەك دەکا کە هەوێنەکەی دینە و ئیسلام بەدی هێناوە و دانیشتوانەکەشی هەر یەکە لە کۆچەرو پشتیوانەکانە ئەوە جگە لەوەی هاوبەش پەیداکەرو جولەکەش بەشێکن لەو پێکهاتەیە ... هاوکات پەیوەندی ئوممەتی ئیسلامیش بە جولەکەکانەوە دیاری دەکا . بەو پێیەی ئایەتە قورئانی‌یەکان دەست نیشانی دەکەن ( لا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ ) ( الممتحنة : من الآية٨ ) واتە خوای گەورە قەدەغەی ئەوەتان لێ ناکا کە چاك ڕەفتاری‌و داد پەروەری بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا جەنگیان دژ نەکردوون و دژایەتی ئاینیان نەکردوون و لە شوێنەوارتان دەریان نەکردوون.....

بەڵگەنامەکە باس لەوە دەکا کە موسڵمانان بۆخۆیان و بە جیا لەخەڵکی خاوەنی بیرو باوەڕێکن ... هاوکارو پشتیوانی یەکترن ... ئاشتیەیان یەکەو پێکەوە پێی هەڵدەسن ... جولەکەش بۆخۆیان لەگەڵ موسڵماناندا ئوممەتێکی سەربەخۆن و هەر یەکەشیان خاوەنی ئاینی خۆیانن و بە پێی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیش هاوکاری یەکتر دەکەن ستەم لە یەکتری ناکەن .. بگرە بۆ بەرگری لەمەدینەش بەشداری دەکەن و لەو پێناوەشدا ماڵ دەبەخشن و مەسرەفی خۆشیان تایبەتە بەخۆیان و ئەگەر لایەنی سێیەمیش لەگەڵ یەکێکیان بەجەنگ هات ئەوا بەو پێیەی لەم ( صحیفه ) یە دا هاتووە پشتیوانی یەکتردەکەن ... خۆ ئەگەر لە نێوان خۆیاندا ناکۆکی و ڕووداوێك ڕوویدا ئەوا دەگەڕێنەوە بۆ یاسا سەروەری کە لێرەدا گەڕانەوەیە بۆ لای خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) ....

جا لەبەر ئەوە بەمەرج گیراوە لە کاتی هەر ڕووداو و کارەساتێکدا کە ترسی ناکۆکی هەبێ هەموو بگەڕێنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی ، ئەمە وا لە بەڵگەنامەکە دەکامۆرکێکی ئیسلامیانەی هەبێ نەك شتێکی [1] دی ئەمەش دەری دەخا لەم بەڵگەنامەیەدا سەروەری ( سیادة ) لە دەوڵەتی مەدینەدا بۆ خواو پێغەمبەر و شەرعەکەیەتی ، لەمەش دا ڕەچاوی مافیخاوەن ئاینەکان کراوە ( وە جولەکە لەگەڵ باوەڕداراندا دەبەخشن تاجەنگاوەربن ) ....

لێرە دا ئەوە دەردەکەوێ کە موسڵمانان و جولەکەکان هەردووکیان بەرژەوندی یەکی هاوبەشیان هەیەو پێغەمبەری خواش (ﷺ) دان بە مەدا دەنێ و لە بەڵگەنامەکەشدا تۆمار دەکرێ ئەوەش بریتییە لە بەرگری کردن لە پاراستنی شاری مەدینە لە هەر هێرش و پەلامارێك کە شارەکە بخاتە مەترسییەوە ... ئەوەشیجەخت لەسەر ئەم ڕاستییە دەکاتەوە ئەوەیە لە بەندی ژمارە (٤٤) دا هاتووە کە دەڵێ : ( وە دەبێ لە نێوانیاندا پشتیوانی و هاوکاری یەکتری هەبێ بۆ کەسێ هەڵدەکوتێتە سەر ( یثرب ) ، ئەم هێرش کردنەش بەرژەوەندی هەموو لایەك دەخاتە مەترسییەوە و لێرەش پێویستە لەسەر جولەکەکانیش بە وێنەی موسڵمانان بەرگری لە شاری مەدینە بکەن .

وا باشترە لێرەدا لە ڕێکەوتن نامەی نێوان پێغەمبەری خواو جولەکەکانەوە دەست پێبەکەین چونکە هەروەك ووترا لە ڕووی مێژوویییەوە لە پێشترو لە ڕووی واقعی حاڵی مەدینەش ئەم بەڵگە نامەیە لەگەڵ جولەکەدا وەك قۆناغی یەکەم گرنگی یەکی زیاتری هەبوو

[1] سەیری د.محمد عماره سقوط الغلو العلمانی بکە ل ٤١ـ ٤٢ .

بەو پێیەی خاوەن ئاینێکی ترن و پێکەوە ژیانیش پێویستی بە پەیمان نامەو پێکەوە هەڵ کردن هەیە ، ئەوەشی سەرنج دەدرێ ئەوەیە سەرجەم بەندەکانی هەر بەڵگەنامەیەك پێکەوە دوا بە دوای یەك نەهاتوون ، بوونی بەندی ژمارە (١٦) لە نێوان بەندەکانی کۆچەرو پشتیواناندا هیچ دژیەکی نیە لەگەڵ ئەوەی ووتمان بەڵکو ئەو بەندەش جەخت لەسەر باش ڕەفتاری و پابەندی موسڵمانان دەکا بەرامبەر هاوپەیمانە جولەکەکانی ، هەر بۆیە مەرج نیە بخرێتە نێو بەندەکانی بەڵگە نامەی ڕێك کەوتن لەگەڵ جولەکەکاندا ،چونکە ڕێك کەوتنی نێوان موسڵمانان ئەوەدە خوازێ هەڵوێستیان ڕوون بێ بەرامبەر لایەکی‌تر کەئەویش بەرەی جولەکەیە کە چەندین ساڵە لەسەر ئەو زەمینە پێکەوە دەژین . ئەو بەندانەشی تایبەتن بە بەڵگەنامەی جولەکەوە لە بەندی (٢٤)ەوە دەست پێ دەکا تا کۆتایی کە (٤٧)ە .

* یەکەم بەندی بەڵگەنامەکە کە ژمارە (٢٤)ە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێویستە جولەکە پابەندبن بە دانی بەشێك لە ماڵ بەخشین و سەرف کردن بۆجەنگی بەرگری کردن لە مەدینە .

بەندی ژمارە (٢٥) تا (٣٥) پەیوەندی لەگەڵ ئەو ئەوس وخەزرەجیانە دەست نیشان دەکا کە بوون بە جولەکەو بەندەکانیش دەیان داتە پاڵ هۆزە عەرەبی‌یەکانیان و دان دەنێ بەو پەیمانەی لەگەڵ موسڵمانان دا بەستوویانە .

" وە جولەکەی ( بنی‌عوف ) لەگەڵ باوەڕداران دان " ئەم دەربڕینە لە کتێبی ( الأموال )دا بەم شێوەیە هاتووە " ئوممەتێکن لە باوەڕداران " ئەمەش وای لە ( ئەبوعبید ) کردووە بڵێ " مەبەستی لەم بەندە پشتیوانی‌و هاوکاری کردنی ئەوانە بۆ پێغەمبەری خوا ، هاوکاری ماددی و بەخشین دژ بە دوژمنەکانی کە بە مەرجی گرتبوو لە سەریان ، بەڵام ئەمە ئاین ناگرێتەوە ، چونکە پاشتر ئەوە ڕوون دەکاتەوە و بە جولەکە دەڵێ جولەکە دینی‌خۆیان هەیەو باوەڕدارانیش دینی‌خۆیان "[1] ، بەڵام ( ابن اسحاق ) بەم شێوەیە هێناویەتی " لەگەڵ باوەڕداران دان ـ مع المؤمنین " کە ئەم دەربڕینە تەواو جوانترە ، دەشکرێ ئەوەی لە کتێبی " الأموال " دایە دەست کاری بەسەردا هاتبێ ، لەبەر ئەوەی ووشەکان زۆر نزیکن لەیەکەوە .

( ابن عباس ) هۆی بوونی ئەم کەسانەی ئەوس و خەزرەجمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لە نێو هۆزە جولەکەکاندا بوون : ( ئافرەتێکی ئەنساری کاتێ منالی بۆنەدەما، نەزری دەکرد

---

[1] السيرة النبوية الصحيحة لا ٢٩٠ ← أبوعبيد الأموال لا ٢٩٦ .

لەسەرخۆی کە ئەگەر کوڕێکی بۆ بمێنێ ئەوا دەیکا بەجولەکە ، جا کاتێ ( بنو نضیر ) دەرکران مناڵی پشتیوانەکانی تێدابوو ، ووتیان : واز ناهێنین ڕۆڵەکانمان لەگەڵیان بڕۆن ، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی داگرت ( لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ) ( البقرة:٢٥٦ )[٢] .

هەروەك ماددەی ژمارە ( ٢٥ ) ئازادی ئاینی جولەکەی دەسەبەر کردووە و ئازادن لە بەجێهێنانی ئەرکە ئاینیەکانیاندا کە دەکرێ ئەم ماددەیە بەیەکەم ماددەی ڕوون و ئاشکرای مێژوویی دابنرێ سەبارەت بە ئازادی ئاینی کە بەداخەوە کەم جار ئاماژەی پێ دەکرێ یا هەر پشت گوێ خراوە ، نەك هەر ئەوەندە بگرە لێرەدا دان نراوە بە سەرجەم کەمینە جولەکەکانیتر یەك بەیەك ناویان براوە و هەمان مافی یەکتریان هەیە کە ئەمەش دەکرێ سودیلێ وەر بگیرێ بۆ هەرکەمینەیەکیتر لەو شێوەیەی ئەمان وەك لە ماددەی(٢٥)تا(٣٥) باسیان لێ دەکا .

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەست نیشانی بەرپرسیارێتی تاوانکاری کردووە و پەیوەستی کردووە بەو کەسەی کە پێی هەڵدەسێ ( مەگەر یەکێ ستەم بکاو خراپە کاری ئەنجام بدا لە ئاوا کاتێکدا تەنها خۆیومال ومناڵی زەرەرمەند دەبن ) کەواتە ستەم کار سزای خۆی وەردەگرێ با لە چوارچێوەی پەیمان نامەداش دابێ چونکە ( ئەم نوسراوە نابێتە ڕێگر لە ئاست ستەمکارو تاوان کاردا بۆ سزا دانیان ) . وەك لە ماددەی ژمارە (٤٧) داهاتووە .

ئەمەش مانای پابەند بوونە بە بەهای باڵاو دەستوورەوە ( ئەگەر درووست بێ وا بڵێین ) ، وە مانای ئەوەشە یاسا دەبێ پیادە بکرێ بەسەر هەموواندا با لەلایەکیترەوە ئیمتیازێکی تریشی هەبێ ، ئەمەش تایبەتە بە هەر یەك لە موسڵمانان و جولەکەکانەوە وە نەبێ هەر تایبەت بێ بە جولەکەوە . نازانم ئەوانەی زۆر جەریئانە دەڵێن پێغەمبەری خوا شتێکی نەکردووە ناوی دەسەلات و حکومەت داری بێ لەبەردوم بەندێکی ئاوەهای ئەم بەڵگەنامەکەیەدا چی دەڵێن ؟!

هەروەك لە هەمان ماددەش دا (٤٧) ئاماژەی بە ئازادی مانەوە و دەرچوون کردووە لە مەدینەدا مەگەر بەهۆی ستەم و خراپەکارییەوە نەبێ ، خۆ ئەگەر هەر کەسێکیش ڕاستگۆ بێ لەگەڵ ئەم پەیمان نامەیەدا ئەوە مافی پارێزراوە بە پێی دەقی پەیمان نامەکە و لەهەمان ماددەدا .

---

[٢] سنن أبوداود ١٣٢/٣ و تفسير الطبري ١٠/٣ و أسباب النزول للواقدي و إسناده صحيح .

بەنـدی ژمـارە (٤٣)ش بەرهەڵسـتیجولەکە دەکـا لـەوەی پـەنای قـورەیش بـدەن یـا دۆستایەتی یان بکەن و هاوکاریان بن ، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەیویست هێرش بکاتە سەر ئەو بازرگانیانەی قورەیش کە بە ڕۆژاوای مەدینەدا تێ دەپەڕین لە ڕێگەیاندا بۆ شام ، هەر بۆیە پێویست بوو ئەم بەڵێنە لە جولەکەوە ربگرن تاوەکو پەنا دانیان بۆ بازرگانی و بازرگانی قـورەیش سـەر نەکێشـێ بـۆ نـاکۆکی نێوانیـان ، ئەمـەش بـەو پێیـەی قـورەیش دوژمنـی موسـڵمانانن و لـە مـەلاس دان بـۆ یـەکتری و هاوکـاری کردنیشـیان مانـای دوژمنایـەتی موسڵمانان دەگەیەنێ ... هەر بۆیە لە بەندی ژمارە (٣٦) یش دا بە بێ مۆڵەتی پێغەمبەری خـوا جولەکـەکان بۆیـان نیـیە لـە مەدینـە دەرچـن ، بـۆ ئـەوەی ڕێگـە بگـیرێ لـە جوڵـە و بزاوتـەکانیان ، کـە دەگونجێ ئامانجی سەرەکی بە پلەی یەکەم تیایدا وەکو ( د.العمری ) دەڵێ بەربەستی کردنیانە لە هەر چالاکییەکی سەربازی وەك بەشداری لە جەنگی هۆزەکانی دەرەوەی مەدینـە کـە دەکـرێ کـار یگـەری هـەبێ لەسـەر ئاسـایش و ئـابووری مەدینـە ، جولەکـەش وەك هاوڵاتییەکی دەوڵـەتی ئیسلامی لـە مەدینـەدا پێویستـە مل کەچی یاسای گشـتی بـن ، هەروەهاجولەکـەش بـەپێی بەنـدی ژمـارە (٤٢) دانیـان بـە بـوونی دەسـەڵاتێکی قەزایی باڵا دانا کە سەرجەم دانیشتوانی مەدینە بە جولەکەشەوە بۆی دەگەڕانەوە ، بەڵام جووەکـان پابەنـد نـەبوون بـەوەی بـەردەوام بگەڕێنـەوە بـۆ قـەزای ئیسـلامی بـەڵکو تـەنها لـەو کاتانـەدا دەگەڕانـەوە بـۆی کـە ڕووداو و ناکۆکییـەك لـە نێـوان ئـەوان و موسـڵمانان دا ڕووی دەدا ، بەڵام لە کاروبارە تایبەتییەکان و حاڵ و باڵە کەسایەتییەکانیاندا پـەنایان بۆ داوەری تەورات دەبردو زاناکانیان قەزاوەتیان لە نێواندا دەکردن . بـەڵام ئەگـەر بیـان ویستایە ئـەوان دەیان توانی کارو بارەکانیان بخەنە بەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئـەو داوەری یـان بکـا ، قورئـانی پیرۆزیـش پێغەمبـەری خـوای (ﷺ) سـەر پشـك کردبوولـەوەی ئـازاد بـێ ئەگـەر داوەرییان بکا یاخود بیانگێڕێتەوە بۆ لای زاناکانیان (....فَإِنْ جَاءُوكَ فَـاحْكُمْ بَيْـنَهُمْ أَوْ أَعْـرِضْ عَنْهُمْ وَإِنْ تُعْرِضْ عَنْهُمْ فَلَنْ يَضُرُّوكَ شَيْئاً وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ) ( المائدة : من الآية٤٢ ) [١] ... گومانی تێدا نییە پەنا بردنیان بە داوەری پێغەمبـەری خوا (ﷺ) لـە کاتـە دواییەکاندابووەولـە سـەردەمێکی دواتـردا بـەم جـۆرە کارانەهەسـتان پـاش ئـەوەی لاواز ببون و بەرەو کزی دەچوون هەروەك لە سورەی ( مائدة )ش درەنگ دابەزی .

---

[١] سەیری عزة دروزة : سیرة الرسول ١٤٨/٢ بکە .

لەو کاروبارانەی جولەکە ویستیان پێغەمبەر (ﷺ)ی تیا بکەنە داوەر بە جیاوازی و ناکۆکی هەریەکە لە ( بنونضیر) و ( بنو قریضة ) بوو لە مەسەلەی خوێنی نێوانیان ، (بنونضیر) بەتواناو زاڵ تر بوون لە ( بنیقریضة )، هەر بەو بۆنەیەشەوە خوێنی دوو چەندانەیان بۆ کوژراوەکانیان دادەنا ، بەڵام کاتێ ئیسلام لە مەدینەدا بەدەرکەوت (بنوقریضة ) بەرهەڵستیان کرد لە دانی چەندانەی خوێن و داوای یەکسانی خوێنیان کرد ، خوای گەورەش ئەم ئایە تە ی داگرت ( وَ كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ ) ( المائدة : من الآیة٤٥ ) [٢] . لێرەشدا ئەوەش بەدەر دەکەوێ چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا دگەرانە ڕەفتاری لەگەڵ جولەکەدا کردووە ، تەنانەت بە ئارەزوی خۆیان و بۆ بەرژەوەندی خۆیان کارو بارەکانیان لەلای ئەو چارەسەرکردووە و خوای گەورەش داوا لە پێغەمبەر دەکا کە داد گەرانە ڕەفتاریان لەگەڵ بکا ... خۆ ئەگەر فرت وفێڵ و خیانەتی جولەکە نەبوایە ئەوا دەکرا ئەم هەنگاوانە بەروبوم و ڕۆڵی خۆی ببینیایە ...

هەروەهاپەیمان نامەکە بەندێکی تری تێدایە کە بەندی ژمارە (٤٥)ە بە پێی ئەم بەندە ئەم پەیمان نامەیە ، هاوپەیمانەکانی هەریەکە لە موسڵمان وجولەکە دەگرێتەوە لە هۆزەکانیتر .

ماددەکەش بەمەرجی گرتووە و ڕێگەی داوە کە هەر لایەك سازش و سوڵح لەگەڵ هاوپەیمانی ئەوی تردا بکا بەڵام موسڵمانان قوڕەیشیان وەلا خست وجیایان کردەوە لەم مەرجە " مەگەر یەکێك دژایەتی بکا " چونکە موسڵمانان لە حاڵەتی جەنگدا بوون لەگەڵیان .... کە لێرەشدا هەوڵدانێکی جدی بەدەر دەکەوێ بۆ پەخش و بڵاو کردنەوەی ئاشتی و ئارامی لەناوچەکەدا .... ئەویش زیاد و بەرینکردنی مەودای هاوپەیمانێتی کردن و ئاشتییە .

لێرەشدا بەڵگەنامەکە سنوری قەدەغەی دەرەوەی شاری مەدینەی لە یاد نەکردووە ، ئەوەتانێ بە پێی بەندی ژمارە (٣٩) ناوچەی مەدینە بە حەرەم دانراوە ناوچەی ناوەوەی ( یثرب ) حەرەمە بۆ ئەوانەی خاوەنی ئەم ( صحیفە ) یەن . ( حەرەم )و قەدەغەش ئەوەیە کە شیاو و درووست نییە ببەزێنرێ وسووك کرێ ، نابێ نێچیری بکوژرێ و داری ببڕدرێ ، مەودای قەدەغە ( حەرەم )ی مەدینە لە نێوان ( الحرةالشرقية )ەو ( الحرةالغربية ) و نێوان

---

[٢] أخرجه أحمد في مسنده (الفتح الرباني ١٨/١٣٠ ) بسند حسن .

شاخی ( ثور ) له باکور و شاخی ( عیر ) له باشور ، شیوی ( عقیق )یش دەکەوێتە نێو ئەو حەرەمەوە [1] بەپێی ئەم ماددەیە ئاسایشی ناوەوە پارێزراوە و بەر هەڵستیش لە جەنگە ناو خۆیی‌یەکان دەکرا ، چونکە کوشتار بە هیچ شێوەیەك درووست نەبوو ....

ئەمە هەندێ لەو ئاماژانە بوو کە لە پەیمان نامەی نێوان موسڵمانان و جولەکەکاندا هاتبوو ، ئێستاش با تیشکێك بخەینە سەر خاڵەکانی بەڵگەنامەی دووەم کە تایبەتە بە پەیمانی نێوان کۆچەر و پشتیوانەکان کە لە زۆربەی کتێبەکانی ( سیرة )دا پێکەوە هێنراون.

## ( بەڵگەنامەی پەیمانی نێوان کۆچەر و پشتیوانان )[*]

بەڵگەنامەی نوسراوی نێوان کۆچەر و پشتیوانەکان بە ئاشکراکردن و ناو بردنی لایەنە هاو پەیمانەکان دەست پێ دەکات کە بریتین لە باوەڕدار و موسڵمانەکانی قورەیش و خەڵکی ( یثرب )وە هەر کەسێکی تر لەگەڵیاندایە و هاوشانیان جیهاد دەکا ، جیاکردنەوە و ناو هێنانی هەر یەکە لە ( مؤمنین ) و ( مسلمین ) ، لەبەر شتێکی ڕوونە ، هەر وەك زانراوە(مؤمن) هەر کەسێکە لە دڵەوە باوەڕی هەیەو بە زمانیش دانی پێدا ناوە و لە کرداریشیدا ڕەنگی داوەتەوە ( مسلم )یش هەر کەسێکە مل کەچی ئەحکامەکانی ئیسلامە و فەریزەکانیش جێبەجێدەکا ، وەك یەکێك لە پێناسە دیارەکانی هەر یەکێك لە ئیسلام و ئیمان ، ئەم دوو جۆرەش لەناو ( یثرب )یە کاندا هەبووە ، بە تایبەتیش دوای ئەوەی دوو ڕوویی بەدەر کەوت لە پاش ئەوەی جەنگی بەدری گەورە ڕوویدا ،بەڵام کۆچەرەکان ئەو ڕووکارە

---

[1] سەیری محمدحمیدالله: الوثائق السیاسیة لا٤٤١ـ٤٤٢ و نووي:صحیح مسلم بەڕاڤەینووی ١٣٦/٩ بکە ←السیرة النبویة الصحیحة ٢٨٦ ــ ٢٩٢ بکە .

[*] سەیری * السیرة النبویة الصحیحة .

* فقه السیرة محمد سعید رمضان البوطي .

* المنهج الحرکي للسیرة النبویة ی ـ منیر غضبان بکە .

موسڵمانانەیان تێدانەبوو ، سەرجەمیان باوەڕداری ناخ و دەروون بوون بە تایبەت هیچ هۆکارو پاڵنەرێك نەبوو بۆ خۆ بە موسڵمانان دانان و سەرجەمیان لەپاش تەنگ پێ هەڵچنین و ئازارو ئەشکەنجەوە زێدو شوێنی خۆیان بەجێ هێشتبوو .

بەندی دووەم دان بەوەدا دەنێ کە " ئەوان یەك ئوممەتن بە جیا لە خەڵکی " ئوممەتێك ئەندام و تاکەکانی پەیوەندی عەقیدەو بیرو باوەڕ نەك خوێن پێکەوەی گرێ داون ، یەك هەست و سۆز و بیرو باوەڕو نەك خوێن پێکەوەی بەستوون و یەك ڕووگە یەکیانی خستووە، پشتیوانی و پشتگیرییان بۆ خوایە نەك هۆز ، پەنا بردنیان بۆ شەرعە نەك باوو نەریت ، خۆ ئەگەر هەندێ شوێنەوار و کاریگەری هۆزایەتی و دەمارگیری مابێ ئەوا ئەم بەڵگە نامەیەش یەکێکە لەو هۆکارانەی دەیەوێ لە دەوری شەریعەت و بەرنامەی ئیسلام کۆك و تۆکمە تریان کا ... ئەوان بەم بەها و بیرو باوەڕە لە سەرجەم خەڵکی تر جیا دەکرێنەوەو دەناسرێن " بە جیا لە خەڵکی " ئەم پەیوەندییانە لە موسڵماناندا کورت هەڵ هاتووە و جولەکەو هاو پەیمانەکانی تر ناگرێتەوە .

بێ گومان خستنەڕووی موسڵمانان ، وەك کۆمەڵێکی ئاینی کارێکی مەبەست دارەو ئامانج لێ ی زیاتر توند و تۆڵ کردن و شانازی کردنە بە خۆوە ، ئەمانەش لەوەدا زیاتر بەدەر دەکەوێ کە ڕووگە ( قیبلە )ی موسڵمانان گۆڕاو ڕوو کرایە ( کعبە ) پاش ئەوەی شانزە یا حەڤدە مانگ ڕوویان لە ( بیت المقدس ) بوو [1] ئەمە جگە لەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئەو جیاکارییە بە مەبەستەوە لە چەندەها شت دا بە پێچەوانەی جولەکەوە ڕەفتاری دەکرد تا موسڵمانان بەتایبەتمەندی خۆیانەوە بناسرێن و خۆ بە جولەکە نەچوێنن " لا تشبهوا باليهود " وە هەست بە بوونی جیای خۆیان بکەن وەك خاوەن ئاینێکی سەربەخۆو خاوەن تایبەتمەندی ، لەهەمان کاتدا موسڵمانان کۆمەڵێکی داخراو نەبوون بەسەر خۆیانداو هەر کەسێ بیویستایە دەرگا لەسەر پشت بوو ، دەروازە ئاوەڵا بوو بۆ پەیوەندیکردن و پەسەندکرنی کەسانێ کە بیرو باوەڕو هزری ئەوانی پێ پەسەند بێ . ئەمەش مانای ئەوە نییە کەسانی تر بونیان نییەو دانی پێدا نە نراوە ... بەڵکو هەروەك لە بەڵگەنامەی نێوان پێغەمبەریخواو جولەکەکاندا دەرکەوت ئەوان ئازادن لە بیرو باوەڕیانداو

---

[1] خليفة: التاريخ ٢٣ ــ ٢٤ و سيرة ابن هشام ١/٥٥٠ لە السيرة النبوية الصحيحة وەرگیراوە .

ئازادن لـه مومارەسـەیدا ... بـەڵكو ئەمـە لـە متمانـە بـەخۆو متمانـە بـە بیرو باوەڕەوە بـەدەر دەكەوێ .

بەنـدی ژمـارە (٣) بـۆ (١١) بـاس لـە پێكهاتـە هۆزایـەتیـیـەكان دەكـا ، كۆچـەران بـە یـەك پێكهاتە ( كتلة ) دا دەنێ لەبەر كـەمی ژمارەیـان ، بـەڵام پشتیوانان دەداتـە پـاڵ هۆزەكـانیـان ، باس كردنی ئەم هۆزانە مانای ئەوە نییە هۆزایەتی بناغەی سەرەكی پەیوەندییەكانی نێوان خـەڵكیبێ ، هـەروەهامانای مانـەوەی دەمـار گیری تیرەچییەتی و هۆزایـەتی نییـە ، چونكە ئیسـلام ئـەم دەمارگیرییـەی حـەرام كـردووە " لـیس منّـا مـن دعـا إلیالعصـبیة " ،بـەڵكو بۆ سوود و كەڵك لێ وەرگرتنیەتی لە بواری دابین كردنی كۆمەڵایەتیدا ( التكافل الإجتماعي) ، ئـەگینا ئیسـلام عەقیـدەی كردووەتـە ئـەو بناغـەیـەی كـە ئەندامـەكانی پێـوە پـەیوەسـت دەكـا ، بەڵام لە هەمان كاتدا دان دەنێ بە هەندێ پەیوەندی تردا كە لـە ژێـر پـەیوەنـدی عەقیـدەدا ریـز بەنـدی دەبـێ و خزمـەتی كۆمەڵگـە دەكـاو هاوبەشـی دەكـا لـە بنیاتنـانی دابـین كردنـی كۆمەڵایـەتی لـە نێـوان ڕۆڵەكانیـدا هـەروەك پەیوندییـە تایبەتییـەكانی نێـوان تاكەكانییـەك خێـزان و ئـەو شـتانەی لـە سـەر ئەمـە دەوەسـتن وەك ئـەرك و مافـەكانی سـەر هەریەكـە لـە باوكان و دایكان و ڕۆڵەكانیان ، هەروەها ئەو پەیوەندییـەی لـە نێـوان تاكـەكانی یـەك هـۆز دا هەیەو ئەوەشی لەمەوە سەرچاوە دەگرێ كە چەند ئەرك و مافێك كە لە نێوانیاندا هەیە لەوانـە هاوكـاری كـردن لـە دانـی خـوێن و ڕزگـار كردنـی دیـل و دەسـتگرۆیی نـەداران ، وەك ئـەو پەیوندییەی لە نێوان تاكەكانی یەك گەڕەكدا هەیـە " مـا زال جبریـل یوصـیني بالجـار حتـی ظننت أنه سیورثه " وە لە نێوان تاكەكانی یەك دێهەیە " أیما أهـل عرصـة أصـبح فـیهم أمـرؤ جائعاً فقد برئت منهم ذمة الله تبارك و تعالی " هەروەها ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ڕۆڵـەكانی یەك شاردا هەیە ، وەك ئەوەی درووست نییە زەكاتی ماڵو سامانیان لـە شـوێنەكەی خۆیـان دەربكرێ مەگەر دوای دابین كردن و تەواو كردنی پێداویستی ڕۆڵەكانینەبێ (*) ....

ئـا بـەم شـێوەیە ئیسـلام لەسـەر یەكـە كۆمەڵایەتییـە بچـوكەكان چـەندان بەرپرسـیارێتی داناوە ، تاوەكو هەر یەكەیان ڕاپـەڕێ و هەڵسـێ بـە ئـەنجام دانـی دابـین كردنـی كۆمەڵایـەتی و گرتنیكون و كەلەبـەرە گـەورەكان .... پاشـتریش دەوڵـەتیش هەڵدەسـێ بـەوەی ئـەوان نـەیان توانیوە پڕی بكەنـەوە و دابینـی بكـەن ... كـە ئەمـەش لـە ڕاستیدا بـار سـوكییەكی باشـە بـۆ

---

(*) لەم ڕووەوە هەندێجیاوازی فیقهیبەدیدەكرێ بەڵام ئەوبۆچونەی سەرەوە بەهێزترە .

دەوڵەت و ئەكرێ ئەمڕۆش لە سایەی دەوڵەتی هاوچەرخیش دا شێوازی نوێ و هاوچەرخ بگرێتە بەر و سودێكی زۆری لێ وەدی بێ بە شێوازی نوێی تر ڕێك بخرێتەوە .

بەم شێوەیە دان نان بە پەیوەندییە هۆزایەتییەكان بە مەبەستی سوود لێ بینینی بووە لە دابین كردنی كۆمەڵایەتی دا ، بەڵام پشتگیری و پشتیوانی لە ستەم و دەمار گیری ناڕەوا بووە ، بەم شێوەیە ئیسلام ئاراستەی پەیوەندی یە هۆزایەتییەكانی گۆڕی بە شێوەیەك سوودی لێ بینی و گونجاندی كە لەگەڵ ئامانجە بالاكانی خۆیدا بسازێ و لە چوار چێوە و بازنەی ئیسلام دا بخولێتەوە ... هەرچەندە هەندێ لەم سۆزە هۆزایەتییە جارە جارە بە شێوازێكی نامۆ سەری هەڵداوە و لە هەندێ فەترە شدا ڕۆڵیسەلبی بینیوە . ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ڕیشەی هۆزایەتی زۆر قووڵ بوو لە نێوان هۆزەكاندا.

دابین كردنی كۆمەڵایەتی بەپێویستی دەزانێ كە هۆز هاوكاری تاكەكانیبكا ، لەوانەش ئەگەر هاتوو تاكێكی بە هەڵە یەكێكی كوشت ، ئەوا خوێنی كوژراوەكە بە هاوكاری سەرجەم تاكەكانی دەدرێت ، ئەمەش لە سەردەمی نەفامیدا شتێكی ناسراو و باوبوو " على ربعتهم يتعاقلون بينهم معاقلهم الأولى " واتە بە شێوەی كارو بارو باو و نەریتی پێشووی خۆیان لە خوێن دا ڕەفتار دەكەن، بە هەمان شێوە هۆز هاوكاری تاكە دیل كراوەكانی دەكا بە بریتی (فدية)ی سامان دان " ئەوان بریتی دیلەكانیان بە شێوەیەكی چاك دەدەن " .

هەروەها بەڵگەنامەكە جەخت لەسەر بەر پرسیارێتی جەماعی دەكاتەوە ، وەها دا دەنێ كە سەرجەم باوەڕداران بەرپرسن لە جێ بە جێ كردنی داد وەری و ئاسایش لە كۆمەڵگای مەدینەدا ، ئەمەش گرنگییەكی گەورەی هەیە چونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێزێكی ڕێكخراوی پۆلیس ئاسای ڕێك نە خستبوو تا بە دوای تاوانكاراندا بچێت و چاو دێری یان بكاوسزایان بدات .

وە لەبەر ئەوەی ( حدود )ی تاوانكارییەكان ( الجرائم ) سەر چاوەكەی خوایە هەر بۆیە پیادە كردنیشی ئەركێكی ئاینییە لەسەر موسڵمانان ، ئەمەش پیرۆزییەك بە حوكمەكان دەدا و هێزێكی گەورەشی پێ دەبەخشێ و ڕێگردەبێ لەوەی مرۆڤ وەك یاسا دانراوەكان (الوضعي ) حەز بە دەرچوون و ڕكابەرێتی بكا .

لێرەشدا دابین کردن و هاوکاری کۆمەڵایەتی نێوان موسڵمانان لە باش و دیارترین وێنە و شێوازی دا دەبینرێ ، ئەوان سەرجەم بەر پرسن لە یەکتری لە دونیاو دوا ڕۆژ یاندا [1] ...

گرنگی دانی بەڵگەنامەکە لە دەر خستنی ڕۆڵی باوەڕ داران لە بەندی ژمارە (١٣) و بەندی ژمارە (٢١) دا بە ڕوونتر دەر دەکەوێ ، ئەوە تانێ بەندی ژمارە (١٣) دەڵێ : " وە باوەڕدارە پارێزگارەکان دژ دەوەستن بەرامبەر هەر کەسێك لە خۆیان کە دەست درێژی دەکا و یاخی دەبێ یا دەیەوێ شتێکی بە ناڕەوا دەست کەوێ یاتاوان یا دوژمن کاری یاخراپەکاری لە نێوان باوەڕداراندا بەرپا بکا ، سەرجەمیان دەبێ دژی بوەستن هەر چەندە کوڕی یەکێکیشیان بێ " .

ٍ لێرەدا بۆ دەست گرتنی یاخییان و دوژمن کار و خراپەکاران و بەرتیل وەرگران پشت بە ( مؤمنین ) دەبەستێ کە سیفەتی پارێزکاری ( تقوی )یان تێدایە ، تایبەت کردنی ( متقین) بەوەی بە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لەبەر ئەوەیە لەوانی تر سوورترن لەسەر جێ بە جێ کردنی بەرنامەکانی شەریعەت و بڕیارەکانی ، ئەمەش تاڕاددەیەك بۆ تەواوێتی باوەڕداران دەگەڕێتەوە ، لە لایەکی ترەوە مەرج نییە هەر کەسێ تەنها ئەسڵی ئیمانەکەی هەبێ بتوانێ ئەم کارە ئەنجام بدا بگرە دەکرێ خۆیشی هەستێ بە کردنی حەرامێك وەك دەست درێژی یەك و پێچەوانە کردنی سنورێك کە دەکرێ بەرگری و بەر هەڵستی لێ بکرێ ..

خۆ ئەگەر چاویش بخشێنین بە سنوور و حەددی کوشتندا ئەوا دەبینین لە بەندی ژمارە (٢١)دا ئەوە هاتووە و بەم شێوەیە حوکمەکەی دیاری دەکا: " ئەوەی دەستی بچێتە کوشتنی باوەڕ دارێکی بێ تاوان ، بێ ئەوەی شایستەی کوشتن بێ بە بەڵگەوە ، ئەوا تۆڵەی لێ دەسەنرێتەوە ... " .

کەواتە هەر کەسێ بێ ئەوەی تاوانێکی کردبێ وەك کوشتنی کەسێك ، یان بێ ئەوەی تاوان کاری یەکی وای ئەنجام دابێ کە شایستەی کوشتن بێ ئەوا دەبێ بکوژ تۆڵەی لێ بسەنرێتەوە بە کوشتن مەگەر کەس و کاری کوژراوەکە لەبری تۆڵە سەندنەوە خوێنەکەی وەرگرن یالێی ببورن ، هەروەها ئەگەر کەس و کارەکەی کوشتن هەڵبژێرن یا خوێنەکەی، ئەوا پێویستە لەسەر سەرجەم باوەڕ داران لەناو ئەوانەش دا کەس و کاری بکوژەکەش هاوکاریبکەن لە پیادە کردنی حوکم بەسەری داو نەیپارێزن هەر چەندە پلەی

---

[1] فقه السيرة ل ١٦٢ .

خزمایەتیەکەش نزیك بێ لێیانەوە چونکە هەروەك لە ماددەی (٢٢)دا هاتووە : کە " درووست نی‌یە هیچ باوەڕداریٚ کە دانی ناوە بەوەی لەم ( صحیفە )یەدا هاتووە و باوەڕ دارە بە خوا و بە ڕۆژی دوایی کە پشتگیری هیچ کەسێ بکا کە داهێنراوێکی نا شایستەی کردبێ ، یا جێگەی بکاتەوە ، هەر کەسێ پشتگیری بکا و جێگەی بکاتەوە ، ئەوا لە ڕۆژی دوایی‌دا نەفرین و تووڕەیی خوای لەسەر دەبێ و هیچ لیٚ بووردەیی و بریتی‌یەکی لیٚ وەرناگیریٚ " .

( محدِث )یش هەر کەسێکە کە سنورێکی خوای لەسەر چەسپی بێ ، لە ئاوەها دۆخێك بۆ هیچ کەسێ نی‌یە بەرهەڵستی بەرپا کردنی سنور بکا لەسەری ، وە هەر کەسێکیش جێگەی بکاتەوە ئەوا بەر نەفرینی خوا دەکەویٚو خەشمی ئەو دەیگرێتەوەو لەم هەڵوێستەشی دا کە پشتکیری تاوانکارانە لیٚ خۆش بون و تەوبە نایگرێتەوە و لەبری ئەوەش بریتی‌لیٚ وەر ناگیریٚ [1] .

دابین کردنی کۆمەڵایەتی نێوان باوەڕداران ئەوە دەخوازیٚ هاوکاری ( مفرح ) بکەن کەبریتی‌یە لەو کەسەی قەرز خاو و خێزان باری سەر شانی قورس کردووە ، هەر بۆیە ئەگەر دیل بوبێ ئازاد بکریٚ ئەگەر بە هەڵەش تاوانێکی کرد دەبێ خوێنی بۆ بدریٚ و هاوکاری بکریٚ هەروەك بەندی ژمارە (١٢) جەختی لەسەر دەکا ....

( ابن سعد )یش هەروەك لە ( السیرة الصحیحة )دا لیٚی وەر گیراوە ڕای وایە ( المفرح ) کە لە خاڵێکی بەڵگە نامەکەدا هاتووە بریتی‌یە لەو کەسەی پشت گیر و ( مولی )ی نی‌یە... پەیوەندی ( ولاء )یش دەخوازیٚ هاوکاری‌کردن و خوێن دان و....هتد لە خۆ بگریٚ جا ئەگەر هاتوو کەسێ هۆزی نەبوو خۆی بداتە پاڵ و لە یاسای ( ولاء )ی هۆزایەتیش دا نەبوو ، ئەوا سەرجەم باوەڕدار پشت و پەنا و هاوکاری ئەون ، خۆ ئەگەر تاوان کار ( جنایة )یەکی کرد، ئەوا لە ( بیت المال ) بۆی دەدریٚ ....

لە بەندی ژمارە (١٢ب) دان دەنیٚ بە فیکرەی پەیمان بەستن ( الحلف )دا ، بە مەرجیٚ ئەو کەسەی کە گەورەکەی ئازادی کردووە و ئێستە چۆتە سایە یەوە نابیٚ بەبێ پرسی ئەم ئەو کارە ئەنجام بدات ، بەڵام بەپیٚی فەرموودەی تر ئەم جۆرە ( حلف ) بەربەستی لە ڕێگە دانرا.

لە بەندی ژمارە (١٤)ش دا باس لەوە دەکا کە باوە ڕدار لە بری کوشتنی کافردا ناکوژریٚ... بەڵام ئایا ئەو کافرە تەنها ( محارب ) دەگرێتەوە واتە لە جەنگدابیٚ " ئەگەر

---

[1] سەیری ابوعبید :الأموال :لا٢٩٦ بکە ــ سەرچاوەی‌پێشوو لا ٢٩٦ .

کوشتت ناکوژرێی " یا هەر بەشێوەیەکی گشتی دیارە ئەمە جێی قسەیە ( هەر بۆ نمونە با سەرێ بدەین لە کتێبی ( فقه السنة ) بزانین لەو بارەیەوە چی دەنوسێ : ئەوەی سەبارەت بە کافری شەڕکەرە ئەوەیە کە موسڵمانان ناکوژرێنەوە بەهۆی ئەوەی کافرێکی کوشتووە با کافرەکە لای موسڵمانان کەس و کاریشی هەبێ . ئەمە جێگەی کۆڕای موسڵمانان ( اجماع )ە هەر وەك لەو خاڵەی سەرەوە و چەند فەرموودەیەکی ترەوە دەر دەکەوێ .

بەڵام حەنەفیەکان و ابن ابی لیلی : دەڵێن : موسڵمان بە کافری جەنگاوەر و شەڕکەر ناکوژرێ هەروەکو زۆرینە لەسەر ئەوەن ، بەڵام پێچەوانەی ئەوانن ئەگەر هاتوو کافرەکە : (ذمي) و ( معاهد )بێو لەو بارەیەوە ووتویانە " ئەگەر هاتوو موسڵمان ( ذمي ) ـــ یا( معاهد)ی بە ناڕەوا کوشت ئەوە دەکوژرێت چونکە خوای گەورە فەموویەتی ( وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ ) ( المائدة : من الآية٤٥ ) " هەروەها ئەڵێن : موسڵمانان ڕێکن لەسەر ئەوەی ئەگەر هات وموسڵمان ماڵی ( ذمي )یەکی دزی ئەوا دەستی دەبڕدرێت ، جا ئەگەر هات و ڕێزی ماڵەکەی وەکو ماڵی موسڵمان وابێ ، ئەو اڕێزی خوێنەکەشی وەکو ڕێزی خوێنی ئەو وایە ....[(١)] .

بەندی ژمارە ( ١٧ )ش ئەوە ئیقرار دەکا کە " ئاشتی باوەڕ داران یەکە ، هیچ باوەڕ دارێ بێ بەدەر لەباوەڕدارەکەی تر لە جەنگی پێناوی خوادا ئاشتی لەگەڵ کەس دا ناکا مەگەر وەك یەك پێی هەستن و یەکسان بن تیایدا " بەرپرسیارێتی ڕاگەیاندنی جەنگ و ئاشتی تاکەکان بڕیاری لەسەر نادەن ، بەڵکو ئەمە کاری پێغەمبەری خوایە { وەك سەرکردەو هەم پێغەمبەری موسڵمانان } جا ئەگەر ئەو جەنگی ڕاگەیاند ئەوا سەرجەم باوەڕداران دەچنە دۆخی جەنگەوە لەگەڵ ناحەزانیاندا و بۆ هیچ تاکێ نیە ڕێکەوتن و شلی بنوێنێ و پەیمان نامە گرێ بدا چونکە ئەمە پەیوەستە بە سیاسەتی گشتیی باوەڕدارانەوە [(٢)] {الزرقاني على المواهب اللدنية للقسطلاني ١٦٨/٤ ـــ ٢٩٧ ) هەروەك چۆن قورسایی جەنگ ناشکێتە سەرهۆزێك جگە لەوی دی بەڵکو جیهاد پێویستییەکی سەرجەم باوەڕدارانە و هەموویان یەك لەدوای یەك لەسریە و غەزوەکاندا دەدەچن ( إبن الأثير : النهاية في غريب الحديث ٢٦٧/٣ ، و شرح الزرقاني على المواهب اللدنية للقسطلانى ١٦٨/٤ و إبن منظور / لسان

---

[(١)] فقه السنة ب ٢ ل ٤٤٥ ـــ ٤٤٧ سيد سابق ج٢ .

[(٢)] ،سەرچاوەیپێشوو ل ٢٩٧ ـــ ٢٩٨ .

العرب مادة / ( عقب ) ٢٩٧ ، هەروەك لەبەندی ژمارە ( ١٨ ) هاتووە : ( وە هەرکەسێك هاوشانمان غەزابکا ئەوا پێکەوە بەڕێز قورسایی‌یەکانی جەنگ لەئەستۆ دەگرین ....)، بەندی ژمارە ( ١٥ )ش مەبدەمئی پەنادانی لەخۆ گرتووە کەئەم مەبدەئە لەپێش ئیسلام دا ناسراوبووە و لێرەشدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردوویەتی‌یە مافی هەمووکەسیش پەناکەی لەکەدارنەکا ، بەڵام پشتیوانی و خۆشەویستی ( الموالاة )یش خۆشەویستی و پشتیوانی دەخوازێ ، هەربۆیە درووست نی‌یە باوەڕدار ( موالاة )ی بێباوەڕ ( کافر ) بکا (باوەڕداران هەندێکیان پشت و پەنای ئەوانی تریانن ، ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ) (المائدة:٥١) بەڵکولە بەرامبەردا باوەڕداران بکەنەپشت وپەناوخۆ شەویستی خۆیان ( لا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ)(آل عمران: من الآية٢٨) .

ئەم بەندەش (١٥) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە موسڵمانان تا ئەوپەڕی ڕاددە لە نێوان یەکدا یەکسانن نەك وەك دیعایە و پڕوپاگەندەی بریقەدار ، بەڵکو بەو پێیەی پایەیەکی گرنگی کۆمەڵگای ئیسلامی‌یە و پێویستە بە وورد ترین شێوە پیادە بکرێت ، ئەوەندەش بەسە بۆ ئەم پیادە کردنە کە پێغەمبەری خوا و موسڵمانان تیایدا دان بنێن بەوەی ( پەنا دانێك کە خودا ڕێی پێ داوە بۆ هەمووان یەکە و هەموو کەسێك مافی پەنادانی هەیە ) ئەمەش مانای وایە ئەستۆ گیری موسڵمان وەکو یەکە و پەناو پەساردانی پارێزراوە و دروست نی‌یە ببەزێنرێ ، هەر کەسێ لە موسڵمانان بەپێی ئەم بەڵگەنامەیە و لەو سەردەمەدا کەسێکی پەنابدایە ( مەگەر کەسانێکی جاسوس ) ئەوا دەبوایە ڕێز لە پەنادانەکەی بگیرایە و هیچ کەس بە هیچ ناوێکەوە بۆی نەبوو لەکەداری بکات ، ئەمەش شتێك نی‌یە تایبەت بێت بە پیاوانەوە بەڵکو ڕەگەزی ژنانیشی دەگرتەوە و لەم بارەیەشەوە ( بوخاری و مسلم ) فەرموودەیەك دەگێڕنەوە کە ( أم هانيء ) کچی ( أبوطالب ) لە ساڵی فەتحی‌مەککەدا چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی ووت ( ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) برا دایکەکەم دەڵێ کەسێکم کوشتووە منیش پەنام داوە[1] ، فلانی کوڕی هبیرة ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ئەوەی تۆپەنات دابێت ئێمەش پەنامان داوە ، ئەمەش مانای ڕێز و پلە و پایەیەکە کە ئافرەت لەسایە و سێبەری ئیسلامدا پێی گەیشتووە .

---

[1] فقه السيرة لا ١٦٢ .

ئەمە جگە لەوەی ئاماژەیە بە یاسایەکی هۆزایەتی ئەو کاتە کە لە هەندێ ڕووە وە جۆرێك بووە لە زەمانەتی پاراستنی هەندێ کەس کە ڕووداوێکی لە دەس قەوماوە بۆ ئەوەی پاشتر بڕیاری تری لەسەر بدرێ‌و هەر لە ڕێوە نەکوژرێتەوە ، یاجۆرێك هەڵوێستی لە بەرامبەرەوە نەگیرێ .

هەرچی هاوبەش پەیدا کەرەکانە ئەوا بونیان هەبووە و بە پێ‌ی بەڵگەنامەکەش هیچ شتێکیان لە دژ نەووتراوە بەڵام وەك کۆمەڵێکی خاوەن فیکرەی سەربەخۆ باسیان ناکا ، بەڵام لە میانەی کۆبونەوە هۆزایەتی‌یەکەوە لە بیریان ناکا ، هەر بۆیە لە نێو بەڵگەنامەکەدا ماددەیەکی تێدایە کە ئاماژەی تێدایە بۆ پەیوەندی هاوبەش پەیداکەرەکان بە کۆمەڵگای ئیسلامی ئەو کاتەوە هەروەك لە ماددەی (٢٠)دا هاتووە : ( هیچ موشریکێك بۆی نی‌یە پەنای ماڵ ی اکەسێکی قورەیشی بدا و نابێ ببێتە بەربەست و ڕێگری باوەڕداران بۆ سەریان).

بە پێ‌ی ئەم بەندە بۆ هیچ کەسێ نی‌یە لەو هاوبەش پەیداکەرانەی ئەوس و خەزرەج کە لە سەر شیرك ماونەتەوە پەنای قورەیش یا بازرگانی‌یەکەیان بدەن ، یاخود ببنە کۆسپ لە بەرامبەر هێرشی موسڵماناندا بۆیان ، دیارە پێغەمبەری خوا سوور بووە لەسەر سیاسەتی لێدانی بازرگانی قورەیش ، بێ‌گومان بەو پێ‌یەی موسڵمانان زۆرینەی زۆریان لە ڕووی هۆزەوە لە ئەوس و خەزرەج بوون هەر بۆیە ئەمان پیادەکردنی ئەم بەندە لە بەرامبەر هاوبەش پەیداکەرانەوە لە ئەستۆ دەگرن بەو پێ‌یەی لە هۆزەکانی ئەوانن ، ئەم پابەندی‌یە کە پێشتریش لە کاتی سازشەکەدا وەك بەڵێن لە جولەکەکانیش وەرگیرا وە دووبارە بوونەوەی ئەم ماددەیەش بۆ هەریەکە لە جولەکە و هاوبەش پەیداکەران جۆرێکە لە پەیوەندی نێوان دوو بەڵگەنامە کە هەر وەکو لەپێشەوە باس کرا .

لەم بەڵگە نامەیەدا کە تایبەتە بە هاوپەیمانێتی نێوان کۆچکەر و پشتیوانەکانەوە بەندێکی تێدایە سەبارەت بە جولەکەکان و لەو بەندەش دا کە ژمارە (١٦)یە دەڵێ : " وە هەر جولەکەیەك لەگەڵمان بێ ئەوا پشتیوانی دەکەین و سەر مەشقی‌جوان دەبین بۆی بێ ئەوەی ستەمی لێ بکەین و هانی خەڵکی بدەین لە دژی " جا ئەم جوان ڕەفتار کردنەی موسڵمانان بە چاکەو داد گەری و هان نەدان لەسەر ئازار دانیان ( بەمەرجێ جولەکەکان لە کاتی داڕشتنی بەڵگەنامە کەدا ئامادە و بەشدارنەبوون ) شتێکی ئاسایی‌یە و بەڵگەیە لەسەر جێگیری بەها

ڕەوشتییەکان لە سیاسەتی ئیسلامیدا و ئاماژەشە بەوەی پابەندبوون بە ئیسلام مانای دوورییە لە خیانەت و نا پاکی و خەنجەر دان لە پشتەوە .

شتێکی گرنگ کە لێرەدا بەدی دەکرێ و ئیسلامی بوونی بەڵگەنامەکە دەسەلمێنێ ئەوەیە کە لە بەندی ژمارە (٢٣)داهاتووە وەك دوا بەندی نێوان کۆچەر و پشتیوانان ، کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تاکە مەرجەعە لەو ناکۆکییانەی لە نێوان موسڵمانانی مەدینەدا دەکەوێتەوە لە ئاوا حاڵێکدا دەبێت کێشەکانیان بگێڕنەوە بۆ لای خوای گەورە و بۆ لای پێغەمبەرەکەی کە بە مەش خوای گەورە بە قورئانەکەیی و پێغەمبەری خواش بە فەرموودە و ڕوونکردنەوەکانی مەرجەعیەتی ئیسلامی پێك دەهێنێن کەواتە لێرەدا قسە لە بەڵگەنامەیەکە کە دانراوە بۆ پێکهاتەو دەسەڵاتێك کە بەهای ئیسلامی باڵا دەستە و مەرجەعە بۆ ئەندامەکانی (( وە ئێوە لەگەڵ کەوتنەوەی هەر جیاوازییەکی نێوانتان ئەوا دەبێ بگەڕێنەوە بۆ لای خوا و بۆ لای موحەممەد)) . ئەم بەندە بەزیادکردنی بەندی یەکەمیش ئەوە دەگەیەنێ کەئیسلام بریتیبووە لەوبەرنامەیەی هۆکاری گرێدان و یەکێتی موسڵمانان بووە .

## گرنگترین ئەو ماددە دەستوریانەی بەندی هەردوو ( صحیفە )ەکە بۆ دەوڵەتی دەست نیشان کردووە [1]

پرسیارێك لێرەدا دێتە پێشەوە ئایا سەرجەم ماددەکانی بەڵگەنامەی نێوان موسڵمانان و جولەکەکان و نێوان موسڵمانان خۆیان پاشتر هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر ماددە و بەندەکانیدا هاتووە * ؟ یاخود هەر وا بە جێگیری ماونەتەوە ... ؟ ئەوەی من لێرەدا سەرنجم هەیە لەسەری ئەوەیە ئەوە ندەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بارو دۆخ و پێکهاتەی ئەو

---

[1] * دولة المدينة المنورة وتشريعاتها الدستورية ، خالد محمد صالح الكوردي ١٤٢١هـ ــ ٢٠٠١م بەهەندێك دەستكاریو گۆڕانكارییەوە ل ٣٨ ــ ٤٠ .

* هەروەها بابەتێکی (لؤي صافي) لەژێرناونیشانی (النموذج المدني)لەباسێك لەژێرناونیشانی (الدولة الإسلامية بين الإطلاق المبدئي و التقييد النموذجي ) لا ١٢٠ ــ ١٢٤ .

* بەکارهێنانی ووشەی(ماددە)و(دەستور)و ....هتد بۆنزیك کردنەوەیە لە بیرو هۆشی خوێنەر ، ئەگینا ئەم ووشانە زاراوەی نوێن و پێناسەی تایبەتیان هەیە .

کاتـەی سـەردەمی مەدینـەوە هەیـە و موراعـاتی بـاری کۆمەڵایەتی‌یەکـەی کـراوە لـە چـوار چێوەیەکی شەرعی‌دا ، دەکرێ بە پـێی هـەمان ئـەو خاڵانـە بـەڵام لـە فۆرمێکی تـازەدا قسـەی تـرو ئاراسـتەی تـر وەردەگـرن کـە ئێـرە بـواری تایبـەت کـراوی ئـەو مەسـەلەیە نی‌یـە ، یـا هەندێکیان بەپێی گەشەی ( تشريع )ی کە ئەو کاتـە کـە سـەردەمی ( وحي ) بووە گۆڕان لـە ووردەکاری یەکاندا هاتووە .

ئێسـتاش بـا بچینە سـەر گـرنگترین مـاددە دەسـتوری‌یەکانی هـەردوو بەڵگـە نامەکـە کـە بە(صحيفة ) و ( الكتاب ) ناسراون ، ڕووکاری پراکتیکی بنەما سیاسی‌یە قورئانی‌یـەکان زۆر بەڕوون و ئاشکرایی لە بەندەکانی ئەم ( صحيفه ) یەدا دەبینرێ ، بەشێوەیەکی گشتیش ئـەم بەندانـە مـاف و ئەرکـەکانی ئەنـدامانی ئـەم کۆمەڵگـە نوێیـەی دەسـت نیشـان کـردووە بـە موسڵمان و ناموسڵمانی‌یەوە :

١- بەپێی دەقی ئەم پەیماننامەیە بە هەردوو بەشەکەیەوە سەروەری ( السيادة ) لە دەوڵەت دا بۆ پەیامبەر و شەرعەکەیەتی ( بە ڕەچاوکردن و پاراستنی مافە ئاینی‌یەکانی جولەکە ....) هـەروەك لـە بەنـدی (١) و (٢٣) و (٤٢)دا هـاتووە ، کەواتـە لـە سیسـتەمی سیاسـی ئیسـلامی‌دا ( المرجعية العليا ) بۆ ( وحی )یـە .... دیـارە ئەمـەش بۆ ئەوەیە لـە کـاتی ناکۆکی‌یەکانـدا بـۆی بگەڕێینـەوە ، بەتایبـەت ئەوانـەیان ڕوکـارێکی گشـتی‌یان هەیـە و تایبەتمەندی ئاینی‌یان نی‌یە ... ئەوەشی کە تایبەتە بە خۆیانەوە یاسا ڕێدەدات خۆیـان چارەسەری بکەن بەپێی بیروباوەڕی خۆیان .

٢- سەرکردایەتی و مەرجەعیەتی ئاینی و دونیایی لە مەدینە بۆ پێغەمبەری خوایـە ( مەگـەر لەو شتانەدا کـە تایبەتـە بـە کاروباری جولەکـەکان خۆیانـەوە یـا نایانـەوێ بیگێڕنـەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ) هەروەك لە بەندەکانی سەرەوە دا دەر دەکەوێت .

٣- دەسـت نیشـان کردنـی دانیشـتوان و گـەلی دەوڵـەتی ئیسـلامی لـە مەدینـەدا هـەروەك لـە بەندی یەکەمی هەر یەکە لە دوو بەڵگەنامەکەدا هاتووە واتە لە بەنـدی ژمـارە (١) و ژمـارە (٢٤) ە .

٤- دان نان بە پێکهاتـە هۆزایـەتی و ئاینی‌یـەکانی مەدینـە ، پـاش داماڵینیـان لـە سـەلاحیاتە سیاسـی و بەڕێوەبەرایەتی‌یـەکان ، پێکهاتـە ئاینی‌یـە دان پێـدا نراوەکـان لـە دەوڵەتـدا بریتین لە ( موسڵمانان و جولەکەکان ) هەر بۆ نمونە سەیری بەنـدی ژمـارە (٢٤) تـا (٣٧) بکـە لـە ( صـحيفة )ی یەکـەم و بەنـدی (١ــ ٢) لـە ( صـحيفة )ی دووەم ، هاوبـەش

پەیداکەرە کانیش لە نێوان پێکهاتە هۆزایەتیەکاندا جێیان بووەتەوە وەك کۆمەڵێکی ئاشکرا باسیان ناکرێ تەنها لە بەندی ژمارە (٢٠)دا نەبێ .

لە لایەکی ترەوە بەڵگەنامەکە دەرگای لەسەر پشتە بۆ هەر کەسێك کە دەیەوێ بێتە ڕیزی بەڵگەنامەکەوە ، هەر چەندە لە دوای جێبەجێ بونی بەڵگەنامەکە وە بێ هەروەك لە بەندی یەکیهەردوو بەڵگەنامەکەدا هاتووە کە لە یەکەمیاندا ژمارە (٢٤)ە بەمە دەرگا والآیە بۆ هاتنە ڕیزی سەرجەم هۆزەکانی تر بۆ ناو ئەم بەڵگەنامەیە ، ئەم بەڵگەنامەیە بوونی هۆزایەتی هێشتۆتەوە بەڵام لە ناوەڕۆکە دوژمنکارییەکانیخاڵی کردۆتەوە و بواری خزمەتگوزاری و هاوکاری کردنی بۆ زیاد کردووە ، لەهەمان کاتدا بوونی ( أمة واحدة من دون الناس ) هۆکارێکی ترە بۆ لاوازکردنی گیانی هۆزایەتی و عەشیرەت بازی.

٥- دەست نیشان کردنی سنوری دەوڵەتەکە کە هەروەك لە بەندەکانی ژمارە (٣٩=١٦) و (٤٤=٢١) و (٤٧=٢٤)ی بەڵگەنامەی یەکەم داهاتووە ، لە بەڵگەنامەی دووەمدا سنوری دەوڵەت دیاری نەکراوە بەو پێیەی لە یەکەمدا باسیکراوە ، ئەم سنورەش هاوبەشە لەنێوان هەموویاندا .

٦- دەست نیشان کردنی ئەرکەکانی هاونیشتمانیانی دەوڵەتەکە ، دەست نیشان کردنی ئەم ئەکەنە دوو ئاراستەی وەرگرت:

ئاراستەی یەکەم : ئەرکە ئاینییەکان : واتە ئەو ئەرکانەی پاڵ نەری ئاینی لەسەر شوێن کەوتووانی دەیخوازێ و جا ئەوەی پەیوەندی دارە بە باوەڕدارانەوە ئەوا دەتوانین بڵێین سەرجەم بەندەکانی ژمارە (١٢ بۆ ٢٣) ، بەڵگەنامەی دووەم بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندی یان هەیە بەم خاڵەوە چونکە تایبەتە بە موسڵمانانەوە ، بەڵام دەست نیشان کردنی ئەرکە ئاینییەکانی جولەکە ئەوا بەندەکانی بەڵگە نامەکە قسەی لەسەر نەکردووە چونکە ئەمە تایبەت بووە بە ئاینەکەی خۆیانەوە و پێغەمبەری خواش بەدەق وازی لێ هێناون کە ئاینیان چۆن چۆنە ئاوا ڕەفتار بکەن ، چونکە وەك لە بەندی دووەمی بەڵگەنامەی یەکەمدا هاتووە کە ژمارە (٢٥=٢) (( و للیهود دینهم و للمسلمین دینهم )).

ئاراستەی دووەم : ئەرکە نیشتمانییەکان ، کە ئەمەش هاونیشتمانیبوون و نیشتەجێبوون لە وڵاتی ئیسلام دا دەیخوازێ ، ئەمەش کارێکی هاوبەشە لە نێوان هەریەکە لە موسڵمانان و جولەکەدا وەکو یەك بێ ئەوەی ستەم یاجیاکارییەك بکرێت ، هەروەك لە

بەنــــدی ژمــــارە (٢٥=٢ ، ٣٦=١٣ ، ٣٧=١٤ ، ٣٧ب ، ٣٩=١٦ ، ٤٢=١٩ ، ٤٥ب=٢٣ ) لــــە بەڵگەنامەی یەکەم . بەڵام بەندەکانی بەڵگەنامەی دووەم ، ئەوا هیچ باسێکیان لەمە نەکردووە ، بەو پێیەی لە بەڵگەنامەی یەکەم دا باس کراوە و لێرەشدا وەك ئەرکێکی هاوبەشی نێوان موسڵمانان و جولەکەکان قسەی لێدەکا ، بەندەکانی هەردوو بەڵگەنامەکە پاڵ نەرێکی لاوەکی تر باس دەکا بۆ دەست نیشان کردنی ئەر کەکان ، کە ئەویش پاڵ نەری ئاراستەی هۆزایەتی‌یە کە لەپێش ئیسلام داهەبووە .

بەندەکانی هەردوو بەڵگە نامەکە وەك بەهایەکی کۆمەڵایەتی هاوتەریبە بە ڕوحی ئیسلام و لێبوردەیی‌یەکەیەوە بەڵکو ڕێك و سازە لە گەڵیدا ، ئەمەش لە بەندی ژمارە (٣ـــ١١)ی بەڵگەنامەی دووەم دا باسی کردووە بەڵام ئەمەی لە بەڵگەنامەی یەکەمدا باس نەکردووە ، چونکە دەکرێ ئەم ئەرکە و ئەم یاسا هۆزایەتی‌یە لە نێوان جووەکاندا نەبوبێ ، بەڵام ناوی بەشە جیاجیاکانی جولەکەی باس کردووە بێ ئەوەی دەست نیشانی ئەرکێکی تایبەتی‌یان بۆ بکا هەر وەك لە بەندی ژمارە ( ٢٥=٢ ، ٣٤=١١ ) دا هاتووە .

٧- دەست نیشان کردنی مافەکانی هاوڵاتیان لە دەوڵەتدا : مافە ئاینی‌یەکان لە بەندی ژمارە (٢٥=٢)ی بەڵگەنامەی یەکەم دا هاتووە کە ئازادی ئاینی‌جولەکە دەسەبەر دەکا لەنێو دەوڵەتی ئیسلامیدا ، بەهەمان شێوە ئەم مافە بۆ موسڵمانان دەسەبەرە و پێویستە پابەندی پێوە بکرێ ، بەڵام مافە نیشتمانی‌یەکان یان مافی هاونیشتمانی‌بوون ئەوا لە بەندی ژمارە (٣٩=١٦ ، ٤٣=٢٠ ، ٢٤=٢١ )ی بەڵگەنامەی یەکەم دایە ئەم مافەش هەروەك ڕابورد هاوبەشە لە نێوان جولەکەو باوەڕ داراندا هەر بۆیە لە بەڵگەنامەی دووەمدا بیری لێ نەکراوەتەوە.

٨- بەڵگەنامەکە ( بە هەردوو بەشەکەیەوە ) هەندێ مافی سیاسی دەست نیشان کردووە کە تاکەکانی کۆمەڵگای سیاسی ئیسلامی هەیانە ، موسڵمان بن یان ناموسڵمان ، وەکو بەدەمەوە بوون و بەهاناوە چونی ستەم لێ کراوان ، لێپرسراوێتی تاکەکان لەو کارانەی ئەنجامی دەدەن ، ئازادی مانەوە و دەرچوون لە مەدینە مەگەر لە حاڵەتی‌ستەم و تاوانکاریدا ( من خرج آمن ، و من قعد آمن ، إلامن ظلم و أثم ) ، ئەم بەڵگەنامەیە لەمە زیاتر هەڵدەگرێ بەڵام لێرەدا بەوەندە کۆتایی پێ دەهێنین [1] .

---

[1] مـن وادەزانم توێژینـەوەی (حجـة الـوداع)ی پێغەمبـەری‌خواش(ﷺ) وێسـتگەیەکی گـرنگترە بۆئەوەی‌لەسەری ڕاوەستیت و سەرنجی تایبەتی بدرێ لەم بارەیەوە .

## ( تیشکێك سەبارەت بە تێگەیشتنی چەمکی دەسەڵات لە سەردەمی خەلیفەكانی ڕاشدیندا )
## وەرگرتنی یەكەم ووتاری خەلیفایەتی ئەبوبەكر وەك نمونە

ئـەكرێ بڵـێین ئـەو دەوڵەتـە ئیسـلامییەی لـە سـەردەمی پێغەمبـەری خـودا (ﷺ) و خەلیفەكانی ڕاشدیندا لە مەدینەدا بەدی هات ، لە ڕوانگەی شەكلییەوە سەرجەم ڕەگەزەكانی دەوڵـەتی تێـدا بـەدی هـات، هـەر لەگـەل و هەرێمـەوە تـا دەسـەڵات و سیسـتمێكی یاسـایی ، دەسـتوری مەدینــەش ( الصـحيفة ) بـە شـێوازێكی زۆر ورد دەستنیشـانی سـەرجەم ئـەو كۆمەڵانە دەكا كە دەوڵەتی لێ پێك هاتووە ... لە مسوڵمان و جولەكە و بگرە هاوبەش پەیدا كەرانیش، دەستورەكەش هۆز هۆز باسیان دەكاو بە هەمووشیانەوە ئوممەتێكی سیاسی پێك دەهێنن( ئەمـە جگـە لـە ئوممـەتی عەقیـدەیی )، و ( صـحیفە ) كـەش دەسـت نیشـانی مـاف و ئەركەكانیان دەكا بەو پێیەی هاونیشتمانین .[1]

ئـەم بەڵگـە دەسـتورییە نوسـراوە لەلایـەن شـارەزایانی یاسـای دەسـتورییەوە دادەنـرێ بـە یەكێ لـە كـارە هـەرە گرنگـەكانی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) لـە مەدینـەدا . هـەروەها پێشـینەیەكی دەستوری بێوێنەیە لە مێژوی یاسای دەستوریدا ، شایستەی گرنگی پێدان و توێژینـەوەی زیاتریشە، بەتایبەتیش ئـەم ( صـحیفە )یە باسـی لـە چەندان  گرفـت و گـرێ كوێرەی وێنـەی ((هاوولاتی )) بوون دەكا لە كۆمەڵگەیـەكی فرە مەزهـەب و ئـاین دا ، دان بـە هەمووانـدا دەنـێ وەك هاوولاتی بێ جیاكاری و هەمووشیان پێكەوە بە ئاشتیانە دەژین و وەلائیان بۆ دەوڵەتەو بـەرگری لـێ دەكـەن ، سـەرەڕای ئـەوەی ئوممـەتی عەقائیـدیش بـوونی هەیـە وەك ئوممـەتی جولەكەو ئوممەتی ئیسلام، هەموو ئەمانەش پێش ١٤٠٠سالْ رویداوە .

بێگومان هەروەك(غنوشی )دەڵێ:ئەم (صحیفە)یە سەرجەم ئەو كۆمەڵە عەقائیدیانـە باس دەكا كە مەدینەی لێ پێك هـاتووە ، ئەگـەر كۆمەڵـەی تـری خـاوەن عقیـدەی تـریش هەبوایـە و بیویسـتایە بهاتایەتـە  نێـو ئـەم پـەیمان نامەیـەوە پێغەمبـەری خـودا جیـای نـەدەكردەوە و پەسەندی دەكردن ، چونكە هیچ شتێك وەیا پاساوێك نـەبوو بۆ جیاكردنـەوەیان كـە ئەمـەش مانای هاونیشتمانی بوون و پێكەوە ژیـانی ئاشتییانەیە بە سـەرجەم مـاف و ئەركەكانیـەوە ، لەگـەڵ ئـەوەی ئـەم دەوڵەتـە خـاوەنی ڕەگـەزێكی عەقائیدییـە و یەكـەم دەوڵەتـە لەسـەر ئـەو

---

[1] الحريات العامة في الدولة الإسلامية الشيخ راشد الغنوشي    ل٩٤ .

بنەمایە دامەزراوە ، بەڵام لەگەڵ ئەم تایبەتمەندییەشدا هەرکەسێ لەسەر زەمینەکەیدا نەژی مسوڵمان بێیا غەیری مسوڵمان بەڕەعیەت و هاوولاتی دانانرێ و ئەو مافەی بۆ دەسەبەر نەکراوە .

هاونیشتمانی بوون مافە و لواوە بۆ هەر کەسێ کە داوای بکاو پەیوەندی بکا بە هەرێمی ئەو دەوڵەتەوەو ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکا ... بەڵام هەر کەسێ ئەمە بەجێ نەهێنێ هەرچەندە مسوڵمانیش بن ، ئەوا پێویست ( واجب ) نیە دەوڵەتی ئیسلامی پشتیوانیان لێ بکا ( بەپێی ووتەی غەنوشی ) تاپەیوەندی نەکەن و پەیوەست نەبن پێیەوە، بەڵام ئەگەر نیشتەجێبونیان لە دەرەوەی دەوڵەتی ئیسلامیدا هەڵبژارد ئەمانە هەرچەندە بەشێکی ئوممەتی عەقیدەین بەڵام لە دەرەوەی ئوممەتی سیاسین خوای گەورە ئەفەرمێ ( وَ الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يُهَاجِرُوا مَا لَكُمْ مِنْ وَلَايَتِهِمْ مِنْ شَيْءٍ حَتَّى يُهَاجِرُوا وَ إِنِ اسْتَنْصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلَّا عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَ بَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ ) ( لأنفال :٧٢ )[1]، واتە : ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کۆچیان نەکردووە ، ئەوە بۆتان نیە پشتگیرییان بکەن لەهیچ شتێکدا هەتا ئەوانیش کۆچ دەکەن ، خۆ ئەگەر ئەو ئیماندارانە ( کۆچیان نەکردووە ) داوای یارمەتی و پشتگیرییان لە ئێوەکرد بۆ سەرخستنی ئاینی ئیسلام ، ئەوا پێویستە پشتگیرییان بکەن ، جگە لەوانەی لە نێوان ئێوە و ئەواندا پەیمانێك هەبێت...

ئەوەی پێشتر سەربوردێکی خێرا بوو بۆ بەشێك لە مێژویی ژیانی پێغەمبەری خوا لە ڕووە سیاسی و سەرکردەییە کەیەوە... لەم بارەیەشەوە دەیان نمونەی تر لە ئارادایە. ئەوەندەی باسکرا وابزانم بەس بێت بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بەرچاو ڕۆشن بن، ئیتر کەسانێك گوێبیستی ڕاستیەکان نابن و چەواشەکارانە یان چاو لێکەرانە لەم ڕووەی ئیسلام دەڕوانن یان بەچەندان بەڵگە و بیانوی بێهێز قەناعەتی پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنن ئەوە کارێکە پەیوەندی بە دیدی خۆیانەوە هەیە نەك ڕوانگەی دروستی ئیسلامی کەپشت ئەستوورە بەبەڵگەی شەرعی لە دەق و واقیعی ڕاستەقینەی ئیسلامی.

پێغەمبەری خوا سەرجەم کارەکانی لەژێر ڕێنمایی وەحی دا ئەنجام دەدا ، بەڵام هەندێکی پشت ئەستووربوو بەڕاوێژ و ئیجتهادی مرۆییانە ... هەر چۆنێك بێت دەسەڵاتەکەی ڕەنگدانەوەی پەیامەکەی بوو... هەر بەم شێوەیەش پاش خۆی بە هەڵگۆستن لە حەقیقەتەکانی پەیامەکەی خەلیفەکان لەم لایەنەی ژیانیاندا ڕەفتاریان دەکرد... دەوڵەتی خەلیفەکانی ڕاشدین بەپێی ئەو گۆڕانکاری و گەشەیەی دواتر بەخۆیەوەبینی بەرەو

بەرفراوانی و ئاڵۆزی چوو، چووە ئاستێکەوە کە بەپێی جۆری دەوڵەت پێی دەوترێ دەوڵەتی ئاوێتە ( المركبة )، سەرجەم بوارەکانی ژیان فراوان بوون بەپێی فراوان بوونیشیان ئامراز و ئالیەتی نوێی بۆ هاتە پێش بە سوود وەرگرتن لە ئاستی ئەزموونی ئەوکاتەی میللەتان و دەسەلاتەکانیان... سەرجەم هەوڵ وکارەکانی خەلیفە ڕاشدییەکان لەژێر ئاراستەوتیشکی وەحی دابوو، هیچ کات وایان دانەناوە ئەمان تەنها مەلیك و پادشا یادەسەلاتێکی دوور لەپەیامەکەیان بن.. یاپەیامەکەیان شتێ‌بێ‌و دەسەلاتەکەیان شتێکیتر... بوونی هەڵە و خراپەکاری یا دیدو بۆچوونی جیاجیا سەبارەت بە ڕووداوە نوێ و تازەکان شتێکی ئاساییە و ئەوانیش لەم ڕاستیە بەدەر نین و هیچ کاتیش ئاوەها بارودۆخێك مانای ناشەرعی بوونی دەسەلات ناخوازێ ...

شتێکی سروشتییە لە دوای خۆیشی دید و بۆچوونی جیاواز دروست ببێ سەبارەت بەوەی کێ و چۆن دەسەلاتی ئیسلامی و پەیامدار بەڕێوە ببات ، چونکە پێغەمبەری خوا بۆ ئەو لایەنە هیچ شتێکی ئاراستە نەکردن و کەسی بەخەلیفە لەدوای خۆی دەست نیشان نەکرد ، بەلام مەبدەئی ڕاوێژ و گوێ ڕایەڵی کردنی فەرمانڕەوایان و مل کەچی بۆ شەریعەت لە بنەما جێگیرەکانی دەسەلاتن و قورئان جەختی لەسەر کردووەتەوە ... وازهێنانی پێغەمبەری خوا لەو دەست نیشانکردنە خۆی بۆ خۆی مانای ئەوەی تێدایە کە ئەو کارە ئەرکی موسڵمانانە و مافی ئەوانە ئەنجامی بدەن ئەگین ئەوەندەی نەدەویست و دەتوانرا لە چەند خولەکێك بە ووتەیەکی پێغەمبەری خوا یەکلا بکرایەتەوە .. هەموو ئەو فەرمودانەی لەوبارەیەوە هەیە تەنها بریتیە لە دەرخستنی فەزڵ و گەورەیی هاوەلان بەگشتی و هەندێکیان بەتایبەتی نەك دەست نیشانکردن و بڕاندنەوە .

هەڵبژاردنی خەلیفەکانی ڕاشدینیش بە شێوەیەکی گشتی نمونەیەکی بەرزی ڕاوێژ و ئاست بەرزی هاوەلان دەر دەخات لەگەڵ ئەو هەندە موناقەشە و کێشمە کێشمەی لە سەرەتای هەڵبژاردنی ئەبو بەکردا ڕوودەدا ... سەرەنجام کێشەکە بە ئاشتی کۆتایی دێ ... بە هەمان شێوە خەلیفەکانی تری ڕاشدین سەرجەمیان بە بەیعەتی موسڵمانان شەرعیەتیان وەرگرتووە ، شەهیدبوونی عوسمان و عەلی ( خ . ل ) و ئەو ڕووداوانەی لەو سەردەمەدا ڕوویاندا هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێ ، ئەوانەی دەیانەوێ بێ ویژدانانە لەو بارودۆخە بدوێن دەیانەوێ هەڵوێستی مرۆڤەکان فریشتە ئاسابێ و لەولاشەوە هەندێکیان زۆر بە شانازی‌یەوە شەرعیەت دەدەن بە دەسەلاتێك یا چەند دەسەلاتێك کە لە سەر عەرەق و خوێن و ماندوو

بوونی خەڵکی دەسەڵاتەکانیان بنیات ناوە یا درێژەی پێ دەدەن و با لە ژێر دەمامك و ڕوو پۆشی دیموکراسیەت و چەندان دروشمی تردا خۆیان ڕوو پۆش کردبێ یاحەشار دابێ ، ئەزمونی گواستنەوەی دەسەڵاتی یەکەم بەڕێوە بردنی کاروباری موسڵمانان بۆ ئەو سەردەمە و لەو ژینگەیە دا ئەزمونێکی بێ وێنەیە و دڵۆپێك خوێن لەو دەستاو دەست کردنە دا نا ڕێژرێ ، مشت ومڕو دەمەقاڵەش ( ئەگەر گریمانەی ڕاستی بوونیشی بکەین بەو شێوەیەی باس دەکرێ ) لە ئاوا ڕووداوێکدا زۆر زۆر سروشتییە .

دەسەڵاتی خەلیفەکانی ڕاشدین * نمونەی دەسەڵاتێکی پەیامدار و درێژ کراوەی ڕێ نماییەکانی پێغەمبەری خوا و پەیامەکەی بووە ، دەسەڵات لەو سەردەمەدا نەبووە دەسەڵاتێکی زەمەنی و دوور لە دین هەروەك هەندێ بێ پەروا وەها دەڵین ، نەمانی پێغەمبەری خواو دابەزینی وەحی مانای پچڕان نیە لە وەحی بەڵکو وەحی بە قورئان و سوننەتەکانی پێغەمبەری خواوە ئامادەگی هەبوو ، لەناویاندا و هەمیشە ئەوانیش تەئکیدیان لەسەر ئەم ڕاستیە کردۆتەوە ... هەر بۆ نمونە با تیشکێك بخەینە سەر ووتاری کاتی هەڵبژاردنی یەکێك لەم خەلیفانە بۆئەوەی ئەم ڕاستییە زیاتر بەدەرکەوێ .. ( ابن سعد) و ( خطیب ) لە گێڕانەوەی ( مالك لە عروە )وە دەگێڕنەوە کە ووتویەتی : ( کاتێ ئەبو بەکر کارو باری گرتە دەست ووتارێکی بۆخەڵکی دا ، سوپاس و ستایشی خوای کردو پاشان فەرمووی : ئەی خەڵکینە :

١- من کراومەتە کار بەدەستتان ، بێ ئەوەی چاکترینتان بم .

٢- ئەگەر بینیتان لە سەر ڕەوام ئەوا هاوکاریم بکەن ( لە گێڕانەوەیەکی تردا ئەگەر چاکم کرد یارمەتیم بدەن ) .

٣- ئەگەر بینیتان لە سەر ناڕەوام ڕاستم بکەنەوە ( لە گێڕانەوەیەکی تر دا ئەگەر خراپەم کرد ڕاستم بکەنەوە ).

٤- ڕاستگۆیی سپاردەیە ، درۆش ناپاکییە .

---

* بۆیە جەخت لەسەر (ڕاشدی) دەکەینەوە چونکە نمونەبوون لەپەیامداری ودەسەڵاتێکی ڕەسەنی ئیسلامی، هەرچەندە دواتریش خاڵی نیە لەدەسەڵاتێکی ڕەسەن و پەیامدار بەڵام بەڕێژەی کەمترو بەلەدەست دانی چەندان بنەمای گرنگ لەئیسلامدا، هاووێنەی (ڕاوێژ) وەك سەرەکی ترین بنەماکانی دەسەڵات لەئیسلامدا.

٥- گویٚ ڕایەڵیم بکەن تا لە ناوتاندا گویٚ ڕایەڵی خوا دەکەم ، ئەگەر بیٚ فەرمانیم کرد ئەوا گویٚ ڕایەڵیم بەسەرتانەوە نامیٚنیٚ.

٦- ئاگادار بن بەهیٚزتان لای من لاوازە تا مافەکەی لیٚ دەسیٚنمەوە ، لاوازیشتان لای من بەهیٚزە تا مافەکەی بۆ وەر دەگرمەوە ، لە گیٚڕانەوەیەکی تر دا هاتووە : لاوازتان بەهیٚزە لە لام تا بە ویستی خوا مافەکەی بۆ وەر دەگرمەوە ، بەهیٚزیشتان لاوازە لە لام تا بەویستی خوا مافەکەی لیٚ وەردەگرمەوە.

٧- هەر کۆمەڵیٚکیش دەست بەرداری جیهاد بن ئەوا خوای گەورە سوك و ڕیسوایان دەکا.

٨- هەر کۆمەڵیٚکیش شەرواڵ پیسیان تیادا بلاٚوبیٚتەوە خوای گەوروە بەلاٚیان بەسەردا پەخش دەکا ، ئەم ووتانە دەڵیٚم و داوای لیٚ خۆشبوون بۆ خۆم و ئیٚوە دەکەم )[1] ( مالك )کە یەکیٚکە لە گیٚڕەرەوەکانی ئەم ووتارە دەڵیٚ: هیچ کەس نابیٚ بەئیمام مەگەر بەپیٚی ئەم مەرجانە نەبیٚ.[2]

جگە لە ووتاری خەلیفەکان ... هەر یەکەیان دەیان ووتارو ڕەفتاریان هەیە کە سەلمیٚنەری ئەو ڕاستیەن کە دەسەلاٚت و فەرمان ڕەواییەکەیان پشت ئەستوورە بە پەیامی ئیسلام و ڕیٚنمایی پیٚغەمبەرەکەیان.. ڕاستە ئەمان پاریٚزراو نین لە هەڵەو لیٚ تیٚکچوون ، هەروەك خۆیان چەندەها جار و لەچەندین شویٚندا جەخت لەسەر ئەمە دەکەنەوە ...

هەڵبژاردنی ئەم ووتارەش ( وە نمونەیەك ) لەوەوە دیٚ کە بە پیٚی بنەماکانی ئیسلام بۆ دەسەلاٚت ووتراون و لە دیدی ئیسلامەوە بۆ دەسەلاٚتەوە سەرچاوەیان گرتووە .

بە سەرنجیٚکی خیٚرای ئەم ووتارەی ئەبو بەکری سدیق ( خ.ل ) ئەتوانریٚ ئەم ڕاستیانە لە مەڕ دیدی ئیسلامیانە بۆ دەسەلاٚت و بنەماکانی بخریٚتە ڕوو:-

١- لە خاڵی یەکەمدا : ئەبو بەکر ( خ.ل ) بنەمای: ( دەسەلاٚتی گەل و ئوممەت ) دەخاتەڕوو لەوەی مافی ئەوەی هەیە فەرمان ڕەوای خۆی هەڵبژیٚریٚ ، فەرمان ڕەواش بەو ئەرك و

---

[1] الكامل في التاريخ _ ابن أثير _ب ١ لا ٣٣٢.(٢) البداية و النهاية _ ابن كثير ب ٥ لا ٢٤٨. (٣) سيرة ابن هشام ب٢ لا ٦٦، (٤) جمهرة خطب العرب – أحمد زكي صفوت ب ١ لا ١٨٠ . في الفقه السياسي الإسلامي فريد عبدالخالق ل ١٥-١٦ دەقی ئەم نوسراوە بەچەند شیٚوازیٚك هاتووە بەلاٚم لەیەك چوارچیٚوە دەرناچن بۆنمونە سەیری (تاريخ الخلفاء) ی سیوطي ل٧٠-٧١ بکە ، هەروەها ( خەلیفەکانی ڕاشدین لەنیٚوان بەجیٚنشین بوون و شەهیدبوندا..و: فاتح سەنگاوی).

[2] تأريخ الخلفاء ل ١٧٣ .

بەرپرسیارێتیەی کارو باری سەرشانی قورستر دەبێ و مەرجیش نیە هەر ئەو شیاوی ئەو شوێنە بێ چونکە وەك ئەبوبەکر دەفەرموێ :( بووم بەسەرپەرشتیارتان بێ ئەوەی باشترینتان بم ) .. لێرەدا ئەبوبەکر مافی خوایەتی و ثیوکراتی بەخۆی ناداو خۆی بە بەشێك لەوخەڵکە دەزانێ .

٢- لە خاڵی دوەمی ووتارەکەشدا ئەوە دەخاتە ڕووکە ئوممەت مافی بەشداری هەیە لە کاروباری فەرمان ڕەواییدا . ئەم مافەش لەسەر بنەمای ڕاوێژە هەروەکو قورئان و فەرموودە دروستەکانی پێغەمبەری خوا بە پێویستیان داناوە وەك فەرز و ئەرکێکی ئیسلامی لەسەر فەرمان ڕەوا و فەرمان بەسەردا کراو ( محکومین )دا ، ئەمەش لە گرنگترین ئەو بنەما دەستوورییە ئیسلامییانەیە کە لە سیستمی فەرمان ڕەوایی ئیسلامیدا بە پێویست گیراوە ...

ئەم ڕاوێژ کردنەش لە بەشداری سیاسی دا خۆی دەنوێنێ کە بۆ جێ بەجێ کردنی هاری کاری نێوان فەرمان ڕەوا و خەڵکییە ، بۆ هەڵگرتنی ئەمانەتی حوکم و بەرهەڵستی کردنیەتی لە ستەمکاری و خۆ بە گەورە زانی.

گرنگی دانی ئیسلامیش بە بنەمای ڕاوێژ وا لە موسڵمانان دەکا گرنگی بدەن بە کارو بارە گشتی یەکانیان و ڕۆڵێکی ئیجابی بنوێنن لەو مەیدانە دا تا مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سەرەکی یەکانیان دەسەبە ربکەن – بەو پێیەی مافی خوایین– و نەهێڵن هیچ زەبرو زۆرێکی کاربەدەستان کاریان تێبکا ، وە خەڵکی بە توانابێ لەسەر گۆڕانکاری بۆ پاراستنی شەرع و جێ بە جێکردنی مەبەستەکانی و هۆشیاری یەکی گشتی وەها کە ( ابن تیميّة ) بەم شێوەیە دەری دەبڕێ و دەڵێ : ( **ئوممەت پارێزەری شەرعە نەك فەرمان ڕەوا** )

( المنتقى من منهاج الاعتدال في نقض كلام أهل الرفض و الاعتدال : الشيخ الإسلام ابن تيميّة) [1] ...

٣- لە خاڵی سێیەمدا بنەمای ( چاودێری کردنی کارو باری خەلیفە ) دەست نیشان دەکا کە ئەرکێکی ئیسلامییە هەروەك عومەر ( خ) دەفەرمێ ( ئەگەر لاری و گێڕییەکتان لێم بینی ئەوا ڕاستم کەنەوە)[2].

---

[1] في الفقه السياسي الإسلامي ل١٩ .

[2] ٣، ٤ هەمان سەرچاوە

یەکێ لە موسڵمانان ڕەخنە لە عومەر دەگرێ و پێی دەڵێ ( لە خودا بترسە ) .. لەو کاتەدا یەکێکی تر لە موسڵمانان ڕەخنە لە قسەی ئەم پیاوە دەگرێ بەڵام عومەر پێی دەفەرموێ : ( وازی لێ بێنە ، شتێکی زۆرباشی وتووە ، پاشان فەرمووی : چاکەتان تێدا نەماوە ئەگەر نەیڵێن ، چاکەش لەئێمەدا نییە ئەگەر لێتان پەسەند نەکەین ) ( مناقب أمير المؤمنين عمر بن الخطاب –لابن الجوزی – ل ١٥٥ دار الكتب العلم – بيروت )[٣].

٤– خاڵی چوارەمیش ئاماژە بۆ بنەمایەکی دەستوری ئیسلامی دان پێدانراو دەکا ئەویش(پێویستە فەرمان ڕەوا ئەمین بێ لەگەڵ ئوممەت دا) ( النظريات السياسية الإسلامية د. محمد ضاء الدين الريس ل – لا ١٧٦ و ١٧٧) [٤]

بەبێ بەهای راستگۆیی ڕوون و ئاشکرایی نێوان فەرمان ڕەواو مەحکومەکانیان مانای ڕاوێژ و بەشداری سیاسی ڕاستەقینە و هاوکاری پێویستی نێوانیان بەدی نایەت ، جا ئەگەر فەرمان ڕەوا میسداقیەتی خۆی لەلای گەلەکەی لە دەستدا ئەوا متمانەی نێوانیان لەدەست دەدەن یا بەمەش سیستمی فەرمان ڕەوایی کەلێنی تێ دەکەوێ و هاوسەنگی تێك دەچێ و کاروباری ئوممەت دەشێوێ .

٥– لە بەندی پێنجەمدا ئاماژەی تیایە بۆ بنەمای گوێ ڕایەڵی کردنی فەرمان ڕەوا لەچاکەدا و بێ فەرمانی کردنی لە تاوان و گوناهباری دا چونکە : ( إنما الطاعة في المعروف ) مسلم .

یا دەفەرموێ ( على المرء المسلم السمع و الطاعة فيما أحب وكره إلا أن يؤمر بمعصية ، فإن أمر بمعصية فلا سمع ولا طاعة ) مسلم . ئەم گوێ ڕایەڵی نەکردنە لە بێفەرمانی خوادا ڕەفتار کردنە بەئایەتی ( وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ)(المائدة: ٢) .... کە هەمویان ئاماژەن بەوەی کە گوێڕایەڵی و گوێ بیستی مرۆڤی موسڵمان بۆ سەرکردە و کاربەدەستەکەی لەچاکە وچاکەخوازی دایە نەك بە پێچەوانەوە .

٦– بەندی شەشەمیش ئاماژە دەکا بۆ هەردوو بنەمای ( گەیاندنی سپاردەکان بە خاوەنەکانیان ) و ( دادگەری) هەروەك لە قورئاندا هاتووە : ( وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ ) ( النساء : ٥٨ ) . ئەم ئایەتە سەبارەت بە کاربەدەستان دابەزیوە – مافی گوێ ڕایەڵی بۆ کردنیان هەیە لە تاوان دا نەبێ– تکا ناکری لە سنورەکانی خوادا بە هەر ئیعتبارێك بێت ، جیاکاریش نابێ لە سزادان و ماف دان دا لە نێوان خانەدان ولانەواز دا ، دادگەری لەفەرمان ڕەوایی دا لەنێوان خەڵکیا بێ ڕەچاوکردنی پلەوپایەی کەسەکان ( هەروەك پێغەمبەری خوا

تکای ئوسامەی پەسەند نەکرد بۆ ئەو ئافرەتەی کە دزی کردبوو .... لەپاشان ووتارێکی لەوبارەیەوە دا) .

٧- لەبەندی حەوتەمیشدا ئاماژە بە فەریزەی تێکۆشان (جهاد) لە پێناوی خوادا دەکا ، بەسەرجەم هەوڵ و تێکۆشانەکانەوە تا دەگاتە بەخشینی نەفس و ماڵ و جەنگان لە پێناوی خوادا .

٨- بەندی کۆتایی ئەم بەڵگە نامەیە ئاماژەیە بۆ سوننەتێك لە سوننەتەکانی خوایی لەسەر زەوی داو ڕێسایەکی خوایی ، کە کۆنترۆڵی بزاڤی مێژوو دەکا لە ژیانی مرۆدا : لەڕوی هێزو لاوازی و بەرز بونەوە و تێشکان و بەخشین و گرتنە دەستی دەسەڵاتەوە . ئەوەش ئەوەیە : کە فەساد و خراپەکاری لەسەر زەویدا سەرەنجامەکەی بڵاو بونەوەی بەڵاو تیاچوونی گەلەکانە و چاکسازی کردن تیایدا ڕێگەی ڕزگاری و بەختیاری مرۆڤە ، خوای گەورەش ئەم ڕێسا ئەزەلیەی لە فەرموودەی خۆیدا هێناوە . ( وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ ) ( هود :١١٧ ) .

سەبارەت بە سەرجەم ئەو بنەما دەستوورییانەی ئەم ووتارە لە خۆی گرتووە ( د. ضیاء الدین الریس ) دەڵێ :( لەم ووتارەدا جێ نشینی پێغەمبەری خوا - خەلیفەی یەکەمی ئیسلام - دان دەنێ بەمافی سەرداریی ئوممەت بەسەر فەرمانڕەوا یان ئیمام یا ئەو سەرۆك دەوڵەتەی کاروباری گرتووەتە دەست : لە کاتێکدا چاکەی کرد هاوکاری دەکرێ وە هەڵی دەسەنگێنرێ ، واتە لێی دەپرسرێتەوە و ڕەخنەی لێ دەگیرێ، ڕێ نیشان دەری دەکرێ ئەگەر هاتوو خراپەی کرد ، پاشان گوێ ڕایەڵی کردنی پێویست نیە مەگەر لە کاتێکدا فەرمان ڕوا شوێن کەوتە و جێ بە جێ کەری فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەرەکەی بێ واتە ئیسلام و شەریعەتەکەی ، فەرمان ڕەوا یان خەلیفە فەرمان ڕەوایەکی ڕەها نیە ، بەڵکو پابەندە بە شەریعەتی ئیسلام واتە بە دەستورەکەیەوە ، ئەم بنەمایانەی ئاماژەی پێ درا لەم وتارە مێژووییە کوکەرەوەدا هەڵ دەگۆسترێ ، لەگەڵ چەندان بنەمای تر کە لەخۆی دەگرێ. ئەم ووتارە دان دەنێ بەیەکسانی لە بەرامبەر یاسادا و جیهاد بەئەرکێکی پێویست دادەنێ، تا سەربەرزی بۆ ئیسلام و خەڵکەکەی بەرقەرار بێ ، فەزیلەت و چاکە خوازی سەروەربێ و زیان و خراپە کاری لە کۆمەڵگەدا بنەبڕبێ . پێویستە فەرمان ڕەوا ڕاستگۆ و ئەمین بێ لەگەڵ

ئوممەت دا ، ئەم بنەمایانە چەندان بیردۆزەی سیاسی زۆر گرنگی لەسەر بنیات دەنرێ و دەست نیشانی فەرمان ڕەوایی ئیسلامی دەکا. [1]

ئایا ئەم هەڵوێستەی خەلیفەی یەکەم چ مانایەك دەگەیەنێ ؟ ئەوە ناگەیەنێ ئیسلام خوازیاری بوونی دەسەلاٌتە ؟ بەلاٌم دەسەلاٌتێك لە جۆرێکی تایبەتی ؟ خاوەن مۆرکێکی تایبەتیە ؟ دەسەلاٌتێك نیە ڕەها بێ و کەس بە چاودێری خۆی نەزانێ ؟

سەرەتا ئامادەیی دەر دەبڕێ بۆ پێوەرێك ئەویش گوێ ڕایەڵی خوایە و مل کەچیە بۆ فەرمانەکانی ، بە لادان لەم پێوەرەش شەرعیەتی گوێ ڕایەڵی بۆکردن لەدەست دەدات ... ئەمەش ڕەنگ دانەوەی لای سەرجەم ئەو کاربەدەست وخەلیفانە هەبووە کە بە تەواوی پابەند بوون بەشەریعەتەوە ... لەگەڵ ئەمەشدا خۆی دەخاتە قاڵبێکەوە کە وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی شایانی هەڵە کردنە و دەکرێ سەرپێچی فەرمانی خوای لێ بوەشێتەوە .. بۆیە ئوممەت و موسڵمانان و خەڵکی دەکاتە ئەو چاودێرە دونیاییەی کە پێویستە هاوکاری فەرمان ڕەوا بکەن تیایدا ، ئەمەش لە دوو ڕووەوە یەکەمیان هاوکاری وپشتگیری کردنیەتی دووەمیشیان ڕاست کردنەوەیەتی ئەگەر هەڵەی کرد .. واتە هەڵە دەکا .. پیرۆزی و قودسیەت بە خۆی نادات و داوای مافی خوایەتی و ثیوکراسیەت ناکا ..

بەڵکو ڕاستگۆیی لە ئەرکەکانیدا یەکێکە لە مافەکانی خەڵك بەسەریەوە و بەپێچەوانەوە ناپاکیە .. ئەرکی سەرەکی دەسەلاٌتیش ڕادەگەیەنێ ئەویش بریتیە لە سەندنەوەی مافەکان و دابین کردنی بۆ کەسانی شایستە ولەم پێناوەش دا لەبەر بەهێزی هەندێکەس و لاوازی هەندێکی تر کۆناکاتەوە و خاتری هیچ کەسێك ناگرێ لەم ڕووەوە .

لەولاشەوە جیهاد و بەرگریش بە کۆڵەکەی پاراستنی مافەکان و ئەو پێك هاتەیە دا دەنێ کە موسڵمانان خوێنیان ڕشتووە لە پێناوی پاراستنی دا ... ئەمە جگە لە دابین کردنی پاکژی بۆ کۆمەڵگەکە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە ساغ وسەلامەتی وبرە وپێدانیدا .

لە مەیدانی عەمەلیش دا خەلیفەکانی ڕاشدین و هەندێ لەخەلیفە و کاربەدەست و فەرمان ڕەوایانی موسڵمانان لەسەر ئەم هێڵە سەرەکیانە لە سەرجەم کات وسەردەمەکاندا ڕەفتاریان کردووە ، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا مێژوی موسڵمانانیش ڕێژەیەکی زۆر لە بەناو خەلیفە و

---

[1] النظريات السياسية الإسلامية د. محمد ضياءالدين الريس چ ٧ ل ٧٧١ --- سەرچاوەی پێشوو ل ٣٣ .

کاربەدەست و فەرمان ڕەوای وای بەخۆیەوە بینیوە کە ڕەفتارەکانیان ڕەنگدانەوەی پەیامی ئیسلام و هێڵە سەرەکیەکانی فەرمان ڕەوایەتی ئیسلامی نەبوون و بە ڕەفتارەکانیان شەرمەزارییان بۆ مێژوی موسڵمانان تۆمار کردووە.

ئەوەی جێی سەرنج و گرنگی دانە لە مێژووی ئیسلامیدا ئەو خەلیفە و فەرمان ڕەوایانە لە دڵی خەڵکی دا شیرین بوون و مێژوو یادی چاکەی هێشتونەتەوە کە پابەندبون بە پەیامی ئیسلام و ڕێ نمایییەکانی شەریعەتەوە .. ئەمەش ئەوە دەردەخا هەرکات ئیسلام بە دروستی پیادەکرابێ ، جەماوەری موسڵمانیش هەستیان بەدادگەری و یەکسانی و ڕەچاوکردنی مافەکانیان کردبێ ئەوە ئەو دەسەڵات دارانە لە ناخی خەڵکیدا جێگەی خۆیان کردۆتەوە و مێژووش باسی چاکەیانی کردووە ، بە پێچەوانەوە ستەمکاران و خوێن ڕێژان لە مێژودا ئەوانەبوون کە دین کز و بە دوور بوون لە پەیامی ئیسلام و پابەند نەبوون بە ڕێنمای یەکانیەوە .. لێرەوەش ئەو کەسانە جێی نەفرەتی مێژوو، سەرزەنشتی زانایانی ڕاستگۆ بوون و موسڵمانانیش وەك نمونەیەکی نامۆ بەئیسلام و بیرو باوەڕ و فیکری ئیسلامی بۆیان ڕوانیون ، لەگەڵ ئەوەی قەناعەتمان بەوە هەیە دەسەڵاتێك کە بە ڕاستەقینە پیادەی ئیسلام نەکا ، نەك سودی بۆ خەڵکی و موسڵمانان نابێ بگرە دەبێتە نمونەیەکی ناشیرینی پیادەکراو بۆ ئیسلام و ناشیرین کردنی و ئیستغلال کردنی چەمکە ئیسلامییەکان بۆ بەرژەوەندی دەسەڵات هەروەك لە مێژوودا زۆری ڕووی داوە و ڕوو ئەدات .

لەوەی ڕابورد دەردەکەوێ ئیسلام بەو فراوانییەی کە هەیەتی بەشێك لەئەرك و داواکاری پەیامەکەی دروستکردنی دەسەڵاتێکە و لەوێوە بە پێی دیدێکی تایبەت ( کە هێشتا لەم باسەدا لێ ی نەدواوین ) دەیەوێ مامەڵەی ژیان بکا و بە تێڕوانینێکی ئیسلامیانەوە کە لەخۆگری دیدێکی مرۆییانەی پەیامدارە ژیان ڕێ نمونی دەکاو مێژووی زێڕینی موسڵمانانیش کە سەردەمی چوار خەلیفەکانی ڕاشدین سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە ناکرێ بە هیچ شێوەیەك ئیسلام لە دەسەڵات و دەوڵەت داری دابڕنرێ ، بەڵام دەسەڵاتێك کە کرۆکەکەی خەمی جەماوەر و خەڵکی بێت .

لەلایەکی ترەوە ئیسلام و مێژوی مسوڵمانان خاوەنی ئەزمونێکی دەسەڵاتداری تایبەتن و لەسەرەتاوە پێغەمبەری ئیسلام لە سەرەوەی هەرەمەکەدابووە ، کە ئەمە بۆ خۆی گەورەترین بەڵگەیە کە ئیسلام دەخالەت لە بواری سیاسی و دەسەڵات دا دەکا و دەشیەوێ بەها و شەریعەتەکەی لە کۆمەڵگەدا ڕەنگ بداتەوە بە کۆچی دوایی پێغەمبەری خواش درێژە

بەو ڕەوتە دراوە لەگەڵ بەکار هێنانی عەقڵ و سود وەرگرتن لە ئەزموون ئامراز و ئالیەتی دەسەلأت و سوود وەرگرتن لەو مەیدانە فراوانەی ئیسلام بۆ ژیری و ئیجتهادی هێشتۆتەوە ، توانراوە تا ڕاددەیەکی باش مێژوویەك لەو بوارەدا تۆمار بکرێ یاخود کۆمەڵێ بنەمای گرنگی تێدا بچەسپێ کە ئەم بوارەی پێ دەوڵەمەند بێ .*

لێرەوە پرسیارێك سەر هەڵ ئەدات ئەویش ئەوەیە ئایا دەسەلأتی دونیایی و بەڕێوەبردنی کارو بارەکانی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانە و کارو بارەکانی دا پرسی ئیسلام و دەقە کانێتی ؟ ئایا ئیسلام هیچ دەقێکی هەیە لەم بوارەدا و هیچ دیدێکی هەیە کە سەبارەت بە سیستمی دەسەلأت یاخود نا؟ ئەی ئەگەر هەیە بۆچی هەندێ زۆر ڕاشکاوانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لە سەرجەم دەققەکانی قورئان و سوننەتدا تاکە ئایەت یا فەرموودەیەك نییە دەسنیشانی سیستمی دەسەلأت و فەرمان ڕەوایی بکا...؟ یاخود بەئاشکرایی بنەماکانی فەرمان ڕەوایی دەست نیشان دەکا ؟ هەر بۆیە ئیسلام و دەسەلأت ، ئیسلام و ژیان ، ئیسلام و سیاسەت ناکرێ و نەگونجاوە تێکەڵ بە یەك بکرێن ؟ ئەمانە وچەندان پرسیاری تر ؟

لەوەی ڕابورد ئەوە ڕوون بویەوە کە موسڵمانان و لەسەروی هەمووشیانەوە پێغەمبەری خوا دەسەلأتداری و حوکمڕانی کردووە و خەلیفەکانیش هەمان کاریان پیادە کردووە ئەوەی تیایە ئەمان ( دیارە مەبەستمان ئەوانەیە شەرعیانە دەسەلأتیان بردووەتە ڕێوە ) لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەست نەبوون بەوەحییەوە وەکو پێغەمبەری خوا نیگا و سروش ( وەحی ) ڕاستی نەکردونەتەوە ، بێهە ڵەنەبوون... ئەگین لەڕووی پیادەکردنەوە هەوڵیان لەوبوارەدا داوە و بە ڕادەی پابەند بونیشیان بە ئیسلامەوە تائەو ئەندازەیە لە دڵی جەماوەری موسڵماندا جێگەیان بووەتەوە و خۆشەویست بوون .

ئەوەشی پەیوەندی بە دەقەکانی ئیسلامەوە هەیە لەو بوارەدا کە ئایا ئیسلام و سیاسەت و ئیسلام و ژیان و دەوڵەت چەندە پەیوەست و لێك جیان ئەوا بە پشتیوانی خوا لێرە بە دواوە لێیی دەدوێین ... بەلأم پێش ئەوە پێم خۆشە سەرنجتان بۆ لای مەسەلەیەك ڕا بکێشم کە گرنگە ئاماژەیەکی پێ بکەین ... ئەویش بریتییە لەوەی کە لە مێژوی ئیسلامدا مەسەلەی پەیوەندی و پەیوەستی ئاین بە کۆمەڵگە و تەنانەت ئاین بە دەوڵەت و سیاسەت و

* قسەکردن لەوئەزموون و گەشەسەندنەی لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدیندا هاتەئاراوە بابەتی تایبەتی دەوێ و ئەم بابەتە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان نەکراوە .

ئاین بە ژیانەوە ، جێی ناکۆکی و مشت و مڕی زانایان و بیر مەندانی موسڵمان نەبووە وەکو شتێکی ئاسایی و پەیوەست بەیەك و پێکەوە گرێدراو قسەی لێ کراوە .

ئەم جەدەل و قسە لەسەر کردنە وەختێك بنی گرت [1] و بووە جێی قسە ، کە تەییاری عەلمانی لە ڕۆژ هەڵاتدا وەك پاشکۆیەك بۆ هاووێنە ڕۆژ ئاواییەکەیی و دووبارە کەرەوەی دەستەواژەکانی ئەو ، جێگەی گرت و ڕیشەی داکوتا، لەگەڵ ئەوەی عەلمانیەتی ڕۆژئاوایی کە ڕەسەنترە و سەرمەشقیشە بۆئەم ، لە زۆر کاتدا ئینکاری حەقیقەتی مۆرکی سیاسیانەی ئاشکرای ئیسلامی نەکردووە لە کاتی سەر هەڵدانی سەرەتایەوە ، وە لە میانەی دەقە کانیشیەوە ، بەمەش هەستی بەو جیاوازی‌یە کرۆکیانەکردووە کە لە نێوان ئیسلام و مێژوەکەی لەلایەك و مەسیحیەت و مێژووە کەی لەلایەکی ترەوە کردووە .

( هیگڵ ) لە سەرەتای سەدەی نۆزدە دا سەرنجی ئەوەی داوە کە ئەو ( ئاینەی مەسیح بەرپای کردووە ئاینێکی تاکێتی ڕووتە ، لەکاتێکدا ناگونجێ بۆ حەقیقەتی پیرۆز بەدیل کراوی لە ناخی ویژدانەکاندا بمێنێتەوە ، بەڵکو گەرەکە و پێویستە دەرچێ بۆ جیهانی بوونی دەرەکی تا سەرجەم شتەکانی ژیان لەخۆی بگرێ ، وە هەر ئاینێك سەرکەوتوو نەبێ لە لەخۆگرتنی ڕواڵەتە کۆمەڵایەتی‌یە کانی بوونی مرۆیی ، کاری تەنها بریتی دەبێ لە پەرت کردن و دابەشکردنی ناخی ویژدانە تاکی‌یەکە .) [2]

هیگڵ ئەوەش تەئکید دەکاتەوە کە مێژووی سیاسی مەسیحی‌یەت ڕاوەستاوە لەسەر ( جیا کردنەوەی نێوان ئایین لە ڕووەیەکەوە و ژیان لە ڕوویەکی ترەوە ، وەك ئەوەی هیچ پەیوەندی‌یەك بە ڕەهایی لە نێوان کۆتا و نا کۆتا یا نێوان زەوی و ئاسمان دا نەبی ) [3].

وە لەبەر ئەوەی هیگڵ ، بە ئەندازەی پێویست و بە شێوازێکی زانستی بەئاگا نەبوو لە ئیسلام ، هەر بۆیە لە ڕوانگەی عەقڵ و مێژووی ڕۆژئاوایی‌یەوە دەیڕوانی‌یە جیهان و ڕێزێکی گەورەی بۆ فەلسەفەی یۆنانی دادەنا ، لە وەسیەیەتی یۆناندا نمونەی ئەو ( ئاینەی ) دەبینی کە لە سەرجەم ڕووکارەکانی ژیان دەگرێتەوە ، بە پێچەوانەی ( بەرناردلویس )ەوە کە ئەم نمونەیەی لە ئیسلام دا دەبینی و دان دەنێ بەوەی کە لە بەرامبەر موحەممەد و هاوەڵانی‌دا گرفتی هەڵبژاردنی نێوان خوا و قەیسەر درووست نەبوو ، ئەو داوەی مەسیح

---

[1] سەیری عبدالجواد یاسین / السلطة في الإسلام بکە ل ٩ بۆ ١٢ .

[2] د. زکریا ابراهیم ــ هیجل أو المثالیة المطلقة ــ مکتب مصر ل ٤٠ ـــ سەرچاوەی پێشوو .

[3] سەرچاوەی پێشوو .

تێ ی نەکەوت ، بەڵام زۆربەی مەسیحی‌یەکان تێ ی کەوتن ، لە ئیسلام دا قەیسەر نابینری تەنها خوا نەبێ . موحەممەد پێغەمبەرەکەیەتی ، خەڵکی فێر دەکا و بەناوی ئەویشەوە فەرمان ڕەوایی دەکا، ئەو دەسەڵاتەی کە لە هەمان سەرچاوەوە دەرچوو پشت گیری پێغەمبەری دەکرد لە هەردوو کارەکەیدا ( کاری ئاین و دەوڵەت ) خودی ( وەحی )یش ناوەڕۆکی یەکەم پێش کەش دەکا و بناغەی دووەمیشە .. لە ڕاستی‌دا لە چەمکی ئیسلامی دا بەرابەرێکی ڕاستەقینەی ئەم دژانە نابینرێ : دین و دنیا، ڕوحی و زەمەنی، کە هەنوتی وعەلمانی . ئەو دژبونەش بەدەر نەکەوت مەگەر دوای کاتێکی زۆر دوور و درێژ نەبێ کە چەندان ووشەی نوێ بەدەر کەوتن بۆ دەربڕینی چەندان چەمکی نوێ .[1] .

لەگەڵ ئەم ڕاستی‌یەدا عەلمانیەتی پاشکۆ کە مەبەست عەلمانیەتی ڕۆژهەڵاتی‌یە هەستاوە بە تێکەڵ کردنی نێوان مەسیحیەتی ڕۆژ ئاوایی و لە نێوان ئیسلام داو هەمان شێری بە ڕووی دوومدا هەڵکێشاوە کە بە ڕووی یەکەمدا هەڵکێشرا بوو لە لایەن ڕۆژئاوایی‌یەکان خۆیانەوە ، بێ ئەوەی هەست بکا یا ئیعتبارێك دابنێ بۆ جیاوازی ئەو چەمکانەی پەیوەستن بە مانای دین و فەرمانە کۆمەڵایەتی‌یەکەی ، هەروەها بێ ئەوەی هەست بکا بەوەی کە دیار و لەبەر چاو بووە و پیادە بووە یاخود ئیعتبارێ دابنێ بەو پێدانە ( معطيات )ە زەمەنی و جوگرافیانەی بە شێوەیەکی جیا ، پێکهێنەری مێژووی هەریەکە لە مەسیحیەتی ڕۆژئاوایی و ئیسلامن .

ئەوە بوو لە کاتێکدا کە ئیسلام هەر لە سەرەتاوە شێوازی دەوڵەتی وە رگرت و لەژێر ئاڵای خۆیدا پیادەی دەسەڵاتی کرد ، ئەبینین مەسیحیەت بە پێچەوانەی ئەمەوە هەر وەك ( برتداند بادیە ) دەڵێ : ( مەسیحیەت لە دەرەوەی هەیکەلی ئیمبراتۆری‌یەت بە درێژایی زیاتر لە سێ سەدە پێك هات ، پاشان لە دوای ئەوە لەگەڵ ئەم هەیکەلەدا ئاوێتە بوون ، هەر ئەمەش بەخێرایی تووشی ئەو مەترسی‌یەی کردن کە بە هۆی تیکچوونی ئیمبراتۆریەت و لێك هەڵوەشانی سیستمی سیاسی بەدی هات ، لە ژێر کاریگەری داگیرکاری‌یە بەربەری‌یەکان و گەشەسەندنی سیستمی دەرەبەگایەتی .

---

[1] شاخت و يوزورث ــ تراث الإسلام ــ ترجمة عالم المعرفة ــ الفصل الرابع ئەوەی برناد لويس لەژێر ناونیشانی(السياسة والحرب ) دا لەل ٢٣٠ ــ ٢٣٣ دا نوسیویەتی .

مەسیحیەتی چاخەکانی کۆن و ناوەڕاست چەندان موجازەفەی ئەنجامدا تا بتوانێ بنیاتی خۆی بنێ وەك بوارێکی سەربەخۆ لە دەسەلآت ، وە بۆ ئەوەی کارەکانی خۆی وا بنەخشێنێ کە ڕێکخستنێکە ئامانجی بەرگری کردنە لە سەربەخۆیی و پارێزراوی و خاڵی هێزی ، بە دەربڕینێکی تر بۆ هەوڵە یەك لەدوا یەکەکانی ، بە پێی بارو دۆخ بەرەو هەڕموون یا بەرەو بەرگری کردنی فەرمان ڕەوا تەماحکار و بەرژەوەندی خوازەکان .

ئەمەش دوو شەقڵ ( نمط )ی کارن و سەر بە یەك مەدلول و مانان کە سەر دەکێشێ بۆ قووڵ بوونەوەی سیستمی سیاسی لە دەرەوەی سنورەکانی سیستمی دینیدا .[1]

بەڵام ئیسلام ئەوا هیچ کات کەنیسەی نەبووە ، مەبەستیش لەمە هەروەك ( عبدالجواد یاسین ) دەڵێ : ئیسلام بونێکی نەبووە جیا لەدەوڵەت بێ و دەوڵەت لە پێشیەوە هەبوبێ . هەروەها خودی ( دەوڵەت )یش ( بونێکی ) نەبووە لە پێش ئیسلامدا ( دیارە مەبەست ئەو بار و دۆخ و شوێن و کاتەیە کە ئیسلام تێیدا گەشەی کرد ئیسلام و دەوڵەتەکەی بەیەك کات و پێکەوە درووست بوون ... بە پێچەوانەی پەیوەندی مەسیحیەت لە ڕوویەکەوە و دەوڵەتە ڕۆمانیەکەی لە ڕوویەکی ترەوە[2] . دەوڵەتی ڕۆمانی بە ماوە و سەردەمێکی زۆر پێش مسیحیەت بەرپا بوو ، هەر وەك مەسیحیەتیش ــ بە نمایندەی کەنیسە ـــ پێش لە بە نەسرانی بوونی دەوڵەتی ڕۆمانی بەڕەسمی نزیکەی چوار سەدە بەرپابوو . سەرەڕای دان پێدانانی کۆستەنتینیش بە مەسیحیەت لە سەرەتای سەدەی چوارەمدا ، لەگەڵ ئەوەشدا وەسەنیەت ئاینی ڕەسمی دەوڵەت بوو تاساڵی ۳۹۱ کاتێك بە تەواوی دان نرا بە مەسیحیەت دا بەوپێیەی دیانەتی ڕەسمیە لە سەردەستی ( ثیودوسیوس ) .

ئەمەش مانای وایە ئەو کردەی ئاوێتە و ئاوێزە بوونەی لە نێوان مەسیحیەت و دەوڵەتی ڕۆمانیدا لە سەدەی چوارەمی زاینی دا بەدی هات ، پێکهاتنێك بوو لە نێوان دوو دەزگای تەواو سەربەخۆ کە هەریەکەیان لە ڕوو بە ڕووی ئەوی تریاندا بونێکی خودی سەر بەخۆی هەبوو ، ئەمەش وای کرد دوو فلیقانەیی باڵ بکێشێ بەسەر مێژووی پەیوەندی نێوان کەنیسە و دەوڵەت بە درێژایی چاخەکانی ناوەڕاستی ئەورووپی و تاچاخی ڕاپەڕینیش

---

[1] بۆ درێژەی ئەمە سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە .

Kalim Stddiqui , beyond the muslimantion stastes thoopen press limitrd, the muslim in statute , London , 1980 p . 5,6 .

ئەمەش تەنها لە لایە ڕۆژاوایی‌یە کەی ئیمبراتۆریەتەوە نەبوو بەڵکو بەهەمان شێوە لایە ڕۆژهەلاتی‌یە بێزەنتی‌یەکەشی گرتبویەوە ، لەگەڵ ئەوەی لێرە سوکتر بەدەر دەکەوتن .

لێرەوە فیکری سیاسی ڕۆمانی نابەدڵی‌یەکی زۆری هەبوو لە بیرۆکەی سەربەخۆیی کەنیسە وەك کیانێك لە ناو دەوڵەتدا یا دەوڵەتێك لە نێو دەوڵەتدا ، بەپێی ئەو کەلەپورە تەقلیدی‌یە دوورو و درێژەی لە هەردووسەردەمی جمهوری و ئیمبراتۆریەتی دا هەیبوو ، ئەوە بوو کارو بارە ( دینی )یەکان لە لایەن کارمەندە حکومیەکانەوە بەڕێوە دەبران بەو پێیەی بەشێکە لە کاروباری دەوڵەت ، بەلام کەنیسە لەلایەن خۆیەوە بیرۆکەی مل کەچی تەواوی بۆ دەوڵەت پەسەند نەکرد ئەمەش وای کرد هەر یەکە لە کەنیسە و دەوڵەت بکەونە ئاقار بار و دۆخێکی نوێ و تاکانە ، سەبارەت بە هەریەکەیانەوە .

ئەم بار و دۆخە نوێیە هەر زوو بە زوو لە مێژوی مەسیحیەتی سیاسی دا دەستەواژەی (دابەش کردنی جیهانی لە نێوان خوا و نێوان قەیسەر )دای بەسەر دا سەپاندن ، ئەوە بوو لە دوای مەجمەعی میلانۆی ساڵی ٣٥٥ ( هومسیوس ) بۆ ئیمپراتۆر ( قسطنطیوس ) دەنوسێ وپێی دەڵێ : ( خۆت مەخزێنە کار و بارەکانی کەنیسەوە ، فەرمانێکمان بۆ دەرمەکە کە لە کرۆکی کارو باری خۆمانە ، بەڵکو تۆ لەئێمەوە فێری بە ، جا هەر وەکو چۆن ئەوەی ئەم ئیمپراتۆریەتەت لێ زەوت بکا شەڕ لە چاوی خوا دا دروست دەکا ، تۆش هەروەها بترسە لەوەی دەست بخەیتە کار و بارەکانی کەنیسەوە تا بەمە داهێنەری کارێکی زۆر خراپ نەبی ، نوسراوە ( ببەخشن بە قەیسەر ئەوەی هی قەیسەرە وە ئەوەی هی خوایە هی خوایە ) هەر چۆن مافی ئێمە نی‌یە پیادەی فەرمان ڕەوایی دونیا بکەین ، مافی تۆش نی‌یە ئەی گەورە و بەڕێز بخور بسوتێنی )[١] .

کە ئەمەیان ( سوتاندنی بخور ) ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندی ئاینی ... ئەمە شتێکی ئاسایی بوو سەبارەت بە ئاینی مەسیحی و مەسیحیەتە کانیش پەسەندی دەکەن ... بەلام ئەم دیدە بە هیچ شێوەیەك یەکانگیر نی‌یە بە مێژوی ڕاستە قینەی ئیسلام و دەقەکانی قورئان و سوننەت .. بەلام دیارە پاشکۆیەتی بە سەرجەم ڕەهەندەکانیەوە مرۆڤ دەکاتە وا

---

[١] رأفت عبدالحميد ــ الكنيسة والدولة ــ دار المعارف ــ ب ٤ ١٩٨٢ لا ١٤٦ ⟵ سەرچاوەی پێشوو .

**بەستەی خەڵكانی ترو بە دیدی خەڵكی تردە بینێ و توانای خۆ خوێندنەوەش لە دەست دەدات ...**

## دەروازەیەك بە ڕووی ئیسلام و ژیاندا

پـێش ئـەوەی ئـاوڕێکی تـر بـەلای دیـن و دەوڵـەت و ئیسـلام و سیاسـەت و ئیسـلام و کۆمەڵگـەدا بدەینـەوە وا باشـە لێـرەدا گوزەرێـك ( هەرچـەندە خێـراش بێـت بـە بـەراورد لەگـەڵ بەرفراوانی بابەتەکە ) بکەین بۆ دیدی ئیسلام سەبارەت بە ژیانی مرۆڤـ بە سەرجەم ڕەهەندە جۆرا وجۆرە ڕەوشتی و کۆمەلأیەتی و ئابوری و سیاسی و .... هتد .

لەو بارەیەوە تێڕوانینی ئیسلام بخەینە ڕوو . سەرەتا خراپ نیـیە ئەگەر سەر بوردێکی خێرای پێناسەی ئیسلام بکەین تا ڕێگە خۆش کەین بۆ چوونە ناو بابەتەکەوە .

ئیسلام لە بنەڕەتدا بەمانای مل کەچی و گوێ ڕایەڵیی فەرمانـەکانی خـوای پـەروەردگارە بۆ سەرجەم ئەو فەرمان و نەهیانەی لە ڕێگەی سروش ( وەحـی )یـەوە دەگـات بـە مرۆڤـ ، جا هـەر کەسـە بـەدڵ و ڕەفتارەکـانی لـە کـار و بارەکانیـدا مـل کەچـی فەرمانـەکانیخوا بـوو ئـەوا (موسـڵمان ـــــ مسلم )ە ... وە تـەنها لەبـەر ئـەوەی پێغەمبـەران لـە سـەرجەم خـەڵکانی تـر مـل کەچیتری پەروردگارن ، بۆیە بە یەکەم موسڵمان دانراون واتە لە پـێش هـەمو کەسـێکەوە مل کەچییان بۆ پـەروەردگاریان دەر بڕیوە : (قُـلْ إِنَّ صَـلاتِي وَنُسُـكِي وَ مَحْيَـايَ وَ مَمَـاتِي لِلَّـهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ، لا شَرِيكَ لَهُ وَ بِذَلِكَ أُمِرْتُ وَ أَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ ) الأنعام ١٦٢ ) بڵـێ : بەڕاسـتی نوێـژ و حـەج و دروشمـەکانی و ( سـەرجەم چاکە وبەندایـەتیم ) هـەروەها ژیـان ومـردنم تایبەتـە بـە خـوای پـەروەردگاری جیهانیانـەوە . ئـەو زاتـە هـیچ هاوبـەش و شـەریکێکی نیـیە ومـن بـەوە فەرمـانم پێ دراوە وە من یەکەم کەسی موسڵمانانم . یا دەفـەرموێ ( قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْـتُ إِلَيْـكَ وَ أَنَا أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ ) ( ألأعراف : ١٤٣ ) واتە ( موسا فەرمووی ) : ستایش و بێ گەردی و کـەماڵ هەر شایستەی تۆیە ، من پەشیمانم لە داخوازییەکەم وەرگەڕامەوە لای تۆ و من یەکەم کەسم لە باوەڕداران . بەبێ مل کەچی و گوێ ڕایەڵی خوای گەورە لە فەرمانەکاندا ( ئیسلام) بوونی نیـیە : (فَلا وَ رَبِّكَ لا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُـمَّ لا يَجِـدُوا فِـي أَنْفُسِـهِمْ حَرَجـاً مِمَّـا قَضَيْتَ وَ يُسَـلِّمُوا تَسْـلِيماً ) ( النسـاء :٦٥) ... واتـە ( نـەخێر سوێند بە پەروەردگارت ئەوانـەی (لافی بڕوا لێ دەدەن ) بڕوا ناهێنن هـەتا لـە هـەموو کێشـەیەکدا کـە ڕوو دەدات لـە نێوانیانـدا نەکـەن بـە داد وەر و گـوێ ڕایـەڵی تـۆ نەکـەن دوای ئـەوەش نابێـت لـە دڵ و دەرونیانـدا هـیچ ناڕەزایییەك دروست بێت بەرامبـەر ئـەوەی کـە داوەریت لەسـەر کـردووە و دەبـێ بـە تـەواوی تەسلیم و ڕازی بن .

مەرجیشە ئەومل کەچیییە ئارەزوو مەندانە بێ نەك لەژێر پەستان و زۆردا ، چونکە گوێ ڕایەڵی بە زۆر و بێ ویست بۆ خوای گەورە واتای مل کەچییە بۆ یاسا و سوننەتە گەردونیەکان کە خوای گەورە دایناوە و شتێکی گشتییە سەبارەت بە سەرجەم دروست کراوەکان و هیچ پاداشت و سزایەکی تێدا نییە و ئەویش بۆ ئەو بەشانەی گەردونە خوای گەورە ژێر دەستیکردوون و ویستی هەڵبژاردنی پێ نەداون مرۆڤیش لە هەندێ باری ژیانیدا بەو شێوەیەیە ، لەم بارەیەوە خوای گەورە دەفەرمێ ( أَفَغَيْرَ دِينِ اللَّهِ يَبْغُونَ وَلَهُ أَسْلَمَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعاً وَكَرْهاً وَ إِلَيْهِ يُرْجَعُونَ) ( آل عمران : ٨٣ ) واتە : ئایا ئەوانە بێجگە لە ئاینی خوا ئاینێکی تریان دەوێت ؟! لە کاتێکدا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە بە ڕەزامەنی بێت یان ناچاری تەسلیم و مل کەچی پەروەردگارن ، هەموانیش بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە .

سەرجەم درووست کراوەکان مل کەچ و گوێ ڕایەڵن بۆ خوا و ئەو یاسایەی لەم گەردوونەدا دایناوە لە بوون و مانەوە و لە ناوچونیاندا ، مرۆڤیش وەکو درووست کراوەکانی تر لەم مل کەچییە ناچارییەدا بەشدارە ، بەڵام ئەوەی کرۆکی ئیسلامە و ئیسلام داوای دەکا و پاداشت و سزای لەسەرە مل کەچییەکی ئارەزوو مەندانەیە بۆ خوای جیهانیان ، دیاردە و ڕوو کارەکانی مل کەچی و گوێ ڕیەڵی تەواوە بۆ شەرعی خوا بەو پەڕی ڕازی بوون و پەسەند کردنەوە بێ هیچ گرێ و گۆڵێك بەڵام ئەمە لە پاش ئەوەی بۆمان دەرکەوت ئەوەی لێی دەدوێت بریتییە لە ئیسلام نەك لێکدانەوەیەك یا تێگەیشتنێکی تایبەتی بۆ ئیسلام ، ئا بەم مانایە ئیسلام ئاینی پەسەندکراوی خوای گەورەیە و لە لایەن پەیامبەرەکانەوە گەیشتووە بەخەڵکی ... بەم پێیە ئیسلام ئاینی سەرجەم پێغەمبەرانە هەر لە ئادەمەوە تا پەیامی پێغەمبەری خۆمان موحەمەد (ﷺ) کە دوا پەیامی خوایییە و خوای گەورەش ئەم ڕاستییەی لە قورئاندا تەئکید کردووەتەوە و هەر بۆ نمونە لە سەر زمانی نوح ( علیه السلام ) دەفەرموێ ( وَ أُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ ) ( یونس : ٧٢ ) . هەروەها لەسەر زمانی ( ابراهیم و اسماعیل )ەوە دەفەرموێ : ( رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ ) ( البقرة : ١٢٨ ) لەوەسیەتی یەعقوب بۆ کوڕەکانیدا هاتووە ( إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى لَكُمُ الدِّينَ فَلا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ) ( البقرة : ١٣٢ ) هەروەها سەبارەت موسی دەفەرمێ ( فَعَلَيْهِ تَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُمْ مُسْلِمِينَ ) ( یونس : ٨٤ ) وە لە باسی باسکردنی تەورات دا دەفەرمێ ( يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُوا ) ( المائدة : ٤٤ ) لە بارەی یوسفەوە ( علیه السلام ) دەفەرموێ ( تَوَفَّنِي مُسْلِماً وَ أَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ )

( يوسف : ١٠١ ) سەبارەت بە ساحیرەکانی فیرعەونیش کە باوەڕیان بە موسا هێناوە دەفەرموێ ( رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْراً وَ تَوَفَّنَا مُسْلِمِينَ ) ( لأعراف : ١٢٦ ) وە لەبارەی هاوەڵە نزیکەکانی عیسا ( الحواريون )ەوە دەفەرموێ : (آمَنَّا بِاللَّهِ وَ اشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ)(آل عمران: ٥٢ ) سەبارەت بە شاژنی ( سبأ ) دەفەرمێ ( وَ أَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمَانَ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ)( النمل : ٤٤ ) لە پاڕانەوەی پیاوە چاکەکەدا دەفەرموێ : ( وَ أَصْلِحْ لِي فِي ذُرِّيَّتِي إِنِّي تُبْتُ إِلَيْكَ وَ إِنِّي مِنَ الْمُسْلِمِينَ ) ( الاحقاف :١٥ ) .

لە فەرموودەی ( صحيح )یشدا هاتووە ( الأنبياء أخوة أبنا علاّن أمهاتهم شتى و دينهم واحد) { علات : أولاد الرجل من نسوة شتى } { أخرجه الشيخان و ابو داود } واتە پێغەمبەران لە چەندان ژنن ( ئافرەتن ) و ئاینیان یەکە ، پاشتر ئەم ووشەیە ( الإسلام ) تایبەت کرا بەو ئاینەوە کە موحەمەد (ع ) هێناویەتی هەر وەك خوای گەورە دەفەرموێ (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَ أَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْأِسْلامَ دِيناً ) ( المائدة : ٣ ) .

هەر بۆیە کاتێك ناوی ئیسلام دەبرێ ئەم مانا تایبەتەمان مەبەستە کە بریتییە لە ( مل کەچی ئارەزوو مەندانە بۆ خوای جیهانەکان و ڕوو کارەکانیشی مل کەچییە بۆ شەرعی خوا کە لە لایەن ئەوەوە بۆ پێغەمبەرەکەی موحەممەد(ﷺ) هاتووە و فەرمانیشی پێداوە کە بە خەڵکی بگەیەنێ .

لێرەدا ئیسلام ئەو سیستمە گشتی و یاسا گشتگیرەی کار و بارەکانی ژیان و بەرنامەی ڕەفتاری مرۆیە کە موحەممەد (ﷺ) لەلایەن پەروەردگاریەوە هێناویەتی و فەرمانی پێکراوە بە خەڵکی بگەیەنێ و لەسەر ئەمەش بەپێی شوێن کەوتن یا بێفەرمانی پاداشت و سزا دانراوە و خوای گەورەش لەم بارەیەوە فەرموویەتی (وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْأِسْلامِ دِيناً فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَ هُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ)( آل عمران : ٨٥ )... کە لێرەدا ئەو مانایە دەگرێتەوە کە باسکرا.

ئەشکرێ بوترێ ئیسلام سەرجەم ئەو ڕاستییانە دەگرێتەوە کە خوای گەورە ناردوویەتی بۆ پێغەمبەرەکەی موحەممەد (ﷺ) هەر لەئەحکامی عەقیدە و ئەخلاق و پەرستش و سەودا گەری و داستان و بەسەرهاتەکانەوە کە لە قورئاندا هاتوون یا پێغەمبەری خوا لە سوننەتدا باسی کردوون و خوای گەورەش فەرمانی داوە بەخەڵکی بگەیەنێ:(يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَ اللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ)(المائدة:٦٧)

ئەشكرێ بوترێ ئیسلام لە لایەکیترەوە وەلآمی ڕاستی پرسیارەبەردەوامەکانی ژیری مرۆیە لە کۆن ونوێدا ــ لەکوێوە هاتوون ــ ؟ بۆچی هاتووین ؟ بۆ کوێ دەڕۆین ؟ کە وەلآمی ئەم پرسیارانە لە قورئاندا زۆر بەڕونی دراونەتەوە .[1]

یاخود دەوترێ ( ئیسلام ڕێبازی ژیانی مرۆڤایەتییە بە هەموو بنەماکانیەوە ، ڕێبازێکە سەبارەت بەو بۆچونە باوەڕییە ( التصور الإعتقادی )ی هەیەتی ، زۆر ناوازەیە ، ڕاڤەی ئەم ( بونەوەرە ) دەکا و شوێن و پایەی ( مرۆڤ ) و مەبەست لە بوونی وی یەکالآ دەکا .

ئیسلام ڕێبازێکە ، هەموو سیستەم و ڕێکخراوە لەبارەکانی ژیان ، کەلەم بۆچونە باوەڕییەوە هەڵدەقوڵێن دەگرێتە خۆی ... کە ئەوانیش بە پێی ئەم بۆچونە ، ژیانی مرۆڤ بەڕێوە دەبەن ... لەو سیستەمانەش کە ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکەن : سیستەمی خوو ورەوشت و ئەو سەرچاوانەی کە لێیەوە هەڵدەقوڵێ و ئەو بنەمایانەی کە لەسەریان دا دەمەزرێ و ئەو دەسەلآتەی شتی لێ وەر دەگرێ . سیستەمی سیاسی و شێوە خۆماڵەکانی ( خاسیەتەکانی ) سیستەمی کۆمەڵایەتی و بنەما و ڕاگرەکانی سیستەمی ئابوری و فەلسەفە و ڕێکخراوەکانی . سیستەمی دەوڵەتی و پەیوەندەکانی .[1] ئەمە بۆ چوونی ( سید قطب ) بوو سەبارەت بە ئیسلام هەر بۆیە ئیسلام بە ڕێبازی ژیان دەزانێ و پاشەڕۆژیش بۆ ئەم ئاینەیە ... هەروەك لە ( المستقبل لهذا الدين ) داڕونی دەکاتەوە .

جگە لەو ئیسلامەش کە موحەممەد هێناویەتی لەم ڕۆدا ناتوانرێ بە شوێن کەوتەی هیچ ئاینێکی تر بوترێ ئیسلام و بوترێ لەسەر ڕەوان ( لە دیدە ئیسلامییەکەیەوە ) ، چونکە بە هاتنی ئیسلام گەل و خاوەن ئاینەکانی تریش داوایان لێکراوە شوێن ئیسلام بکەون و لەم ئیسلامە بگەن و پێغەمبەری خواش دواخشتی بیناو خانووی پێغەمبەرانە و، بەویش کۆتایی بە پەیامی ئاسمان هاتووە ( وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَ خَاتَمَ النَّبِيِّينَ ) ( الأحزاب : ٤٠ ) یاخوای گەورە دەفەرموێ : ( قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعا ) ( لأعراف : ١٥٨ ) ، ( وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ ) ( الانبياء : ١٠٧ ) ، ( وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيراً وَنَذِيراً ) ( سبأ : ٢٨ ) ، ( وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْأِسْلامِ دِيناً فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْه ) ( آل عمران :٨٥ ) ، ( إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ

---

[1] سەیری ئەم سەرچاوانە بکە ، ــــ الإسلام سعيد حوى ، ــــ اصول الدعوة عبدالكريم زيدان ، ــــ مفردات الفاظ القرآن راغب الأصفهانی .

[1] دواڕۆژ بۆئیسلامە وەرگێڕانی محسن جوامێر .

الْإِسْــلام ) ( آل عمــران : ١٩ ) جـا بـەم پێـیـە هـەر كەسـێ شـوێنی موحەممەد و پەیامەكـەی نەكـەوێ تیاچـوو گومڕایـە ، مەگـەر كەسـانێك تـاوەكو ئێـستا هـیچ راسـتیەكی ئیـسلامیان پێنەگەیشتووە و وەكو خۆی لێی تێنەگەیشتوون ، ئەوانە حوكمیان وەك ئەوانە وایـە كـە پێغەمبـەر یـا بانگخوازیـان بـۆ ڕەوانـە نـەكرابێ ... هـەر چـەندە لـە ڕواڵـەت و ڕو كـاردا وەكـو موسڵمان ناوزەد ناكرێن ، ناخ و قەناعەتی دڵیشیان تایبەتە بە خوای گەورەوە ...

پێغەمبەری خوا ئەمە ڕوون دەكاتەوە كە هەر كەسێ جولەكەبێ یا گاور ئەگــەر گــوێ بیستی ئەم ئاینە بوو ، بەڵام نەی ویست تێ بگا و باوەڕی پێ بێنێ ئەوا بۆ ئاگر دەچێ .[1] ( والذي نفسي بيده لايسمع بي أحد من هذه الأمة يهودي ولا نصراني ثم لم يؤمن بالذي أرسلت بـه إلا كـان مـن أصـحاب النـار ) أخرجـه المسلم . خـۆ خـوای گـەورە بـە ئاشـكرا ئـەم ڕاستیە ڕوون دەكاتەوە ( إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَ يُرِيدُونَ أَنْ يُفَرِّقُـوا بَـيْنَ اللَّـهِ وَ رُسُـلِهِ وَ يَقُولُونَ نُـؤْمِنُ بِـبَعْضٍ وَ نَكْفُـرُ بِـبَعْضٍ وَ يُرِيـدُونَ أَنْ يَتَّخِـذُوا بَـيْنَ ذَلِـكَ سَـبِيلاً، أُولَئِـكَ هُـمُ الْكَـافِرُونَ حَقًّا)(النساء ١٥٠ ، ١٥١) .

كەواتـە ئـەوەی بـاوەڕ ناهێنـێ بـە پێغەمبـەری ئیسـلام و جیاكـاری دەكـا لـە نێـوان خـوا و پێغەمبەرەكەیدا خـوای گـەورە بە كافری تـەواوی داناوە جا نازانم بـە چ بەڵگـەیەك هەنـدێك دەیانـەوێ هـەموو كەسـێ بـە جولەكـە و گـاور و دیانـەكانی تـر و زۆربـەی زۆری خـەڵكی سـەر زەوی بـە موسـڵمان دانـێن و موسـڵمانیش ( كـە شـوێن كەوتـەی موحوممـەدن ) بـە ( مـؤمن ) دانێن و چەندان پاساو بهێننەوە بۆ ( أَسْلَمَ ) كردنـی زۆربـەی هـەرە زۆری جیهـان ... جا ئایا ئـەم جـۆرە بۆچـونانە لـە ژێـر پیلانێكـی نەخشـە بۆكێشـراودا ئـەنجام دەدرێـن یـاخود لێكۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستین یا ئەكرێ هەندێكیان چاولێكەریەكی نا بینایانەبێ [2]

---

[1] دیارە بیستنێك كە لێ ی تێ بگا.

[2] د.محمد شحرور هەنـدێ خوێندنـەوەی نوێیهەیـە بۆهەریەكلـە چـەمكی (ئیمـان وئیسـلام)و هەندێداڕشتنەوەی نـوێی بـۆ كـردووە ، هەردووچـەمكەكەی لـەڕوی ناوەڕۆكـەوە پێچـەوانەكردووە تەوەو مانای ئیسلامی بۆهەمووكەسێ بەكار هێناوە كە باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە وكردەوەی چاك ئەنجام ئەدا جاگرنگ نیە بەلایئەوەوە خاوەنی چ ئاین و بیروباوەڕێكە و ( ئیمـان ) و ( مـؤمن )یش تایبەتەبەوانەی كەباوەڕیان بەئاینی موحەممەدی هێناوە و ئەركەئیمانیەكانیش بە ( تكليف ) دادەنـێ كەلەسـەر دڵ ودەروون قورسـە، بـەلام ئیسـلام ( فطرة )یـە و ئەوقورسـیەیی نیـە و ( ئیمـان

)یش باوەڕ بە خواو ڕۆژی دووایی‌لەخۆی ناگریَ ، چونکە ئەمانە ئەرکانی ئیسلامن و ئیسلام فراوانترە لە (ئیمان) وئیسلام ئاینی گشتی سەرزەوی‌یە وچەندان بەڵگەوپاساوی‌تر ، بەڵام لەڕاستی‌دا ئەم بۆچونانە هەروا بەئاسانی جیَ‌ی‌پەسەندکردن و تەبەننی کردن نین چونکە لەلایەکەوە بیروبۆچونی نوێن و دەبیَ لەبیَژنگ درێن و لەلایەکی‌ترەوە ئەوئەنجامەی‌لیَ ی‌دەکەوێتەوە جیَ‌ی‌گومان ودوودڵین ... ئەمەجگەلەوەی زۆربەی دیدەکانی تریشی قسەی زۆر هەڵدەگرن و شایەنی پێدا چوونەوەن لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە و جێگەی چەندان پرسیاری گەورەن؟ لەم باسەشدا کەلەم بارەیەوە کردویەتی (شحرور) هیچ بەهایەکی بۆفەرمودە دانەناوە و بچوکترین حسێبی بۆی نەکردووە ، جانازانم سەبارەت بەچەندان ئایەتی وەك ئەمانەی خوارەوە چی دەڵیَ : (فَأَخْرَجْنَا مَنْ كَانَ فِيهَا مِنَ الْمُؤْمِنِينَ ، فَمَا وَجَدْنَا فِيهَا غَيْرَ بَيْتٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ) (الذريات: ٢٥ ،٢٦) ئایا سەرجەم ئیمانداراانی ئەوشارە ڕزگار دەبن ، لێرەدا ( بيت من المسلمين) یش هەر لەوان نی‌یە؟ یاخود خوای گەورە سەبارەت بە(أعراب) دەفەرمویَ (قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا قُلْ لَمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِنْ قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ )(الحجرات: ١٤) .

ئایا ئەگەر موسڵمان بوون لێرەدا بریتی‌بیَ لەوەی ئیمان لەدلَ دا نەبیَ ... ئەبیَ‌موسڵمان بوونی ئەم (أعراب .. بیابان نشین و دەشتەکیانە ) چی بگرێتەوە بەپیَ‌ی‌پێناسەی (شحرور) ، یاخوای گەورە کاتیَ بە (موسى) دەفەرمویَ ( دوای ئەوەی لەهۆشی خۆی دەچیَ ) ( قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ ) ( لأعراف : ١٤٣) ئەبیَ بۆچی ووشەی ( مؤمنين ) بۆ موسا بەکارهاتبیَ خۆبەپیَ‌ی بیردۆزەکەی (شحرور) ئەبی (مسلمين) بوایە...؟ چونکە (موسا)لەسەر دینی ( موحەمەدی ) نەبووە ؟

باوەڕ بەپێغەمبەران بەپیَ‌ی‌پێناسەکەی (شحرور) بۆئیسلام بەشێك نی‌یە لەئیسلام ، ئەی دەبیَ‌لەئاست ئەم ئایەتەدا چی‌بلیَ‌ کە خوای گەورە دەفەرمویَ (إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَنْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَنْ يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلاً) (النساء: ١٥٠) ئایا ( أولئك هم الكافرون حقاً) چ مانایەك بۆ موسڵمان بوون دەهێڵێتەوە لەکاتێك بەشێوەیەکی ڕەسمی دیانەکانی‌ترجگە لەخواروخێچی ئیمانیان بەخوا باوەڕیان بەهەندیَ لەپێغەمبەران نی‌یە واتە پێغەمبەری خۆمان موحەممەد(ﷺ) .

ئەمە نمونەیەکە لەخەرمانێك ، ئەمەش تەنها ئاماژەیە نەك چوونە ناو ئەوباسەی ( شحرور ) دەیکا ...ئەمە جگە لەوەی (شحرور) بەشێوەیەکی‌گشتی کارلەسەر گۆڕینی چەمکەکان دەکاوپاشان بەپیَ‌ی‌دیدی خۆی دایان دەڕێژێتەوە و مانایەکی نویَ‌یان پیَ‌دەدا بەجیاوبەدوور لەمانا مێژوویی‌یەکەی ، پاشتریش لەسەر ئەوە بنیاتی فیکری‌خۆی دادەمەزرێنیَ،کە ئەم کارەش پرۆسەیەکی گەلێك مەترسی‌دارەو هەروا سوك وسانانی‌یەو بەدواداچوونی ووردی دەویَ ،دیارترین

، ئەمە وروژاندنێکە و وێڵی وەلاّمە ، ! لە ڕاستیدا ئەو ئیسلامەی پێغەمبەرانی پێشوو هێنابوویان ، لەبیر چووەتەوە یاخود دەسکاری کراوە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ، یان لانی کەم مەشخەڵە ڕاستەقینەکانی سڕ راوەتەوە و نا ڕەوایی تێکەڵ بووە ، ئەم نارەوای‌یەش تێکەڵ بە عەقیدە و بیر و باوەڕ و پەرستش و ڕەفتاریان بووە ، لە جیهانیش دا هیچ کتێبێك و پەڕاوێکی ئاسمانی بە وێنەی قورئان نەپارێزراوە ، هەر بۆیە شوێن کەوتنی ئیسلام و پەیامەکەی مانای شوێن کەوتنی ئەو ئیسلامەیە سەرجەم پێغەمبەران هێناویانە ، قورئانیش دەفەرموێ ( يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ عَلَى فَتْرَةٍ مِنَ الرُّسُلِ أَنْ تَقُولُوا مَا جَاءَنَا مِنْ بَشِيرٍ وَلا نَذِيرٍ فَقَدْ جَاءَكُمْ بَشِيرٌ وَ نَذِيرٌ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ) ( المائدة : ١٩ ) .

بەڕامانێك لە فەرمودەکانی پێغەمبەری خوا ( ع ) ئەوەمان بۆ دەر دەکەوێ کە پێغەمبەری خواش لەلایەن خۆیەوە چەندان پێناسەی ئیسلامی کردووە ، کە هەندێ کەس لەم پێناسانەدا لە مەبەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تێ نەگەیشتوون ، چونکە ئەو هەندێ جار بەشێکی ئیسلامی وەك هەموو ئیسلام پێناسە کردووە تا گرنگی ئەو بەشە ڕوون بکاتەوە وەکو لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێ ( الحج عرفات ) أخرجە أصحاب السنن وغيرهم و رمز السيوطي لصحتە . ( رواه أحمد ) ( حەج عەرەفەیە ) هەر وەکو زانراوە وەستان لە عەرەفاتدا هەموو حەج نی‌یە بەڵکو بەشێکێتی ، بەلاّم بۆیە دەڵێ حەج عەرەفەیە تا گرنگی‌ی وەستان لە عەرەفاتدا ڕوون بکاتەوە ، جا هەر وەك چۆن هەڵەیە ئەگەر مرۆڤ وا دابنێ کە حەج هەمووی وەستانە لە عەرەفاتدا هەر بەو شێوەیە هەڵە ئەکات ئەوکەسەی وا دابنێ بەشێك لە ئیسلام هەموو ئیسلامە ، هەر وەك چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە هەندێ جاردا بەو شێوەیە

---

شتێکە (شحرور) کاری‌لەسەردەکا داڕشتنەوەی چەمکەکان وياری‌کردنە پێیان تاڕادەی داتاشینی چەمکی سەیروسەمەرە ، بۆ ئەم مەبەستە خوێنەر دەتوانێ سەیری(الكتاب والقرآن)و(الإسلام والأيمان) ی شحرور بکا، بۆ ئاشنا بوون بەو مەنهەجەی (شحرور)گرتویەتیەبەر . بەکورتی(شحرور)حاڵەتێکی نوێ‌یەو تەسلیم بوون بەڕاوبۆچونەکانی (هەروابەئاسانی) سادەیی‌وکاڵ فامی‌یەو بەرەنجام وسەرەنجامی ئەوخوێندنەوەیەی‌ئەوبۆئیسلامی‌دەکا سەرەنجام ئیسلام نی‌یە ، بەڵکو شتێکی ترەو داڕشتنەوەی چەمکەکانە بەشێوازێك کەهاوشان و هاوتەریبی دەیان بیری‌نامۆی‌دژ بەئیسلام بێ (لانی‌کەم بەماناباوەکەی) ، یاری‌کردن بەزمانیش تاوەکو بەبۆچونەکەی دەخوا زۆر ڕوون وئاشکرایە، لەهەندێ شوێنیش کەزمان هاوکاری‌ناکابەشێوەیەك لەشێوەکان زیرەکانە خۆی دەرباز دەکا یاتەئویلێ نەشیاوت بۆ دەهێنێتەوە . (نوسەر ) .

پێناسەی کردووە ، جا لێرەدا هەندێ لەو پێناسانە دەهێنین تاوەکو ناوەڕۆك و شوێنەکەی بزانین :ــ

پێناسەی یەکەم : تەڵحەی کوڕی عوبەیدولاَ فەرمویەتی: پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) و پرسیاری ئیسلامی لێ کرد ،پێغەمبەری خواش فەرمووی : پێنج نوێژ لە شەو و ڕۆژێکدا پیاوەکە ووتی هیچی ترم لەسەرە ؟ فەرمووی نە مەگەر سوننەت بکەی ، باسی زەکاتی کرد ووتی هیچی ترم لەسەرە فەرمووی نە مەگەر خێربکەی ، پاشان پشتی هەڵکرد و ڕۆیشت و ئەیوت : لەمە زیاتر و کەمتر ناکەم ، پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێت فەرمووی : ئەگەر ڕاست کا ڕزگار دەبێ یا ئەچێتە بەهەشتەوە ئەگەر ڕاست کا)أخرجه الستة إلا الترمذي.

پێناسەی دووەم : موعاویەی کوڕی حیدە ووتویەتی : من بەخودا داوات لێ دەکەم بەچی خوا ناردوتی ؟ فەرموی بە ئیسلام ووتم : نیشانەکانی ئیسلام چین ؟ فەرمووی ئەوەیە بڵێی ( أَسلَمْتُ وجهيَ لله وتخليت ) وازم لە هەموو شتێکی تر هێنا و خۆم خاڵی کرد لەهەموو شتێکیتر ، نوێژ بکەیت و زەکات بدەیت هەرچی شتی موسڵمانە لەسەر موسڵمان حەرامە ، موسڵمانان بۆ یەکتری برا وپشتیوانی یەکترن ، پاش ئەوەی ( مشرك ) موسڵمان بوو هیچی لێ وەرناگیرێ ، مەگەر دوای ئەوەی ( هاوبەش پەیداکەران ) بەجێ بهێڵێ و بچێ بۆلای موسڵمانان ، أخرجه النَسائي .

پێناسەی سێهەم : هەر پێنج پێشەواکە جگە لە بوخاری لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەیهێنن کە فەرموویەتی ( ئیسلام ئەوەیە کە شاهێدی بدەی کە هیچ خوایەك شایەنی پەرستن نیيە و موحەممەدیش بەندە و پێغەمبەری ئەوە وە نوێژبکەیت وە زەکات بدەیت وڕەمەزان بەڕۆژووبیت و ئەگەر توانای ڕێگەت هەبوو حەجی ماڵی خوابکەیت ) لە فەرموودەیەکی تردا کە ( ئیسلام بنیات نراوە لەسەر پێنج شت ……..) یا چەندان فەرموودەی تر کە باس لەوە دەکا فلاَن شت لە ئیسلامە و فلاَنی تر گرنگترینی کاری ئیسلامە و هەندێ جاری تر بواری ئیسلام و ئیمان تێکەڵ دەکرێ و هەریەکەیان ئەگەر فراوانی بکەی ئەوی تریشیان دەگرێتەوە .

جا کاتێکیش دەوترێ پایەکانی ئیسلام پێنجن مانای وا نیيە ئیسلام تەنها ئەم پێنجەیە بەڵکو دەلالەتە لەسەر گرنگی و لەپێشی ئەم پایانە ، هەروەك کاتێ دەوترێ ئەم خانووە

لەسەر چوار پایەیە مانای وانیە ئەم خانووە تەنها لەم چوار پایەیە پێك هاتووە ، [١] نەك بەڵگەیەك بگرە سەدان بەڵگەمان هەیە کە ئیسلام بە مانا تایبەتیەکەی زیاد لەم پایانەیە ، هەر کەسێ سەیری قورئان بکا دەبینێ باسی ڕەوشت دەکا و لە بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەدوێ باسی شەڕو ئاشتی و خێر و شەڕی تێدایە هەر کتێبێکی فیقە سەیر دەکەی بواری پەرستشەکان و سەوداگەری و قەزا و جیهاد و میرات و زەواج .... هتد ی تێدا دەبینی و سەرچاوەکەشی هەر ئەو ئیسلامەیە ، کە دەکرێ بە چەندان شێوە و لە چەند ڕووەوە پێناسەی بکرێ هەر پێناسەیەکیش لەم پێناسانە ڕووەیەکی ئیسلام بەدەر دەخات و بە شێوازێك باس لە ئیسلام دەکات کە خستنەڕووی بوارێکی ئیسلامە .

ئەوئیسلامەش کە باسی دەکەین بەهۆی کیتاب و سوننەی ( صحیح )ی پێغەمبەری خواوە دەناسرێ .. ئیسلامێك بە بواری ئیجتهادەکەیەوە بوارێك لە بوارەکانی ئەم بونەوەرە نامێنێتەوە بڕیار و فەرمانی خۆی لەسەری نەبێ بەشێوەی هێڵی گشتی ، جا چ لەڕووی حەڵاڵی یاحەرامی یا کەراهەت یاسوننە و فەریزە و واجبەوە بێ یا کار و بارەکانی عەقیدە و پەرستن و سیاسەت و ئابوری و جەنگ و ئاشتیو ... هتد ەوە بێ .

ئەو ئیسلامەی کە باسی دەکەین و دەڵێین قسەی هەیە لە سەرجەم بوارەکانی ژیان ئیسلامێکە تایبەت نیە بە وڵاتێك یا کەسێکی دیاریکراوەوە .. هەروەها پەیوەست نیە بە سەردەم وکات و ڕەگەزێکی تایبەتیەوە ، لە دەلاقەی مەزەبێکی تایبەتیش دا جێی نابێتەوە ... ئەو ئیسلامە ئیسلامی بەراییە ، ئیسلامی قورئان و سوننەی ( صحیح )ە . ئیسلامێك کە مەشخەڵەکانی ڕونن و زیادە وخڵتە و کەم وکوڕی تێدا نیە و بەش بەش وەرناگرێ و نەشێوێنراوە و گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە .[١] ئیسلامێك ڕێگەی ئیجتهادی داوە و هانی ژیری دەدا ڕۆڵی خۆی ببینێ ....

جا با ئێستا چاوێك بخشێنین بە دیدی ئیسلامدا بۆ بوارە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤ تاڕاستی ئەم قسانەمان بۆ ڕوون بێتەوە ، دیارە لێرەدا بەخێرایی بەسەر ئەو بوارانەدا گوزەر دەکەین نەك چونە نێو ووردە کاریەکانی ئەو بوارانەوە .

---

[١] سەیری سەرچاوەکانی پێشوو بکە .

[١] سەیری (الإسلام كمانؤمن) ی د.یوسف قرضاوي بکە .

ئەوەی سەرنج دەدرێ لەئیسلامدا ئەوەیە کە بنەما سەرەکیەکانی سیستمە پێویستەکانی ژیانی مرۆڤی باسکردووە و ئاماژەی پێداوە هەر بۆ نمونە لە بواری بنەما سەرەکیەکانی سیستمی پەرستشیدا باس لەوە دەکا کە دەبێ بە دڵسۆزی وملکەچی تەواوە گوێ ڕایەڵی پەروەردگار بکرێ ، هاو کات باس لە بنەما سەرەکیەکانی نوێژ و ڕۆژ و زەکات وحەج و پەرشتشە کانی تر دەکا و لە بنەما سەرەکیەکانی سیستمی کۆمەڵایەتیش دەدوێ هاووێنەی چاکە کردن لەگەڵ دایك و باوك و سەردان وسیلەی خزمان و حەرامی کارە ناشرین و پیسەکان ( الفواحش ) وەحەرامی کوشتنی نەوە و منالْ ... هتد لەگەڵ ئەوەشدا بناغەکانی سیستمی ( جنائي ) باس دەکا ، هاووێنەی حەرامی کوشتنی مرۆڤی بێتاوان و حەرامی دەست درێژی و واجبی بەرپا کردنی داد گەری وشایەتی حەق دان لە پێناوی خوادا ، بە هەمان شێوە بنەما سەرەکیەکانی سیستمی سیاسی و ئابوری لەوانە دوور کەوتنەوە لە پەرتەوازەیی و هەوڵ دان بۆیەك ڕیزی و ڕاوێژ و دادگەری و ئەمەکداری بەرامبەر پەیمان و بەڵێنەکان و کێشانە و پێوانەی تەواو و حەرامی زیادەڕۆیی و ئیسراف و... هتد ئەمە جگە لە بەها ڕەوشتیەکان دیارە سەرجەم ئەمانە پێکەوە بەرنامەیەکی تەواو بۆ ژیان ڕەنگ ڕێژ دەکەن ئەگەر هات و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بە تێگەیشتنێکی دروستەوە بۆ دەقەکانی ئیسلام بڕوانن و لێ ی تێبگەن .

لێرەشدا پێم باشە سەرنجێ کە کاك عومەر عەلی غەفور خستویەتیە ڕوو لە کتێبی(جەدەلی ئیسلامی و عەلمانی ) منیش لێرەدا وەك دەسپێکێکی گرنگ بیخەمە ڕوو ( کەکاك عومەر وەك ڕای شایعی ناوەندی سیاسی و ڕۆشنبیری و جەماوەر بەگشتی و چ دانەرانی ئینسکلۆپیدیا زانستی و ئەکادیمیەکان بن یا تیوریست و بیرمەندان ، ناوزەدی دەکا ) ئەویش ئەوەیە ( کە ناکرێ ژیان و فیکر بەگشتی وەك یەك پارچە وەربگیرێ و پێویست دەکا بۆچەند ڕەهەند و ڕایەڵ و مەیدان و بوارێك ، کە هەریەك لەوانە جۆرێك لە خسوسیەتی زاتی و جیاکەرەوەی هەیە و وەك یەکەیەك دیارە ، پۆلێن بکرێن تا زیهن بتوانێ مامەڵەیان لەگەڵ بکات و لێیان بکۆڵێتەوە ، لێرەوەیە فیکر و ژیان بۆ چەند یەکە و پێکهاتەیەك : فیکر ، زانست ، فەرهەنگ ( الثقافة ) ، سیاسەت ، کۆمەڵایەتی ، ئابوری ، ئەخلاق ، عەقڵ ...( دابەش دەکرێ )

بەلاّم لە واقعی ژیاندا ئەمانە تێهەڵکێشی یەکترن و ماڵیان جیا نیءیە [1] ... دیارە ئەمە لە واقعی ژیاندا میسداقیەتی خۆی سەلماندووە و سەرجەم بوارەکانی ژیان پێکەوە گرێ دراون و ناتوانرێ لێك جیابکرێنەوە .. هەر دەسەلاّت و پێگەیەکی هێز لە پیادەکردن و فەرمان ڕەواییدا پێویستە ڕەچاوی سەرجەم ئەو بوارانە بکاو خۆی بێ ئاگا نەکا لێیان و گەرەکە هەڵس و کەوتی وریایانەیان لەگەڵ بکا .

[1] جەدەلی ئیسلامیءوعەلمانی ن : عومەر عەلی غەفور .

**( سیستمی ڕەوشتی ( نظام الأخلاق ) لە ئیسلامدا )**

**ئیمامی غەزالی لە ( أحیاء )ە کەیدا و لە ژێر سەر باسی ( بیان حقیقة حسن الخلق و سوء الخلق ) دا دەڵێ * ( بزانە لە ڕاستی دا خەڵکی سەبارەت بە حەقیقەتی ڕەوشت جوانی قسەیان کردووە بەڵام ئەوەی لەو بارەیەوە ووتویانە حەقیقەتی ڕەوشت جوانی نی‌یە ، بەڵکو باسی بەرهەمەکانی ڕەوشت جوانی‌یان کردووە ، لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەم بەرهەمە کانیشیان لە خۆ نەگرتووە بەڵکو هەریەکە بە شێوەیەك باسی لێ کردووە کە بە یادیا هاتووە و لە هۆشیا ئامادە بووە و گرنگی تەواویان بەوە نەداوە کە پێناسەیەکی ( حەددی ) بۆبکەن و حەقیقەتەکەی بەدەر بخەن کە سەرجەم بەرهەمەکانی بە دوور و درێژی بگرێتە خۆ ، پاشتر پێناسە گەلێکی لەو جۆرە دەخاتە ڕوو کە بە ڕای خۆی ئەوانە هەر یەکە لە لایەکەوە بۆی چووە و ڕویەکی بابەتەکەی خستۆتە پێش چاو ... دواتر دەڵێ لادانی پەردە لەسەر حەقیقەتی ڕەوشتی جوان لەپێشترە لەوەی قسە جۆرا و جۆرەکان بگێڕیتەوە ، پاشان دەڵێ ئێمە دەڵێین : ( خُلُق و خَلْق) دوو دەربڕینی پێکەوە بەکار هاتوون ، دەگوترێ فلان ڕواڵەت و ڕەوشت جوانە (حسن الخَلْق و الخُلُق ) واتە ناخ و ڕوکاری جوانە مەبەستیش لە ( الخَلْق ) وێنەی ئاشکرای دەرەوەیەتی و مەبەستیش لە ( الخُلُق ) وێنەی ناوەوە و ناخیەتی ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە مرۆڤ پێك هاتووە لە لاشەیەك کە بە چاو هەستی پێ‌دەکرێ ، وە لە گیان (روح) و نەفسێك کە بە ( بصیرة ) هەستی پێ دەکرێ هەر یەکە شیان شێوە و وێنەیەکی ناشرین یا جوانی هەیە ( نەفس ) ێك کە بە ( بصیرة ) هەستی پێ دەکرێ ڕێزی گەورە تری هەیە لە لاشەیەك کە بە چاو ( بصر ) دەبینرێ ، هەر بۆیە خوای گەورەش ڕێزی پێداوە کاتێك دەیداتە پاڵ خۆی .. ئەوەتانێ دەفەرموێ : (نِّي خَالِقٌ بَشَراً مِنْ طِينٍ ،فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَ نَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ ) ( الحجر: ٢٨ ،٢٩ ) تێبینی ئەوەی داوە کە لاشە دەدرێتە پاڵ خاك و ڕوحیش بۆ خوای گەورەی جیهانیان ، لەم شوێنەشدا مەبەست لە ( روح ) و ( نفس ) یەك شتە ، کەواتە : ڕەوشت ( خُلُق ) بریتی‌یە لە ئامادەیی و دۆخێکی ڕیشەدار و قووڵ (راسخ) لە نەفس و دەروندا کە بە سوك و ئاسانی کردەوەی لێ دەوەشێتەوە ، بێ ئەوەی**

---

* **دیارە لێرەدا نامانەوێ بچینە ناوئەوجەدەلە فەلسەفی‌یەی سەبارەت بەئەخلاق لەئاراداهەیە، بەڵکو دەمانەوێ پوختەی دیدە ئیسلامی‌یەکە بخەینە ڕووکەئەمەی سەرەوە بەشێکێتی .**

پێویستی به بیر و وورد بونەوە و بیرکردنەوە وماندو بوون هەبێ ، جا ئەگەر ئەو ئامادەیی و دۆخەی لە نەفس دا هەیە کردەوە جوان و پەسەندەکانی لێ دەوەشایەوە لە ڕووی عەقڵ و شەرعەوە ، ئەوا بە ڕەفتاری جوان ناو زەد دەکرێ ، خۆ ئەگەر ناشرینی لێ دەوەشایەوە ئەوا ئەو ئامادەیی و دۆخەی لە نەفسدا هەیە ، کە سەرچاوەی ئەو ڕەفتارەیە بە ڕەفتاری ناشرین ناوزەد دەکرێ ، بە دەر بڕینی حەرفی غەزالی ڕەوشت بریتی‌یە لە ( عبارة عن هيئة في النفس راسخة عنها تصدر الأفعال بسهولة و يسر من غير حاجة إلى فكر و رؤية ، فإن كانت الهيئة بحيث تصدر عنها الأفعال الجميلة المحمودة عقلاً و شرعاً سميت تلك الهيئة خلقاً حسناً و إن كان الصادر عنها الأفعال القبيحة سميت الهيئة التى هي المصدر خلقاً سيئاً ) .

بۆیەش ڕەوشت بە ( هيئة راسخة ) ناو دەبا چونکە ئەکرێ یەکێك جار جار ماڵ ببەخشێ بەڵام مەرج نی‌یە پێ‌ی بوترێ ( سخي – بەخشەر ) یا هەندێ جار تووڕە نەبێ پێ‌ی بوترێ ( حليم ) هەر بۆ ئەوەی کارێك بەڕەوشت دا بنرێ غەزالی ڕای وایە ئەبێ چوار شت ئەبێ هەبن ١- بوونی کردەوەی باش یا خراپ ٢- توانای کردنیان ٣- شارەزایی و ناسینیان ٤- حاڵێتك لە دەروندا هەبێ کە بەلای یەکێکیاندا مەیلی هەبێ.

ڕەوشتیش لە دیدی غەزالی دا تەنها کردن و جێ بە جێ کردن یا بەتوانا بوون و ناسین نی‌یە ، بەڵکو ئەوەی ئەو پێ‌ی لەسەر دا دەگرێ بریتی‌یە لەو حاڵەتەی لە دەروونـدا دەچەسپێ و بەهۆیەوە مرۆڤ ڕەفتارێ ئەنجام دەدا ... دوا تریش بە شێوەیەکی زۆر ناوازە باس لە ڕەفتار جوانی ( حسن الخلق ) دەکا و بەها وسەنگی‌یەکی دا دەنێ کە لە نێوان هێزی زانیاری و تووڕەیی و ئارەزوو و دادگەری هەیە ....* کە دەیەها ڕەفتاری تری لێ دەکەوێتەوە و بە نا هاوسەنگ بونیشیان کە لێرەدا ( ( العدل ) هاوسەنگیەکەیە )ودەیەها ڕەفتاری ناشرین سەر هەڵدەدا و هەر بۆیە ( دایکی ڕەفتارە جوانەکان ) ( أمهات محاسن الاخلاق ) لەم چوار ڕەفتارەدا کۆ دەکاتەوە کە ئەوانیش ( حیکمەت و ئازایەتی ، ( شجاعة ) و عیففەت و عەدل و چڵەکانی تریەتی سەرچاوەکەش ئەو چوار هێزەی سەرەوەن و تەنها پێغەمبەری خواش گەیشتۆتە ( ئیعتدال ) لەم ڕەفتارانەدا و قورئانیش ئاماژە بەم ڕەفتارانە دەکا لەوکاتەی کە باسی ئیمانداران دەکا و ئەم ئایەتە بە بەڵگە دەهێنینەوە ( إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَ رَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَ جَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَ أَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ)(الحجرات:١٥)

---

* غەزالی لەم بارەیەوە سودی بینیوە لەکەسانی تر تەنانەت یۆنانی‌یەکانیش .

ئیمـانێکی بێگومـان بـه خـوا و پێغەمبەرەکـەی بەرهـەمی هێـزی ( یقین )و بەرهـەمی عـەقڵ و ئەوپەڕی حیکمەتە تێکۆشان بەماڵیش ( سەخی )بوونە کە دەگەڕێتـەوە بـۆ هاوسـەنگی هێـزی ئارەزوو ( شهوة ) و تێکۆشان بە نەفسیش بریتییە لە ئازایەتی ( الشجاعة ) کە دەگەڕێتـەوە بۆ بەکار هێنانی هێزی ( تووڕەیی ) بە مـەرجی ژیرێتـی و هاوسـەنگی بوون ، چونکە خوای گەورە کاتێك وەسفی هاوەڵان دەکا دەفەرموێ ( أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ ) ( الفتح : مـن الآية ٢٩ ) وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی هەر یەکە لە توند و تیژی و بەزەیی جێ و ڕێی خۆیان هەیە و کەمال و تەواوی نە توند و تیژیە لە هەموو کاتێك‌و نە بەزەییشە لە گشت کاتێك[1] ( ئەمە چەند سەرنجێکی غەزالی بوو کە هەندێ کۆپلـەمان لـێ هەڵبـژارد وەك پێشـەکییەك بۆ باسکردنی ڕەوشت وسیستمی ڕەوشت لە ئیسلامدا ) .

بـە پـێی ئـەم لێکدانەوەیـە بێـت ڕەوشـت ئەوەیـە ڕیشـەی لـە دەروونـدا هـەبێ و ئـارەزوو مەندانە لەسەر ئەو بناغەیە مرۆڤـ کردەوەی باش و خراپ جوان و ناشرین ئەنجام بدا و هیچ جۆرە زۆر لە خۆ کردنێکی تێدا نـەبێ ئەمـەش غـەزالی بـە ( من غير حاجة إلى فكر و روية ) ناوی دەبا ...

دیـارە لـە ڕوانگـە ئیسـلامییەکەوە ڕەفتـاری مرۆڤـ بـە سروشـتی خـۆی شایسـتەی کـار تێکردنـە بـە پـەروەردەی بـاش و خـراپ جا ئەگـەر لەسـەر ڕەوشـتی جـوان و ڕەفتـاری چاك و خۆش ویستنی چاکە و ئارەزوومەندی خێر و خۆش ویستنی جوانکاری و ڕق لـێ بونـەوەی ناشرینی و نا شایستەیی ڕاهێنراو ، بووە مۆرك و سروشت تیایدا ئەوجا زۆر بە ئاسانی و بێ زۆر لە خۆکردن ڕەفتاری جوان و ڕەوشت بـەرزی لـێ دەوەشێتەوە ، هـاوو ێنـەی شـەرم و خۆگری و لەسەر خۆیی و خۆ ڕاگری و بەرگە گری و بەخشین و ئازایی و داد گـەری و چاکە خوازی و ... چەندەها ڕەفتاری جوانی تر... بەڵام ئەگـەر بە پێچەوانەوە پشت گوێ خـرا و بە شێوەیەکی شایستە پاکژ نەکرا و ڕەگەزە چاکە شاراوەکانی گرنگی پـێ نـەدرا یا بە هەڵـە پەروەردە کرا و کاری لەسـەر کرا تاوەکو ڕەوشتە ناشرینەکانی بە جوان وجوانـەکانیش بە ناشرین هێنرایە پێش چاو ، تا وای لێهات ڕەفتار وگوفتارە ناشرین و کـەم و کورتـەکانی زۆر بـە ئاسـایی و بـێ زۆرلـێ کـردن لـێ دەوەشـایەوە ئـەوا ڕەفتـاری ناشـرین دەبـێ و دەبـێ بـە کەسـێکی ڕەوشـت نـزم و چـەندەها ڕەفتـاری ناشـرینی تـری وێنـەی ناپـاکی و درۆ و زوو

---

[1] أبي حامد الغزالي احياء علوم الدين ب ٣ ل ٤٦ ← ٤٨ .

هەڵچـون و تـەماح کـاری و ووشـك و ڕەقـی و دەم پیسـی و چـەندەها ڕەفتـاری تـری لـێ دەوەشێتەوە و بەرە و زیاتریش دەچێ .[٢]

( هەسـتی خـوو ڕەوشـت لـە نێـو ئـادەمیزاد دا هەسـتێکی سروشـتیـیە ، خـوای گـەورە خستویەتیـیە نێو دڵ و دەرونی مرۆڤەوە کە پاڵی پێوە دەنێت بۆ خۆش ویستنی هێندێك سیفاتی ئینسان و ڕق لێ بونەوەی هێندێکی دیکە ) هەر بۆیە هەستی گشتی بەردەوام بڕیار لەسەر هەندێ کردەوە و هەڵس و کەوت بە باشی دەدات و لەسەر هەندێکی تر بە خراپی ، بۆ نمونە ڕاست گۆیی و پەیمان بردنە سەر و یەکسانی و بەزەیی پێدا هاتنەوە و دڵ و سنگ فراوانی و لێ بوردن و ئارام گرتن و هێمنی و خۆ ڕاگرتن و هێواشی و ئازایەتی و مەردایەتی و خـۆش ویسـتنی ئامۆژگـاری و چاکە لەگـەڵ دایـك و بـاوك و خـزم و کـەس و کـاردا و ڕێـز گرتنی دراوسێ و برادەر و یارمەتی دانی برادەر لەسەر شتی ڕەوا و سەر پەرشتی کردنی پێویستیـیەکانی هەتیوان و هەژاران و چونە لای نەخۆشان و یارمەتی دانی لـێ قەوماوان و دەست گرتنی پەك کەوتوان و .... چەندانی تر ڕەوشتی بەرز و مەزن و شایەنی سوپاس و ستایش و ڕێـز لـێ گـرتن و مرۆڤایـەتی و سـەرجەم کۆمەڵگـە کـانن مەگـەر کـەس و کۆمەڵگـە نەخۆشەکان نەبێ .

لە بەرامبەر ئەوەش لە هیچ کات و شوێنێکدا نەبووە مرۆڤی ساغ و پوخت ، درۆ و زۆر داری و ستەمکاری و ناپاکی و لەخۆ بایی‌بوون و خۆ بە زل زانی و دڵ ڕەقی و ڕژدی و چاو چنۆکی وبێ ئارامی و خۆ ڕا نەگرتن و هەل پەرستی و ترسنۆکی و فێڵ بازی و ڕیاکاری و کوشتن و بڕین و ئازار دانی خەڵك و دوو زمانی و بوختان و قوڵ بڕین و ... چەندان ئاکار و ڕەوشتی لەم جۆرەی بە باش زانی بێ‌و بە چاوی ڕێزەو ە سەیری کردبێ .

ئەمەش ئەوە دەر دەخات کە بنچینەکانی خوو ڕەوشت چەند ڕاستیـیەکی چەسپاوی جیهانیـیە و مرۆڤەکان پێی ئاشنان و پەنهان و شاراوە نین و خوای گەورە بەدڵ و دەرونی مرۆڤەکانی بەخشیوە و ئەم هێزی جیا کاریـیەشی لە مرۆڤدا چاندووە ، قورئانیش ئاماژە بـەم ڕاسـتیـیە دەکـا : ( فَأَلْهَمَهَـا فُجُورَهَـا وَ تَقْوَاهَـا ) ( الشـمس : ٨ ) ..کەواتـە مرۆڤـەکان بـە سروشت خوای گەورە هێزی ناسینی ڕەوشتی باش و خراپی لە دەرونیاندا چاندووە ، بۆ

---

[٢] سەیری (منهاج المسلم) ل ١٤٠ بکە جابر الجزائري .

**زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەم باسەش وا باشە گوزەرێك بکەین بە تایبەتمەندیـیەکانی سیستم و یاسای ڕەوشتی لە ئیسلامدا [1] .**

**بەلاّم پێش ئەوەی بچینە سەر تایبەتمەندیـیەکانی ڕەوشت لە ئیسلامدا وا باشە گرنگی و پلە و پایەی ڕەوشت ( ئەگەر بە کورتیش بێ ) لە ئیسلامدا باس بکەین ...**

**لە ڕاستیدا ڕەوشت لە ئیسلامدا گرنگیـیەکی زۆری هەیە بەو پێیەی پەیوەستە بە ناخی مرۆڤەوە و کاریگەری سەرەکی هەیە لە ئاراستە کردن و نەخشاندنی ڕەفتارەکانی مرۆڤدا .. کاتێکیش وابێ ڕەوشت لە ئیسلام بەرهەمی فیکر و عەقیدەی ئیسلامیـیە لێرەوە گرنگیەکی تایبەتی هەیە و لەوەش دەر دەچێ تەنها لە ڕەفتاری تاکدا کورت هەڵبێ و قەتیس بمێنێ( ئەمە جگە لەوەی ئەو ڕەوشتانە لە سروشت و فیترەتی مرۆڤدا پەسەند و وەرگیراون).**

**ڕەوشت بە مانا فراوانەکەی ئەکرێ بوترێ لە سەدان ئایەت و فەرموودەدا ئاماژەی پێ دەکرێ و بە تێکەڵی لەگەڵ بوارە کانی تردا باس وخواسی هەیە وبە جیاش وەك بوارێکی تایبەت دەقی لەسەر هاتووە : قورئانیش گرنگیـیەکی زۆر بە ڕەوشت دەدا و کار لەسەر بەهێز و پێز کردن و پەروەردە کردنی دەکا و بە شێوەیەك هیچ بچوك و گەورەیەك ناهێڵێتەوە کە قسەی لەسەر نەکا و هانی نەدا و نەی ترسێنێ لە ڕەفتارە خراپەکانی و لەمەشدا بە چەندەها شێواز ژیری و سۆزی مرۆڤ دەدوێنێ و شێوازەکانی فەرمان دان و ترسان و ستایش و پاداش ، بەکار دەهێنێ و داوای با شترین و جوانترین شێواز و مامەڵە یان لێ دەکا ... وە ئەم ڕاستیـیانەش ئەوەندە زۆرن بە سەدان کتێب یان لەسەر تۆمار کراوە و بەردەوامیش توێژینەوە و دوانی لەسەر هەیە ... تەنانەت یەکێك لە هۆ کارەکانی هاتنی پێغەمبەری خوا بە هاتن بۆ تەواو کردنی ڕەوشتە جوانەکان لێکدراوەتەوە ( إنما بعثت لِأتمم مكارم الأخلاق ) وئیسلامیش بە ڕەوشتی جوان ( حسن الخلق ) پێناسە کراوە وەك گرنگیـیەك بۆ ئەم بوارە لە ژیانی مرۆڤدا و ڕەوشتی جوانیش تای تەرازووی مرۆڤی موسڵمان قورستر دەکا لە ڕۆژی دوایی دا و مایەی سەر فرازیـیە هەروەك لە فەرموودەی (صحیح) دا هاتووە { أثقل ما يوضع في الميزان يوم القيامة تقوى الله و حسن الخُلق } و باوەڕ دارانیش بە هۆی باوەڕە وە نرخ و بەهایان دەبێ و باشترینیشیان لە باوەڕەکەیاندا**

---

[1] یاسای ژیان لەئیسلامدا ل ٢٣-- ٢٧ بەکورت کردن ودەست کاریـیەوە ، هەروەها سەیری (مواضيع وقواعد إسلامية) ی عصمت هاشم حسين ل ٥٦ ←٥٧ بکە .

باشترینیانه له ڕەوشت جوانیدا ، ووترا به پێغەمبەری خوا (ﷺ) کام باوەڕدارانه باوەڕەکەی باشتره ؟ فەرمووی ( أحسنهم خُلُقاً ) واته ئەوانەیان ڕەوشتیان جوانتره و لەهەمان کاتدا لەگەڵ ئەوەی باوەڕدارن سەرجەمیان له پێغەمبەری خواوه نزیك و خۆشەویستن لەلای بەڵام ئەوانەیان پلەی بەراوردی ڕەوشتیان هەیە و ڕەوشتیان جوانترن بەو نزیکی و خۆشەویستیيه زیاتر شاد دەبن : ( إنّ أحبكم إليّ و أقربكم منيّ مجلساً يوم القيامة أحاسنكم أخلاقاً ) ، وە ڕەوشتی جوانیش مایەی چونه بەهەشت و ڕزگاربونه له دۆزەخ هەروەك له چەندان فەرموودەدا هاتووه ، هەر بۆیه دەبینی پێغەمبەری خوا دا وا له پەروەردگاری دەکا که ڕەوشت جوانی پێ ببەخشێ و ڕێ نمونی بکا بۆ باشترینەکەیان ( اللهم حسنت خلْقي فحسن خلُقي ) ( اللهم أهدني لأحسن الأخلاق فإنه لايهدي لأحسنها إلا أنت ، و أصرف عنّي سيئها فإنه لا يصرف عنّي سيئها إلا أنت ) خوای گەورەش پێغەمبەرەکەی بەوە ستایش دەکا که خاوەنی ڕەوشتی بەرزە و ستایش کردنی پێغەمبەریش به ڕەوشتی جوان مانای گرنگی ڕەوشته بۆخۆی(وَ إِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ)(القلم:٤) خۆ دوور گرتنیش له هەموو ڕەوشت ناشرینی و خراپەکاری و شەروالێ پیسی و گوناه و ستەم و دەست درێژیيەك مانای به دەمەوه هاتنی خوای گەورەیه لەو شتانەی حەرامی کردوون ( قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَ الْـإِثْمَ وَ الْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقّ ) ( لأعراف : ٣٣ ) .

ئەمه جگه له زۆری ئەو ئایەته قورئانیيانەی هانمان ئەدەن بۆ پابەندبوون به ڕەوشته جوانەکان و ستایشی ئەو کەسانه دەکەن که پابەندن پێيانەوه ، لەگەڵ هەر ستایش و مەدحێك دا پاداشت هەیە ، له لایەکی ترەوه بەر هەڵستیمان دەکا له ڕەوشته خراپ و ناشرینەکان و سەر زەنشتی ئەوانەش دەکا که ئەنجامیدەدەن و لەگەڵ سەرزەنشتیش دا سزاهەیە ، له ڕاستیش دا زۆری ئایەتەکان له بابەتی ڕەوشتدا بەڵگەی گرنگی و پڕ بایەخی ڕەوشته ، ئەوەشی ئەم گرنگيیه زیاتر دەکا ئەوەیه ئەو ئایەتانه هەندێکیان پاش کۆچ بۆ مەدینه دابەزیون و ئەمەش مانای وایه مرۆڤی موسڵمان له هیچ کاتدا بێنیاز نيیه له ڕەوشتی جوان و چاودێری کردنی ڕەوشتیش له هەموو کات و ساتێکی موسڵماندا

دەچوێنرێ بە کار و بارەکانی بیروباوەڕ لەو ڕووەوە کە قورئان لە سورەتە مەککی و مەدەنییەکاندا گرنگی تایبەتی پێ داوە .[1]

## ( تایبەتمەندییەکانی سیستمی ڕەوشت لە ئیسلام دا )

ئەگەر ڕەوشت جوانی جێی پەسەندی هەموولایەك بێ و مۆرکێکی گشتی هەبێ و تەنانەت کەسە بێ باوەڕ و دوور لە ئاینەکانیش زۆربەی ڕەوشتە جوانەکانیان پێباش و پەسەندبێ ، ئەبێ تایبەتمەندییەکانی ئیسلام لەم بوارەدا چیبێ..؟ لێرەدا ئەو قسەیەی (بیگۆڤیتش )م دێتەوە یاد کە دەڵێ : ( کەسانی مولحیدی بە ڕەوشت دەبینین بەڵام ئیلحادی بە ڕەوشت بوونی نییە ) بەو مانایەی کەسانێك هەن مولحیدبن وپابەندبن بە هەندێ ڕەوشتەوە بەڵام ئیلحاد لە خودی خۆیدا ئەخلاقی نییە . جا بیگۆڤیتش ڕای وایە : کە ڕەوشت وەك دیاردەیەکی واقعی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا ناکرێ ڕاڤەیەکیعەقڵی بۆ بکرێ و ئەمەش بە بەڵگەیەك دادەنێ بۆ ئاین و ڕای وایە ڕەفتاری ئەخلاقی یامانای نییە ، یا ئەوەتانێ مانایەکی هەیە لە بوونی خوادا دەبینرێ و هەڵبژاردنی سێهەمیش نییە ، جا یا ئەوەتانێ ڕەوشت لابەرین بەو پێیەی تۆپەڵێکە لە دەمار گیری یا ئەوەتانێ بخرێتە هاوکێشەیەکی بەهایی کە دەکرێ ناوی بنێین نەمری ( الخلود ) جا ئەگەر مەرجی ژیانی نەمری بەدی هات وە ئەوە ڕوون بویەوە کە جیهانێك جگە لەم جیهانە و خوایەك بوونی هەیە ، بەمە ڕەفتارە ڕەوشتییەکانی مرۆڤ مانا و پاساوی خۆی دەبێ ... هەر بۆیە بیگۆڤیتش بڕوای وایە بنیاتی ئاین لەسەر ئاین نەبێ ناکرێ ، لەگەڵ ئەوەی ئاین و ڕەوشت یەك شت نییە ، ڕەوشت وەکو بنەما(مبدأ ) بەبێ ئاین بوونی نییە ، بەڵام ڕەوشت وەکو پیادەکردن ( ممارسة ) یا حاڵەتێکی دیاری کراو لە ڕەفتار ئەوا بە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ پشت بە دینداری نابەستێ ... مەبەستی ئەوەیە دەکرێ کەسانێکی بێ باوەڕیش مومارەسەی ڕەوشتی ئەنجام بدەن . هەروەك دەکرێ کەسانێکی ئایندارش کەم و کورتییان هەبێ لە ڕەوشتدا ... یابێ ڕەوشت بن .. چونکە لەلای بیگۆڤیتش ئاین وەڵامی ئەم پرسیارەیە : چۆن بیردەکیتەوە و باوەڕ دەهێنی ، بەڵام ڕەوشت وەڵامە بۆ پرسیاری : چۆن کۆنتڕۆڵی

---

[1] سەیری (أصول الدعوة)بکە .

خواستەکان دەکرێ ، ئامانجت بەرەو کوێیە یا چۆن دەژی و ڕەفتاردەکەی... ؟ قورئانیش کار لەسەر هەماهەنگی و پێکەوەیتی باوەڕو کردەوەی چاك دەکا کە لەڕەفتار جوانیدا بەرجەستەبێ و زیاد لە (٥٠) جار باس لەوە دەکات لە چەندان شێوازی وەك ( الذين آمنوا و عملوا الصالحات ....) .

هەر بۆیە دەکرێ لێرەدا کورتەی قسەکانی بیگۆڤیتش لە چەند دێڕێکدا کورت بکرێنەوە سەبارەت بەو کەسانەی  کە ڕەوشتیان هەیە و بێئاینن ئەو ڕای وایە ( کەسانی مولحید دەبینرێ بە ڕەوشت بن ، بەلاَم ئیلحادی بە ڕەوشت نابینرێ ، هۆکارەکەش ئەوەیە ئەخلاقیاتێك کە لەبێدینیدا هەیە لەسەر چاوە و ڕیشەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئایین ... ئاینێك لە ڕابردوودا دەرکەوتوە و پاشان لە جیهانی لەبیر چونەوەدا وون بووە ، بەلاَم جێپەنجەی بەهێزی لەسەر شتەکانی دەوروبەری بەجێ هێشتووە ، کاریگەری و بلاَو بونەوەی لە ڕێگەی میانەی خێزان و ئەدەب و فلیم و شێواز ( طراز )ە بیناسازییانەوە بەجێ هێشتووە ....) [1]
ئەمەش دەچوێنێ بە گەرمایی خۆر لەپاش ئاوابونی و گەرمی ژوور لەپاش کوژانەوەی ئاگر...

جا ئەگەر ڕەوشت ڕەگ و سەرچاوەیەکی ئاینی هەبێ ئەوا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە سەرجەم ئاینە  ئاسمانییەکان و پێغەمبەرانیان هەر لەسەردەمی ئادەمەوە تاوکو موحەمەد سەلامی خوایان لێ بێت بەشدارییان کردووە لە چەسپاندنی ڕەوشت بەرزی و ڕیشەدار کردنیلەنێو کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا و کەم و زۆریش بەپێی بەدەمەوە هاتنیان لەڕەوشت لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا جێنەخشەی دیارە ، بەو پێیەی ئیسلامیش تەواوکەری ئاینەکانە و دووا ئاینە بۆیە بەوپەڕی تەواوییەوە بەها ڕەوشتییەکان تیایدا دەبینرێ و گرنگییەکی تایبەتیشی پێ دەدرێ ... ئەشکرێ لەوەی ڕابورد یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ڕەوشت لە ئیسلامدا بەدەر بکەوێ ئەویش تایبەتمەندی ڕیشەی غەیبی ڕەوشتە و گەڕانەوەی ڕەوشتە بۆ بنەما فیکری و عەقیدەییەکان و لەسەروی هەموشیانەوە باوەڕ بەخوا و ڕۆژی دوایی و مەسەلەی بوونی پاداشت و سزا و بەرپرسیارێتی مرۆڤە لە ئاست ئەو ڕەوشت و ڕەفتار و ئاکارانەی پێی هەڵدەسێ ، لێرەوە دەکرێ بوترێ مرۆڤی

---

[1] سەیری  الاسلام بين الشرق و الغرب ، علي عزت بيجوفيتش   رئيس البوسنة و الهرسك بكه ، ت: محمد يوسف عدس ، ط : ١٤١٤ـــ ١٩٩٤ بكه .

موسڵمان بۆ جێبەجێ کردنی ڕەفتار و ڕەوشتەکانی ڕەزامەندی خوا ومل کەچی بۆ فەرمانەکانی لەپێش چاو دەگرێ و حسابی بۆ دەکا و ئەمەش یەکێکە لەپاڵ پشت و پاڵنەرەکانی مرۆڤ بۆ ئەنجام دانی ڕەفتارەکانی و خۆ ڕازاندنەوە بە ڕەفتارە جوانەکان و گرنگیدان پێیان وەك سەرچاوەیەك بۆ دەست کەوتنی پاداشت و بەرز بونەوەی پلە و پایەی لەلای خوای پەروەردگار و ژیان بەسەر بردن لەسەر چاکە و چاکە خوازی و سەرجەم ئاکارە جوانەکان کەمایەی سودی مرۆڤن لە دونیادا و دەست کەوتنی پایەی باڵاش لە دوا ڕۆژدا .

کەواتە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ڕەوشت لە ئیسلامدا پەیوەندی و پەیوەست بونیەتی بە باوەڕ بە خوا و ڕۆژی دوایی و ئاکارە ئیمانیەکانی تر ، هەر بۆ نمونە قورئان ڕەوشت لە ئیسلامدا پەیوەست دەکا بە ئیمان و تەقوای خواوە ( فَأَتِمُّوا إِلَيْهِمْ عَهْدَهُمْ إِلَى مُدَّتِهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ ) ( التوبة : من الآية ٤ ) کەواتە وەفا بە بەڵێن و پەیمان لە تەقوای خوا و خۆشەویستی ئەوەوە سەرچاوەی گرتووە .... لە فەرموودەش ئاماژە هەیە بەوەی کە ئیمانی تەواو ئەوە دەخوازێ کە مرۆڤ سپاردە پارێز بێ و دینداری تەواو ئەوەیەکە مرۆڤ پەیمان بباتەسەر ( لا إيمان لمن لا أمانة له و لا دين لمن لا عهد له ) کەواتە دەبێ ئیمان ڕەوشتی جوان وەبەر بێنێ لەسەروی هەموشیانەوە سپاردە پارێزی و پاراستنی بەڵێن و پەیمانە و لە فەرموودەیەکی تریشدا ئاماژە بەوە دەکا کە هەر کەسێ ئازاری دراوسێکەی بدا ئەوا باوەڕی نیە و ئەم کارەی دژ بە باوەڕدارییەکەیەتی ( و الله لايؤمن ، و الله لايؤمن ، والله لايؤمن قيل من يا رسول الله ؟ قال الذي لايؤمن جاره بوائقه ) چونکە باوەڕی تەواو و ڕەفتاری ناشرین و ناشایستە پێکەوە کۆ نابنەوە ... بە دەیان ڕەفتاری تریش هەیە بە ئەنجام دانیان مرۆڤ لە خواوە نزیك دەبێتەوە وە بەپێچەوانەشەوە ئەنجام دانی ڕەوشتی ناشرینیش مایەی بوغزاندنی خاوەنەکەی و دوورییەتی لە پێغەمبەریخواوە لە ڕۆژی دواییدا.. هەر لەم ڕووەشەوە دەکرێ بوترێ بوونی پاداشت بۆ ڕەوشتەکان لە ڕۆژی دواییدا بۆخۆی تایبەتمەندی یەکی تری سیستمی ڕەوشتییە لە ئیسلامداچونکە ڕەوشت لە ئیسلامدا فەرماندان و نەهیکردنیلەسەرە و پێ هەڵسانیشی لە هەردوو بوارەکەدا بێ ئەنجام نییە ،جگە لە ستایش و جێ ڕێزییەك کە مرۆڤ لە ژیاندا بەدەستی دەهێنێ ، بێ فەرمانی فەرمانەکانی شەرع و هەڵسان بە نەهی لێ کراوەکان هۆکارێکە بۆ سەرزەنشت و سزادان (وَيْلٌ لِكُلِّ هُمَزَةٍ لُمَزَةٍ ) ( الهمزة : ١ ) بە هەمان شێوە پابەندبوون بەشەرع وسنورەکانیەوە لە ڕووی ڕەوشتییەوە مایەی پاداشتی چاکەیە .

سزای ئەو کەسانەی کە سنوری شەرع لە ڕووی ڕەوشتی‌یەوە دەبەزێنن ئەگونجێ لە دونیادا بێ هەر بۆ نمونە شایەدی درۆ و دەم پیسی و خیانەت کاری و هاوشێوەی ئەمانە قازی موسڵمان سزای تەمێ کردن ( تعزيري ) بۆدادەنێ ، سوێند شکاندنیش کەفارەتی‌هەیە کەفارەتی سوێنیش جۆرێکە لە سزا ، ئەشگونجێ بەپێی سوننەتی خوایی هەندێ جار ڕەوشت خراپی، بە تایبەتی ئەگەر بەرفراوان بوو سزای بە کۆمەڵی تێدابی هەروەك لە فەرموودەی ( صحيح ) دا هاتووە ( إنما أهلك من كان قبلكم انهم كانوا إذا سرق فيهم الشريف تركوه و إذا سرق الوضيع أقاموا عليه الحد ...) .

هەروەها وێنەی ترسنۆکی و بێدەنگ بوون لە ئاست ئەو ستەم کارانەی یاری بە مافەکانی خەڵکی‌یەوە دەکەن ، کە لە ئاوا بار و دۆخێکدا لەوانەیە سزاکە کەسانی تریش بگرێتەوە ئەگەر ستەمکارانیش نەبن ( وَاتَّقُوا فِتْنَةً لا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْكُمْ خَاصَّةً ) واتە لە تاقی‌کردنەوە و بەلایەك خۆتان بپارێزن کەتەنها و بەتایبەتی تووشی‌ستەمکارە کانتان نابێت.

یەکێکی‌تر لە تایبەت مەندی‌یەکانی سیستمی ڕەوشت لە ئیسلامدا ، بەدرێژی باسکردنی ڕەوشت و گشتگیری‌یەکەیەتی ..... ئیسلام بانگەشەی ڕەفتاری جوان دەکات بە شێوەیەکی گشتی ، هەروەك لەقورئاندا هاتووە ( وَ قُلْ لِعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْزَغُ بَيْنَهُمْ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلْإِنْسَانِ عَدُوّاً مُبِيناً ) ( الاسراء : ٥٣ ) گوفتار و دەربڕینی بانگەشەیەکی گشتی‌یە بۆ وتەی زۆر جوان و داخوازی کراو بە سەرجەم جۆرەکانیەوە لە ووتار و گفتوگۆیە کانیاندا هەروەها لە فەرمودەی خوای گەورەدا هاتووە (... وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ) ( النحل : ٩٠ ) بانگەشەیەکی گشتی‌یە بۆ دوور کەوتنەوە لە سەرجەم ڕەوشتە ناشرینەکان ، لە سوننەشدا لەم جۆرە بانگەشانە زۆرە هەر بۆ نمونەش (إتق الله حيثما كنت و أتبع السيئة الحسنةً تمحها و خالق الناس بخلقٍ حسن ).

قورئانیش دیاری کردنی ڕەوشتەجوانەکانی تەنها بۆ سەلیقە و حەزەکانی مرۆڤ بەجێ نەهێشتووە ، بەڵکو زۆر بە درێژی دەستیشانی کردووە ئەمەش چەند نمونەیەك لەوبارەیەوە : لەوانەش

١- وەفا بە پەیمان ( وَأَوْفُوا بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْؤُولاً ) ( الاسراء : ٣٤) .

٢- قسەنەکردن لەو شتانەی زانیاریمان لەسەری نی‌یە (وَلا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً) (الاسراء:٣٦) بە فیز وخۆ بە گەورە زانی‌یەوە

بەسەر زەویدا نەڕۆین و بە وێنەی خۆ بە گەورەزانەکان ( متکبرین ) ڕەفتار نەکەین ( وَلا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحاً إِنَّكَ لَنْ تَخْرِقَ الْأَرْضَ وَلَنْ تَبْلُغَ الْجِبَالَ طُولاً) (الاسراء:٣٧) .

٣- نەهی کردن لە زیادە ڕۆیی و دەست بڵاوی و ڕژدی ودەست نوقاوی ( وَ آتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَ الْمِسْكِينَ وَ ابْنَ السَّبِيلِ وَ لا تُبَذِّرْ تَبْذِيراً ، إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُوراً ) ( الاسراء : ٢٦,٢٧ ) ( وَلا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلا تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُوماً مَحْسُوراً) (الاسراء:٢٩) .

٤- فەرمان دان بە داد گەری لە سەرجەم بار و دۆخەکاندا و لەگەڵ سەرجەم خەڵکیشدا تەنانەت لەگەڵ بێ باوەڕ ( کافر )یش( وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى)(الأنعام: من الآية١٥٢) ( وَلا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى)(المائدة: ٨) .

٥- هاوکاری لەسەر چاکە وچاکە کاری و تەقوا و هەر شتێکی دی سودی خەڵکی تێدایە و نەهی کردن لە دەست درێژی و ستەمکاری ( وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلا تَعَاوَنُوا عَلَى الْأِثْمِ وَالْعُدْوَانِ )(المائدة: ٢) .

٦- ستەم تاریکی ڕۆژی دوایی‌یە و سەرەنجامەکەشی ئازار بارە وئەمیش چەندان جۆرە و ناشرین و خراپترینیان هەڵبەستنی درۆیە بە ناوی خواوە و بەزاندنی سنورەکانی خوایە ، ستەمکاریش پەیوەنی بە خواوە بچڕاوە و لەلایەن خواوە هاوکاری ناکرێ ، هەر بۆیە ئیسلام بەرهەڵستی ستەمکاریمان لێ دەکا، ( وَسَيَعْلَمُ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَيَّ مُنْقَلَبٍ يَنْقَلِبُونَ)(الشعراء: ٢٢٧) ، ( وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِباً أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ إِنَّهُ لا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ) (الأنعام:٢١) ، ( وَ مَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ ) ( البقرة: ٢٧٠) .

٧- خۆ ڕاگری ( صبر )یش سەبارەت بە ئیمان وەکو سەر وایە بۆ لاشە ، هەر بۆیە پێویستە باوەڕدار خۆ ڕاگر بێ لەسەر گوێ ڕایەڵی ومل کەچی‌یەکان بۆ خوای گەورە و ئەو بڕیارانەی دەیدا بەسەریدا ، بەمەش دەچێتە ڕیزی چاکەکاران و چاکە کارانیش لە خوای گەورەوە نزیکن ، لێرەوە ئیسلام هانمان دەدا ئارام بگرین ( يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اصْبِرُوا وَصَابِرُوا وَرَابِطُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ) (آل عمران:٢٠٠) ، ( وَاصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ) (هود:١١٥) ، ( فَاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَلا يَسْتَخِفَّنَّكَ الَّذِينَ لا يُوقِنُونَ) (الروم:٦٠) .

٨- ڕاستگۆیش لە نیشانە و بەرهەمەکانی ئیمانە بۆیە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَ كُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ ) ( التوبة : ١١٩ ) .

**٩- درۆش نەشیاوی ( رذیلة ) یە وخاوەنەکەی ڕێنمونی خوای گەورە نایگرێتەوە ودووڕوویی لەدڵ دا دەچێنێ هەر بۆیە خوای گەورە نەهی لێ دەکا و ئەمان ترسێنێ لێ ی** ( إِنَّ اللَّهَ لا يَهْدِي مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ ) ( غافر :٢٨) (فَأَعْقَبَهُمْ نِفَاقاً فِي قُلُوبِهِمْ إِلَى يَوْمِ يَلْقَوْنَهُ بِمَا أَخْلَفُوا اللَّهَ مَا وَعَدُوهُ وَبِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ ) ( التوبة :٧٧ ) .

**١٠- خۆ بە زل زانین وخۆ پێ سەیر بوون و ڕژدی و شانازی کردن و ڕیاری کاری ناشایستەن و لەگەڵ چەندین نەخۆشی تر کە تووشی دڵان دەبن و کوێری دەکەنەوە و نوورەکەی ناهێڵن و خاوە نەکەی لەخوای گەورە دوور دەخەنەوە هەر بۆیە نەهیان لە بارەوە هاتووە** ( الَّذِينَ يَبْخَلُونَ وَ يَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبُخْلِ وَ يَكْتُمُونَ مَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَ أَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَاباً مُهِيناً ) ( النساء : ٣٧ ) ( وَ لا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَ لا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحاً إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ) (لقمان : ١٨ ) ( وَ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ رِئَاءَ النَّاسِ وَ لا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَ لا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَ مَنْ يَكُنِ الشَّيْطَانُ لَهُ قَرِيناً فَسَاءَ قَرِيناً) (النساء:٣٨) **هاوسەنگی لە ڕۆیشتن دا و لە نێوان خاوی و پەلەپەلی و لەدەنگ کزکردن و بەرز کردنەوە بەپێی پێویستی ، لە داخوازی و داواکارییەکانی ئیسلامە** (وَ اقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَ اغْضُضْ مِنْ صَوْتِكَ إِنَّ أَنْكَرَ الْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ ) ( لقمان : ١٩ ) .

**١١- جێگیری و دامەزراوی لەسەر ڕەوا و گوێ ڕایەڵی وپەرستشەکان،چەند کارێکی داخوازی کراون و کاروبارەکانیش بە کۆتایی سەرەنجامی کارەکانە**(إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَ لا تَحْزَنُوا وَ أَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنْتُمْ تُوعَدُونَ) (فصلت : ٣٠)

**١٢- بەهەشت جێگە و ڕێگەی پاك و پوختانە و خوای گەورە بۆ ئەو خۆ پارێز و ڕەوشت بەرزانەی داناوە کە هەندێ لە ڕەوشتە جوانە کانیان بریتین لە بەخشینی سەروەت و سامانیان لە خۆشی و ناخۆشیدا و لە کاتی و بەتواناییدا ڕقی خۆیان دەخۆنەوە و لە خەڵکی دەبورن ، بە مەبەستی پاداشت و ڕەزامەندیی خوایی**( وَ سَارِعُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَ جَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَ الْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ ، الَّذِينَ يُنْفِقُونَ فِي السَّرَّاءِ وَ الضَّرَّاءِ وَ الْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَ الْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَ اللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ ) ( آل عمران : **١٣٣- ١٣٤** ) .

**١٣- نەهی کردن لە ڕق و کینە و بوغز**(وَ الَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَ لِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَ لا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلّاً لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَؤُوفٌ رَحِيمٌ)(الحشر: ١٠) .

١٤- چارەسەری نەفام و گەمژە پشت لێ کردن و واز لێ هێنانیەتی ، ئیسلامیش فەرمان دەدا بە لێ بوردەیی و پشت هەڵکردن لە نەفامان ( خُذِ الْعَفْوَ وَ أْمُرْ بِالْعُرْفِ وَ أَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ) ( الأعراف : ١٩٩) .

١٥- هەندێ لە وەسیەتە کۆکەرەوەکانی ئیسلام بۆ باوەڕداران ئەوەیە لەم ئایەتانەدا هاتووە و ڕووە و باوەڕ داران دەفەرموێ کە گاڵتە نەکەین بە یەکتری و ناو و ناتۆرە لەیەك نەدەین لە نێوان پیاوان وژناندا و گومانیخراپ نەبەین و جاسوسی نەکەین و لەپاش ملە ( غیبة ) باسی یەکتری نەکەین ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْراً مِنْهُمْ وَ لا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْراً مِنْهُنَّ وَ لا تَلْمِزُوا أَنْفُسَكُمْ وَ لا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَ مَنْ لَمْ يَتُبْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ، يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيراً مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَ لا تَجَسَّسُوا وَ لا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضاً أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتاً فَكَرِهْتُمُوهُ وَ اتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ) (الحجرات١١-١٢).

١٦- هەروەها لەو ئایەتانەی زۆرترین ڕەفتاری باوەڕ دارانی کۆکردۆتەوە( قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ ، الَّذِينَ هُمْ فِي صَلاتِهِمْ خَاشِعُونَ ، وَ الَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ ، وَ الَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ ، وَ الَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ ، إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ ، فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ ، وَ الَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَوَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ، أُولَئِكَ هُمُ الْوَارِثُونَ ، الَّذِينَ يَرِثُونَ الْفِرْدَوْسَ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ) ( المؤمنون : ١-١١ )

وە هەروەها خوای گەورە لە شوێنێکی تر دا دەفەرموێ ( وَ عِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْناً وَ إِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلاماً ، وَ الَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّداً وَقِيَاماً ، وَ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا اصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَاماً ، إِنَّهَا سَاءَتْ مُسْتَقَرّاً وَ مُقَاماً)( الفرقان:٦٢-٦٦).

خۆ ئەگەر سەرێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خواش بدەین ئەوا بە سەدان فەرموودە دەبینین لە بوارە جیاجیا کانی نەهیکردن لە توڕەیی و نرخاندنی شەرم و هاندانیهاوکاری و بەدەمەوە بونیمافەکانی موسڵمان کە لە چەندان ڕەوشتدا خۆ دەنوێنن و نەهیکردن لە ڕەوشتەکانی دوو ڕوان و هاندانی شەرم و نەرم و نیانی و لەسەرە خۆیی و سەلاری و نەهیکردن لە جەدەل و خۆ دەرخستن لە قسەدا و هەروەها لە ڕیا و حەز بە ناو دەرکردن و دەم پیسی و ڕژدی و ڕەزیلی و تەماح کاری و خۆ هەڵقورتان لە کار و باری خەڵکی و زۆر قسەکردن و لەولاشەوە ستایش کردنهاندان هەیە بۆ چەندان ڕەوشتی وەکو هەڵسەنگاندنی قسە پێش کردنی و سپاردە پارێزی و وەفا بە بەڵێن و ڕاستگۆیی و بەهێزی و وورە بەرزی و

سـەر ڕاسـتی و خۆشەویسـتی و سـۆز و بـەئاگایی و بـەدەم یەکـەوە بـوون و ...... چـەندان ڕەوشـتی هەمـە جـۆری تـر کـە بـە پێویسـتمان نـەزانی ئاماژەیـان پێبکـەین دەکـرێ خوێنـەر سەیری (احیاء علوم الدین )ی غـەزالی و ( ریـاض الصـالحین )ی نـووی و چـەندان کتێبـی تـر بکا.....

یەکێکی تر لە تایبەتمەندی‌یەکانی ڕەوشت لە ئیسلام دا ڕۆ چوونی ڕەوشتە بە ناخ و ڕیشـەی لایەنـەکانی ژیانـدا و پەیوەسـت بونیـەتی بـە سـەرجەم مامەڵـە و سـەودا گەری‌یـەکانی مرۆڤـەوە ، ئەمـەش لـەوەوە سەرچاوەی گرتـووە کـە ئیسـلام لـە خـودی خۆیـدا بەرنامەیەکی هەمە لایەن و گشت گیرە ، وە کاتێکیش دەوترێ بازنەی ڕەوشتی ئیسلامی زۆر فراوانە مەبەستمان ئەوەیە کە سەرجەم کردەوە و کردارە تایبەتی‌یەکانی مرۆڤـ خۆی و جگە لە خۆی دەگرێتـەوە جا ئەو (جگە لەخۆیـە ) تاك بێیان کۆمـەڵ یا دەوڵـەت ، هیچ شتێ لـە بازنەی ڕەوشت و پابەندبوون پێیەوە ناچێتە دەرەوە ، ئـەم تایبـەت مەندییـەش بـەم شێوەیە لە هیچ شەریعەتێکی ئاسمانی و زەمینی تردا نابینرێ .

ڕەچاو کرنی باری ڕەوشتی بەتایبەت لە بواری کۆمەڵایەتی‌دا ئەوەندە تێك ئاڵاوە کە زۆر بە گران ئـەتوانین جیاکاری‌یەك بکرێ ، خۆ کاتێك دەچێتە بـواری ئابووری‌یـەوە هـەمان شت دەبینی ، لە بـواری سیاسیش هـەمان ڕەنگدانـەوەی هەیـە هـەموو ئـەو بانگەشانەی ئـەمڕۆ بۆ سنوردار کردنـی دەسـەڵات و زیـادەڕەوی و ستەمکاری‌یەکانی دەکـرێ ڕووەیـەکی ڕەوشـتی هەیە ، هەروەها لە بوارەکانی تری وەك قەزا و فەتوادان و هتد ........ دا دەبینرێ .

جا هەر بۆ نمونە ئەگەر باس لە ڕۆڵی ڕەوشت بکەین لە پەیوەندی دەوڵـەتی ئیسـلامی بـە دەوڵـەتانی تـرەوە بـۆ ئـەوەی سـور بـونی ئیسـلام بـەدەر بخـەین لـە پابەنـد بـوون بـە مانـا ڕەوشتی‌یەکانەوە .

ئامــاژە دانــیش لێــرەدا بــەو پەیوەنی‌یــەی لــە نێــوان ڕەوشــت وپەیوەندییــە نێــو دەوڵەتی‌یەکانـدا هەیـە ( هـەر وەك د.زیـدان دەڵـێ ) لەبـەر ئەوەیـە لـەناو خەڵکیـدا بـڵاوە و واقعیش پشـتگیری دەکا ، کـە پەیوەندی‌یـەکانی نێوان دەوڵـەتان لەسـەر بنـەمای موراعـاتی ڕەوشــت بنیــات نــانرێ ، هــەتا یــەکێکیان لــەو بــارەوە ووتویــەتی لــە پەیوەندی‌یــە نێودەوڵەتی‌یەکاندا جێگەیەك بۆ ڕەوشت نی‌یە.

هەر بۆیە فرت و فێڵ و چەواشەکاری وغەدر و درۆ و بەرژەوەنـدی تـاك لایەنـە لـەم بـوارەدا بـە چوسـت وچالاکی دادەنرێ لـە سیاسـەتدا . لـە ڕاستی‌دا ئیسـلام ئـەم دیـد و تێڕوانینـە نـا

تەندروستە پەسەند ناکا و ئەوەی لە پەیوەندی‌یەکاندا ناشرین و نا شایستەیە بە هەمان شێوە لە پەیوەندی‌یە نێو دەوڵەتی‌یەکانیشدا ناشرین و نا شایستەیە ئەوەشی جوان و داخوازی کراوە لە پەیوەندییە تاکی‌یەکاندا بە هەمان شێوەشە لە پەیوەندی‌یە نێو دەوڵەتی‌یەکاندا ، هەر بۆیە لە شەرعی ئیسلام دا پێویستە لەسەر دەوڵەت پابەند بێ بە مانا ڕەوشتی‌یەکانەوە ئەمەش لە قورئان و سوننەت و ( قسەی زانایان )دا بەدی دەکرێ لەوانەش:

یەکەم: خوای گەورە فەرموویەتی : ( وَ إِمَّا تَخَافَنَّ مِنْ قَوْمٍ خِيَانَةً فَانْبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَى سَوَاءٍ إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ الْخَائِنِينَ) ( لأنفال : ٥٨ ) واتە کاتێ ترسان لە خیانەت و نا پاکی ئەوانەی بەڵێن و پەیمانتان لەگەڵیاندا هەیە و بەڵگەکانی شکاندنی دەرکەوت ، ئاگاداریان بکەنەوە لە پەیمان شکێنەییەکان ، تاوەکو هەردوو لا بەشتە کە بزانن و چونکە خوای گەورە خیانەت کارانی خۆش ناوێ ، هەر چەندە ئەو خیانەتەش لەگەڵ کافراندا بێ و لە پەیمان شکێنیش دا بێ .

دووەم : یەکێك لە پەیمان نامەی حودەیبیە لە نێوان پێغەمبەری خوا و هاوبەش پەیداکەرە قورەیشی‌یەکاندا ، ئەوە بوو: هەر کەسێ لە قورەیش بە موسڵمانی چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەوا پێغەمبەر ئەیگێڕێتەوە و جێگەی ناکاتەوە ، پاش لێ بونەوە لە پەیمان نامەکە لە لایەن قوڕەیشەوە ( ابوجندل ) هات و مسوڵمان بونی خۆی ڕاگەیاند و دەیقیڕاندە سەر موسڵمانە کاندا کە پەنای بدەن و پارێزگاری لێ بکەن لە قورەیش بیپارێزن ، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ )پێی فەرموو : ئێمە لە نێوان خۆمان و ئەواندا سوڵحێکمان کردووە و خۆمان و ئەوانمان پێوە پابەند کردووە ، وە ئێمە غەدریان لێ ناکەین ، ( إنا عقدنا بيننا و بين القوم صلحاً و أعطيناهم على ذلك و أعطونا ، وإنا لا نغدر بهم ) سيرة ابن هشام — صلح الحديبية .

سێیەم : فەقیهەکان ووتویانە : درووست نی‌یە بۆ موسڵمان خیانەت لەو کەسانە بکات کە لە جەنگ دان لەگەڵیاندا و لە ( دار الحرب ) دان ئەگەر هاتوو بە ( أمان )ەوە هاتبوون ، چونکە خیانەت لێ کرنیان غەدرە و غەدریش لە ئاینی ئیسلامدا درووست نی‌یە . ( المغني لابن قدامة الحنبلي ب٢ ل ٤٥٨ ) .

چوارەم : شەرع ناسە حەنبەلی‌یەکان فەرمویانە : ئەگەر کافران گیراوی موسڵمانانیان بەردا و سوێنیان دا کە بریتی‌یەکەی خۆی بدا یا بگەڕێتەوە بۆلایان ئەوا پێویستە وەفای

پێ‌بکا (چونکه بەلای ئەوانەوە ئەمە لە مانای ئەم ئایەتە ( وَ أَوْفُوا بِعَهْدِ اللَّهِ إِذَا عَاهَدْتُمْ )(النحل :من الآية۹۱)ەوە لە بەر ئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرموویەتی( إنا لايصلح في ديننا الغدر )

پێنجەم : ئەگەر وولاتی دژ بەموسڵمان ( دار الحرب ) خەڵکی نێو سنوری ( دار الاسلام)یان گرت کاتێك دەچوونە ناو هەرێمەکەیانەوە یا ( ضريبة )یەکیان لەسەر ماڵەکەیان دادەنا بە شێوەیەك سەروەت وسامانەکەیان لە ڕیشە دەردەکرد و ( ضريبة )یەکی وایان دادەنا کە گونجاو نەبوو لەگەڵ سەروەت و سامانەکەیاندا ، ئەوا ( دار الاسلام ) هەمان مامەڵەیان لەگەڵ ناکا ، فەقیهەکان ئەم قسەیەیان بەوە لێك دەدەنەوە کە ئەم کارەی (دارالحرب ) غەدر و ستەمە ، ئێمەش بە غەدر و ستەم لەگەڵیان ناکەین ، چونکە نەهی کراوە ئێمە بە پێ‌ی ڕەوشتەکانی ئەوان ڕەفتار بکەین ، هەرچەند ئەوان وەها بن .

یەکێکی تر لە تایبەتمەندی‌یەکانی سیستمی ڕەوشت لە ئیسلامدا پابەند بوونی موسڵمانە بە ڕەوشتەوە لە هۆکارو مەبەستەکانیدا ، نەشیاو و ناشایستەیە بتەوێ بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی بەڕێز و ( شريف ) هۆکارێکی نزم و بێ ڕەوشت بگرێتە بەر ، هەر بۆیە لە چەمکە ڕەوشتی‌یە ئیسلامی‌یەکاندا جێگەیەك بۆ مەبدەئی ( الغاية تبرر الوسيلة ) نابێتەوە و ئەمەش بنەمایەکە لەلایەن بێ باوەڕانەوە هاتۆتە نێو موسڵمانانەوە ، گرنگی و پێویستی مەشروعیەتی ( وسیله )و ڕەچاو کردنی ڕەوشت لە هۆکار و مەبەستەکاندا لەم ئایەتەدا بەدەر دەکەوێ ( وَ إِنِ اسْتَنْصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلَّا عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَ بَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ وَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ) ( لأنفال : ۷۲ ) ئەم ئایەتە پیرۆزە پێویستی دەکاموسڵمانان پشتیوانی برا ستەم لێ‌کراوە کانیان بکەن وەك هەستان بە مافی برایەتی ، بەڵام ئەگەر سەرخستن و پشتیوانی‌کردنەکەیان هەڵوەشاندنی پەیمانی دەخواست لەگەڵ بێ باوەڕە ستەم کارەکاندا کە پەیمانیان لە نێواندا هەبوو درووست نی‌یە پشتیوانیان بکەن ، چونکە هۆکارەکەی ناپاکی ( خیانەت ) و هەڵوەشاننەوەی پەیمانە ، ئیسلامیش ڕقی لە ناپاکی‌یە و خیانەت کارانی خۆش ناوێ * ....

ئەمە چەند تایبەتمەندی‌یەکی بواری سیستمی ڕەوشت بوو لە ئیسلامدا و بەوەندە واز دەهێنین .... دیارە سیستمی ڕەوشتی لە ئیسلامدا شتی زۆر تر هەڵدەگرێ و مەیدانێکی یەکجار بەر فراوانە ... ئەمانەش ئاماژەمان پێ‌ی دا دابڕاو نین لە ژیانی مرۆڤ و

---

* سەیری ( أصول الدعوة ) بکە .

دەکرێ لەبەر ڕۆشناییاندا دەیان بنەما و بەندی یاسایی لێ هەڵ هێنجرێ بۆ ئەوەی ڕەچاوی مافەکانی تاك و کۆمەڵگای تێدا بکرێ و هیچ کەسێ ڕێی پێ نەدرێ بە ڕەوشتێکی ناشرینی ئازاری کەسێکی تر بدات ، ئەگەر ئەم ینەما و بەها ڕەوشتیانەش ببێتە سیمای تاك و کۆمەڵ ، ئەوکاتە بێگومانە بەشێك دەبێ لە سیاسەت و ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ لەو کۆمەڵگایەدا بەکەش ڕەوشت پێگەی خۆی دەبێ لە سیاسەت و بەڕێوەبردنیکاروباردا ، کەواتە ڕەوشتی ئیسلامی ئاوێتەی بواری سیاسەت دەبێ ، بەمەش تۆکمەیی بە دەسەلاّتو سیاسەتێکی ساغ و تەندرووست دەدات ..

## ( سستم و بواری کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا )

لەو ڕاستییە سەلماوانەی کە ( ابن خلدون ) لە ( مقدمە )ە کەیدا ئامـاژەی پـێ دەکـا ئەوەیـە کـە کۆمـەڵ بـوونی مرۆڤایـەتی بـۆ مرۆڤ زۆر پێویـستە چـونکە وەك هەنـدێ دەڵـێن مرۆڤ: بە سروشتی مەدەنییە ، بەو مانایەی کۆمەڵگە پێویستە بۆ مرۆڤ و ئەمەش واقع پشـتگیری دەکـا ... ئەگـەر کۆمـەڵگاش زۆر پێویـست بـێ ئـەوا هـەر وەك لـە پێشـەوە ووتـرا پێویستە یاسایەکیش هەبێ بۆ پێکەوە ژیانی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە ، دیارە یاسای هەر کۆمەڵگەیەکیش کۆمەڵێك بنەما و بناغە و فیکرەی هەیە کە کۆمەڵگەکە پـێی ڕازین یا متمانەی پێ دەبەخشن .... باش و خراپی هەر سیستمێکیش کاری گەری خۆی دەبێ لە سەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە و پاشتر لەسەر کۆمەڵگەکەش بە گشتی ... ئیسلامیش لەو بوارەدا بیر و بۆچونی تایبەتی خۆی هەیە کە دەکرێ گوزەرێکی خێرای بەسەردا بکەین ، لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە ئیسلام ڕوو دەکاتە کۆمەڵگە تا داد گەری تێدا بەرپا بێ وخەڵکی هاوکاری و کەفالەتی یەکتری بکەن ، ئیسلام ئاینێکی کۆمەڵایەتییە ، وەها سەیری مرۆڤ ناکا لە چۆڵاییدا بژی و پەیوەندی بە دەور و پشتییەوە نەبێ ، جا مرۆڤ هەر وەك ووتویانە بە سروشتی مەدەنییە و وەکو هەندێ لە کۆمەڵناسان دەڵێن گیانداریکی کۆمەڵایەتییە ، لە هـەمان کاتـدا ئیسـلام دەیـەوێ هاوسـەنگی بکـا لـەنێوان تایبەتمەندیـە تـاکی و کۆمەڵایەتییەکاندا و هیچیان لەسەر حیسابی ئەوی تریان پەرە پێ نادا و ئەوی تریان پشـتگوێ بخـا ، بـەڵکو دەیـەوێ هەریەکـەیان مـافی شـیاو و ڕەوای خـۆی پـێ بـدرێ و بـە ئەندازەی خۆی بەدەمیەوە بێ .

لە هەمان کاتدا ئەوەمان لەبیر نەچێ کە ئیسلام بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی و هەستی کۆمەڵایەتی لە ناخدا دەچێنێ و تەنانەت لە پەرستشەکانی وەکو نوێژیش دا بەکۆمەڵ داوایان لێ دەکات بڵێن ( اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ ) ( الفاتحة : ٦ ) کە لەم جۆرە دەر بڕینانە یەکجار زۆرە لە قورئاندا ... دەربڕینەکانی ( ياأيها الناس ، يابنيءادم ، .... ياأيها الذين آمنوا... ) ڕوویەکی ئاشکرای ئەم ئاڕاستەیەن ...

دیارە بناغەی سستمی کۆمەڵگە لە ئیسلامدا عەقیدەی ئیسلامییە و لەم ڕوانگەیەوە تاکەکانی کۆمەڵگە خۆیان ڕێك دەخەن نەك لەسەر بناغەی ڕەگەز و هۆز و تیرە ، خوای گەورەش دەفەرموێ ( ياأَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ ) ( النساء : ١ )

سەرجەم مرۆڤەكان داوایان لیٚ كراوە كە خۆیان بپاریٚزن و لەخوا بترسن ئەو خوایەی هەموو مرۆڤەكانی لەیەك بنەچەوە درووست كردووە ، ( كلكم من آدم و آدم من تراب ) ... زەویش خوایگەورە بۆ هەموویانی ڕەخساندووە تا جیٚگەی هەمویانی تیٚدا بیٚتەوە ( وَ الْـأَرْضَ وَضَـعَهَا لِلْأَنَامِ ) ( الرحمن : ١٠ ) .

لیٚرەوە ئیسلام ڕوانینی وایە كە تاكەكانی بەرەی ئادەمیزاد لەسەرەتادا یەك ڕەچەڵەكن و پاشتر و دوای تیٚپەڕین  بە چەندان قۆناغدا چەندان گەل و زمان و ڕەنگ و دەنگی جیاوازیان لیٚ دەبیٚتەوە ، كە ئیسلام نایەویٚت لەناویان ببات بگرە ئایەت و نیشانەی خوایین و جیاوازییەكانیش مایەی سودی كۆمەڵایەتین جگە لەوانەیان نەبیٚت دەمارگیری دروست دەكەن و ماف خواردنی چین و ڕەگەزەكانی تری لیٚ پەیدا دەبیٚ .

ئیسلام بۆ دادگەری و یەكسانی لە كۆمەڵگەدا سیٚ بازنەیهەیە بازنەی ئیسلام كە تیایدا موسڵمان لە بەرامبەر یاسای شەرع دا یەكسانن و برایەتی ئیمانی دەچەسپیٚ . بازنەی ( ئایین )یش تیایدا موسڵمان و خاوەن ئاینەكانیتر لە بەرامبەر شەریعەتدا وەكو یەكن و بنەمای شەرعی ( لهم ما لنا و علیهم ماعلینا )یان بەسەردا پیادە دەكریٚ و زۆریان  لیٚ ناكریٚ بۆ وەرگرتنی هیچ ئاینیٚك و مافەكانیان پیٚ دەدریٚ . بازنەی ( مرۆڤایەتی ) : كە سەرجەم مرۆڤەكان لەیەك بنەچە درووست بوون ( يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِـدَةٍ وَ خَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَ بَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَ نِسَاءً ) ( النساء : ١ ) . بە دانانی عەقیدە لە ڕوانگە ئیسلامییەكەوە وەك بناغەیەك بۆ كۆمەڵگە چەندان پەیوەندیتر دروست دەبن لەوانە :(پەیوەندی ئیمانی ) : چونكە باوەڕداران برای یەكترن و مافیان لەسەر یەكترییە( إِنَّمَـا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ) ( الحجرات : ١٠ ) .

لە هەمان كاتدا دەكریٚ مرۆڤیٚكیش باوەڕ بە عەقیدەی ئیسلامیش نەهیٚنیٚ و ئەندامیش بیٚ لەو كۆمەڵگایەدا بە مەرجیٚ وەلائی بۆی هەبیٚ و ڕەچاوی بنەما گشتییەكانی بكا و لیٚرەوە مافە گشتی و تایبەتییەكانی پاریٚزراو دەبیٚ و هیچ زۆریٚكی لیٚ ناكریٚ تا ئاین و بیر و باوەڕی خۆی بگۆڕیٚ ( لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ )( البقرة : ٢٥٦ ) زانایانیش ئیقراری بنەمای ( لهم ما لنا وعلیهم ماعلینا)یان كردووە و..... كە ئیٚرە باسی تەرخان كراوی ئەو بابەتە نییە .

پەیوەندی ئیمانیانەی كۆمەڵگاش مانای تەنگە تاوكردن و ئازاردانی ناموسڵمان و خاوەن بیر و باوەڕەكانی تر نییە ، چونكە هەر ئەم پەیوەندییە ئیمانییە ئەوە پیٚویست دەكا كە لەگەڵ كەسانی تردا داد گەرانە ڕەفتار بكەین ( وَلا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّـا تَعْـدِلُوا

اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى ) ( المائدة : ٨ ) يا سەبارەت بە بێ باوەڕە لاشەڕەکان دەفەرموێ ( لا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَ لَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَ تُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ) ( الممتحنة : ٨ ) ، کەواتە داد گەری لەگەڵ بێ بڕوا و لاشەڕەکاندا پێویستە و مامەڵەی داد گەرانەش ڕەهەندێکی گشتی هەیە لە ئیسلامدا .

یەکێکیتر لەو ئامانجانەی لە بناغە بوونیعەقیدە دەکەوێتەوە : ڕیشەکەن کردنی دەمارگیرییە ... دەمار گیری بریتییە لەوەی بە ڕاست و نا ڕاست پشت ڕەچەڵەك و بنەماڵە و بنەچەکەت بگری هەر وەك لە پێش ئیسلامدا باو بووە و تاکو ئێستاش بە چەندان شێوازی جیاواز بوونی هەیە ... هەر وەك لە فەرموودەی ( صحيح )دا هاتووە ( ليس منا من دعا إلى العصبية و ليس منا من مات على العصبية ) ... یا دەفەرموێ ( دعوها فإنها مُنتنه ) ... یەکێکی تر لەوانە : ( تەقوای خوا ، تەرازوی هەڵسەنگاندنە لە نێوان خەڵکیدا ) نەك هەژاری یا ڕەنگ یا نێر ومێیی یاخانەدانی یاجوانی و ناشرینی ... وە نە دەوڵەمەندی و دەسەڵاتداری یا زۆر منالی و جەماوەر داری ( وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە کە هەر کەسە کار و کردەی پێشی دەخا نەك ڕچەڵەك و نەسەبی ، ( من أبطأ به عمله لم يسرع به نسبه ) ( لا فضل لعربي على أعجمي ولا لأبيض على أسود إلا بالتقوى ) ( لە ئیسلامدا نابێ جیاوازی لە نێوان مرۆڤێك و مرۆڤێکی دیکەدا هەبێ لەسەر بنچینەی جیاوازی یان لە ڕەچەڵەك و ڕەنگ و نیشتمان و زماندا ) بەڵکو بیر و باوەڕ و ڕەفتار چاکی و خواناسی پلەی بەراوردوو هەڵسەنگاندنە ، لێرەوە شانازی کردن بە ڕەچەڵەك و بنچینەوە لە ئیسلامدا نییە و ئەوەشی دەبینرێ یا هەر بناغەیەکی درووستی نییە یاخود لێکدانەوەی هەڵەن و پایە بەرزی هەندێك بووە لە سەردەم و بار و دۆخێکی دیاریکراوە داو دەویسترێ دریژ کرێتەوە بۆ ئێستا و داهاتوو ) .

**( تایبه تمەندییە کانیسستمی کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا )**

بەو پێیەی کە هێڵە سەرەکییەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی لە دیدی ئیسلامیدا و لە ئیسلامەوە وەر دەگیرێن ئەوا لێرەوە چەند تایبەتمەندی و مۆرکێکی جیاکاری خۆی هەیە و لەسستمە کۆمەڵایەتییەکانیتر جیا دەکرێتەوە ..... لەوانە:

یەکەم _ ( چاودێری کردنی ڕەوشت )_

ڕەوشت پلە و پایەیەکی بەرزی هەیە لە ئیسلامدا و کاری گەری تایبەتی خۆی هەیە لەسەر سیستمە جیاوازەکان ، لەو سیستەمانەش سیستمی کۆمەڵایەتیە ئەم سیستمە زۆر

سووره لەسەر پاك و خاوێنی كۆمەڵگا و دوور خستنەوەی لە ڕەوشتە ناشرین و نزمەكان ، شەرواڵ پیسی ( زینا ) حەرامە و سزاكەی – جەڵدەكردن و ( دەر بە دەر كردن یا ڕەجم كردنە ) . بوهتان بۆ نامووس ( القذف ) كە تۆمەت بار كردنی كەسانی ترە بەزینا – حەرامە و سزا كەش جەڵدە لێدانە بۆ ئەوەی كەسی تر دەمی درێژ نەبێ و دەم پیسی نەكا و ڕانەیەت تا بەم ڕەفتارە كۆمەڵگە بۆگەن نەبێ و بە ئاسانی نەكەوێتە ( فاحشە )ەوە هەر بۆیە دەبینین تۆڵە و سزاكەی قورسە بەهەمان شێوە دەم پیسی وەكو جوێن دان و ( شتم ) لە ئیسلام داخراپەن و سزاكەشی تەمێ كردنە ، قومار بە هەموو جۆرەكانیەوە لە ئیسلامدا حەرامن و كۆمەڵگەی ئیسلامی دانی پێدا نانێ ، شایەدی درۆش بە یەكێك لە تاوانە گەورەكان دانراوە ، جاسوسی و پاش ملەیی و قسەچنی ( النمیمة ) و هەر شتێكی تر كە مایەی دوژمنایەتین لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵگادا ... شتی نا شایستەن و سستمی كۆمەڵایەتی ئیسلام پەسەندی ناكەن ، سەودا گەریەكان لەسەر پاك و خاوێنی و نیازپاكی و سپاردە پارێزی بنیات دەنرێ و دروست نییە هیچ فرت و فێڵ و چاو و ڕا و نا پاكی و غەش و درۆیەك لە نێوان سەودا گەریەكانی خەڵكیدا هەبێ ، هیچ شتێكی خراپی تریش بە هیچ شێوەیەك لە كۆمەڵگەی ئیسلامیدا دانی پێدا نانرێ چونكە وەكو میكرۆب و پەتا بڵاو دەبێتەوە ، هەر بۆیە ئیسلام زۆر بە توندی ڕوو بەڕووی ئەوانە دەوەستێتەوە كە خراپەكاری بڵاو دەكەنەوە یا دەیخەنە سەر زمانەكان ئەگەر هاتوو كەسانێك لێیان وەشایەوە ئاشكراكردنی خراپەیەك وەك تاوانێكی تر وەهایە ، تەنانەت ئەگەر مرۆڤێك بە كارێكی وا هەستا كە شایەنیحەدد لێدان بوو ، وا باشە بیشارێتەوە چونكە بە دەرخستنی شایستەی لێدانی حەدد دەبێ و كارەكەشی بە ئاسایی بۆخەڵكی دەردەكەوێت .

بۆ ئەوەی كۆمەڵگەش پارێزراو بێ و بەرگری هەبێ بەرامبەر تاوان و خراپەكاری ئیسلام هەندێ هۆكاری خۆ پارێزی دەگرێتەبەر تامرۆڤ و كۆمەڵگا كەمترین خراپەكاریان تێدا ببێ لەوانە ( نا دروستی بە تەنیا كۆبونەوە و پێكەوە بوونی ئافرەت و پیاوی نا مەحرەم و دانانی باڵا پۆش و فەرمان كردن بە چاو پاراستن .... هتد

لە دیاردەكانی بەئاگابوون لە ئەخلاق لە سیستمی كۆمەڵایەتی ئیسلامدا بڵاوبونەوەی سۆز و بەزەییە لە نێوان تاكەكانیدا و لەم بارەیەوە چەندان ئایەت و فەرمووده هەن .... بەتایبەتیش بەزەیی هاتنەوە بە مناڵ و نەدار و بێ كەسەكاندا ، هەروەها هاوكاری كردن بۆ هەر كارێك كە چاكە وچاكە خوازی تێدا هەبێ ( وَ تَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَ التَّقْوَى وَ لا تَعَاوَنُوا عَلَى

الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ ) ( المائدة : من الآية ٢ ) ئیتر ئەم هاوکاری‌یە هەر لە خێزان و دراوسێوە بیگرە تا دەگەیتە ئاستێکی بالاّ و فراوانتری کۆمەڵگا و ئاستەکانی سەرەوەش وەکو دەوڵەت ....

بەدەمەوە هاتنی کەسانی لێقەوماو و هەژاریش جێگەیەکی تایبەتی خۆی هەیە لە ئیسلام دا و چەندان سیستمی ئیسلامی هەر لە ڕەوشتی و کۆمەلاّیەتی و سیاسی و ئابوری بەشداری ئەم بوارە دەکەن ، ئەمە جگە لەوەی بازنەی چاکەکاری لە ئیسلام دا گەلێك فراوانە و هەر شتێك مایەی سوودی ڕاستەقینەی کۆمەڵگاکان بێ و ڕۆڵی هەبێ لە بنیاتنانی خۆش گوزەرانی بەدەر نی‌یە لە ئامانجەکانی هەریەکە لە سیستمی ڕەوشتی و کۆمەلاّیەتی لە ئیسلام دا وابزانم لێرەدا بواری لەوە زیاترمان نی‌یە ... هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەیە کۆمەڵگەیەکی یەکریز و هاوکار و بە سۆز بۆ یەکتری دروست بێ و هۆکارەکانی ڕق و کینە و بوغز ڕیشەکەن بکرێ و دڵەکان بە خۆشەویستی و سۆز و دڵ نەوایی ئاوەدان بێ و ژیان و کۆمەڵگەیەکی پوختەی لێ بنیات بنرێ .

**دووەم : پابەند بوون بە واتاکانی دادگەری‌یەوە ،**

لەگەڵ ئەوەی ئیسلام وەکو دید و تێڕوانین ، بیر و هزرەکانی تر بە تایبەت خاوەن ئاینەکان بەخەوش دار و ناڕاست دەبینێ ئەمە لە ڕوانگەی هەڵسەنگاندنەوە بەلاّم لە باری هەڵس و کەوت ومامەڵەدا دیدێکی هاوسەنگ و داد گەری هەیە ، لە سیستمی کۆمەلاّیەتی ئیسلامیش ئەم دیدە داد گەری‌یە زۆر بە ڕوونی بەدەر دەکەوێ ، چەندان ئایەت بە شێوەی گشتی و تایبەت هانمانی بۆ دەدات ، لەو ئایەتانەی بە شێوەیەکی گشتی باس لەوە دەکەن ( إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَ الْإِحْسَانِ وَ إِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَ يَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَ الْمُنْكَرِ وَ الْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ) ( النحل : ٩٠ ) .

- ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ ) ( النساء : ١٣٥ ) .
- ( قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ ) ( ألأعراف : ٢٩ ) .

ئەمە بە شێوەیەکی گشتی ، بە شێوەی بابەتی تایبەتیش سەبارەت بە قسەکردن دەفەرموێ ( وَ إِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَ لَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى ) ( الأنعام : ١٥٢ ) .

- **لە نووسینی قەرزدا** ( وَ لْيَكْتُبْ بَيْنَكُمْ كَاتِبٌ بِالْعَدْلِ ) ( البقرة : ٢٨٢ ) .
- **لە حوکم و فەرمان ڕەوایی و داد وەریدا** ( وَ إِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ ) (النساء : ٥٨ )
- ( فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَ أَقْسِطُوا ) ( الحجرات : ٩ ) .

- له كێشانه و پێوانه دا ( وَ أَوْفُوا الْكَيْلَ وَ الْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ ) ( الأنعام : ١٥٢ ) ( وَ أَقِيمُوا الْوَزْنَ بِالْقِسْطِ وَلا تُخْسِرُوا الْمِيزَانَ ) ( الرحمن : ٩ ) .

چەندانی تر ... ئەمە ئەگەر ئەو ئایەت و فەرموودانە بخەینە پاڵیان کە باس لەستەم و خراپەی جەور و ستەم ئەکائەوا یەکجار زۆرن و ڕۆچونیش لەم بابەتە دەمانباتە ناوەڕۆکی بواری سیاسی کە لە شوێنێکی تر زیاتر لێی دەدوێین،و لەباسی قەزاش ئاماژەی پێدەکرێ .

دادوەری لە سەجەم ئەم بوارانەدا کاریگەری خۆی دەبێ لەسەر بواری کۆمەڵایەتی و تا شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو بچوکترین یەکەی کۆمەڵگا کە خێزانە .

**سێیەم : گرنگی دان بەخێزان**

خێزان بناغەی پێکهاتەی کۆمەڵگایە و بە کۆبونەوەی خێزانەکان تیرە و هۆز و کۆمەڵگا دروست دەبێ هەر بۆیە گرنگی دان بەم یەکەیە ڕۆڵێکیسەرەکی هەیە لە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی چاك و سازدا .. ئەم گرنگی دانە یەکێکە لە خاڵە بەهێزە کانی ئیسلام و تاوەکو ئەم ساتەش ڕۆڵێکی ئیجابی بینیوە لە مانەوەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بە پتەوی سەرەڕای ئەو هەموو هێرش و پەلامارانەی کراوەتە سەر ئەم یەکەیە لە چەندەها ڕێگە و بە چەندەها هۆکار و تاوەکو ئێستەش هێرشەکان بەردەوامن بگرە زۆر دڕندانە و ستەم کارانەتر بووە و زیاتر لە لایەکەوە کاری لەسەر دەکرێ ... لێرەوەش ئەرکی موسڵمانانە دەبێ خۆیان بۆ خۆیان پێدا چونەوەی خۆیان بکەن و ئەو خاڵە سلبیانەی لە هەندێ ڕووکاری خێزان دەکەوێتەوە بەهۆی نەزانی و نا زانستیبوون و بێ ئاگاییەوە خۆ دەرباز کەن ، بەڵام ئەوە بزانرێ کە ڕۆڵی خێزان بە هیچ شێوەیەك ناکرێ و نابێ فەرامۆش بکرێ ...

هەر لەم ڕوانگەیەوە ئیسلام گرنگییەکی زۆر دەدات بە بابەتی دروست کردن و پێکەوە نانی خێزان و بە ڕێگەیەکی سروشتی ، مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی دا دەنێ و ئیسلام هانی ئەم کارە دەدات و بە یەکێك لە یاساکانیخۆی ئەژمێرێ و هانی موسڵمانان دەدات تا دەتوانن ئاسانکاری تێدا بکەن و ڕێگەی بۆ خۆش بکەن و پێغەمبەری خواش (ﷺ) هانی لاوان دەدات ئەگەر توانایان هەبێ ژن بهێنن چونکە چارەسەرە بۆ پاراستنی چاو و خۆ دوور گرتن لە شەرواڵ پیسی . لەولاشەوە جگە لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان پیاو و ئافرەت لە دروست کردنی خێزان دا ، ئافرەت دەپارێزێ لەوەی ببێتە شمەکێکی سوکی بەردەستی هەر ئارەزوو مەندێك و خێزانیش دەبێتە بناغەیەك بۆ غەریزەی دایکایەتی و چاودێری و سۆزی

باوکایەتی و... ئەم سیستمەش خوا پێی ڕازییە و کاتێ کە ئیسلامیش هات ئەم شێوازە سروشتییەی خێزانی هێشتەوە و ئەوانی تری پشت گوێ خست .

هەر بۆیە ئیسلام هانی دروست کردنی خێزان دەدا و بە سوننەتی پێغەمبەرانی دا دەنێ ( وَ لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلاً مِنْ قَبْلِكَ وَ جَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجاً وَ ذُرِّيَّةً ) ( الرعد : ٣٨ ) لە فەرموودەیەکی (ترمذي )دا هاتووە کە : چوار شت لە سوننەت و ڕێ و شوێنی پێغەمبەرانی پێشووە لەوانەش : خەتەنە کردن ( یاشەرم بە پێی هەندێ لە گێڕانەوەکان ) و بۆن خۆشکردن و سیواك و ژن هێنان ) .

خوای گەورەش وەك ئایەتێکیخۆی باس لەم مەسەلەیە دەکا بە سۆز و خۆشەویستی کردووەتە نیشانەی ئەم پەیوەندییە یە ( وَ مِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجاً لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَ جَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ) ( الروم :٢١ ) ژن هێنانیش ڕێگەیەکی سروشتی و حەلاڵە بۆ تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکان و بوونی نەوە و وەچە و بەردەوام بوونی ژیان و تێرکردن و گەشە پێدانی غەریزەی باوکایەتی و دایکایەتی و پتەو کردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تر و خزمایەتی .. بۆ پێکهێنانی خێزانیش ئیسلام ڕێ و شوێنی تایبەتی گرتووە ، لەوانە خوازبێنی و مارە بڕین و نەفەقە و .... پاشتریش دەستنیشانی مافەکانی نێوانیانی کردووە و بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکان بۆ هەر ئاستێك – ڕەچاوی حاڵەتی شیاو بەو بارەی کردووە – و بۆ کاتی نا چاریش جیابونەوە ( طلاق )ی بەڕەوا بینیوە و ...چەندەها ڕێنمایی و ئاراستەی تر کە ناتوانین لێیان بدوێین هەر یەکە لە ئافرەت و پیاویش بەرپرسیارن لە دروست کردنی ژیانێکی ئاسودە و کامەرانی پڕ بەختیاری و هەر هۆکارێکیش مایەی شێواندن و تێکدان بێ ئیسلام بە ناشەرعی و نا دروستی دادەنێ.. لەم بارەیەوە دەیەها دەقمان هەیە لە قورئان و فەرمودەی ( صحيح ) دا...

بەو پێیەش دایك و باوکیش هۆکاری بوونی مناڵ و نەوەکانیانن و بەرپرسیارن لە پەروەردە و پێگەیاندنیان ، هەر بۆیە ڕێزگرتن و بەدەمەوە بونیان لەلایەن مناڵەکانیانەوە ئەرکێکە و واجبە لەسەر مناڵ بەدەم دایك و باوکیەوە بێت ، نەوە بەتایبەت کوڕ بەرپرسیارە لە بەخێوکردن و ڕێز گرتن و دڵنەوایی دایك و باوکان و قورئانیش لەپاڵ فەرمان بە پەرستنی خوا فەرمان دەکا بە چاکە کاری لەگەڵ دایك و باوکاندا ... وەکو دەفەرموێ (وَ قَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَ بِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلاهُمَا فَلا تَقُلْ لَهُمَا أُف وَلا تَنْهَرْهُمَا

وَقُلْ لَهُمَا قَوْلاً كَرِيماً ، وَ اخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَ قُلْ رَبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيراً ) (الاسراء : ٢٣-٢٤) .

هاوكاری و بەدەمەوە بوونی نێوان تاكەكانی خێزان و بوونی سۆز و بەزەیی شتێكی ڕیشەدار و فیترییە لە ناخی مرۆڤداو ئیسلامیش ئەم پەیوەندییانە بەهێز دەكا و هەندێ ئەرك دەخاتە ئەستۆی هەندێكیان وەك پێویستی دابین كردنی نەفەقەی پیاو لەسەر ئافرەت و منالْ لەسەر باوكیان و هی باوكی هەژار لەسەر كوڕەكانی .. لە بەرامبەریشەوە منالْەكان مافی میراتییان هەیە و ئەمەش هەندێ خزمی نزیكی تریش دەگرێتەوە كە لە ( أحكام المیراث )دا باسی لێ كراوە .

**چوارەم : پایەی ئافرەت لە كۆمەڵگادا .**

بەوپێیەش ئافرەت لە مێژوودا ستەمێكی زۆری لێكراوە بۆیە لەسیستمی كۆمەلآیەتی ئیسلام دا پایەیەكی دیار و بەرچاوی هەیە ، باس لە ماف و ئەركەكانی كراوە ، لەو مافانە یەكسانییە بە پیاو مەگەر لە شتێك لە ڕووی توانا و ئامادەگییەوە لێك جیابن و هەر یەكەیان بۆ بوارێك لەبارتر بن ، هەروەها مافی ژیان و پاراستنی و ڕێز لێنانی و بەدەست هێنانی مالْ و سامان و مافی مارەیی لە كاتیمارە بڕین و مافی وەرگرتن و فێربوونی زانست و زانیاری و پیشەكان بە مەرجی ڕەچاو كردنی ئادابە ئیسلامییەكان و مافە سیاسییەكان جگە لە هەندێ جیاكاری كەم كە ئێرە جێی درێژە پێدانی نییە ، لە بەرامبەر ئەمەیش وەكو پیاو پابەندە بەو حوكمە شەرعیانەی دەكەوێتە سەری لەسەرجەم بوارەكانی بیر و باوەڕ و سەرجەم پەرستش و سەوداگەرییەكاندا و بەتایبەتیش لە چاودێری كردنیمالْ و منالْ و ڕاگرتنی هەست و سۆزی مێرد و هاوسەرەكەی .

چونكە ئەركی دایكایەتی و پەروەردە و پێگەیاندنی منالْ بەلای ئیسلامەوە ئەركێكی ئێجگار گەورەیە و لەوانەیە هەر لەبەر ئەوە بێ ئیسلام ئەركی كۆكردنەوەی مالْ و سامان و سەرپەرشتی بەخێو كردنی بواری دارایی لە ئەستۆی ئەم نەگرتبێ و چەندان فەرزی تریشی لەسەر دانەنابێ وەكو جەنگ ( قتال )ونوێژكردنی جومعە و چوون بۆ جەماعەت مەگەر خۆی پێی خۆش بێ و وەك سوننەتێك ئەنجامیدا :

لەبەرامبەر ئەمەش دا داوای لێ كردووە كە لەگەلْ نامەحرەم دا بەتەنیا كۆ نەبێتەوە و تێكەلْییەك نەكا كە ترسی ناشایستەیی تێدابێ و جوانی خۆی بەدەرنەخا و داپۆشراو بێ مەگەر دەست و دەم و چاو نەبێ و ڕەچاوی مەرجە شەرعییە كانی بالآ پۆشی بكا و لە

ڕۆیشتن و قسەکردنیدا ئاسایی بێ و هەوڵ نەدا سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ .. دیارە لەسەر ئەم بابەتانە نوسراوی یەکجار فراوان هەیە هەر کەسێ بیەوێ دەتوانێ بۆیان بگەڕێتەوە .

**پێنجەم : بەرپرسیارێتی تاك لە چاکسازی کۆمەڵگا .**

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی لەئیسلامدا لەکۆڵ گرتنی بەرپرسیارێتی چاکسازی کۆمەڵگایە لەلایەن تاکەوە ، بەومانایەی هەر تاکێکی داوای لێ کراوە بەپێی توانای خۆی هەوڵی ئیصلاح کردنی کۆمەڵگا و لابردنی خراپەکاری بدا و هاوکاری کەسانی تریش بکا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە ( وَ تَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَ التَّقْوَى ) (المائدة : ٢ ) ئەنجام بدا و باشترین هۆکار بگرێتە بەر بۆ ئیصلاح کردنی کۆمەڵگا ، جا ئەگەر تاك داوای ئەوەی لێ کرابێ ئیسلاحی کۆمەڵگا بکا ئەوا شتێکی بەڵگە نەویستە کە داوای لێ کرابێ خراپی نەکا هەروەك خوای گەورە ئەفەرموێ ( وَ لا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاحِهَا ) (لأعراف : من الآية ٥٦ ) خۆ ئەگەر مرۆڤ چاك سازی پێ نەکرا ئەوا بەلای کەمەوە ئەتوانێ خراپەکاری نەکا و هۆکاری زۆر بوونی نەبێ ، بۆنمونە بەرتیل و ڕیشوەت وەر نەگرێ و سوخۆر و بەخشەری نەبێ ... ستەم نەکا و هاوکاری ستەم کارنەبێ ...

ئەم بەرپرسیارێتییەی تاکیش ( تاکێك کە توانای هەیە و لەئاستی توانای خۆیدا ) بەپێی قورئان و سوننەت شتێکی سەلماوە و بەدەیان ئایەت و فەرموودەی لەسەر هاتووە و هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاك کاریگەرە – بە کۆمەڵگا و ئەو ڕەوشە پەرەسەندووەی تیایدا هەیە – لێرەوە لەسەری پێویستە ڕۆڵی خۆی ببینێ لە چاك سازی کردنیدا ، ئەمە جگە لەوەی بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی صالح ئەرکێك و پێویستیەکی هەرە گەورەیە و لەوانەیە بەهۆی خراپ بوونیەوە سزایەکی هەمەکی هەموویان بگرێتەوە ئیتر لەهەر جۆرێك بێت ... پێوەری چاکی و خراپی هەر کۆمەڵگایەکیش بەپێی دیدی ئیسلام مانای تایبەتی خۆی هەیە و لەمانا و بیر و بۆچونەکانی ئیسلامەوە سەرچاوە دەگرێ .

قورئانیش چاکی و خراپی هەر کۆمەڵگەیەکیش ( بەدید و ڕوانینەکەی خۆی ) بە پلەی یەکەم پەیوەست دەکا بە چاکی و خراپی ڕەفتار و نەفسیەتی تاکەکانیەوە ( إِنَّ اللَّهَ لا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ ) ( الرعد : من الآية ١١ ) تێك و پێك دان و شێواندنی کۆمەڵگاکانیش پەیوەندی هەیە بە خراپەکاری سەرکردە و بەرپرسەکانیەوە ... چەندان هۆکاری تر کە ئێرە جێی باسی نییە ...

ئەرکی سەرجەم موسڵمانانیشە ( بەدەر لە ئەرکە تاکە کەسیەکانیشیان ) بە پێی توانای خۆیان بە جۆرەها هۆکاری جیاواز هەستن بە چاکسازی و ڕێگە خۆش کردن بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی کە ڕەنگدانەوەی بەها ئیسلامیەکان بێت ..

شەشەم : هاوکاری و بەدەمەوە بوون و دەستگرۆیی کردنی نەدار و هەژار و بێ نەوایان و هەتیوان .... دیارە ئەمە لە چواچێوەی سیستمی سیاسی و ئابووری ئیسلامیشدا هەمان پلە وپایەی هەیە ...

حەوتەم : کۆمەڵگەی کردار و ڕەفتار : تویژینەوەیەکی وورد بۆ قورئان ئەمانخاتە بەردەم قسە گەلێکی فراوان سەبارەت بە کردار و چۆنێتی ئەنجام دانی بە شێوەیەکی درووست و تەواو ، بابەتی کردار و کردەوە لە قورئاندا گرنگیەکی تایبەتی هەیە و بابەتێکی سەرەکیە لە قورئاندا ، زۆر جار دەبینین خوای گەورە ناوی کردەوەی چاك دەباو بە چەندەها شێوە و لە چەند ئاستدا باسیدەکا ( وعمل صالحاً ) یا ( ما عملت من خير ) یا(وعملوا الصالحات ) یا ( و الله بصير بما تعملون ) یا ( هنيئا لكم بما كنتم تعملون ) یا (فاعمل اننا عاملون ) یا ( و قل اعملوا ) یا ( لا اضيع عمل عامل منكم ) .

مەبەستی سەرەکی درووست کردنی مرۆڤیش تاقیکردنەوەیەتی بەوەی کاری چاکە ئەنجام بدا ( الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَ الْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً ) ( الملك : ٢ ) .

سەقامگیری و بەجێنشین بوون بە جووڵە و کردار نەبێ بەدی نایەت ( ثُمَّ جَعَلْنَاكُمْ خَلائِفَ فِي الْأَرْضِ مِنْ بَعْدِهِمْ لِنَنْظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ ) ( يونس : ١٤ ) .

مرۆڤیش هەر بە هۆی کرداری چاکەوە ( بە مانا فراوانەکەی ) بەهەشتی خوایی بەدەست دێنێ و بچوکترین کاری باش و خراپیش سەنگی خۆی هەیە و لە تەرازووی چاکە و خراپەدا دەبینرێتەوە ( فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْراً يَرَهُ ، وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرّاً يَرَهُ ) ( الزلزلة : ٧-٨ ) .

دیارە کار و کردار لێرەدا گشتیە و بوارێکی فراوانی هەیە بەڵام بە مانای هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤیش هاتووە بۆ بەدەست هێنانی ڕزق و ڕۆزی و کۆکردنەوەی ماڵ و سامان و ئیسلام دەستی ڕێز لەو کارانە دەنێ و بە پایەیەکی گرنگی ژیانی دادەنێ و پەرستشەکانی نەکردووەتە ڕێگری لەو ڕووەوە ( فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلاةُ فَانْتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِنْ فَضْلِ اللَّهِ ) (الجمعة : ١٠ ) .

لەکاتی پەرستشی ( حەج )یش بواری کاری بازرگانی داوە ( لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلاً مِنْ رَبِّكُمْ ) ( البقرة ١٩٨) ئایەتەکەش باسە لەکاتی بەجێ هێنانی فەریزەی حەج دەکا...

پێغەمبــەری خۆشەویســتمان (ﷺ) لــە فەرموودەیەکــدا کــە بوخــاری دەیگێڕێتــەوە فەرموویەتی ( هیچ کەسێکمان خواردنێکی نەخواردووە باشتربێ لەوەی کە بەدەستی خۆی پەیدای دەکا ) . دیارە لـەم بارەیـەوە دەیـان بەڵگـەی جۆراوجـۆر هـەن ... کـە دەری دەبـڕن کۆمەڵگـەی ئیسـلامی دەبـێ کۆمـەڵێکی کـارا و ئـیش کـەر و کارامـە بـێ ... بـەڵام مـەخابن موسڵمانان ڕێ نمایی ئاینەکەیان پشت گوێخستووە و بە سەدان قۆناغ کەوتوونەتە پاش ڕەوڕەوەی گەشەسـەندن و شارسـتانێتیەوە نـەك هـەر ئەوەنـدە بـەڵکو بوونەتـە پاشـکۆی خەڵکانیتر ....

لێرەدا واز دەهێنین لـەم تایبەتمەندیانـە چونکە شـتی زۆر مـاون و ئێمـەش لێـرەدا هـەر ئەوەندە دەرفەتمان دەبێ بۆ لەسـەر دووانـی [1] بەڵام لێرەدا دەبێ ئـەوەش لـەیاد نەکـەین کـە مرۆڤــ دەبـێ لـە ئیسـلامدا مافـە کۆمەڵایەتیـەکانی بپـارێزرێن ئـەو مافانـەی تـاك لـەژیان و گـوزەرانی ڕۆژانـەیدا پێویسـتی پێیـەتی و لـە دیـدی ئیسـلامیش ڕیشـەدارن و لـە سـەردەمی یەکەم و بەرایی ئیسلامیشدا نمونەی پیادەکراومان لەسەری هەیە لەوانەش مافیکارکردن و بەدەسـت هێنـانی سـەروەت و سـامانیحەڵاڵ و دروسـت و دوور بـوون لـە سـەرجەم ڕێگـا ناشـەرعیەکانی پێکـەوە نـانی وەکـو غـەش و دزی و سـوو و قـۆرخ کـردن ...هتـد لـەم بارەیەشەوە دەیان بەڵگەمان هەیە و پێشتریش ئاماژەمان پێکرد . ئاسان کاری بۆ بەدەست خستنی کار و هاوکاری کردنی دەوڵەت بۆکەم و بێ درامەتەکان مێژینەیەکی هەیە لە ئیسلام دا و دەقە کانیش دەیخوازن .

چاودێری کردنی تەندروستی و گرنگیدان بە پاك و خـاوێنی و کـەم خـۆری و ...هتد لە ڕێنماییەکانی ئیسلامن و خاوەنی هێز و کاریگەری لە کۆمەڵگادا بەرپرسە لە دابین کردنی تەندروسـتی و بەدەمـەوە بـوونی خـەڵکی لـەم بـوارەدا ... لەسـەر ئاسـتی تـاکیش سـەردانی

---

[1] بۆئەم باسە سوود وەرگیراوەلەم سەرچاوانە:
١- أصول الدعوة د.عبدالكريم زيدان .
٢- مواضع و قواعد الإسلامية د. عصمت هاشم حسين .
٣- منهج التغيير الإجتماعي في الإسلام د.محسن عبدالحميد .
٤- الإسلام كما نؤمن به د. يوسف القرضاوي .
٥- فقه السنة ب ٢ سيد سابق .
٦- یاسای ژیان لەئیسلامدا و: علی خدر بەردەکۆزی و خالد ولید علی .

نەخۆش و بەدەمەوە بوونی ، خێر و چاکەیەکی گەورەیە و مافی بنیات نانی خێزانیش یەکێکی ترە لەو بوارانەی دەبێ خەمی بخورێ و گرنگیەکەیشیمان لەپێشەوە باس کرد ، خۆ باس کردن لە زانست و زانیاری و فێربوون و پێگەیاندنی مرۆڤ بۆ ئەوەی بەختیاری هەردوو ژیانی دەسگیر بێ شتێك نیە لەسەر ووتن و باسکردنی بوێ .

لەڕووی دابین کردنی کۆمەڵایەتیەوە ئیسلام هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵگەی لەسەر بناغەی برایەتیو یەکسانی و داد گەری دامەزراند کە دەخوازێ هاوکاری و یارمەتیدان و لەخۆ بووردەیی لێ بەدی بێ ( إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ) ( الحجرات : ١٠ ) .

لە فەرموودەی ( صحیح )یش دا هاتووە : ( المسلم أخو المسلم لايظلمه و لايسلمه و لايخذله ) ، ابن حزم لە ( المحلى ) دا تەعلیقێك لەسەر ئەم فەرموودەیە دەدا و دەڵێ : ( هەر کەسێ وازی لێ بهێنێ برسی و ڕووت بێ و لەکاتێکدا بەتوانابێ لەسەر خواردن پێدان و پۆشتە کردنەوەی ئەوە داویە بە دەستەوە ( تەسلیمی کردووە ) .

برایەتی تەنها سۆزی ڕووت نیە ، بەڵکو پەیمانی لە ئەستۆ گرتن و هاوکاری و پشتیوانیە ئەمەش لەچەند ئاستی جیاجیای یەك لەدوای یەك دا دەبینرێ کە بە خێزان دەست پێ دەکا و پێویست کراوە میرات و وەسیەت و نەفەقە لە نێوانیاندا هەبێ ( وَ أُولُوا الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ ) ( لأنفال :٧٥ ) پاشان دراوسێکان ( وَ الْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَ الْجَارِ الْجُنُبِ ) ( النساء : ٣٦ ) .... چەندان فەرموودەی تر لەو بارەیەوە پاشان خەڵکی گەڕەك و کۆمەڵگە بەگشتی لە ڕێگەی زەکاتەوە ، کە فەریزەیەکی فەرز کراوی پابەندە ، پاشان بەخشینی خوازیاری جگە لە زەکات ( في المال حق سوى الزكات ) پێغەمبەری خواش (ع ) وەصفی ئەشعەریەکان دەکا بەوەی بەدەم یەکەوەن و ئەگەر جلێکیان هەبێ لە نێوان یەکدا بەشی دەکەن .. چونکە برایەتی تیایاندا بەرجەستەیە و خۆپەرستی وون و نا دیارە ، پێیان دەڵێ ئەوان لە منن و منیش لەوانم ... ئەمە جگە لەوەی هانی موسڵمانان دەدا ئەگەر یەکێك زیادەیەکی هەیە لە هەر شتێك بیبەخشێ بەوەی نییەتی تەنانەت ئەگەر زەویە و نایکێڵێ با بیداتە براکەی تا سوودی لێ ببینێ ، عومەریش کە بەم گیانەوە پەروەردە بوو ، بەرهەڵستی ئەوەی کرد ڕزگارکەران ( فاتحین ) ببنە دەرەبەگ و بڕیاریدا ئەو زەویانە بکاتە ماڵی گشتی موسڵمانان ، لە پاشیشدا هەستی بە جیاوازیەك دەکرد ، بۆیە سوور بوو لەسەر ئەوەی دەست بگرێ بەسەر ئەو بارەدا و ئەو زیادەیە ببەخشێ بە هەژارە کۆچکەرەکان ... ئەمانە و چەندەها نمونەی تر لەبەر ڕۆشنایی وەحیدا بەدی هاتوون ... کە دەکرێ ئەمڕۆ

لەگەڵ ئەو کەلتووورە مێژینەییەدا سوود لە سەرجەم چاك سازییە پێشکەوتووەکان و بوارە ئاسانکارییەکان وەربگیرێ بۆچەندەها خزمەت گوزاری هاوچەرخ .

دابین کردنی کۆمەڵایەتی ، قەرزارەکان دەگرێتەوە تاوەکو بتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە و خەم و خەفەتەکانیان بڕەوێننەوە و ڕێبوارانێکیش دەگرێتەوە با لە شوێنی خۆشیان دەوڵەمەندبن تا کارو و بارەکانیان بەڕێ بخرێ [1] ... ئەکرێ فراوان کرێ و سەرجەم گەل لە بەرووبوم و داهاتی وولاَت دا ( جگە لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان ) بەشداربن و لە بەرهەمی ولاَتیان بە چەندەها ڕێ و شوێن و لە چەندەها شێوازەوە کەڵکی لێ ببینن و لێی سوود مەند بن ... بەلاَم پێویستمان بەعەپلێیەت و خەمخۆریهەیە تاوەکو میللەتانی موشڵمانیش لەم دواکەوتوییو پاشکۆیەتییە دەربازبن و لەم نێوەندەش ئێمەی گەلی کوردیش دەتوانین لەخەمی کەم و کورتیەکانماندا بین و بەهاوسەنگیەکی ناوازەوە باری کۆمەلاَیەتیمان گەشەپێبدەین و دابین کاری کۆمەلاَیەتی دەسەبەربکەین کە دلخوازییەکی ئیسلامییانە و پاشانیش بەدەربڕینی ئەمڕۆ ( نیشتمانی )یە .... ئەرکە نیشتمانیەکانیش لەچوار چێوەی بەرژەوەندییە شەرعییەکاندا برەوی زیاتریان پێدەدرێ و گەشەی زیاتر دەکەن .

---

[1] الحريات العامة في الدولة الإسلامية لا ٥٧-٦٦ .

هەروەها سەیری حقوق الانسان بين عدل الاسلام وجور الحكام بكە د. عبدالله الحامد .

## ( سستم و بواری کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا )

لەو ڕاستی‌یە سەلماوانەی کە ( ابن خلدون ) لە ( مقدمە )ە کەیدا ئاماژەی پێ دەکا ئەوەیە کە کۆمەڵ بوونی مرۆڤایەتی بۆ مرۆڤ زۆر پێویستە چونکە وەك هەندێ دەڵێن مرۆڤ: بە سروشتی مەدەنی‌یە ، بەو مانایەی کۆمەڵگە پێویستە بۆ مرۆڤ و ئەمەش واقع پشتگیری دەکا ... ئەگەر کۆمەڵگاش زۆر پێویست بێ ئەوا هەر وەك لە پێشەوە وترا پێویستە یاسایەکیش هەبێ بۆ پێکەوە ژیانی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە ، دیارە یاسای هەر کۆمەڵگەیەکیش کۆمەڵێك بنەما و بناغە و فیکرەی هەیە کە کۆمەڵگەکە پێی ڕازین یا متمانەی پێ دەبەخشن .... باش و خراپی هەر سیستمێکیش کاری گەری خۆی دەبێ لە سەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە و پاشتر لەسەر کۆمەڵگەکەش بە گشتی ... ئیسلامیش لەو بوارەدا بیر و بۆچونی تایبەتی خۆی هەیە کە دەکرێ گوزەرێکی خێرای بەسەردا بکەین ، لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی‌یەوە ئیسلام ڕوو دەکاتە کۆمەڵگە تا داد گەری تێدا بەرپا بێ وخەڵکی هاوکاری و کەفالەتی یەکتری بکەن ، ئیسلام ئاینێکی کۆمەڵایەتی‌یە ، وەها سەیری مرۆڤ ناکا لە چۆڵایی‌دا بژی و پەیوەندی بە دەور و پشتی‌یەوە نەبێ ، جا مرۆڤ هەر وەك ووتویانە بە سروشتی مەدەنی‌یە و وەکو هەندێ لە کۆمەڵناسان دەڵێن گیاندارێکی کۆمەڵایەتی‌یە ، لە هەمان کاتدا ئیسلام دەیەوێ هاوسەنگی بکا لەنێوان تایبەتمەندیە تاکی و کۆمەڵایەتی‌یەکاندا و هیچیان لەسەر حیسابی ئەوی تریان پەرە پێ نادا و ئەوی تریان پشتگوێ بخا ، بەڵکو دەیەوێ هەریەکەیان مافی شیاو و ڕەوای خۆی پێ بدرێ و بە ئەندازەی خۆی بەدەمیەوە بێ .

لە هەمان کاتدا ئەوەمان لەبیر نەچێ کە ئیسلام بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی و هەستی کۆمەڵایەتی لە ناخدا دەچێنێ و تەنانەت لە پەرستشەکانی وەکو نوێژیش دا بەکۆمەڵ داوایان لێ دەکات بڵێن ( اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ ) ( الفاتحة : ٦ ) کە لەم جۆرە دەر بڕینانە یەکجار زۆرە لە قورئاندا ... دەربڕینەکانی ( ياأيها الناس ، يابنیآدم .... ياأيها الذين آمنوا... ) ڕوویەکی ئاشکرای ئەم ئاڕاستەیەن ...

دیارە بناغەی سستمی کۆمەڵگە لە ئیسلامدا عەقیدەی ئیسلامی‌یە و لەم ڕوانگەیەوە تاکەکانی کۆمەڵگە خۆیان ڕێك دەخەن نەك لەسەر بناغەی ڕەگەز و هۆز و تیرە ، خوای گەورەش دەفەرموێ ( ياأَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ ) ( النساء : ١ )

سەرجەم مرۆڤەکان داوایان لیٚ کراوە کە خۆیان بپاریٚزن و لەخوا بترسن ئەو خوایەی هەموو مرۆڤەکانی لەیەك بنەچەوە درووست کردووە ، ( کلکم من آدم و آدم من تراب ) ... زەویش خوایگەورە بۆ هەموویانی ڕەخساندووە تا جیٚگەی هەمویانی تیٚدا بیٚتەوە ( وَ الْـأَرْضَ وَضَـعَهَا لِلْأَنَامِ ) ( الرحمن : ١٠ ) .

لیٚرەوە ئیسلام ڕوانینی وایە کە تاکەکانی بەرەی ئادەمیزاد لەسەرەتادا یەك ڕەچەڵەکن و پاشتر و دوای تیٚپەڕین  بە چەندان قۆناغدا چەندان گەل و زمان و ڕەنگ و دەنگی جیاوازیان لیٚ دەبیٚتەوە ، کە ئیسلام نایەویٚت لەناویان ببات بگرە ئایەت و نیشانەی خوایین و جیاوازیەکانیش مایەی سودی کۆمەڵایەتین جگە لەوانەیان نەبیٚت دەمارگیری دروست دەکەن و ماف خواردنی چین و ڕەگەزەکانی تری لیٚ پەیدا دەبیٚ .

ئیسلام بۆ دادگەری و یەکسانی لە کۆمەڵگەدا سیٚ بازنەیهەیە بازنەی ئیسلام کە تیایدا موسڵمان لە بەرامبەر یاسای شەرع دا یەکسانن و برایەتی ئیمانی دەچەسپیٚ . بازنەی ( ئایین )یش تیایدا موسڵمان و خاوەن ئاینەکانیتر لە بەرامبەر شەریعەتدا وەکو یەکن و بنەمای شەرعی ( لهم ما لنا و علیهم ماعلینا )یان بەسەردا پیادە دەکریٚ و زۆریان  لیٚ ناکریٚ بۆ وەرگرتنی هیچ ئاینیٚك و مافەکانیان پیٚ دەدریٚ . بازنەی ( مرۆڤایەتی ) : کە سەرجەم مرۆڤەکان لەیەك بنەچە درووست بوون ( يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَ خَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَ بَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَ نِسَاءً ) ( النساء : ١ ) . بە دانانی عەقیدە لە ڕوانگە ئیسلامییەکەوە وەك بناغەیەك بۆ کۆمەڵگە چەندان پەیوەندیتر دروست دەبن لەوانە :(پەیوەندی ئیمانی ) : چونکە باوەڕداران برای یەکترن و مافیان لەسەر یەکترییە( إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ) ( الحجرات : ١٠ ) .

لە هەمان کاتدا دەکریٚ مرۆڤیٚکیش باوەڕ بە عەقیدەی ئیسلامیش نەهیٚنیٚ و ئەندامیش بیٚ لەو کۆمەڵگایەدا بە مەرجیٚ وەلائی بۆی هەبیٚ و ڕەچاوی بنەما گشتییەکانی بکا و لیٚرەوە مافە گشتی و تایبەتییەکانی پاریٚزراو دەبیٚ و هیچ زۆریٚکی لیٚ ناکریٚ تا ئاین و بیر و باوەڕی خۆی بگۆڕیٚ ( لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ )( البقرة : ٢٥٦ ) زانایانیش ئیقراری بنەمای ( لهم ما لنا وعلیهم ماعلینا)یان کردووە و..... کە ئیٚرە باسی تەرخان کراوی ئەو بابەتە نییە .

پەیوەندی ئیمانیانەی کۆمەڵگاش مانای تەنگە تاوکردن و ئازاردانی ناموسڵمان و خاوەن بیر و باوەڕەکانی تر نییە ، چونکە هەر ئەم پەیوەندییە ئیمانییە ئەوە پیٚویست دەکا کە لەگەڵ کەسانی تردا داد گەرانە ڕەفتار بکەین ( وَلا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا

اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى ) ( المائـدة : ٨ ) يا سەبارەت بە بێ باوەڕە لاشەڕەكان دەفەرموێ ( لا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَ لَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَ تُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ) ( الممتحنة : ٨ ) ، كەواتە داد گەری لەگەڵ بێ بڕوا و لاشەڕەكاندا پێویستە و مامەڵەی داد گەرانەش ڕەهەندێكی گشتی هەیە لە ئیسلامدا .

یەكێكیتر لەو ئامانجانەی لە بناغە بوونیەعەقیدە دەكەوێتەوە : ڕیشەكەن كردنی دەمارگیرییە ... دەمار گیری بریتییە لەوەی بە ڕاست و نا ڕاست پشت ڕەچەڵەك و بنەماڵە و بنەچەكەت بگری هەر وەك لە پێش ئیسلامدا باو بووە و تاكو ئێستاش بە چەندان شێوازی جیاواز بوونی هەیە ... هەر وەك لە فەرموودەی ( صحیح )دا هاتووە ( لیس منا من دعا إلی العصبیة و لیس منا من مات علی العصبیة ) ... یا دەفەرموێ ( دعوها فإنها مُنتنه ) ... یەكێكی تر لەوانە : ( تەقوای خوا ، تەرازوی هەڵسەنگاندنە لە نێوان خەڵكیدا ) نەك هەژاری یا ڕەنگ یا نێر ومێیی یاخانەدانی یاجوانی و ناشرینی ... وە نە دەوڵەمەندی و دەسەڵاتداری یا زۆر منالّی و جەماوەر داری ( وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە كە هەر كەسە كار و كردەی پێشی دەخا نەك ڕچەڵەك و نەسەبی ، ( من أبطأ بە عملە لم یسرع بە نسبە ) ( لا فضل لعربي علی أعجمي ولا لأبیض علی أسود إلا بالتقوی ) ( لە ئیسلامدا نابێ جیاوازی لە نێوان مرۆڤێك و مرۆڤێكی دیكەدا هەبێ لەسەر بنچینەی جیاوازی یان لە ڕەچەڵەك و ڕەنگ و نیشتمان و زماندا ) بەڵكو بیر و باوەڕ و ڕەفتار چاكی و خواناسی پلەی بەراوردوو هەڵسەنگاندنە ، لێرەوە شانازی كردن بە ڕەچەڵەك و بنچینەوە لە ئیسلامدا نییە و ئەوەشی دەبینرێ یا هەر بناغەیەكی درووستی نییە یاخود لێكدانەوەی هەڵەن و پایە بەرزی هەندێك بووە لە سەردەم و بار و دۆخێكی دیاریكراوە داو دەویسترێ درێژ كرێتەوە بۆ ئێستا و داهاتوو ) .

## ( تایبەتمەندییە كانیسستمی كۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا )

بەو پێیەی كە هێڵە سەرەكیەكانی سیستمی كۆمەڵایەتی لە دیدی ئیسلامیدا و لە ئیسلامەوە وەر دەگیرێن ئەوا لێرەوە چەند تایبەتمەندی و مۆركێكی جیاكاری خۆی هەیە و لەسستمە كۆمەڵایەتییەكانیتر جیا دەكرێتەوە ..... لەوانە:

یەكەم _ ( چاودێری كردنی ڕەوشت )_

ڕەوشت پلە و پایەیەكی بەرزی هەیە لە ئیسلامدا و كاری گەری تایبەتی خۆی هەیە لەسەر سیستمە جیاوازەكان ، لەو سیستەمانەش سیستمی كۆمەڵایەتیە ئەم سیستمە زۆر

سووره لەسەر پاك و خاوێنی کۆمەڵگا و دوور خستنەوەی لە ڕەوشتە ناشرین و نزمەکان ، شەرواڵ پیسی ( زینا ) حەرامە و سزاکەی – جەڵدەکردن و ( دەر بە دەر کردن یا ڕەجم کردنە ) . بوهتان بۆ ناموس ( القذف ) کە تۆمەت بار کردنی کەسانی ترە بەزینا – حەرامە و سزا کەش جەڵدە لێدانە بۆ ئەوەی کەسی تر دەمی درێژ نەبێ و دەم پیسی نەکا و ڕانەیەت تا بەم ڕەفتارە کۆمەڵگە بۆگەن نەبێ و بە ئاسانی نەکەوێتە ( فاحشە )ەوە هەر بۆیە دەبینین تۆڵە و سزاکەی قورسە بەهەمان شێوە دەم پیسی وەکو جوێن دان و ( شتم ) لە ئیسلام داخراپەن و سزاکەشی تەمێ کردنە ، قومار بە هەموو جۆرەکانیەوە لە ئیسلامدا حەرامن و کۆمەڵگەی ئیسلامی دانی پێدا نانێ ، شایەدی درۆش بە یەکێك لە تاوانە گەورەکان دانراوە ، جاسوسی و پاش ملەیی و قسەچنی ( النمیمة ) و هەر شتێکی تر کە مایەی دوژمنایەتین لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا ... شتی نا شایستەن و سستمی کۆمەڵایەتی ئیسلام پەسەندی ناکەن ، سەودا گەریەکان لەسەر پاك و خاوێنی و نیازپاکی و سپاردە پارێزی بنیات دەنرێ و دروست نیە هیچ فرت و فێڵ و چاو و ڕا و نا پاکی و غەش و درۆیەك لە نێوان سەودا گەریەکانی خەڵکیدا هەبێ ، هیچ شتێکی خراپی تریش بە هیچ شێوەیەك لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا دانی پێدا نانرێ چونکە وەکو میکرۆب و پەتا بڵاو دەبێتەوە ، هەر بۆیە ئیسلام زۆر بە توندی ڕوو بەڕووی ئەوانە دەوەستێتەوە کە خراپەکاری بڵاو دەکەنەوە یا دەیخەنە سەر زمانەکان ئەگەر هاتوو کەسانێك لێیان وەشایەوە ئاشکراکردنی خراپەیەك وەك تاوانێکی تر وەهایە ، تەنانەت ئەگەر مرۆڤێك بە کارێکی وا هەستا کە شایەنی حەدد لێدان بوو ، وا باشە بیشارێتەوە چونکە بە دەرخستنی شایستەی لێدانی حەدد دەبێ و کارەکەشی بە ئاسایی بۆخەڵکی دەردەکەوێت .

بۆ ئەوەی کۆمەڵگەش پارێزراو بێ و بەرگری هەبێ بەرامبەر تاوان و خراپەکاری ئیسلام هەندێ هۆکاری خۆ پارێزی دەگرێتەبەر تامرۆڤ و کۆمەڵگا کەمترین خراپەکاریان تێدا ببێ لەوانە ( نا دروستی بە تەنیا کۆبونەوە و پێکەوە بوونی ئافرەت و پیاوی نا مەحرەم و دانانی باڵا پۆش و فەرمان کردن بە چاو پاراستن .... هتد

لە دیاردەکانی بەئاگابوون لە ئەخلاق لە سیستمی کۆمەڵایەتی ئیسلامدا بڵاوبونەوەی سۆز و بەزەییە لە نێوان تاکەکانیدا و لەم بارەیەوە چەندان ئایەت و فەرموودە هەن .... بەتایبەتیش بەزەیی هاتنەوە بە مناڵ و نەدار و بێ کەسەکاندا ، هەروەها هاوکاری کردن بۆ هەر کارێك کە چاکە وچاکە خوازی تێدا هەبێ ( وَ تَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَ التَّقْوَى وَ لا تَعَاوَنُوا عَلَى

الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ ) ( المائدة : من الآية ٢ ) ئيتر ئەم هاوكارىيە هەر لە خێزان و دراوسێوە بيگرە تا دەگەيتە ئاستێكى بالاّ و فراوانترى كۆمەڵگا و ئاستەكانى سەرەوەش وەكو دەوڵەت ....

بەدەمەوە هاتنى كەسانى لێقەوماو و هەژاريش جێگەيەكى تايبەتى خۆى هەيە لە ئيسلام دا و چەندان سيستمى ئيسلامى هەر لە ڕەوشتى و كۆمەلاّيەتى و سياسى و ئابورى بەشدارى ئەم بوارە دەكەن ، ئەمە جگە لەوەى بازنەى چاكەكارى لە ئيسلام دا گەلێك فراوانە و هەر شتێك مايەى سوودى ڕاستەقينەى كۆمەڵگاكان بێ و ڕۆڵى هەبێ لە بنياتنانى خۆش گوزەرانى بەدەر نىيە لە ئامانجەكانى هەريەكە لە سيستمى ڕەوشتى و كۆمەلاّيەتى لە ئيسلام دا وابزانم لێرەدا بوارى لەوە زياترمان نىيە ... هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەيە كۆمەڵگەيەكى يەكريز و هاوكار و بە سۆز بۆ يەكترى دروست بێ و هۆكارەكانى ڕق و كينە و بوغز ڕيشەكەن بكرێ و دڵەكان بە خۆشەويستى و سۆز و دڵ نەوايى ئاوەدان بێ و ژيان و كۆمەڵگەيەكى پوختەى لێ بنيات بنرێ .

**دووەم : پابەند بوون بە واتاكانى دادگەرىيەوە ،**

لەگەڵ ئەوەى ئيسلام وەكو ديد و تێڕوانين ، بير و هزرەكانى تر بە تايبەت خاوەن ئاينەكان بەخەوش دار و ناڕاست دەبينێ ئەمە لە ڕوانگەى هەڵسەنگاندنەوە بەلاّم لە بارى هەڵس و كەوت ومامەڵەدا ديدێكى هاوسەنگ و داد گەرى هەيە ، لە سيستمى كۆمەلاّيەتى ئيسلاميش ئەم ديدە داد گەرىيە زۆر بە ڕوونى بەدەر دەكەوێ ، چەندان ئايەت بە شێوەى گشتى و تايبەت هانمانى بۆ دەدات ، لەو ئايەتانەى بە شێوەيەكى گشتى باس لەوە دەكەن ( إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَ الْإِحْسَانِ وَ إِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَ يَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَ الْمُنْكَرِ وَ الْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ) ( النحل : ٩٠ ) .

- ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ ) ( النساء : ١٣٥ ) .
- ( قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ ) ( ألأعراف : ٢٩ ) .

ئەمە بە شێوەيەكى گشتى ، بە شێوەى بابەتى تايبەتيش سەبارەت بە قسەكردن دەفەرموێ ( وَ إِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَ لَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى ) ( الأنعام : ١٥٢ ) .

- لە نووسينى قەرزدا ( وَ لْيَكْتُبْ بَيْنَكُمْ كَاتِبٌ بِالْعَدْلِ ) ( البقرة : ٢٨٢ ) .
- لە حوكم و فەرمان ڕەوايى و داد وەريدا ( وَ إِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ ) (النساء : ٥٨ )
- ( فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَ أَقْسِطُوا ) ( الحجرات : ٩ ) .

- له كێشانه و پێوانه دا ( وَ أَوْفُوا الْكَيْلَ وَ الْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ ) ( الأنعام : ١٥٢ ) ( وَ أَقِيمُوا الْوَزْنَ بِالْقِسْطِ وَلا تُخْسِرُوا الْمِيزَانَ ) ( الرحمن : ٩ ) .

چەندانی تر ... ئەمە ئەگەر ئەو ئایەت و فەرموودانە بخەینە پاڵیان کە باس لەستەم و خراپەی جەور و ستەم ئەکائەوا یەکجار زۆرن و ڕۆچونیش لەم بابەتە دەمانباتە ناوەڕۆکی بواری سیاسی کە لە شوێنێکی تر زیاتر لێی دەدوێین،و لەباسی قەزاش ئاماژەی پێدەکرێ .

دادوەری لە سەجەم ئەم بوارانەدا کاریگەری خۆی دەبێ لەسەر بواری کۆمەڵایەتی و تا شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو بچوکترین یەکەی کۆمەڵگا کە خێزانە .

**سێیەم : گرنگی دان بەخێزان**

خێزان بناغەی پێکهاتەی کۆمەڵگایە و بە کۆبونەوەی خێزانەکان تیرە و هۆز و کۆمەڵگا دروست دەبێ هەر بۆیە گرنگی دان بەم یەکەیە ڕۆڵێکیسەرەکی هەیە لە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی چاك و سازدا .. ئەم گرنگی دانە یەکێکە لە خاڵە بەهێزە کانی ئیسلام و تاوەکو ئەم ساتەش ڕۆڵێکی ئیجابی بینیوە لە مانەوەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بە پتەوی سەرەڕای ئەو هەموو هێرش و پەلامارانەی کراوەتە سەر ئەم یەکەیە لە چەندەها ڕێگە و بە چەندەها هۆکار و تاوەکو ئێستەش هێرشەکان بەردەوامن بگرە زۆر دڕندانە و ستەم کارانەتر بووە و زیاتر لە لایەکەوە کاری لەسەر دەکرێ ... لێرەوەش ئەرکی موسڵمانانە دەبێ خۆیان بۆ خۆیان پێدا چونەوەی خۆیان بکەن و ئەو خاڵە سلبیانەی لە هەندێ ڕووکاری خێزان دەکەوێتەوە بەهۆی نەزانی و نا زانستیبوون و بێ ئاگاییەوە خۆ دەرباز کەن ، بەڵام ئەوە بزانرێ کە ڕۆڵی خێزان بە هیچ شێوەیەك ناکرێ و نابێ فەرامۆش بکرێ ...

هەر لەم ڕوانگەیەوە ئیسلام گرنگییەکی زۆر دەدات بە بابەتی دروست کردن و پێکەوە نانی خێزان و بە ڕێگەیەکی سروشتی ، مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی دا دەنێ و ئیسلام هانی ئەم کارە دەدات و بە یەکێك لە یاساکانیخۆی ئەژمێرێ و هانی موسڵمانان دەدات تا دەتوانن ئاسانکاری تێدا بکەن و ڕێگەی بۆ خۆش بکەن و پێغەمبەری خواش (ﷺ) هانی لاوان دەدات ئەگەر توانایان هەبێ ژن بهێنن چونکە چارەسەرە بۆ پاراستنی چاو و خۆ دوور گرتن لە شەروالْ پیسی . لەولاشەوە جگە لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان پیاو و ئافرەت لە دروست کردنی خێزان دا ، ئافرەت دەپارێزێ لەوەی ببێتە شمەکێکی سوکی بەردەستی هەر ئارەزوو مەندێك و خێزانیش دەبێتە بناغەیەك بۆ غەریزەی دایکایەتی و چاودێری و سۆزی

باوکایەتی و... ئەم سیستمەش خوا پێی ڕازیيە و کاتێ کە ئیسلامیش هات ئەم شێوازە سروشتیيەی خێزانی هێشتەوە و ئەوانی تری پشت گوێ خست .

هەر بۆیە ئیسلام هانی دروست کردنی خێزان دەدا و بە سوننەتی پێغەمبەرانی دا دەنێ ( وَ لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلاً مِنْ قَبْلِكَ وَ جَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجاً وَ ذُرِّيَّةً ) ( الرعد : ٣٨ ) لە فەرموودەیەکی (ترمذي )دا هاتووە کە : چوار شت لە سوننەت و ڕێ و شوێنی پێغەمبەرانی پێشووە لەوانەش : خەتەنە کردن ( یاشەرم بە پێی هەندێ لە گێڕانەوەکان ) و بۆن خۆشکردن و سیواك و ژن هێنان ) .

خوای گەورەش وەك ئایەتێکیخۆی باس لەم مەسەلەیە دەکا بە سۆز و خۆشەویستی کردووەتە نیشانەی ئەم پەیوەندیيە یە ( وَ مِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجاً لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَ جَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ) ( الروم :٢١ ) ژن هێنانیش ڕێگەیەکی سروشتی و حەڵاڵە بۆ تێرکردنی ئارەزووە سێکسیيەکان و بوونی نەوە و وەچە و بەردەوام بوونی ژیان و تێرکردن و گەشە پێدانی غەریزەی باوکایەتی و دایکایەتی و پتەو کردنی پەیوەندیيە کۆمەڵایەتیيەکانی تر و خزمایەتی .. بۆ پێکهێنانی خێزانیش ئیسلام ڕێ و شوێنی تایبەتی گرتووە ، لەوانە خوازبێنی و مارە بڕین و نەفەقە و .... پاشتریش دەستنیشانی مافەکانی نێوانیانی کردووە و بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکان بۆ هەر ئاستێك – ڕەچاوی حاڵەتی شیاو بەو بارەی کردووە – و بۆ کاتی نا چاریش جیابونەوە ( طلاق )ی بەڕەوا بینیوە و ...چەندەها ڕێنمایی و ئاراستەی تر کە ناتوانین لێیان بدوێین هەر یەکە لە ئافرەت و پیاویش بەرپرسیارن لە درووست کردنی ژیانێکی ئاسودە و کامەرانی پڕ بەختیاری و هەر هۆکارێکیش مایەی شێواندن و تێکدان بێ ئیسلام بە ناشەرعی و نا دروستی دادەنێ.. لەم بارەیەوە دەیەها دەقمان هەیە لە قورئان و فەرمودەی ( صحيح ) دا...

بەو پێیەش دایك و باوکیش هۆکاری بوونی منداڵ و نەوەکانیانن و بەرپرسیارن لە پەروەردە و پێگەیاندنیان ، هەر بۆیە ڕێزگرتن و بەدەمەوە بونیان لەلایەن منداڵەکانیانەوە ئەرکێکە و واجبە لەسەر منداڵ بەدەم دایك و باوکیەوە بێت ، نەوە بەتایبەت کوڕ بەرپرسیارە لە بەخێوکردن و ڕێز گرتن و دڵنەوایی دایك و باوکان و قورئانیش لەپاڵ فەرمان بە پەرستنی خوا فەرمان دەکا بە چاکە کاری لەگەڵ دایك و باوکاندا ... وەکو دەفەرموێ (وَ قَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَ بِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلاهُمَا فَلا تَقُلْ لَهُمَا أُف وَلا تَنْهَرْهُمَا

وَقُلْ لَهُمَا قَوْلاً كَرِيماً ، وَ اخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَ قُلْ رَبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيراً ) (الاسراء : ٢٣-٢٤) .

هاوکاری و بەدەمەوە بوونی نێوان تاکەکانی خێزان و بوونی سۆز و بەزەیی شتێکی ڕیشەدار و فیترییە لە ناخی مرۆڤداو ئیسلامیش ئەم پەیوەندییانە بەهێز دەکا و هەندێ ئەرك دەخاتە ئەستۆی هەندێکیان وەك پێویستی دابین کردنی نەفەقەی پیاو لەسەر ئافرەت و منداڵ لەسەر باوکیان و هی باوکی هەژار لەسەر کوڕەکانی .. لە بەرامبەریشەوە منداڵەکان مافی میراتییان هەیە و ئەمەش هەندێ خزمی نزیکی تریش دەگرێتەوە کە لە ( أحكام الميراث )دا باسی لێ کراوە .

**چوارەم : پایەی ئافرەت لە کۆمەڵگادا .**

بەوپێیەش ئافرەت لە مێژوودا ستەمێکی زۆری لێکراوە بۆیە لەسیستمی کۆمەڵایەتی ئیسلام دا پایەیەکی دیار و بەرچاوی هەیە ، باس لە ماف و ئەرکەکانی کراوە ، لەو مافانە یەکسانییە بە پیاو مەگەر لە شتێك لە ڕووی توانا و ئامادەگییەوە لێك جیابن و هەر یەکەیان بۆ بوارێك لەبارتر بن ، هەروەها مافی ژیان و پاراستنی و ڕێز لێنانی و بەدەست هێنانی ماڵ و سامان و مافی مارەیی لە کاتیمارە بڕین و مافی وەرگرتن و فێربوونی زانست و زانیاری و پیشەکان بە مەرجی ڕەچاو کردنی ئادابە ئیسلامییەکان و مافە سیاسییەکان جگە لە هەندێ جیاکاری کەم کە ئێرە جێی درێژە پێدانی نییە ، لە بەرامبەر ئەمەیش وەکو پیاو پابەندە بەو حوکمە شەرعیانەی دەکەوێتە سەری لەسەرجەم بوارەکانی بیر و باوەڕ و سەرجەم پەرستش و سەوداگەرییەکاندا و بەتایبەتیش لە چاودێری کردنیماڵ و منداڵ و ڕاگرتنی هەست و سۆزی مێرد و هاوسەرەکەی .

چونکە ئەرکی دایکایەتی و پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ بەلای ئیسلامەوە ئەرکێکی ئێجگار گەورەیە و لەوانەیە هەر لەبەر ئەوە بێ ئیسلام ئەرکی کۆکردنەوەی ماڵ و سامان و سەرپەرشتی بەخێو کردنی بواری دارایی لە ئەستۆی ئەم نەگرتبێ و چەندان فەرزی تریشی لەسەر دانەنابێ وەکو جەنگ ( قتال )ونوێژکردنی جومعە و چوون بۆ جەماعەت مەگەر خۆی پێی خۆش بێ و وەك سوننەتێك ئەنجامیدا :

لەبەرامبەر ئەمەش دا داوای لێ کردووە کە لەگەڵ نامەحرەم دا بەتەنیا کۆ نەبێتەوە و تێکەڵییەك نەکا کە ترسی ناشایستەیی تێدابێ و جوانی خۆی بەدەرنەخا و داپۆشراو بێ مەگەر دەست و دەم و چاو نەبێ و ڕەچاوی مەرجە شەرعییە کانی باڵا پۆشی بکا و لە

ڕۆیشتن و قسەکردنیدا ئاسایی بێ و هەوڵ نەدا سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ .. دیارە لەسەر ئەم بابەتانە نوسراوی یەکجار فراوان هەیە هەر کەسێ بیەوێ دەتوانێ بۆیان بگەڕێتەوە .

**پێنجەم : بەرپرسیارێتی تاك لە چاكسازی كۆمەڵگا .**

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی لەئیسلامدا لەکۆڵ گرتنی بەرپرسیارێتی چاکسازی کۆمەڵگایە لەلایەن تاکەوە ، بەومانایەی هەر تاکێکی داوای لێ کراوە بەپێی توانای خۆی هەوڵی ئیصلاح کردنی کۆمەڵگا و لابردنی خراپەکاری بدا و هاوکاری کەسانی تریش بکا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە ( وَ تَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَ التَّقْوَى ) (المائدة : ٢ ) ئەنجام بدا و باشترین هۆکار بگرێتە بەر بۆ ئیصلاح کردنی کۆمەڵگا ، جا ئەگەر تاك داوای ئەوەی لێ کرابێ ئیسلاحی کۆمەڵگا بکا ئەوا شتێکی بەڵگە نەویستە کە داوای لێ کرابێ خراپی نەکا هەروەك خوای گەورە ئەفەرموێ ( وَ لا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاحِهَا ) (لأعراف : من الآية ٥٦ ) خۆ ئەگەر مرۆڤ چاك سازی پێ نەکرا ئەوا بەلای کەمەوە ئەتوانێ خراپەکاری نەکا و هۆکاری زۆر بوونی نەبێ ، بۆنمونە بەرتیل و ڕیشوەت وەر نەگرێ و سوخۆر و بەخشەری نەبێ ... ستەم نەکا و هاوکاری ستەم کارنەبێ ...

ئەم بەرپرسیارێتییەی تاکیش ( تاکێك کە توانای هەیە و لەئاستی توانای خۆیدا ) بەپێی قورئان و سوننەت شتێکی سەلماوە و بەدەیان ئایەت و فەرموودەی لەسەر هاتووە و هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاك کاریگەرە – بە کۆمەڵگا و ئەو ڕەوشە پەرەسەندووەی تیایدا هەیە – لێرەوە لەسەری پێویستە ڕۆڵی خۆی ببینێ لە چاك سازی کردنیدا ، ئەمە جگە لەوەی بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی صالح ئەرکێك و پێویستیەکی هەرە گەورەیە و لەوانەیە بەهۆی خراپ بوونیەوە سزایەکی هەمەکی هەموویان بگرێتەوە ئیتر لەهەر جۆرێك بێت ... پێوەری چاکی و خراپی هەر کۆمەڵگایەکیش بەپێی دیدی ئیسلام مانای تایبەتی خۆی هەیە و لەمانا و بیر و بۆچونەکانی ئیسلامەوە سەرچاوە دەگرێ .

قورئانیش چاکی و خراپی هەر کۆمەڵگەیەکیش ( بەدید و ڕوانینەکەی خۆی ) بە پلەی یەکەم پەیوەست دەکا بە چاکی و خراپی ڕەفتار و نەفسیەتی تاکەکانیەوە ( إِنَّ اللَّهَ لا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ ) ( الرعد : من الآية ١١ ) تێك و پێك دان و شێواندنی کۆمەڵگاکانیش پەیوەندی هەیە بە خراپەکاری سەرکردە و بەرپرسەکانیەوە ... چەندان هۆکاری تر کە ئێرە جێی باسی نییە ...

ئەرکی سەرجەم موسڵمانانیشە ( بەدەر لە ئەرکە تاکە کەسیەکانیشیان ) بە پێی توانای خۆیان بە جۆرەها هۆکاری جیاواز هەستن بە چاکسازی و ڕێگە خۆش کردن بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی کە ڕەنگدانەوەی بەها ئیسلامی‌یەکان بێت ..

شەشەم : هاوکاری و بەدەمەوە بوون و دەستگرۆیی کردنی نەدار و هەژار و بێ نەوایان و هەتیوان .... دیارە ئەمە لە چواچێوەی سیستمی سیاسی و ئابووری ئیسلامیشدا هەمان پلە وپایەی هەیە ...

حەوتەم : کۆمەڵگەی کردار و ڕەفتار : تویژینەوەیەکی وورد بۆ قورئان ئەمانخاتە بەردەم قسە گەلێکی فراوان سەبارەت بە کردار و چۆنێتی ئەنجام دانی بە شێوەیەکی درووست و تەواو ، بابەتی کردار و کردەوە لە قورئاندا گرنگی‌یەکی تایبەتی هەیە و بابەتێکی سەرەکی‌یە لە قورئاندا ، زۆر جار دەبینین خوای گەورە ناوی کردەوەی چاك دەباو بە چەندەها شێوە و لە چەند ئاستدا باسی‌دەکا ( وعمل صالحاً ) یا ( ما عملت من خیر ) یا(وعملوا الصالحات ) یا ( و الله بصیر بما تعملون ) یا ( هنیئا لکم بما کنتم تعملون ) یا (فاعمل اننا عاملون ) یا ( و قل اعملوا ) یا ( لا اضیع عمل عامل منکم ) .

مەبەستی سەرەکی درووست کردنی مرۆڤیش تاقی‌کردنەوەیەتی بەوەی کاری چاکە ئەنجام بدا ( الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَ الْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً ) ( الملك : ٢ ) .

سەقامگیری و بەجێنشین بوون بە جووڵە و کردار نەبێ بەدی نایەت ( ثُمَّ جَعَلْنَاكُمْ خَلائِفَ فِي الْأَرْضِ مِنْ بَعْدِهِمْ لِنَنْظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ ) ( یونس : ١٤ ) .

مرۆڤیش هەر بە هۆی کرداری چاکەوە ( بە مانا فراوانەکەی ) بەهەشتی خوایی بەدەست دێنێ و بچوکترین کاری باش و خراپیش سەنگی خۆی هەیە و لە تەرازووی چاکە و خراپەدا دەبینرێتەوە ( فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْراً يَرَهُ ، وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرّاً يَرَهُ ) ( الزلزلة : ٧-٨ ) .

دیارە کار و کردار لێرەدا گشتی‌یە و بوارێکی فراوانی هەیە بەڵام بە مانای هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤیش هاتووە بۆ بەدەست هێنانی ڕزق و ڕۆزی و کۆکردنەوەی ماڵ و سامان و ئیسلام دەستی ڕێز لەو کارانە دەنێ و بە پایەیەکی گرنگی ژیانی دادەنێ و پەرستشەکانی نەکردووەتە ڕێگری لەو ڕووەوە ( فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلاةُ فَانْتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِنْ فَضْلِ اللَّهِ ) (الجمعة : ١٠ ) .

لەکاتی پەرستشی ( حەج )یش بواری کاری بازرگانی داوە ( لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلاً مِنْ رَبِّكُمْ ) ( البقرة ١٩٨) ئایەتەکەش باسە لەکاتی بەجێ هێنانی فەریزەی حەج دەکا...

پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا کە بوخاری دەیگێڕێتەوە فەرموویەتی ( هیچ کەسێکمان خواردنێکی نەخواردووە باشتربێ لەوەی کە بەدەستی خۆی پەیدای دەکا ) . دیارە لەم بارەیەوە دەیان بەڵگەی جۆراوجۆر هەن ... کە دەری دەبڕن کۆمەڵگەی ئیسلامی دەبێ کۆمەڵێکی کارا و ئیش کەر و کارامە بێ ... بەڵام مەخابن موسڵمانان ڕێ نمایی ئاینەکەیان پشت گوێخستووە و بە سەدان قۆناغ کەوتوونەتە پاش ڕەوڕەوەی گەشەسەندن و شارستانێتی‌یەوە نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بوونەتە پاشکۆی خەڵکانیتر ....

لێرەدا واز دەهێنین لەم تایبەتمەندی‌یانە چونکە شتی زۆر ماون و ئێمەش لێرەدا هەر ئەوەندە دەرفەتمان دەبێ بۆ لەسەر دووانی [1] بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە مرۆڤ دەبێ لە ئیسلامدا مافە کۆمەڵایەتی‌یەکانی بپارێزرێن ئەو مافانەی تاك لەژیان و گوزەرانی ڕۆژانەیدا پێویستی پێیەتی و لە دیدی ئیسلامیش ڕیشەدارن و لە سەردەمی یەکەم و بەرایی ئیسلامیشدا نمونەی پیادەکراومان لەسەری هەیە لەوانەش مافیکارکردن و بەدەست هێنانی سەروەت و سامانیحەڵاڵ و دروست و دوور بوون لە سەرجەم ڕێگا ناشەرعی‌یەکانی پێکەوە نانی وەکو غەش و دزی و سوو و قۆرخ کردن ...هتد لەم بارەیەشەوە دەیان بەڵگەمان هەیە و پێشتریش ئاماژەمان پێکرد . ئاسان کاری بۆ بەدەست خستنی کار و هاوکاری کردنی دەوڵەت بۆکەم و بێ درامەتەکان مێژینەیەکی هەیە لە ئیسلام دا و دەقە کانیش دەیخوازن .

چاودێری کردنی تەندروستی و گرنگی‌دان بە پاك و خاوێنی و کەم خۆری و ...هتد لە ڕێنمایی‌یەکانی ئیسلامن و خاوەنی هێز و کاریگەری لە کۆمەڵگادا بەرپرسە لە دابین کردنی تەندروستی و بەدەمەوە بوونی خەڵکی لەم بوارەدا ... لەسەر ئاستی تاکیش سەردانی

---

[1] بۆئەم باسە سوود وەرگیراوەلەم سەرچاوانە:

١- أصول الدعوة د.عبدالكريم زيدان .

٢- مواضع و قواعد الإسلامية د. عصمت هاشم حسين .

٣- منهج التغيير الإجتماعي في الإسلام د.محسن عبدالحميد .

٤- الإسلام كما نؤمن به د. يوسف القرضاوي .

٥- فقه السنة ب ٢ سيد سابق .

٦- یاسای ژیان لەئیسلامدا و: علی خدر بەردەکۆزی و خالد ولید علی .

نـەخۆش و بەدەمـەوە بـوونی ، خێـر و چـاکەیەکی گەورەیـە و مـافی بنیـات نـانی خێـزانیش یەکێکی ترە لەو بوارانەی دەبێ خەمی بخورێ و گرنگیەکەیشیمان لەپێشەوە باس کرد ، خۆ بـاس کـردن لـە زانسـت و زانیـاری و فێربـوون و پێگەیانـدنی مرۆڤــ بـۆ ئـەوەی بـەختیاری هەردوو ژیانی دەسگیر بێ شتێك ذیـیە لەسەر ووتن و باسکردنی بوێ .

لەڕووی دابین کردنی کۆمەڵایەتییەوە ئیسلام هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵگەی لەسـەر بناغـەی برایـەتیو یەکسـانی و داد گـەری دامەزرانـد کـە دەخـوازێ هاوکـاری و یارمەتیـدان و لـەخۆ بووردەیی لێ بەدی بێ ( إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ) ( الحجرات : ١٠ ) .

لـە فـەرموودەی ( صـحیح )یش دا هـاتووە : ( المسلم أخـو المسلم لايظلمـه و لايسلمه و لايخذله ) ، ابن حزم لە ( المحلى ) دا تەعلیقێك لەسـەر ئـەم فەرموودەیـە دەدا و دەڵـێ : ( هـەر کەسێ وازی لـێ بهێنـێ برسـی و ڕووت بـێ و لەکاتێکدا بـەتواناب‌ێ لەسـەر خـواردن پـێدان و پۆشتە کردنەوەی ئەوە داویە بە دەستەوە ( تەسلیمی کردووە ) .

برایــەتی تــەنها سـۆزی ڕووت ذیـیـە ، بـەڵکو پـەیمانی لـە ئەسـتۆ گـرتن و هاوکـاری و پشتیوانییە ئەمـەش لەچەند ئاستی جیاجیای یـەك لـەدوای یـەك دا دەبینـرێ کە بە خێزان دەست پێ دەکا و پێویسـت کـراوە میرات و وەسیەت و نەفەقـە لـە نێوانیانـدا هـەبێ ( وَ أُولُـوا الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَـى بِـبَعْضٍ ) ( لأنفـال :٧٥ ) پاشـان دراوسـێکان ( وَ الْجَـارِ ذِي الْقُرْبَـى وَ الْجَـارِ الْجُنُبِ ) ( النسـاء : ٣٦ ) .... چـەندان فـەرموودەی تـر لـەو بارەیـەوە پاشـان خـەڵکی گـەڕەك و کۆمەڵگـە بەگشـتی لـە ڕێگـەی زەکاتـەوە ، کـە فەریزەیـەکی فـەرز کـراوی پابەنـدە ، پاشـان بەخشینی خوازیاری جگە لە زەکات ( في المال حق سوى الزكات ) پێغەمبـەری خـواش (ع ) وەصفی ئەشعەرییەکان دەکا بەوەی بەدەم یەکەوەن و ئەگەر جلێکیان هـەبێ لـە نێوان یەکدا بەشی دەکەن .. چونکە برایەتی تیایاندا بەرجەستەیە و خۆپەرستی وون و نـا دیـارە ، پێیـان دەڵێ ئەوان لە منن و منیش لەوانم ... ئەمە جگە لەوەی هـانی موسڵمانان دەدا ئەگـەر یـەکێك زیادەیەکی هەیە لە هەر شتێك بیبەخشێ بەوەی نییـەتی تەنانـەت ئەگـەر زەوییـە و نـایکێڵێ بـا بیداتـە براکـەی تـا سـوودی لـێ ببینـێ ، عومـەریش کـە بـەم گیانـەوە پـەروەردە بـوو ، بەرهەڵستی ئەوەی کرد ڕزگارکەران ( فاتحين ) ببنـە دەرەبـەگ و بڕیاریدا ئـەو زەویانـە بکاتـە مـاڵی گشـتی موسـڵمانان ، لـە پاشیشـدا هەسـتی بـە جیاوازییـەك دەکـرد ، بۆیـە سـوور بـوو لەسەر ئەوەی دەست بگرێ بەسەر ئەو بارەدا و ئەو زیادەیە ببەخشێ بە هەژارە کۆچکەرەکان ... ئەمانە و چەندەها نمونەی تر لەبەر ڕۆشنایی وەحیدا بەدی هاتوون ... کە دەکرێ ئەمڕۆ

لەگەڵ ئەو کەلتووره مێژینەیی‌یەدا سوود لە سەرجەم چاك سازیيە پێشکەوتووەکان و بواره ئاسانکاری‌یەکان وەربگیرێ بۆچەندەها خزمەت گوزاری هاوچەرخ .

دابین کردنی کۆمەڵایەتی ، قەرزارەکان دەگرێتەوە تاوەکو بتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە و خەم و خەفەتەکانیان برەوێننەوە و ڕێبوارانێکیش دەگرێتەوە با لە شوێنی خۆشیان دەوڵەمەندبن تا کارو و بارەکانیان بەڕێ بخرێ [1] ... ئەکرێ فراوان کرێ و سەرجەم گەل لە بەرووبوم و داهاتی وولات دا ( جگە لە خزمەتگوزاری‌یە گشتی‌یەکان ) بەشداربن و لە بەرهەمی ولاتیان بە چەندەها ڕێ و شوێن و لە چەندەها شێوازەوە کەڵکی لێ ببینن و لێی سوود مەند بن ... بەڵام پێویستمان بەعەپڵیەت و خەمخۆری‌هەیە تاوەکو میللەتانی موشڵمانیش لەم دواکەوتویی‌و پاشکۆیەتی‌یە دەربازبن و لەم نێوەندەش ئێمەی گەلی کوردیش دەتوانین لەخەمی کەم و کورتیەکانماندا بین و بەهاوسەنگیەکی ناوازەوە باری کۆمەڵایەتیمان گەشەپێبدەین و دابین کاری کۆمەڵایەتی دەسەبەربکەین کە دلخوازی‌یەکی ئیسلامی‌یانە و پاشانیش بەدەربڕینی ئەمڕۆ ( نیشتمانی )یە .... ئەرکە نیشتمانیەکانیش لەچوار چێوەی بەرژەوەندی‌یە شەرعی‌یەکاندا برەوی زیاتریان پێدەدرێ و گەشەی زیاتر دەکەن .

---

[1] الحريات العامة في الدولة الإسلامية لا ٥٧-٦٦ .

هەروەها سەیری حقوق الانسان بين عدل الاسلام وجور الحكام بكه د. عبدالله الحامد .

**( سستمی ئابووری له ئیسلام دا )**

سەرەتا گرنگە ئەو سەرنجە بخەینە ڕوو کە هیچ کارێکی بەرهەم دار و چالاکی‌یەکی ئابووری بۆتاك و کۆمەڵگای موسڵمان دەرچوون و بێ‌فەرمانی‌کردنی ئیسلام نی‌یە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە جێ‌بەجێ کردنی فەرمانە جیاجیاکانی ئایینە کە هانمان دەدا بۆ کار کردن و ژێر دەست خستن و کەڵك بینین لە سەروەت و سامانەکان و گەیشتن بەوپەڕی چالاکی ئابووری ، ئەمەش دژ بەو دونیا نەویستی ( زهد )ەی هانمانی بۆ دراوە ، چونکە ( دونیا نەویستی _ الزهد _ بریتی‌یە لەوەی مرۆڤ ماددی و چڵێس نەبێ و خەمی‌سەرەکی و یەکەمی بەدەست هێنانی ماددە نەبێ و پێوەری حوکم دانی بەسەر ڕووداو و کەس و شتەکاندا ئەو ( ئەندازە قازانجە ) ماددی‌یە نەبێ کە بە دەستی دێنێ یا لە دەستی دەدا ، بەڵکو زوهد و دونیا نەویستی ئەوەیە دڵ و هەست و سۆزمان نەبەسترێ بە شت و مەکە ماددی‌یەکانەوە ، هەر لەبەر ئەوەیە هەژار و دەست کورت پێیان دەوترێ نەدار و نەبوو نەك ( زاهد ) ، چونکە لە بناغەدا هەژار و نەدار هیچی نی‌یە تا زوهدی لێ بکایا بە ( زاهد ) ناو ببرێ .

ئەوەشی لێرەدا گرنگە بە ئاگا بین لێی ئەوەیە ، ئەو بارەی سەرزەنشت دەکرێ زیادە ڕەوی و لە سنوور دەرچوونە لە چێژ و خۆشی‌یەکانی دونیا و بێ‌ئاگایی لەخوا ، ئەگینا تەنانەت بەجێ هێنانی فەرمانە ئاینی‌یەکانیش بە شێوەیەکی گشت گیر و فراوان پێویستی بە تەندروستی و دابین کردنە ئابووری وماددی‌یەکان و ماڵ و سامان هەیە .

پاك کردنەوەی دڵ و دەروون و ڕەوشت و خوومان ئەوە ناخوازێ مرۆڤ خۆی داڕنێ لە هیوا و ئاواتە ئابووری‌یەکان و خۆ قرچ کردنەوە و نەداری ، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ئیسلام دا هاندان هەیە تا مرۆڤ بتوانێ لە ڕێی ئابووری و سەروەت و سامانەوە دڵ و دەروونی خۆی پاككاتەوە و ڕەزامەندی خوا بەدەست بێنێ و خزمەت بە موسڵمانان و مرۆڤایەتی بکا، بەڵام ئیسلام داوای هاوسەنگی دەکا لە نێوان تێر کردنی داواکاری‌یە ماددی‌یە کانی مرۆڤ و خواستە ڕوحی و مەعنەوی‌یە کاندا ، نەوەکو مرۆڤ لە بواری ماددی‌دا بگاتە لوتکە و لە بواری ڕوحیشدا نەدار و کۆڵەوار بێ و لەمەشەوە چەندین نەخۆشی و لادان دروست بێ ــــ چونکە مەرج نی‌یە هەمووکات پێش کەوتنە ئابووری‌یەکان و گەشەسەندن یەکسان بێ بە بەختیاری و ئاسودەیی هەروەك لە جیهانی هاو چەرخ دا دەیبینین ــــ .

ئابووری ئیسلامی ڕێگەدەدا بە تاکەکانی پیادەی ئازادیيە ئابووریيەکانی خۆیان بکەن لە چوار چێوەی ئەو بەها و ڕەوشتە بەرزانەی کە ئەو ئازادیيە ، مەرج دار و پوخت دەکا و دەیکاتە ئامرازێکی چاکە خوازی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی ، لەم پێناوەشدا ئیسلام دوو ڕێگەوشێوازی گرتووە تەبەر :

**ڕێگەی یەکەم** : ئازادی تاکە کەسی لە چالاکی ئابووریدا پابەندە بەوەی لە شەریعەتی ئیسلام دا دەقی لەسەر هاتووە : هەر بۆیە ڕێگە نادرێ بە هیچ تاکێ هیچ جۆرە چالاکیيەکی ئابووری بنوێنێ کە دژ بوەستێ لەگەڵ ئامانجەکانی ئیسلام و بەها بالاکانی ڕەوشت و بەها ڕوحیيە کانیدا ، لێرەوەیە (سوو) و (إستغلال) کردن وپاوەن کردن ( إحتكار) حەرامە ...

**ڕێگەی دووەم** : بۆ سنوور دار کردنی چالاکی ڕەهای ئابووری ئیسلام شێوازێکی تایبەتی گرتووەتە بەر کە لە ناخی دەروونی باوەڕ داردا هەڵ دەقولێ و لە سێبەری بەها ئیسلامیيەکاندا مرۆڤی موسڵمان ئاڕاستەدەکا کە بە شێوەیەکی ئاسایی ، بە چاوێکی ڕەهاوە بۆ ئازادی ڕەهای ئابووری نەڕوانێ ، ئەمەش بە بەشێك لە پابەندبوون بە پەیامەکەی بزانێ [١] .

لێرەوە ئەکرێ بوترێ ئیسلام تەواو ڕێکە لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ ئەوپەڕی هەوڵی بخاتە گەڕ بۆ بەدەست هێنانی سەرجەم پێداویستیيەکانی و هەر شتێکی تر کە بەرژەوەندی ڕاستەقینەی مرۆڤ بیخوازێ چ وەك تاك یاخود کۆمەڵگە ، ئەو سنور بەندیانەش کە ئیسلام دایدەنێ تەنها و تەنها لە خزمەتی مرۆڤ خۆیدایە و بۆ ڕێگە گرتنە لەوەی مرۆڤ ببێتە کۆیلە و قوربانی ماڵ و سامان و ئابووری بکرێتە ئامرازێکی ماف خواردن و چەوساندنەوە هەروەك لە جیهانی ئەمڕۆدا ئەبینرێ . دیارە ئابووری ئیسلامیش وەك هەر بوارێکی تری ئیسلام تایبەتمەندی خۆی هەیە و وا باشە ئاماژە بە هەندێکی بدەین .

### ( تایبە تمەندیيەکانی بواری ئابووری لەئیسلام دا )

بەو پێيەی لە ئیسلام دا عەقیدە و بیر و باوەڕ خاڵێکی گرنگە و پەیوەستە بە دوا ڕۆژی موسڵمانەوە لێرەوە دەکرێ بووترێ سستمی ئابووریش لە ئیسلام دا بیرباوەڕ بناغەی فیکری ئەم سیستمەن و سستمی ئابووریش لەگەڵ سستمەکانی تردا ڕێ خۆشکەرن بۆ

---

[١] مذكرة النظم الاقتصادية ــ كلية الإمام الأوزاعي د. عبدالعزيز هيكل بەدەست كاریيەوە .

**ئەوەی موسڵمان بەشێك لە پەرستشەكانی لەم ڕێگەیەوە ئەنجام بدا ، لە لایەكی ترەوە ڕەچاوی ئەو بەند و سنورانەش بكا كە ئەو بیر و باوەڕ و بەها ئیمانیانە دەیخوازن و لەو خاڵانەش كە سستمی ئابووری ئیسلامی تیایدا پەیوەستە بە ماناكانی بیر و باوەڕی ئیسلامیەوە بەم شێوەیەیە :**

**١/ سەرچاوەی موڵك و سامان لە خواوەیە ، هەموو ئەم بونەوەرە تێكڕا هی خوایە و خوای گەورە دروستی كردوە و خۆیشی خاوەنیەتی** ( وَ لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَ الْأَرْضِ وَ مَا بَيْنَهُمَا) (المائدة:١٧) ( لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَ الْأَرْضِ ) ( المائدة : ١٢٠ ) . **بەوپێیە خوای گەورە خاوەنی تەسەڕوفی تەواوە و مرۆڤیش وەك سپاردەیەك لەم زەوییەدا سوود و كەڵكیان لێ وەر دەگرێ .**

**٢/ سەروەت و سامان بەشێكە لەم گەردونە و ئەم گەردونەش خوای گەورە خاوەنی ڕاستەقینەیەتی** ( وَ آتُوهُمْ مِنْ مَالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ ) ( النور :٣٣ ) **كەواتە بەخشین لە ماڵی خوایە تا هەژاران سوودی لێ وەرگرن و هەرچی لەم گەردونەش دا هەیە بۆئەوەیە سەرجەم مرۆڤایەتی سود مەند بن لێی و كەڵكی لێ وەر بگرن ، خوای گەورەش دەفەرموێ** (وَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعاً ) ( الجاثية : ١٣ ) ( أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَ مَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَ بَاطِنَة ) ( لقمان : ٢٠ ) **كەواتە هەرچی شت هەیە هی خوایە و ئێمەش لە سایەی بەخشینەكانی خوادا دەژین و لەگەڵ ئەمەشدا مرۆڤ مافی خاوەنداری و موڵكداری هەیە و ئەم مافەشی لەلایەن خواوە پێ بەخشراوە ، تاوەكو سود لە زەوی و بەرو بوم و خێر و بێرەكانی ببینێ و تەسەڕوفی پێوە بكا و خۆی بە خاوەنیان بزانێ و كەڵكیان لێ ببینێ ، قورئانیش لەم بارەیەوە دەفەرموێ** ( وَ لا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ وَ تُدْلُوا بِهَاإِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا فَرِيقاً مِنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالْإِثْمِ وَ أَنْتُمْ تَعْلَمُونَ)( البقرة : ١٨٨ ) ( وَ اعْلَمُوا أَنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَ أَوْلادُكُمْ فِتْنَةٌ ) ( لأنفال : ٢٨ )( الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ بِاللَّيْلِ وَ النَّهَارِ ) ( البقرة : ٢٧٤ ) **لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ وەكیلە لەسەر ماڵ و سامانێك كە خاوەنی ڕاستەقینەی خوای گەورەیە و پێویستە پابەندی ڕێ نمایییەكانی بێ و بەپێچەوانەشەوە لێپرسراوە لە بەرامبەر هەر كەم و كوڕییەكدا .**

**ئیمامی ( قرطبي ) سەبارەت بە تەفسیری ئەم ئایەتە** ( وَ أَنْفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُمْ مُسْتَخْلَفِينَ فِيهِ ) (الحديد : ٧ ) **دەفەرموێ ( ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕیشەی موڵكدارێتی هی خوایە ، وە بەندە بۆی نییە تەسەڕوفی تێدا بكا مەگەر لە ڕەزامەندی خوادا ... وە ئەمە بەڵگەی ئەوەشە**

که ماڵ و سامان ماڵی ڕاستەقینەی مرۆڤـ نی‌یە ، بەڵکومرۆڤـ وەکیل و سەرپەرشتیارە لە سەری . کەواتە ئەبێ هەل بقۆسترێتەوە پێش ئەوەی لێمان بسەندرێتەوە و بۆمیرات بەران بەجێ بمێنێ ) [1]ئەم تێگەیشتنە ڕاستەقینەیە سەبارەت بەماڵ و سامان وا لە مرۆڤی موسڵمان دەکا بە شێوەیەکی شەرعی ڕەفتار بەسەروەت و سامانیەوە بکا ، لە شوێنێکدا کە شایستەیە بیبەخشێ و ڕژدی نەکا چونکە خۆی بە وەکیل دا دەنێ ... وە ئەوەش دەزانێ کە دەبێ ماڵ و سامان لە ڕەزامەندی خوادا ببەخشرێ و بەکاری بهێنێ لە ڕێ و شوێنێکدا کە مەبەستی ڕاستەقینەی بونی ماڵ و سامانەکە بریتی‌یە لە گوزەران و ئەنجام دانی پەرستشێکی ڕاستەقینە و ژیانێکی پاك و پوخت ( وَ ابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَ لا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا ) ( القصص : ٧٧ ) لە هەمان کاتدا بە باشی ئەوەش تێ دەگا کە ژیانی‌دونیا لە خودی خۆیدا ( هۆکارە نەك مەبەست ) هەر بۆیە ناکرێ هۆکارەکان بکرێتە مەبەست و مەبەستەکانمان لەبیر بچێ ( وَ مَا أُوتِيتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَمَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَ زِينَتُهَا وَ مَا عِنْدَ اللَّهِ خَيْرٌ وَ أَبْقَى ) ( القصص : ٦٠ ) هەروەها دەفەرموێ ( الْمَالُ وَ الْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَ الْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌعِنْدَ رَبِّك ثَوَاباً وَ خَيْرٌ أَمَلاً )( الكهف : ٤٦ ) .

سەرجەم ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە بنەمای بیر و باوەڕ بنەمایە٣ی سەرەکی‌یە لە ئابووری ئیسلامیدا . خاڵێکی تری زۆر سەرەکی لە ئابووری ئیسلامیدا ڕەچاو کردنی مانا ڕەوشتی‌یەکانە ، وە ئەشتوانرێ بەتایبەتمەندی‌یەکی تری سستمی ئابووری ئیسلامی دابنرێ ، بۆ ئەم خاڵەش ئاینی ئیسلام چەندین ڕێ نمونی دابەزاندووە و چەندین سنوری دیاری کردووە و چەندین بنچینەی وەك هەق خوازی و ڕاستگۆیی و دادپەروەری و دەست پاکی داناوە و هانی‌داوین چەندین بەهای ڕەوشتی وەکو گیانی یارمەتی‌دان و پشت بە یەکتر بەستن و بەدەمەوە بوون و وەفا بە پەیمان و حەلاڵ خۆری و چەندان ڕەوشتی تر لەناوماندا ڕەگ دابکوتێ و ئەمانەشی بەپێویست داناوە لەولاشەوە چەندان ڕەوشتی تری حەرام کردووە کە هەریەکە لەوانە لەبواری ئابووری‌دا ڕۆڵی ناپاکی و ناشایستەیی دەبینێ لەوانە حەرامی حەسوودی و ڕق و کینە و فرت و فێڵ و چاووڕا و ڕژدی و بەخشین لە بێ‌ڕەوشتی و چێژی حەرام و عەرەق خۆری و قەرز بەسوو– سووخۆری و چەندانی تر ....

---

[1] تفسير القرطبي ج ٧ /٢٣٨ .

یەکێکی تر لە تایبەتمەدیەکان یاخود ئەو خاڵانەی ئیسلام جەختی لەسەر دەکاتەوە ، بە داخەوە لە کۆمەڵگە و دەوڵەتە بەناو ئیسلامیەکاندا نابینرێ پڕکردنەوەی پێداویستی تاکەکانە : مرۆڤ کۆمەڵێك پێویستی ماددی زەروری وای هەیە کە ناکرێ بەبێ ئەوانە ژیان بەرێتە سەر وەك پێویستی بە خواردن و خواردنەوە و جێگە و ڕێگە و خانووبەرە و جل و بەرگ و هەر شتێکی تری پاشکۆبەمانە ، جا پێویستە بۆ هەر مرۆڤێ بەلای کەمەوە ئەمانەی بۆ دابین بکرێ تا بتوانێ ژیانێکی بەڕێز و سەر بەرزانە بەسەر بەرێ ، سستمی ئابووری ئیسلامیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێ مرۆڤ لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا ئەم پێویستیانەی بۆ بەدی بێ ، بۆ ئەمەش چەندین هۆکار دەگرێتە بەر هەر لەوەی کە مرۆڤ داوای لێ کراوە خۆی هەڵسێ بە دابین کردنی پێویستیەکانی لە ڕێی هەوڵ و چالاکیەکانیەوە کە لە کار و کەسابەت دا خۆ دەنوێنن ( فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلاةُ فَانْتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَ ابْتَغُوا مِنْ فَضْلِ اللَّهِ ) ( الجمعة : ١٠ ) لە فەرمودەشدا هاتووە کە باشترین کردەوە و بەدەست هاتێ ئەوەیە مرۆڤ خۆی بەدەستی بهێنێ .

ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە پێویستە لەسەر دەوڵەت ڕێگە و هۆکارەکانی کار بۆخەڵکی دەسەبەرکا و بیان سازێنێ ئەگەر قەرزکردنیش بووە لە ( بيت المال ) ، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی خۆی بەخێو کا بەهۆی بێ توانایەوە بێ یا پیری و نەخۆشی یا نەبوونی کارەوە بێ ، ئەوا پێویستە ئەندامانی خێزانەکەی بەخێوی بکەن و نەفەقەی بکێشن بەپێی نزیکی لەو کەسەوە ، ئەو نەفەقەیە دەست نیشان دەکرێ و خۆ ئەگەر کەسی نزیکی وای نەبوو بەخێوی کا ئەوا دەبێت زەکاتیان پێ بدرێ بەو ئەندازەیەی کارەکانیان بۆ ئاسان دەبێ و لە هەژاری دەردەچن و ئەمەش مافێکی هەژارانە لەسەر دەوڵەمەندەکان و زەکاتیش لە فراوانترین بواری دابین کردنی کۆمەڵایەتیە کە هەژار و نەدارەکان دەگرێتەوە خۆ ئەگەر زەکات بەشی ئەوەی نەکرد ئەوا لە دەست هاتەکانی تری ( بيت المال ) پێداویستیەکانی تریان دابین دەکرێ کە دواتر سەربوردێکیخێرای ئەکەین ... خۆ ئەگەر بەمانەش دابین نەکرا ئەوا پێویستە دەوڵەمەندەکان هاوکاری هەژارەکان بکەن بە ماڵ و سامانێك بازەکاتیش نەبێ و لەم بارەیەوە شەرعناسان قسەیەکی زۆریان هەیە هەربۆ نمونە سەیری ( فقه السنة ب ١ ل ٣٥١ - ٣٥٦ ) بکە .

ئەمە جگە لەوەی مانای ئەم دەستەواژەیە بە پیّی بەڵگە قورئانی‌یەکان سەلماوە کە ( في المال حق سوى الزكاة ) . لە ماڵدا جگە لە زەکاتیش مافی تر هەیە و هەندێ ( أثر )یش لەوبارەیەوە هەیە .

( قرطبی و رازی ) لە تەفسیرەکانیاندا باس لەوە دەکەن کە ئایەتی ( وَ آتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَ الْمَسَاكِينَ ) ( البقرة : ١٧٧ ) دەڵێن ( إيتاء – بەخشین ) لێرەدا زەکات نی‌یە و لەهەمان کاتدا واجبە نەك سوننەت ( ڕازی ) بۆ ئەمەش چەند نمونەیەك دەهێنێتەوە لەوانەش خواردنی ناچاری پاشان ( قرطبي ) دەڵێ : ( زانایان ڕێکن لەسەر ئەوەی ئەگەر هاتوو هەژاری‌یەك ( پاش پێدانی زەکات )یش ڕووی کردە موسڵمانان ئەوا پێویستە ماڵی بۆسەرف بکرێ . ( مالك )یش دەفەرموێ پێویستە لەسەر موسڵمانان دیلەکانیان بریتی‌بکەن و ئازادیان بکەن هەر چەندە هەموو سەروەت و سامانەکەیان بگرێتەوە ئەمەش جێگەی کۆڕا (إجماع )ی زانایانە (تفسير القرطبي ب ٢ ل ٢٤١ – ٢٤٢ ، تفسیری ڕازی ب ٥ ل ٢٤).

بۆیە دەبینین بەپێی ڕای زۆرینەی زانایان لە کاتی زۆر ناچاری‌دا ئەگەر دەوڵەت خۆی نەیتوانی بار و دۆخی خەڵکی خۆش گوزەران کا و لە تەنگانە دەریان کا ئەوا دەکرێ دەوڵەمەندان پابەند بکرێ بە بەخشینی ماڵ ، بەمەش ڕێگەیەك ناهێڵرێتەوە تاموسڵمانان بە هەژاری بژین و ژیان بەر نەسەر ، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی ئیسلام دانی ناوە بە حەزە سروشتی‌یە کانی مرۆڤ بۆ ماڵ ( وَ تُحِبُّونَ الْمَالَ حُبّاً جَمّاً ) ( الفجر : ٢٠ ) بەڵام ئەوەش لەیاد ناکا کە دەبێ ئەم حەزەش سنورێکی هەبێ و نەبێتە ڕێگر لەبەردەم بەدەمەوە چوونی هەژار و نەدار و لێ قەوماواندا .

ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئیسلام چەندان ڕێ نمونی و ئاڕاستە کردنی هەیەتامرۆڤی موسڵمان و کۆمەڵگەی ئیسلامی بتوانن لە ڕووی ئابووری‌یەوە پێش بکەون و پەرە بە خۆیان بدەن هەر بۆیە کار بە فەرز دانراوە و کار کردنیش پێویستە کە لەسەر موسڵمانان تاوەکو مرۆڤ بتوانێ بە دەستی خۆی پێداویستی‌یەکانی‌خۆی دابین بکا و چاوی لە دەستی هیچ کەسێ نەبێ جا گەر پێغەمبەران کە سەرمەشقی باوەڕداران و موسڵمانانن پێویست بێ کار بکەن ئەوا پێویستە لەسەر ئەمان بەهەمان شێوەبن ( يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحاً ) ( المؤمنون : ٥١ ) سەبارەت بە باوەڕدارانیش دەفەرموێ ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَ اشْكُرُوا لِلَّهِ ) ( البقرة : ١٧٢ ) .

هەر بۆیە ئەگەر مرۆڤ شوێنێکی ئاوەدان کردەوە بەپێی ئەوەی کاری تیاکردووە و وزەی تیا سەرف کردووە دەتوانێ کەڵکیلێ ببینێ کاتێکیش کرێکارێك کارێ ئەنجام دەدا پێویستە ماف و کرێکەی پێ بدرێ ( أعطوا الأجيرأجره قبل أن يجف عرقه ) یەکێك لەوانەش کە خوا لە ڕۆژی قیامەت دا دژیان دەوەستی و ڕقی لێیانە ئەو کەسەیە کە کەسێك بەکرێ دەگرێ و کاەکەی پێ ئەنجام دەدا پاشان کرێ کەی پێ نادا هەروەك لە فەرموودەی ( بخاری )دا هاتووە ( و رجل إستأثر أجيراً ما ستوفى منه ولم يعطه أجره ) ... لەلایەکی تریشەوە کەسانی خاوەن هێز و بەخشەر و بەتوانا لای خوا خۆشەویسترە لە کەسانێك کە لاواز و بۆ خۆ ژیاون ( اليد العليا خير من اليد السفلى و أبدأ بمن تعول و خير الصدقة ماكان عن ظهر غنى ومن يستعفف يعفه الله و من يستغن يغنه الله ) ... دیارە باشترین ماڵێکیش ئەو ماڵەیە کە لای کەسێکی باش و خێرو مەندە ( نعم المال الصالح للعبد الصالح ) ئەمە جگە لە بەخشینی زەکات و خێر وخێرات لە لایەکی ترەوە چەندان حەرام کراوی تری ئابووری هەن کە خوای گەورە فەرمانی داوە لێی نزیك نەبینەوە لەوانە سوو خواردن و غەش کردن و ماڵی یەکتری شکاندن و دزی کردن لە تەرازو و پێوانەدا و نا پاکی لە سپاردە و ماڵیحەرام خواردن و قومار کردن و ڕژدی و چێژ وەرگرتن لە حەرام کراوەکان و سەودا گەری و مامە ڵەکردن بە کەرەستە حەرام کراوەکانی وێنەی عارەق و بەراز و ماددە سڕکەر و ژەهراوییەکان ، هەریەکە لەمانەش کاریگەری تایبەتی و ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر تاکی موسڵمان و پاشتریش لەسەر کۆمەڵگای ئیسلامی ، وەکو کۆمەڵگای ئیسلامیش ئیسلام داوامان لێ دەکا کە لە نێوان خۆماندا دابین کردنی کۆمەڵایەتی بەدی بهێنین و بەمەش برایەتی ئیمانی بەدی بێ و خوای گەورە وا باسی چینی هاوەڵان دەکا کە فەزڵی براکەیان داوە بەسەر خۆیاندا باخۆشیان پێویستیان پێی بوبێ ( وَ يُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَ لَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ) ( الحشر : من الآية ٩ ) .

لە لایەکی ترەوە ئیسلام داوا دەکات سەروەتو سامانەکان لە دەستی چینێك دا کۆ نەکرێتەوە و بەش بەش بکرێت نەوەکو لە دەستی هەندێك کەسدا کۆبکرێتەوە بۆ ئەوەی سامانو دارایی تەنها بەشی دەوڵەمەندەکان نەبێ ((مَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ)) (الحشر:٧)

تاكو مالّو دارایی دابەشی سەری چەندان چینی خەڵك بێت و لە هەندێكدا قەتیس نەمێنێ.....

بۆ دابەش كردنی زەكاتیش هەشت جۆر چینی دیاری كردوەو تاوەكو خێرو بێری زەكات بەپێی پێیداویستی بەسەر ئەو جۆرانەدا دابەش بكرێ *.

**تێبینی** :

بواری ئابوری كە بواری سەوداگەریو مامەڵەیە لە ئیسلامدا بوارێكی فراوانی پێدراوەو مرۆڤ ئازادییەكی زۆری لەم بوارەدا پێ دراوە ئەسڵو بناغەش تیایدا حەڵاڵیەت و كردنە مەگەر دەقێكی شەرعی هەبێت لەسەر حەرامی چالاكییەكی ئابوری بۆ نمونە((سو،ریبا))

(( **چەند بنەمایەكی گشتیی لە سیستمی ئابوری ئیسلامیدا** ))

پێشتر باسی ئەوەمان كرد كە خوای گەورە خاوەنی ڕاستەقینەی سامانو داراییە و مرۆڤ وەكیلو جێنشینە لەسەر ئەو سامانو ماڵە هەر بۆیە دەبێ بەپێی ئاراستەی خاوەنی ڕاستەقینەی بیخاتە گەڕو تەسەروفی پێوە بكات ، زەوی جێگای ژیانو ماڵی مرۆڤە و پێویستە لەسەر مرۆڤ ئەوەندەی دەژی تیایدا هەوڵی بۆ بداو ئاوەدانی بكاتەوە ((وَلَقَدْ مَكَّنَّاكُمْ فِي الْأَرْضِ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَايِشَ قَلِيلاً مَا تَشْكُرُونَ) (لأعراف:١٠)

بۆ ئەم مەبەستەش خوای گەورە هۆكارەكانی ژیانو مافی لەسەر زەویدا فەراهەم هێناوە و ڕەخساندویەتی و مرۆڤیش دیدی شەریعەتو ژیانی ئاسایی و سروشتی خۆی دەبێ و هەوڵی خۆش گوزەرانیو كارو كەسابەت دەدات و بشزانێ كە سەرجەم بەخششە ئابورییەكانی خوای گەورە ، كە لە ژێر دەستی مرۆڤ دایە وە شایەتی سوپاسو پێزانینن ، جێگەی ئەوەیە مرۆڤیش بە بەخشندەییەوە (سەخاوەتەوە)لێیان ببەخشێ لە ڕێگەی خوادا وە ڕژدو چروك نەبێ و بەردەوام لە چاكەدا بەكاری بهێنێ جیهاد بە ماڵو سامانو دارایی

---

* سەیری ئەم سەرچاوانە بكە.

١.مذكرة النظم الأقتصادية –كلية الامام الأوزاعي

٢.أصول للدعوة

٣.یاسای ژیان لە ئیسلامدا

٤.فقه السنه ب١

دروشمێکی بەردەوامی بێت و بەم هۆیەشەوە ڕەزامەندی خواو بەهەشتەکەی بەدەست بهێنێ..

لە ئیسلامیشدا (ڕێبازەکانی بەدەست هێنانی ماڵ و دارایی و شێوازی هەڵسوڕاندان و وەستان و دەست پێکردنی هێڵدراوەتەوە بۆ مرۆڤ و گۆڕانکاری‌یەکانی یان و ژیانی ئابوری کە شان بەشانی شارستانی‌یەتی تازەو گۆڕانکاری نوێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نوێ دەبنەوەو ، بەپێی بارودۆخ و پێداویستی‌یەکانی خەڵك پێك دەهێنرێت و دیاری دەکرێن لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانی ژیاندا ... واتە ئەم بوارە زیاتر بواری ئیجتهادی‌یە لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەها ڕەوشتی‌یەکان و سنوری حەڵاڵ و حەرام و سودو بەرژەوەندی‌یەکانی مرۆڤ بەگشتی..

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئیسلام چەندەها بنەمای گشتی داناوە بۆ سیستمی ئابوری ئیسلامی کە لەسەر بناغەی عەقیدەی ئیسلامی و سروشتی مرۆو بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکان هەڵچنراون و چەندان لق و چڵی لێ دەبێتەوە ..کە لێرەدا ئێمە هەندێکیان باس دەکەین ..

- ماف و ئازادی کار

خوای گەورە دەفەرموێ ((هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولاً فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِنْ رِزْقِهِ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ) (الملك:١٥)

یەکێك لە بنەماکانی ئیسلام سازدانی زەوی‌یە بۆ مرۆڤ تاوەکو سودو کەڵکی لێ ببینێ و هەر بۆیە هەرکەسێ بەتوانا بێت لەسەر کارکردن و پێویستی پێ‌یەتی دروست نی‌یە بێکار دابنیشێ و تەنانەت بەناوی پەرستشەوە حەرامە واز لە کارکردن بهێنێ ، پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: ((لا تحل الصدقة لغني ولا لذى مرة (أي قوة ) سوي )) البيهقي وابن خزيمة في (صحيفة)...

ڕێزی مرۆڤش بە کارکردنەوەیە تەنانە ئەگەر مرۆڤ هەستێ بە کۆکردنەوەی دار لە شاخ و فرۆشتنی باشترە بۆی وەك لەوەی داوا لە خەڵك بکات بیدەنی یان نا هەر وەك لە مانای چەند فەرمودەیەکدا هاتووە .

هەروەها ئیسلام کار بە نیشانەی چاکەو (فضل) دادەنێ ، من امسى من امتي كال من عمل يده امسى مغفوراً له)) الطبراني والبيهقي..

هەروەها هانمان دەدات بۆ کارکردن‌و ، تەمبەڵی‌و بێ‌توانای پێ ناخۆشەو کارکردنیش ئەگەر بە نیازێکی پاکەوە بکرێت ئەوا بە پەرستن دادەنرێت مرۆڤ پاداشتی لەسەر وەردەگرێت و خوای گەورە بە (فضل الله ) ناوی دەبات .

هاندان بۆ کارکردن و چالاکی ئابوری شێوەیەکی گشتی هەیەو تایبەت نی‌یە بە جۆرێکی دیاری‌کراوەوە وە هیچ بەندێکی نی‌یە ، تەنها حەڵاڵ بونی نەبێت (لە روانگە شەرعیەکەیەوە) هەر بۆیە هەمو چالاکیەکی ئابوری‌و جۆرەها سەودا گەری‌و کەسایەتی وێنەی بازرگانی‌و کشتیاری‌و پیشەسازی‌و شەریکایەتی و قازانج بە شەراکەت‌و بەکرێ‌دان‌و سەرجەم جۆرەکانی کارو چالاکی ئابوری دەگرێتەوە بەمەبەستی بەدەست هێنانی حەڵاڵ‌و هیچ کارێکیش مەگەر نادروست بێت ئەگینا بە چاوی سوکەوە سەیر ناکرێت مادام مرۆڤ پێویستی پێیەتی ..و مەرجێك کە ئیسلام دایناب بۆ کار ئەوەیە بە ڕێگەیەکی شەرعی ئەنجام بدرێ و بەدەست بێ‌و ناشەرعی نەبێت وەك‌و شەرواڵ پیسی‌و پارەپێوە پەیدا کردنی‌و سەماو هونەری وروژاندنی سێکسی‌و پیشەسازی مادە بێ‌هۆش‌و سڕکەرەکان ...هتد .

لە هۆکارە ناڕاستەوخۆکانی هاندانی کارو کەسابەت هاندنی ئیسلامە لەسەر هاوکاری کردنی هەژارو نەداران‌و پاداشتی دواڕۆژ لەسەری ئەمەش بەوە دەکرێت مرۆڤ بتوانێت ماڵ بەدەست بهێنێ‌و بەهەمان شێوە پاداشت‌و خێری زەکات‌و حەج (لەگەڵ ئەوشدا فەرزن) پێوستی بە ماڵە تاکو بتوانرێت وەکو فەرزێك ئەنجام بدرێت ..

هەڵبژاردنی کاری گونجاو بۆ تاکی موسڵمان بەجێ‌هێڵراوە بۆ خۆی و ئازادی پێ‌بەخشراوە بۆ کارکردن‌و بەدستهێنانی دارایی ، بێ ئەوەی زۆری لێ‌بکرێت یا بەربەستی‌و بەرهەڵستی بکرێت ، لە دەققە شەرعیەکاندا پێچەوانەی ئەوە بەدی ناکرێت ئەم بنمایەش (ئازادی کار) لەسەر بناغەی سروشتی مرۆڤ پاراستنی ڕێزو ئادەمی‌یەتی و لەسەر بناغەی بەرپرسێتی فەردی‌و بەرژەوندی کۆمەڵ بنیات نراوە مرۆڤ بە سروشتی حەزی بە ئازادی ئەکات چونکە هەربۆیە سەیر دەکەین لە ئیسلامدا ئەمەی لێ ڕەچاو کراوەو گەرکە ڕێزی بگیرێ بەڵێ مەبەست لەم بوارە کۆت نەکرێ‌و ڕێزی مرۆڤ بوونی بگرێت ..

ئازادکردنی مرۆڤش کردەوەی دەروازەیەکە بۆ تەقاندنەوەی توانای لێ‌وەشاوەیەکانی تا بیانخاتە گەڕو دەرگای کێ بەرکێ و منافەسەیەکی ئازادیان لێ بخاتە سەر پشت لە بواری ئابوری داو لە چوارچێوەی ئەخلاقیاتی بەرزی ئیسلامدا ، هەر کەسە بۆی هەیە

چالاکی‌یەکانی چەند بارە بکاتەوە پێش کەسانی تر بکەوێت بەو مەرجەی سەرەوە ، هەر بۆیە لەم بوارەدا فرت و فێڵ و دژایەتی و داشکاندنی نرخ تارادەی زیان لێکەوتن دروست نی‌یە بە بیانوی موونافسەوە ..ئەگەر هاتوو مەبەست زیانگەیاندن بووبەکەسانی ترو قۆرخ کردنی کڕین و فرۆشتن بێت لە بازاڕدا لە لایەن کەسێکەوە یان چەند کەسێکی کەمەوە بە مەبەستی داشکانی بازاڕو زیان گەیاندن بە خەڵکی ..

یەکێکی ترش لە ئەنجامەکانی بنەمای ئازادی کار جیاوازی‌یە لە سودو کەڵکی کاردا بەهۆی جیاوازی مەوهیبەو تواناو ئەندازەی هەوڵە بەکاربراوەکانی‌یەوە ئیسلامش دان دەنێ بەم جیاوازی‌یە سروشتی‌یەدا ئەگەر لە ڕێی چەند هۆکارێکی دروستەوە سەرچاوەی گرتبوو چوکە ئەندامێکی پێکەوە گرێدراوی ڕێگەجیاوازەکانی توانای خەڵقە لە ئەندازەی زیرەکی و مەعریفەت و تواناکانی‌یەوە ((نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُمْ مَعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُمْ بَعْضاً سُخْرِيّاً وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ)(الزخرف: من الآية٣٢)

ئەو جیاوازی‌یەی کە لە نێوان خەڵکی‌دا هەیە لە دەوڵەمەندی و هەژاری و بوونەو نەبوونی و ئەبێ بە هاوکاری یەکتری بکەن وە دەوڵەمەند چاوی لە هەژارەوە بێ یاخود لە ئالیەتی ئەو چاو لێبوونە دابنرێ بۆ ئەوەی چاو شۆڕی بۆ هەژاران دروست نەبێ..

سەبارەت بەو کەسانەی کە دەوڵەتی ئیسلامی ڕایان دەسپێرێ بۆ کارێکی گشتی یان پیشەیەکی دەوڵەتی بۆ دیاری دەکات وێنەی قەزاو .. هەرشتێکی تر دەبێ دەوڵەت موچەیەکی تایبەتیان بۆ ببڕێتەوە و ئیسلام لەم مەسەلەیەدا پێشینەیەکی تایبەتی هەیە ، پێغەمبەری خواش دەفەرموێ :(( من ولي لنا امراً ، وليس له منزل فاليتخذن منزلا ، أو ليس له زوجاً فاليتزوج ، او ليس له خادم فاليتخذ خادماً ، او ليس له دابة فاليتخذ دابة ، فمن اتخذ سوى ذلك ، جاء يوم القيامة نمالاً مسرفاً))[1]

ئەمە جگە لە بوونی چەند (اثر)ێك كە ئاماژە بەوە دەكەن كە لەسەر حكومەت پێویستە کارو کاسپی بۆ خەڵك بکرێت ئەگەر لەسەر ئەوە پەکیان کەوتبوو ، ئیمامی غەزالی ئەمە بە پێویست (واجب) دادەنێ ، خۆ ئەگەر کەسانێك لانەوازو دەستەپاچە بوون لە کاردا ئەوا دەبێ دەوڵەت لە خزمەتیاندا بێت جگە لەو ڕێگایانەی تر کە لە پێشەوە باس کران ...

(1) اخرجه الطبراني في الصغير والكبير والامام احمد في مستده ، انظر السيوطي جامع الاحاديث ج٦/٦٣٥ (حقوق الانسان ص٦٧)

## ((مافی موڵکداریێتی تاییەتی "الملکیة الفردیة"))

سەبارەت بە بابەتی موڵکداریێتی جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئابوری ناساندا بەدی دەکرێت لەلایەکەوە هەندێك دەڵێن خەڵکی ئازادییەکی ڕەهایان هەیە لە بەموڵك کردنی سەرجەم کەرەستە ماددیو مەعنەوییەکان واتە بە موڵك کردنی هۆکارەکانی ژیانی شەخسی یان هۆکارەکانی بەرهەم هێنانو کارو خۆشگوزەرانی و جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەم ئازادییە ڕەهایە هۆکاری پێشکەوتنی مرۆڤو شارستانییەکەیەتی و پاڵنەری یەکەمو کۆتاییە بۆ هەر کارێك کە مرۆڤ پێی هەڵدەستێت ئیتر چ لە بەرژەوەندی خۆیدا بێت یان کۆمەڵ جا ئەگەر مرۆڤ ئازادی تاکەکەسی خۆی بەدەست هێنا و هۆکارەکانی ژیانێکی ئاسودەی بۆ بەدیهات ، ئەوا کۆمەڵیش هەمان شتی بۆ دروست دەبێ ، چونکە کۆمەڵگە لە کۆمەڵێك تاك پێك دێت هەر بۆیە نابێ بەندو کۆت لەسەر ئازادی کارو موڵکداریێتی دابنرێ بەهەر بیانویەکەوە بێت بەرژەوەندی تایبەت یان گشتیی ، ئەمەش ئەو بیرەیە کە بە فیکری سەرمایەداری یا سیستمی ئازادی یان ئابوری ئازاد ناسراوە ، ئەمڕۆش ئەو ڕژێمە ڕۆڵی هەیەو بنەماکانی بەجێ دێنێ ، لەولاشەوە لە کاردانەوەی ئەم بیرەدا کۆمونیستی دژ بە سلبیاتەکانی سەرمایەداری سەری هەڵداو ڕۆڵی تاکی یەکجار بەرتەسك کردوو مرۆڤی داڕنی لە مافی موڵك داریێتی هۆکارەکانی ژیانو کارو بەرهەم هێنان و خۆشگوزەرانی و مرۆڤی لە مرۆڤایەتی بوونەوە گۆڕی بۆ ژمارەیەك لە تۆمارێکی گەورەدا .

ئەوەشی روونە بریتییە لەوەی ئابوری ئیسلامی بە ڕەهایی لە رووی موڵکدارییەتییەوە پڕاوپڕ یەکسان نییە بە هیچ یەکێك لەو دوو سیستمەو بیرو ڕوانینی تایبەتی خۆی هەیەو لە پێشەوەش ئاماژەمان بە هەندێك کرد ، بەڵام ئەوەی لێرەدا واباشە بیخەینە روو مافی موڵکداریێتی تایبەتییە وەك خاسیەتێکی ئابوری ئیسلامی سەرتا ئەومان زانی کە موڵکداریێتی ڕاستەقینەو ڕەها هی خوای گەورەیە و مرۆڤ جێنشینە لەسەری تاوەکو لەم ژیانەدا درێژە بە ژیانی بداو زەوی ئاوەدان بکاتەوە ..

یەکێك لەو ڕاستییە سەلماوانەی کە لە شەریعەتی ئیسلامدا هەیە و هەر کەسێك کەمی شارەزی هەبێت ئەیزانێ ئەوەیە کە ئیسلام دانی ناوە بەمافی موڵکداریێتی تاکەکەسیو تاکەکان بەم ئیقرارەش دەگونجێ تاکەکەس بێت بە موڵکدار خوای گەورەش فەرمویەتی ((أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا خَلَقْنَا لَهُمْ مِمَّا عَمِلَتْ أَيْدِينَا أَنْعَاماً فَهُمْ لَهَا مَالِكُونَ)) (یس: ٧١)

لێرەدا خوای گەورە مافی موڵکدارێتی سەلماندوە بۆ خەڵـــکی بۆ ئەو شتانەی خۆی بۆی دروست کردوون .. هەروەها فەرموویەتی(( وَإِنْ تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ لا تَظْلِمُونَ وَلا تُظْلَمُونَ)(البقرة: من الآية٢٧٩) ئەم ئایەتە موڵکدارێتی بۆ خەڵکی سەلماندوە و وەسامانو دارایی وەك موڵكو شتێکی تایبەتی مرۆڤ ،، داوەتە پاڵ مرۆڤ هەروەها دەفەرموێت: ((وَلا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّه)(الأنعام: من الآية١٥٢) هەروەها دەفەرموێت: ((الَّذِي يُؤْتِي مَالَهُ يَتَزَكَّى وَسَيُجَنَّبُهَا الْأَتْقَى) (الليل:١٧-١٨) وە فەرمویەتی ((فَمَا أَغْنَى عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ) (الحجر:٨٤) ، سەرجەم ئەم ئایەتەو هاووێنەکانیان سەروەتو سامان دەگێڕێتەوە بۆ مرۆڤ بەشێوەیەك بەڵگەیەکی یەکلایی‌و دەم کوتکەرو ڕۆشنە لەسەر ئەوەی ئیسلام دان دەنێ بە بنەمای موڵکداری تاکەکەسی ، لە سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەریشدا فەرمودەیەکی زۆر هەیە لەسەر بنەمای دان نان بە بنەمای مافی موڵکدارێتی تاکە کەس بنیات نراوە ، لەوانە میراتی ، زەکات ، مارەیی لە نیکاح دا ، نەفەقە، هتد...

ئەم شەریعەتە موڵکدارێتی‌یەی تاکە کەس هەموو ماڵو سامانو دارای‌یەکی مرۆڤ دەگرێتەوە ،ئیتر ماڵکە بگوازرێتەوە یان ماڵەکە عەقارو زەوی‌وزار بێت ، بخورێ یان نەخورێ ئاژەڵ بێت یان رووەك ، هۆکاری بەرهەم هێنان یان هۆکاری بەکار بەر ...

سەرجەم ئەمانە ئەکرێ ماڵو سامانو دارایی مرۆڤ بێت بەبێ هیچ بەندو کۆتێك ئەگەر لە ڕێگەیەکی ترەوە بە دەقی شەرعی تر حەرام بکرێ ، وەك حەرامی موڵکدارێتی لە ڕێگەی سوو قومارو عەرەق‌و یا بە ڕێگەیەکی حەرام کرا بێت بە موڵك وەك دزین‌و داگیرکردن و ئیستغلال کردن‌و بەهۆی بونی نفوزو دەسەلاتو قرغ کردن‌و غەش‌و ناپاکی‌و شتی تر ...

بنەمای مافی موڵکدارێتی تاکە کەس لە ئیسلامدا ئەوە دەخوازێ کە مرۆڤ بە شێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ ماڵو سامانیدا بکاتو بەرامبەرش ڕێزی موڵکداری خاوەن ماڵ بگرێ و بە شێوەیەکی ڕەواو شەرعی تەسەروفی پێوە بکرێ :

خوای گەورەش فەرمویەت :((وَلا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ ))(البقرة: من الآية١٨٨) ).وە فەرمویەتی (( وَلا تَأْكُلُوا أَمْوَالَهُمْ إِلَى أَمْوَالِكُمْ إِنَّهُ كَانَ حُوباً كَبِيراً))(النساء: من الآية٢)..

وە پێغەمبەریش فەرمویەتی :((ولا يحل مال امرئ مسلم الا بطيب من نفسه )) ئیسلامش سزای دانەوە بۆ هەرکەسێ ئەم پابەندی‌یە دەشکێنی دەست درێژی دەکاتە سەر مافی موڵکدارێتی کەسانی تر ، لەم بارەوە سزای دزو ڕێگرو ناپاکی لە سپاردەو تالان کردن‌و ... وێنەی ئەمانە هەیە جا ئەو سزایانە سزای حدود بێ یان تەمێ کردن...

داننان به مافی موڵکداریێتی تاکەکەس لە ئیسلامدا مانای ڕەهایی ئەو مافانەیە بەدەر لە هەر بەندو کۆتی ، بەڵکۆ هەلوێستی ئیسلام تەنها هەڵوێستی پاراستن و پارێزگاریە ، لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەوەی ئیسلام دان دەنێ بە مافی موڵکداریێتی و پاراستنیدا لەگەڵ ئەوەی ئیسلام دان دەنێ بەمافی موڵکداریێتی لەگەڵ ئەوشدا کۆمەڵێك بەندو کۆتی داناوە هەر لە بەدەست خستنییەوە تا بەخشینەوەو لەناوچوونی و سەرف کردنی ، بەم ڕێگایەش ئیسلام سەبارەت بە مافی موڵکداریێتی تاکەکەسی دوو هەڵوێست پێکەوە دەگرێت و کۆدەکاتەوە ،یەکەمیان دان پێدانان و پاراستنی ، دووهەمیان کۆت و بەند دانان و ڕێکخستنی ئەو مافانەیە ، ئەم (قەید) دانانە لەم شێوانەدا خۆی دەنوێنێ .

یەکەم:سەبارەت بە دروست بوونی موڵکداریێتی تایبەتی ، ئیسلام بەمەرجی گرتووە لە ڕێگەیەکی شەرعییەوە بەدەست نەهاتبوو و وە ئیسلام دانی پێدانانێ و نایپارێزی ، بەڵکو فەرمان دەکا لە دەستی دەربهێنرێ و بگەڕێنرێتەوە بۆ لای خاوەنی ئەصلی ، ئەگەر نەبینرا ، ئەوا لە (بیت المال) دادەنرێ ،

### هۆکارە شەرعییەکانی موڵکداریێتی بریتین لە

(أ) دەسکەوتن و دەسگرتن بەسەر بەسەر ماڵ و سامانێکی حەلاڵدا، لە ژێر ئەمەشدا ئەم شتانە جێی دەبێتەوە :

ڕاوکردن، زیندو کردنەوەی زەوی مردو و پاکژو گژوگیای بێ خاوەن و دەرهێنانی کان و زێڕو زیوو هتد.. بەچەند مەرجێکی دیاری کراو و ... یا هەر پێدانێکی تری ڕەوا وێنەی زەکات ..

ب- لە ڕێگەی عەقدو سەودا گەرییەکانی و وەك و کڕین و فرۆشتن و بەخشین و بازرگانی و بەکرێدان و شەراکەت و کشتیاری و چەندان سولح و مارەیی و ... چەندان شتی تری وەکو ئەمانە ئەگەر هاتوو بەو چۆنیەتیە بوو کە ئیسلام دەیخوازێ .

ج- لەهەر شتێکی تر مرۆڤ دەستی دەکەوێت بەبێ بەرامبەرو بەو شێوەیەی مرۆڤ بۆی دروستە وەکو میراتی و وەسیەت و خێرو خێرات - هەر شێوازێکی تری شەرعی کە بەدی دین و دیانەت بن بە چەمك و بنەما ئیسلامییەکان جا ئەگەر مرۆڤ لەم ڕێگە شەرعیانەوە موڵکداری بۆ دروست بوو وەخۆی پاراست لە ڕێگا نادروستەکانی ئەوا ماڵەکەی حورمەتێکی ئەبێ و هیچ کەسێ بۆی نییە دەوڵەتیش بێ بە شێویەك لە شێوەکان دەستدرێژی بکاتە سەری ، بە مەرجی مافە شەرعییەکانی لێ جێبەجێ بکات ، ئیتر گرنگ نییە چەندەو

جۆرەکەی چیـیە چونکە دیدی شەرعی لە بابەتی موڵکداری تاکە کەسی دا :شەرعی بونە نـەك چـەندێتیو چـۆنیەتی ... هـەر بۆیـە ئیسـلام ڕەوایـەتی هـەموو سـامانو دارایـیەك دەسەلمێنێ هەرچەندە زۆر بێ بە مەرجێ بە شەرعی بەدەست هاتبێ و ناڕەوای هەر ماڵو سامانێ دەسەلمێنێ هەرچەندە کەم بێ ئەگەر بە نادروستی بەدەست هاتبێ ...

 موڵکدارێتی لە ئیسلامدا چەند مەجێکی پێویستە لەوانە پێویستی جێبەجێکردنی مافـەکان وەکـو مـافی زەکـات بـە هـەموو جۆرەکانیـیەوە هـەروەها هـەموو بەخشـینو خێـرو خێراتـەکان و هـەروەها مەرجـە لـە ڕێگـەی دروسـتی بەدەسـت هـاتنی گەشـەدان بەسـەروەتو سامانی هـاو وێنـەی بازرگـانیو گشـتیاری و هتـد.. بەدەسـت هاتبـێ ، ئیسـلام دان نانـێ بـە گەشەیەك کە بەهۆیەکی پڕوپوچو حەرامی نادروستەوە بەدەست هاتبێ وەك سوو و کڕینو فرۆشتنی عەرەقو یانەو قومارو هتد... کە سەرجەم ئەمانە هۆکارێکی ناشەرعی بەدەست هێنانی سامانو داراییـن .

ئەمە جگە لەوەی ئیسلام کۆمەڵێك کۆتو سنور دادەنێ کە ئازادی مرۆڤ سنوردار دەکەن لە تەصروف کردن بەو ماڵو سامانە مەشروعەی کە هەیەتی ، لە چۆنیەتی بەکاربردنیدا :

لەوانـە : هاوسـەنگیو میانـڕەوێتی لـە خـواردنو خواردنـەوەو بەخشـین و سـەرفکردنندا :(( وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلا تُسْرِفُوا ) ) (لأعراف: من الآية٣١) ((وَالَّذِينَ إِذَا أَنْفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُـرُوا وَكَـانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَاماً)) (الفرقان:٦٧) .

ئەمـە لـەو شـتانە کـە دروسـتن بـەڵام سـەرف کـردن لـە شـتە حەرامەکانـدا ئـەوا بـە کـەمو زۆریـیەوە نادروسـتە و حەرامـە هـەروەها نادروسـتی مـاڵ لـە نـاوبردنو سـوتانو لەکـەڵك خستنیو حـەرامی (تبـذیر) و (اسـراف) ... وە (حیجـر) خسـتنە سـەر هەنـدێ کـەس لـە مـاڵ سـەرف کردنـدا وە هـەروەها (تـدخل) کردنـی دەسـەڵات لـە هەنـدێ حاڵـەتی وادا کـە زیـانێکی گـەورە بـە بەرژەوەنـدی گشـتی و کۆمەڵگـە بگەیـەنێ و بـە ڕێگـەی یاسایی و لەلایـەن دەزگـای تایبەتـەوە ئـەنجام بـدرێ و کـە هەنـدێ جـار دوور نیـیە بگاتـە ئاسـتی دەسـت بەسـەراگرتنو حجز کردن .

(( مافی میراتی و وەسیەت ))

لـەو بنەمایانـەی لـە شـەرعی ئیسـلامدا دانـی پێـدا نـراوە مـافی میراتیـیە ، ئەگـەر کەسـێك مـردوو مـاڵو سسـامانێکی بـەجێهێڵا ، ئـەوا خزمـە نزیکـەکانی میراتییەکـەی

وەردەگرن بەپێی نزیکیان ، هەریەکەشیان بەشێکی دیاریکراوی هەیە لەو میراتەی کە لە مردوو بەجێ دەمێنێ بەپێی کۆمەڵێ مەرج و هۆکار کە لە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامدا دانی پێدا نراوە و ئەم مافەش لەسەر بناغەی فیترەت و دادگەری دامەزراوە ڕێزی خاوەن ماڵی تیادایە ، بەوەی مرۆڤ حەزدەکات ماڵ و سامانەکەی بەسەر خزمە نزیکەکانیدا دابەش بکرێ و سودی لێ ببینن و شەریعەتیش بەشەکانیانی دیاری کردوە و دوای خۆشی دەبێتە هۆی بەگڕ خستنی ماڵەکەیی و دابین کردنی کۆمەڵایەتیش بۆ ئەندامانی خێزانەکەی بەدی دێنێ و ماڵ و سامانەکەشی بەش بەش دەبێ و بلۆك نابێ لە شوێنێکدا ، ئەمەش بنەمایەکی گرنگی سستەمی ئابوری ئیسلامیە .. هاوکات لەگەڵ ئەمەش شەریعەتی ئیسلامی ڕەچاوی وەسیەت و ڕاسپاردەکانی مردوش دەکات بەمرجی ئەوی نەبێتە بێبەشکردنی میراتگرەکان و زیاتر نەبێ لە سێیەك و هتد..

((داهات و پێدان لە ئابوری ئیسلامیدا ))

بەپێی دەقەکانی قورئان و سوننەت کۆمەڵێك سەرچاوە هەیە بۆ داهاتەکانی دەزگای ئابوری ئیسلامی یان ئەوەی پێی وتراوە بیت المال لە سەرەتای ئیسلامدا بەپێی ئەو بارودۆخەی کە هەبووە هەندێکەس وەکو کارمەندی کاتی لە کۆکردنەوەی زەکات یان خێرو خێرات یان دەسکەوتەکانی جەنگدا کارییان تیادا کردوە وە پاشتریش بەپێی گەشەکردنی کۆمەڵگەی ئیسلام بە تایبەت لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب دا گەشە دراوە بە دەزگای کۆکردنەوەی داهات و دابەش کردنی بەسەر ئەوانەی شایستەی بوون ، بیت المال جێگەی خەزێنەی گشتی ئەم سەردەمە بووە ، بەپێی دەقەکانیش داهاتەکانی بریتی بوون لە :

١. زەکات بە هەموو جۆرەکانییەوە (مەڕومالات و ئاژەڵ و جۆرەکانی کشتوکاڵ و دانەوێڵەو بەروبووم و ئاڵتون و زیوو و کان و ماڵی کۆنی دۆزراوە (رکاز) و ماڵی بازرگانی .

هەروەها جزیەو خەراج و دەیەك (عشور) و دەستکەوتەکانی جەنگ و ئەوانەشی بەبێ جەنگ بەدەست دێن هەروەها ئەو موڵك و سامانە گشتییەی لەسەر زەوی و نێو زەویدا بەدەست دێن وەك و نەوت و گۆگردو هەرشتێکی تر .. لەلایەکی ترەوە سەروەت و سامانی ئەوانەی میراتگریان نییە ... لە ڕێگەی سەرزەنشت کردن و تەمێکردنەوە لەسەر ئەوانە دادەنرێت کە سنور شکێنی دەکەن یان دەوڵەت پێویستییەتی و داوا لە دەوڵەمەندو بووەکان دەکات یان داهاتی دەزگاکانی دەوڵەتن یان هەرشتێکی نوێ کە لە بازنەی حەڵاڵیدایەو

دەکرێت لەمڕۆدا دەوڵەتی ئیسلامی سودیان لێ ببینێ وەك سەرجەم پرۆژەکانی تری دەوڵەت کە بە شێوەیەك لە شێوەکان قازانجەکەی بۆ دەوڵەت دەبێ یان بەر دەوڵەت دەکەوێت هەریەکە لەمانەو هی تریش جێگەی باس و خواسی زۆرەو لە نوسراوە تایبەتیەکاندا قسەیان لەسەر کراوە....

ئەمە هەندێك بوو لە داهاتەکانی بەڵام ئایا ماڵ و سامان بەکێ دەبەخشرێ و کێ وەری دەگرێ و شایستەیەتی ئەوا دەکرێت بە کورتی ئاماژەیان پێ بکەین .

ئەو جۆرانەی کە شایستەی زەکات پێدانن و قورئان لە هەشت جۆردا پۆلینیان دەکات ((إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ)) (التوبة:٦٠)

(( نەبوەکان ، هەژاران ، ئەوانەی بەشیان ناکات ، ئەوانەی کارمەندی دەزگای زەکاتن ، ئەوانەی تازە موسڵمانن ، یا دەویسترێ دڵیان ڕابگیرێ و جێگیر کرێن ، بۆ ڕزگار کردنی بەندەوکۆیلەو ئەوانەی دەیانەوێ ئازادبن (ئەگەر هەبوون) ئەوانەی قەرزارن و ناتوانن بیدەنەوە ، لە پێناوی خوادا – ڕێبواران )) ..

هەروەها بڕینەوی یارمەتیدان بەوانەی کارو پیشەیەکی بەردەوامیان نیەیە لە دەوڵەت و نێو کۆمەڵگادا ، یان سەرف کردنی بۆ پرۆژە گشتییەکان و ئەو کارو خزمەتگوزاریانەی کە سودی کۆمەڵگەی تێدایە ، خۆ ئەگەر سەروەت و سامان زۆرو زەبەند بوو لە وڵاتدا ئەوا سەرجەم خەڵکی بەشیان تیادا هەیەو دەکرێ بە هەر شێوەیەکی شیاوو لە بار بەسەریاندا دابەش بکرێ..

ئەمە جگە لەوەی بە شێوازی تر لە سەرئاستی تاك و کۆمەڵیش کەسانی تریش هەن شایستەی پێ پێبەخشینن لەوانەش ((يَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنْفِقُونَ قُلْ مَا أَنْفَقْتُمْ مِنْ خَيْرٍ فَلِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ بِهِ عَلِيمٌ)) (البقرة:٢١٥)

١. دایك و باوك : لەبەر ئەوەی منداڵ لەلایەن ئەوانەوە بەخێو کراوە.
٢. أقربين : (خزم و کەس وکار) ئەمەش بۆ تۆکمەیی و پتەوی باری کۆمەڵایەتیە .
٣. هەتیوان: ئەوانەی نەگەیشتونەتە ئاستی گەورە بوون و توانای لەسەر کارکردن .
٤. فعل الخير: لەهەر شتێکی تردا کە چاکەو چاکە خوازییە لەهەر شوێن و کاتێکدا بێت .

هەروەها لە ئایەتێکی تردا باس لەم جۆرانەی تر کراوە :

- **الجاري ذي القربى: دراوسێی نزيك هەرچەندە موسڵمانيش نەبێ .**
- **الجار الجنب: دراوسێی تەنيشتو نزيك.**
- **الصاحب بالجنب: هاوەڵی سەفەر ... وە سودو کەڵك پێ گەياندنی ..**

**ئەمانەش ولەم ئايەتەدا ئاماژەيان پێ کراوە:**

((وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئاً وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً وَبِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَالْجَارِ الْجُنُبِ وَالصَّاحِبِ بِالْجَنْبِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ مَنْ كَانَ مُخْتَالاً فَخُوراً)) (النساء:٣٦)

**هەروها لە دەقێکی تردا هەندێکی تری بۆ زياد دەکات وەك:**

((وَالْمُهَاجِرِينَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ)) (النور: من الآية٢٢) **ئەوانەی لە پێناوی خوادا کۆچ دەکەن .**

- **السائل : ئەوانەی خۆيان سواڵ دەکەن .**
- **المحروم: ئەوانەی شەرم دەکەن لە داوا کردن .**
- **البائس الفقير: زۆر نەدارو لێکەوتووە.**

**ديارە سيستمی ئابوری لە ئيسلامدا سيستمێکی ئاڵۆزو فرە ڕەهەندەو يەکێکە لەو بابەتانەش کە لە زۆر بواردا حسابی سەودا گەری بۆ دەکرێ و بواری ئيجتهادو بەرژەوەندیيە بەردەوامەکانن ، دەيگرێتەوەو گۆڕانکاریيەکانی سەردەم ڕۆڵی دەبێ لە نەخشە بۆ کێشانو پێداچونەوەو ئيجتهاد کردن تيايدا ،ئەمە جگە لەوەی پێويستە ئاليەتی هاوچەرخ بۆچونێکی وەرگرتنی داهاتو دابەشکردنيانو ڕێگاکانی بەدەست هێنانی ماڵو سامانو قازانج بە گشتیو هەڵسو کەوت کردن لەگەڵ دونيای ئابوری نوێدا دەستەبەر بکرێ ياخود باسکردن لەو نەخشە سازيانەی کە دەبێ ئابوری ئيسلامی لەمڕۆدا بەدی بهێنێ[1] .**

---

(١) **سەيری ئەم سەرچاوانە بکە .**

١. **الاسلام /سعيد حوى .**
٢. **اصول للدعوة /عبدالكريم زيدان.**
٣. **مذكرة نظم الاقتصادية/ د.عبدالعزيز هيكل.**
٤. **حقوق الانسان بين عدل الاسلام وجور الحكام /عبدالله حامد .**

## ( سیستمی جیهاد له ئیسلام دا )

سیستمی جیهاد و تێکۆشانیش یەکێکی تره لەو سستمانەی ئیسلام گرنگی‌یەکی یەکجار زۆری پێ داوه و مانایەکی فراوانیشی پێ بەخشیوه ( جهاد )له ئیسلام دا بریتی‌یه لەوەی مرۆڤی موسڵمان ووزه و توانا و کۆششی بخاته گەڕ بۆ سەرخستنی ئیسلام و موسڵمانان له پێناوی ڕەزامەندی خوادا ، وه لەپێناو ڕزگار کردنی چەوساوه و لانەوازەکاندا ئەوانەی تووشی ستەم و زۆرداری بوون * و خۆیان بێ توانان له بەرگری بۆیه دەووترێ (له پێناوی خوادا ) تاوەکو جیهاد بەمانا شەرعی یەکەی بەدی بێ و جیا بکرێتەوه له (جیهادێك) که بێ باوەڕانیش له پێناوی ماناو مەبەستی خۆیاندا ئەنجامی دەدەن ، قورئان به زاراوەی (فیسبیل الطاغوت ) ناو زەدی دەکا وەك له قورئاندا هاتووه ، ( الَّذِينَ آمَنُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوتِ) ( النساء ٧٦ ) جیهاد کردن چەند جۆرێکه له وانه جیهاد بەزمان و بەماڵ وبه دارایی و جیهاد به نەفس (يَاأَيُّهَاالَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنْجِيكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ، تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَ رَسُولِهِ وَ تُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ ) ( الصف :١٠ – ١١ ) ئەم ئایەته لەگەڵ ئەوەی باس له جیهادی ماڵ و سامان و نەفس دەکا له هەمان کاتدا پله و پایەی جیهاد کارانیش ڕوون دەکاتەوه .

چونکه جیهاد له ئیسلامدا به مانا گشتی و تایبەتی‌یەکەی گرنگی‌یەکی زۆری هەیه و خێر و گەورەیەکەشی له زۆر شوێنی قورئان و فەرموودەی ( صحیح )دا هاتووه و زانایانیش له کتێبه کانیاندا دەروازه و بابی تایبەتیان بۆ داناون و کتێبی سەر بەخۆیان له سەر نوسیوه و زانایانی هاوچەرخیش ئەم بوارەیان پشگوێ نەخستووه ، فەرز کردنی جەنگ ( قتال ) وەك بەشێکی سەرەکی ( جهاد ) خوی بۆ خوی ناخۆشی و ئازار و شوێنەواری هەیه بەلام ناخۆشیەك ژیان و خێری لێ دەکەوێتەوه و سەرەئەنجام بەرهەمی

---

٥. یاسای ژیان له ئیسلامدا.

٦. فقه السنة /سید سابق.

٧. نظام الحكم في الاسلام تقي الدين النبهاني.

* هەروك قورئان ئاماژەی پێدەکا (ومالكم لاتقاتلون فى سبيل الله والمستضعفين من الرجال والنساءوالوالدان الذين يقولون ربنا أخرجنا من هذه القرية الضالمي أهلها) النساء /٧٥

شیرینی لێوە بەدەست دێ ئەگەر ( ضوابط )ی شەرعی تیا ڕەچاو کرا و هەرەمەکیانە پەنای بۆ نەبرا وەك لەقورئاندا هاتووە : (كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَ هُوَ كُرْهٌ لَكُمْ وَ عَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئاً وَ هُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَ عَسَى أَنْ تُحِبُّوا شَيْئاً وَ هُوَ شَرٌّ لَكُمْ وَ اللَّهُ يَعْلَمُ وَ أَنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ ) ( البقرة :٢١٦ ) هەر لەم ڕوانگەیەوە ( شەهید )کە لە پێناوی خوادا کوژراوە لەلای خوا زیندون و ڕۆزیيان دەدرێتێ و ( مجاهد )یش باشترین کەسێکە و جێگەی بەهەشتە و هیچ شتێکیش خێرو پاداشتەکەی ناگا بە جیهاد دا .... هەر بۆیە قورئان داوا دەکا موسڵمانان بە پێ توانایان خۆیان ئامادەکەن بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی دوژمنانیان بەهەر هێز و توانایەك کە هەیانە یا دەتوانن بە دەستی بهێنن ، (وَ أَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَ مِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَ عَدُوَّكُمْ وَ آخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَ مَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَ أَنْتُمْ لا تُظْلَمُونَ ) ( لأنفال :٦٠ ) دیارە ئەمەش بەپێی زەمین و زەمان – شوێنکات – دەگۆڕێ و خۆ ئامادەکاریش بۆ ئەو حاڵەتە پێویستیەکە و گەرەکە کاری بۆ بکرێ و کەمتەرخەمیش لەوەدا پاشەڕۆژی موسڵمانان تووشی لاوازی و ژێر دەستی دەکا .. جیهاد لوتکەی هەرە بەرزی ئیسلامە و جیهاد کارانیش لە بەرزترین جێگای بەهەشت داو لەو دنیاش دا خاوەنی ڕێزن و پێغەمبەری خواش لە هەمووان زیاتر سەرقاڵی جیهاد بووە و لە پێناوی خوادا تێ کۆشاوە و بە ڕاستی جیهادی ڕاستەقینەی کردووە ، بە دڵ و زمان و شیر ..... سەرجەم ساتەکانی وەقف بووە لە سەر جیهاد .... هەر لە مەککە و لە سەرەتای ( بعثة ) دا خوای گەورە فەرمانی پێ دەکا جیهادی ووشە و ڕوونکردنەوە لەگەڵ بێ باوەڕان بکا و فەرموویەتی ( فلا تطع الكافرين وجاهدهم به جيهادا كبيرا ) (فرقان / ٥٢ ) جیهادی دوو ڕوانیش بە بە ڵگە و حوجە بووە ، جیهادی بێ باوەڕانیش بەشێکە لە جیهادی نەفس (( المجاهد من جاهد نفسه فى ذات الله )) أخرجه الترمذي – بگرە جیهادی نەفسیش لە پێش جیهادی دوژمنەوەیە و جیهادی شەیتانیش لە نێوان ئەم دوو جیهادەدایە (ان الشيطان لكم عدو فاتخدوه عدوا)فاطر/٦).

لێرەوە وەك (ابن القيم ) دەڵێ جیهاد چوار پلەیە .

جیهادی نەفس و شەیتان و بێباوەڕ و دوو ڕوانە .

جیهادی نەفس چوار پلەیە

یەکەم : جیهاد کردنێتی لەسەر فێربونی هیدایەت .

دووەم : جیهادکردنێتی لەوەدا کەپاشتر کار بەو عیلمە بکات کە فێری بووە .

سێهەم : بانگەشەی بۆ بکات ، چوارەم : خۆ ڕاگر بێت لەسەری ..

**جیهادی شەیتانیش دوو پلەی هەیە :**
**یەکەمیان: جیهادکردنی لەسەر ئەو گومان و شوبهانەی کە شەیتان دروستیان دەکات .**
**دووەم : دژایەتی کردنە لە سەر ئەو ئارەزوانە ( شهوات )ی دەیانخاتە ڕوو .**
**یەکەمیان بەدڵنیایی ( عدة الیقین )وە دووەمیان بەخۆڕاگری (عدة الصبر)بە گریمانەی بەرگرییان لێ دەکرێ خوای گەورەش فەرموویەتی** ( وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ) (السجدة:٢٤) .

**جیهاد و بێ باوەڕی دوو ڕووەکانیش چوار پلەیە بە دڵ و زمان و ماڵ و نەفس ، جیهادی بێ باوەڕانیش تایبەتە بەدەست ( الید ) و جیهادی دوو ڕوانیش زیاتر تایبەتە بە زمان (اللسان ) . پلەیچوارەمیش جیهادی ستەمکارو خراپەکارو بیدعەچیانە ئەمەش سێپلەیە ، بەدەست ئەگەر توانرا ، ئەگەر بێتوانابوو ئەوا دەگوازرێتەوە بۆ زمان ، ئەگەر بێ توانا بوو ئەوا بە دڵ ئەمە سیانزە پلەی جیهادە و** ( من مات ولم یغزو ولم یحدث نفسه بالغزومات علی شعبة من النفاق) **. جیهادیش بەبێ کۆچ بەدی نایەت و هیجرەت جیهادش بە ئیمانەوە دەکرێ ئەوانەشی بە هیوای ڕەحمەتی خوان ئەوانەن هەستاون بەم سێیە خوای گەورە فەرمویەتی** :(إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ اللَّهِ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (البقرة:٢١٨) [(١)]

**کاتێك دەڵێین سستمی جیهاد لە ئیسلامدا زیاتر ئەمانەوێ ئاماژە بەو بوارەی ئیسلام بکەین کە باس لە جەنگ (قتال) و ڕێوشوێنەکانێتی .. ئەوەی ئەمڕۆ لە وەزارەتی بەرگریو مەکتەبی عەسکەریدا جێی دەبێتەوە .. دیارە ئاماژەکردنیش بۆئەم بوارە لە حاڵەتێکدایە (قتال) لە رووی شەرعی واقعیو کاتو شوێنو پێداویستی(عدة) وە بەدی هاتبێ..**
**لە ئیسلامدا لەم بارەوە باس لە چەندین بابەتی وەكو (امارة) و (ولایة) (جهاد الطلب) و (جهاد الدفع)و (سمع و طاعة) دەکرێ جگە لەو ئامادەکارییە ئیمانیو نەفسیو لاشەییانەی لە چەندان رووی ترەوە ئەنجام دەدرێ .**
**پێغەمبەری خواش (ﷺ) باسی گرنگی فێربونی تیرهاوێژی دەکات ((من علم الرمي ثم ترکه فلیس منا او قد عصی)) رواه مسلم ، وە چەندان فەرمودەی تر للەو شێوەیە ..**

---

(١) **مختصر زاد المعاد لأبن القیم ، تألیف الامام محمد بن عبد الوهاب . ل ٩٢ ــ ٩٦ .**

هەر لەو بارەیە باس لە گرنگی سەرکردەو پێویستییەکانی سەرشانی سەرکردەی سوپا دەکرێ وێنەی ((ڕاوێژکردن و دڵ نەرمی بەرامبەریانو ودڵ فراوانی و ڕێکخستنی کاروباری جەنگی و تەکتیەکانی جەنگو شارەزایی بەسەرجەم بوارەکانی چۆنیەتی هەڵسو کەوت لە کاتی جەنگدا..

هەر لەم میانەشدا باس لە گوێڕایەڵی سەربازو پێشمەرگە (مجاهدین) دەکرێ بۆ فەرماندەکانیان و پێویستی خۆڕاگری لە کاتی بەرنگاربوونەوەو ڕاکردندا مەگەر بۆ تەکتیکاتی جەنگیو فرتوفێڵی شەڕ بێت . لە هەمان کاتدا بەبەزەیی بوون لەگەڵ منداڵو ئافرەتو نەخۆشو پیرو ڕاهیبەکانو ڕێز گرتنو ئازار نەدانی دیلو گیراوەکانو هەرلەم ڕووەوە ئیسلام ڕێو ڕەسمی ڕێککەوتنو ئاشتی باس کردوە ئەوەشی کە لە جەنگو شوێنەوارەکانی دەکەوێتەوە وە حوکمەکانی دیاری کردوە ، وێنەی (غنیمة) و (فيء)(*) و چۆنیەتی مامەڵە کردن لە گەڵ دیلو گیراوەکاندا ..

جیهاد خۆی لە خۆیدا مەبەست نىیە بەڵك ڕێگەو هۆکارێکە بۆ پاراستنی بوونو کیانی موسڵمانان و ڕێگە خۆش کردن بۆ نەهێڵانی ئەو لەمپەرانەی ڕێگرن لە بەردەم گەیاندنی بانگەوازی ئیسلامو هەروەها پاراستنیماڵو سامانو ناموس و خوێنی خەڵکی بە گشتیی.

لێرەوە دەوترێ ئیسلام ڕەحمو بەزەییە بۆ خەڵکیو پەیوەندی موسڵمانان و ئەوانی ترە ، دادگەریو چاکەخوازییە لەگەڵیان (لا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ) (الممتحنة:٨) لە ئیسلامدا بنەماو ئەصل ئاشتییە نەك شەڕ جەنگیش لە دوو بارودۆخدا شەرعیەت وەردەگرێ ، بارودۆخی یەکەم : حاڵەتی بەرگری کردنە لە نەفسو ناموسو سەروەتو سامان لە دەستدرێژی ، خوای گەورە دەفەرموێت: ( وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ ) (البقرة:١٩٠) سەعدی کوڕی زەید دەفەرموێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی ((من قتل دون ماله فه شهيد ، ومن قتل دون دمه فهو شهيد ومن قتل دون دينه فهو شهيد ومن قتل دون اهله فهو شهيد )) رواه ابو داود والترمذي والنسائي، هەروەها خوای گەورە فەرمویەتی ((وَمَا لَنَا أَلَّا نُقَاتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِنْ دِيَارِنَا وَأَبْنَائِنَا)) (البقرة: من الآية٢٤٦) .

---

(*) بۆ ئەم مەبەستە سەیری فقه السنه ب٣ بکە ، بە درێژی باس لەم بابەتانەو جهاد بە مانا (قتال ) یەکەی کراوە .

**بارودۆخی دووەم:** بارودۆخی بەرگری کردن لە بانگەوازی خوایی ئەگەر هاتو یەکێك لە ڕێگەدا وەستاو بوە کۆسپو سزای باوەڕدەرانی دەدا یان بەرگری چونە ناوی لێدەکردن یا نەیاندەهێشت بانگخوازان بانگەوازی خۆیان بکەن ، ڕێگر دەبوون لەوەی خەڵکی قەناعەت بە ئیسلام و ئاینەکەی بهێنن [1] بۆ ئەم حاڵەتەش ئەم بەڵگانە دەهێنرێتەوە ..

**یەکەم:** خوای گەورە فەرموویەتی :( وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُمْ مِنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ وَلا تُقَاتِلُوهُمْ عِنْدَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّى يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ فَإِنْ قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ كَذَلِكَ جَزَاءُ الْكَافِرِين وَ قَاتِلُوهُمْ حَتَّى لا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ فَإِنِ انْتَهَوْا فَلا عُدْوَانَ إِلَّا عَلَى الظَّالِمِينَ)( البقرة :١٩١– ١٩٣ ) ..

ئەم ئایەتە ئەم چەند ئاراستەیەی لەخۆ گرتووە .

١. فەرمانی جەنگان لەگەڵ ئەو کەسانەی دەست پێشخەریو دەست درێژی دەکەن بۆ ئەوەی ئەو دەستدرێژیانە نەهێڵرێ . جەنگی بەرگری کردن لە خۆ لە سەرجەم شەریعەتو بیروباوەڕەکاندا مەشروعو دروستە ، ئەمەش لەم فەرمودەیەی خوای گەورەدا بە روونی دەردەکەوێت ( وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ ) .

٢. بەڵام ئەوانەی دەستپێشخەری ناکەن لە دەستدرێژیدا دوژمن کار نین ئەوا نابێت دەستدرێژی بکرێتە سەریان ، چونکە خوای گەورە نەهی کردوە لە دەست درێژیو ستەم زۆرداریشی حەرام کردوە هەروەك دەفەرموێ ( وَلا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ ).

٣. پەیوەست کردنی هۆکاری نەهی کردنە کە لەدەستدرێژی بەوەی خوای گەورە دەستدرێژکەرانی خۆش ناوێت ، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم نەهی کردنە (محکم)ەو شیاوی ( نسخ ) بوون نییە ، چونکە ئەمە هەوڵدانە بەوەی خوای گەورە دەست درێژی کردن (اعتدا )ی خۆش ناوێت هەوڵدانیش بەشتێکی لەم شێوەیە لە بازنەی ( نسخ )و سڕینەوەدا نییە چونکە دەستدرێژیو ستەمو زوڵمە ، خوای گەورەش ستەم کاری خۆش ناوێت .

---

[1] گەیاندنو ڕێگری لە بانگەوازو چۆنییەتی هەڵسوکەوتی دروست لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا زۆر زیاتری دەوێت هەروا بە ئاسانی لەمڕۆدا یەکلا ناکرێتەوە .

٤. جەنگی مەشروعیش مەبەستێکی سەرەکی هەیە ئەوش بەرگری کردنە لەوەی باوەڕداران توشی ( فتنە ) نەبن‌و ئازار نەدرێن وبە ئازادیش خوا بپەرستن‌و پیادەی ئاینەکەی بکەن‌و لە هێمنی و ئاسایش دا بژین‌و ترسی هیچ دەست درێژی‌یەکیان نەبێت .

دووەم: خوای گەورە دەفەرموێت : ( وَ مَا لَكُمْ لا تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَ الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَ النِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا وَاجْعَلْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ وَلِيّاً وَ اجْعَلْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ نَصِيراً ) ( النساء : ٧٥ ) .

ئەم ئایەتە دوو هۆ لە هۆکارەکانی قیتال‌و جەنگانی باس کردوە .

یەکەمیان : جەنگان لە پێناوی خوادا ، ئەمەش ئەو مەبەستەیە کە ئاین هەوڵی بۆ ئەدا ، تاوەك‌و فتنە روونەدات‌و ملکەچی بۆ خوا دەربڕدرێ.

دووەمیان : جەنگان لە پێناوی چەوساوەکاندا ، ئەوانەی لە مەکەدا موسڵمان بوون نەیان دەتوانی کۆچ بکەن ، قورەیش ئازاری دەدان‌و دەیان ویست لە ئایین هەڵیان بگێڕنەوە لە خوا دەپاڕانەوە تا خوای گەورە لەو بارودۆخە ڕزگاریان بکات ئەمانش دەبێ پارێزگاری بکرێن‌و ئازاری ستەمکارانیان لەسەر لا ببرێت تاوەك‌و ئازاد بن لەوەی قەناعەتیان پێیەتی و مل کەچن بۆی..

سێهەم: خوای گەورە دەفەرموێت : (( فَإِنِ اعْتَزَلُوكُمْ فَلَمْ يُقَاتِلُوكُمْ وَ أَلْقَوْا إِلَيْكُمُ السَّلَمَ فَمَا جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ عَلَيْهِمْ سَبِيلاً )) ( النساء : ٩٠ ) .

ئەوانەی کە لەگەڵ قەومەکانی خۆیاندا نەجەنگاون لەگەڵ موسڵمانانشدا نەجەنگاون خۆیان دوورگرتووە لە دژایەتی هەردوولا وە ئەم خۆ دوور گرتنەش خۆدوورگرتنێکی ڕاستەقینە بوو مەبەستیان پێی ئاشتی بوو ئەوا نابێ موسڵمانان بچنە سەریان .

چوارەم: خوای گەورە دەفەرموێت : (( وَ إِنْ جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَ تَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ وَ إِنْ يُرِيدُوا أَنْ يَخْدَعُوكَ فَإِنَّ حَسْبَكَ اللَّهُ )) ( لأنفال : ٦١-٦٢ ) .

لەم ئایەتەدا فەرماندراوە بەبەدەمەوەچون‌و مل کەچ بوون بۆ ئاشتی ئەگەر دوژمن ملی پێدا ، هەرچەندە مل پێدانەکە لە رووی فرت‌و فێڵ‌و تەڵەکەشەوە بێ ..

پێنجەم: لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەبەستی بووە بانگەوازەکەی بگاتە هەموو شوێن‌و جێگەیەك ، بەڵام لە رووی جەنگەکانی‌یەوە ئەتوانرێ بوترێ سەرجەم جەنگەکانی بەرگری بووە نەك دەستریژی کردن ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نی‌یە هێرش بەر نەبووە چونکە یاسای شەڕ ، دروست بوونی هەمو جۆرەکانی جەنگ بەرگری ، هێرش بردن لەخۆ دەگرێ

بەڵام هیچ یەکێك لە جەنگەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناچێتە خانەی ئەوەی پێی بوترێ دەستدرێژی ، فەتحی مەککەش ئەوە روون و ئاشکرایە چۆن بووەو پاش ( فتح )یش پەیمانشکێنی هۆزە ( مشركة ) کانیش هەر لەو بازنەیەدایە ... ئەمەش لەم ئایەتدا بەدەر دەکەوێت .. (( أَلا تُقَاتِلُونَ قَوْماً نَكَثُوا أَيْمَانَهُمْ وَ هَمُّوا بِإِخْرَاجِ الرَّسُولِ وَ هُمْ بَدَأُوكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ أَتَخْشَوْنَهُمْ فَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَوْهُ إِنْ كُنتُمْ مُؤْمِنِينَ قَاتِلُوهُمْ يُعَذِّبْهُمُ اللَّهُ بِأَيْدِيكُمْ وَ يُخْزِهِمْ وَ يَنْصُرْكُمْ عَلَيْهِمْ وَ يَشْفِ صُدُورَ قَوْمٍ مُؤْمِنِينَ وَ يُذْهِبْ غَيْظَ قُلُوبِهِمْ وَ يَتُوبُ اللَّهُ عَلَى مَنْ يَشَاءُ وَ اللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ )
( التوبة١٣، ١٤,١٥)

وە کاتێکیش هەموویان گەلەکۆمەیان کرد و رووبەرووی موسڵمانان بوونەوە ، خوای گەورە فەرمانی دا جەنگ لەگەڵ هەموویان بکرێت ، خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت:(( وَقَاتِلُوا الْمُشْرِكِينَ كَافَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَافَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ )) ( التوبة : ٣٦ )...

سەبارەت بە کوشتار و جەنگ لەگەڵ جولەکەشدا ، ئەوا لەبەر ئەوە بوو سەرەتا پەیمان نامەیان لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) مۆر کرد پاش ئەوەی کۆچی کردبۆ مەدینە ، بەڵام زۆری نەبرد پەیمان شکێنیان کردو و چونە بەرەی هاوبەش پەیداکەران و دووڕووەکانەوە و دژ بە موسڵمانان و لە جەنگی ئەحزابیشدا دژ بە موسڵمانەکان جەنگان ، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی دابەزاند ... (( قَاتِلُوا الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَ لا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَ لا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَ لا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ)(التوبة:٢٩) .هەروەها فەرمویەتی :
( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قَاتِلُوا الَّذِينَ يَلُونَكُمْ مِنَ الْكُفَّارِ وَ لْيَجِدُوا فِيكُمْ غِلْظَةً وَ اعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ )
( التوبة : ١٢٣ ) .

شەشەم : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەلای ئافرەتێکی کوژراودا تێپەڕی فەرموی :( ما كان هذا لتقاتل ) ، ئەمە جەنگاوەر و شەڕکەر نیيە .. لەمەشەوە دەزانرێ کە هۆی حەرامی کوژرانی ئەوەبوو کە هاوکاری شەڕکەرانی نەکردووە و جەنگاوەر نەبوون ، جەنگانی ئەوان هۆکارە بۆ جەنگ کردنی ئێمە لەگەڵیان نەك هەر تەنها ( کوفرە کە ) هۆکار بێ.

حەوتەم : ئیسلام زۆر کردنی بەیەکێك لە ڕێگە و هۆکارەکانی چونە ناو ئاین دانەناوە ، بەڵکو لەچەندین ڕێگەوە ئەوە بەدیدێ لەوانە خستنە گەڕی عەقڵ و بیر و سەیرکردنی ئەم گەردونە پان و بەرینە و زەمین و ئاسمانەیە ... (( وَ لَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعاً أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَنْ تُؤْمِنَ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَ يَجْعَلُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لا

يَعْقِلُونَ ، قُلِ انْظُرُوا مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَ الْأَرْضِ وَ مَا تُغْنِي الْآيَاتُ وَالنُّذُرُ عَنْ قَوْمٍ لا يُؤْمِنُونَ ) ( يونس :٩٩ – ١٠١ ) ..( لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِ )) ( البقرة :٢٥٦ ) .

سەلماویشە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دیلی هەبوە و زۆری لەکەسیش نەکردوە تا بێتە ناو ئیسلامەوە و موسڵمان بێ مەگەر تەنها هانی دابێت ، هاوەڵانیشی هەر بەو شێوەیە بوون .ئیمامی (أحمد ) لە ( ابو هريره )ەوە ئەگێڕێتەوە کە ( ثماقة الحافقي ) بە دیل گیرا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەچوە لای و دەیفەرموو ها ( ثمامة ) دەتەوێ چی بکەیت ؟ ئەویش ئەیفەرموو : ئەگەر بمکوژی کەسێکی خاوەن خوێن دەکوژی ، ئەگەر منەتیش بنێی ئەوا منەت دەخەیتە سەر کەسێکی سوپاس گوزار ، ئەگەر سامان و دارایشت دەوێ هەرچیت دەوێ دەت دەینێ .

هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەزیان دەکرد بە بریتی ( فیدیە ) بەری بدەن دەیان ووت چی بکەین لە کوشتنی ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ لایی و ئەویش موسڵمان بوو پاشان کردییەوە و ناردی بۆ لای بێستانەکەی ( ابي طلحة )و فەرمانی پێدا خۆی بشوات ئەویش خۆی شۆرد و دوو ڕکات نوێژی کرد.. سەرەنجام پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:(لقد حسن اسلام اخيكم ) براکەتان بەباشی موسڵمان بوو ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ باوەڕهێنان هیچ هێزێکی بەکار نەهاوردووە ..

سەبارەت بە گاورەکانیش پێغەمبەری خوا (ﷺ) جەنگی لەگەڵ هیچیان نەکردووە ، لەدوای سوڵحی حودەیبیەش نێردراوەکانی نارد بۆلای هەموو پاشاکان و بانگەشەی کردن بۆ موسڵمان بوون لەوانەش قەیسەر و کیسرا ومەقۆقس و نەجاشی و پاشاکانیعەرەب لە ڕۆژهەلات و شام ، هەندێك لەوانەی ویستیان هاتنە ناو ئیسلامەوە و موسڵمان بوون لە گاور و خەڵکی تریش ، لەم کاتەدا ( گاورەکانی ) شام هەندێ لەوانەیان کوشت کە موسڵمان ببون . سەرەتا گاورەکان دژ بە موسڵمانان دەوەستانەوە و بە ناهەق و ستەم کاری هەندێ لەوانیان کوشت .

جا کاتێك گاورەکان ( نصاری ) دەستیان کرد بە کوشتاری موسڵمانان پێغەمبەری خوا (سرية )یەکیبە فەرماندەیی زەیدی کوڕی حاریثە نارد ، ئەویش جەعفەر و پاشان عەبدوڵای کوڕی ڕەواحەی دەست نیشان کرد بۆ فەرماندەیی کردنیان ، ئەمەش یەکەم جەنگێك بوو موسڵمانان لە ( مؤتە ـــ ی زەوی شام )دا دژ بە گاورەکان بەرپایبکەن و خەڵکێکی زۆری گاور گەلە کۆمەیان لە موسڵمانان کرد و هەرسێ فەرماندەکەش شەهیدکران و خالیدی کوڕی

وەلید دوای ئەوان ئالاَ هەڵگر و فەرماندەیی‌یانی کرد و توانی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ڕزگاریان بکات.

لەمەوە ڕابورد بە ڕوونی‌ئەوە بەدەر کەوت کە ئیسلام فەرمانی بە جەنگ نەداوە مەگەر بۆ بەرگری لە دەست درێژی و دوژمنکاری و پاراستنی بانگەواز و بەرهەڵستی ستەمکاری و تەنگ پێ هەڵچنین و ئازادی دینداری نەبێ ، ئا بەم شێوەیە جەنگان و شەڕکردن ( قتال ) دەبێت بە یەکێك لە فەرزەکانی دین و واجبێکی پیرۆز و ناوی دەنرێ بە ( جیهاد )...[1]

لەجیهانی ئەمڕۆشدا ئەوە بەدەر کەوتووە کە هەر وولاَتێك لاواز و بێ‌هێز بێ لە بوارە جۆر بە جۆرەکاندا لە هیچ هاوکێشەیەکدا سەنگی بۆ دانانێن و بەهیچ شێوەیەك ناخوێندرێتەوە و دەبێتە ژێر دەستەی بەرژەوەندی خوازان و دەوڵەتە بەهێزەکان ... بەڵام پێویستە ئەو بەهێزی‌یە تەنها لە یەك ڕووەوە نەبێ ، بەڵکو گشت گیر و هەمە لایەنە کاری لەسەر بکرێ .

لێرەوەش تێکۆشان لە پێناوی خوادا ( الجهاد ) دەبێتە کارێکی دانەبڕاوی ژیانی موسڵمان و بەردەوام لە تێکۆشاندا دەبێ و جیهاد لەگەڵ خۆیدا دەکا تا لەسەر مل کەچی و بەخشینی‌ماڵ و سامان و نەفس بۆ ڕەزامەندی خوا ڕای بهێنێ ، بەزمان و قەڵەمی تێ‌دەکۆشێ تاوەکو ماناکانی ئیسلام ڕوون بکاتەوە و هەڵبەستراوی پڕوپوچان ڕوون و ئاشکرا کاو لە هەموو بار و دۆخێکدا لە خۆشی و ناخۆشی‌دا لە لاوازی و بەهێزی‌دا ، لە هەژاری ودەوڵەمەندیدا ئەبێ لە بیری جیهادا بێ ، ئەمەش قسەی ( مفسرین )ە ، سەبارەت بەم ئایەتە ( انْفِرُوا خِفَافاً وَ ثِقَالاً وَ جَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَ أَنْفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ ) ( التوبة :٤١ ) .

( لەڕاستی‌دا جیهاد لە ئیسلام دا ( عِدّة ) و ( عُدّة )ی دەوێ و ( إعداد )یش کە هێز (قوة) یە ڕووی ماددی و ( معنوي ) هەیە کە هیچیان بێ ئەوی تر ناکرێ .. ئامادەکاری (معنوي)ش هەر شتێ دەگرێتەوە کە لە بنیاتنانی مرۆڤ دا ڕۆڵ دەبینێ لەڕوی باوەڕ و ڕۆشنبیری و ڕەوشت و سەرجەم پێکهتاتە جۆر بە جۆرەکانی تر ... هەر کارێکی سەرومر بۆ پێگەیاندن و بەدی هێنانی دەست بژێرێکی وەها کە لە ئاست ئەم ئاینە و بەها کانیدا بێ ... لە ئاست داوا و ئەو ڕووداو و واقیعانەدا بێ کە موسڵمانان گوزەری دەکەن و موسڵمانان ئاڕاستە دەکەن ڕووەو سەقامگیری و سەرکەوتن و چەسپاندنی یەکتاپەرستی بەگشت ڕەهەند و چڵ و

---

[1] سەرچاوەی‌پێشوو بەکەمێك دەسکاری‌یەوە هەروەها ( أصول الدعوة ) .

پۆپەکانیەوە ، دیارە ( جیهاد )یش ئەوە هەڵدەگرێ هەموو توانایەکی بۆ بخرێتە کار .چونکە باج ( ضریبة )ی جیهاد هەرچییەك بێ و چەندە گەورە بێ ناگاتە باج ( ضریبة )ی ژێر دەستی و سەرشۆڕی و مل کەچی بۆ ستەم و ستەم کاران ، جیهاد مەبەستەکەی یا سەرکەوتنە یا( شهادة ) کە هەردووکیان بە سەرکەوتن و سەرفرازی دادەنرێت ، بەڵام بە پێچەوانەوە جگە لە سەرشۆڕی دونیا و ڕیسوایی دوا ڕۆژ شتێکی تر بەدی ناکرێ .

( جیهاد ) بەتایبەت لەڕووی مانا ( قتال )یەکەیەوە ئەگەر تاك یا کۆمەڵ پێی هەستێ پێویستە ڕەچاوی ئەنجامەکەیی و ئەو بەرژەوەندی و خراپەیە بکرێ کە لێی دەکەوێتەوە، جا ئەگەر تای تەرازوی بەرژەوەندییەکان (مصالح )ی قورستر بوو لەزیان ( مفاسد )ەکانی، ئەوا جێ بە جێ دەکرێ ، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو ئەوا خۆڕاگری دەکرێ تا کاتیخۆیی و جۆرێکی تری جیهاد پیادە دەکرێ ... چونکە جیهاد ( شرع لغيره لا لذاته ) . واتە جیهاد لەبەر مەبەستێکی ترە نە تەنها لەبەر شەڕ و کوشتار و جیهاد کردن . [1]

---

[1] الطريق إلى استئناف حياة إسلامية وقيام خلافة راشدة على ضوء الكتاب و السنة ، عبدالمنعم مصطفى حليمة (أبوبصير ) ط الأولى ١٤٢١هجرية ــ ٢٠٠ ميلادية ، الناشر المركز الدولي للدراسات إسلامية (لندن) .

## سستمی تاوان و سزادان ( الجريمة و العقوبة ) له ئیسلام دا

سستمی سزادان له ئیسلام دا یەکێکی تره لەو سستمانەی ئیسلام بۆ ژیانی مرۆڤی دەست نیشان کردووه ، سستمی سزاکان بۆ سنوردار کردنی مرۆڤه له کاتێکدا دەستدرێژی دەکاته سەر مافه کانی تری مرۆڤ یا بەکارێك هەڵدەسێ له شەریعەتی ئیسلام دا تۆڵەیەکی دونیایی بۆ دانراوه ، پاش ئەوەی له بازنەی موسڵمانەتیدا جێگەی بووەتەوه .. سستمی سزاکان یا ئەوەی به یاسای تاوان و سزادان ( نظام الجريمة و العقوبة ) یا یاسای جینائی ئیسلامی دادەنرێ ، له کاتێکدا پەنای بۆ دەبرێ که هیچ هۆکارێکی تر وای له تاك نەکردبێ خۆی لەو تاوانانه بپارێزێ واته هۆکارەکانی تر بێ کەڵك بوبێتن له بەرهەڵستی کردنی ..

مرۆڤ له ئیسلام دا سەرەتا له ڕێگەی بیر و باوەڕ و پاککردنەوەی دەرونەوه کاری لەسەر دەکرێ بۆ ئەوەی مرۆڤێك بێ ، ترسی خوای گەوره و هەست به لێپرسراوێتی ڕۆژی دوایی له ناخیدا بچەسپێ و به قەناعەتەوه گوێ ڕایەڵی خوا و پێغەمبەری خوا ببێته بەشێك له بوونی،پاشان خۆی بپارێزێ له هەر کارێکیحەرام کراو که زیان به خۆی و کەسانی تر دەگەیەنێ...

له هەمان کات دا کۆمەڵگەی ئیسلامی به فەرمان ڕەوا و فەرمان بەرداریيەوه داوای لێ کراوه زەمینه سازی چاکه خوازی و چاك کرداری بسازێنێ ، بۆ ئەوەی خەڵکی بیانوی خراپەکاری و سنور شکێنیان نەبێ ، خۆ ئەگەر لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا خەڵکی ئەو تاوانەیان ئەنجام دا که له شەریعەت دا حەددی لەسەر هەیه ، ئەوا لێرەوه شایستەی هەندێ سزای دیاریکراو دەبن ...

ئامانج و مەبەستی سەرجەم ئەو سزایانەش که ئیسلام دایناوه و ئەو تاوانانەی حەرامی کردووه و تۆڵەی جەستەیی لەسەر داناوه ، بۆ پاراستنی کۆمەڵگەیه له تێکچون و پاراستنی ئاسایشیەتی لەوەی توشی ئاڵۆزی و نالەباری و داڕوخان ببێ ..

سەرجەم کۆمەڵگاکان لەسەر چوار دەزگای سەرەکی دامەزراون و ڕاگیراون ئەوانەش سستمیخێزان و موڵکدارێتی گشتی و سستمی کۆمەڵایەتی و فەرمان ڕەوایی . ئیسلامیش سوره لەسەر پاراستنیان تاوەکو هێمنی و سەقامگیری بچەسپێ و هەرچیش دەست درێژی بۆ سەر ئەم چواره بکا ئەوا به توندی ڕووبەڕووی دەوەستێتەوه ، ئەودەست درێژیيانەی که ئیسلام بەدەست درێژیيان دادەنێ بۆ سەرئەم دەزگایانه بریتین له : زینا – بوهتان هەڵبەستن –القذف – عەرەق خۆری – دزی – یاخی بونیچەکداری ( الحِرابه )و ڕێگری –

ردة – دەست درێژی ( البغي ) – کوشتن و بریندار کردن لە هەردوو حاڵەتی دەست ئەنقەست و هەڵەیی دا .

جا لەبەر ئەوە یاسای سزادان ( العقوبات ) کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە ژیانی خەڵکی دا و پەیوەستە بە ژیان و گوزەرانی خەڵك و ڕێز و سەلامەتی هاووڵاتیانەوە بۆیە دەبینین شەریعەتیش کۆمەڵێك بنەمای بۆ داناوە ( کە زانایان لە دەقە شەرعییەکانەوە ) هەڵیان هێنجاوە ، یایەکسەر وەریان گرتووە بۆ ئەوەی دوورگیری بکرێ لە شپرزەیی و هەڵەکاری لە پیادە و جێبەجێ کردنی سزا و تاوانکاری دا ، لەوانەش :

١– هەموو مرۆڤێك بەری و بێگوناهە تا تۆمەتبارکردنەکەی لەسەر دەچەسپێ و ئەمەش دووخاڵیلێ دەبێتەوە :

أ/ هەڵە کردن لە لێبوردن ( العفو )دا چاکترە لە هەڵە لە سزادان دا ...

ب/ حەددەکان بە گومان لا دەبرێن ( ئەگەر گومانیان تێدا هەبوو پیادە ناکرێن ) .

٢– هیچ جەریمە و سزادانێ بەبێ بوونی دەق جێبەجێ نابێ و حسێبی بۆ ناکرێ .

٣– بەپێی ( یاسای تاوان کاری ــ التشريع الجنائي ) دروست نییە کارێك کە پێشتر ئەنجام دراوە ئێستە و دوای جێگیر بوونی یاسا حوکمیان بەسەردا بدرێ ( واتە لەو شتانەی پێشتر کراون و حوکمەکەیان بەسەردا پیادە نەکردوون بە هۆی نەزانییەوە بوبێ یا بواری پیادەکردن نەبوبێ بۆ نمونە شەریعەت باڵادەست نەبوبێ )کە پێشتر ئەنجام دراون مەگەر لە دووباردا نەبوبێ :

أ/ ئەو جەریمە ترسناکانەی کاری لەسەر ئاسایش و یاسای گشتی هەیە .

ب/ یا کاتێك لە بەرژەوەندی ئەنجام دەر ( جاني ) بێ .

٤/ هەموو ئەوانەی لە ( دار الإسلام )دا دەژین بەبێ جیاوازی یەکسانن لە بەردەم قەزادا .

٥/ هیچ کەسێك بۆی نییە لەو ( جريمە )و تاوانە ببورێ و خۆشبێ کە پەیوەستە بە مافەکانی خوداوە ، ئەوانەی بە ( جرائم الحدود ) دەناسرێن [1] سەرپەرشتیارانیش ( أولي الأمر ) مافی لێبوردنی گشتی یا تایبەتییان نییە لەو ( حدود )و سنورانەی کە مافی

---

[1] الإسلام ، سعیدحوی ئەویش لە(التشريع الجنائي في الإسلام)ی عبدالقادرعودة وەریگرتووە ، هەروەهافقه السنة ب٢

خەڵکیان تێدایە بەڵام ( لە تۆڵە و خوێن )دا کەس و کاریان دەتوانن ببورن لە ( تعازیر )دا بواری لێبوردن هەیە ( ئیتر هەر کەسێکە ...... ) .

٦/ حەددەکان ( بەشێوەیەکی گشتی ) بۆ موسڵمان کەفارەتی تاوانەکانیاننتاوان و خراپەکاری ( الجریمة )

زانایانی شەریعەتی ئیسلامی ( جریمة )وا دەناسێنن کە بریتییە لەو تاوانانەی کە شەرع دیاری کردوون و خوای گەورەش لەبەرامبەر ئەنجام دانیاندا بۆ دوورخستنەوەی خەڵکی حەددێك یا تەمێ کردنێکی لەسەر داناوە . بەمانایەکی تر ( کردن یا واز لێهێنانی کار و هەڵسوکەوتێکە کە بە دەقی شەریعەت حەرامە و تۆڵەی لەسەر هەیە ) .

بەپێی هەر یەك لەو دوو پێناسەیە شتێك بە ( جریمة ) دادەنرێ کە بەپێی شەرعی ئیسلامی بە واتایەکی تر بەپێی ( کیتاب و سوننە )حەرام کرابێ نەك ( نەهیەکیخۆپاراستنی ( نهي تنزیە )ی لەسەر بێ ، یا تەنها پێ ناخۆش بوون ( کراهة )ی لەسەر هاتبێ چونکە سزا لەسەر شتێك دادەنرێ کە نەکردنی واجب بێ یا کردنی حەرامێك بێ ، ئەمەش بەپێی شەریعەت دەست نیشان دەکرێ نەك لەهیچ ڕێگەیەکی ترەوە ، بۆیە مانای ( لا جریمة و لا عقوبة إلا بنص )ی بەسەردا دەچەسپێ ، مەرجە دەست نیشانی سزایەکی بۆ کرابێ هەروەك زانایان بە " الحد " ناوی دەنێن یاخود ئەندازەی سزاکەی بە دەستی قازی بێ کە زانایان ئەمەیان بە " التعزیر " ناو بردووە ، جا ئەگەر کردنەکە یا واز لێهێنانەکە سزای لەسەر نەبوو ئەوا بە ( جریمة ) دانانرێ لە ڕووە شەرعیەکەوە تاوانکاری ( جریمة ) ش بەوە دەناسرێتەوە کە دڵنیابین لەوەی کە زیانێکی ڕاستەقینەی هەیە بۆ تاك یا کۆمەڵگە ، خوای گەورەش وەك بەزەییەك بۆ بەندەکانی دەست نیشانی ئەو تاوانکارییانەی بۆ کردووین .

خوێندنەوەیەکی وردی دەقەکانی شەریعەتیش ئەوەمان بەتەواوی بۆ ڕوون دەکاتەوە هەر شتێ ئیسلام حەرامی کردووە بە کردن یا نەکردن و سزاشی لەسەر دانابێ ئەوا کۆمەڵێك زیانی ڕاستەقینەی لەخۆ گرتووە بۆ تاك و کۆمەڵ و ئەو زیانانەش کاریگەری دەبێ لەسەر ئاین و ژیری و نەفس و ناموس وماڵیخەڵکی و چەندان کارەساتی تر کە لەمانەوە دەکەوێتەوە .

## جۆرەکانی تاوان کاری ( الجریمة )

تاوانكاری‌یـەكان سـەرجەمیان لـەوەدا یـەك دەگرنـەوە كـە ئـەنجام دانـی كارێكـە یاچـەند تاوانێكن شەریعەت حەرامی كردوون و سزایان لەسەر هەیە ، بەڵام زانایان بـەپێی ڕوانینیـان بۆ ئەو تاوانكاری‌یانـە دابەشیان دەكـەن بـۆ چـەند جۆرێك ، بـەو پێیـەی ئـەو تاوانـە ، جۆری سزاكەی چۆنە و چەندە مەترسی هەیە بۆ سەر پایە سەرەكی‌یەكانی كۆمـەڵگا ، دابـەش دەبن بـۆ سـێ جـۆر ( سـنورەكان ــ الحـدود ، تۆڵـە سـەندنەوەكان ــ القصـاص ، تـەمێ كردنـەكان التعازیر ) .

بەپێی مەبەستی تاوانبارەكەش ، دابـەش دەبـێ بـۆ تاوانكـاری‌ی دەست ئەنقەسـت و بـێ مەبەست ... بەپێی سروشتی تایبەتی ئەنجام دانەكەی دابەش دەبێ بۆ ئەو تاوانكارییانـەی دژ بـە كۆمـەڵ یـا تاكـەكان ئـەنجام دەدرێ و ئـەو تاوانكاری‌یانـەی سیاسـین یـان ئاسـایین و چـەندان دابـەش كردنـی تـر ... دیـارە وەكـو لـە پێناسـەكەشـدا ئامـاژەی پـێ كـراوە پایـەكانی تاوانكاری ( الجریمة ) پێویستی بەوە هەیە بە دەق دیاری كرابێ و لـە هـەمان كاتـدا تاوانكـار پێی هەستێ و كەسەكەش بەرپرس بێ لە ئەنجام دانی تاوانەكەدا ..

بوونی دەقی شەرعی بۆ ئەوەی كارەكە بە ( جریمة ) دابنرێ و بكەریش سزا بدرێ دەبێت ئەم خاڵانەش دەگرێتە خۆی :ــ

أ—ئەو دەقە لە كاتی ئەنجام دانی ئەو كارانەدا جێبـەجێ بكرێـت : بـەو واتایـەی ( منسـوخ ) نەبێ وخەڵكی لێ ئاگادار بكرێتەوە و ئاشنابن پێی .

ب— دەقەكە لەو شوێنەی كارەكەی تیادا ئەنجام ئەدرێ بواری جێبەجێ كردنی هـەبێ ، بـەو واتایــەی لــەنێو كۆمەڵگــەی ئیســلامی‌دا ئــەم ســزایانە پیــادە دەكــرێن نــەك كۆمەڵگــە و دەوڵەتەكانی تردا .. كە ( فقهاء ) بە ( دار الحرب ) ناوی دەبەن .

ج— ئەبێ دەقەكە بەسەر ئەو كەسەدا پیادە بكرێ كە كارەكەی ئەنجام داوە و كەسیش نابێ لەم پیادە كردنە هەڵاوێردرێ بەهۆی پلەوپایەوە ... یا هەر شتێكی تر .

د— نابێت هیچ هۆكارێكی بیانوكاری یاحـەڵاڵ بـونی ئـەو كـارە لـە ئارادا بـێ ، وەك بـەرگری كردن لەخۆ لە كاتی هێرش كردنە سەر یاجەنگان لەگەڵ بێباوەڕان و یاخی‌بووان ( بغاة )دا یاخود كارێكی تەمێكاری و تۆڵە سەندنەوە ( قصاص )ی شەرعی لەسـەر بـێ . لـەبارەی ئـەو كەسـەش كـە پـێی هەسـتاوە مەرجـە بكـەر بـەرپرس بـێ لـە كارەكـە و ژیـر و عـاقڵ بـێ .. و

ئارەزوو مەندانە ئەنجامی دابێ و بە ئاگاییەوە پێی هەستابێ ... هەریەك لەم بابەتانە باس و خواسی درێژی دەوێ ...

هەروەها لەم میانەیەشدا کۆمەڵێك باس و خواسی تر هەیە کە ناکرێ باسیان بکەین لەوانە ئایا پلەکانی بەرپرسیارێتی لە ئەنجام دانی ( جريمة )یەکدا چۆنە ؟ لەوانە ئایا بە دەست ئەنقەستە یان هەڵەیە ؟ ئایا نەزانین و  هەڵە و لەبیر چوون چەند حسێبیان بۆ دەکرێ و بەرپرسێتی لە ئاوەهاحاڵێکدا چۆنە ؟ ئەی سزا بۆ کەسانێك زۆریان لێ کراوە یا سەرخۆشن .. یا شێت و منالن چۆنە ؟ ئایا زۆر لێ کردنەکان ( الإكراه ) حوکمیان چۆنە ...؟ کامیان بە ( جريمة ) دادەنرێ و سزای لەسەرە و کامیان سوکترە یا هیچی لەسەر نییە ؟ کامەیان بە هیچ شێوەیەك  پێ هەڵسرێت کامیشیان ئاساییە لە کاتی زۆر زەروریدا ؟ چەندان کار و باری ووردی تر کە زانایانی موسڵمان قسەیان لەسەری هەیە لە ڕوانگەی دەقە شەرعییەکانەوە چەندان ڕای هەمەجۆریان خستۆتە ڕوو ...

بگەڕێینەوە بۆ جۆەکانی ( جريمة ) بەپێی ئەو سزایانەی بۆیان دەستنیشان کراوە هەروەك وترا سێ جۆرن

**١- جرائم الحدود          ٢- جرائم القصاص والديات          ٣- جرائم التعزير .**

١- ئەو تاوانانەی حەددیان لەسەر هاتووە ( جرائم الحدود ) : ئەوانەن کە حەدێکی دیاری کراو و دەست نیشان کراویان لەسەر هەیە وەکو – زینا – تۆمەت هەڵبەستن ( قذف )و خواردنەوەی عەرەق و دزی ، حرابة (ڕێگری) – هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام – یاخیبوون  لەگەڵ هەندێ ڕای جیاواز کە لەم میانەیەدا دێنە ئاراوە .

٢- ئەو تاوانکارییانەی سەبارەت بە تۆڵە سەندنەوە و خوێن سەندنن : ئەمانە ئەو سنورانەن کە تایبەتن بە مافی مرۆڤەکانەوە ، وەکو تاوانکاری کوشتن و بریندارکردن و دەست و پێ بڕینەوە کە زانایان ناوی ( جنايات على النفس أو ما دون النفس ) یان لێ دەنێن ، سزای ئەم تاوانکارییانە تۆڵەسەندنەوەیە ئەگەر مەرجەکانی بەدی هاتن یا خوێن سەندنەوەیە ئەگەر بە ئەنقەست نەبوو یا بە ئەنقەست بوو بەڵام سەرپەرشتیاری کوژراوەکە لێی بوران تاوەکو نەکوژرێتەوە ، هەروەك دەشتوانن لە خوێنەکەشی خۆش بن ، بە هەمان شێوە لە بریندارکردنەکەدا ...، کوشتن بەدەر لە مانە کەفارەتیشی هەیە کە مانای پەرستش لەخۆ دەگرن ، ئەوەش بە ڕزگار کردنی بەندەیەك بێ یا بەڕۆژوو بوون . هەروەها تۆڵە سەندنەوە لە

چەندان شتی وەك قسە پێووتن و جنێو دانیش دا هەیە بەمەرجێ درۆ و دەلەسەی تێدا نەبێ ... دیارە خۆ پارێزی لە زۆر حاڵەتدا باشترە ... ( وَ جَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَ أَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ لا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ ) ( الشورى : ٤٠ ) .

٣-ئەو تاوانکاریيانەی تایبەتن بە تەمێکردنەوە ( جرائم التعزير ) .

( تعزیر ) واتە تەمێ کردن و بەئاگا هێنانەوە ، لە شەرعیش دا ئەم تەمێ کردنە لەسەر چەند تاوانێکە کە سزایەکی دیاری کراوی لەسەر نییە ، یا کەفارەتێکی دیاری لەسەر نەهاتووە ، وێنەی ( هەروەك ابن تیمیە دەڵێ ) خواردنی خوێن و مردارۆبوو ، تۆمەت بار کردن بە جگە لەزینا ، خیانەت کردن لە ماڵی هەتیو ، ناپاکی کردن لە ئەمانەت و سەودا گەری و تەرازو بازی و ستەم کردن لە ژێر دەستەکان ... هتد .

ئەمانە و هاوێنەیان سزا دەدرێن وەك تەمێ و تۆڵە کردنەوەیەك بەوپێیەی سەرپەرشتیاری موسڵمانان و کەسانی بەرپرس بە شیاوی دەزانن ، لێرەدا بە ئارەزووبازی نابێ بەڵکو بەپێی ئەندازەی ئەو تاوانەی ئەنجامی داوە دیاری دەکرێ ئەگەر زۆر بوو سزاکەی زۆرترە ئەگەر کەم بوو کەمترە ، هەروەها سەیری چۆنێتی و چەندێتی و بار و دۆخی کارەکەش دەکرێ و حاڵی بکەریش دەخوێندرێتەوە بەوەی ئایا کەسێك و چاکە و بەرێزە ، یا پێشینەی هەیە لەم جۆرە تاوانکارییانەدا ، تەمێ کردنیش هەر کەسێکی باڵغ وعاقڵ دەگرێتەوە کە بەوجۆرە کارانە هەڵدەسن ، نێر بن یا مێ موسڵمان بن یا کافر ... قسەی جۆراوجۆریش سەبارەت بە سەروو خوارووی تەمێ کردن هەیە .

تەمێ کردنەکانیش بەهەر شتێکە خاوەنەکەی ئازار بدا چ بە قسەبێ یا کردار یا وازهێنان بێ لە ووتە یا کردەوەیەك لەوانەیە تەمێ کردن بە ئامۆژگاری و قسەی ڕەق بێ ، یادەنگ دابڕین بێ ، یا لێدان و گرتن بێ یا ناو زڕاندن و ڕیسوا کردن بێ لەم بارەیەوە ڕاو بۆچونی زۆر هەیە و بواری ئیجتیهادیش بۆ هەر سەردەمێك شتی نوێ و جیاواز دەخوازێ ..

## سزادان " العقوبة "

ئەتوانرێ بوترێ بەشێوەیەکی گشتی سزادان لە شەریعەتی ئیسلامیدا چوار جۆرە ، بەپێی ئەو تاوانکارییەی مرۆڤ پێی هەڵدەسێ :

( الحدود ــ القصاص ــ الديات ــ التعزير )

لەهەمان کاتدا دەتوانرێ پۆلێنی تری بۆ بکرێ تاوەکو توێژینەوەی ئاسان بێ ، لێرەوە سزاکان بەپێی ئەو پەیوەندییەی لەنێوانیاندا هەیە چوار جۆرن : ــ

١- سزا سەرەکییەکان : ئەمەش ئەو سزایانەن کە لە بناغەدا بۆ ( جريمة ) دانراوە وەك تۆڵە سەندنەوە بۆ کوشتن ، جەڵدە و ڕەجم بۆ زینا و دەست بڕین بۆ دزی .

٢- سزادانە بریتییەکان ( العقوبة البدلية ) :ـ ئەو سزایانەن کە جێگەی سزا دانراوە سەرەکییەکان دەگرنەوە ، ئەگەر لەبەر هۆیەکی شەرعی جێبەجێنەکران ، وەك خوێن دان و تەمێ کردن .

٣- سزادانە پاشکۆیەکان ( العقوبات التبعية ) : ئەمەش هەندێ تاوانبار دەگرێتەوە لەسەر بناغەی بڕیاری ئەسڵی ، وەك بێبەش کردنی کوڕی بکوژ لە میراتی باوکی و ... هتد .

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی قازی هەیەتی لە تەقدیر کردنیدا دابەش دەبێ بۆ :

١/ سزادانێك کە یەك حەددی هەیە و قازی ناتوانێ کەم و زیادی کا وەك جەڵدەی دیاری کراو .

٢/ سزایەك کە دوو حەددی هەیە : ئەوەش بەپێی لای خوارو و سەرووی حەدەکە قازی بۆی هەیە یەکێکیان هەڵبژێرێ ەك گرتن ( حبس ) و لێدان لە تەمێ کردندا .

سزاکان دابەش دەبن ( بەپێی واجبی حوکم دان تیایدا ) بۆ :

١/ سزا دانێکیـدیاری کراو : ئەو سزایانەن کە خوای گەورە جۆر و ئەندازەکەی دیاری کردووە وەك سزای ( حدود ) و ( قصاص ) و ( دية ) .

٢/ سزادانێکی دیاری نەکراو: ئەم سزادانانە بۆ قازی بەجێ دەهێڵرێ تا جۆر و ئەندازەکەی دیاری بکا ، کە بریتین لەو سزایانەی تایبەتن بە تەمێ کردنەوە .

سزادانیش بەپێی ئەو شوێنەی سزادانەکە ئەیگرێتەوە دابەش دەبێ بۆ :

١/ سزا لاشەییەکان : ئەو سزایانەن کە دەکەوێتە سەر لاشەیمرۆڤ وەك کوشتن و جەڵدە و گرتن .

٢/ سزا دەروونییەکان : ئەو سزایانەن دەکەوێتە سەر دەروونیمرۆڤ وەك ئامۆژگاری و ترساندن و هەڕەشە کردن .

٣/ سزا داراییەکان : ئەو سزایانەن دەکەونە سەر ماڵ و سامانیمرۆڤ وەك خوێن و غەرامە و دەست بەسەرا گرتن .

سزاکان بەپێی گەورەیی و قەبارەی ئەو تاوانەی لەسەری فەرز کراوە دابەش دەبێ بۆ:

١/ سزاکانی ( حدود ) : ئەو سزایانەی لەسەر تاوانکارییە ( حەد ) دارەکان دانراوە .

٢/ سزای تۆڵە و خوێن سەندن : ئەو سزایانەی لەسەر تاوانی کوشتن و خوێن دان هەن .

٣/ سزا کەفارەتییەکان ( عقوبات الكفارات ) ئەو سزایانەی بۆ هەندێ تاوانی تۆڵەسەندنەوە و خوێن دان و هەندێ تەمێکردن دانراوە .

٤/ سزا کانی تەمێ کردن : ئەو سزایانەی بۆ تەمێ کردن دانراون .

ئەم دابەش کردنە گرنگترین دابەشکردنی سزاکانە لەپێشەوەش لە جۆری تاوانەکاندا ئاماژەی پێ کرا .

(( چەند حیکمەتێك لە سیستمی تۆڵە سەندنەوە و سزا و تاوانکاری ))

سزا لە شەریعەتی ئیسلامیدا شتێکی دوا ڕۆژی و دونیاییشە ، ئەسڵ و بناغەش بۆ سزا لە شەریعەتدا سزای دوا ڕۆژ ( آخرة ) یە ، بەڵام پێداویستییەکانی ژیان و زەرورەتی هێمنی و سەقامگیری کۆمەڵگە و پەیوندی نێوان تاکەکان و پاراستن و دابین کردنی مافەکانیان ئەوە دەخوازێ سزا دواڕۆژی و دونیایش بێ ، ئەو سزایەش ئەوەیە لایەنی بەرپرس ( کە دەوڵەتە ) هەڵدەسی بە پیادە کردنی ئەو سزایانە بەسەر کەسێکدا کە شایستەی سزادان دەبن بەو سزایەش خەڵکی لە خراپەکاری دەگەڕێتەوە ، ئەگەر هاتوو ئامۆژگاری و یادخستنەوە سودی نەبێ ،دیارە ئەمە دوای ئەوەیە کە کار کراوە لەسەر چاکسازی تاك و پەروەردە کردنی لەسەر ماناکانی عەقیدەی ئیسلامی و چەمکە ئیسلامییەکانی وەکو: هەست کردن بە ترس و چاودێری خوایی و هەر مانایەکی تر کە هاندەرن بۆ چاکەخوازی و باش ڕەفتاری و دوور کەوتنەوە لە تاوانکاری ، سەرەڕای ئەمەش ئیسلام مەبەستێتی کۆمەڵگەپاك ڕاگیرێ و خراپەکاری لێ داماڵرێ ، هەر بۆیە ئیسلام داوای

لابردنی خراپە و خراپەکاری دەکا و کۆمەڵگەی پاکیزەش یارمەتی‌یەکی زۆر دەدات لەسەر بەرهەڵستی کردنی تاوانکاری ( جریمة )و سەرکوت کردنی تاوانکاران و بەهێز کردنی بوارەکانی خێر و چاکە خوازی لەدڵ و دەروندا و گرتنی دەروازەکانی خراپەکاری لە کەسە لاوازەکان و دانی بەرگری‌یەك بۆ خۆ پارێزی ... لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێ کەس هەر هەڵدەسن بە تاوانکاری ( الجریمة ) .

هەربۆیە لەم ڕوانگەیەوە شەریعەتی ئیسلامی سزای داناوە بۆ ئەو جۆرە کەسانە بۆ ئەوەی جارێکی‌تر نەگەڕێنەوە سەری و خەڵکی تریش پێی هەڵنەسن ، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئاسایشی کۆمەڵگە و بڵاوکردنەوەی هێمنی و لەهەمان کاتدا بەسوود و بەرژەوەندی تاوانکاران ( المجرمون ) یش کۆتایی دێ ، ئەگەرهات و بە تەوبە و پەشیمانی کۆتایی هات ... وە لەهەمان کاتدا بوونی ئەم سزایانە ئەبێتە ڕێگری لەوەی مرۆڤ پێیان هەستێ و لە دواڕۆژیشدا سزای خوایی‌بچەژن ، ئەمەش ڕەحمەتێکی ترە بۆ مرۆڤ و سەرجەم کۆمەڵگە لەڕووی بڵاوکردنەوەی ئاسایشەوە بێت یاخود گوناهبار نەبوونەوە بێت ... هەر بۆیە لە شەریعەتی ئیسلامی‌دا دەبێت زوو بە زوو پیادە و جێبەجێ بکرێت و ناکرێت پشت گوێ بخرێ یا کەم تەرخەمی تێدا بکرێ ، چونکە ئەمە سەر دەکێشێ بۆ ناڕەزایی خوایی و هەروەهاخراپی و تێك چونی باری کۆمەڵگا و بەدەر کەوتنی چەندان جۆر لە خراپە کاری و بەد ڕەفتاری ... هەر بۆیە لە ئیسلام دا ئەگەر هات وهەر کاتێك هۆ و مەرجەکانی پیادە کردنی سزاکان هاتنە دی پێویستە جێبەجێ بکرێن بێ ئەوەی جیاوازی بخرێتە نێوان ڕێزدار و نەدار و بەهێز و لاواز و ... هتد ، چونکە گوناهو تاوانکاری و پیادە نەکردنی سنورەکان هۆکاری تیاچونی کۆمەڵگەیە هەروەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بەرامبەر تکا کاری ئوسامە بۆ ئەو ئافرەتە مەخزومیەی دزی کردبوو فەرمووی ( إنما أهلك الذين من قبلكم أنهم كانوا إذا سرق فيهم الشريف تركوه و إذا سرق فيهم الضعيف أقاموا عليه الحد ، و أيم الله لو أن فاطمة بنت محمد سرقت لقطعت يدها ) [1] .

لە ڕاستیدا یەکسانی لە نێوان خەڵکیدا هۆکارێکی سەرەکی‌یە بۆ ئەوەی ئەوانەی خۆیان بە خاوەن هێز و پایە دەزانن لەو تاوانانە بکشێنەوە و تکا کردنیش لە کارێکی نا شایستەدا

---

(1) تيسير الأصول إلى جامع الأصول من حديث الرسول ب٢ ، ل١٤ .

مانای بەشداری‌یە لەو گوناهەدا لە ڕووە شەرعی‌یەکەیەوە ( مَـنْ يَشْـفَعْ شَـفَاعَةً حَسَـنَةً يَكُـنْ لَـهُ نَصِيبٌ مِنْهَا ) ( النساء : ٨٥ ) .

سەرجەم ئەو سزایانەش شەریعەت داینـاون و دەستنیشانی کردوون لەسەر بناغەی داد گەری وسڵەمینەوەی خەڵك لە خراپە بنیات نراون : داد گەریش لەوەدا دەبینرێت کە سزا بە ئەندازەی تاوانەکەیە خوای گەورەش فەرموویەتی ( وَ جَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِثْلُهَـا ) ( الشـورى : ٤٠ ) نەك زیاد لەوە ، سڵەمینەوەش بەوە دێتەدی کە تاوانکار بەو سزا و ئازارەی توشی دێ ، دەست هەڵدەگرێ لەو تاوانکاری‌یەی دەیەوێت ئەنجامی بدات . هەندێ گومان و دو دڵی دەخرێتە ڕوو سەبارەت بە جۆرەکانی سزادان و پیادە کردنیان لە شەریعەتی ئیسلامیدا ، دیارە ئێرە بواری تەرخان کراوی ئەو باس و وەڵام دانەوانە نی‌یە ، ئەمە جگە لەوەی کە شەریعەتی ئیسلامی لە خودی خۆیدا خاوەنی دیدێکی تایبەتی‌یە و لە ڕوانگەی خۆیەوە لە مەسەلەکان دەڕوانێ و تایبەتمەندی خۆی هەیە ، هەموو سزاکانیش لە ئیسلامدا لەسەر یەك ئاست نین و هەندێ ووردە کاریش زیاد لە ڕادەیەك هەڵدەگرن و زانایان لەو بارەوە باری سەرنجی خۆیانیان تۆمار کردووە ...

## ( سەربوردێکی خێرا سەبارەت بە هەندێ لەو سزایانەی شەریعەتی ئیسلامی دیاری کردوون بە پێی دەقەکانی قورئان و سوننەت )

ئەم سەربوردە خێرایە وا دەکات نەچینە ناو ووردەکاری هیچ یەکێ لەو سزایانە ، بگرە ئاماژە بە هەموو شیان نەکەین وەکو پێویست .

مرۆڤ ئەو بەدی هێنراوەیە کە خوای گەورە ڕێزداری کردووە و گیانی بە بەردا کردووە و ئەوەی لە ئاسمان و زەویدا هەیە لە خزمەتی ئەودایە تا بتوانێ ژێر دەستیان خات و سود و کەڵکیان لێ وەرگرێ ، هەر لەم ڕوانگەیەوە ئیسلام مافی ژیان و موڵکداریێتی و مافی ئازادی و

یەکسانی و فێربوون و...هتدی پێ ڕەوا بینیوە ، سەرجەم ئەمانە مافی مرۆڤن بەدەر لە ڕەنگ و زمان و دین و ڕەگەز و نیشتمان یان پایە کۆمەڵایەتی‌یەکەی ، خوای گەورە دەفەرموێ (وَ لَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَ حَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَ الْبَحْرِ وَ رَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَ فَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً ) ( الاسراء : ٧٠ ) .

پێغەمبەری خواش (ﷺ) لە ( حَجّة الوداع ) دا فەرموی (( أيها الناس إن دمائكم و أموالكم عليكم حرام ، كحرمة يومكم هذا ، في شهركم هذا ، في بلدكم هذا ... ألآ هل بلغت ، اللهم فأشهد ، كل المسلم على المسلم حرام ، دمه ، وماله ، وعرضه )) . یەکەم مافێك کە خوای گەورە گرنگی پێداوە مافی ژیانە ما فێکە پیرۆزە و درووست نی‌یە لەدەست بدرێ و بشکێنرێ . خوای گەورە فەرموویەتی (وَلا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ )(الاسراء: ٣٣).

کەواتە بەمافی ڕەوای خۆی نەبێت ( کە لەشوێنی خۆیدا ڕوون کراوەتەوە ) درووست نی‌یە هیچ کەسێك بکوژرێت ... لە سەرەوەی هەموویانەوە کوشتن هۆکاری کوشتنەوەیە ئەگەر بەدەست ئەنقەست بوو... مەسەلەی کوشتن ئەوەندە ترسناکە بەپێی فەرمودەی ( صحيح )ی پێغەمبەر (ﷺ) هەر کەسێ کەسێ بکوژێ بەشی کوڕەکەی ئادەمی تیایە چونکە یەکەم کەس بووە کوشتنی داهێناوە : ( ليس من نفس تقتل ظلما إلاّ كان على ابن آدم كفلٌ من دمها ، لأنه أول من سن القتل )) لێرەوە ترسناکترین سزا بۆ کەسێکە کە باوەڕ داری بەدەست ئەنقەست بکوژێ ( وَ مَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِناً مُتَعَمِّداً فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِداً فِيهَا وَ غَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَ لَعَنَهُ وَ أَعَدَّ لَهُ عَذَاباً عَظِيماً ) ( النساء : ٩٣ ) .

ابن ماجە بە سەنەدێکی ( حسن ) لە ( براء )ەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی (( لزوال الدنيا أهون على الله من قتل مؤمن بغير حق )) ... دیارە ئەم ترسناکی کوشتنە تەنها تایبەت نی‌یە بە موسڵمانان ئەوەتانێ هەمان سزای قورسیش بۆ کەسانێك داین کراوە کە موسڵمان نین بەڵام یان پەیمان و ڕێکەوتنیان هەیە لەگەڵ موسڵماناندا یا لە ژێر فەرمان ڕەوایی موسڵماناندان : لەم بارەیەوە ( بخاري ) لە ( عبدالله )ی کوڕی ( عمرو )ی کوڕی ( عاص )ەوە (خ.ل) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی (( من قتل معاهداً لم يرح رائحة الجنة ، و إن ريحها يوجد من مسيرة أربعين يوماً )) ... تەنانەت ئەو کەسەیش خۆی دەکوژێ لە ئیسلامدا توندترین سزای بۆ ئامادە کراوە لە دوا ڕۆژدا چونکەئەو مافەی نی‌یە .

( دەست چونە کوشتنی کەسێك وەك کوشتنی هەموو خەڵکی وایە )

( مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرائِيلَ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْساً بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعاً وَ مَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعاً ) ( المائدة :٣٢ ) لەم پێناوەش دا لەسەر بەنی ئیسرائیلمان نوسی کە هەر کەسە مرۆڤێك بکوژێ بێئەوەی کەسێکی کوشتبێ یا خراپەکاری و تاوان لەسەر زەوی‌دا بڵاو بکاتەوە ئەوە وەك ئەوە وایە هەمووخەڵکی کوشتبێ هەر کەسەش کەسێك بژێنێتەوە ئەوە وەکو ئەوە وایە هەموو خەڵکی ژیاندبێتەوە .

هەر لەبەر ئەم گرنگی‌یەشێتی لە ڕۆژی قیامەتدا بەپێی گێڕانەوەی هەریەکە لە ( مسلم و بخاري ) یەکەم مافێکە لێی دەپرسرێتەوە و موحاسەبەی لەسەر دەکرێ (( أول ما يقضي بين الناس يوم القيامة في الدماء )) ، کەواتە یەکێك لەو شتانەی ئیسلام حەرامی کردووە و سزایەکی قورسی لە بریتی‌دا داناوە کوشتن ( القتل )ە ، ئەمەش وەکو تۆڵە سەندنەوەیەك لە کوژەر و مافێك بۆ کوژرا و ، لێرەوە بە (( الحدود و الحقوق التي لآدمي معين ... )) دادەنرێ هەروەك ( ابن تيمية ) لە ( السياسة الشرعية )کەیدا کردوویەتی بە سەرباسێك .... سەرەڕای ئەوەی تۆڵە سەندنەوە هۆکارێکە بۆ دوور خستنەوەی کەسانی‌تر لە کوشتار ، پاککردنەوەی کۆمەڵگاشە لەو تاوانکاری‌یانەی ژیان و یاسای گشتی کۆمەڵگە ئەشێوێنن و تێکی ئەدەن و ئاسایشی ئەخەنە مەترسی‌یەوە ، خوای گەورە فەرمویەتی ( وَ لَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ) ( البقرة : ١٧٩ ) واتە ئەی هۆشمەندەکان ژیانتان لە تۆڵە سەندنەوەدایە ، بۆ ئەوەی تەقوا و لەخوا ترسان ببێتە پیشەتان و خۆ لەدەست درێژی و تاوان بەدوور بگرن .

تۆڵە سەندنەوە و خوێن دان لە شەریعەتی ئیسلامی‌دا بۆ تاوانکاری و دەست درێژی کردنە سەر نەفس و خوارترە ، واتە بۆ کوشتن و بریندار کردن و هەر لەکەدار کردنێکی‌تر وەکو دەست و قاچ بڕین یا چاو کوێر کردن ... هتد ، تۆڵە سەندنەوە و سزای کوشتنیش کوشتنی تاوانبارە ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى ) ( البقرة : ١٧٨ ) ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە پێویست کراوە لەسەرتان : تۆڵە سەندنەوە بۆ کوژراوەکانتان .

ئەمەش مافی کەس و کاری کوژراوە ( وَ مَنْ قُتِلَ مَظْلُوماً فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَاناً فَلا يُسْرِفْ فِي الْقَتْلِ إِنَّهُ كَانَ مَنْصُوراً ) ( الاسراء :٣٣ ) هەر کەسێ بەستەم لێکراوی و بێتاوان بکوژرێ ئەوا ماف و دەسەڵاتمان داوە بە نزیکترین کەسی کە تۆڵەی بسێنن ، ئەویش نابێت زیادەڕەوی

بکات لە تۆڵە سەندنەوەدا . دیارە بۆ کوشتنەوەش مەرجە ئەو کەسە کە بەئەنقەست کەسەکەی کوشتبێ و ، لێرەوە کوشتن ئەکرێت بەچەند بەشێکەوە:

١/ کوشتنی دەست ئەنقەست و مەبەستدار ( وەك بەکارهێنانی شتێك بەشێوەیەکی ئاسایی‌مرۆڤی پێ دەکوژرێ تۆڵەی کوشتنەوەیە مەگەر کەس و کاری لێی خۆش بن [١] هەروەك لە فەرمودەشدا هاتووە (( العمد قود ، إلا أن يعفو ولي المقتول ) رواه ابوداود .

٢/ ( وَ لا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَ مَنْ قُتِلَ مَظْلُوماً فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَاناً فَلا يُسْرِفْ فِي الْقَتْلِ إِنَّهُ كَانَ مَنْصُوراً ) ( الاسراء : ٣٣ ) [٢] ، کوشتنی شێوە بەئەنقەست ( لێدان بەشتێك عادەتەن مرۆڤ بەوە نامرێ ، لێدان بە دارێکی بچوك ، شەقێك ، زللەیەك .... ) ئەمەش خوێنێکی قورسی لەسەرە کە بە ( الدية المغلظة ) ناو دەبرێ و چۆنیەتەکەشی لە سەرچاوەی تایبەتدا باس کراوە ( کەواتە خوێنێکی قورسی لەسەرە ئەمە جگە لە تاوانبار بوون ) .

٣/ کوشتنی بە هەڵە ، ئەمەش بۆ نمونە ئەگەر کەسێك خەریکی ڕاو بێ یانیشان بگرێتەوە بەهەڵە بەر مرۆڤێك بکەوێت و بیکوژێ .. یا بیرێك هەڵدەکەنێ و مرۆڤێکی تێ دەکەوێ و دەمرێ و هاووێنەی ئەمانە بۆ ئەمەش خوێنێکی سوك هەیە لەگەڵ کەفارەتدا هەروەك لە قورئاندا هاتووە ( وَ مَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِناً إِلَّا خَطَأً وَ مَنْ قَتَلَ مُؤْمِناً خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَ دِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلَّا أَنْ يَصَّدَّقُوا فَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ عَدُوٍّ لَكُمْ وَ هُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَ بَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ وَ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِنَ اللَّهِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيماً حَكِيماً ) ( النساء : ٩٢ ) واتە بۆ هیچ ئیماندارێك نی‌یە کە ئیماندارێکی‌تر بکوژێ مەگەر بە هەڵە ، خۆ ئەگەر کەسێکی ئیماندار بەهەڵە ئیماندارێك بکوژێ ئەوا دەبێت بەندەیەکی ئیماندار ئازاد بکاو خوێن بایی‌یەکەی بدات بە کەس و کاری کوژراوەکە ، مەگەر لێی ببورن و لە خوێنەکەی خۆش بن ، خۆ ئەگەر کوژراوەکە لەناو قەوم و دەستەیەکدا بوو دوژمنی ئێوە بوون ، بەڵام ئەو کوژراوە ئیماندار بوو یا ( بکوژەکە ) بەندەیەکی ئیماندار ئازاد بکاو ئەگەر ئیماندارە کوژراوەکە لەناو قەوم و دەستەیەکدا بوو کە

---

[١] دیارەووردەکاری‌زۆرهەیە لەدرێژەی‌ئەم باسانەدا .

[٢] (قتل العمد)ئەم شتانەی‌لەسەردەکەوێ ١-گوناهباربوون ، ٢-بێ‌بەش کردنی‌لەمیرات ، ٣-کەفارەت ، ٤-خوێن ئەگەرلێی‌خۆش بوون .

پەیمان لەنێوانتاندا هەبوو ، دەبێت خوێن بایی بدرێت بە کەس و کاری و بەندەیەکی ئیمانداریش ئازاد بکرێت ، خۆ ئەگەر ( بکوژەکە ) ئەوەی بۆ نەلوا و دەستی نەکەوت ، ئەوە دەبێت دوومانگ لەسەریەك بەڕۆژوو بێت ، ئەمە بڕیارێکە بۆ ڕاستی و درووستی تەوبە و گەڕانەوەکەی ، ئەمەش لەلایەن خواوەیە ، بێگومان خوای گەورە هەمیشە و بەردەوام زانا و دانایە .

بۆ ئەوەی مەرجەکانی کوشتن و تۆڵە سەندنەوە بێتەدی پێویستە کەسەکە :

١/ خوێنی پارێزراوبێ و شایستەی کوشتن نەبێ ( لەجەنگا نەبێ لەگەڵت یاخود زیناکەرێکی خاوەن مێرد یان ژن نەبێ یا کەسێکی نەکوشتبێ ) .

٢/ کەسەکە باڵغ وعاقڵ بێت .

٣/ ( لەسەر ڕای هەندێ لە زانایان ) زۆری لێ نەکرابێ بەوەی ئەگەر نەکوژێ بیکوژن ، بەڵام هەندێکی تر لە زانایان لە مەسەلەی کوشتن دا بیانو نادەن بەدەستەوە بۆ کوشتن ، چونکەهەردووکیان وەکو یەکن .

٤/ باوکیش ناکوژرێ لەبری کوشتنی کوڕیدا ( لا تقتل الوالد بالولد ) اخرجه الترمذي عن ابن عمر ، چونکه باوك ئەسڵە بۆ منالّ ( الاّ يكون القاتل أصل للمقتول ) .

سەبارەت بە وورده کاری خوێن دان و کوشتنەوە و تەئکید کردن لە چۆنێتی کوشتن و جۆری کوشتن و شوێنی کوشتن و کێ دەیکوژێ ... قسەی زۆر هەیە و خوێنەر ئاراستەی شوێنی تایبەتی خۆی دەکەین کە لە زۆربەی کتێبە فقهیەکاندا بابی تایبەتی بۆ دانراوە .

سەبارەت بەو تۆڵە سەندنەوانەی لەو حاڵەتانەی لەخوار کوشتنی ( نفس )ەون ئەوا ئەمیش لە ئیسلامدا سەلمێنراون و جا ئیتر ئەوەبێ لە ئیسلامدا پێی دەوترێت ( الجروح [(١)] ـ برینار کردنەکان ) یاخود بڕینی دەست و کوێر کردنی چاوو ... هتد بێ کە پێی دەوترێ ( الأطراف ) بەمەرجێ بە یەکسانی و بەرامبەر تۆڵە بکرێتەوە و کەسەکەش باڵغ و عاقڵ بێت و مەبەستی بوبێ ئەو کارە ئەنجام بدا ، ئەشکرێ بریتی بۆ دابنرێ .... دیارە هەر یەکە لە (الأطراف ) و ( جروح )یش پێناسەی تایبەتیان هەیە و ئێرە جێی باسیان نییە ، هەروەها بۆ مرۆڤیش دروستە تۆڵەی خۆی بسەنێتەوە لەو کەسەی کە شەپازلە و بۆ کسێکی لێداوە ، یا قسەیەکی پێ ووتووە هەروەك خوای گەورە لە بەرامبەر تۆڵە سەندنەوەی بەرامبەردا

---

[(١)] بریندارکردنەکان تۆڵەیهەیە نەك برینادرکردنەوە .

دەفەرموێ ( فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ وَ اتَّقُوا اللَّـهَ ) ( البقرة :١٩٤ ) واتە هەر کەسێ دەست درێژی کردە سەرتان بە وێنەی دەست درێژیەکەی تۆڵەی لێ بسەننەوە و لە خوا بترسن لەو تۆڵە سەندنەوەیەدا . ( وَ جَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِثْلُهَا ) ( الشورى :٤٠) سزای خراپە خراپەیە بە ئەندازەی خۆی . بەمەرجێ هاووێنەی ئەوەی بەرامبەر بێو زیان لە شوێنێکی تری نەدا و لە قسە پێووتن و جنێودا ووشەی ناشایستە و درۆ و نەفرین و قسە ووتن بە دایك و باوك و.... هتد تێدا نەبێت وە نابێ ئەگەر کەسێ ( تەکفیر )ی کەسێکی کرد ئەویش بچێت ( تكفیر )ی بکا و ... هتد . دیارە لێبوردن باشترە . لەم بارانەشەوە زانایان بیر و بۆچونیخۆیان خستۆتە ڕوو ڕای جیاوازیان هەیە و هەندێ لەمانەش بواری ئیجتهادی تێدا والآیە و هەندێکیشیان دەکرێ سزای تەمێ کردنی هەبێ ، دیارە قسەکردن لەمانەش هەڵەگرین بۆ کەسی پسپۆڕ و تایبەتمەند باشترە .

ئەو سزایانەشی بە ( الحدود ) ناسراون ئەوانیش بەشێکن لەو سیستەمەی کە باسمان کردن یەکێك لەوانەش تاوانی شەرواڵپیسی ( زینا )یە ، ئیسلام بانگەشەی هاوسەرگیری ( الزواج ) دەکا و خۆشەویستیدەکا لەپێش چاومان ، چونکە ڕێگەی سروشتی تێر کردنی غەریزەی سێکسی و پەرە دانە بە نەوەی مرۆڤ و چاندنی سۆز و خۆشەویستی و پاکێتی و بەزەیییە لە دڵ و دەروون دا ... هەر بۆیە جگە لە ڕێگە شەرعییەکەی لە ئیسلامدا بەرگری و بەرهەڵستی ئەو ( موممارەسەیە ) دەکرێ ، نەك هەر ئەوەندە بگرە هەر شتێکی تریش کە سەربکێشێ بۆ ئەم کارە ئەوەشی حەرام کردووە وەکو ڕوانینی ناشایستە و سەماو و ێنەی وروژێنەر و گۆرانیفاحش و هەر شتێکی تر کە ئەم ئارەزووە دەوروژێنێ .

ئیسلام زینا بە تاوانێکییاسایی دادەنێ کە شایستەی ئەوپەڕی سزادانە ، چونکە چەندان تاوانی تری بەدوادا دێت و کۆمەڵگەش دەخاتە مەترسییەوە ، لەوبارەیەوە خوای گەورە دەفەرموێ ( وَ لا تَقْرَبُوا الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَ سَاءَ سَبِيلاً ) ( الاسراء : ٣٢ ) ئەمە جگە لەوەی ( زنا ) هۆکارێکی سەرەکی بڵاوبونەوەی چەندان نەخۆشی جۆراوجۆر بووە لەناو کۆمەڵگادا و گواستنەوەی بۆ نەوەکانی تر ، وێنەی ( زهری و سیلان و ئایدز )و چەندان مەترسی تری وەك نەناسینەوەی نەسەب و تێکچونی خێزان و چەندان ڕەفتاری ئاژەڵ ئاسایانەیتر ، جا لەبەر ئەوەی سزای ( زیناکار ) سزایەکی قورسە و تۆمەتبار کردنیش بەمە هەروا سانا نییە بۆیە دەبینین ئیسلام ئیحتیاتی لەم بارەوە کردووە ... لەوانە ( حدّ ) لەکەس نادرێ تا دڵنیابوون لە ئەنجام دانی ئەم تاوانەدا بەدەست نەیەت ، بەگومانیش ئەم (حدّ )ە هەڵ دەوەشێتەوە ، بۆ سەلماندنیشی پێویستی بە چوار شاهێدی دادگەر هەیە و

سەرجەمیان ئەنجامدانی زیناکەیان بەچاوی خۆیان بینیبێ ، ئەگەر سیانیان بینیبێتیان و یەکێکیان ئینکاری لێ بکات ئەوا سزاکەی جێبەجێ ناکرێ و حەددی ( قذف )یش بەسەر سیانەکەی تردا پیادە دەبێ .. ئەم سزایە زیاتر بواری ترساندنی تیادا دێتەدی و بەرجەستە دەبێ وەك لە جێبەجێکردن ، چونکە ئەم مەرجانە بەئاسانی نایەتە دی ...

دیارە ( زنا )ش دوو جۆرە ( زنا )ی کەسێك کە عازەبە و کەسێك کە هاوسەر دارە ، ئەو کەسەی کە عازەبە و شووی نەکردووە یان ژنی نەهێناوە سزاکەی ( ١٠٠ جەلدەیە ) چ پیاو بێ یا ئافرەت ، لەبەر ئەو فەرمودەیەی خوای گەورە لە سورەتی ( النور ) ئایەتی ( ٢ ) دەفەرموێ ( الزَّانِيَةُ وَ الزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ وَ لا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌفِي دِينِ اللَّـهِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَ الْيَوْمِ الْآخِرِ وَ لْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ ) .

سەبارەت بە دوورخستنەوەی بۆماوەی ساڵێك ڕای جیاواز هەیە ..... سزا و ( حد )ی (محصن )یش کە ژنی مێرد دارە یان مێردی ژن دارە ئەوا بەپێی سوننەت سەلماوە کە دەبێ ئەو ئافرەتە یا پیاوە ڕەجم بکرێ تا مردن ، واتە سزاکەی کوشتنە ، ئەمەش جێی کۆڕای هاوەڵان و سەرجەم موسڵمانانی پێشینە جگە لە ( خوارج ) ، سەبارەت بە ( لواط )یش زۆرینە حیسابی زینای بۆ دەکەن (*) ، هەرچەندە ڕای تر هەیە لەم بارەیەوە و هەر بۆچونەش پشت ئەستوورن بەجۆرێك لەبەڵگە هەروەها سەبارەت بە کەسانی بێباوەڕ و ئەهلی کیتابیش ڕای جیاواز بەدی دەکرێ لە ڕوی پیادە کردنی سزای ( زینا )ەوە بەسەریاندا .

بۆ ئەوەی مەرجی ( حەدد ) ڕێدان بێتەدی و بتوانرێ ئەو سنورە شەرعی‌یە پیادە بکرێ دەبێت کەسەکە عاقڵ و بالغ بێ و زۆری لێ نەکرابێ و زانیاریشی هەبێ بە حەرامی ئەو کارە ، سەلماندنیشی بە دوو ڕێگەیە ( بە شاهێدی و ئەو مەرجانەی لە پێشەوە باس کرا ) لەگەڵ دان پێدانانی خۆی ( خۆ ئەگەر دان پێدا نان نەبوو با بەرامبەریش ( إدعا )ی جووت بوونی لەگەڵ بکا بەپێی فەرمودەیەکی پێغەمبەر (ﷺ) تەنها یەکەم ( دان پێدانەر ) سزا دەدرێ ) .

جا ئەگەر هاتوو کەسێك لەخۆیەوە کەسێکی تۆمەتبار کرد بە شەروالپیسی و ئەو مەرجانەی سەلماندنی ( زنا )ش بەدی نەهات ئەوا دەم هەڵبەست ( قاذف ) سزایەکی نوێ دەدرێ کە بە ( حد القذف ) ناو دەبرێ ، چونکە ئیسلام مەبەستێتی ناموس و ناو و شۆرەت

---

(*) سەبارەت بەپان پانۆکێ(سحاق) ( د. مصطفی زلمي ) ڕای وایە ئایەتی(١٥)ی سورەتی(النساء)لەوبارەیەوەهاتووە (وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِنْكُمْ فَإِنْ شَهِدُوا فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلاً) (النساء:١٥)

و ڕێزی خەڵکی بپارێزرێ و کەس لەخۆیەوە و بێ بەڵگە لەکەداری نەکـــا بەتایبەتی لەلایەن کەسانێکی نەفس نزم و ئیمان کزەوە ...

هەر بۆیە هەڵبەستنی قسە و تۆمەتبار کردنی خەڵکی بە تاوانی ( زنا ) گوناهێکی گەورەیە و لە دونیا و دوا ڕۆژدا سزای تایبەتی هەیە لە ڕووە ئاخیرەتییەکەیەوە ، خوای گەورەش ئەفەرموێ ( إنَّ الَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلاتِ الْمُؤْمِنَاتِ لُعِنُوا فِي الدُّنْيَا وَ الْآخِرَةِ وَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ، يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَ أَيْدِيهِمْ وَ أَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ، يَوْمَئِذٍ يُوَفِّيهِمُ اللَّهُ دِينَهُمُ الْحَقَّ وَ يَعْلَمُونَ أَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ الْمُبِينُ ) ( النور : ٢٣ــــ٢٥ ) واتە بەڕاستی ئەوانەی ئافرەتانی ئیمانداری پاك داوێن و خاوەن مێرد و بێ ئاگا لە گوناه ، تۆمەتبار دەکەن ، ئەوانە نەفرینیان لێ کراوە لە دونیا و دوا ڕۆژدا و سزایەکی گەورە و سەخت ئامادەیە بۆیان ، لە ڕۆژێکدا کە دەست و قاچیان لێیان دەبێتە شایەتێکی گۆیا ، لە بەرامبەر ئەو کردەوانەوە کە ئەنجامیان داوە ، ئەو ڕۆژە خوای گەورە بە گوێرەی کار و کردەوە و ئیمان و باوەڕی حەقیقیان پاداشتیان دەداتەوە ، ئەوسا چاك بۆیان دەردەکەوێت کە بە ڕاستی خوا خۆی زاتێکی ڕاست و دروستی ئاشکرایە .... سەبارەت بە سزای دونیاش دەفەرموێ ( وَ الَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَ لا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَداً وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ، إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَ أَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ) ( النور : ٤ــ٥ )

واتە ئەوانەی بوختان دەکەن بۆ ئافرەتانی داوێن پاك و خاوەن مێرد ، پاشان ناتوانن چوار کەسیش بە شایەت بهێنن ، ئەوانە هەشتا قامچیان لێبدەن وە هەرگیز شایەتییان لێ وەرمەگرن ئەوانە لە ڕیزی تاوانبار و لەسنوور دەرچوو یاخییەکاندان ، جگە لەوانەی کە تەوبەی ڕاستەقینەیان کردووە دوای تەمێ کردنەکەیان ، ئیسلاحی تەفسی خۆیانیان کردووە ، ئەوە بێگومان خوا لێخۆشبوو میهرەبانە . سزاکە (٨٠) جەلدەیە و شاهێدیان لێ وەرناگیرێ مەگەر بە تەواوی پەشیمان ببێتەوە و تەوبە بکا ... مەرجیشە چوار شاهێدی هەبێت جا ئەگەر هاتوو هێنای ئەوا سزاکەی لەسەر هەڵدەگیرێ ..

دیارە سزای تریش هەن لە شەریعەتدا دیاری کراون و بە ( الحدود ) ناسراون لەوانە دزی و عەرەق خۆری وڕێگری و هەڵگەڕانەوە لە دین و دەست درێژی ( البغي )و سەرجەم ئەمانە دەقیان لەسەر هەیە لە قورئان و سوننەتدا و سەبارەت بە تێگەیشتنیان هەندێ ووردە جیاوازی کەمیش بەدی دەکرێ و هی واشیان هەیە لەلایەن هەندێ لە زانایانی هاوچەرخەوەبۆچونی نوێی لەبارەوە خراوەتە ڕوو لەوەدا کە ئایا سەربە ( الحدود )ە یان نا ، بۆنمونە سزای هەڵگەڕانەوە لە دین ( مرتد ) بوون ، کە ئێرە جێی تەرخان کراوی ئەو باسە نییە و زانایانی پێشینیش لە بازنەی ( الحدود )دا جێگەیان کردوەتەوە ، لەڕاستیدا ئەم

باسانە زۆر هەڵدەگرن و ئێمەش تەنها مەبەستمان خستنەڕوی چەند نمونەیەك بوو ، نەك ڕۆچون بە قوڵایی باسەکاندا [1] ...

[1] سەیری: (الإسلام)ی سعیدحوی، (السیاسةالشرعیة )ی ابن تیمیة، (اصول الدعوة) ی زیدان، (کتاب الکبائر)ی الذهبي بکە.

## ( سیسته می قەزا لەئیسلام دا )

باسکردن لە مێژوی قەزا و بوارەکانی پیادەکردنی لە ژیانی موسڵماناندا زۆری دەویَ و [(١)] ناکریَ لێرەدا باس لەو بابەتە بکەین ، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە بزانین سیستمی دادوەری ( القضاء ) شوێن و پایەیەکی گرنگ و مەترسیداری هەیە کە دەکریَ بڵێین لەپاش پلەوپایەی سەرۆك وخەلیفەوەیە ، چونکە جێبەجێ کردنی دادگەری و یەکسانی و سەروەری یاسا بەودەزگایە سپێردراوە ، هەربۆیە دەبینین زانایان زۆر توندن لە باس کردنی وەسفەکانی قازیدا و بەرپرسیارێتییەکی ترسناك لەئەستۆیدا دادەنێن .

قەزا بریتییە لە (( الفصل في الخصومات و النزاعات حسماً للتداعيّ و قطعاً للنزاع وفقاً للأحكام الشرعية ))[(٢)] یاخود قەزا بریتییە لە (( فصل الخصومات و إنهاء النازعات بإلزام الخصم بالحكم الشرعي)) [(*)] قەزاش هەروەك ئاماژەمان پێدا پایەیەکە لە پایەکانی دەوڵەتی ئیسلامی یاخەلافەت و ئیمامەتی گەورە و میحوەری سیستمی فەرمان ڕەوایەتی و ڕوکاری عەمەلی پیادە کردنی شەریعەت و ڕێز و پایەی حوکمەکانی شەریعەتە لەلای خەڵکی ، لە هەمان کاتدا ڕاگەیاندنی ڕێز و سامی ئەوە و بواری پیادە بونێتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی و بەدیار خستنی دادگەری ئینسانە ، لە نێوان خەڵکیدا بە بێباوەڕ و باوەڕدارەوە ، هەر بۆیە بەشێك لە کاری پێغەمبەرانیش بریتییە لە قەزاوەت کردن لەنێوان خەڵکیدا بە دادگەری و یەکسانی .

لەبەر ئەم گرنگییەی کە قەزا هەیەتی ، چاکی و باشی و تۆکمەیی دەزگا و سیستمی قەزا واتە چاکی و باشی و تۆکمەیی گەل و ئوممەت دەگەیەنێ ، لەبەر ئەم گرنگییە بەرنامەی قەزاوەت لەسەر چەند بنەمایەك بنیات دەنریَ لەوانە : بێلایەنی و خەمخۆری بۆ کارەکە و بەیەك چاو سەیرکردنی هەردوو ( خصم ) چونکە لە قەزادا ڕەوا و دادگەری بەرجەستە دەبێ و مافەکانیان دەدرێتەوە و هێمنی و ئاسایش باڵ دەکێشێ بەسەر ژیانی خەڵکیدا .

---

[(١)] ئەکریَبۆئەمەسەیریکتێبێکیبەڕێز(د.زیدان)بکریَلەوبارەیەوەهەروەهابەکورتیش لە(نظام الحكم في الأسلام ) مەکەیدا هەیە.

[(٢)] نظام الحكم في الإسلام / ل ٦١٤ .

[(*)] هەردووپێناسەکەلەوەدایەك دەگرنەوە کەقەزاناکۆکییەکان یەکلادەکاتەوە بەشێوەیەکیشەرعیویاسایی .

کارێکی سەرەکی پێغەمبەریش (ﷺ) بریتیبووە لە پیادە کردنی دادگەری ، دیارە ئەمەش لەڕێی قەزاوەت کردن و دادوەری و دەزگای قەزاوە بەرجەستە دەبێ و بەجێ دێت (لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَ أَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَ الْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ ) ( الحديد : ٢٥ ) . (وَ إِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ ) ( النساء : ٥٨ ) واتە هەرکاتێك داوەریتان کرد لە نێوان خەڵکیدا ، دادپەروەرانە فەرمان ڕەوایی بکەن ، چونکە بەڕاستی خوا بەجوانی و چاکی و تەواوی ئامۆژگاری و فەرمانتان پێدەدا . لێرەوە دەزگای ( قضاء ) دەروازەی پیادە کردنی شەریعەت و پاراستنی سام و هەیبەتێتی ، ئەوەش گرنگی زیاتری قەزامان بۆ دەردەخا لە ڕووی پیادە کردنی شەریعەتەوە ... بۆیە دەبێ قازی و دەزگای (قەزا) خوای گەورە بەچاودێری خۆیان بزانن و پیادەی دادگەری و ڕەوایەتی بکەن و بەهۆی هیچ بیانویەکەوە کەم تەرخەمی نەنوێنن لە پیادە کردنیدا ، (( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَ لَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَ الْأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيّاً أَوْ فَقِيراً فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَنْ تَعْدِلُوا وَ إِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيراً ) ( النساء : ١٣٥ ) واتە ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەمیشە ڕاگری دادوەریبن و شایەتی بۆخودا بدەن ، با شایەتییەکەشتان زیانی بۆ خۆتان و دایك و باوکتان یان خزمانیش هەبێ ، ئەگەر کەسێك لەوانە دەوڵەمەند بێت یا هەژار خوا بە بەرژەوەندی ئەوان چاکتر دەزانێت لە ئێوە ، نەکەن شوێن ئارەزوی نەفس بکەون و لە دادپەروەری لابدەن ، جا ئەگەر ئێوە پێچ لێ بدەن ( زمان بگۆڕن )و شایەتی ناهەق بدەن ، یا پشت هەڵکەن ، ئەوا چاك بزانن خوا ئاگادارە بە کار و کردەوەتان . ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَ لا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَ اتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ) (المائدة:٨) واتە ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە زۆر بەچاکیهەستن بە ئەنجام دانی شایەتی دادپەروەرانە لەبەر خوا ، ڕق و دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەنێك هەڵتان نەنێت کە لە دادپەروەری لابدەن ، داد پەروەر بن ، ئەوە نزیکترە لە تەقوا و خواناسینەوە ، دەی کەواتە لەخوا بترسن و پاریزکا ربن ، چونکە بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو کار و کردەوەیەی دەیکەن .

دیارە لە ئیسلامدا ( قاضي ) بۆی نییە بەپێی قەناعەتە شەخسییەکانی خۆی بڕیار بەسەر شتەکاندا بدات بەڵکو پێویستە ( بەپێی دەقە شەرعییەکان ) پابەندبێ بە کۆمەڵێك هۆکاری سەلماندنیەوە و ێنەی شایەتی دان پێدانان و سوێند و پشتگیری ( قرينة ) ، لەمەشدا پشت ئەستورە بە دەقەکانی قورئان و کەڵك دەبینێ لەو ئیجتیهاد و تەفسیر و ڕایە

بەهێزانەی لە فیقهی ئیسلامدا ، لەکاتی پیادەکردنی دادگەری‌دا پێویستە هاوسەنگی بکرێ لەنێوان ماف و ئەرکەکاندا تاوەکو بە یەکسانی بڕوانرێتە لایەنە ناکۆکەکان و کارەکان وەك خۆی جێبەجێ بکرێ و هاوسەنگێتی قەزا ڕابگیرێ ، ئەمەیە پێی دەوترێ ( الإحسان في العدل )و خوای گەورەش فەرمانی‌پێ‌دەکات ( إِنَّ اللَّـهَ يَـأْمُرُ بِالْعَـدْلِوَ الْإِحْسَـانِ)(النحل: ٩٠)، (عدل)یش بەپێی هەندێ پێناسە لەم بوارەدا بریتی‌یە لە ( فصل الخصومات بين المتنازعين بواسطة الشريعة الإسلامية ) بەڵام ( الإحسان في العدل ) بریتی‌یە لە ( موازنة الحقوق و الواجبات عند تطبيق العدل ) [١] .

لە شەریعەتدا داواکاری‌یەکان بەپێی توانایە ( لا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْساً إِلَّا وُسْعَهَا )( البقرة:من الآية ٢٨٦ ) ئەمەش ئەوە دەخوازێ چاومان لەحاڵی کەسانێکی بارگران و قورسەوەبێ ( وَ إِنْ كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَى مَيْسَرَةٍ ) ( البقرة :٢٨٠ ) .

هەربۆیە لەگەڵ بێ‌توانایی‌دا تەکلیف نی‌یە ، وە کەسانی منداڵ و شێت و لەبیرچوو (مُكلَّف) نین ( رُفع عن أمتي الخطأ و النسيان و ماسكرهوا عليه ) رواه الطبراني عن ثوبان ، لێرەوە بنەمای (( المشقة تجلب التيسير )) دێتە پێشەوە ...

دیارە هاوسەنگی قەزا زۆرشت دەخوازێ و بواری ئەوەش هەیە پێش قەزا سوڵح بکرێ [١] تا سنگ فراوانی و لێك تێگەیشتن لەدەست نەدرێ ... لەهەمان کاتدا ئەوە دەخوازێ هەریەکە بەرگری لەخۆی بکا و بە بەڵگەوە تۆمەت لەسەر خۆی لابدات یا بیسەلمێنێ بەسەر کەسی بەرامبەردا هەر بۆیە هەریەکە لە ( إقرار و شهادە و يمين و قرائن ی شرعی ) نرخی خۆیان هەیە ، بەم پێیەش ناکرێ بە خۆڕایی و ئاسانی خەڵکی تۆمەتبار بکرێ بۆیە دەبینین لە ( زنا )دا چوار شاهێد پێویستە ناکرێ بە بوونی‌گومان ( حد )ی لێ بدرێ ، لەهەمان کاتدا دەکرێ لە شایەتی پەشیمان ببنەوە و ئەمەش ببێتە هۆی پاك بونەوە لە تۆمەت و جەریمەی بەرامبەر ..لەلایەکی ترەوە سزای ئەو کەسانە دەدرێت کە بە ناڕەوا خەڵکی تۆمەتبار دەکەن یا ستەمیان لێ دەکەن یا شایەتی درۆ دەدەن .

---

(٢) بۆئەمە وپێشتریش بڕوانە (الفقه الإسلامي وأدلته ب٨ ل٥٩٢١ ــ ٥٩٢٥ .

[١] ئەم جۆرە سوڵح کردنە بەڕای ئێمە دەبێت شێوازێکی نوێ وەربگرێ ومافی‌کەسی تێدا نەخورێ و نەبێتە مایەی پشتگوێ خستنی دەزگای‌داوەری .

* ئەگەر ( قاضـي ) لـە ( إجتهـاد )ەوە هەڵـەی کـرد ، هیچـی لەسـەر نیـیە بـەڵام بـە پێچەوانەوە ئەوا تاونبارە و سزای خوایی لەسەرە پێغەمبەری خواش (ﷺ) دەفەرموێ (( إن الله مع القاضي مالم يجر ، فأذا جار ، تبرأ الله منه و ألزمه الشيطان )) رواه الحاكم و البيهقي ، هەروەها دەفەرموێ (( القضاء ثلاثة ، اثنان في النار و واحد في الجنة ، رجل علم الحق فقضى به فهو في الجنة و رجل قضى للناس على جهل فهو في النار ، و رجل عرف الحق فجار في الحكم ، فهوفي النار )) رواه أصحاب السنن الأربعة و الحاكم عن بريدة .

هەر بۆیە ئەبێت لەبەرامبەر قەزادا ( حاكم و محكوم) یەکسان بن و لەگەڵ دوژمنانیش دا لە شەڕ و ئاشتیدا داد پەروەری لەدەست نەدرێ .. دیارە ( قاضي ) لە زۆر کۆنەوە کۆمەڵێك ( صلاحيات )ی هەبووە ئەکرێ شتی بۆ ( إضافة ) بکرێ یا فراوانی زیاتری پێبدرێ ... دیارە لەبەر ئەوەی ( قەزا ) : کارەکەی بریتییە لە ( فصل الخصومات و قطع المنازعات ) ئەوا بەپێی شەریعەتی ئیسلامی وردە کاری گەرەکە و دەبێ بە جیدی هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکرێ . هەموو ئەمانە دەخوازێ دەسەڵاتی قەزایی سەربەخۆیی خۆی هەبێ و هەر بۆیە لەسەردەمی خەلیفە عومەردا ( قازی ) کارەکەی جیا کرایەوە لە کاربەدەستی ( والی ) ناوچەکان و هەر ناوچەیە و قازی تایبەتی بۆ دانرا .

## ( جۆری مەشروعیەتی )

بوونی قەزا فەرزێکی ( كفائي )یەو دەبێت لەنێو موسڵماناندا کەسانێك پێی هەستن ، بەڵگەی فەرز بونیشی ئەم ئایەتەیە ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ ) ( النساء :١٣٥ )وە مرۆڤیش لە ژیانیدا پێویستی بە ڕێکخەر و یاسا هەیە بۆ سەرجەم ئەو گرفتە جۆرا و جۆرانەی دێتە ڕێی ، دیارە ( كفائي )یە چونکە ئەوەندەی پێویستە دەبێ ببێ ، نەك هەموو کەس قازی بێت ، مەرجی ئەو کەسەش دەست دەدا بۆ قەزا چەند شتێکە هەندێکی جێی جیاوازی و ناکۆکی نییە لەوانە ( بالغ و عاقڵ بێ و ئازاد و موسڵمان بێ و ساغ و سەلیم بێ لە بیستن و بینین و گۆ کردنیدا بەهۆیەوە بتوانێ کارەکەی ئەنجام بدا و شارەزایی هەبێ بەحوکمە شەرعییەکان .

هەندێ مەرجی تر هەیە جێی جیاوازی موسڵمانانە لەوانە ( عدالة ، الذكورية ، الإجتهاد) داد گەری ( لەخودی خۆیدا نەك بەرامبەر خەڵکی ) . ئەمە مەرجە لای مالکی و حەنبەلییەکان بەڵام لەلای حەنەفییەکان ( فاسق ) بۆکاتی پێویستی دەکرێ قازی بێ بەڵام

ئەویش بەو ڕەهایە نابێ بۆ نمونە لە ( قذف )دا ( محدود )[*] نەبێ ( بەڵام دیارە نابێ لە حوکم دان ناعەدالەت بێ و بەپێی غەیری شەریعەت حوکم بدات ) بەهەمان شێوە ( نێرینەیی ــ الذكورة ) مەرجە لای ( مالكی و شافعی و حەنبەلی ) بەڵام لای حەنەفیەکان ئافرەت دەتوانێ قازی بێ جگە لە ( حدود و قصاص ) و لای ( طبري )ش بۆ هەموو بوارەکانی دەتوانێ .

سێهەمیشیان مەسەلەی ( مجتهد ) بوونە کە ئەمەش زۆرینە لەسەر ئەوەن ( مجتهد ) بێ ... بەڵام دیارە لەم خاڵەدا قسەی تریش هەیە هەروەك زۆرینەی ( حەنەفیەکان )وا دەڵێن .

## قازی پێویستە لەسەرشانی :

١/ پیادەی یاسا بکا و شەریعەت جێبەجێ بکا بەوشێوەیەی خوای گەورە دایناوە .

٢/ پشت ئەستووربێ بە هۆکارەکانی سەلماندنی شەرعیەوە هاووێنەی ( شهادة ) ( إقرار ) ( كتابة ) ( قرائن )[1] ی ( قطعي ) و ( عورفی ) پشت نەبەستێ بە بەڵگەیەك کە شایستەی تانە لێدان و هەڵوەشاندنەوە بێت .

٣/ بەربەستی تۆمەت بکا و حوکم نەدات بۆ کەسێك کە تۆمەتبارە بەوەی خزم خزمێنە و خۆشەویستی تایبەت ( محابات )ی بۆی هەیە ، یاحوکم بدا بۆخۆیی و برا و باوکی ، بۆئەوەی ڕێگە بڕی ( درء ) لەهەندێ گومان بکا و قسەبڕدرێ .

ئەمە جگە لە چەندان ئادابی تر کە بەپێی گرنگیەکەی ( حكم )ی تایبەت بەخۆی وەردەگرێ و هەندێ جار واجبە و هەندێ جاریش دەکرێ هەندێکیان بۆ زیاتر بەئاگایی و قسە بڕی و هاوسەنگی بێ ، یا لە ( باب )ی سوننەت دا جێی ببێتەوە لەوانە هەیانە گشتیە و هەیانە تایبەتی ... لەو ئادابە گشتیانە :ـ ڕاوێژکردن بە زانایان و بەیەك چاو سەریکردنی دوو ناکۆکە کە لە قسەکردن و ڕوو تێکردن و دانیشتنیاندا و ...هتد ، لەم بارەیەشەوە فەرمودەمان هەیە و عومەری کوڕی خەتتابیش لە نامەیەکیدا سەبارەت بە قەزا سەرنجی گرنگی لەو بارەوە تۆمار کردووە .

---

[*] واتەتۆمەتیهەڵنەبەستبێت وحەددیبەسەردا پیادەنەکرابێ .

[1] (قرائن) هەندێکیان دەقیان لەسەرهاتووە و هەندێکیشیان (عورف) و بارودۆخ دەست نیشانیدەکەن .

لەوانە نابێ قازی دیاری پەسەند بکا مەگەر لەخزمێکی خۆی یا لە کەسێك کە پێش بەقازی بوونی شتی وا لەنێوانیاندا ئاسایی بوبێ وە نابێ بەدەم دەعوەتێکی تایبەتەوە بچێ کە تەنها بۆئەو کرابێ بەڵام شتێك کە سەرجەم خەڵکی بۆ بانگ دەکرێ ئاسایی‌یە وە بۆ دەعوەتێکی ( گشتی )ش نەچێ کە خاوەنەکەی خاوەنی کێشە و ناکۆکی‌یەك بێ و پێویستی بە ( قاضي ) هەبێ ... وە دەبێ قازی لەدەعوای لایەنە ناکۆکەکان تێبگا و لە کاتی قەزاوەتدا شپرزە و دودڵ نەبێ و تورە و هەڵچوو نەبێ لەترس و ڕاڕایی و شپرزەیی‌دا نەبێ و هەڵس و کەوتی لەگەڵیاندا یەکسان بێ و بەدەم یەکێکیانەوە پێنەکەنێ و بەلای ئەوی تردا ڕوترش یا داخراو بێ و هاووێنەی ئەمانە ، قسەیەك نەخاتە سەرزمانی یەکێکیان و هاوکاری بکا لە قسەکردندا یا بۆشاهید ئەمەبکا بەڵکو ئەوە بۆ لایەنە ناکۆکەکان بەجێ بهێڵێ . وە چەندەها ئادابی تایبەتی‌تر هەیە کە تایبەتە بە شوێن و جێگە و ڕێگە و مافە ماددی و مەعنەوی‌یەکانی قازی‌یەوە کە ئێرە شوێنی باسکردنیان نی‌یە و لەوبارەیەوە کەلتورێکی کەڵەکەبوی دەوڵەمەند هەیە .

ئەمە جگەلە چەندان باس و خواسی تری وەك جۆری قازی‌یەکان و تایبەتمەندی هەریەکەیان و چۆنیەتی ڕێکخستنی کاروباری قەزا و ڕێکخستنی دەزگاکانی و دەست نیشان کردنی ( صلاحيات )ی قازی و دەزگای قەزا و واجب و ئەرکەکانی و ڕێگەکانی سەلماندنی ڕەوا و مافەکان و ... ( ولاية المظالم )کە پەیوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆی بە ( قضاء )ەوە هەیە و زیاتر تایبەتە بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە قەزای ئاسایی پێی چارەسەر ناکرێ بەتایبەت کێشەی کاربەدەستان و پیاوانی دەوڵەت و ... هتد [١] .

ئەمە جگە لە چەندان باسی گرنگ وەك دەسەڵاتی قەزا لە چاودێری کردنی بەڕێوە چوونی یاسا و پیادە کردنی شەریعەت لە دەوڵەتدا ... لەوانە چاودێری قەزای ئیسلامی ئاسایی لەسەر کاروبارەکانی دەسەڵاتی گشتی‌دا ئەمەش وەك کاروبارە بەڕێوەبەرایەتی‌یەکان و ئەو کار و بارانەی لەژێر دەسەڵاتیاندا دەگوزەرێ و بەڕێوە دەچێ هەروەهاچاودێری کردنی قەزای ئیسلامی لەسەر شەرعیەتی یاساکان خۆیان واتە ( چاودێری دەستوری بوونی یاسا دەرچووەکان بەزمانی ئەمڕۆ ) ، هەروەها ڕەچاوکردنی بنەماکانی شەرعی‌بوون تێیانادا ، بە هەمان شێوە چاودێری کردنی کارەکانی دەسەڵاتی قەزایی خۆی ....

---

[١] سەیری(نظام الحكم في الإسلام) و سەرچاوەی‌پێشووبکە .

لەپێشەوە ئاماژەیەکمان کرد بە ( ولاية المظالم )کە ئەمیش هەر ( قاضي المظالم )ە بۆ لێپرسینەوە و موحاسەبە کردنی خاوەن دەسەڵات و پێگەکان ، ئەگەر ملکەچی ( قضاء )ی ئاسایی نەدەبوون یان ئەوان بۆیان چارەسەر نەکرا ... ( قضاء المظالم )یش چاودێری هەیە بۆ کاروباری دەسەڵاتەگشتییەکان بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە ، لەڕاستیشدا مێژوی ( قضاء) لە ئیسلام دا بەشێوەیەکی گشتی مێژوویەکی پڕ سەروەرییە و قازییەکان زۆرجار توانیویانە دەسەڵات دارەمل هوڕەکان بهێننە گیروگاز و ملیان پێکەچ بکەن بۆ دانەوەی مافەکانی خەڵکی :

**ئەم خاڵەبێزەش دەگەڕێتەوە بۆچەندها هۆ لەوانە :ـــــ**

١/ سەربەخۆیی قەزا و ئەوپێگە یاساییەی کە هەیبووە .

٢/ گرنگی ئەو مەرجانەی کە پێویستن لە قازیدا هەبن بۆ ئەوەی بۆئەوکارە دەست نیشان بکرێت .

٣/ ئەو بنەمایەی کە قازی پابەندبووە پێیەوە و بۆی گەڕاوەتەوە .

٤/ بەرپرسیارێتی قازی ئەگەر هاتوو لە حوکمەکانی یاسای ئیسلامی دەرچوو .

٥/ پاراستنی قازی لەکەنارخستنی مەگەر لەبەر چەندهۆکارێکی دیاری کراو [1] .

پێم خۆشە ئەم باسە بە پەیامێکیعومەری کوڕی خەتتاب کۆتایی پێبهێنم سەبارەت بە (قضاء ) و ڕۆڵ و کارەکانی کە تیایدا عومەر بەرنامەی قەزاوەت دیاری دەکا و ڕوانگەی ئیسلام سەبارەت بە قازی دەست نیشان دەکات ، لەگەڵ چەندان ئاداب و ( ضوابط )ی تر ... بۆئەوەی سەرەنجام بگەنە دەرکردنی بڕیار و حوکمێك کە پڕاوپڕ و ڕێك بێت بە شەریعەت ، ئەمەش دەقی پەیامەکەی عومەری کوڕی خەتتابە [2]

(بسم الله الرحمن الرحيم)

ـ لە عومەری کوڕی خەتتاب سەرکردەی موسڵمانانەوە بۆ عەبدوڵڵای کوڕی قەیس ( کە ئەبو موسای ئەشعەرییە ) ،

---

[1] سەیری((الدولةالقانونية والنظم السياسي الإسلامي )) د.مشير حميد البياتي بکە .

[2] سەیری (أعلام الموقعين عن رب العالمين )ی ابن القيم الجوزية (٨٥/١ وپاشتریبکە)لە(الفقه الأسلامي وأدلته) ل٥٩٢٨ ـ ٥٩٢٩ وەرگیراوە .

ـ سەلامت لێبێت، سوپاس و ستایشی ئەو خوایە دەکەم کە هیچ پەرستراوێك نىیە جگەلەو،

**لە پاشاندا ،**

١/ لە ڕاستىدا ( قضاء ) فەرزێکیچەسپاوە و سوننەتێکی ( مُتَّبَعة ) ( واتە لەپێش ئێمەش ئەنجام دراوە ) .

٢/ ئەگەر شتێکیان هێنایە بەردەستت تێی بگە ( فافهم إذا أدلي إليك ) .

٣/ بەڕاستی قسەکردنێکی ڕەوا ئەگەر جێبەجێنەبێ کەڵکی نىیە ( فأنه لاينفع تكلم بحق لانفاذ له ) .

٤/ لە دانیشتن و ڕوتێکردن و دادوەری کردندا یەکسانی ڕەچاوبکە ، تاپیاوماقوڵان بەتەمانەبن ستەمت پێ ئەنجام بدەن و لاوازەکانیش لە دادگەریت نائومێد نەبن . ( آس بين الناس في مجلسك وفي وجهك و قضائك ) .

٥/ بەڵگە لەسەر ئەوکەسەیە کە داوای شتێك دەکا و سوێندیش لەسەر ئەوکەسەیە کە ئینکاری ئەکا ( البينة على من إدّعى واليمين على من أنكر ) .

٦/ سوڵح دروستە لەنێوان موسڵماناندا، مەگەر سوڵحێك حەرام حەڵاڵ بکا یان حەڵاڵ حەرام بکا.

٧/ هەرکەسێ بانگەشەی مافێکی نادیار یا بەڵگەداری کرد ، ئەوا ماوەیەکی دیاری کراوی بۆدانێ ، ئەگەر ڕوونىکردەوە و بەڵگەی هێنا مافەکەی پێ دەدەیتەوە ، ئەگەر نەشىتوانی ئەوا کێشەکە دەکەوێتە سەر خۆی ، ئەمەش باشترە بۆ بڕینی بیانو و بەرچاو ڕۆشنی .

٨/ قەزایەك کە ئەمڕۆ بڕیارت تێداوە و سبەی کە پیایدا چویتەوە و باشترت بینیەوە ڕێگریت نەکا لەوەی بۆ ڕەواکە بگەڕێیتەوە چونکە ڕەوا ( حق ) کۆنە و هیچ پوچی ناکاتەوە ، پێداچونەوەی بۆ گەیشتن بەڕەوا باشترە لە درێژەدان بە ناڕەوا .

٩/ موسڵمانان لەنێوان خۆیاندا بە دادگەر دادەنرێن مەگەر یەکێك شایەتىیەکی درۆی دابێت ، یا( حدّ )ێکی لێ درابێ ، یا گومان لە ( ولاء )و خزمچیەتی بکرێ .

١٠/خوای گەورە خۆی ئاگای لە نهێنىیەکانە و چاوپۆشی ( حدود )ی لێ کردون مەگەر بەڵگە و سوێند هەبێ .

١١/ پاشان هەوڵ بدە زۆر بە باشی لەو کار وبارانە تێ بگەیت کە دێنە بەردەستت و لە قورئان و سوننەتەوە هاتوون ، لەم حاڵەتەدا ( قياس )بکە ، شارەزای بەندەکان بە ، دواتر

ئەوەی وا دەزانی لای خوا خۆشەویست ترە و نزیکترە بە هەق ئەوە هەڵبژێرە و پشتی پێ ببەستە .

١٢/ خۆت بپارێزە لە تورەیی و ڕاڕایی و هەڵچون و ئازار گەیاندن بە خەڵکی و دان نەنان بە ڕاستی یەکان لەکاتی ڕوبەڕو بونەوەی کێشە و کەسەکاندا .

١٣/ چونکە بەڕاستی ( قضاء )ێکی هەق و ڕەوا لەشتێکدا خواپێویستی کردووە ، پاداشتی تێدایە و ناوبانگ و باسی باشی پێ پەیدا ئەبێ .

١٤/ هەرکەسە نیازی پاك بێ لە ڕەوادا ئەگەر لەسەرخۆیشی بکەوێ ، ئەواخوای گەورە بەسە بۆ ئەو ( ناکۆکی یانە )ی لە نێوان خۆیی و خەڵکی دا پەیدا دەبێ ، بەپێچەوانەی کەسێکەوە خۆی بەشتێك بڕازێنێتەوە کە لەخودی خۆیدا وانەبێت ، چونکە خوای گەورە تەنها کارە دڵسۆزەکانی مرۆڤــ پەسەند دەکا . (*)

## ( چەند سیستمێکی تر )

دیارە لە ئیسلامدا سیستمی تر زۆرە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی کۆمەڵگەوە هەیە و ئێمەش بەوەندە سیستمە وازدەهێنین بۆنمونە :

سیستمی ڕۆحی و مەعنەوی یا سیستمی پەرستشەکان کە بۆخۆی گەورەترین پانتایی لە ژیانی موسڵماندا داگیردەکا ، بگرە سەرجەم ژیانی داگیردەکا ئەگەر هەندێ مەرج هەیە لەخۆیدا بەدی بهێنێ ... بەمانایەکی تر دەکرێ سەرجەم یاساکانی ژیان بەوەی باسمان کرد یانەمان کردووە بەمانایەك لە ماناکان و پێناسەیەك لە پێناسەکان لە ئیسلامدا لەژێر ئەم سیستەمەدا جێی دەبێتەوە .

(*) لەخاڵی (٤)دا هەستم بەلەنگی یەك کرد بەڵام تەنهایەك سەرچاوەم لەبەردەستدابوو بۆیەبەپێی تێگەیشتنی خۆم دام ڕشت

هەروەها سیستم ویاسای فەتوادان و وردەکاری‌یەکانی ئەم سیستمانە ... ئەمە جگە لە یەکێك لە گەورەترین سیستمەکانی ئیسلام کە بەسیستمی ( الحسبة ) و ( نظام الحسبة ) دادەنرێ و پەیوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆ و زیندووی بە ژیانی کۆمەڵگاوە هەیە و ڕەنگدانەوەی ( فەرمان بەچاکە و ڕێگری لەخراپە )یە کە لەڕۆحی دەقەکانی ئیسلامەوە وەردەگیرێ و زانایانیش پانتایی‌یەکی یەکجار زۆریان بۆتەرخان کردووە و[1] بەمەبەستیشەوە خۆمان بوارد لەباس کردنی سیستمی سیاسی لەئیسلامدا یائەوەی بەسیستەمی فەرمان ڕەوایی ( نظام الحكم ) ناسراوە ، چونکە پاشتر تیشك دەخەینەسەری و هەندێ لایەنی گرنگی ئەوباسە ڕوون دەکەینەوە چونکە ئامانجێکی سەرەکی ئەم کتێبە ڕوون کردنەوەی ڕاستی ئەو بابەتەیە ، بەتایبەت لەم سات و کاتەدا کە بەچەندەها شێوە لەلایەن دۆست و نەیارەوە قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکرێ ، ئەوەش لەیاد نەکەین کەئیسلام بۆ بوارە بەڕێوەبەرایەتی‌یەکانیش ( الإدارية ) دەیەها ئاراستەی هەیە کە دەکرێ بکرێنە هەوێنی بەڕێوەبەرێتی‌یەکی ئیسلامی خاوەن ڕەوشت ... وێنەی بنەمای دەست پاکی و شارەزایی ولێزانی و هێز و خۆڕاگرتنەوە بە ڕەوشتەکانی‌لێبوردەیی و خۆگری و بەخشین و نەرم و نیانی و ڕاوێژ و ڕاست گۆیی و دان بەهەڵەدانان و سوپاسکردنی کەسانی لێوەشاوە و لێزان و دڵسۆز ...چەندانی‌تر کە ئیسلام بە دەق ئاراستەی ئەخلاقی بەرزیان پێ‌دەدات .

ئەمە جگە لەو دەیەها و سەدەها ڕێنمونی‌یە قورئانی‌یانەی سەرجەم لایەنە جیاوازەکانی ژیان دەگرنەوە و گرنگی دەدەن بە پەروەردەکردن و گرنگی‌دان بە تەندروستی و ژینگە پارێزی و ئادابەکانی تری ژیان و ... هتد کە هەندێکمان باس کرد ... و لە کتێبە تایبەتی‌یەکانیشدا ئەو ووردە کاری‌یانە زۆر هەن . لە ئیسلامدا تێهەڵکێشی‌یەکی سەیر هەیە لەنێوان زۆر کار و باری ژیانی دونیا و دواڕۆژدا بەشێوەیەك ئاوێزانن ، کە تێکەڵی ئیسلام بە کایە کۆمەڵایەتی و ئابوری‌یەکانی کۆمەڵگا دەردەخا و ناکرێ ئەگەر ئیسلامی‌یانە بیربکەینەوە هیچ جیایی و پەردەیەك هەبێ لە نێوان ئیسلام و ژیان[1] و دونیا و دواڕۆژدا

---

[1] لەکتێبی ( لێکۆڵینەوەیەك لەسەرچەمکی بیدعە و چۆنیەتی گۆڕینی‌خراپە ) هەندێك لەسەرئەوبابەتە دواوین .

[1] دیارەمەبەست ئەوەنی‌یە هەربوارێك دەزگای‌خۆی‌نەبێ ،بەڵکوتێهەڵکێشی‌یە لەڕووی‌مەعنەوی‌یەوە.

لە دیدی ئیسلامەوە ، بۆیە دەبینین تایبەت مەندترین بواری ڕۆحی و عیبادەتی تێکەڵ دەکرێ بەهەڵس وکەوتە گوزەرانیە کانی دونیامانەوە .

هەرچەندە ئەمانەش نەفیکردنی ناوچەی عەفولێدراویش نییە لە شەریعەتدا ، لەوەی کە ڕابورد ئەوە بەدەر دەکەوێ ئیسلام سەرجەم بوارەکانی ژیان بەهەند دەگرێ و لەهەر بوارێکیش دا ئاراستە و ڕێنمایی و فەرمانی تایبەتی خۆی هەیە و دەیەوێ موسڵمان ئەگەر خۆی بە موسڵمان بزانێ و شوێنی تەعالیمەکانی ئیسلام بکەوێ ( بەو شێوەیەی لە قورئان و سوننەی ( صحیح )دا ڕەنگیداوەتەوە ) دەبێ ئەو فەرمان و ئاراستە و داواکاریانە لەژیانی خۆیدا بەرجەستەکا ، بگرە بانگەشەکردن بۆ پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی ئیسلام و ئاراستە کردنەکانی ئەرکی سەرشانی سەرجەم موسڵمانانە بەتایبەت بانگخوازان ، ئەمەش لەدەیان دەقی ئایەت و فەرموودەدا زۆر بەڕوونی بەرجەستە بووە ، موسڵمانیش وە ختێك خۆی بە ئەندامێکی ڕاستەقینەی بازنەی ئیسلامەتی دەزانێ کە هەست بکا پابەندە بەو ڕێنماییانەوە .

لێرەدا گرنگە چەند سەرنجێك بدرێ ، ئایا کاتێك موسڵمان هەست دەکا لەژێر هەر بارێکدابێ دژایەتی سەرجەم ئەو قەناعەتانەی ئەو ئەکرێ کە باوەڕی پێیەتی و دەخوازێ لەژیانیدا پیادەببێ و لێی ڕوونە سستمی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی ڕوولە مەترسییە و هیچ کەسێکیش جگە لە هاوبیرانی لەخەمی پاراستنیدا نین ئایائەم حاڵەتە چی دەخوازێ ؟

هیچ کاتێکیش ئەو فەرمان ڕەوا و حکومەتانەی ( کە هەڵگری ئەو بەها ڕەوشتی و کۆمەڵایەتیانە نین ) لەخەمی پاراستنیدا نابن ، بگرە بەرەی بەرامبەر بەهێزتر دەکەن و لە هەوڵی پوکانەوەی بەها ئیسلامیەکاندان ( بەتایبەت لەم سەردەمی جیهانگیری و سیستمی نوێی جیهانی یەدا ) ، سیستمی ئابوری ئیسلامی لەکارخراوە و ڕیبا و سو و ئیستغلال کردن باڵی بەسەر ژیانی خەڵکیدا کێشاوە ! کێیە لەخەمی بەدیهێنانی ئابورییەکی ئیسلامیدابێ بۆ ژیانی کۆمەڵگە ؟ ئیسلامە دەیەها ئاراستەی هەیە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و... هتد ، بەڵام لەواقعدا پێچەوانەی ئەوانە دەکرێ ... سیستمی سزادان لەئیسلامدا کێپیادەی دەکا؟ ئەگەر سەرجەم کۆمەڵگەش قەناعەتی پێی هەبێ (*) ! ئیسلام

---

(*) دیارە ئەوبوارانە وچەندەها شتیتر دەیەهاڕێ و شوێنی بۆدەگیرێتەبەر ، هەرلەهەوڵی تاکەکەسییەوە تاوەکو گروپی فشارو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵیمەدەنی و دەزگاو دامەزراوەیتر تا زەمانەت کردنیان لەڕێگەیاسا و دەستورەوە دەسەبەردەبێت .

خوازیارە واقعێکی بەهایی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ... هتد ی وەها بێتە کایەوە کە ڕێگە بە تەعالیمەکانی بدا ئایە ئەمە چۆن دێتەدی ؟ ئەی کێیە و چۆن ( لەکاتی پێویست دا ) جیهادی ئیسلامی بەمانا گشتی و تایبەتەکەی پیادە دەکا؟ ئەی ئەو داوایانەی ئیسلام هەیەتی و کاری لەسەر دەکا وێنەی بانگەشەکردن بۆ دادوەری و چاکەخوازی و ستەم و دەست درێژی نەکردن ، کێ لەخەمی هێنانەوەیاندایە ؟ ئایا ئەمانە تێکەڵ نین بەوەی پێی دەوترێ ژیانی سیاسی کۆمەڵگە ؟ وا باشە لێرەوە لەڕوانگەی دەقەکانی ئیسلامەوە گوزەرێك بەسەر مەسەلەی دادگەری و زۆر و ستەمکاریدا بکەین ، چونکە داکۆکی کردن لە مافەکانی مرۆڤ و پاراستنیان ئەوە دەخوازێ ئەم چەمکانە بەڕوونی بخرێنە پێش چاو و لێرەوەش ئاوێزانی ئیسلام بەژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەدا زیاتر بەرجەستە دەبێ .

## ( دادگەری و ستەمکاری و دیدێکی ئیسلامییانە )

بەپێی خوێندنەوەی دەقەکانی شەریعەت ئەوە بەدەر دەکەوێ کە مەبەست لە هاتنی ئیسلام بەدەست هێنانی بەرژەوەندی خەڵکییە ، ئیتر ئەو بەرژەوەندییانە بریتیبێ لە بەرگری و نەهێڵانیخراپەکارییەکان یان بەدەست هێنانی بەرژەوەندییەکان وەك ( عز بن عبدالسلام ) دەڵێ ( إن الشريعة الإسلامية كلها مصالح : إمّا درء المفاسد أو جلب المصالح ) یا وەکو ( ابن تيمية ) دەفەرموێ ( إن الشريعة الإسلامية جاءت بتحصيل المصالح وتكميلها و تعطيل المفاسد وتقليلها ) ... هەروەها قوتابییەکەشی ( ابن القيّم الجوزي ) دەڵێ ( الشريعة مبناها و أساسها على الحكم و مصالح العباد في المعاش و المعاد وهي عدل كلها و رحمة و مصالح كلها و حكمة كلها ) ، ( شاطبي )ش وا دەڕوانێتە شەریعەت کە تەنها بۆ بەرژەوەندی خەڵکەکان دانراوە ، ئەمەش ساز و ڕێکە لەگەڵ ئەوەی خوای گەورە پێغەمبەری بەڕەحمەت ناردووە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی ( وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ ) ( الانبياء : ١٠٧ ) ... دیارە پەیامی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆبەزەیی و ڕەحمەتە بۆسەرجەم جیهانیان چونکە سەرجەم بەرژەونەدییە دونیایی و دواڕۆژییەکانی خەڵکی بەدی دێنێ و سەرجەم خراپەکاری و زیانەکانیان لێ لادەدا [1] ، یەکێك لەو ڕێ و شوێنانەی بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی مرۆڤ دەخەنە مەترسییەوە زۆر و ستەم و خۆ سەپاندنە بەسەر خەڵکانی تردا و نەبوونی دادگەری و یەکسانییە ... ئەوەشی لێرەدا ئێمە دەمانەوێ تیشك بخەینە سەری زیاتر لە ڕوانگەی دەقە شەرعییەکانەوەیە ، وەك لەوەی باسی دامەزراوەیەك بکەین هەڵدەسێ بە ئامادەکردنی پێداویستییەکانی دادگەری و ڕێگری لەستەم و زۆرداری ، لەمەش دا مەبەستمانە ڕێخۆشکردنێك بکەین بۆئەوەی بسەلمێ کە ناکرێ شەریعەت وەها سەیر بکرێ کە تەنها کۆمەڵێك ئاراستە و ڕێنمونی و فەرمانی بیردۆزەییە و پێویستی بە بواری عەمەلی و واقع نییە بۆ پیادەکردنی ، بەتایبەت لەکاتێکدا دەزانین سەرجەم بوارەکانی ژیان تێکەڵ بەیەکن و بە ڕایەڵەیەکی بەهێز پێکەوە بەستراون .

دادپەروەری کردن لە ڕەفتار و گوفتاردا داوایەکە خوایگەورە لەسەرمانی پێویست کردووە و ئەرکێکە دەبێ موسڵمان پێی هەڵسێ و بنەمایەکی ڕەوشتی وەهاشە کە ناکرێ دەست بەرداری بین ، چونکە دادپەروەری بنەمایەکی گشتی و پێگەیەکی سەرەکییە

---

[1] سەیری(أصول الدعوة)بکە لاپەڕە ٣٠١ .

لەئیسلام دا ئەوەتانێ خوای گەورە زۆر بەڕوون وئاشکرایی فەرمانمان پێ دەکا دادگەر بین ...( إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَ الْإِحْسَانِ وَ إِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَ يَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَ الْمُنْكَرِ وَ الْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ )( النحل : ٩٠) واتە بەڕاستی خوا فەرمان دەدات بەدادپەروەری و چاکەکاری و یارمەتی‌دان و بەخشندەیی بەخزمان و قەدەغەی گوناه و تاوان و دەست درێژی دەکات (بۆسەر ماڵ و نەفس و ناموس )و ئامۆژگاریتان دەکات بۆئەوەی داوەری وەربگرن و تێفکرن‌و ( هەر چاکە بکەن ) .

ئەو دادگەری‌یەی ئیسلام داوای دەکا ، دەبێت ژێرباری حەز و ئارەزووە کەسی‌یەکانی مرۆڤ نەبێ و بەپێی هەڵوێستی خۆی لەبەرامبەر کەسەکاندا یاری بە چەمکی دادگەری نەکا بەڵکو پێویستە لەگەڵ ناحەزەکانیشیدا دادگەرانە ڕەفتار بکا ئەمەش داوایەیکە خوای گەورە ویستویەتی و دەیەوێ ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَ لا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَ اتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ )(المائدة : ٨).

وە نابێ دادگەری لەژێر کاریگەری خزمایەتی و هۆزایەتی‌دا پشتگوێ بخرێ و پێچی پێ‌لێ درێ ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُواقَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيّاً أَوْ فَقِيراً فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَنْتَعْدِلُوا وَ إِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيراً ) ( النساء : ١٣٥) .

فەرمان بە دادوەری بۆسەرجەم خەڵکی‌یە بەبێ جیاوازی لەنێوانیاندا ، ئەمەش لەو ئایەتەدا بەدەر دەکەوێ کە سەبارەت بە فەرمان ڕەوایان دابەزیوە هەروەك خوای زانا و دانا دەفەرموێ ( إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَ إِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعاً بَصِيرا ) ( النساء : ٥٨ )

هەربۆیە کاتێك ئافرەتێکی مەخزومی دزی‌دەکا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامادەنی‌یە لەسنووری (حدود)ی شەرعی‌دا لی‌ی ببورێ ، هەرچەندە تکایان بۆی کردو و هەوڵیان بۆی دا .. هەربۆیە پێغەمبەری خوا فەرمان ڕەوایان دەترسێنێ لەوەی ناپاکی لە موسڵمانان بکەن و هەڕەشەی چونەدۆزەخیان لی‌دەکا ( عن أبي معلی‌معقل بن یسار ( ر.ض ) عنه قال : سمعت رسول الله ( ع ) یقول ( مامن عبد یسترعیه الله رعیةً ، یموت یوم یموت وهو غاشٌ لرعیته إلاحرّم الله علیه الجنة ) متفق علیه ، کەواتە ناپاکی کردن لەدەست و پەیوەند و خەڵك و جەماوەر هۆکاری چونە دۆزەخە .

یەکێك لەو حەوت بەشەی کە لەژێر سایەی سێبەری خوای گەورەدا جێی دەبێتەوە پێشەوایەکی دادگەر ( إمام عادل )ە وەك لە فەمودەیەکی ( مسلم )دا هاتووە ( أهل الجنة ثلاث ذوسلطانٍ مقسطٍ موفق ، و رجلٌ رحيمٌ رقيق القلب لكل ذي قربى و مسلم و عفيف ذو عيال)) رواه مسلم . لێرەدا دەسەڵاتداری دادگەر یەکێکە لەوانەی کە موژدەی بەهەشتی پێدراوە .

دیارە دادوەری ( العدالة ) تەنها تایبەت نییە بە فەرمان ڕەوایانەوە ، بەڵکو هەموو تاکێکی موسڵمان دەگرێتەوە و سەرجەم موسڵمانان فەرمانیان پێکراوە لە فەرمان دان و بڕیاردان دا وە لە گوفتار و کردار و ڕەوشتیاندا دادگەری ڕەنگ بداتەوە هەروەك خوای گەورە سەبارەت بە دادوەری لەنێوان دوودەستەی موسڵماندا دەفەرمویٚ ( فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَ أَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ) ( الحجرات :٩ ) ، وە سەبارەت بە گوفتاری دادگەرانە دەفەرموێ ( وَ إِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَ لَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى ) ( الأنعام :١٥٢ ) وە سەبارەت بە کردەوە و ڕەوشتی دادگەرانە دەفەرموێ ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَ لا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَ اتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ) ( المائدة : ٨) هەروەهاخوای گەورە فەرمان دەدا بە دادگەری وچاکە خوازی ، دەفەرموێ ( إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَ الْإِحْسَانِ ) ( النحل :٩٠ ) لەم ڕوانگەیەوە بەرپاکردنی دادگەری لەسەر زەویدا مەبەست و داخوازی ئیسلامە ، بۆ ئەم مەبەستەش دەبینین یەکێك لەهۆکاری ناردنی پێغەمبەران و کرۆکی پەیامەکەیان بەرپاکردنی دادپەروەری (القسط )ە خوای گەورە فەرمویەتی(لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَ أَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَ الْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ وَ أَنْزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَ مَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَ لِيَعْلَمَ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ وَ رُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ ) ( الحديد : ٢٥ )

جائەگەر ئەمە یەکێك بێ لە ئەرك و مەبەستی ناردنی پێغەمبەران ئەبێ چ شتێ ڕێگربێ لە بەردەم کارنەکردن بۆ گەیشتنە دەسەڵاتێکی دادخواز ... تەنانەت لە ڕوانگەی ئەم ئایەتەوە ( ابن تيمية ) ڕای وایە هەرکەسێ لابدات لە ( الكتاب ) کە دادگەری هێناوە ، ئەوا بە ( حديد ) ڕاست دەکرێتەوە ، ( شيخ محمد شلتوت )یش ڕای وایە ( دژایەتی کردنی شەریعەتە ئاسمانییەکان بۆ هاوبەشی پەیداکردنی خوا ، تەنها لەبەر هاوبەشی پەیداکردنەکە نییە ، بەڵکو لەبەر ئەو ناوەڕۆك و کرۆکەیە کە پاڵنەری ستەم و دەست

درێژیی‌یه و خەڵکی لە ڕێگەی ( عدل ) لادەبات ) [1] کەواتە دادگەری ( العدل ) لە ئیسلام دا مەبەستێکە و پێوستە بێتەدی تا وەکو شەریعەت ڕۆڵی خۆی ببینێ و بەرژەوەندی خەڵکی بەدی بێت .

( ابن تیمیة )ش ئەم حەقیقەتە دوپات دەکاتەوە و وەك ڕاستی‌یەکی سەلماو ڕەفتاری لەگەڵ دەکا و دادگەری ( عدل ) دەکاتە بنەمای مانەوە و سەقامگیری ژیان و ستەمیش لەپێچەوانەکەیدا دەبینێتەوە ، هەروەك دەڵێ ( و أمور الناس إنما تستقيم في الدنيا مع العدل الذي يكون فيه الأشتراك في بعض أنواع الأثم أكثر مماتستقيم مع الظلم في الحقوق وإن لم يشترك في الأثم ) .

بەڕاستی ئەم قسانە جێی تێڕامان و وردبونەوەیە و واپێویستی دەکرد کاربەدەستانی ئیسلامی و بیریاران لەسەردەمی ( ابن تیمیة )و دواتریشدا هەم لەڕاڤەی ئەو ئایەتانەی سەبارەت بە دادگەرین و هەم لەم جۆرە تێزە بەهێزانەش کەڵکیان وەرگرتایە و لەبیری داڕشتنی دادگەری‌یەکی کۆمەڵایەتی و پرۆژەیەکی سیاسی و فیکری و ئیسلامی‌دا بونایە کە دەسەڵاتی ئیسلامی زیاتر لێی بەهرەمەند ببوایە و بنەماکانی خۆی لەسەر داڕشتایە ... بەڵام دیارە لەبەر هەرهۆیەك بێت موسڵمان بەشێوەیەکی گشتی لەئاستی پەیامەکەدا نەبوون و وەکو پێویست کەڵکیان لێی وەرنەگرتووە ، هەرچەندە مێژووش خاڵی نی‌یە لە هەندێ قۆناغی پرشنگدار وسەربەرزانە .

( ابن تیمیة ) درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێ (( بۆیە ووتراوە ( ان الله يقيم الدولة العادلة وإن كانت كافرة ، و لايقيم الظالمة وإن كانت مسلمة )) دەوڵەتی دادگەر گەر کافریش بێت پایەدار دەبێت ، بەڵام ستەمکار پایەدار نابێ با موسڵمانیش بێت ، هەروەها دەوترێت ((الدنيا تدوم مع العدل و الكفر و لاتدوم مع الظلم و الأسلام)) پایەداری و دەسەڵاتی دونیا لەگەڵ دادگەری و کوفردا درێژەی دەبێت ، بەڵام لەگەڵ ستەم و ئیسلام بوندا بەردەوام نابێ ئەمەش لەبەر ئەوەیە وەك ( ابن تیمیة ) دەڵێ ( و ذلك إن العدل نظام كل شئ فإذا أقيم أمرالدنيا بالعدل قامت و إن لم يكن لصاحبها من خلاق ـ أي في الآخرة ـ و إن لم تقم بالعدل لم تقم و إن كان لصاحبها من الإيمان مايجزي به في الآخرة )) .

---

[1] الإسلام عقيدةوشريعة ، الإمام محمودشلتوت ل٤٤٦ بۆئەمەوپێشتریش سەیری(في الفقه السياسي الإسلامي) فريد عبدالخالق بكه .

هەموو ئەمانە ئاگاداری ورياكەرەوەن بۆ موسڵمانان بەفەرمان ڕەوا و فەرمان بەردارەوە ، ئاراستە و ئامۆژگارين بۆئەوەی لەبيری دادگەریدا بن ، كاری بۆبكەن و خەمی بۆبخۆن ، لەبچوكترين شتیخۆياندا هەلويستی لە بەرامبەرەوە وەربگرن ، روانينی دادگەرانە پێويستیيەكی سەرەكی ژيانیمرۆڤە [1] سەرجەم مافەكانی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ و بوونی خۆيان دەسەلمێنن چونكە يەكێك لە پێناسەكانی دادگەری ( العدل ) بريتیيە لە :دانانی هەرشتێك لە پێگە و شوێنی شەرعی خۆيدا و بەخشينی مافی هەر شتێكە بە پێی ئەو پايە و جێگە و حوكمەی شايستەيەتی [1] .

بەم پێيە و بەگوتەی ( ابن القيم ) ( سياسەتیعادل) بەشێكە لە بەشەكانی شەريعەت و چڵێكە لە چڵەكانی .. هەربۆيە بەديدی ئەو ( سياسەتيش دوو جۆرە : سياسەتی ستەمكارانە كە شەريعەت حەرامی كردووە و سياسەتێكی عاديلانە كە ماف لە ستەمكار دەستێنێ ، ئەمە بەشێكە لە شەريعەت هەرچەندەخەڵكی بيزانن يا بێئاگابن لێی [2] .

هەر كەباسیدادگەری دەكرێ يەكسەر لەبەرامبەریدا ستەم و زۆرداری دێتە ئاراوە ، هەربۆيە چۆن دادگەری بريتیبوو لە دانانی شتەكان لە جێگە و ڕێگەی شەرعیخۆيدا پێودانی ماف و پايەكان بەخاوەنەكانيان ، دەتوانرێت ( لە ڕووی زمانی و شەرعيشەوە) بوترێ ستەم دانانی هەرشتێكە لەشوێنی ناشايستەدا جاچ بەكەم كردنەوەبێ يان زيادكردن يا لادانی هەر شتێكە لەكات و شوێنی خۆی ، ياخود بەوە پێناسەی بكەی كە ( ظلم )دژ و پێچەوانەی ( عدل )ە [3] .

بەم پێيە ئەگەر مافیشايستەی كەسی و شتەكانمان نەدا ، ئەوا ستەم ( ظلم )مان كردووە ، جا ئەكرێ ستەمەكە تەنانەت لە خودی خۆمان بێ ، يا لەكەسێكیتر ياخود ستەم بێ لەگياندار و گيان لەبەرەكانی دی ياخود چوونە بەرەیستەمكارانەوە بێ .

لێرەدا پێش ئەوەی ئاماژە بۆهيچ باس و خواسێك بكەين سەبارەت بەستەم واباشە ئاماژە بەچەند ئايەت و فەرمودەيەك بكەين كە بەڕەهايی ستەميان حەرام كردووە و سەرەنجامی ستەمكار و ستەمكردنمان بۆ دەخەنەڕوو ،.. پێشتر ئاماژەمان دا بەوەی ئيسلام

---

[1] قورئان وگفتوگۆيەك لەپێناوئازادیدا ، فاتح سەنگاوی .

[1] السنن الألهية د. زيدان ل١١٥ .

[2] الطرق الحكمية في السياسة الشرعية ـــ ابن القيّم ، ل٥ .

[3] السنن الالهية ل١١٣ ـــ ١١٤ .

سیاسـەتێكی عادیلانـەی گەرەكـە و ئـەوەش لـە پیـاكردنێكی ڕاسـتەقینەی ئیسـلام دا خـۆی بەرجەستە دەكا ، بەو پێیەش لەگەڵ باس كردنی دادگەری ( العدل )دایەكسـەر ستەم وەبیر دەكەوێتــەوە بۆیــە دەبیــنین لەبەرامبــەر ( عــدل )دا خــوای گــەورە نــەهی و بەربەســتی و بەرهەڵستی ستەم و ستەم كاریمان لێدەكا و بەناشرین و قێزەون دەیخاتە پێش چاومان و سـەرەنجامی ستەمكارانمان بۆدەخاتـە ڕوو كـە تیاچـوونە ، جاچ تـاك بـن یاكۆمـەڵ و گـەل ، خوای گەورە سەبارەت بە ستەمكاران و پاشەڕۆژیان دەفەرموێ ( مَـا لِلظَّـالِمِينَ مِـنْ حَمِـيمٍ وَ لا شَـفِيعٍ يُطَـاعُ ) ( غـافر : ١٨ ) ستەم كاران خـەمخۆر و تكاكاری گوێ لێ گیراویـان نیـیە ، یا دەفـەرموێ ( وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ نَصِيرٍ ) ( الحج :٧١ ) ، هـەروەها لەفـەرمودەی ( قدسـي )دا هـاتووە خوای گەورە فەرمویەتی ( ياعبادي إنِّي حرّمت الظلم على نفسي و جعلتـهُ بينكم محرَّماً فلا تظالموا ) رواه مسلم عن أبي ذر .وە پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) لە فەرمودەیەكیتردا كە ( جابیر) بۆمانی دەگێڕێتەوە دەفەرموێ ( اتقوا الظلم فإن الظلم ظُلماتُ يـوم القيامـةِ و اتقوا الشُّحَّ فإنَّ الشحَّ أهلك من كان قبلكمُ ، حَمَلَهُمْ على أن سفكوا دماءَ هُمْ و استحَلُّوا محارمَهُمْ ) رواه مسلم ، یا لـە فەرمودەیـەكی تـردا كـە ( ابوهريرة ) بۆمـانی دەگێڕێتـەوە پێغەمبـەری خـوا فەرمویـەتی (لَتؤدُّن الحقوق إلىأهلها يوم القيامة حتى يُقادُ للشاةِ الجلجاء من الشاةِ القرناء )) رواه مسلم ، یا سەبارەت بە گرتن و سزادانی ستەمكاران پاش مۆڵـەت دانیان دەفـەرموێت ( فەرمودەكـە (ابوموسى ) دەیگێڕێتەوە ) (( إن الله ليُملي للظالمِ فإذا أخذه لم يفلته )) پاشان ئـەم ئایەتـەی خوێندەوە : ( وَ كَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَى وَ هِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ ) ( هود :١٠٢ ) )) متفق عليه [١] . دیارە لەم بارەوە فەرمودە زۆرن .

جـا تۆڵـە سـەندنەوە لـە سـتەمكاران [٢] زۆرجـار هـەر لەدونیادایـە جگـە لـە سـزای دواڕۆژیشیان خوای گەورە دەفەرموێ ( وَ لَقَدْ أَهْلَكْنَا الْقُرُونَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَمَّا ظَلَمُوا ) ( يونس :١٣ ) كەواتـە هـۆی لـەناوبردنیان ستەمكارییان بـووە ، یـا سـەبارەت بـە لـەناوبرنیان لـەدونیادا دەفـەرموێ ( وَ مَا ظَلَمْنَاهُمْ وَلَكِنْ كَانُوا هُـمُ الظَّـالِمِينَ ) ( الزخـرف :٧٦ ) لەسـەر هـەمان مەبەسـت دەفـەرموێ ( وَ مَا كُنَّا مُهْلِكِي الْقُرَى إِلَّا وَ أَهْلُهَـا ظَـالِمُونَ ) ( القصـص :٥٩ ) ئەمـەش سوننەتێكی غالبـە ــ لـە ستەم و ستەمكاران دا ( واتـە سزادانی ستەمكاران هـەر لەدونیادایـە هـەروەك

---

[١] رياض الصالحين باب تحريم الظلم والأمر برد الظلم .

[٢] هەریەكە لە(ظلم)و(عدل)مانای زۆر فراوان تری هەیە ل ١٠٢ .

(د.زيدان ) دەيلێ ) ، لەم بارەوە ئەبوداود فەرمودەیەك دەگێڕێتەوە ( مامن ذنب أجدر أن يجعل الله تعالى لصاحبه العقوبة في الدنيا مع مايدّخر لهافي لآخرة مثل البغي و قطيعة الرحم)) ... دیارە ( بغی ) دەست درێژیيە و ( قطيعة الرحم )یش پشت گوێ خستنی مافی کەس وکاریيە .

لەلایەکیتریشەوە ستەم لێکراو نزای گیرایە ، لەنێوان ئەو و خوادا وەك لەفەرمودەدا هاتووە پەردە نییە لە نێوانیاندا ، ئەوەتانێ ( ابن عباس ) خوای لێ ڕازی بێت بۆمانی دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کاتێك موعازی کوڕی جەبەلیڼارد بۆ (( یمن )) پێی فەرموو ((...... واتق دعوة المظلوم فإنها ليس بينها و بين الله حجاب )) .. جا ئیتر ئەو تۆڵەسەندنەوە دەکرێ خوای گەورە ماوەیەك دوای بخا و مۆڵەتی بدات ...

جاریواش هەیە خوای گەورە ستەمکارێکی تری بەسەردا زاڵ دەکا و تۆڵەی خەڵکیتری لێدەکاتەوە وەك سزایەکی خوایی ، کورد گوتەنی ( زاڵم زەواڵیهەیە ) خوای گەورەش سەبارەت بەمە دەفەرموێ ( وَ كَذَلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ بَعْضاً بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ) ( الأنعام : ١٢٩ ) وە سەرەنجامیش هەر میللەتێك ستەمکاربێ تیادەچێ و دەسەلاتی نامێنێ و خوایگەورە لەناویان دەبا ، جا زووبێ یا درەنگ ، چەندان ئایەتیش ئەم ڕاستییە ڕوون دەکەنەوە و واقعی مێژوویی و سیاسی ئەوە دەردەخات ( فَقُطِعَ دَابِرُ الْقَوْمِ الَّذِينَ ظَلَمُوا ) ( الأنعام :٤٥) ، (وَكَمْ قَصَمْنَا مِنْ قَرْيَةٍ كَانَتْ ظَالِمَةً وَ أَنْشَأْنَا بَعْدَهَا قَوْماً آخَرِينَ ) ( الانبياء :١١ ) پێشتریش ئاماژەمان دا بەوەی کە دەوڵەتی کافر ئەگەر دادگەری تیادابەدی کرا ئەوا زیاتر دەمێنێتەوە وەك لەوەی ستەمکاربێ ، گونجاویشە وەکو زانایانیشمان ئاماژەی پێدەکەن و واقعیش دەیسەلمێنێ کە دەکرێ دەوڵەتی کافر دادگەری تێدابێ و مافەکانی یەکتری لەنێوان خۆیاندا بەیەکتری ڕەوا ببینن ، باکافریش بن بۆئەم مەبەستەش ئاماژە بە ئایەتی ( وَ مَاكَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَ أَهْلُهَا مُصْلِحُونَ ) ( هود : ١١٧ ) دەدرێ و قسەکانی ( ابن تيمية )ش بەئاشکرا پشتگیری ئەم ڕایەبوون [(١)] .

لەبەر ئەوەمەترسییە زۆرانەی ستەم و ستەمکاری خوای گەورە داوامان لێدەکات نزیك نەبینەوە لە ستەمکاران و خۆمان نەکەین بەشەریکە بەشیان ، خوای گەورەدەفەرموێ ( وَ لا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَ مَا لَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ثُمَّ لا تُنْصَرُونَ ) ( هود : ١١٣)

---

[(١)] سەیری السنن الالهية بکە .

خۆمەهاونە پاڵ ستەمکاران بەوهۆیەوە ئاگر بتان سوتێنێ و هیچ کەسیش جگە لەخوا پشت و پەناتان نابێت و پاشانیش سەرفراز و سەرکەوتوو نابن ، یان دەفەرموێ ( وَ سَكَنْتُمْ فِي مَسَاكِنِ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ وَ تَبَيَّنَ لَكُمْ كَيْفَ فَعَلْنَا بِهِمْ وَ ضَرَبْنَا لَكُمُ الْأَمْثَالَ ، وَ قَدْ مَكَرُوا مَكْرَهُمْ وَ عِنْدَ اللَّهِ مَكْرُهُمْ وَ إِنْ كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ ) ( ابراهيم :٤٥ ـــ ٤٦ ) واتە ئێوە نیشتەجێی ماڵ وحاڵ و شوێنی ئەوانە بوون کە ستەمیان لەخۆیان کرد ، وە بۆتان دەرکەوت کە چیمان پێکردوون و چیمان بەسەر هێنان و نمونە و باسی زۆرمان بۆ هێناونەتەوە ، بێگومان پیلان و تەڵەکەی خۆیانیان گێڕا ، فێڵ و فڕی زۆریان کرد ، بەڵام هەموو پیلان و فێڵیان لای خوا ئاشکرا و دیارە ، هەرچەندە پیلان و فێڵەکانیان کێوەکانیش لەبن بهێنێت .

بۆئەوەی موسڵمان لە سزای ستەم و ستەمکاران بپارێزرێن گەرەکە بە شێوازە گونجاو و لواوەکان ڕووبەڕووی ستەم وستەمکاری بوەستن و مل کەچی بۆ ستەمکاران دەرنەبڕن و خۆیان نەخە نەباوەشی ستەمکارانەوە ( و لاتركنوا إلى الذين ظلموا .. ) بەهیچ شێوەیەك هاوکاری و پشتیوانیان نەکەن و لەسەر ئەوستەمانەی پێی هەڵدەسن ئەگینا هەمان حوکمی ئەوانیان دەبێ ( إِنَّ فِرْعَوْنَ وَ هَامَانَ وَ جُنُودَهُمَا كَانُوا خَاطِئِينَ ) ( القصص :٨ ) .

دیارە ستەم و زۆرداری زۆر ڕووی هەیە و لەچەندین بواردا ئەنجام دەدرێ لەوانەش لەڕووی ئابوری و سیاسەتەوە ، بۆئەم مەبەستەش هەندێ بۆچونی ( د.محمد شحرور ) وەردەگرین کە سەبارەت بەم بابەتە ووتویەتی ، کەئەویش لەچیرۆکە قورئانیەکانەوە وەری دەگرێ .

( چیرۆکە قورئانیەکان نوسین نین لەمێژوودا ، ڕووداوەکانی مێژوو بەپێی ڕێکخستنێکی مێژویی ڕیزبکا ، تەنها بۆ ئەوەی بزانین زەید و عمر چییان کردوە ، ئەم جۆرە بەسەرهاتانە لەمێژوودا دەبینرێ و مێژوونوسان تایبەتمەندن تیایاندا . بەڵام چیرۆکە قورئانیەکان ڕاڤەی مێژو و یاساکانێتی ، هێڵکێشی مەعریفە و تەشریعاتەکانن و دەرخەری دیاردە فیکری و سیاسی و ئابوریەکانن ، نەك وەك چەند یاسایەکی زەمەنی ڕووداوی مێژوویی ، بەڵکو وەك یاسای مێژوویی نمونەی ئەوەش دیاردەی فیرعەونی و هامانی و قارونیە ، قورئان ناوی هیچ یەکێ لە فیرعەون و هامان و قارونی باس نەکردووە ، بەڵکو تەنها نازناوەکانیانی باس کردووە وەك چەند هێمایەك کە دەبڕ و نمایندەی چەند دیاردەیەکی زۆرداری سیاسی و دینی و عەقائیدی و دارایی و ئابورین ، چۆنێتی تەبایی و

هاوئاهەنگی‌نێوان ئەم سێ زۆرداری‌یە و پەیوەندی‌یەکانی نێوانیان ، فیرعەون وەك هێمایەك بۆ زۆرداری سیاسی و دەسەڵات ( ٧٤ ) جار لە قورئاندا باسی کراوە ئەو ئایەتانەی باس لە فیرعەون دەکات زۆرترن لەو ئایەتانەی قورئان کە باسی‌دەست نوێژ و میراتی و خێرات و خێزانداری و تەڵاق و حەج دەکەن پێکەوە ، ئەمەش بەڵگەی گرنگی‌یەکەیەتی ، گرنگی ئەوەی تێ‌بگەین ئەم دیاردە و چیرۆکانە تەنها بۆدڵدانەوەی پێغەمبەر (ﷺ) نەهاتوون وەك چەند ڕوداوێکی مێژوویی ، بەڵکوچەند یاسایەکی کراوەن بۆ سود و کەڵك وەرگرتن بە بەڵگەی فەرمودەی خوای گەروە ( لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ مَا كَانَ حَدِيثاً يُفْتَرَى ...... ) ( يوسف :١١١ ) [*]

یەکێك لەوچیرۆکە قورئانی‌یانەی باس لە زۆرداری سیاسی‌یە و قورئان بەمەبەستەوە باسی‌دەکا و مەودایەکی زۆر فراوانی هەیە لە قورئاندا بەسەرهاتی فیرعەونە [١] بە شێوەیەکی گشتی‌ی ، ئەمەش وەك هێمای زۆرداری و ڕەمزی کەسی ستەمکار ( کە ئێمە لێرەدا باسمان لەستەمە) ، فیرعەنیش لێرەدا لەسەروی هەرەمی دەسەڵاتەوەیە و سیفەتی توند و تیژی و زۆرداری بووەتە سیمایەکی جیاکەرەوەی ، باس کردنیشی بۆئەوەیە پەندی لێ وەربگیرێ ... فیرعەون بانگەشەی ڕبوبیەت دەکا ( فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَى ) ( النازعات :٢٤ ) ، هەرچەندە لەناخیشی‌دا خۆی دەناسێ بەڵام دەڵێ ( أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ وَهَذِهِ الْأَنْهَارُ تَجْرِي مِنْ تَحْتِي أَفَلا تُبْصِرُونَ ) ( الزخرف :٥١ ) ، وەك ئەوەی خۆی بەدی‌هێنەری بێ ، لەهەمان کاتدا بانگەشەی ( ألوهية )یش دەکا بەوەی دەیەوێ گوێ ڕایەڵی بکرێ ، ئەو چیرۆکە قورئانی‌یانە کە مەودایەکی زۆر فراوانی قورئانیان داگیرکردووە و تەوەرە سەرکی‌یەکانیشیان جەدەلی نێوان ستەمکاران و چەوساوەکان و شوێن کەوتوانی پێغەمبەران و زەبر و زۆری دەسەڵاتدارانە ، کە سەرجەم ئەو چیرۆکانە کار لەسەر نابوت کردنی ستەمکاران و

[*] الدولة والمجتمع د.محمد شحرور ، لەگەڵ سەرنجەکانمان لەسەرنوسینەکانی(شحرور)بەڵام سوود لەوبۆچونانەی وەردەگیرێ کەخاڵی‌هاوبەشی‌نێوان ئەوو نوسەرانی‌ترە و ئەمیش هەندێ زیادکردنی‌تێدا ئەنجام داوە .

[١] بەسەرهاتی‌فیرعەون و باوەڕدارەکەی‌کەس وکاری‌فیرعەون (مؤمن آل فرعون)م بەدرێژی‌لەکتێبی(قورئان وگفتوگۆیەك لەپێناوئازادی‌دا باس کردووە ویستومە ئەو ڕووەی‌دەرخەم کەباس لەزۆرداری فیرعەون دەکا ...

ستەمەکانیان دەکا و قسەیە لەوەی ئەوان دەیانەوێ خەڵکی ئەوان فیرعەون ئاسا بە ( أنا ربكم الأعلى ) بزانن و لەڕوی گوێ ڕایەڵیشەوە دەڵێن (مَا عَلِمْتُ لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرِي)(القصص:٣٨).

ئەمەش بەکۆیلە کردنی مرۆڤە و زەلیل کردنێتی و قورئانیش کاری سەرەکی لەسەر مرۆڤە بۆ پەسەند نەکردنی ستەم و زۆرداری و مل کەچ نەکردن بۆی . هەربۆیە دەبینین ئیسلام زۆرداری و ستەم بەهەموو شێوەکانیەوە ڕەت دەکاتەوە و پەسەندی ناکا هەر لەستەم کردن لەخۆوە ، ئەمەش بە بەزاندنی سنورەکانی خوا ( وَ مَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ ) (الطلاق :١ ) تەنانەت ئەگەر بوار هەبێ مرۆڤ دەبێ بچێ بۆ زەمینەیەك کە ئازادی پەرستشی تێدایە و یاسای خوای تیا بەرقەرارە ئەگینا مرۆڤ ستەمکارە و ستەمی لەخۆی کردووە ئەگەر لە زەوی زۆرداری و ژێردەستی‌دا بمێنێتەوە ( إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلائِكَةُ ظَالِمِي أَنْفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنْتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا فَأُولَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَ سَاءَتْ مَصِيراً ) ( النساء : ٩٧ ) پێغەمبەری خواش لەچەندان فەرمودەدا ئاماژە بەوە دەکات کە نابێ باوەڕدار خۆی زەلیل و ژێردەست بخا ، یەکێك لەو فەرمودانە دەفەرموێ ( من أعطى الذلة من نفسه طائعاً مختاراً غير مكره فليس منّا ) رواه الترمذي و حسنه ، خۆئەگەر ستەمەکە ستەم بوو لە کەسانی‌تر ئەوا ستەمەکە چەندانەتر دەبێتەوە ، چونکە ماف خواردنی خەڵکانی تری تێدایە ، خۆ ستەمی دەسەڵات داران ئەوا چەندانە ترە ، چونکە خەڵکێکی زۆرتر دەگرێتەوە و ناپاکی کردنە لە سەرجەم گەل ( مامن عبد يسترعيه الله رعية يموت يوم يموت وهو غاش لرعيته إلاحرّم الله عليه الجنة ) رواه مسلم .

لێرەوە خۆدانە پاڵی ستەمکاران هۆکارێکی سوتانە بە ئاگری دۆزەخ ( وَ لا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ثُمَّ لا تُنْصَرُونَ ) ( هود : ١١٣ ) [١] .

لێرەوە هاوکاری کردنی کەسانی ستەمکار باخزمی خۆتیش بێ بەڕەگەز پەرستی و دەمارگیری دادەنرێ ( من العصبية أن يعين الرجل قومه على الظلم ) [٢] .

لەوەی ڕابورد دەرکەوت ئیسلام دخوازی دادگەری‌یە و ستەم و زۆرداری حەرام دەکا ، جا ئیتر ئەمە لەژیانی تاك دابێ یا کۆمەڵ یا فەرمان ڕەوا ، تەنانەت ئەوانەی دەسەڵاتی بەرجەستەبوو لە ئیمام دا بەزەرور نازانن ( ئەگەر بەبێ ئیمام بتوانرێ دادگەری بەرپا بکرێ )

---

[١] سەیری (في الفقه السياسي الأسلامي ) بکە فريد عبدالخالق .

[٢] رواه ابن ماجة في سننه ب٢ ل١٣ ، رواه ابوداود بصيغة قريبة من ذلك .

بەڵام بەرپاکردنی دادگەری بەپێویست دەزانن ، کەواتە دادگەری ئەوچەمکەیە کە ناکرێ بەهیچ شێوەیەك لە دیدی ئیسلامی دا تەنازولی لێبکرێ و لەهیچ بارێکدا نابێ پشت گوێ بخرێ .

لێرەوە دەخوازرێ دیدی ئیسلامی‌یەکان لەم ئاراستانەوە وەربگیرێ و بەهیچ شێوەیەك لەژێر هیچ ناوێکدا ڕێگە نەدەن بە ستەمکاری و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ ، بەتایبەت لەکاتێکدا خۆیان زەمەنێکی زۆرە کوشتەی دەستی زۆرداری و ستەمکارین ، هەربۆیە سەرجەم ئەو هەوڵانەی کەدەدرێن بۆ دەسەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین و تەعبیر لەخۆ کردن ، پێویستە پشتگیری لێ بکرێ و بنرخێنرێ ، چونکە هەرهەنگاوێ لەوڕووەوە هەنگاوێکە بەرەو دادی خوایی و دەسەبەرکردنی کەرامەتی مرۆڤایەتی مرۆڤ ، کە ئەمەش یەکێکە لە ئامانجی پەیامی پێغەمبەران و ڕێگەخۆش کردنیشە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بەقەناعەتی تەواو ڕاسگۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ بیروباوەڕ و بیر و بۆچونە جۆراوجۆرەکاندا بکەن .

## ( سیستەمەکانی ئیسلام و چەند پرسیارێك )

**ـ ١ ـ**

ئەوە كورتەیەك بوو لەناساندنی ئیسلام بە سستەمەجیاجیاكانیەوە ، سستمی ڕەوشتی و كۆمەلآیەتی و ئابوری و سزا و تۆڵە سەندنەوەكان و قەزا ، ئەمە جگە لەسستمی فەرمان ڕەوایی و چەندان سستمیتر كە لیێ نەدواین .

ئێستە كاتیئەوە هاتووە چەند پرسیارێك بخەینەڕوو سەبارەت بەوەی باسمان كرد، بەلآم باپێش ئەوە ئەو سەرنجە بخەمە پێش چاو كە ئەم باس كردنانەی پێشوو ، هەڵگۆستراوی قورئان و سوننەت بوون ، مەگەر لەدووتوێیداچەند ڕایەك باسكرابێ ، ئەویش هەر لەسەرەنجامی تێگەیشتنی دەقەكانەوەیە ، هەربۆیە بەدەگمەن نەبێ ووتەی زانایانم نەهێناوە ، لەزۆربەی شوێنەكانیشدا دەقەكانم خستۆتە ڕوو تا ئەوانەی بەگومانن خۆشیان سەرنجی دەن و هەوڵی تێگەیشتنی بدەن ، نەك هەڵپەی قسە و وتەیەك بكەن كە لەدەمی ڕۆژهەلآت ناسانەوە دەوترێ یا هەندێ غەرب زەدە لەژێر كاریگەری ئەواندا دەیلێن بە شەن و كەوكردنیان وەك هەوریبەهار ئاسمانیساف و ڕوون بەجێ دەهێڵن و داریان بەسەر بەردەوە نامێنێ ( لەگەڵ ڕێزمان بۆ ئەو هەوڵە ئیجتیهادییانەی لەبازنەی ئیسلام دا قسەی لەسەر كراوەو ئیجتیهادی نوێ لەهەندێ بواردا دەخەنە ڕوو) ، بەلآم ئێمە هیچ قەناعەتێكمان بە بیر و بۆچونێك دانامەزرێ كە كەسانێك پێی هەڵدەسن هەر لەسەرەتاوە لەم پەیامە تێنەگەیشتوون و یابەسەلبی و پێش وەخت دیدی تایبەتیان بۆی هەبووە ، ئێستەش لەگەڵ بەرز بونەوەی كێرڤی جەماوەری ئیسلامی لەسەرجەم جیهاندا (*) دەس دەدەنە لێكۆڵینەوەی ئیسلامی و پێش وەختیش بڕیارێكی پێشینەیان داوە بۆ دژایەتی و بەربەرست دروست كردنی فیكری لەبەردەم فیكری ئیسلامی یاخود هەر بەئاشكرا لەڕوانگەیەكی عەلمانییەوە ئیسلام دەخوێننەوە و پێش وەخت ئیسلامیان وەك ئاینی مەسیحی سەیركردووە و هەوڵەكانیشیان بۆئەوەیە ئیسلامیش لەوچوارچێوەیە دەرنەچێ ، یا وەك ئەوەی ( د. صباح بەرزنجی دەیڵێ ) ( ئەوكەسانەی لەمێشكیاندا جێگیربووە ، خۆرئاوا واتە پێش كەوتن و خۆرهەلآت واتە دواكەوتن ، ئەوەی غەرب بیڵێ بەبێ تەتەڵە و بژاركردن دەیڵێنەوە و

---

(*) بارودۆخیدوایانزەیسێبتەمبەرلەگەڵئەوەیبەسەلبیشكایەوە بەسەرموسڵمانان وبەناویئیرهابەوە زۆرێك لە ستەمكاران دەیانەویحیسابی كۆن و پێش وەختیخۆیان یەكلابكەنەوە بەلآم گەشبینین بەوەیسەرەنجام موسڵمانان پێدا چونەوەی زۆردیدو ڕوانگەیخۆیان دەكەنەوە و ئاكامەی ئەگەر زەمەنیشیبوێ لەدایك بونی تێڕوانینی نوێ و تۆكمەترە ، هەرچەندە ئەمە پرۆسەیەكی زۆر ئاسانیش نییە .

لەبناغەش دا هەندێکیان دوژمنایەتی و ڕقەبەرایەتیان لەگەڵ ئیسلام دا هەیە ، نەك دەوڵەتی ئیسلامیان پێباش نىیە ، بەڵکو چارەی موسڵمانانیشیان ناوێ ) [1] .

جا ئەبێ چیلەوانە چاوەڕوان بکرێ ؟ چ خوێندنەوەیەکمان بۆبکەن و چ نوێخوازییەکی بەرچاوی شیاو بەدیدی ئیسلامی و گەردونیەتی ئەم ئیسلامە بخەنە ڕوو ؟! یا بانگەشەی توێژینەوەی نوێی هاوچەرخی ئیسلامی بۆ دەقەکان بکەن ؟!

مرۆڤــ کاتێك بەقەناعەتەوە دەڵێ من موسڵمانم ئەوا موسڵمان بونەکەی لێی دەخوازێ پابەندبێ بە ڕەوشتەوە ، ڕەوشتێك کە سەراپای ژیانی دەگرێتەوە ، ڕەوشتێك لە مومارەسەی ژیانی تاکی و کۆمەڵایەتی و بگرە فەمان ڕەوایەتیشدا هاوەڵێتی و لێی جیا نىیە ، لەهۆکار و ئامانجەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە ... لێرەدا دەپرسین باشە بە چ هۆکارێك لەم جیهانە جەنجاڵەدا موسڵمان دەتوانێ پارێزگاری ڕەوشت و بەهاکانی بکا ؟ ڕەوشت و بەهایەك زۆرینەی کەناڵەکانی هێز لە جیهانی ئەمڕۆماندا بە ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکان و زۆرێك لە دەوڵەتانیش کار لەسەر سڕینەوەیان دەکەن و بەکۆمەڵێك بەهای حەرامی دادەنێ یا لەپێناوی بەرژەوەندیدا پشت گوێ دەخرێن و هیچ نرخێکیان بۆ دانانرێ ؟ لەو پێناوەشدا سەرمایەیەکی گەورە بەخەرج دەدرێ و پشتیوانییەکیهەمەلایەنەیان لەئارادایە و بەچەندەها شێواز و لەژێر ناونیشانی جۆراوجۆردا هەوڵ بۆسڕینەوە و نەهێلانی دەدرێ .

باشە ئەوەندە بەسە مرۆڤی موسڵمان وەك تاك یا هەندێ کەسی ڕوح بەرز ؟! بانگەشەی پابەندبوون بەم بەهایانەوە بکەن ، ئەی نابێ دەزگای پەستان و خاوەن هێز پشتیوانی لە مەشروعی ڕەوشتی و بەهاییەکان بکا ؟ ئەی کێ زەمانەتی پشتیوانی و خەمخۆرییان بۆدابین بکا ؟ کێیە برەو بە بەهاڕەوشتییەکان بەشێوەیەکی گشتیدەدا ؟ سستمێکە عەلمانیبێ یاخود سستمێك پشت ئەستووربێ بە وەحی و دەزگا مەدەنییەکان هاوکاریبن ؟ خۆ ئەگەر پرسیارەکەمان لەڕووی سستمی کۆمەڵایەتییەوە بێ بارەکە قورستر و کێشەکە چەندانەتر دەبێتەوە ، چونکە هاوکات لەگەڵ هێرش بۆ بەها ڕەوشتییەکان هێرش بۆسەر بەهاکۆمەڵایەتییەکان هەیە وەك دووسستمی تێکەڵ و پێکەوە گرێدراو .. ئایا ئەمڕۆ خێزان لەگرنگییەکەی کەم ناکرێتەوە ؟ ئایاخێزان ئەمڕۆ ڕووبەڕووی لەناوچوون نابێتەوە وەك گرنگترین یەکە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ؟ ئایا ئافرەت نەکراوە ( دیارە بەناوی پاراستنیمافەکانیەوە ) بەکاڵایەك بۆ ڕاگەیاندنەکان و تێرکردنی ئارەزووی پیاوان بەدەیەها شێوازی نامەشروع و شەرم هێن ؟ ئایا ئەو بارانە هۆکارێکی کوشندە نین بۆ بەئاژەڵ کردنی کۆمەڵگا ؟

---

[1] سێگۆشەنیگا د. صباح بەرزنجی ... بەدەست کارییەوە .

ئایا داڕوخاوی باری کۆمەڵایەتی ( کە ئەمڕۆ سیمایەکی دیاری کۆمەڵگا ئیسلامیەیەکانە) مرۆڤی موسڵمان بەرپرسیاریەتی یە لەبەرابەری‌دا نابێ خەمی ئیسلاح کردنیەبێ ؟ ئەی بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی ساڵح و چاکەخواز ، دەقەکانی شەریعەت نایخوازن ؟ ئەی کاتێ ڕەوتی کۆمەڵگا لەژێر کاریگەری سەرجەم هێزە دژ بە بەهائیسلامیەیەکان دا بەرەو هەڵدێر و لاوازبوون و تێك چونی باری کۆمەڵایەتی دەچێ ئایا کەسێك کە موقنعە بە ئیسلام و ئاراستەکانی داخوازی ئەوەی لێ ناکرێ لەبەردەم ئەو هێرش وخراپەکاریانەدا بووەستێ ؟ ئایا هۆکارەکانی ئەو ڕووبەڕووبونەوانە چیە ؟ هەر تەنها هەوڵی تاکانە و ئامۆژگاری و وتاری سەر مینبەرەکانە ؟ یا کارەکە لەوە گەورەترە و پێویستی بە هەوڵی دەستە جەمعی و پێکەوە کۆبونەوەی هاوبیرەکانە ؟ باشە ئەو کۆبونە و یەك دڵیەی دروست دەبێ بەچ ئامرازێك لەخەمیکارەکانیاندان و چۆن کاردەکەن و لەبەرامبەر ئەو شەپۆلانەدا ڕادەوەستن ، تاوەکو بتوانن کارگەری خۆیان لە کۆمەڵگادا بسەلمێنن .... ؟

ئەی سستمی بەرپرسیارێتی و لەبەرخوا گۆڕینی خراپەکاری و هاندانی چاکەکاری کە بە ( الحسبة ) ناسراوە ئەمڕۆ چۆن جێبەجێ دەکرێت ؟ چەندان پرسیاری تر کە تایبەتن بەم بوارەوە ...

ئەی سستمی ئابوری ئیسلامی چۆن بەدیبێ ؟ چۆن موسڵمان هەست بکا ناچارنیە توشیحەرام خۆری ببێ ؟ بەتایبەت بانکەکان زۆربەیان ئەمڕۆ لەسەر بناغەی سووخۆری دامەزراون بەچ هۆکارێك بتوانین زەکاتی ئیسلامی دابین کەری پێداویستی هەژاران و نەداران بێ ؟ ئایا بەوشێوەیەی لەئیسلام دا هەیە زەکات پێویستی بە وەزارەت و دەزگای تایبەت نیە ؟ ئەی چیبکەی بەپێی ڕوانگە ئیسلامیەکە پارە و سامان تەنها لای دەوڵەمەندان کۆنەبێتەوە ؟ ئەمە و چەندین پرسیاری تر کە دەخوازێ نەخشە و ڕێ و شوێنی تایبەتی بۆ بگیرێتەبەر تا جێبەجێ ببێ ...

سستمی سزا و تۆڵە سەندنەوەکان چۆن پیادە بکرێ لەکۆمەڵگەدا ؟ ئایا ئەوە پێویستی بەوە نیە دابین کاری کۆمەڵایەتی و ئابوری بێتەدی و ئاسایش و سەقامگیری دەسەبە ربێ ؟ بوونی ئەو دەقانەی سەبارەت بە سزاکانن پێویستی بەوە نیە خاوەنی دەزگا و دەوڵەت بی و لەتوانات دا بێ پیادەی ئەو سزا و تۆڵە سەندنەوانە بکەی ؟ یاخود ئەو تۆڵە و سزایانە بۆ فەترەیەکی زەمەنی بوون و ئێستە کۆمەڵگاکان پێش کەوتوون و ئەبێ ئەو سزایانە پیادە نەکرێ وەك هەندێ عەلمانی دەیانەوێ لە بەرگێکی ئیسلامیدا بیخەنەڕوو ؟! باشە ئەگەر ئەوە ڕەوابێ لەئ یسلام دابکرێ ئایاچیتر دەمێنێ بەشتێکی جێگیری بزانین و خۆی لەبەردەم گۆڕانکاریەکاندا ڕابگرێ ؟!!

ئەگەر قسەکردن لەدەقەکان بەئارەزووبێ و هەرکەسە چۆنی ویست ئاوا ڕاڤەی بکا...خۆ هەرشتێکیتر لەئیسلام لەدیدی ئەوانەوە شایەنی گۆڕان و لەکارخستنن بەبیانوی سەردەمی گۆڕانکاری و دونیای هاوچەرخەوە ؟ یاخود ئەمانە پەنای بۆدەبرێ هەژمونی دەسەڵاتی ڕۆژئاوایە و ئەوی دەبینرێ تەنها ڕەنگدانەوەیەتی !! ئەی سستەمی قەزا و فەتوا چۆن دەسەبەر بکەین ؟ چۆن لەناخەوە موسڵمان هەست بە ئارامییەك بکا بەوەی بە شەریعەتی ئیسلام حوکمی دەکرێ و قەزاوەتەکانی لە شەریعەت دەرناچن ؟ ئەی کێ بەوکارە هەڵ دەسێ ئەگەر سەرجەم دەزگا و کۆمەڵەکانی نێودەسەڵات و کۆمەڵگە دژبن بەدیدی ئیسلامی و کار بۆ عەلمانییەتی کۆمەڵگە بکەن ؟!

ئەی سستمی جیهادی ئیسلامی و بانگەوازی ئیسلامی بە مانافراوان و تایبەتەکەی چۆن و کەی و لەکوێ و بەکێ پیادە دەبێ و کاری بۆ دەکرێ ؟ جیهادیش بەمانا فراوانەکەی مانای هەوڵدان و کۆششە بۆ گۆڕانکاری لە سەرجەم بوارەکاندا ، ئەی باشە دادگەری ئیسلامی چۆن دێتەدی کە ئامانجیسەرجەم پێغەمبەران بووە ( لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ )( الحديد :٢٥ )و مەبەستێکی سەرەکی شەریعەتی ئیسلامییە ، ئیمانی موسڵمان دیخوازێ دەستەبەر ببێ دەقەکانی قورئان و سوننەت داوای دادگەری لێ دەکەن و دەخوازن مرۆڤی موسڵمان دژی ستەمکاری بێ .. ئەی باشە ستەمکاری چۆن دژایەتی دەکرێ ؟ بەشداریکردنی سیاسی یانە و ڕێکخراوەییانە لە ئەمڕۆدا ڕوویەك لە ڕووەکانی دژایەتی نییە بۆنادادی و ستەمکاری ؟! ئەی دابڕانی مرۆڤی موسڵمان لە چالاکی سیاسی و گۆڕانکارییەکان بەشێوەیەکی گشتی دوورکەوتنەوەی نییە لەوەی دەقەکان دەیخوازێ و شەریعەت هانی بۆدەدا ؟ ئەی مرۆڤی موسڵمان لەژێر تیشکی دەقەکاندا لیێی ناخوازرێ چاکەکار و مرۆڤـــ دۆست و ئاشتی خواز و بەبەزەیی و لێبوردەبێ ، ئەی ئەگەر وایە ئەمە لە چ کاتێکدا دەسەبەر دەبێ ئەگەر موسڵمان لەکایەی سیاسی و کۆمەڵێکی ڕێکخراودا نەبێ بەدیدو تێڕوانینی تایبەتی خۆیەوە ؟

هیچ کاتێکیش نەووتراوە و ناووترێ لەپیادەکردنی ئیسلامیدا بۆسیاسەت و فەرمان ڕەوایی لادان و هەڵە نەبووە و نابێ .. بەڵام خۆناکرێ بەبیانوی هەڵەی مێژووییەوە دەست بەرداری گەورەترین حەقیقەتی ئەم ئیسلامە ببین ، کە کۆکەرەوەی پەیامی سەرجەم پێغەمبەرانە و لە ( لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ ) ( الحديد :٢٥ )دا ڕەنگ دەداتەوە ؟!

کۆمەڵگای ئیسلامی چۆن لێبوردەیی و ڕوحی ئیسلام و میانە ڕەوی باڵ دەکێشێ بەسەریدا ، تا هاوسەنگانە ڕەفتار بکا لەگەڵ سەرجەم دیاردە و گیروگرفتەکاندا ..؟ ئەگەر زەمینە سازی نەکرێ بۆ پیادە کردنی چەمکەکانی و گەیاندنی قەناعەتەکانی و گەشەکردنی بیروڕ ادروستەکان بۆ دابەزاندنی دەقەکان بۆ واقع ؟ ئایا سەرجەم بوارەکانی ژیان و

سستمەکانی گوزەران یەك پارچەنین و پێکەوە گرێ نەدراون و تەواوکاری یەکتری نین ؟ ئەگەر وابێ منی موسڵمان چۆن دەتوانم کاروباری موسڵمانان بەڕێوەبەرم ئەگەر دەزگایەکم نەبێ و پیادەی سیاسەتێکی شەرعی نەکەم ؟ ئەگەر ژیان لەو بوارانە پێك هات کە باسمان کردو و ئەوانەش پێکەوە گرێ دراوبن ئەی چۆن دەکرێ دین یاخود باشتر بڵێین ئیسلام لەسیاسەت یا لەدەوڵەت و ژیان جیابکرێتەوە ؟ ئەی سیاسەت و دەوڵەت ئامانجیان بەڕێوەبەری و ڕەچاوکردنی ئەولایەنانەی ژیانی مرۆڤ نی‌یە لەڕێگەی کۆمەڵێك دەزگای تایبەتەوە ؟ ئایا ئەولایەن و بوارانە جێ‌گرنگی پێ دانی ئیسلام نین ؟ کەواتە چۆن دەکرێ ئیسلام لەژیان ، لەدەوڵەت ، سیاسەت ، جیابکەینەوە ؟

ئەوە چ عەقڵی‌یەتێکە پاش تێگەیشتنی لەئیسلام وەها بڵێ ؟ یاخود ستەمکاری و زۆرداری و ئەزموونی‌مێژوویی موسڵمانانە پاڵی‌پێوەناوە ئەوە بڵێ ...؟ ئەی‌باشە زۆرێك لە ڕۆشنبیرەعەلمانی‌یەکانیش دان بەوەدا نانێن کە لەسەردەمی دێرینی ئیسلام دا دادگەری پیادەبووە و ئیسلام ڕۆڵێکی کاریگەری بووە لەڕووی دابین کردنی مافەکان و چەسپاندنی بەها بەرزەکان و داکۆکی کردن لە مافی‌خەڵکانی تر .....؟یاخود ئەمە تێگەیشتنێکی تایبەتیە بۆ دین و دەیانەوێ بیچەسپێنن بەسەر ئیسلامیش دا ..... ( سەرتا دەبێ بپرسین : ئاخۆ پێناسەی ( ئاین ) لەماهیەتی ئاینەکە خۆیەوە وەردەگیرێ یا لەزەوق و زیهنیەتی پووتی کەسەکانیەوە ؟ ئاخۆ کارێکی نازانستی‌یانە نی‌یە لەکاتێکدا کاروباری سیاسەت و دەوڵەت پانتایی‌یەکی بەرچاوی لە بابەتی بایەخ پێدانی ئاینێك دا داگیرکردبێ ، کەچی ئێمە بێین بەناوی پاراستنی نەقاوەتی ئاینەوە بەشێکی جەوهەری لەو ئاینە دابڕین ؟ تۆ ئازادیت لەوەدا بڵێیت من ئاینێکم پەسەندنی‌یە خۆلەمەسەلە سیاسی‌یەکاندا هەڵقورتێنی ، بەڵام بۆت ڕەوا نی‌یە بڵێیت من پێم وایە ئەم ئاینە سیاسەتی تێدا نی‌یە ، لەکاتێکدا سروشتی ئاینەکە پێچەوانەی ئەوەی‌تۆ بگەیەنێ ) [1].

لێرە بەدواوە پێم باشە بەچڕتر بچینە نێو بازنەی ئیسلام و سیاسەت و ئیسلام و بنەماکانی فەرمان ڕەوایی تاوەکو باشتر لەم بابەتە قسەبکەین و زیاتر لێی بتوێژینەوە ، چونکە واهەست دەکەم ئەم قۆناغەی ئێستامان ئەوە دەخوازێ لەدەرگای بابەتێکی وەها بدرێ ، هەرچەندە بۆماوەیەك کپ بونی بەخۆیەوە بینی‌ی ...

گومانیش لەوەدا نی‌یە کۆمەڵەهۆکارێك لەپشت ووروژاندنی ئەم جۆرە بابەتەوەیە ، لەوانە لێدانی فیکرەی سیاسی ئیسلامی و بزافە ئیسلامی‌یەکان پاش بەرزبونەوەی ڕێژەی جەماوەری‌یان لەسەرجەم جیهانی ئیسلامی بەشێوەیەکی‌گشتی ، ئەمە جگە لەوەی پشت

---

(1) دین وسیاسەت بابەتی(سروشتی‌پەیوەندی‌ئاین وسیاسەت ـ پتر لەڕایەك عمرعلی‌غفور)ل٩٥ ـ٩٦.

**گویّ خستنی باسێکیوا لەگەڵ ئەو جەماوەریبونەی ئیسلامییەکان هەیانە شتێکی مەعقول نییە ، سەرەڕای ئەوەی پرۆژەی ئیسلامی و موراجەعەکردنی خود ( ذات )و چاوخشاندنەوە بەم جۆرە بابەتانە دەخوازیّ بەردەوام ئەم جۆرە باسە گرنگانە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بیانگرێتەوە و نویّخوازی لەداڕشتنەوەیاندا ببیّ .**

## ( ئیسلام و بنەماکانی فەرمانڕەوایی )

کاتێك دەمانەوێ باس لە سستمەکانی فەرمان ڕەوایی بکەین لەبواری بابەتەکانی مەزاهبی سیاسی‌دا ئالەوکاتەدا باس کردن و توێژینەوە و خستنەڕووی سستمی فەرمان ڕەوایی ئیسلامی لەخۆگری چەندان ئیشکالیەتە لەوانە قورسی نزیك خستنەوەی بنەماکانی فەرمان ڕەوایی بۆ هۆش و زیهنمان ، لەبەر ئەوناوەندە دور و فرەیەی لەنێوان واقعی ولاتە ئیسلامی‌یەکان و سیستمی فەرمان ڕەوایی ئیسلامیداهەیە .

بەتایبەت لەکاتێکدا دەبینین لەچەندان ماوە و سەردەمی مێژووی موسڵماناندا هەندێ لە فەرمان ڕەوایان بەئاشکرایی و بەشێوەیەکی هەڵە و خراپ پیادەی سستمی فەرمان ڕەوایی ئیسلامی‌یان کردووە ، ئەمەش بووەتە هۆی شێواندنی بنەماکانی فەرمان ڕەوایی ئیسلامی و تەسەوەر نەکردنیان وەکو خۆی مەگەر لەڕێی پێوەر و زاراوەکانی سستمەدانراوە هاوچەرخەکانەوە نەبێ ، کە ئەمەش بۆخۆی زیاتر بابەتەکە دەشێوێنێ و ئاڵۆزتری دەکا .

زۆرهەڵەیە ئەوکەسەی دەیەوێ پیادەی زاراوەکانی (ثیوکراتی) و(دەوڵەتی دینی)و (بیردۆزەی هەڵبژاردنی خوایی ) و ( دەسەڵاتی زەمەنی و دینی ) تەنانەت دیموکراسیش بەسەرسستمی سیاسی ئیسلامیدابکا .چونکە سستمی سیاسی ئیسلامی لە فەرمان ڕەوایی‌دا سستمێکی جیاکار ( متمیز )ەو ناکرێ لێی بتوێژینەوە یان تێی‌بگەین مەگەر لەسنوری ئەو چەمك و فیکرەیەدا نەبێ کە لەسەری بنیات دەنرێ و دادەمەزرێ ، ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە ئەو زاراوانەی باسکرا زیاتر پەیوەستە بە بارودۆخ و مێژووی ئەوروپاوە ، هەربۆیە توێژەری ڕۆژئاوایی کاتێك ئەم زاراوانە و چەندان زاراوەی‌تری پەیوەست بەمانە شی دەکاتەوە ، ئەوا هەڵسانی بەم کارە لەسنوری ڕووداوەکانی ئەو مێژووەدا یەکە ڕۆژئاوا بەرهەمی هێناوە لەڕابردوو و ئێستایدا و ناکرێ لێی تێ‌بگەین مەگەر لەچوارچێوە و ڕوانگەی ئەزمونە مێژوویی‌یەکانی ڕۆژاواوە نەبێ .

هەربۆیە وەرگرتنی ئەم زاراوە سیاسی‌یانە ، بەوشێوەیەی لەڕۆژاوادا بەکارهاتووە و بەکارهێنانی بۆ خستنەڕووی بنەماکانی فەرمانڕەوایەتی ئیسلامی ، سەرئەکێشێ بۆتەم ومژاوی بوون و تێکەڵ و پێکەڵی و ( شێوان ) ، چونکە سیستمی فەرمان ڕەوایەتی ئیسلامی لەسەر عەقیدە و بیروباوەڕێك بنیات دەنرێت کە دژ و پێچەوانەی ئەو بنەمایانەیە کە ئەم زاراوانەی لەسەربنیات نراوە .

هەربۆیە ئەودەوڵەتانەی کە دەیانەوێ سستەمیفەرمان ڕەوایی ئیسلامی پیادە کەن ، پێویستە لەسەر بناغەکەی عەقیدەی ئیسلامی بێ ، لەبەرئەوەی دەوڵەت ــ هەر دەوڵەتێك ــ بەدینایەت مەگەر بەبوونی حکومەت یا دەوڵەت یادامەزراوە ( هیئة ) یەکی فەرمان ڕەوا نەبێ کە بریتییە لەوپێکهاتە جێبەجێکاری ( تنفیذ )یەی بۆ ئەو کۆمەڵە فیکرە و بنەما و قەناعەتانە بەدی دێ کە کۆمەڵێك خەڵکی پەسەندی دەکەن . واتە ئەودەسەڵاتەیە کەسەرپەرشتی بەرژەوەندییەکان و بەدواداچوونی ڕەوت و هەنگاوەکانی دەکا ، لەسەریپێویستە فیکرەی بنەما و بناغەی دەسەڵات بەهەند بگرێ لەکاتێکدا دەیەوێ باس و خواس لە سستەمی فەرمان ڕەوایی ئیسلامیبکا ، چونکە بەهیچ شێوەیەك ناکرێ جیاکاری و جیاوازی لەنێوانیاندا بکا [1] .

جائەگەر وابێ ،ئەبێ سستم ( نظام )ی فەرمان ڕەوایی لەئیسلام دا چۆن بێ و سروشت و بنەما و حوکمەکانی لەچیدا خۆ دەنوێنن ؟ لێرەدا گرنگە ئەوە وەبیر خۆمان بهێنینەوە کە ئایامەبەست چییە لەسستمی فەرمان ڕەوایی ، هەر سستمێکی فەرمان ڕەواییبێ ، چونکە دەست نیشان کردنی ئەوە زیاتر بەرچاو ڕۆشنمان دەکا ، لەبەرئەوەی هەندێ جار سستمی فەرمان ڕەوایی ( نظام الحکم )و شێوازی فەرمان ڕەوایی و کەسانی فەرمان ڕەوا ( شکل الحکم و من یولي الحکم ) تێکەڵ بەیەك دەکرێن ، سستمی فەرمان ڕەوایی ( بریتییە لە کۆمەڵێك بنەمای سەرەکی کە چۆنێتی فەرمان ڕەوایەتی و شوێن و پایەی هەریەکە لە دەزگاکانی فەرمان ڕەوا و فەرمان بەسەرداکراو بەرامبەر یەکتری و واجب و پێویستی هەریەکەیان لەئاست ئەوی تردا دەست نیشانی دەکا واتە ئەو بنەمایانەی پەیوەندییەکانی نێوان ( حاکم ) و ( محکوم ) بەپێی فیکرەیەکی سەرەکی دیاری دەکا [2] .

دیارە پیادەکردنی ئەو بنەمایانەش کە دەست نیشانی ئەو پەیوەندییە دەکەن بەپێی هەرکۆمەڵگە و بیر و باوەڕ و داب و نەریتێ لەهەرئاستێك دابێ سستمی فەرمان ڕەوایی لەوکۆمەڵگایەدا دەست نیشان دەکەن ، ئەمە بۆ گۆمەڵگەیەکی ئیسلامی و نائیسلامی هەر ڕاستە .

---

[1] الدولة والنظم السیاسیة د.إبراهیم الغازي (٢٦٢ ــــ ٢٦٤) .

[2] سەرچاوەیپێشوو لا ٢٦٤ .

بەسەرنج دانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ئەوە بەدەر دەکەوێ کە ئیسلام خاوەنی یاسا و سستمێکی فەرمان ڕەوایی تایبەت بەخۆیەتی و هێڵەسەرەکی‌یەکانی ئەوسستمەش دەست نیشان کراوە . . . .ئەوەش لێرە و لەوێ بانگەشەی بۆدەکرێ کە گوایە ئیسلام هیچ سستمێکی فەرمان ڕەوایی تێدانی‌یە یاخود هیچ سستمێکی دیاری‌کراوی فەرمان ڕەوایی دیاری نەکردووە کە بۆسەردەم و کاتە جیاجیاکان بشێ ، یاخود تەنهاچەند بنەمایەکی گشتی و چەند بەهایەکی ڕەوشتی بۆ زیاد دەکا و هیچی‌تر . . . پاشتریش بەناو ڕۆشنبیرانی لای‌خۆشمان بەچاولێکەری لەوان هەمان قسە دەڵێنەوە ، ئەوانەیان هەر پرۆژەی ئیسلامی‌یان پێ‌پەسەند نی‌یە و ئیسلام لەچاویلکەی عەلمانی‌یەتەوە دەبینن ئەوا گوتەزای یەکەم دەکەن ، گوایە پێغەمبەری خوا تا ئەوکاتەی وەفاتی کرد هیچ کەسێکی بۆجێی خۆی دیاری نەکردووە و بگرە چاودەنوقێنن لە ئاست ژیاننامە و پیادەکردنی واقعیانەی پێغەمبەری خوا و بانگەشەی ئەوەش دەکەن کە پێغەمبەری خوا تەنها خاوەنی پەیامێك بووە کە هەڵگری هیچ سیمایەکی دەسەڵات داری نەبووە و لێرەوە قسەکانی ( عەلی عبدالرزاق ) دووبارەدەکەنەوە و دوای نزیکەی هەشتاساڵ لەچاپ کردنی کتێبەکەی تازەبەتازە عەلمانی‌یەتی‌کوردی وەری‌دەگێڕن و بەسەقەت و سقوتی دەیخەنە ڕوو وەك ئەوەی هەنگیان لەکونەدار دیبێتەوە (*) ، ئەوانەی بەشارەزایی بۆئەم مەبەستە دەچن و دەڵێن سستمێکی ئیسلامی وەهانی‌یە کە بکرێ لەهەموو سەردەم و ساتێك دا پیادە بکرێ ، ئەمانە لەواقعی کوردیدا خۆیان لەوانەدا دەبینن کە تووش دووفاقەیی و شیزۆفرینیایی فیکری بوون لەلایەکەوە ئیسلامیان وەکو کۆمەڵێك بەهاپەسەندە لەلایەکی‌ترەوە لەژێر کاریگەری فیکرەی بەعەلمانی کردنی ئیسلام دان و کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەوفیکرە تەئویلی‌یە بەربڵاوەی کە حیساب بۆجێگیر و چەسپاوەکانی ئیسلام ناکا. . . دیارە لەمەش دا کەوتونەتە ژێرکاریگەری هەندێ لەوکەسانەی بانگەشەی کارکردن بۆ پرۆژەیەکی نوێی خوێندنەوە دەکەن هاووێنەی ئەرگۆن و ئەبوزەید و شەحرور و ...هتد ، دەستەیەکی‌تر هەن بیر و بۆچونیان وایە کە تەنها هەندێ‌بەها و ( مُثُل ) هەیە کە فەرمان ڕەواپابەند دەکا و چەند ئاراستەیەکی ڕەوشتی‌هەیە بۆ بواری فەرمان ڕەوایی و هیچی تر ، نەك بنەمای ڕوون و

(*) لەکاتی‌نوسینی‌ئەم بابەتەداتازەوەرگێڕانەپڕهەڵەکەی(ژیار)تاوێك کەوتبووەبازاڕەوە ، بەڵام پاشتروەرگێڕانی دووەمی ئەم کتێبەکەوتەبازاڕەوە .

ئاشکرا ، ئەمانەش ئەو ئیسلامییانەن کە بەڕای ئێمە بەهەڵەداچوون و تێکەڵییان لەنێوان دووچەمك دا [1] کردووە و لێکیان جیانەکردونەتەوە ئەمەش وای لێ کردوون ئەم بیر و تێڕوانینەیان هەبێ .

دیارە ئەم دووئاراستەی دوایی پشت بەوە دەبەستن کە پێغەمبەری خوا لەدوای خۆی کەسی دەست نیشان نەکردووە ... سەرجەم ئەمانەش ( تەنانەت ئەوانەی سێهەمیش بەخۆیان بزانن یان نا ) ئەیانەوێ نەرێی سستمێکی ئیسلامی بکەن بۆ فەرمان ڕەوایی ، لەدووڕووەوە ، یەکێکیان نەبوونی هیچ بنەمایەکە بۆ فەرمان ڕەوایی ، لەبەرئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگەیەکی دیاریکراوی دەست نیشان نەکردووە تاوەکو لەوڕێگەیەوە کەسێك هەڵبژێردرێت بۆ سەرۆکایەتی موسڵمانان ، لەلایەکیترەوە خودی پێغەمبەری خوا بۆدوایخۆی کەسی دیاری نەکرد تا کاروباری موسڵمانان بباتەڕێوە .

دیارە لێرەدا هەڵەیەکی گەورە بەدی دەکرێ لەوەی کە دەست نیشان نەکردنی کەسێك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری موسڵمانان لەلایەن پێغەمبەری خواوە بۆدوایخۆی پەیوەست بکرێ بەوەی کە سستمێکی ئیسلامی دیاریکراوی فەرمان ڕەوایی یا بنەماسەرەکییەکانی ئیسلام دا بونی نەبێ ، بۆ سادەکردنەوە و ڕوون کردنەوەی ئەم بابەتە و دانانی لەشوێن وپایەی خۆیدا دەکرێ خۆمان لەبەرامبەر سێپرسیاری ڕوون و ئاشکرادا ببینینەوە کە ( د.إبراهیم الغازي ) دەیخاتەڕوو بۆڕوون کردنەوەی ئەم بابەتە )[1] ،

**پرسیاری یەکەم** : ئایا پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) کەسێکی دەست نیشان کردووە یا ناوبردووە تاوەکو کاروباری موسڵمانان لەدوای خۆی هەڵسوڕێنێ ؟

**پرسیاری دووەم** : ئایاپێغەمبەری خوا ( ﷺ ) ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەوکەسەی دیاری کردووە کە دوایخۆی کاروباری موسڵمانان دەگرێتە دەست و دەیبات بەڕێوە ؟

**پرسیاری سێیەم** : ئایا هیچ بنەمایەکی سەرەکی دەبینرێ بۆسستمی فەرمان ڕەوایەتی کە لەچەند حوکمێکی گشتی ( کلي ) حوکمی ئیسلامیدا خۆی بنوێنی و چەندان ئەحکامی جوزئی و فەرعی لەژمارە نەهاتووی لەژێردا جێببێتەوە ؟ [2]

---

[1] چەمکی(نظام الحکم )و(شکل الحکم ) .

[1] سەیریسەرچاوەیپێشوو بکە .

[2] سەرچاوەیپێشوو ل ٢٦٧ .

هەریەکە لەم پرسیارانەش وەڵامی تایبەت بەخۆیهەیە و دەکرێ لەڕێگەی خۆیەوە وەڵام بدرێتەوە ، سەبارەت بەوەڵامی پرسیاری یەکەم ئەوا پێویستە تەئکید بکەینەوە لەڕووداوە مێژوویی‌یەکان و هەڵبژاردنی ڕای بەهێز وتەواو و پەسەند . ئەوەی کە سەلماوە لەمێژوودا ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) مەسەلەی فەرمان ڕەوایی لەدوای خۆی نەبڕیوەتەوە ، هەرلەم بارەیەوە لە خەلیفەی‌یەکەم دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی ( وددت لوأني كنت سألت رسول الله عن هذا الأمر فلاينازعه أحد ) هەروەها سەرچاوەکان قسەیەکی هاوشێوەی ئەمە لە عەبباسی کوڕی عەبدلموتەلیب ( مامەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)) دەگێڕنەوە کە بە عەلی کوڕی ئەبوتالیبی فەرمووە : ( انطلق بنا إلى رسول الله فإن كان هذا الامر فينا عرفناه ، وإن كان في غيرنا كلمناه ، فأوصى بنا الناس ) دیارە عەلی ئەم پێشنیارەی ( عباس ) پەسەند ناکا،(طبري )ش لەعومەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە لەوەڵامی ئەوکەسەی پرسیاری لیکردووە سەبارەت بەوەی دوای خۆی کاروباری موسڵمانان بەکێ دەسپێردرێ دەڵێ ، ( إن استخلف فقد استخلف من هو خير مني ( أبوبكر ) وأن أتركهم فقد ترك من هو خير مني ( النبي(ﷺ) ) ، لێرەدا ( طبري ) ( تعليق )ێك دەدا و دەڵێ ( فعرف الناس أن النبي ( ﷺ ) لم يستخلف أحداً ) ئەمەش ڕاستی و بنەمایەکە زۆرینەی دەستە و گرۆهەئیسلامی‌یەکان لەسەری کۆکن ، جگە لە شیعە کە باوەڕیان وایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی عەلی کوڕی ئەبوتالیبی بردووە بۆ خەلیفایەتی [1] .

سەبارەت بەو دەقانەی کە شیعە و هەندێ تریش جگە لەوان دەیهێننەوە بۆئەم مەبەستە من بەپێی هەندێ خوێندنەوەم وادەزانم لەم چەندحاڵەتە بەدەرنی‌یە ، ئەوەی سەبارەت بە ئایەتەکانی قورئان بێ تەنها ئایەتێك نی‌یە ناوی هیچ کەسێکی بردبێ و دەست نیشانی‌کردبێ بۆ جێنشینیایەتی ، دەمێنێتەوە ئەو فەرمودانەی لەوبارەوە هاتوون ئەوانیش زۆرێکیان ( صحيح ) نین ، لاواز یا هەڵبەستراون ، هەندێکیان ( صحيح )ن بەڵام سەبارەت بە فەزڵ و ڕێزی ئەو هاوەڵەیە ، نەك دانانی بە فەرمان ڕەوا ، هەربۆیە دەبینین سەبارەت بە زۆرێك لەهاوەڵان ئەم جۆرە فەرمودانە هەیە ، یاخود بۆئەوەبووە لەناو هاوەڵاندا ڕێزیان بزانرێ یا گرفتێکی کاتی پێ‌چارەسەرکراوە . . . . هەندێك لەو فەرمودانەی کە لە ڕاڤەی

---

[1] محاضرات في تأريخ الأفكار والنظم السياسية إعداد/ بسام عبدالحميد ١٩٩٨ ــ ١٩٩٩ ل ٥٥ . هەروەها سەیری الدورالسياسي للصفوة في صدر الإسلام ، السيدعمر بکە یەکەم (مبحث)ی .

ئایەتەکاندا باس دەکرێ هەمان حوکمی هەیە و قوڵبونەوەی جیاوازیی‌یە سیاسی‌یەکان و پاشتر سەرکێشانی بۆ جیاوازی عەقیدی و فیکری ڕۆڵی بینیوە لەم لێکدانەوانەدا زۆرجاریش هەڵبەستنی فەرمودەیە بەدەم پێغەمبەری خواوە .

لێرەدا بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم دەتوانرێت بووترێت پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) بۆپاش خۆی ناوی هیچ کەسێکی نەبردووە و دەست نیشانی هیچ کەسێکیشی نەکردووە ، هەربۆیە دەبینین لەدوای وەفاتی جیاوازی ڕووئەدات سەبارەت بەو کەسەی ئەوکارە لەئەستۆ ئەگرێ ، بەڵام بەهیچ شێوەیەك جیاوازی‌یەکە سەبارەت بە زەرورەتی فەرمان ڕەوایی و بەردەوام بوونی نەبووە پاش پێغەمبەری خوا ، چونکە هەموویان لەسەر ئەو ڕاستی‌یە یەك دەنگ بوون [٢]

فەرمان ڕەوایی بەقورئان و سوننەت ، ڕاستی‌یەکی حاشاهەڵنەگربووە و ووتاری سەرەتای بەخەلیفەبوونی هەریەکە لە خەلیفەکان ئەم ڕاستی‌یە وەك ڕۆژی ڕوناك پێش چاو دەخا ، ئەمە وەك فەرمان ڕەوایەتی ، بەڵام ڕاستی‌یەکی‌تر هەیە ئەویش بریتی‌یە لەوەی پێغەمبەری خوا وەفاتی کردووە بێ‌ئەوەی ئەوە یەکلابکاتەوە کە کێ‌فەرمان ڕەوایی لەدوای خۆی دەگرێتە دەست ، ئەمەش ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە ئەم وازلێ هێنانە بەئەنقەست بووە وەك تەئکیدێ بۆئەوەی کە ئەم بابەتە بەسروشتی خۆی قابیلی گۆڕانە و پەیوەستە بە میکانیزمی کارو بارودۆخەکانی سەردەم و کات تا ڕۆڵی خۆیانی تێدا دەبینن ، بەڵام وەکو ئاماژەشمان پێ‌دا ئەوەی بەدەق و بەپیادەکردنی پێغەمبەریش لەچەندەها جێگای جیاوازدا ئاماژە بۆئەم ڕاستی‌یە دەکا و کاری پێغەمبەری خواش ( ﷺ ) هەر لەیەکەم ڕۆژی گەیشتنی بۆمەدینە بناغەیەکە بۆ ئەم بوارە و ئاماژەی هەرە پێویستی جێ‌بەجێ‌بونیەتی ، بەڵام بێ‌دیاری‌کردنی شێواز و فۆرمێکی تایبەت لەبەر ئەو سرشتە گۆڕاوەی ئەم بوارە هەیەتی . دیارە جیاوازی زۆرە لەنێوان ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەسیەتی بۆ کەسێکی دیاری‌کراو نەکردووە بۆئەوەی لەپاش خۆی ببێ بە خەلیفە ، وە لەنێوان ئەوەی قورئان و سوننەت بناغە و ئەسڵی جێ‌نشینایەتی وەکو سیستمێك لەخۆگرتووە و بنەماسەرەکی‌یەکانی بەڕوونی ئاماژە پێداوە ، دیارە لەوبارەیەوە بەڵگەی لەژمارە نەهاتوو هەیە ، جا هەروەکو ( السید عمر ) لە کتێبی ( الدورالسیاسی ) دا دەڵێ : زانایەکی کۆمەڵناسی هاوچەرخ دەڵێ : یەك ئایەتی سورەتی النساء کە ئایەتی ( وَ اعْبُدُوا اللّٰهَ وَ لا

---

[٢] سەیری سەرچاوەی پێشووتر بکە .

تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئاً وَ بِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً وَ بِذِي الْقُرْبَى وَ الْيَتَامَى وَ الْمَسَاكِينِ وَ الْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَ الْجَارِ الْجُنُبِ وَ الصَّاحِبِ بِالْجَنْبِ وَ ابْنِ السَّبِيلِ وَ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ مَنْ كَانَ مُخْتَالاً فَخُوراً ،٣٦ )ە سەرجەم ڕەگەزەکانی پتەوی کۆمەڵگە و بەزەیی خوازی لەخۆ گرتووە و هۆکارەکانی پەرتەوازەیی و زیانکاری لێ بەدوور دەگرێ . وە زانایەکی تریش وا دەبینێ سەرجەم ڕەگەزەکانی سیاسەتی شەرعی لەدووئایەتی سورەتی النساء بەرجەستە بووە کە ئایەتی ( إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَ إِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعاً بَصِيراً ، يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَ أَطِيعُوا الرَّسُولَ وَ أُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَ الرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَ الْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَ أَحْسَنُ تَأْوِيلاً)( النساء ٥٨ ، ٥٩ ) . [١]

ئەمە جگە لەچەندین بەڵگەی تر کە لەم بوارەدا هەیە ، سەبارەت بەپرسیاری دووەمیش بەوەندە وەلآم نادرێتەوە ( هەروەك الغازی دەڵێت ) کە بوترێ پێغەمبەری خوا ڕێگە و شێوازێکی دیاریکراوی دەست نیشان نەکردووە بۆ هەڵبژاردنی ئەوکەسەی لەپاش خۆی سەکردایەتی و سەرپەرشتی کاروباری موسڵمانان دەکا و بەوەندە وازبهێنین و هیچی تر ... بەڵکو پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەوبنەما گشتیيانەی لە قورئان و سوننەت دا هەن و تێگەیشتنی هاوەڵانیش بۆئەو بنەمایانە تاوەکو وەلآمی پوخت و ڕوون بەدەست بخەین .

لێرەوە پرسیاری دووەم دەمان خاتە بەردەم پێویستی باس کردن لە شێوە ( شکل )ی فەرمان ڕەوایی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ئەمەش دەخوازێ توێژینەوە لەمەرکەز یا پایەیەی سەرۆکایەتی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بکرێ و توێژینەوەکەش پەیوەست بێ بەخەلیفە و چۆنێتی پێویستی هەڵبژاردنی یاگەیشتنی بەم پلەوپایەیە ، دیارە ئەم باسەش لەسەرجەم ئەو کتێبانەی تایبەتن بەم بوارەوە جێگەیەکی تایبەتی هەیە و باس و خواسی زۆری لەسەر کراوە چ لەکتێبە کۆنەکاندابێ یاسەرچاوە نوێیەکان کە هەندێ ئیجتیهادی نوێی تێدایە و پێویستی بە خوێندنەوە و بەراوردکاری تایبەت هەیە لەلایەن پسپۆڕانەوە ، سەبارەت بەپرسیاری سێهەمیش ئەوا پێویستیمان بە ئەرێ و نەرێ هەیە . بۆهەرکامیشیان دەبێ پشت ئەستور و پاڵپشت بین بە بەڵگە و دەلیلەوە ، وەلآم دانەوە بەئەرێ و ئیجابی دەمانخاتە ئاست توێژینەوەیەك سەبارەت بەسستمی فەرمان ڕەوایی ئیسلامی(نظام الحكم الإسلامي).

---

[١] سەیری ( الدور السیاسي ) ل ٣٣ بکە .

هـەر لەسـەر ئـەم بنەمايـەش هێنـانی ئەوسێ پرسـيارەی کـە ڕابـردوو جياکردنـەوەيان لەيـەکتری پاشـان وەڵام دانـەوەيان بەشـێوازێکی وورد و ئەمينانـە هـەموو لێ تێکچـوون و ناڕۆشـنی و پێکداچـوويی و تێکـەڵ و پێکەڵیـەك لادەبـا و دەمانخاتـە سـەر ڕێگـەی توێژينەوەی زانستیساغ و بەدوور لەحەز و ئارەزوو . سستمی سياسی" النظام السياسي" يا سستمی فەرمان ڕەوايی " نظام الحكم " مانای شێوازی فەرمان ڕەوايی " شكل الحكم " نیيە ، بەڵکو شتێکی ترە .

شێوازی فەرمان ڕەوايی ( شكل الحكم ) دەست نيشانی ئەوکەسە دەکا کە فەرمان ڕەوايی دەگرێتـە دەسـت بـە دەربڕينێکـی تـر کێيـە ئەوکەسـەی سـەرۆکايەتی دەوڵـەت دەکـا ، چـۆن دەگاتە ئەم پلەوپايەيە . هەربۆيە ( شكل الحكم ) گرنگی دەدات بەچينی فەرمان ڕەوايان واتـە چۆنێتی گرتنە دەسـتی سـەرۆکايەتی دەوڵـەت لەلايـەن تاکێکـەوە ياچـەند کەسـێکەوە بـەپێی ئەو بنەمايـەی سسـتمی فـەرمان ڕەوايـی دەسـت نيشـانیدەکا ، نمونـە بـۆ شـێوازەکانی حـوکم پاشايەتی و جمهوری و عەسکەری وخەلافەتە ، بەڵام کە دەڵێين سستمی فەرمان ڕەوايی ئـەوا هەريەکە لە سستمی فەرمان ڕوايی کەمينەيی " لەوانـەش سسـتمی ديکتـاتۆری " و سسـتمی فـەرمان ڕەوايـی زۆرينـە " ديموکراسـی " و سسـتمی فـەرمان ڕەوايـی ئيسـلامی دەگرێتـەوە ، سستمی فەرمان ڕەوايش ( چۆنيەتی فەرمان ڕەوايی و دەست نيشان کردنی دەسـەڵاتەکان و دابەش کردنی پسپۆڕیيەکانی دەوڵەتە بەسەريان‌دا ) .[1]

ئـيتر دەوڵەتەکـە هـەچ دەوڵـەتێك بـێ لێـرەوە سيسـتمی فـەرمان ڕەوايـی گرنگـی دەداتـە چۆنێتی ئەو پەيوەندیيەی لەنێوان فـەرمان ڕەوا و خەڵکيدا هەيـە و لەچۆنێتی ڕێکخستنيان دەدوێ و بـاس لـەماف و ئـەرکی هەريەکـە لـە فـەرمان ڕەوا و خـەڵکی بەرامبـەر يـەکتری دەکـا بەڵام شێوازی فەرمان ڕەوايی (( شكل الحكم )) باس کردنـە لـەوەی کێسـەرکردايەتی دەکـا و دەستەی فەرمان ڕەوا کێن .

لەڕوانگەی ئەم ديدەوە ئـەتوانين بڵێين (( سسـتمی فـەرمان ڕەوايـی لـە ئيسـلامدا بريتیيـە لـەو بنـەما سـەرەکیيانەی دەسـت نيشـانی پەيوەنـدی نێـوان فـەرمان ڕەوا و خەڵکیدەکا لـە کۆمەڵگای ئيسلاميدا و ئەرکی هەريەکەيان بەرامبەر ئەوی دی دەست نيشان دەکا بەوپێيەی لە بڕيار و حوکمە گشتیيەکانی قورئـان و سـوننەتی پەيامبـەردا هـاتووە سـەبارەت بـەم بـوارە

[1] الدولة والنظم السياسية ل ٣٢٠ ، بۆ پێشتريش سەيری ل ٢٦٩ بکە .

... لەبیرکردن یا پشتگوێخستنی ئەم جیاوازیەی نێوان ( نظام الحکم ) و ( شکل الحکم ) بێگومان سەردەکێشێ بۆ دژبوون و هەڵەشەیی و دووربوون لەڕاستیەوە هەروەك چۆن لە زۆرسەرچاوەدا پێش چاو دەکەوێ ، ئەوەشی جێیداخە تەنانەت لەلای هەندێ نوسەری وەهاش بەدی دەکرێ کە لەڕوی فیکریەوە مونتەمین بۆ ئیسلام و ئیسلامی بوون .

دیارە لێرە و لەوێ لە گۆڕەپانی ئیسلامی کوردیدا شوێنەواری ئەم کاریگەریەش دەبینین و لە هەندێ جاریشدا لەوە دەرچووە تەنها تێکەڵیەك بێ و هیچیتر بگرە کار بۆئەوە دەکرێ کە ئەمە پنتی ڕاستەقینەیە و ئەوەی تاوەکو ئێستا بووە بریتیبووە لە خوێندنەوەیەکی تەقلیدیانە و شتێکی تەنها مێژووکردە ، وەك ئەوەی زۆر بەویژدان و بێلایەنانەوە هەموو لاپەڕەکانی قورئان و سوننەت و مێژووی ئیسلامیان هەڵدابێتەوە و بەوئەنجامە گەیشتبن بێئاگا یاخود خۆبێئاگاکردن لەوەی سەرقاڵی دووبارەکردنەوەی گوتەزا و چەمکی نوسەرانیترن بەتایبەت هی ئەوکەسانەی حەزو خۆشیان بەچارەی ئیسلامدا نایەت و تاسەردەمێکی نزیکیش لەبەرەی لەدژی ئیسلامیدا بوون و[*] ئێستەش بەناوی زانستی و بابەتی بونەوە دەیانەوێ بیرێکی نەشیاو بەئسلام و ڕوحی دەقەکانی بخەنەڕوو ، کە ڕێك نایەتەوە بە ئیسلام و شەریعەتەکەی ، ئەوەش لەیادنەکەین هەندێ جار هەڵەکە زیاتر لەسەر مانا دانە بە چەمك نەك ناوەڕۆك بۆیە دەبینین کەسێکی وەك ((د.عمارە)) تاڕاددەیەکیزۆر هەمان ڕای (( د.أبراهیم الغازی )) هەیە کە لەپێشەوە پشتمان پێی بەستووە بەڵام لەڕووی بەکارهێنانەوە بۆهەندێ لە زاراوەکان جیاوازیەکی کەم دەبینین لەنێوانیاندا ، لێرەدا هەڵسەنگاندنێکی ( د.عمارە ) بۆهەندێ قسەی ( المستشار العشماوی ) لەم ڕووەوە بەباش دەزانین کە لەکتێبی ( سقوط الغلوی العلماني )١٤٠ــ ١٤٤ دا لیێ دەدوێ لەژێر ناونیشانی (( الخلط بین ( المرجعیە ) و بین ( نظام الحکم )) ( د.عمارة ) دەڵێ بۆئەوەی ( ڕاوێژکار عەشماوی ) نەرێی ئەوەبکا کە پەیوەندیەك لەنێوان ( ئاینی ئیسلام ) و ( دەوڵەت )دا هەبێ ، ئەبینین جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە لەئایندا قورئان و سوننەت (سستەمێك بۆ فەرمان ڕەوایی نیە ) ئەڵێ (( نەقورئانیپیرۆز و نە فەرموودەکانی پێغەمبەر ڕێکخستنی هیچ دەسەڵاتێکی سیاسیان باس نەکردووە ، یەك ئایەت و یەك فەرموودە نیە سستمی فەرمان ڕەوایی لەئوممەتی ئیسلامیدا ڕێك بخا )) وە دەڵێ لەڕاستیدا ئیسلام

[*] زۆرێك لەوانە پێشینەیەکی چەپ ومارکسیانەیان هەبووە .

هیچ شێوازێکی حکومەت یا سستمی فەرمان ڕەوایی دەست نیشان نەکردووە جگە لەوە نەبێ کە بناغەی حکومەتی دیاریکردووە بەوەی لەسەر دادگەری بێ ، جا هەرحکومەتێك کاربکا بۆمەبەستی دادگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و قەزایی ئەوە حکومەتێکی ئیسلامییە لەهەموو ڕوویەکەوە ..... )) .

لەوەڵامی ئەم قسانەی عەشماویدا ( د.عمارە ) دەڵێ، ئێمەش لەگەڵ عەشماوی‌داین لەو ڕووەوە کە ئاین وەك سروشتێکی خوایی و ڕوون کردنەوەی پێغەمبەرانە بۆ فەرمان ڕەوایی ئیسلامی (( سیستمێکی )) دیاری کراوی دەست نیشان نەکردووە ئەوەش زیاد دەکەین و دەڵێین لەڕاستیدا (( هەموو سستمێك )) (( كل النظم )) دانراوێکی مرۆییانە و هەوڵێکی ئینسانیانە و بەدەست هێنانێکی مەدەنیانەیە هەربۆیە دەبینین بەردەوام لەگەشە و گۆڕانکاری دایە .... ئەوەش کە ئاین داینا‌وە و چەسپاندنویەتی بریتییە لە بنەماکان و وازی لەمرۆڤ هێناوە ئیجتهاد بکا بۆبەدی هێنانی ئەو ( سستەمانە )ی ئەو ( بنەمایانە )نزیك دەخاتەوە لەسنوری پیادەکردن و جێبەجێبوون لەزەمینەی واقیعدا ..

بەڵام ئایا (( بنەماکانی )) فەرمان ڕەوایی و سستمەکانی فەرمان ڕەوا لەهەموو ئاین و بیروباوەڕ و فەلسەفە و ناوکۆ ( نسق )ە فیکرییەکاندا وەکویەکن تاوەکو جیاوازی نەکرێ لەنێوان (( سستمەکانی فەرمان ڕەوایی ))دا کە ئەمە بینشی عەشماوییە یاخود جیاوازی ((بناغە )) و (( بنەماکان ))یش هەروەها جیاوازی لە سستمەکان دا دەڕەخسێنن ؟ ئەمە جێگەی ناکۆکییە و جیاوازییە کە لێرەدایە ، ڕاوێژ ( شوری ) بنەمایەکی ئیسلامییە ، فەرزێکی ئیسلامی چەسپاوە ... دانراوێکی خوایی هەتاهەتایە .. (( ئەوسسستمە ))ی ئەم ڕاوێژە دەسەبەر دەکا دانراوێکی مرۆیی گەشە سەندووە . بۆئەوەشی (( سستمی ڕاوێژ )) ئیسلامیبێ ئەبێ ئەو (( بنەماخوایی ))یەی تێدا دەسەبەر بکرێ ..

(( بە دادگەری فەرمان ڕەواییکردنی نێوان خەڵکی )) بنەمایەکی خوایی چەسپاوە قورئان هێناوێتی و سوننەتیش ڕوونی کردۆتەوە ، بۆیە دانراوێکی خوایی نەمرە ... بەڵام ئەو ((سستمە قەزایییە ))ی ئەم دادگەرییە دەسەبەردەکا کارێکی مرۆڤ کردی گەشەسەندووە ، جا بۆئەوەی ئەم (( سستمە )) ئیسلامیبێ ، پێویستە ئەو بنەماخوایییە جێبەجێکا و مەبەستەکانی بەدی بێنێ .

کەواتە ئێمە (( سستممان )) هەیە کە ((مرۆڤ کردە و... دەست هاتێکی مەدەنییە )) و چەندان (( بنەما ))ی خوایی و مەبەستی شەرعییان هەیە ، کە (( مەرجەعیەتی )) ئەم

((سستمانەن )) وە تایبەتمەندی (( مەرجەعیەتی ئیسلامی )) لە (( بنەما و مەبەستەکاندا )) دەخوازێ (( سستەمەکانیش ))جیاکار و تایبەتمەندبن.. قسەکردن لەسەر بوون و نەبوونی ((چەند سستمێکی ئیسلامی )) تایبەت مەند ، دەبێ گۆڕەپانەکەی باس کردن بێ لەبوون یا نەبوونی((مەرجەعیەتێکی)) ئیسلامی تایبەتمەند و جیاکار ... ، چونکە سستەمەکان پێویستە بەوشێوەیە دابنرێن کە دەسەبەری بنەما و مەرجەعیەتە ئیسلامیەکە بکەن ، جیاوازی و تایبەتمەندی مەرجەعیەتیش لەهەموو فەلسەفە و ئاین و ناوکۆفیکریەکاندا تایبەتمەندی بەدیدێنێ و پلەکانی لە سستەمەکانی فەرمان ڕەواییدا بەدیار دەکەوێ ..

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە : ئایا ئەو بانگەشەیەی عەشماوی ڕاستە لەوەدا کەهەموو سستەمەکانی فەرمان ڕەوایی یەکسانن لە (( بناغەی حکومەت داریدا )) کە ((دادگەری – العدل ))ە ئەمەش مانای یەکسان کردنی هەموو حکومەتەکانە بۆ بەدەست هێنانی (( دادگەریی ))و نەرێکردنی بونی تایبەتمەندی حکومەتی ئیسلامی و سستمی فەرمان ڕەوایی ئیسلامی ، لەبەر نەبوونی تایبەتمەندێتی و جیاکاری لە (( بناغەکەیدا : کە دادگەری ))یە ؟.. ئایا ئەمە ڕاستە ؟

هەرکەسێکی ژیر ئەگەر سەیرێکی نەخشەی شارستانیەت و فەلسەفە و ئاینەکان بکا لەئێستا و بەدرێژایی مێژوویش ئەبێ هەست بەوەبکا کە چۆن هەندێجار (( زاراوەکان ))یەك دەگرن وەك قاوغێك بۆ چەمکەکان ــ وە چۆن ــ لە زۆربەی کاتدا فرە وخاوەن جیاکاری بگرە جیاوازیش دەبێت لەڕووی (( ناوەڕۆك و چەمکەکانەوە )) هەرچەندە لەڕووی (( زاراوە))شەوە یەکن !.. ئەمەشە بووەتە هۆی تایبەتمەندێتی نێوان هەریەکە لەسستم وحکومەتەکان وەك پاشکۆیەك بۆ تایبەتمەندی ناوەڕۆك و چەمکەکانی دادگەریی بەوشێوەیەی هەریەکە لەوحکومەتانە دەیانەوێ .

هەربۆیە ، دەبینین (( دادگەری لیبراڵی )) لەناوەڕۆك و مەفهوم دا جیاوازە لە ((دادگەری کۆمۆنستی)) ئەو بارەی پێویستە بۆ (( عەدالەتێکی لیبراڵی )) (( حکومەتی لیبراڵی )) و ((سستمێکی فەرمان ڕەوایی لیبراڵی لێیە )) کە ناوەڕۆکی تایبەتی (( عەدلی لیبراڵی )) بەدی دەهێنێ ... ئەم دۆخ وبارەش لەگەڵ (( دادگەری کۆمۆنیستیش ))دا هەروایە و دەخوازێ ((حکومەت و سستمێکی )) خاوەن تایبەتمەندەکە ناوەڕۆك وچەمکی (( دادگەری )) لەڕوانگە کۆمۆنیستی‌یەکەوە بەدەست بهێنێ کە لەخۆگری چەندان چەمکی تایبەت بەخۆیەتی ..

کەواتە جیاوازی لەمەرجەعیەت و مەبەستدا دەست نیشانی (( سستمی حکومەتەکان دەکا))
جا ئەگەر ئیسلام نمایندەی مەرجەعیەتێك بێت کە تەنها گرنگی بە (( ڕۆح )) یابە ((مادده ))
نەدات .. مەرجەعیەتێك بێت خۆشی و بەختیاری دنیا ببەستێت بەخۆشی و بەختیاری دواڕۆژی خەڵکی لە قیامەتدا ، ئەوا ئەو سستم و حکومەتەی جێبەجێکەری ئەو مەرجەعیەت و مەبەستەبێ ، دەبێ تابەتمەندی و جیاکاریخۆی هەبێ لەهەموو بیرو باوەڕ و فەلسەفەو ناوکۆفیکرییەکانی تر ..

جائەگەر مەرجەعیەتی لیبراڵی لەلایەن سستم و حکومەتێکی لیبراڵەوە جێبەجێبێ و پیادە بکرێ بۆئەوەی مەبەستەکانی مەرجەعیەتی لبراڵی و تێڕوانینی ئەو بۆ (( عەدل )) جێبەجێبکا ، بەهەمان شێوە سۆشیالیستی و ....هتدیش ئەوا ئەمەش سەبارەت بەمەرجەعیەتی ئیسلامیش هەروایە . کە دەبێ لەلایەن سستم وحکومەتێکی ئیسلامییەوە جێبەجێبێ و پیادە بکرێ و ئیسلامییەکان سەروکاری بکەن ، بۆئەوەی مەرجەعیەتی ئیسلامی پیادەبێ لەپەیڕەو و پرۆگرامێکدا کە سەرجەم دین و دونیا و دواڕۆژ لەخۆدەگرێ بۆ بەئەنجام گەیاندنی فەرزە عەینی و کیفائییەکان .. بۆ یاسای تاك و خێزان و کۆمەڵگا .. سیاسەت و ئاوەدانکاری مرۆییانە ... بۆ پیادەکردنی عەدالەتی ئیسلامی کە مەفهومێکی تایبەتمەندی هەیە [1]

وادەزانم ئەم تێڕوانینەی ( د.عمارە ) زۆری جیایە لە ناوەڕۆکی ئەوەی ووتمان سەبارەت بە ( سستمی فەرامان ڕەوایی ) و ( شێوازی فەرمان ڕەوایی ) بەڵکو جیاوازییەکە لە بەکارهێنانی هەندێ چەمك و زاراوەدایە وەك لە حەقیقەتی بابەتەکە ، چونکە ئەو بنەما و مەرجەعیەتەی کە ( د.عمارە ) باسیدەکات هەمان ئەو سستمی فەرمان ڕەواییەیە کە ((د.الغازی )) لێی دەدوێ... بەڵام بەجیاوازییەکی ڕووکەشەوە .

سەبارەت بەهەمان مەبەست (( د.عبدالجواد یاسین )) ڕای خۆی دەردەبڕێ و قەناعەتی وایە کە خەلافەت (( وەك ناوەڕۆکێکی بابەتی (( محتوی موضوعی ))بە چاوپۆشین لەپابەند بوون بە ناوەوە فەرزێکی پابەندی دەقەکانی ئیسلامە ، بەڵام خەلافەت وەك ( نەسەقێکی شەکلی ) بەڕای ئەو نە لەدەقی ئیسلامیداهەیە و نە لە مێژوودا ، چونکە مێژووی ئیسلامی چەندجۆر و شێوازی جۆراوجۆری جیالەیەکی بەرهەم هێناوە ... دیارە ئەمەش قسەکردنە

---

[1] سەیری (سقوط الغلو العلماني ) د.محمد بکە ل ١٤٠ تا ١٤٣ بەدەست کارییەوە .

لەسـەر (( شـكل )) ، (( د.عبـدالجواد ياسـين )) وەكـو نـاوەڕۆك (( مبـادئ و النظـام ))ی حكومـەتی ئيسـلامی لەدەقەكانـدا دەبينـێ ، بـەلام ئـەو ڕای وايـە عـەقڵی ئيسـلامی ( إلزاميـة ، المضـمون )ی كردووەتـە بەڵگـەی ئـەوەی نەسـەقێكی شـەكلی ديـاریكراويش هەيـە لێـرەوە ((منهاج )) ێك كە لەدەقەكاندا هەيە وە دەقەكان پێويستی كردووە ئەم دەی سەپێنێ بەسەر (نظام )ێك دا كە لەمێژوودا بوونی بووە ، بەپێچەوانەی عەلمانيەتەوە كە نەبوونی نەسەقێكی دياریكراوی كردووەتە بەڵگەی نەبوونی (( ناوەڕۆك )) و(( منهاج ))يش ، بەم پێيەش عەقڵی ئيسـلامی تێكـەڵی درووسـت كـردووە لـەنێوان (( وجـوب المضـمون )) و (( وجـوب الشـكل ))وعەلمانيـەتيش تێكەڵیدرووسـت كـردووە لـەنێوان (( عـدم وجـوب الشـكل و عـدم وجـوب المضمون ))[1]

دیارە ئەوەی (د.الغازی) بە (نظام الحكم) ناوی دەبا و (د.العمارە) (مرجعية) و (المبـادئ)ی پـێدەڵێ و ( عبـد الجـواد ياسـين) بـە ( مضـمون و المنهـاج ) نـاوی دەبـا كـە ئـەتوانين بڵـێين هەرسێكيان لەكرۆكدا يەكن لەگەڵ هەندێ جياوازی كە لەنێوان تێڕوانينـی ئـەم سێنوسـەرەدا هەيە بەتايبەت لەگەڵ ( عبدالجواد ياسين ) كە زۆرێك لە بۆچونەكانی خوێندنەوە و تێڕامان و هەڵسەنگاندنێكی لەسەرخۆی دەوێ و هەندێ لە سەرنجەكانیجێی لەسەر وەستانن .

ئـەوەی لێرەدا گرنگـە ئامـاژەی پـێبكرێ جياوازی كردنـە لـەنێوان چۆنێتی پێسپاردنی سەرۆكايەتی و گرتنە دەستی كاروباری موسڵمانان لەدوای وەفاتی پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) ، وە لەنێوان ئەو بڕيار و حوكمانـەی دەست نيشـانی ئـەو پەيوەنديانـە دەكات كـە دەبـێ هـەبێ لەنێوان ئەو كەسـانەی فـەرمان ڕەوايـی موسـڵمانان دەكـەن جا ئێترناويـان ( إمام _ سلطان _ خە ليفە _ ئـەمير _ سـەرۆك )بێـت يا هـەرناوێكیتر ، ئەو پەيوەندیيە دەبێ لەسـەر بناغـەی كۆمەڵێك بنەمای سەرەكی سستمی سياسی ئيسلامی دياری بكرێ ، ئەم جياوازی كردنـەش بۆتەهۆی ئەوەی ڕێژەيەكی بەرچاوی نووسەران بكەونە هەڵـەوە تەنانـەت ئەوانـەش ئينتيمـای ئيسلامیيان هەيە ، ئەمەش بەوەی دەڵێن قورئانی پيرۆز و سوننەتەكانی پيێغەمبـەری ئازيز دەسـت نيشـانی سسـتمێكی ديـاریكراوی فـەرمان ڕەوايیيـان نـەكردووە و پێغەمبـەريش (بەپێی بۆچونیئەوان ) لەژيانیدا تەنها چەند بەهايەكی بالاّ( المثل العليـا )ی ديـاریكردووە كە پێويسـتە ((حـاكم)) و(( محكـوم )) دەسـتی پێـوەبگرن ، وە لەبەرئـەوەی دەقـەكانی قورئـان

---

[1] عبد الجواد ياسين السلطة في الإسلام ٢٠ ـ ٢١ .

(بەوەهمی ئەوان) سستمێکی فەرمان ڕەوایی بەڕوونی لەخۆ نەگرتووە کە پێویست بێ لە دەوڵەتی ئیسلامیدا پیا دەبکرێ ، سەرەنجامی ئەم قسانەش بریتیەیە لەوەی هیچ سستمێکی فەرمان ڕەوایی ئیسلامی نییە ئەوەی هەیە تەنها بریتیەیە لەچەند بەهایەکیتایبەت سەبارەت بە کەسی ( حاکم ) و کەسی ( محكوم )و هیچ سستمێکی تێروتەواو لەوبارەیەوە بەدی ناکرێ ؟ یا دەوترێ (( قورئان تەنها چەند بنەمایەکی گشتیی سەرەکی هێناوە کە ناکرێ لەهیچ سستمێکی شیاوی فەرمان ڕەواییدا پشت گوێ بخرێ )) وەك ئەوەی ئیسلام خاوەنی تایبەتمەندی خۆی نەبێ لەفەرمان ڕەواییدا ، چونکە ئەگەر بوترێ (( قورئان و سوننەت بەدرێژی بنەما سەرەکییەکانی سستمی ئیسلامی بۆ فەرمان ڕەوایی یاسستمی فەرمان رەوایئیسلامیان باس نەکردووە یا هەردەربڕینێکی تری لەم شێوە ئەوە مانای سستمێکی سەربەخۆی لەخۆ دەگرت و هیچ ئیشکالیەتێکی تێدا نەدەبوو.

ئەم بۆچونە هەڵەیە ( ئەوەی سستمێکی ئیسلامی تایبەتمەند بەدی ناکرێ کە جیاکرێتەوە لە سستمەکانی تر ) لەسەر ئەوە بنیات نراوە کە پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) ڕێگەی دەست نیشان کردنی ئەو کەسەی دیاری نەکردووە کە دوای خۆی دەسەڵات وەرگرێتەدەست و کاروباری موسڵمانان ببات بەڕێوە .

هەڵەیئەم بۆچونە لە چۆنێتی ڕێ و شوێنی بەبەڵگەکردن ( طريقة الإستدلال )و ڕێك نەبوونی بۆچونەکە بە بەڵگەکانەوە سەرچاوە دەگرێ ، یاخود ڕێك نەبوونی ئەو سەرەتا و پێشەکییەی بەوسەرەنجامەی پێیدەگا ، پاشان تێکەڵیکردن لەنێوان سەرۆکی دەوڵەت و سستمی سیاسی لەو دەوڵەتەدا ، لەکاتێکدا دووهەمیان دەست نیشانی پایە و بنکەی سەرۆکی دەوڵەت دەکا و گرنگی بەڕۆڵەکەی دەدا نەك کەسەکە خۆی ، جا ئەوقسەیەی کە دەڵێن پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەوکەسەی دەست نیشان نەکردووە کەپاش خۆی دەسەڵات دەگرێتە دەست و دیاری نەکردووە کە کێکاروباری دەوڵەتی ئیسلامی پاش وەفاتی بەڕێوە دەبا، ناکرێ بکرێتە بەڵگەی ئەوقسەیەی کە دەڵێ ( سستمێکی ئیسلامی مەشخەڵ ڕوون بەدی ناکرێ ) .سەبارەت بەوەی کە پێغەمبەری خوا کەسی دەست نیشان نەکردووە بۆ سەرۆکایەتی موسڵمانان لەپاش خۆی ، ئەوە شتێکی سەلماوە و جێی یەکڕایی و ئیتیفاقی ئەهلیسوننەیە بەڵام دیاری نەکردنی ئەوکەسەی سەرۆکایەتی کاروباری موسڵمانان دەکات لەپاش خۆی ئەوە ناگەیەنێ کە سستمی فەرمان ڕەوایی لەقورئان و سوننەتی پێغەمبەردا بوونی نییە . چونکە کرۆك و حەقیقەت و بناغەکانی

سستمی فەرمان ڕەوایی زۆر بەڕونی لە قورئان وفەرموودەکانی پێغەمبەری خوادا ( ﷺ ) ئامـاژەی پـێکراوە ، دیـاری نـەکردنی جێنشـین لەلایـەن پێغەمبـەری خـواوە (ﷺ) بۆپـاش وەفـاتی ، لـەژێر ڕۆشـنایی حوکمـەکانی پێویسـتیبونی ئـەمارەت دا کـە بـەقورئانی پـیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەر سەلماوە دەبێتە بنەمایەك لە بنەما شەرعییەکانی سستمیفەرمان ڕەوایی ئیسلامی کە ئەویش بریتییە لەمافی ئوممەت لە هەڵبژاردنی فەرمان ڕەوا.

لێرەوە دیارینەکردنەکە ئەوەدەبەخشێ کە ئەم کارە بۆخەڵکی ( أُمة ) بەجێهێڵراوە مـافی ئوممەتـە . ئـەم بـەجێ هێشـتنە ( الـترك )ەش وەك بەڵگەیـەکی شـەرعی لـەنێو بەڵگە بێدەنگ لێکراوەکان ( الأدلةالسکوتیة )دا پشتی پێدەبەسترێ بۆ هەڵێنجان ( إستنتباط )ی حوکم لە ئاوەها بابەتێکدا ، لەپاش ئەمەش ئەبێتە یەکێك لەسەرەکیترین بنەماکانی سستمی ئیسلامی کە ئەویش (( بنەمای دەسەلات بۆ ئوممەتە )) ، واتە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەوڵـەتی ئیسلامی مافێکە لە مافەکانی ئوممەت چونکە سوننەتی ( صحیح )ی پێغەمبەریخوا وەك دووەم بەڵگەی هەڵێنجانی حوکمی شەرعی لەو کردار و گوفتارتەقریرانەدا خۆی دەنوێنێ کە حوکمێکی شەرعی بۆخەڵکی ڕوون دەکەنەوە .

جا وازهێنانی پێغەمبەر ئەگەر ڕوونکردنەوەی کارێك بێ یا جێبەجێکردنی حوکمێك بێ ئـەوا ئەوکارانـە دەبێتـە فـەرز چـونکە لەپێشـدا فـەرمانی پـێکراوە ، ئەمـەی دوایـش ((بێدەنگییەکە )) ڕوونکردنەوەیەتی . جا کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی نەکردبێ بە وازلێ هێنانی ئەوەی تەرکیکردووە ( ناوهێنانی ئەوکەسەی دوای خۆی کار و بار دەگرێتە دەست ) کاتێکیش نەیکردووە بەواجب کە پاش خۆی وازبهێنرێت لە دەست نیشان کردنی کە سێك بۆ پاش خۆی و واجبیشی نەکردووە واز لە ئەمیرایەتی بهێنرێ ، ئەوا پێویستە سەرنج بدەین لەوەی بۆچی پێغەمبەری خوا کەسی دیاری نەکردووە تا فەرمان ڕەوایی کاروباری موسڵمانان بکا لەپاش خۆی ، لەگەڵ بونی ئەو فەرموودە سەحیحانەی کە باسی ئەوە دەکا موسڵمانان خەلیفە و کاربەدەستان حوکمیان دەکەن وچەندەها فەرموودەی تایبەتیتر کە باس لە واجبی ئەمارەت دەکەن ، هەریەکە لەمانە تەواوکەر و ڕاڤەگەری یەکترین و لێك جیانین .

ئەم وازلێهینانەی پێغەمبەری خوا کاتێك کە ناوی کەسی نەبردووە ئەوە نابەخشێ کە پێغەمبەری خوا حەزی نەکردبێ یەکێك کاروبار و سەرۆکایەتی موسڵمانان بکا و بەمەش

ئەوەی لـەکۆڵی موسـڵمانان خسـتبێ کـە کـەس بـۆ سـەرۆکایەتی و ئەمیرایـەتی موسـڵمانان دەست نیشان نەکــەن بەڵکو بەم کارە دڵنیایان دەکــا کە هەڵــبژاردنی خەلیفە و سەرکردە مافێکە بۆ خودی ئوممەت بەجێهێڵراوە .[١]

هەرچەندە هەندێ لەهاوەڵان ( بەپێی هەندێ ئاماژەی مێژوویی ) بەدڵ پێیان خۆش بوو پێغەمبـەری خوا ئـەو مەسـەلەیە ببڕێتـەوە و کەسێکیان بۆدیاری بکات ، بـەڵام باشیش لـەوە گەیشـتبوون کەئەمــە مــافێکی ئوممەتــە و ئــەرکی موســڵمانانە دەســت نیشــانی کــەن ... جۆراوجـۆری هەڵبـژاردنی خەلیفـەکانیش لەلایـەن موسـڵمانانەوە خـاڵێکی بـەهێزی تـری ئـەم ڕوانگەیەیە ، هەڵبـژاردنی ئەبوبـەکر بەڕەزامەنـدی موسڵمانان کۆتاییهات و عومـەریش دوای دەست نیشان کردنی لەلایەن ئەبوبەکرەوە موسڵمانان بەیعەتیان پـێدا و عومـەر بۆدوایخۆی شـەش کەسیدەسـت نیشـان کـرد لەئەنجامـدا عوسمـان هەڵبـژێردرا لـەپاش ڕاپرسـییەکی بێوێنەی سەردەمی خۆیدا ، پاش شەهیدکردنی عوسمانیش ئیمامیعەلی ڕازینـەبوو بکرێتـە خەلیفە دوای ڕاوێژ و پرس کـردن نـەبێ بەموسڵمانان ، پێشی ڕاگەیانـدن کە بەیعـەت پێدانم بەنهێنی نابێ و لەناو مزگەوتدا ئـەنجام دەدرێ[٢] ئـەوجیاوازی و ناکۆکییانـەی لـەم بـوارەدا ڕوویانداوە لەو بنەمایە کەم ناکاتـەوە و هەڵیناوەشێنێتەوە ، دواخەلیفـەی ڕاشـدین کـە عـەلی کوڕی ئەبوتالیبە دەڵێ ( إن هذا أمركم ليس لأحد فيه حق إلا أن أمرتم ..)[٣] .

دیـارە ئەمــە ڕای ئـەهلی سـوننە و زۆرینــەی دەسـتە وگـرۆ ئیسـلامییەکانە ، کـە ئیمـام لەلایەن زۆرینـەی ئوممەتـەوە هەڵدەبژێردرێت ، دیـارە شیعە لەگـەڵ ئـەم بۆچونەدانین ( لانـی کەم لەڕووی مێژوویی‌یەوە ) .

کورتەی قسان ئەوەیە کە دیاری نەکردنیخەلیفە لەلایەن پێغەمبەری خواوە بۆ دوایخۆی مانـای نـەبوون و دەسـت نیشـان نـەکردنی حوکمـەکانی فـەرمان ڕەوایـەتی نییـە ، بـەڵکو سـەلمێنەری بنەمایـەکی گرنگـی سسـتمی فـەرمان ڕەوایەتییـە کـە بریتییـە لـەوەی مـافی هەڵبژاردنی سەرۆکی دەوڵەت بۆ موسڵمانان بەجێهێڵراوە و موسڵمانان بـەپێی بەرژەوەنـدی خۆیـان هەڵیدەبژێرن لەگـەڵ ڕەچاوکردنی بنـەما سـەرەکییەکانی دامەزرانـدنی ئـەو دەوڵەتـە بەپێی سستمی ئیسلامی . ئەوهەڵەیەش کە هەندێکی تێکەوتووە لەوەی کە دیارینـەکردنی کـەس بـۆ پـاش پێغەمبـەری خـوا پەیوەسـت دەکـەن بـە نـەبوونی سسـتمیفەرمان ڕەوایـی

---

[١] الدولة و النظم السياسية بە دەست کارییەوە .

[٢] ئەتوانرێ سەیری سەرچاوە مێژووییەکان بکرێ بۆئەم مەبەستە .

[٣] الثوابت و المتغيرات د. صلاح الصاوی ل ١٩٢ .

ئیسلامی ، لەوەوە هاتووە کە ئەوانە جیاوازی‌یان نەکردووە لەنێوان سستمی فەرمان ڕەوایی و چۆنێتی گرتنە دەستی فەرمان ڕەوایەتی ، یاخود چۆنێتی هاتنی فەرمان ڕەوا بۆ سەرۆکایەتی و تەختی فەرمان ڕەوایەتی دەوڵەت .

چونکە ڕیگەی گرتنەدەستی بەرپرسیارێتی سەرۆکایەتی دەوڵەت و دەسەلاّت تەنانەت لەسێبەری‌یەك فەرمان ڕەوایەتی‌دا جیاواز و فرەیە ، هەربۆنمونە سستمی دیموکراسی ڕۆژئاوایی وەك سستمێك بۆ فەرمان ڕەوایی هەریەکە لە ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ... جگە لەمانەش پیادە دەکریێ لە کرۆکدا یەك سستمن . لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە و ئالیەتی گرتنەدەستی سەرۆکایەتی لەئەمەریکادا جیاوازە لەوەی لە ئینگلتەرادا پیادەدەکریێ ، سەرۆکی دەوڵەت لە یەکەمیاندا پیێ‌دەوتریێ سەرۆکی‌جمهوری بەلاّم لەدووەم دا (پادشا- ملك )ە هەروەك ڕێگەی پیادەکراوی گەیشتن بە سەرۆکایەتی دەوڵەت لە ئەمەریکادا جیاوازە لەهەریەکە لە فەرەنسا و ئەڵمانیا ، لەگەڵ ئەوەی هەریەکە لەم دەوڵەتانە یەك شێواز فەرمان ڕەوایەتی‌یان هەیە کە شێوازی ( جمهوری )یە و لەهەرسێ ولاّتیشدا سەرۆکی‌دەوڵەت بە( رئیس الجمهوریة ) ناو دەبریێ لەگەڵ ئەوەی هەریەکەیان بەشێواز و ڕێگەیەك دەگەنە ئەم پلە و پایەیە [1] .

هەڵەیەکی تریش کە هیچی لەوەی پێشو کەمترنی‌یە و هەمان ئەو جۆرە کەسانەی تیێکەوتووە ، ئەویش جیاوازی نەکردنە لەنێوان (( القواعد الكلّية ــــ بنەماگشتی‌یەکان )) و (( القواعد التفصيلية ))یە یاخود لەنێوان بنەما سەرەکی‌یەکان (( القواعد الأساسية ))و بنەمالاوەکی‌یەکان (( القواعد الثانوية )) بەوبیانووەی ( تفصيل )ی سستمی فەرمان ڕەوایی لەقورئاندا بەدی ناکریێ و پێغەمبەری خواش سستمێکی دیاری کراوی دیاری نەکردووە ، هەربۆیە تەنها چەند بەها( مثل )ێك هەیە کە حاکم و مەحکوم پێوەی پابەندبن لەودەوڵەتەی کە بەئیسلامی وەسف دەکریێ و هیچی‌تر .

لەڕاستی‌دا ئەوەی کە قورئان بەدرێژی ناچێتە نێو باسی‌تایبەتمەندی دەسەلاّتەکان و ژمارەی ئەو دەزگایانەی ئەم کارانە لەئەستۆ دەگرن و پەیوەندی هەریەکەیان بەوی‌تریان و چۆنێتی ڕاپەڕاندنیان و پەیوەندی سەرۆکی‌دەوڵەت بەهەریەکە لەو دەزگایانەوە ، بەهیچ شێوەیەك نەریێ و نەفی ئەو بنەمایانە ناکا کە بەهۆیانەوە سستمی فەرمان ڕەوایی دیاری دەکریێن و بەهۆی ئەوانەشەوە مۆرکی ئیسلامی وەردەگرن و لەسەر ئەوبناغەیەش دادەمەزریێ

---

[1] الدولة و النظم السياسية ل ٢٧٥ .

چونکە بنەما گشتیەکانی ( القواعد الكلّية )ی بواری فەرمان ڕەوایی کە قورئان هێناونی سروشتی سستمی فەرمان ڕەوایی دەست نیشان دەکەن .

ئەوانەی باس نەکردنی دوورودرێژ ( تفصيل )ی سستمی فەرمان ڕەوایی لەقورئاندا دەکەنە بەڵگەی نەبوونی سستمی ئیسلامی دیاریکراو بۆفەرمان ڕەوایەتی ڕاستیەکی سەلماو و جێگیر ( حقيقة ثابتة )یان لەبیرکردووە لەبواری توێژینەوەی سستمەکانی فەرمان ڕەوایەتیدا . کە ئەویش بریتیەلەوەی کە سستمەکانی فەرمان ڕەوایی مەرج نیەیە لە ڕوانگەی بنەما و حوکمە ( تفصيلي )یەکانەوە بناسرێن ، بەڵکو بە بنەما و پایەسەرەکیەکانیەوە دەناسرێن و جیا دەکرێنەوە ، کە دەست نیشانی پەیوندی نێوان (حاكم و محكوم ) دەکەن ، چونکە ئەمەیە کرۆك و بابەتی هەموو سستمێك .

بۆئەوەی سروشتیسستمی فەرمان ڕەوایی هەردەوڵەتێك بناسین، مەرج نیەیە بەهەموو ماددەکانی دەستور و گشت یاساکانی دەزگاکانی دەوڵەت ئاشنابین ، کە دەوڵەتی لەسەردەڕوات بەڕێوە و هەریەکەش چۆن بەپێی ئەو یاسایانە پیادە دەبێ ، بەڵکو ئەو زانین وئاشنایەتیەی سەبارەت بە سستمیفەرمان ڕەوایەتیهەیە لەڕێگەی زانین و ئاشنابوون بە بنەما سەرەکیەکان یاخود ئەوفیکرە سەرەکیەوە بەدیدێت کە سستمەکەی لەسەر بنیات نراوە.

جابۆئەوەی سستمی دیموکراسی لە سستمی دیکتاتۆری جیابکەینەوە ئەوەندە بەسە بزانین یەکەم : لەسەر ئازادی تاك دامەزراوە ، ئەوەش بەهۆی مل کەچی تاك بۆ ئەو یاسایانەی کە خۆیان یان نوێنەرەکانیان دایان ڕشتووە ( واتە بنەمای سەروەری گەل )و مافی هەڵبژاردنی ئەو دەسەڵاتەی ئەو یاسایانە پیادە دەکا( واتە بنەمای گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە کانە ) ئەکرێ ئەم ئاشنایەتیە بەگەڕانەوە بۆ فەقەرەیەك یا دووفەقەرەی دەستوور بەدیبێت کە لەسەر ئەم بیرو ( فیکرەیە ) دامەزرابێ . وە دووەمیش : دامەزراوە لەسەر چەپاندنی ئازادیەکانی هاونیشتمانی و هاوڵاتیان لە بیرکردنەوە و بێبەش کردنی لە بەشداریکردنی فەرمان ڕەوایی و دیکتاتۆر هەمووشتێکی بۆخۆیی و دەستە و پێوەندەکەی قۆرخ کردووە ، ئەکرێ ئەمەش لەچەند ماددە ( مرسوم )ێك یا یاسایەکدا بەدەر بکەوێ کە فەرمان ڕەوا دەری دەکا .

جائەگەر ئەم ڕاستیەمان سەبارەت بە هەریەکە لەو دوو سستمە زانی دەتوانین بڵێین یەکەم سستمێکی دیموکراسیە و دووەم دیکتاتۆری ، ئیتر پێویست بەوەناکا

پێداچوونەوەی سەرجەم یاسا و ئیجرائات و بڕیارە دەرچووەکانی هەریەك لەو سستمانە بکەین ، چونکە ئەوە باس کردنە لە درێژە ( تفاصیل )ی هەریەکە لەو سستمانە و ئەوەش کاتێك دەکرێ ئەگەر بویستری توێژینەوە لەسەر دەست هات و بەرەنجامەکانی ئەو سستمە بکرێ و ئەو پایە و بنەما سەرەکی‌یانەی لەسەری بنیات دەنرێ ، هەربۆیە سستمی ئیسلامی لە فەرمان ڕەوایی‌دا ئەو بنەما گشتی‌یانە دیاری دەکەن کە لەقورئان و سوننەی ( صحیح )دا هاتوون جا ئیتر لەو ئایەتانەوەبێ کە لە ( دلالة ) یاندا ( قطعي )ن یاخود لە مەدلولی ئایەت و سوننەوە وەرگیراون [1] .

ئەم بنەما گشتی‌یانەش نهێنی شیاوێتی ئیسلامە بۆگشت کات و شوێن و کۆمەڵگە بەتەواوی سەردەم و عورفە جیاوازەکانیەوە ، چونکە بنەما گشتی‌یەکان لەئیسلامدا بەشێوەیەکن لەگەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی‌یە جیاوازەکاندا بگونجێ ، تێگەیشتن بەدەرلەمە بۆ ئەوبنەمایانە سەرئەکێشێ بۆ دەرچوون لەئاین و ئینکاری پیادەکردنی ( حدود )ە چەسپاوەکان کە بە بەڵگەی ( قطعي ) سەلماون ...هەروەك هەندێ بۆیچوون و قسەیان لەسەر کردووە . لەبەرگرنگی ئەم بنەماگشتی‌یانە واباشە ئەگەر بەکورتیش بووە باسێکی خێرا ( بە بەراورد لەگەڵ فراوانی ئەو بنەمایانە ) بکەین بۆئەوەی زیندوێتی سستمی فەرمان ڕەوایی لە ئیسلام دا بەدەربخەین و وەلامێکیش بێ بۆئەوانەی کە زۆر بەسادەیی و ( لەژێر کاریگەری زۆرێك لەبیری هەندێ کۆنەمارکسی و بەناو نوێخوازدا ) دەیانەوێ ئەم بوارە سەرەکی‌یەی ئیسلام بخەنە ژێر پرسیار و وەك شتێکی نامۆ بەئیسلام بۆی بڕوانن و تەنها بە بەشتێکی مێژوو کردی دابنێن ... هەوڵیش دەدەین لەڕوانگەی دەقە ئیسلامی‌یەکانەوە ئەم ڕاستی‌یە بخەینە ڕوو .

---

[1] الدولة و النظم السياسية ل ٢٧٥ ـــ ٢٧٨ .

## ( ئیسلام و بنەماکانی فەرمانڕەوایی )

کاتێك دەمانـەوێ باس لـە سسـتمەکانی فـەرمان ڕەوایـی بکـەین لـەبواری بابەتـەکانی مـەزاهبی سیاسـیدا ئالەوکاتـەدا بـاس کـردن و توێژینـەوە و خسـتنەڕووی سسـتمی فـەرمان ڕەوایی ئیسلامی لەخۆگری چەندان ئیشکالیەتە لەوانە قورسی نزیك خستنەوەی بنـەماکانی فەرمان ڕەوایی بۆ هۆش و زیهنمـان ، لەبـەر ئەوناوەنـدە دور و فرەیـەی لـەنێوان واقعی ولاتـە ئیسلامیەکان و سیستمی فەرمان ڕەوایی ئیسلامیداهەیە .

بەتایبەت لەکاتێکدا دەبینین لەچەندان ماوە و سەردەمی مێژووی موسڵماناندا هەندێ لە فەرمان ڕەوایان بەئاشکرایی و بەشێوەیەکی هەڵە و خراپ پیادەی سستمی فـەرمان ڕەوایـی ئیسلامیان کردووە ، ئەمەش بووەتە هۆی شێواندنی بنەماکانی فەرمان ڕەوایی ئیسلامی و تەسـەوەر نـەکردنیان وەکـو خـۆی مەگـەر لـەڕێی پێـوەر و زاراوەکـانی سسـتمەدانراوە هاوچەرخەکانەوە نەبێ ، کە ئەمەش بۆخۆی زیاتر بابەتەکە دەشێوێنێ و ئاڵۆزتری دەکا .

زۆرهەڵەیـە ئەوکەسـەی دەیـەوێ پیـادەی زاراوەکـانی (ثیـوکراتی) و(دەوڵـەتی دینـی)و (بـیردۆزەی هەڵبـژاردنی خـوایی ) و ( دەسـەڵاتی زەمـەنی و دینـی ) تەنانـەت دیموکراسـیش بەسەرسسـتمی سیاسـی ئیسـلامیدابکا .چـونکە سسـتمی سیاسـی ئیسـلامی لـە فـەرمان ڕەواییدا سستمێکی جیاکار ( متمیز )ەو ناکرێ لێی بتوێژینـەوە یـان تێیبگـەین مەگـەر لەسنوری ئـەو چـەمك و فیکرەیـەدا نـەبێ کـە لەسـەری بنیـات دەنـرێ و دادەمـەزرێ ، ئەمـە لەلایـەك ، لەلایـەکی تـرەوە ئـەو زاراوانـەی باسـکرا زیـاتر پەیوەسـتە بـە بـارودۆخ و مێـژووی ئـەوروپاوە ، هەربۆیـە توێـژەری ڕۆژئـاوایی کاتێـك ئـەم زاراوانـە و چـەندان زاراوەیـتری پەیوەسـت بەمانـە شـی دەکاتـەوە ، ئـەوا هەڵسـانی بـەم کـارە لەسـنوری ڕووداوەکـانی ئـەو مێژووەدا یەکە ڕۆژئاوا بەرهەمی هێناوە لەڕابردوو و ئێستایدا و ناکرێ لێی تێبگەین مەگەر لەچوارچێوە و ڕوانگەی ئەزمونە مێژوویییەکانی ڕۆژاواوە نەبێ .

هەربۆیـە وەرگرتنـی ئـەم زاراوە سیاسـیانە ، بەوشـێوەیەی لـەڕۆژاوادا بـەکارهاتووە و بـەکارهێنانی بـۆ خسـتنەڕووی بنـەماکانی فەرمانڕەوایـەتی ئیسـلامی ، سەرئەکێشـێ بۆتـەم ومژاوی بوون و تێکەڵ و پێکەڵی و ( شێوان ) ، چونکە سیستمی فەرمان ڕەوایەتی ئیسـلامی لەسـەر عەقیـدە و بیروباوەڕێك بنیات دەنرێـت کـە دژ و پێچـەوانەی ئـەو بنەمایانەیە کـە ئـەم زاراوانەی لەسەربنیات نراوە .

هەربۆیە ئەودەوڵەتانەی کە دەیانەوێ سستەمیفەرمان ڕەوایی ئیسلامی پیادە کەن ، پێویستە لەسەر بناغەکەی عەقیدەی ئیسلامی بێ ، لەبەرئەوەی دەوڵەت ــ هەر دەوڵەتێك ــ بەدیناییەت مەگەر بەبوونی حکومەت یا دەوڵەت یادامەزراوە ( هیئة ) یەکی فەرمان ڕەوا نەبێ کە بریتییە لەوپێکهاتە جێبەجێکاری ( تنفیذ )یەی بۆ ئەو کۆمەڵە فیکرە و بنەما و قەناعەتانە بەدی دێ کە کۆمەڵێك خەڵکی پەسەندی دەکەن . واتە ئەودەسەڵاتەیە کەسەرپەرشتی بەرژەوەندییەکان و بەدواداچوونی ڕەوت و هەنگاوەکانی دەکا ، لەسەریپێویستە فیکرەی بنەما و بناغەی دەسەلات بەهەند بگرێ لەکاتێکدا دەیەوێ باس و خواس لە سستەمی فەرمان ڕەوایی ئیسلامیبکا ، چونکە بەهیچ شێوەیەك ناکرێ جیاکاری و جیاوازی لەنێوانیاندا بکا [1] .

جائەگەر وابێ ،ئەبێ سستەم ( نظام )ی فەرمان ڕەوایی لەئیسلام دا چۆن بێ و سروشت و بنەما و حوکمەکانی لەچیدا خۆ دەنوێنن ؟ لێرەدا گرنگە ئەوە وەبیر خۆمان بهێنینەوە کە ئایامەبەست چییە لەسستەمی فەرمان ڕەوایی ، هەر سستەمێکی فەرمان ڕەواییبێ ، چونکە دەست نیشان کردنی ئەوە زیاتر بەرچاو ڕۆشنمان دەکا ، لەبەرئەوەی هەندێ جار سستەمی فەرمان ڕەوایی ( نظام الحکم )و شێوازی فەرمان ڕەوایی و کەسانی فەرمان ڕەوا ( شکل الحکم و من یولي الحکم ) تێکەڵ بەیەك دەکرێن ، سستەمی فەرمان ڕەوایی ( بریتییە لە کۆمەڵێك بنەمای سەرەکی کە چۆنێتی فەرمان ڕەوایەتی و شوێن و پایەی هەریەکە لە دەزگاکانی فەرمان ڕەوا و فەرمان بەسەرداکراو بەرامبەر یەکتری و واجب و پێویستی هەریەکەیان لەئاست ئەوی تردا دەست نیشانی دەکا واتە ئەو بنەمایانەی پەیوەندییەکانی نێوان ( حاکم ) و ( محکوم ) بەپێی فیکرەیەکی سەرەکی دیاری دەکا [2] .

دیارە پیادەکردنی ئەو بنەمایانەش کە دەست نیشانی ئەو پەیوەندییە دەکەن بەپێی هەرکۆمەڵگە و بیر و باوەڕ و داب و نەریتێ لەهەرئاستێك دابێ سستەمی فەرمان ڕەوایی لەوکۆمەڵگایەدا دەست نیشان دەکەن ، ئەمە بۆ گۆمەڵگەیەکی ئیسلامی و نائیسلامی هەر ڕاستە .

---

[1] الدولة والنظم السیاسیة د.إبراهیم الغازي (٢٦٢ ـــ ٢٦٤) .

[2] سەرچاوەیپێشوو لا ٢٦٤ .

بەسەرنج دانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ئەوە بەدەر دەکەوێ کە ئیسلام خاوەنی یاسا و سستمێکی فەرمان ڕەوایی تایبەت بەخۆیەتی و هێڵەسەرەکی‌یەکانی ئەوسستمەش دەست نیشان کراوە . . . .ئەوەش لێرە و لەوێ بانگەشەی بۆدەکرێ کە گوایە ئیسلام هیچ سستمێکی فەرمان ڕەوایی تێدانی‌یە یاخود هیچ سستمێکی دیاری‌کراوی فەرمان ڕەوایی دیاری نەکردووە کە بۆسەردەم و کاتە جیاجیاکان بشێ ، یاخود تەنهاچەند بنەمایەکی گشتی و چەند بەهایەکی ڕەوشتی بۆ زیاد دەکا و هیچی‌تر . . . پاشتریش بەناو ڕۆشنبیرانی لای‌خۆشمان بەچاولێکەری لەوان هەمان قسە دەڵێنەوە ، ئەوانەیان هەر پرۆژەی ئیسلامی‌یان پێ‌پەسەند نی‌یە و ئیسلام لەچاویلکەی عەلمانی‌یەتەوە دەبینن ئەوا گوتەزای یەکەم دەکەن ، گوایە پێغەمبەری خوا تا ئەوکاتەی وەفاتی کرد هیچ کەسێکی بۆجێی خۆی دیاری نەکردووە و بگرە چاودەنوقێنن لە ئاست ژیاننامە و پیادەکردنی واقعیانەی پێغەمبەری خوا و بانگەشەی ئەوەش دەکەن کە پێغەمبەری خوا تەنها خاوەنی پەیامێك بووە کە هەڵگری هیچ سیمایەکی دەسەڵات داری نەبووە و لێرەوە قسەکانی ( عەلی عبدالرزاق ) دووبارەدەکەنەوە و دوای نزیکەی هەشتاساڵ لەچاپ کردنی کتێبەکەی تازەبەتازە عەلمانی‌یەتی‌کوردی وەری‌دەگێڕن و بەسەقەت و سقوتی دەیخەنە ڕوو وەك ئەوەی هەنگیان لەکونەدار دیبێتەوە (*) ، ئەوانەی بەشارەزایی بۆئەم مەبەستە دەچن و دەڵێن سستمێکی ئیسلامی وەهانی‌یە کە بکرێ لەهەموو سەردەم و ساتێك دا پیادە بکرێ ، ئەمانە لەواقعی کوردیدا خۆیان لەوانەدا دەبینن کە تووش دووفاقەیی و شیزۆفرینیایی فیکری بوون لەلایەکەوە ئیسلامیان وەکو کۆمەڵێك بەهاپەسەندە لەلایەکی‌ترەوە لەژێر کاریگەری فیکرەی بەعەلمانی کردنی ئیسلام دان و کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەوفیکرە تەئویلی‌یە بەربڵاوەی کە حیساب بۆجێگیر و چەسپاوەکانی ئیسلام ناکا . . . دیارە لەمەش دا کەوتونەتە ژێرکاریگەری هەندێ لەوکەسانەی بانگەشەی کارکردن بۆ پرۆژەیەکی نوێی خوێندنەوە دەکەن هاووێنەی ئەرگۆن و ئەبوزەید و شەحرور و ...هتد ، دەستەیەکی‌تر هەن بیر و بۆچونیان وایە کە تەنها هەندێ‌بەها و ( مُثُل ) هەیە کە فەرمان ڕەواپابەند دەکا و چەند ئاراستەیەکی ڕەوشتی‌هەیە بۆ بواری فەرمان ڕەوایی و هیچی تر ، نەك بنەمای ڕوون و

---

(*) لەکاتی‌نوسینی‌ئەم بابەتەداتازەوەرگێڕانەپڕهەڵەکەی(ژیار)تاوێك کەوتبووەبازاڕەوە ، بەلام پاشتروەرگێڕانی دووەمی ئەم کتێبەکەوتەبازاڕەوە .

ئاشكرا ، ئەمانەش ئەو ئیسلامی‌یانەن كە بەڕای ئێمە بەهەڵەداچوون و تێكەڵی‌یان لەنێوان دووچەمك دا [(١)] كردووە و لێكیان جیانەكردونەتەوە ئەمەش وای لێ كردوون ئەم بیر و تێڕوانینەیان هەبێ .

دیارە ئەم دووئاراستەی دوایی پشت بەوە دەبەستن كە پێغەمبەری خوا لەدوای خۆی كەسی دەست نیشان نەكردووە ... سەرجەم ئەمانەش ( تەنانەت ئەوانەی سێ‌هەمیش بەخۆیان بزانن یان نا ) ئەیانەوێ نەرێی سستمێكی ئیسلامی بكەن بۆ فەرمان ڕەوایی ، لەدووڕووەوە ، یەكێكیان نەبوونی هیچ بنەمایەكە بۆ فەرمان ڕەوایی ، لەبەرئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگەیەكی دیاری‌كراوی دەست نیشان نەكردووە تاوەكو لەوڕێگەیەوە كەسێك هەڵبژێردرێت بۆ سەرۆكایەتی موسڵمانان ، لەلایەكی‌ترەوە خودی پێغەمبەری خوا بۆدوای‌خۆی كەسی دیاری نەكرد تا كاروباری موسڵمانان بباتەڕێوە .

دیارە لێرەدا هەڵەیەكی گەورە بەدی دەكرێ لەوەی كە دەست نیشان نەكردنی كەسێك بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری موسڵمانان لەلایەن پێغەمبەری خواوە بۆدوای‌خۆی پەیوەست بكرێ بەوەی كە سستمێكی ئیسلامی دیاری‌كراوی فەرمان ڕەوایی یا بنەماسەرەكی‌یەكانی ئیسلام دا بونی نەبێ ، بۆ سادەكردنەوە و ڕوون كردنەوەی ئەم بابەتە و دانانی لەشوێن وپایەی خۆیدا دەكرێ خۆمان لەبەرامبەر سێ‌پرسیاری ڕوون و ئاشكرادا ببینینەوە كە ( د.إبراهیم الغازي ) دەیخاتەڕوو بۆڕوون كردنەوەی ئەم بابەتە )[(١)] ،

**پرسیاری یەكەم** : ئایا پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) كەسێكی دەست نیشان كردووە یا ناوبردووە تاوەكو كاروباری موسڵمانان لەدوای خۆی هەڵسوڕێنێ ؟

**پرسیاری دووەم** : ئایاپێغەمبەری خوا ( ﷺ ) ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەوكەسەی دیاری كردووە كە دوای‌خۆی كاروباری موسڵمانان دەگرێتە دەست و دەیبات بەڕێوە ؟

**پرسیاری سێیەم** : ئایا هیچ بنەمایەكی سەرەكی دەبینرێ بۆسستمی فەرمان ڕەوایەتی كە لەچەند حوكمێكی گشتی ( كلي ) حوكمی ئیسلامی‌دا خۆی بنوێنی و چەندان ئەحكامی جوزئی و فەرعی لەژمارە نەهاتووی لەژێردا جێ‌ببێتەوە ؟ [(٢)]

---

(١) چەمكی(نظام الحكم )و(شكل الحكم ) .

(١) سەیری‌سەرچاوەی‌پێشوو بكە .

(٢) سەرچاوەی‌پێشوو ل ٢٦٧ .

هەریەکە لەم پرسیارانەش وەڵامی تایبەت بەخۆیهەیە و دەکرێ لەڕێگەی خۆیەوە وەڵام بدرێتەوە ، سەبارەت بەوەڵامی پرسیاری یەکەم ئەوا پێویستە تەئکید بکەینەوە لەڕووداوە مێژوویی‌یەکان و هەڵبژاردنی ڕای بەهێز وتەواو و پەسەند . ئەوەی کە سەلماوە لەمێژوودا ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) مەسەلەی فەرمان ڕەوایی لەدوای خۆی نەبڕیوەتەوە ، هەرلەم بارەیەوە لە خەلیفەی‌یەکەم دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی ( وددت لوأني كنت سألت رسول الله عن هذا الأمر فلاينازعه أحد ) هەروەها سەرچاوەکان قسەیەکی هاوشێوەی ئەمە لە عەبباسی کوڕی عەبدلموتەلیب ( مامەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)) دەگێڕنەوە کە بە عەلی کوڕی ئەبوتالیبی فەرمووە : ( انطلق بنا إلى رسول الله فإن كان هذا الامر فينا عرفناه ، وإن كان في غيرنا كلمناه ، فأوصى بنا الناس ) دیارە عەلی ئەم پێشنیارەی ( عباس ) پەسەند ناکا،(طبري )ش لەعومەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە لەوەڵامی ئەوکەسەی پرسیاری لێ‌کردووە سەبارەت بەوەی دوای خۆی کاروباری موسڵمانان بەکێ دەسپێردرێ دەڵێ ، ( إن استخلف فقد استخلف من هو خير مني ( أبوبكر ) وأن أتركهم فقد ترك من هو خير مني ( النبي(ﷺ) ) ، لێرەدا ( طبري ) ( تعليق )ێك دەدا و دەڵێ ( فعرف الناس أن النبي ( ﷺ ) لم يستخلف أحداً ) ئەمەش ڕاستی و بنەمایەکە زۆرینەی دەستە و گرۆهەئیسلامی‌یەکان لەسەری کۆکن ، جگە لە شیعە کە باوەڕیان وایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی عەلی کوڕی ئەبوتالیبی بردووە بۆ خەلیفایەتی [1] .

سەبارەت بەو دەقانەی کە شیعە و هەندێ تریش جگە لەوان دەیهێننەوە بۆئەم مەبەستە من بەپێی هەندێ خوێندنەوەم وادەزانم لەم چەندحاڵەتە بەدەرنی‌یە ، ئەوەی سەبارەت بە ئایەتەکانی قورئان بێ تەنها ئایەتێك نی‌یە ناوی هیچ کەسێکی بردبێ و دەست نیشانی‌کردبێ بۆ جێنشینیایەتی ، دەمێنێتەوە ئەو فەرمودانەی لەوبارەوە هاتوون ئەوانیش زۆرێکیان ( صحيح ) نین ، لاواز یا هەڵبەستراون ، هەندێکیان ( صحيح )ن بەڵام سەبارەت بە فەزڵ و ڕێزی ئەو هاوەڵەیە ، نەك دانانی بە فەرمان ڕەوا ، هەربۆیە دەبینین سەبارەت بە زۆرێك لەهاوەڵان ئەم جۆرە فەرمودانە هەیە ، یاخود بۆئەوەبووە لەناو هاوەڵاندا ڕێزیان بزانرێ یا گرفتێکی کاتی پێ‌چارەسەرکراوە . . . . هەندێك لەو فەرمودانەی کە لە ڕاڤەی

---

[1] محاضرات في تأريخ الأفكار والنظم السياسية إعداد/ بسام عبدالحميد ١٩٩٨ ــ ١٩٩٩ ل ٥٥ . هەروەها سەیری الدورالسياسي للصفوة في صدر الإسلام ، السيدعمر بكە یەکەم (مبحث)ی .

ئایەتەکاندا باس دەکرێ هەمان حوکمی هەیە و قوڵبونەوەی جیاوازی‌یە سیاسی‌یەکان و پاشتر سەرکێشانی بۆ جیاوازی عەقیدی و فیکری ڕۆڵی بینیوە لەم لێکدانەوانەدا زۆرجاریش هەڵبەستنی فەرمودەیە بەدەم پێغەمبەری خواوە .

لێرەدا بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم دەتوانرێت بووترێت پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) بۆپاش خۆی ناوی هیچ کەسێکی نەبردووە و دەست نیشانی هیچ کەسێکیشی نەکردووە ، هەربۆیە دەبینین لەدوای وەفاتی جیاوازی ڕووئەدات سەبارەت بەو کەسەی ئەوکارە لەئەستۆ ئەگرێ ، بەڵام بەهیچ شێوەیەك جیاوازی‌یەکە سەبارەت بە زەرورەتی فەرمان ڕەوایی و بەردەوام بوونی نەبووە پاش پێغەمبەری خوا ، چونکە هەموویان لەسەر ئەو ڕاستی‌یە یەك دەنگ بوون [٢]

فەرمان ڕەوایی بەقورئان و سوننەت ، ڕاستی‌یەکی حاشاهەڵنەگربووە و ووتاری سەرەتای بەخەلیفەبوونی هەریەکە لە خەلیفەکان ئەم ڕاستی‌یە وەك ڕۆژی ڕوناك پێش چاو دەخا ، ئەمە وەك فەرمان ڕەوایەتی ، بەڵام ڕاستی‌یەکی‌تر هەیە ئەویش بریتی‌یە لەوەی پێغەمبەری خوا وەفاتی کردووە بێ‌ئەوەی ئەوە یەکلابکاتەوە کە کێ‌فەرمان ڕەوایی لەدوای خۆی دەگرێتە دەست ، ئەمەش ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە ئەم وازلێ هێنانە بەئەنقەست بووە وەك تەئکیدێ بۆئەوەی کە ئەم بابەتە بەسروشتی خۆی قابیلی گۆڕانە و پەیوەستە بە میکانیزمی کارو بارودۆخەکانی سەردەم و کات تا ڕۆڵی خۆیانی تێدا دەبینن ، بەڵام وەکو ئاماژەشمان پێ‌دا ئەوەی بەدەق و بەپیادەکردنی پێغەمبەریش لەچەندەها جێگای جیاوازدا ئاماژە بۆئەم ڕاستی‌یە دەکا و کاری پێغەمبەری خواش ( ﷺ ) هەر لەیەکەم ڕۆژی گەیشتنی بۆمەدینە بناغەیەکە بۆ ئەم بوارە و ئاماژەی هەرە پێویستی جێ‌بەجێ‌بونیەتی ، بەڵام بێ‌دیاری‌کردنی شێواز و فۆرمێکی تایبەت لەبەر ئەو سرشتە گۆڕاوەی ئەم بوارە هەیەتی . دیارە جیاوازی زۆرە لەنێوان ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەسیەتی بۆ کەسێکی دیاری‌کراو نەکردووە بۆئەوەی لەپاش خۆی ببێ بە خەلیفە ، وە لەنێوان ئەوەی قورئان و سوننەت بناغە و ئەسڵی جێ‌نشینایەتی وەکو سیستمێك لەخۆگرتووە و بنەماسەرەکی‌یەکانی بەڕوونی ئاماژە پێداوە ، دیارە لەوبارەیەوە بەڵگەی لەژمارە نەهاتوو هەیە ، جا هەروەکو ( السید عمر ) لە کتێبی ( الدورالسیاسی ) دا دەڵێ : زانایەکی کۆمەڵناسی هاوچەرخ دەڵێ : یەك ئایەتی سورەتی النساء کە ئایەتی ( وَ اعْبُدُوا اللَّـهَ وَ لا

---

[٢] سەیری سەرچاوەی پێشووتر بکە .

تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئاً وَ بِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً وَ بِذِي الْقُرْبَى وَ الْيَتَامَى وَ الْمَسَاكِينِ وَ الْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَ الْجَارِ الْجُنُبِ وَ الصَّاحِبِ بِالْجَنْبِ وَ ابْنِ السَّبِيلِ وَ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ مَنْ كَانَ مُخْتَالاً فَخُوراً ٣٦ )ە سەرجەم ڕەگەزەکانی پتەوی کۆمەڵگە و بەزەیی خوازی لەخۆ گرتووە و هۆکارەکانی پەرتەوازەیی و زیانکاری لێ بەدوور دەگرێ . وە زانایەکی تریش وا دەبینێ سەرجەم ڕەگەزەکانی سیاسەتی شەرعی لەدووئایەتی سورەتی النساء بەرجەستە بووە کە ئایەتی ( إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَ إِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعاً بَصِيراً ، يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَ أَطِيعُوا الرَّسُولَ وَ أُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَ الرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَ الْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَ أَحْسَنُ تَأْوِيلاً)( النساء ٥٨ ، ٥٩ ) . [١]

**ئەمە جگە لەچەندین بەڵگەی تر کە لەم بوارەدا هەیە ، سەبارەت بەپرسیاری دووەمیش بەوەندە وەڵام نادرێتەوە ( هەروەك الغازی دەڵێت ) کە بوترێ پێغەمبەری خوا ڕێگە و شێوازێکی دیاریکراوی دەست نیشان نەکردووە بۆ هەڵبژاردنی ئەوکەسەی لەپاش خۆی سەکردایەتی و سەرپەرشتی کاروباری موسڵمانان دەکا و بەوەندە وازبهێنین و هیچی تر ... بەڵکو پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەوبنەما گشتییانەی لە قورئان و سوننەت دا هەن و تێگەیشتنی هاوەڵانیش بۆئەو بنەمایانە تاوەکو وەڵامی پوخت و ڕوون بەدەست بخەین .**

**لێرەوە پرسیاری دووەم دەمان خاتە بەردەم پێویستی باس کردن لە شێوە ( شکل )ی فەرمان ڕەوایی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ئەمەش دەخوازێ توێژینەوە لەمەرکەز یا پایەی سەرۆکایەتی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بکرێ و توێژینەوەکەش پەیوەست بێ بەخەلیفە و چۆنێتی پێویستی هەڵبژاردنی یاگەیشتنی بەم پلەوپایەیە ، دیارە ئەم باسەش لەسەرجەم ئەو کتێبانەی تایبەتن بەم بوارەوە جێگەیەکی تایبەتی هەیە و باس و خواسی زۆری لەسەر کراوە چ لەکتێبە کۆنەکاندابێ یاسەرچاوە نوێیەکان کە هەندێ ئیجتیهادی نوێی تێدایە و پێویستی بە خوێندنەوە و بەراوردکاری تایبەت هەیە لەلایەن پسپۆڕانەوە ، سەبارەت بەپرسیاری سێهەمیش ئەوا پێویستیمان بە ئەرێ و نەرێ هەیە . بۆهەرکامیشیان دەبێ پشت ئەستور و پاڵپشت بین بە بەڵگە و دەلیلەوە ، وەڵام دانەوە بەئەرێ و ئیجابی دەمانخاتە ئاست توێژینەوەیەك سەبارەت بەسستمی فەرمان ڕەوایی ئیسلامی(نظام الحكم الإسلامي).**

---

[١] **سەیری ( الدور السياسي ) ل ٣٣ بکە .**

هـەر لەسـەر ئـەم بنەمايـەش هێنـانی ئەوسێ پرسـيارەی کـە ڕابـردوو جياکردنـەوەيان لەيـەکتری پاشـان وەلأم دانـەوەيان بەشـێوازێکی وورد و ئەمينانـە هـەموو لێ تێکچـوون و ناڕۆشـنی و پێکداچـوويی و تێکـەڵ و پێکەڵێيـەك لادەبـا و دەمانخاتـە سـەر ڕێگـەی تویژينەوەی زانستیساغ و بەدوور لەحەز و ئارەزوو . سستمی سياسی" النظام السياسي" يا سستمی فەرمان ڕەوايی " نظام الحكم " مانای شێوازی فەرمان ڕەوايی " شكل الحكم " نیيە ، بەڵکو شتێکی ترە .

شێوازی فەرمان ڕەوايی ( شكل الحكم ) دەست نيشانی ئەوکەسە دەکا کە فەرمان ڕەوايی دەگرێتـە دەسـت بـە دەربڕينێکـی تـر کێيـە ئەوکەسـەی سـەرۆکايەتی دەوڵـەت دەکـا ، چۆن دەگاتە ئەم پلەوپايەيە . هەربۆيە ( شكل الحكم ) گرنگی دەدات بەچينی فەرمان ڕەوايان واتـە چۆنێتی گرتنە دەستی سەرۆکايەتی دەوڵـەت لەلايـەن تاکێکـەوە ياچـەند کەسێکەوە بـەپێی ئەو بنەمايـەی سستمی فەرمان ڕەوايـی دەست نيشانیدەکا ، نمونـە بۆ شێوازەکانی حوکم پاشايەتی و جمهوری و عەسکەری وخەلافەتە ، بەلأم کە دەڵێين سستمی فەرمان ڕەوايی ئـەوا هەريەکە لە سستمی فەرمان ڕوايی کەمينەيی " لەوانـەش سستمی ديکتـاتۆری " و سسـتمی فـەرمان ڕەوايـی زۆرينـە " ديموکراسـی " و سسـتمی فـەرمان ڕەوايـی ئيسـلامی دەگرێتـەوە ، سستمی فەرمان ڕەوايش ( چۆنيەتی فەرمان ڕەوايی و دەست نيشان کردنـی دەسـەلأتەکان و دابەش کردنی پسپۆڕیيەکانی دەوڵەتە بەسەرياندا ) .(١)

ئـيتر دەوڵەتەکـە هـەچ دەوڵـەتێك بـێ لێـرەوە سيسـتمی فـەرمان ڕەوايـی گرنگـی دەداتـە چۆنێتی ئەو پەيوەندیيەی لەنێوان فـەرمان ڕەوا و خەڵکيدا هەيـە و لەچۆنێتی ڕێکخستنيان دەدوێ و بـاس لـەماف و ئـەرکی هەريەکـە لـە فـەرمان ڕەوا و خـەڵکی بەرامبـەر يـەکتری دەکـا بەلأم شێوازی فەرمان ڕەوايی (( شكل الحكم )) باس کردنـە لـەوەی کێسـەرکردايەتی دەکـا و دەستەی فەرمان ڕەوا کێن .

لەڕوانگەی ئەم ديدەوە ئـەتوانين بڵێين (( سسـتمی فـەرمان ڕەوايـی لـە ئيسـلامدا بريتیيـە لـەو بنـەما سـەرەکیيانەی دەسـت نيشـانی پەيوەنـدی نێـوان فـەرمان ڕەوا و خەڵکیـدەکا لـە کۆمەڵگای ئيسلاميدا و ئەرکی هەريەکەيان بەرامبەر ئەوی دی دەست نيشان دەکا بەوپێیەی لە بڕيار و حوکمە گشتیيەکانی قورئـان و سـوننەتی پەيامبـەردا هـاتووە سـەبارەت بـەم بـوارە

(١) الدولة والنظم السياسية ل ٣٢٠ ، بۆ پێشتريش سەيری ل ٢٦٩ بکە .

... لەبیرکردن یاپشتگوێخستنی ئەم جیاوازی‌یەی نێوان ( نظام الحکم ) و ( شکل الحکم ) بێگومان سەردەکێشێ بۆ دژبوون و هەڵەشەیی و دووربوون لەڕاستی‌یەوە هەروەك چۆن لە زۆرسەرچاوەدا پێش چاو دەکەوێ ، ئەوەشی جێ‌ی‌داخە تەنانەت لەلای هەندێ نوسەری وەهاش بەدی دەکرێ کە لەڕوی فیکری‌یەوە مونتەمین بۆ ئیسلام و ئیسلامی بوون .

دیارە لێرە و لەوێ لە گۆڕەپانی ئیسلامی کوردی‌دا شوێنەواری ئەم کاریگەریی‌یەش دەبینین و لە هەندێ جاریشدا لەوە دەرچووە تەنها تێکەڵی‌یەك بێ و هیچی‌تر بگرە کار بۆئەوە دەکرێ کە ئەمە پنتی ڕاستەقینەیە و ئەوەی تاوەکو ئێستا بووە بریتی‌بووە لە خوێندنەوەیەکی تەقلیدیانە و شتێکی تەنها مێژووکردە ، وەك ئەوەی زۆر بەویژدان و بێلایەنانەوە هەموو لاپەڕەکانی قورئان و سوننەت و مێژووی ئیسلامی‌یان هەڵدابێتەوە و بەوئەنجامە گەیشتبن بێئاگا یاخود خۆبێئاگاکردن لەوەی سەرقاڵی دووبارەکردنەوەی گوتەزا و چەمکی نوسەرانی‌ترن بەتایبەت هی ئەوکەسانەی حەزو خۆشیان بەچارەی ئیسلامدا نایەت و تاسەردەمێکی نزیکیش لەبەرەی لەدژی ئیسلامی‌دا بوون و[*] ئێستەش بەناوی زانستی و بابەتی بونەوە دەیانەوێ بیرێکی نەشیاو بەئسلام و ڕوحی دەقەکانی بخەنەڕوو ، کە ڕێك نایەتەوە بە ئیسلام و شەریعەتەکەی ، ئەوەش لەیادنەکەین هەندێ جار هەڵەکە زیاتر لەسەر مانا دانە بە چەمك نەك ناوەڕۆك بۆیە دەبینین کەسێکی وەك ((د.عمارە)) تاڕاددەیەکی‌زۆر هەمان ڕای (( د.أبراهیم الغازی )) هەیە کە لەپێشەوە پشتمان پێ‌ی بەستووە بەڵام لەڕووی بەکارهێنانەوە بۆهەندێ لە زاراوەکان جیاوازی‌یەکی کەم دەبینین لەنێوانیاندا ، لێرەدا هەڵسەنگاندنێکی ( د.عمارە ) بۆهەندێ قسەی ( المستشار العشماوی ) لەم ڕووەوە بەباش دەزانین کە لەکتێبی ( سقوط الغلوی العلماني )١٤٠ــ ١٤٤ دا ئ‌ی‌ی دەدوێ لەژێر ناونیشانی (( الخلط بین ( المرجعیە ) و بین ( نظام الحکم )) ( د.عمارة ) دەڵێ بۆئەوەی ( ڕاوێژکار عەشماوی ) نەرێ‌ی ئەوەبکا کە پەیوەندی‌یەك لەنێوان ( ئاینی ئیسلام ) و ( دەوڵەت )دا هەبێ ، ئەبینین جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە لەئایندا قورئان و سوننەت (سستەمێك بۆ فەرمان ڕەوایی نی‌یە ) ئەڵێ (( نەقورئانی‌پیرۆز و نە فەرموودەکانی پێغەمبەر ڕێکخستنی هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی‌یان باس نەکردووە ، یەك ئایەت و یەك فەرموودە نی‌یە سستمی فەرمان ڕەوایی لەئوممەتی ئیسلامیدا ڕێك بخا )) وە دەڵێ لەڕاستی‌دا ئیسلام

[*] زۆرێك لەوانە پێشینەیەکی چەپ ومارکسی‌یانەیان هەبووە .

هیچ شێوازێکی حکومەت یا سستمی فەرمان ڕەوایی دەست نیشان نەکردووە جگە لەوە نەبێ کە بناغەی حکومەتی دیاریکردووە بەوەی لەسەر دادگەری بێ ، جا هەرحکومەتێك کاربکا بۆمەبەستی دادگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و قەزایی ئەوە حکومەتێکی ئیسلامییە لەهەموو ڕوویەکەوە ..... )) .

لەوەڵامی ئەم قسانەی عەشماویدا ( د.عمارە ) دەڵێ، ئێمەش لەگەڵ عەشماوی‌داین لەو ڕووەوە کە ئاین وەك سروشتێکی خوایی و ڕوون کردنەوەی پێغەمبەرانە بۆ فەرمان ڕەوایی ئیسلامی (( سیستمێکی )) دیاری کراوی دەست نیشان نەکردووە ئەوەش زیاد دەکەین و دەڵێین لەڕاستیدا (( هەموو سستمێك )) (( کل النظم )) دانراوێکی مرۆییانە و هەوڵێکی ئینسانیانە و بەدەست هێنانێکی مەدەنیانەیە هەربۆیە دەبینین بەردەوام لەگەشە و گۆڕانکاری دایە .... ئەوەش کە ئاین داینـاوە و چەسپاندنویەتی بریتییە لە بنەماکان و وازی لەمرۆڤ هێناوە ئیجتهاد بکا بۆبەدی هێنانی ئەو ( سستەمانە )ی ئەو ( بنەمایانە )نزیك دەخاتەوە لەسنوری پیادەکردن و جێبەجێبوون لەزەمینەی واقیعدا ..

بەڵام ئایا (( بنەماکانی )) فەرمان ڕەوایی و سستمەکانی فەرمان ڕەوا لەهەموو ئاین و بیروباوەڕ و فەلسەفە و ناوکۆ ( نسق )ە فیکرییەکاندا وەکویەکن تاوەکو جیاوازی نەکرێ لەنێوان (( سستمەکانی فەرمان ڕەوایی ))دا کە ئەمە بینشی عەشماوییە یاخود جیاوازی ((بناغە )) و (( بنەماکان ))یش هەروەها جیاوازی لە سستمەکان دا دەرەخسێنن ؟ ئەمە جێگەی ناکۆکییە و جیاوازییە کە لێرەدایە ، ڕاوێژ ( شوری ) بنەمایەکی ئیسلامییە ، فەرزێکی ئیسلامی چەسپاوە ... دانراوێکی خوایی هەتاهەتایە .. (( ئەوسسستمە ))ی ئەم ڕاوێژە دەسەبەر دەکا دانراوێکی مرۆیی گەشە سەندووە . بۆئەوەشی (( سستمی ڕاوێژ )) ئیسلامیبێ ئەبێ ئەو (( بنەماخوایی ))یەی تێدا دەسەبەر بکرێ ..

(( بە دادگەری فەرمان ڕەواییکردنی نێوان خەڵکی )) بنەمایەکی خوایی چەسپاوە قورئان هێناویەتی و سوننەتیش ڕوونی کردۆتەوە ، بۆیە دانراوێکی خوایی نەمرە ... بەڵام ئەو ((سستمە قەزاییە ))ی ئەم دادگەرییە دەسەبەردەکا کارێکی مرۆڤ کردی گەشەسەندووە ، جا بۆئەوەی ئەم (( سستمە )) ئیسلامیبێ ، پێویستە ئەو بنەماخواییە جێبەجێکا و مەبەستەکانی بەدی بێنێ .

کەواتە ئێمە (( سستممان )) هەیە کە ((مرۆڤ کردە و... دەست هاتێکی مەدەنییە )) و چەندان (( بنەما ))ی خوایی و مەبەستی شەرعییان هەیە ، کە (( مەرجەعیەتی )) ئەم

((سستمانەن )) وە تایبەتمەندی (( مەرجەعیەتی ئیسلامی )) لە (( بنەما و مەبەستەکاندا )) دەخوازێ (( سستمەکانیش ))جیاکار و تایبەتمەندبن.. قسەکردن لەسەر بوون و نەبوونی ((چەند سستمێکی ئیسلامی )) تایبەت مەند ، دەبێ گۆڕەپانەکەی باس کردن بێ لەبوون یا نەبوونی((مەرجەعیەتێکی)) ئیسلامی تایبەتمەند و جیاکار ... ، چونکە سستمەکان پێویستە بەوشێوەیە دابنرێن کە دەسەبەری بنەما و مەرجەعیەتە ئیسلامیەکە بکەن ، جیاوازی و تایبەتمەندی مەرجەعیەتیش لەهەموو فەلسەفە و ئاین و ناوکۆفیکریەکاندا تایبەتمەندی بەدیدێنێ و پلەکانی لە سستمەکانی فەرمان ڕەواییدا بەدیار دەکەوێ ..

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە : ئایا ئەو بانگەشەیەی عەشماوی ڕاستە لەوەدا کەهەموو سستمەکانی فەرمان ڕەوایی یەکسانن لە (( بناغەی حکومەت داریدا )) کە ((دادگەری – العدل ))ە ئەمەش مانای یەکسان کردنی هەموو حکومەتەکانە بۆ بەدەست هێنانی (( دادگەریی ))و نەرێکردنی بونی تایبەتمەندی حکومەتی ئیسلامی و سستمی فەرمان ڕەوایی ئیسلامی ، لەبەر نەبوونی تایبەتمەندێتی و جیاکاری لە (( بناغەکەیدا : کە دادگەری ))یە ؟.. ئایا ئەمە ڕاستە ؟

هەرکەسێکی ژیر ئەگەر سەیرێکی نەخشەی شارستانیەت و فەلسەفە و ئاینەکان بکا لەئێستا و بەدرێژایی مێژوویش ئەبێ هەست بەوەبکا کە چۆن هەندێجار (( زاراوەکان ))یەك دەگرن وەك قاوغێك بۆ چەمکەکان ــ وە چۆن ــ لە زۆربەی کاتدا فرە وخاوەن جیاکاری بگرە جیاوازیش دەبێت لەڕووی (( ناوەڕۆك و چەمکەکانەوە )) هەرچەندە لەڕووی (( زاراوە))شەوە یەکن !.. ئەمەشە بووەتە هۆی تایبەتمەندێتی نێوان هەریەکە لەسستم وحکومەتەکان وەك پاشکۆیەك بۆ تایبەتمەندی ناوەڕۆك و چەمکەکانی دادگەریی بەوشێوەیەی هەریەکە لەوحکومەتانە دەیانەوێ .

هەربۆیە ، دەبینین (( دادگەری لیبرالی )) لەناوەڕۆك و مەفهوم دا جیاوازە لە ((دادگەری کۆمۆنستی)) ئەو بارەی پێویستە بۆ (( عەدالەتێکی لیبرالی )) (( حکومەتی لیبرالی )) و ((سستمێکی فەرمان ڕەوایی لیبرالی لیێە )) کە ناوەڕۆکی تایبەتی (( عەدلی لیبرالی )) بەدی دەهێنێ ... ئەم دۆخ وبارەش لەگەڵ (( دادگەری کۆمۆنیستیش ))دا هەروایە و دەخوازێ ((حکومەت و سستمێکی )) خاوەن تایبەتمەندەکە ناوەڕۆك وچەمکی (( دادگەری )) لەڕوانگە کۆمۆنیستیەکەوە بەدەست بهێنێ کە لەخۆگری چەندان چەمکی تایبەت بەخۆیەتی ..

کەواتە جیاوازی لەمەرجەعیەت و مەبەستدا دەست نیشانی (( سستمی حکومەتەکان دەکا)) جا ئەگەر ئیسلام نمایندەی مەرجەعیەتێك بێت کە تەنها گرنگی بە (( ڕۆح )) یابە ((مادده )) نەدات .. مەرجەعیەتێك بێت خۆشی و بەختیاری دنیا ببەستێت بەخۆشی و بەختیاری دواڕۆژی خەڵکی لە قیامەتدا ، ئەوا ئەو سستم و حکومەتەی جێبەجێکەری ئەو مەرجەعیەت و مەبەستەبێ ، دەبێ تابەتمەندی و جیاکاریخۆی هەبێ لەهەموو بیرو باوەڕ و فەلسەفەو ناوکۆفیکرییەکانی تر ..

جائەگەر مەرجەعیەتی لیبراڵی لەلایەن سستم و حکومەتێکی لیبراڵەوە جێبەجێبێ و پیادە بکرێ بۆئەوەی مەبەستەکانی مەرجەعیەتی لبراڵی و تێڕوانینی ئەو بۆ (( عەدل )) جێبەجێبکا ، بەهەمان شێوە سۆشیالیستی و ....هتدیش ئەوا ئەمەش سەبارەت بەمەرجەعیەتی ئیسلامیش هەروایە . کە دەبێ لەلایەن سستم وحکومەتێکی ئیسلامییەوە جێبەجێبێ و پیادە بکرێ و ئیسلامییەکان سەروکاری بکەن ، بۆئەوەی مەرجەعیەتی ئیسلامی پیادەبێ لەپەیڕەو و پرۆگرامێکدا کە سەرجەم دین و دونیا و دواڕۆژ لەخۆدەگرێ بۆ بەئەنجام گەیاندنی فەرزە عەینی و کیفائییەکان .. بۆ یاسای تاك و خێزان و کۆمەڵگا .. سیاسەت و ئاوەدانکاری مرۆییانە ... بۆ پیادەکردنی عەدالەتی ئیسلامی کە مەفهومێکی تایبەتمەندی هەیە [1]

وادەزانم ئەم تێڕوانینەی ( د.عمارە ) زۆری جیایە لە ناوەڕۆکی ئەوەی ووتمان سەبارەت بە ( سستمی فەرامان ڕەوایی ) و ( شێوازی فەرمان ڕەوایی ) بەڵکو جیاوازییەکە لە بەکارهێنانی هەندێ چەمك و زاراوەدایە وەك لە حەقیقەتی بابەتەکە ، چونکە ئەو بنەما و مەرجەعیەتەی کە ( د.عمارە ) باسیدەکات هەمان ئەو سستمی فەرمان ڕەواییەیە کە ((د.الغازی )) لیی دەدوێ... بەڵام بەجیاوازییەکی ڕووکەشەوە .

سەبارەت بەهەمان مەبەست (( د.عبدالجواد یاسین )) ڕای خۆی دەردەبڕێ و قەناعەتی وایە کە خەلافەت (( وەك ناوەڕۆکێکی بابەتی (( محتوی موضوعی ))بە چاوپۆشین لەپابەند بوون بە ناوەوە فەرزێکی پابەندی دەقەکانی ئیسلامە ، بەڵام خەلافەت وەك ( نەسەقێکی شەکلی ) بەڕای ئەو نە لەدەقی ئیسلامیداهەیە و نە لە مێژوودا ، چونکە مێژووی ئیسلامی چەندجۆر و شێوازی جۆراوجۆری جیالەیەکی بەرهەم هێناوە ... دیارە ئەمەش قسەکردنە

---

[1] سەیری (سقوط الغلو العلماني ) د.محمد بکە ل ١٤٠ تا ١٤٣ بەدەست کارییەوە .

لەسـەر (( شـكل )) ، (( د.عبـدالجواد ياسـين )) وەكـو نـاوەڕۆك (( مبـادئ و النظـام ))ی حكومـەتی ئیسلامی لەدەقەكاندا دەبینێ ، بەلام ئەو ڕای وایە عەقڵی ئیسلامی ( إلزامیة ، المضمون )ی كردووەتە بەڵگەی ئەوەی نەسەقێكی شەكلی دیاریكراویش هەیە لێرەوە ((منهاج )) ێك كە لەدەقەكاندا هەیە وە دەقەكان پێویستی كردووە ئەم دەی سەپێنێ بەسەر (نظام )ێك دا كە لەمێژوودا بوونی بووە ، بەپێچەوانەی عەلمانیەتەوە كە نەبوونی نەسەقێكی دیاریكراوی كردووەتە بەڵگەی نەبوونی (( ناوەڕۆك )) و(( منهاج ))یش ، بەم پێیەش عەقڵی ئیسلامی تێكەڵی درووست كردووە لەنێوان (( وجوب المضمون )) و (( وجوب الشكل ))وعەلمانیەتیش تێكەڵیدرووست كردووە لەنێوان (( عدم وجوب الشكل و عدم وجوب المضمون ))[1]

دیارە ئەوەی (د.الغازی) بە (نظام الحكم) ناوی دەبا و (د.العمارە) (مرجعیة) و (المبادئ)ی پێدەڵێ و ( عبد الجواد یاسین) بە ( مضمون و المنهاج ) ناوی دەبا كە ئەتوانین بڵێین هەرسێكیان لەكرۆكدا یەكن لەگەڵ هەندێ جیاوازی كە لەنێوان تێڕوانینی ئەم سێنوسەرەدا هەیە بەتایبەت لەگەڵ ( عبدالجواد یاسین ) كە زۆرێك لە بۆچونەكانی خوێندنەوە و تێڕامان و هەڵسەنگاندنێكی لەسەرخۆی دەوێ و هەندێ لە سەرنجەكانیجێی لەسەر وەستانن .

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبكرێ جیاوازی كردنە لەنێوان چۆنێتی پێسپاردنی سەرۆكایەتی و گرتنە دەستی كاروباری موسڵمانان لەدوای وەفاتی پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) ، وە لەنێوان ئەو بڕیار و حوكمانەی دەست نیشانی ئەو پەیوەندیانە دەكات كە دەبێ هەبێ لەنێوان ئەو كەسانەی فەرمان ڕەوایی موسڵمانان دەكەن جا ئێترناویان ( إمام _ سلطان _ خە لیفە _ ئەمیر _ سەرۆك )بێت یا هەرناوێكیتر ، ئەو پەیوەندییە دەبێ لەسەر بناغەی كۆمەڵێك بنەمای سەرەكی سستمی سیاسی ئیسلامی دیاری بكرێ ، ئەم جیاوازی كردنەش بۆتەهۆی ئەوەی ڕێژەیەكی بەرچاوی نووسەران بكەونە هەڵەوە تەنانەت ئەوانەش ئینتیمای ئیسلامییان هەیە ، ئەمەش بەوەی دەڵێن قورئانی پیرۆز و سوننەتەكانی پێغەمبەری ئازیز دەست نیشانی سستمێكی دیاریكراوی فەرمان ڕەوایییان نەكردووە و پێغەمبەریش (بەپێی بۆچوونیئەوان ) لەژیانیدا تەنها چەند بەهایەكی بالا( المثل العلیا )ی دیاریكردووە كە پێویستە ((حاكم)) و(( محكوم )) دەستی پێوەبگرن ، وە لەبەرئەوەی دەقەكانی قورئان

---

[1] عبد الجواد یاسین السلطة في الإسلام ٢٠ ـ ٢١ .

(بەوەهمی ئەوان) سستەمێکی فەرمان ڕەوایی بەڕوونی لەخۆ نەگرتووە کە پێویست بێ لە دەوڵەتی ئیسلامیدا پیا دەبکرێ ، سەرەنجامی ئەم قسانەش بریتیی‌یە لەوەی هیچ سستەمێکی فەرمان ڕەوایی ئیسلامی نییە ئەوەی هەیە تەنها بریتیی‌یە لەچەند بەهایەکی‌تایبەت سەبارەت بە کەسی ( حاکم ) و کەسی ( محکوم )و هیچ سستەمێکی تێروتەواو لەوبارەیەوە بەدی ناکرێ ؟ یا دەوترێ (( قورئان تەنها چەند بنەمایەکی گشتیی سەرەکی هێناوە کە ناکرێ لەهیچ سستەمێکی شیاوی فەرمان ڕەوایی‌دا پشت گوێ بخرێ )) وەك ئەوەی ئیسلام خاوەنی تایبەتمەندی خۆی نەبێ لەفەرمان ڕەوایی‌دا ، چونکە ئەگەر بوترێ (( قورئان و سوننەت بەدرێژی بنەما سەرەکی‌یەکانی سستەمی ئیسلامی بۆ فەرمان ڕەوایی یاسستەمی فەرمان رەوایی‌ئیسلامیان باس نەکردووە یا هەردەربڕینێکی تری لەم شێوە ئەوە مانای سستەمێکی سەربەخۆی لەخۆ دەگرت و هیچ ئیشکالیەتێکی تێدا نەدەبوو.

ئەم بۆچونە هەڵەیە ( ئەوەی سستەمێکی ئیسلامی تایبەتمەند بەدی ناکرێ کە جیاکرێتەوە لە سستەمەکانی تر ) لەسەر ئەوە بنیات نراوە کە پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) ڕێگەی دەست نیشان کردنی ئەو کەسەی دیاری نەکردووە کە دوای خۆی دەسەڵات وەرگرێتەدەست و کاروباری موسڵمانان ببات بەڕێوە .

هەڵەی‌ئەم بۆچونە لە چۆنێتی ڕێ و شوێنی بەبەڵگەکردن ( طريقة الإستدلال )و ڕێك نەبوونی بۆچونەکە بە بەڵگەکانەوە سەرچاوە دەگرێ ، یاخود ڕێك نەبوونی ئەو سەرەتا و پێشەکی‌یەی بەوسەرەنجامەی پێ‌دەگا ، پاشان تێکەڵی‌کردن لەنێوان سەرۆکی دەوڵەت و سستەمی سیاسی لەو دەوڵەتەدا ، لەکاتێکدا دووهەمیان دەست نیشانی پایە و بنکەی سەرۆکی دەوڵەت دەکا و گرنگی بەڕۆڵەکەی دەدا نەك کەسەکە خۆی ، جا ئەوقسەیەی کە دەڵێن پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەوکەسەی دەست نیشان نەکردووە کەپاش خۆی دەسەڵات دەگرێتە دەست و دیاری نەکردووە کە کێ‌کاروباری دەوڵەتی ئیسلامی پاش وەفاتی بەڕێوە دەبا، ناکرێ بکرێتە بەڵگەی ئەوقسەیەی کە دەڵێ ( سستەمێکی ئیسلامی مەشخەڵ ڕوون بەدی ناکرێ ) .سەبارەت بەوەی کە پێغەمبەری خوا کەسی دەست نیشان نەکردووە بۆ سەرۆکایەتی موسڵمانان لەپاش خۆی ، ئەوە شتێکی سەلماوە و جێی یەکڕایی و ئیتیفاقی ئەهلی‌سوننەیە بەڵام دیاری نەکردنی ئەوکەسەی سەرۆکایەتی کاروباری موسڵمانان دەکات لەپاش خۆی ئەوە ناگەیەنێ کە سستەمی فەرمان ڕەوایی لەقورئان و سوننەتی پێغەمبەردا بوونی نییە . چونکە کرۆك و حەقیقەت و بناغەکانی

سستمی فەرمان ڕەوایی زۆر بەڕونی لە قورئان وفەرموودەکانی پێغەمبەری خوادا ( ﷺ ) ئامـاژەی پـێکراوە ، دیـاری نـەکردنی جێنشـین لەلایـەن پێغەمبـەری خـواوە (ﷺ) بۆپـاش وەفـاتی ، لـەژێر ڕۆشـنایی حوکمـەکانی پێویسـتیبونی ئـەمارەت دا کـە بـەقورئانی پـیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەر سەلماوە دەبێتە بنەمایەك لە بنەما شەرعیەکانی سستمیفەرمان ڕەوایی ئیسلامی کە ئەویش بریتییە لەمافی ئوممەت لە هەڵبژاردنی فەرمان ڕەوا.

لێرەوە دیارینەکردنەکە ئەوەدەبەخشێ کە ئەم کارە بۆخەڵکی ( أُمة ) بەجێهێڵراوە مـافی ئوممەتـە . ئـەم بـەجێ هێشـتنە ( الـترك )ەش وەك بەڵگەیـەکی شـەرعی لـەنێو بەڵگـە بێدەنگ لێکراوەکان ( الأدلةالسکوتیة )دا پشتی پێدەبەسترێ بۆ هەڵێنجان ( إستنتباط )ی حوکم لە ئاوەها بابەتێکدا ، لەپاش ئەمەش ئەبێتە یەکێك لەسەرەکیترین بنەماکانی سستمی ئیسلامی کە ئەویش (( بنەمای دەسەڵات بۆ ئوممەتە )) ، واتە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەوڵـەتی ئیسـلامی مافێکە لـە مافەکانی ئوممـەت چونکە سوننەتی ( صحیح )ی پێغەمبـەریخوا وەك دووەم بەڵگەی هەڵێنجانی حوکمی شەرعی لەو کردار و گوفتارتەقریرانەدا خۆی دەنوێنێ کە حوکمێکی شەرعی بۆخەڵکی ڕوون دەکەنەوە .

جا وازهێنانی پێغەمبەر ئەگەر ڕوونکردنەوەی کارێك بێ یا جێبەجێکردنی حوکمێك بێ ئـەوا ئەوکارانـە دەبێتـە فـەرز چـونکە لەپێشـدا فـەرمانی پـێکراوە ، ئەمـەی دوایـش ((بێدەنگییەکە )) ڕوونکردنەوەیەتی . جا کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی نەکردبێ بە وازلێ هێنانی ئەوەی تەرکیکردووە ( ناوهێنانی ئەوکەسەی دوای خۆی کار و بار دەگرێتە دەست ) کاتێکیش نەیکردووە بەواجب کە پاش خۆی وازبهێنرێت لە دەست نیشان کردنی کە سێك بۆ پاش خۆی و واجبیشی نـەکردووە واز لـە ئەمیرایـەتی بهێنـرێ ، ئەوا پێویستە سـەرنج بدەین لـەوەی بۆچی پێغەمبـەری خـوا کەسـی دیـاری نـەکردووە تـا فـەرمان ڕەوایـی کاروباری موسڵمانان بکا لەپاش خۆی ، لەگەڵ بونی ئەو فەرموودە سەحیحانەی کە باسی ئـەوە دەکـا موسـڵمانان خەلیفـە و کاربەدەسـتان حوکمیـان دەکـەن وچـەندەها فـەرموودەی تایبـەتیتر کـە بـاس لـە واجبـی ئـەمارەت دەکـەن ، هەریەکـە لەمانـە تەواوکـەر و ڕاڤەگـەری یەکترین و لێك جیانین .

ئەم وازلێهینانەی پێغەمبـەری خوا کاتێك کـە نـاوی کەسـی نـەبردووە ئـەوە نابەخشـێ کـە پێغەمبـەری خوا حـەزی نـەکردبێ یـەکێك کاروبـار و سـەرۆکایەتی موسـڵمانان بکـا و بەمـەش

ئەوەی لەکۆڵی موسڵمانان خستبێ کە کەس بۆ سەرۆکایەتی و ئەمیرایەتی موسڵمانان دەست نیشان نەکەن بەڵکو بەم کارە دڵنیایان دەکا کە هەڵبژاردنی خەلیفە و سەرکردە مافێکە بۆ خودی ئوممەت بەجێهێڵراوە .[1]

هەرچەندە هەندێ لەهاوەڵان ( بەپێی هەندێ ئامـاژەی مێژوویی ) بەدڵ پێیان خۆش بوو پێغەمبەری خوا ئەو مەسەلەیە بڕێتەوە و کەسێکیان بۆدیاری بکات ، بەڵام باشیش لەوە گەیشتبوون کەئەمە مافێکی ئوممەتە و ئەرکی موسڵمانانە دەست نیشانی کەن ... جۆراوجۆری هەڵبژاردنی خەلیفەکانیش لەلایەن موسڵمانانەوە خاڵێکی بەهێزی تری ئەم ڕوانگەیەیە ، هەڵبژاردنی ئەبوبەکر بەڕەزامەندی موسڵمانان کۆتاییهات و عومەریش دوای دەست نیشان کردنی لەلایەن ئەبوبەکرەوە موسڵمانان بەیعەتیان پێدا و عومەر بۆدوایخۆی شەش کەسیدەست نیشان کرد لەئەنجامدا عوسمان هەڵبژێردرا لەپاش ڕاپرسییەکی بێوێنەی سەردەمی خۆیدا ، پاش شەهیدکردنی عوسمانیش ئیمامیعەلی ڕازینەبوو بکرێتە خەلیفە دوای ڕاوێژ و پرس کردن نەبێ بەموسڵمانان ، پێشی ڕاگەیاندن کە بەیعەت پێدانم بەنهێنی نابێ و لەناو مزگەوتدا ئەنجام دەدرێ [2] ئەوجیاوازی و ناکۆکییانەی لەم بوارەدا ڕوویانداوە لەو بنەمایە کەم ناکاتەوە و هەڵیناوەشێنێتەوە ، دواخەلیفەی ڕاشدین کە عەلی کوڕی ئەبوتالیبە دەڵێ ( إن هذا أمركم ليس لأحد فيه حق إلا أن أمرتم ..) [3] .

دیارە ئەمە ڕای ئەهلی سوننە و زۆرینەی دەستە وگرۆ ئیسلامییەکانە ، کە ئیمام لەلایەن زۆرینەی ئوممەتەوە هەڵدەبژێردرێت ، دیارە شیعە لەگەڵ ئەم بۆچونەدانین ( لانی کەم لەڕووی مێژوییەوە ) .

کورتەی قسان ئەوەیە کە دیاری نەکردنیخەلیفە لەلایەن پێغەمبەری خواوە بۆ دوایخۆی مانای نەبوون و دەست نیشان نەکردنی حوکمەکانی فەرمان ڕەوایەتی نییە ، بەڵکو سەلمێنەری بنەمایەکی گرنگی سستمی فەرمان ڕەوایەتییە کە بریتییە لەوەی مافی هەڵبژاردنی سەرۆکی دەوڵەت بۆ موسڵمانان بەجێهێڵراوە و موسڵمانان بەپێی بەرژەوەندی خۆیان هەڵیدەبژێرن لەگەڵ ڕەچاوکردنی بنەما سەرەکییەکانی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە بەپێی سستمی ئیسلامی . ئەوهەڵەیەش کە هەندێکی تێکەوتووە لەوەی کە دیارینەکردنی کەس بۆ پاش پێغەمبەری خوا پەیوەست دەکەن بە نەبوونی سستمیفەرمان ڕەوایی

---

[1] الدولة و النظم السياسية بە دەست كارییەوە .

[2] ئەتوانرێ سەیری سەرچاوە مێژووییەکان بکرێ بۆئەم مەبەستە .

[3] الثوابت و المتغيرات د. صلاح الصاوى ل ١٩٢ .

ئیسلامی ، لەوەوە هاتووە کە ئەوانە جیاوازی‌یان نەکردووە لەنێوان سستمی فەرمان ڕەوایی و چۆنێتی گرتنە دەستی فەرمان ڕەوایەتی ، یاخود چۆنێتی هاتنی فەرمان ڕەوا بۆ سەرۆکایەتی و تەختی فەرمان ڕەوایەتی دەوڵەت .

چونکە ڕێگەی گرتنەدەستی بەرپرسیارێتی سەرۆکایەتی دەوڵەت و دەسەڵات تەنانەت لەسێبەری‌یەك فەرمان ڕەوایەتی‌دا جیاواز و فرەیە ، هەربۆنمونە سستمی دیموکراسی ڕۆژئاوایی وەك سستمێك بۆ فەرمان ڕەوایی هەریەکە لە ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ... جگە لەمانەش پیادە دەکرێ لە کرۆکدا یەك سستمن . لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە و ئالیەتی گرتنەدەستی سەرۆکایەتی لەئەمەریکادا جیاوازە لەوەی لە ئینگلتەرادا پیادەدە کرێ ، سەرۆکی دەوڵەت لە یەکەمیاندا پێ‌ی‌دەوترێ سەرۆکی‌جمهوری بەڵام لەدووەم دا (پادشا- ملك )ە هەروەك ڕێگەی پیادەکراوی گەیشتن بە سەرۆکایەتی دەوڵەت لە ئەمەریکادا جیاوازە لەهەریەکە لە فەرەنسا و ئەڵمانیا ، لەگەڵ ئەوەی هەریەکە لەم دەوڵەتانە یەك شێواز فەرمان ڕەوایەتی‌یان هەیە کە شێوازی ( جمهوری )یە و لەهەرسێ وڵاتیشدا سەرۆکی‌دەوڵەت بە( رئيس الجمهورية ) ناو دەبرێ لەگەڵ ئەوەی هەریەکەیان بەشێواز و ڕێگەیەك دەگەنە ئەم پلە و پایەیە [1] .

هەڵەیەکی تریش کە هیچی لەوەی پێشو کەمترنی‌یە و هەمان ئەو جۆرە کەسانەی تێ‌کەوتووە ، ئەویش جیاوازی نەکردنە لەنێوان (( القواعد الكلّية ـــ بنەماگشتی‌یەکان )) و (( القواعد التفصيلية ))یە یاخود لەنێوان بنەما سەرەکی‌یەکان (( القواعد الأساسية ))و بنەمالاوەکی‌یەکان (( القواعد الثانوية )) بەوبیانووەی ( تفصيل )ی سستمی فەرمان ڕەوایی لەقورئاندا بەدی ناکرێ و پێغەمبەری خواش سستمێکی دیاری کراوی دیاری نەکردووە ، هەربۆیە تەنها چەند بەها( مثل )ێك هەیە کە حاکم و مەحکوم پێوەی پابەندبن لەودەوڵەتەی کە بەئیسلامی وەسف دەکرێ و هیچی‌تر .

لەڕاستی‌دا ئەوەی کە قورئان بەدرێژی ناچێتە نێو باسی‌تایبەتمەندی دەسەڵاتەکان و ژمارەی ئەو دەزگایانەی ئەم کارانە لەئەستۆ دەگرن و پەیوەندی هەریەکەیان بەوی‌تریان و چۆنێتی ڕاپەڕاندنیان و پەیوەندی سەرۆکی‌دەوڵەت بەهەریەکە لەو دەزگایانەوە ، بەهیچ شێوەیەك نەرێ و نەفی ئەو بنەمایانە ناکا کە بەهۆیانەوە سستمی فەرمان ڕەوایی دیاری دەکرێن و بەهۆی ئەوانەشەوە مۆرکی ئیسلامی وەردەگرن و لەسەر ئەوبناغەیەش دادەمەزرێ

---

[1] الدولة و النظم السياسية ل ٢٧٥ .

چونكه بنەما گشتی‌یەكانی ( القواعد الكلّية )ی بواری فەرمان ڕەوایی كە قورئان هێناونی سروشتی سستمی فەرمان ڕەوایی دەست نیشان دەكەن .

ئەوانەی باس نەكردنی دوورودرێژ ( تفصيل )ی سستمی فەرمان ڕەوایی لەقورئاندا دەكەنە بەڵگەی نەبوونی سستمی ئیسلامی دیاریكراو بۆفەرمان ڕەوایەتی ڕاستی‌یەكی سەلماو و جێگیر ( حقيقة ثابتة )یان لەبیركردووە لەبواری توێژینەوەی سستمەكانی فەرمان ڕەوایەتی‌دا . كە ئەویش بریتی‌یەلەوەی كە سستمەكانی فەرمان ڕەوایی مەرج نی‌یە لە ڕوانگەی بنەما و حوكمە ( تفصيلي )یەكانەوە بناسرێن ، بەڵكو بە بنەما و پایەسەرەكی‌یەكانیەوە دەناسرێن و جیا دەكرێنەوە ، كە دەست نیشانی پەیوندی نێوان (حاكم و محكوم ) دەكەن ، چونكە ئەمەیە كرۆك و بابەتی هەموو سستمێك .

بۆئەوەی سروشتی‌سستمی فەرمان ڕەوایی هەردەوڵەتێك بناسین، مەرج نی‌یە بەهەموو ماددەكانی دەستور و گشت یاساكانی دەزگاكانی دەوڵەت ئاشنابین ، كە دەوڵەتی لەسەردەڕوات بەڕێوە و هەریەكەش چۆن بەپێی ئەو یاسایانە پیادە دەبێ ، بەڵكو ئەو زانین وئاشنایەتی‌یەی سەبارەت بە سستمی‌فەرمان ڕەوایەتی‌هەیە لەڕێگەی زانین و ئاشنابوون بە بنەما سەرەكی‌یەكان یاخود ئەوفیكرە سەرەكی‌یەوە بەدی‌دێت كە سستمەكەی لەسەر بنیات نراوە.

جابۆئەوەی سستمی دیموكراسی لە سستمی دیكتاتۆری جیابكەینەوە ئەوەندە بەسە بزانین یەكەم : لەسەر ئازادی تاك دامەزراوە ، ئەوەش بەهۆی مل كەچی تاك بۆ ئەو یاسایانەی كە خۆیان یان نوێنەرەكانیان دایان ڕشتووە ( واتە بنەمای سەروەری گەل )و مافی هەڵبژاردنی ئەو دەسەڵاتەی ئەو یاسایانە پیادە دەكا( واتە بنەمای گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە كانە ) ئەكرێ ئەم ئاشنایەتی‌یە بەگەڕانەوە بۆ فەقەرەیەك یا دووفەقەرەی دەستوور بەدی‌بێت كە لەسەر ئەم بیرو ( فیكرەیە ) دامەزرابێ . وە دووەمیش : دامەزراوە لەسەر چەپاندنی ئازادی‌یەكانی هاونیشتمانی و هاوڵاتیان لە بیركردنەوە و بێبەش كردنی لە بەشداری‌كردنی فەرمان ڕەوایی و دیكتاتۆر هەمووشتێكی بۆخۆیی و دەستە و پێوەندەكەی قۆرخ كردووە ، ئەكرێ ئەمەش لەچەند ماددە ( مرسوم )ێك یا یاسایەكدا بەدەر بكەوێ كە فەرمان ڕەوا دەری دەكا .

جائەگەر ئەم ڕاستی‌یەمان سەبارەت بە هەریەكە لەو دوو سستمە زانی دەتوانین بڵێین یەكەم سستمێكی دیموكراسی‌یە و دووەم دیكتاتۆری ، ئیتر پێویست بەوەناكا

پێداچوونەوەی سەرجەم یاسا و ئیجرائات و بڕیارە دەرچووەکانی هەریەك لەو سستمانە بکەین ، چونکە ئەوە باس کردنە لە درێژە ( تفاصیل )ی هەریەکە لەو سستمانە و ئەوەش کاتێك دەکرێ ئەگەر بویستری توێژینەوە لەسەر دەست هات و بەرەنجامەکانی ئەو سستمە بکرێ و ئەو پایە و بنەما سەرەکی‌یانەی لەسەری بنیات دەنرێ ، هەربۆیە سستمی ئیسلامی لە فەرمان ڕەوایی‌دا ئەو بنەما گشتی‌یانە دیاری دەکەن کە لەقورئان و سوننەی ( صحیح )دا هاتوون جا ئیتر لەو ئایەتانەوەبێ کە لە ( دلالة ) یاندا ( قطعي )ن یاخود لە مەدلولی ئایەت و سوننەوە وەرگیراون [1] .

ئەم بنەما گشتی‌یانەش نهێنی شیاوێتی ئیسلامە بۆگشت کات و شوێن و کۆمەڵگە بەتەواوی سەردەم و عورفە جیاوازەکانیەوە ، چونکە بنەما گشتی‌یەکان لەئیسلامدا بەشێوەیەکن لەگەڵ بارودۆخە کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسی‌یە جیاوازەکاندا بگونجێ ، تێگەیشتن بەدەرلەمە بۆ ئەوبنەمایانە سەرئەکێشێ بۆ دەرچوون لەئاین و ئینکاری پیادەکردنی ( حدود )ە چەسپاوەکان کە بە بەڵگەی ( قطعي ) سەلماون ...هەروەك هەندێ بۆچوون و قسەیان لەسەر کردووە . لەبەرگرنگی ئەم بنەماگشتی‌یانە واباشە ئەگەر بەکورتیش بووە باسێکی خێرا ( بە بەراورد لەگەڵ فراوانی ئەو بنەمایانە ) بکەین بۆئەوەی زیندوێتی سستمی فەرمان ڕەوایی لە ئیسلام دا بەدەربخەین و وەلامێکیش بێ بۆئەوانەی کە زۆر بەسادەیی و ( لەژێر کاریگەری زۆرێك لەبیری هەندێ کۆنەمارکسی و بەناو نوێخوازدا ) دەیانەوێ ئەم بوارە سەرەکی‌یەی ئیسلام بخەنە ژێر پرسیار و وەك شتێکی نامۆ بەئیسلام بۆی بڕوانن و تەنها بە بەشتێکی مێژوو کردی دابنێن ... هەولێش دەدەین لەڕوانگەی دەقە ئیسلامی‌یەکانەوە ئەم ڕاستی‌یە بخەینە ڕوو .

## (( چەند بنەمایەکی گشتی لە بنەماکانی فەرمان ڕەوایی لە ئیسلام دا ))

لەڕاستی‌دا گرنگە لێرەدا بڵێین ئەم بنەمایانە [*] لەفیقهی ئیسلامیدا بەمانا فراوانەکەی باس کراون و لە قورئان و سوننەتدا قسەیان لێکراوە بەلام هەرلەسەرەتاوە وەکو ماددەی

---

[1] الدوله و النظم السیاسیه ل ٢٧٥ ـــ ٢٧٨ .

[*] زاراوە یاوشەی (القواعد) مەبەست ئەوپایە سەرەکی‌وگشتی‌یانەیە کەسستمی فەرمان ڕەوایەتی لەسەربنیات دەنرێ ئەکرێ دەربڕینی تری بۆبەکاربهێنرێ .

یاسایی ، بەوێنەیدەستوری هاوچەرخ ڕیزبەند نەکراون بەڵکو لە شێوازێکی بەش بەش و لەنێوان کتێبەکان دا بەتایبەت لەباسی سیاسەتی شەرعیدا باسیان لێکراوە و بەپێی ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵگا و بەشێوازێکی تایبەت لەچوارچێوەی گەڕانەوە بۆ شەریعەت و کیتاب و سوننەتدا کاریان پێ کراوە ، پێدەچێ ئەم ماناگشتی‌یەی گەڕانەوە بۆ کیتاب و سوننەت و ڕێك نەخستنی بنەما دەستوری‌یەکانی فیقهی دەوڵەت و دەسەڵات داری لەڕوانگە ئیسلامی‌یەکەوە بۆچەندان بەند و دەستوری ڕوون و ئاشکرا ڕێگەیخۆش کردبێ بۆ هەندێ لە دەسەڵات دارانی مێژوولە مێژووی موسڵمانان لەوەدا کە بەناشایستەییکەڵك لە ئەحکامەکانی شەریعەت وەربگرن بۆ هەندێ بەرژەوەندی کە بەسودی تایبەتی و بنەماڵەیی کۆتایی پێهاتبێ ولە مەبەستەکانی شەریعەت دورکەوتبێتنەوە دیارە ئاستی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی کۆمەڵگای ئەوکاتەش بەشی خۆی ڕۆڵی هەبووە لەمەدا .

هەروەها گرنگە ئەوڕاستی‌یەش بخەینەڕوو کە پێشتر ئاماژەمان پێیکرد کە ئیسلام بنەماسەرەکی‌یەکان دادەنێ کە هەریەکەیان چەندەها هێڵی دریژیتری لەژێردا جێدەبێتەوە بەڵام ئەوەی پەیوەندی هەیە بە شێوازەکانی حوکم و ئالیەتی بەڕێوەبردنی ، بگرە سەدەها شتیتر کە لەبواری بەرژەوەندی بەربلاو ((المصالح المرسلة))و دروستی((الإباحية))دا جێی دەبێتەوە بەمەرجێ دژنەوەستێتەوە بە دەقەکانی شەریعەت ((القرآن و السنة))و بەرژەوەندی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان و (( مەبەستە شەرعی‌یەکان ، المقاصد الشرعية ))دا کە بریتین لە پاراستنی (( دین و نەفس و عەقڵ و نەسەب و ناموس و سەروەت و سامانی خەڵکی)) .

دیارە وەگەڕخستنیعەقڵ و خستنەڕووی ڕاوبۆچون یەکێکە لە مەرجەکانی تێگەیشتنی دەقە شەرعی‌یەکان و عەقڵیش ( مناط التكليف )ەو بێژیریش مرۆڤ لە دەقەکانیتر تێناگا لەهەمان کاتدا ژیری و عەقڵیمرۆڤ بە ڕەچاوکردنی بواری پسپۆری دەتوانێ لەزۆر بواری سیاسەتی شەرعی کە کرۆکی بواری فەرمان ڕەوایی‌یە وەگەڕ بخرێ بەتایبەت بۆ ئەو بوارانەی دەقێکی شەرعی لەسەر نی‌یە و خوای گەورە بۆ توانا و هەوڵی مرۆڤەکان بەجێی هێشتووە هەروەها لەو بوارانەی چەند ڕایەك هەڵ دەگرێ و چەند مانایەك لەخۆی دەگرێ و بەرژەوەندی تێدایە و ئەوبەرژەوەندی‌یەش دژنی‌یە بە هیچ دەقێکیشەرعی یا بەرژەوەندی یەکی شەرعیتر ... .

لەڕاستیدا دەست نیشان کردن و قوڵ بونەوەی زیاتر لەو بنەما سەرەکی‌یانەی کە فەرمان ڕەوایی ئیسلامی و سیاسەتی شەرعی لەسەر دادەمەزرێ پێویستی بە قوڵ بونەوەی

زیاتر و توێژینەوەی زیاتری کەسانی پسپۆڕ هەیە بەڵام دەشکرێ ئێمە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان بکەین کە جێی یەك دەنگی زۆرینەی هەرەزۆری ئەگەر نەڵێین هەموو زانایانی شەریعەت ناس و پسپۆڕانی بواری شەریعەتە ئەمەش پشت ئەستوربوە بەدەقە ئیسلامیەکانی کیتاب سونەت بەدەرلەوەی ڕاو بۆچونی بێبەڵگەبن ... یاخود لە داهێنانی عەقڵیەتی زانایانی موسڵمان بن و دووربن لە دەقە شەرعیەکانی کیتاب و سوننەت .
ئەمەش گرنگترین بنەماکانی فەرمان ڕەواییە لە ئیسلامدا

## (( بنەماکانی فەرمان ڕەوایی لە ئیسلام دا ))

١- **سەوروەری شەریعەت** .
٢- **دەسەڵاتی گەل** ( **ئوممە** ) .
٣- **دادگەری** .
٤- **یەکسانی** .
٥- **ڕاوێژ** .
٦- **ئازادیەگشتیەکان** .

## ( سەروەری شەریعەت و دەسەڵاتیگەل )

پێم باشە لە سەروەریشەریعەت و دەسەڵاتی گەلەوە دەست پێبکەین وەك دووبنەمای سەرەکی فەرمان ڕەوایی لە ئیسلام دا .

چەمکی سەروەری (السیادە)و دەسەڵات (السلگە)مێژوویەکی کۆنیان هەیەو لەهەر ژیارێکدا بەجۆرێك تەعبیری لێ کراوە ، جا لەبەرئەوەی ئەوروپیەکان لە سەدەکانی دواییدا لەهەموو کەس زیاتر ئەزمونیان لەگەڵ ئەم دوو چەمکەدا هەیە بۆیە دەکرێ بوترێ کاتێك باس لەم دووزاراوەیە دەکرێ زیاتر نموزەجە ئەوروپیەکەی دێتە زیهنی خوێنەرەوە و ئەو پێشکەوتنە یەك لەدوایەکەی سستمی سیاسی خۆی زەق دەکاتەوە کە ئەوگەلانە بەدەستیان هێناوە ، دیارە ئەم دووچەمکە پاڵنەر و بار و دۆخیخۆی هەبووە کە گوژم پێدەر و پاڵنەری بووە لە وژینگەیەی تیایدا سەری هەڵدا ، وەك بەشێکیش لە هەژمونی ئەوروپیش خۆی سەپاند و توانی خۆیبخزێنێتە ناوەندی ئەو باسە سیاسی و فیکریانەی سەبارەت بەدەوڵەت

هاتنە ئاراوە ، کاتێك ئەویستریٚ پەیوەندی دەزگاکانی فەرمان ڕەوا بەگەل و تەشریعەوە دەستنیشان بکریٚ،یەکسەر دەربڕینی سەروەری(السیادە)وەك زاراوەیەکی یاسایی‌و سیاسی خۆی دەسەپێنیٚ، ئەمەش پێویست دەکا مانای دیاری‌بکریٚ‌و مەرجەعیەتی بزانریٚ [1]

دیارە لەمێژووی ئەو ململانێیانەی لەئەوروپادا ڕوویاندا جۆرێك مانا و مەدلول بۆسەروەری ( السیادە ) دروست بوو کە دەکریٚ بڵێین هەموویان ئاماژە بەو دەسەلاٌتە بالاٌیە دەکەن کە لەسەرووی هاولاٌتیان و یاساوەیە و دەسەلاٌتی دانانی یاسای هەیە و پێویستە مل کەچی بۆ دربڕدریٚ [2]

ئەو مانا و ناوەڕۆکانەی لەپێناسەی چەمکی‌سەروەری دادێت و دەکریٚ لە فیکری ئیسلامی و کۆمەڵگەی ئیسلامیدا تەنها مانای شەرع بگرێتەوە کە بریتی‌یە لەقورئان و سوننەت و ئەوەی لیٚیانەوە هەڵدەهێنجریٚ ، شەرعە مرۆڤ لەهەموو ڕووەکانەوە دەبیٚ مل کەچی بۆ دەربڕدریٚ و کاروبارەکان بەپیٚی ڕێنمایی‌یەکانی ئەو بڕوات بەڕێوە و فەرمان ڕەوا و فەرمان بەسەرداکراو پێویستە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا مل کەچی‌بن .. لێرەوە سەروەری تەنها بۆشەریعەت دەبیٚ ، مانای سەروەری لە شەریعەتی ئیسلامیدا کاتێك مەبەست پیٚی کردەی تەشریع بیٚ لە کۆمەڵگە داو دەرکردنی فەرمان و نەهی کردن بگرێتەوە ئەوا مانای نزیك دەبێتەوە لە(حاکمیەت)و (حکم) لەئیسلام دا [1]، پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو بەڵگانەی کە ئاماژەی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆی تێدایە بۆ(( سەروەری شەریعەت )) واباشە ئاماژە بەوە بکەین کە ئایا پێشەنگەکانی فیکری ئیسلامی چۆن لەم باسەیان کۆڵیوەتەوە (دەسەلاٌت و سەروەری بەدەستی کیٚیە ؟) پاشتریش دەچینە سەر ئەو بەڵگانەی لەم بارەیەوە هەن .

جیاوازی‌یەك کە شایانی باس بیٚ لەنێوان بیریاران و پێشەنگەکانی بیری‌ئیسلامی‌دا نی‌یە سەبارەت بەم باسە ، بەلاٌم لەدوو ڕووەوە و بەدوو ئاراستەی‌جیا لەم بابەتەیان کۆڵیوەتەوە ، ئاراستەیەکیان لە ڕوانگەی حاکمیەتەوە باسی لەم بابەتە کردووە و دووهەمیشیان لەڕوانگەی دەسەلاٌت و بەڕێوەبردنەوە .

دەستەی‌یەکەمیان ئەوەیان سەلماندووە کە سەروەری لە دەوڵەتی ئیسلامیدا بۆ خوا و شەرعی‌خوایە و دووهەمیشیان ئەوەی سەلماندووە کە دەسەلاٌت بۆ گەلە ،

---

[1] الدولة و النظم السياسية ل ٢٨٤ ــ ٢٨٥ .

[2] دیارە (السیادة)وقوڵبونەوەتیایدا ئاوکێشەوئەکریٚ خوێنەر بگەڕێتەوە بۆسەرچاوە تایبەتەکان .

[1] سەرچاوەی پێشوو .

بەهەردووکیشیانەوە دیدێکی ساغ و تەندروستی ئیسلامیءیان خستۆتە ڕوو سەبارەت بەم بابەتە کە ئەویش بریتیءیە لەوەی :

(سەروەری (السیادة )) بۆخوایە واتە بۆشەرعە و دەسەڵاتیش هیءگەل ((ئوممەتە)) کەواتە هەردوو ئاراستەکە بیرە ئیسلامیءیەکە تەواودەکەن ئەمەش لەوەوە هاتووە ئەوان لەدوودیدیجیاوازەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بابەتەکە ئەنجام داوە ، هەردوولایان ڕێکن لەسەر ئەوەی سەروەری بۆخوا و بۆ شەریعەتەکەیەتی بەڵام دەسەڵات هەر لە هەڵبژاردنی فەرمان ڕەوا و لابردنی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دانانی دەزگا و هەرشتێکیتر کە تایبەتە بە بەڕێوەبردنیو ئاسانکاری کردنی کاروباری خەڵکی ئەوە مافیخەڵکیءیە لەچوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامیدا ئەنجامیبدەن ئەمەش بوارێکی فراوانی داوە بەخەڵکی بۆ ئەوەی عەقڵ و ژیری خۆیان بخەنە گەڕ و ئیجتیهادبکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان سەرەڕای سوود وەرگرتن لە ئەزموونی نەتەوەکانیتر و بیروبۆچوونی بیرمەندە جۆرا و جۆرەکان ....

ئەتوانریٚ بوترێت کە جیاوازی لەنێوان موسڵماناندا نیءیە((ئەوانەی باوەڕیان هێناوە بە ئیسلام وەك ئاینێکی ڕاستەقینە لەلایەن خواوە))کە سەرچاوەی سەرجەم ئەحکامەشەرعیءیەکان لەفەرمان دان و نەهیلێکردن خوای بەرز و باڵایە و هیچ کەسێك هاوبەشیناکات لەومەسەلەیەدا ئەوەندە نەبێ کە بەڕێگەیەکی شەرعی بواری ئیجتهادی تێدایە و بۆ مرۆڤ بەجێهێڵراوە لێرەوەش ئەوەی ناسراوە بە (سیادە) یا (حاکمیەت) مافی تەنها خوای گەورەیە بەوپێیەی خوای بەرز و باڵا و کاربەجێ خۆی بەرژەوەندی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان دەزانێ و ئاشنایە بە سروشت و سەرەنجامی مرڤ ، لەم بارەیەوە چەندین دەقیشەرعیمان هەیە کە دەکرێ ئێمە ئاماژە بەهەندێکیان بکەین لەوانە :

(( فَلا وَرَبِّكَ لا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ) ( النساء : ٦٥ )) **یا دەفەموێ** (( وَ مَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَ لا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَ رَسُولُهُ أَمْراً أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَ مَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَ رَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلالاً مُبِيناً ) ( الأحزاب :٣٦ ))

**یا دەفەرموێ** (( اتَّبِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ وَ لا تَتَّبِعُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ ) ( لأعراف : ٣ )) **یا دەفەرموێ** (( ذَلِكُمْ حُكْمُ اللَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ وَ اللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ) (الممتحنة : ١٠)) **یا دەفەرموێ** ((إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَ رَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَ أَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ) ( النور:٥١ )) **یادەفەرموێ** (( وَ أَنْزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ) ( البقرة : ٢١٣ )) **هەروەها دەفەرموێ** (( إِنَّ الْأَمْرَ كُلَّهُ لِلَّهِ ) (آل عمران :١٥٤))

کەســەرجەم ئـەم ئایەتانـە و چـەندانی‌تر ئـەوە دەســەلمێنن کـە دەبێـت مـل کەچـی بـۆ شەرعی‌خوا دەرببڕدرێ و سەروەری بۆشەریعەتەکەی بێ ئەمە جگەلـەوەی ووشـەی ((الحکم)) هەنـدێجار بـەمانای تـریش دێ کـە بریتی‌یـە لـە دەسـەڵات و دەسـەڵات دار جـائیتر مەبەست پـێ‌ی دەسـەڵاتی جێ‌بـەجێ‌کردن ( السـلطة التنفیذیـة )یـە بـێ کـە سەرپەرشـتی کـار و بـاری خەڵکی دەکا بەپێ‌ی بڕیارە خوایی‌یـەکان یـاخود دەسـەڵاتی قـەزائی بـێ کـە حـوکمی شـەرعی لەنێوان لایەن و کەسە ناکۆکەکان دا جێ‌بەجێ‌دەکا یان پێ‌یان دەگەیەنێ .

ئەم مانایەش ووشەی (الحکم)ی بۆبەکار هاتووە لەوانەش فەرموودەی خوای گـەورە: (وَمَـنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ) ( المائدة : ٤٤ ) وە ( وَ مَـنْ لَـمْ يَحْكُـمْ بِمَـا أَنْـزَلَ اللَّـهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ)(المائدة:٤٥) و (وَ مَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِـقُونَ)(المائدة: ٤٧) یشی بۆبەکار هاتووە ، یا دەفەرموێ ( وَ لْيَحْكُمْ أَهْلُ الْإِنْجِيلِ بِمَا أَنْزَلَ اللَّـهُ فِيـهِ ) ( المائـدة : ٤٧ ) یا دەفەرموێ ( فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَ لا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ ) ( المائدة : ٤٨ ) یا دەفەرموێ ( وَ لَقَدْ آتَيْنَا بَنِي إِسْرائيلَ الْكِتَابَ وَ الْحُكْمَ وَ النُّبُـوَّةَ ) ( الجاثـية : ١٦ ) یا دەفەرموێ ( وَ إِذَا حَكَمْـتُمْ بَـيْنَ النَّـاسِ أَنْ تَحْكُمُـوا بِالْعَـدْلِ ) ( النسـاء : ٥٨ ) دیارە قسـەکردنی زانایـان لەسـەر ئـەو ئایەتانـە و ماناکانیان ئەوەندە زۆر و ڕونە کەهیچ بوارێك بۆلادانی ئایەتەکان لەماناکانیان ناهێڵێتەوە .

دیارە ( حکم )یش بەومانایەی سەرەوە ( ئایەتی‌تریش لەوبارەیەوە زۆرە ) تـەنها بۆخوای گەورەیە ، کەواتە لێرەوە سەروەری بۆ شەریعەتە ئەوەش فەرمان دەدا بەسەرپەیوەندی نێوان تاکــەکان و کۆمــەڵگادا و ڕێکخــەری ژیانیانــە ( بــەدەر لــە بوارەکــانی عفــو ) و ( مەســە لەئیجتیهادیەکان ) چەند بنەمایەکی یاسایین ، کە سەرچاوەکەی خوای گەورەیـە و لـە قورئـان و سوننەتەوە وەردەگیرێن نەك دەسەڵاتێکی‌تر .

لێرەوە بناغەی شەرعییەت و سەرچاوەی سەرەکی هەر فـەرمان ڕەوایـەك لەدیـدی سیاسـی ئیسلامیدا بریتی‌یە لە پەسەند کردنی شەرعی‌خوا بەبێ هیچ گرێ و گۆڵەیەك و لێرەوە دەقی ئیسلامی بە ( کیتاب و سوننە )وە لەسـەرووی هـەموو شتێکەوەیە و کۆمەڵگـەی ئیسلامیش لەســەرئەم بناغەیــە دادەمــەزرێ و بــەها و بنــەماکانی و مەبەســت و ئامانجــەکانی لــەوەوە وەردەگیرێ و شەریعەتیش کە لە ( نص )ەوە وەرگیراوە یاخود زۆجار هەر ( نص )ە ، شتێکی نەگۆڕە و جیایە لە ( فیقە ) و ( اجتهاد ) ....

باڵایی‌دەســـەڵاتی ( نــص ) ی ( وحــي ) بــەکیتاب و ســوننەوە لەســەرووی هــەموو دەسەڵاتێکی تەشریعی یا تەنفیزی ترەوەیە و فەرمان ڕەوایانیش دەبێت پشت بەمە ببەستن و ای‌ـی لانـەدەن ئـەگینا شـەرعیەتیان نامێنـێ و گوێڕایـەڵیان پێویسـت نابـێ ، هـاوەڵانیش دوولایەنی گرنگیان لە کەسێتی پێغەمبەردا هەست پێ‌کردبوو ئەویش کەسێتی ئەوبوو وەکو

گەیەنەرێك لەلایەن خواوە ( المبلغ عن الله )و کەسێتی ئەو وەك مرۆڤێکی فەرمان ڕەوا کە دەکرێ لەهەندێ کاروباری دنیایی‌دا بیپێکێ یا هەڵەبکا ، هەربۆیە کاتێك ئیشکالێکیان بۆدرووست دەبوو پرسیاریان لێی دەکرد کە ئایا ئەمە وەحی‌یە یا ڕاوئیجتهادی شەخسی‌یە ، جا ئەگەر وەحی‌بووایە ئەوا گوێڕایەڵ و گوێ بیست دەبوون ، ئەگەرنا ڕای خۆیان دەردەبڕی و ئاشکرایان دەکرد .

لێرەوە پێویستە سەرۆکی دەوڵەتی‌ئیسلامی بەیعەت پێدانەکەی لەسەرئەوەبێ کە کاربکا بە کتێبی‌خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ، تاوەکو جێبەجێکەری ئەو بنەماتەشریعی‌یانەبێ کە بەپێی شەرعی ئیسلامی بۆ پەیوەندی‌یەکانی کۆمەڵگە دانراون نەك شوێن کەوتنی‌حەز و ئارەزووی نابەجێ و نادرووست لێرەدایە دەبینی خوای گەورە دەفەرموێ( فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَ لا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقّ ) ( المائدة : ٤٨ ) یا دەفەرموێ ( فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَ الرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ) ( النساء : ٥٩ ) یا لەفەرموودەدا هاتووە (لايؤمن أحدكم حتى يكون هواه تبعاً لما جئت به ) هەموو ئەوانەش مانای تەشریع ئەگەیەنن بەپێی بڕیارەکانی ئیسلام تەنها بۆخودایە و مانای ( تەشریع )یش لەزمان و زاراوەدا مانای داڕشتن و جێگیرکردنی بڕیارەکانە ( إنشاء و إثبات الأحكام )، ووشەی ( شرع ) و داڕشتەکانی چوارجار لەقورئاندا هاتووە ، هەمووشیان بەمانای داڕشتن و جێگیرکردنی بڕیارەکانە دیارە لێرەدا مەنزومەی عەقائیدی و بەهایی‌یەکانیش لە چەمکی ( الأحكام ) بەدەرنین ( شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحاً وَ الَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ ) ( الشورى : من الآية ١٣ ) .

هەرلەهەمان سورەت دا و لەئایەتی ( ٢١ )دا دەفەرموێ ( أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّهُ ) لەسورەتی ( مائدە )ش دا لەئایەتی ( ٤٨ ) دەفەرموێ ( لِكُلّ جَعَلْنَا مِنْكُمْ شِرْعَةً وَ مِنْهَاجاً) وە لەسورەتی ( الجاثية ــ ١٨ ) فەرمویەتی ( ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا) کە ئەمەش بەڵگەیەکی دەمبڕە لەسەر ئەوەی داڕشتن و سەلماندنی حوکمەکان بەپێی بیروباوەڕی ئیسلامی‌و دەقە جێگیرو قەتعی‌یەکان تەنها بۆخوایە، تەنانەت پێغەمبەریش (ﷺ) خاوەنی‌داڕشتن و جێگیرکردنی‌حوکمەکان نی‌یە بەڵکو گەیەنەر و هەواڵ دەری دەقەکانە ...

ئەو بڕیار و حوکمانەی کە ڕێکخەری ژیانی تاك و کۆمەڵگەن و پێکهێنەری سستمی تەشریعی و یاسایی و دەوڵەتی ئیسلامین یا ئەوەتانێ بەڵگەیەکی دەمبڕ ( قطعي ) لەسەر هاتووە یاخود ( ظن )ی ، ئەوەشی بەئاشکرایی یاخود لەڕوی دەلالەتەوە بەڵگەی لەسەر نەهاتووە ئەوە لەڕێی ( اجتهاد)ەوە هەڵ دەهێنجرێ .

تەنانەت خودی ( اجتهاد )یش لەلای ئەو موسڵمانانەی لەبارەی سەرچاوەکانی تەشریعی ئیسلامیی‌یەوە نوسیویانە جۆرێك لە شێوان ( التباس )ی درووست کردووە و وایان داناوە دەسەڵاتی تەشریعی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیی‌دا بۆ زانایانی ( مجتهد )ە .

لەڕاستیدا ئیجتیهاد نەلەزمان و نەلەزاراوەدا تەشریع نی‌یە ، تەشریع وەکو وتمان داڕشتن و جێگیرکردنی حوکمەکانە ، بەڵام ئیجتهاد بریتی‌یە لە (( دۆزینەوەی حوکمێك کە لەبناغەدا هاتووە )) هەربۆیە ئیجتهاد : سەرف کردنی توانا و جوهدە لەکاتێکدا مەرجەکانی ئیجتهادی تێدابێت بۆ گەیشتن بە حوکمی خوای گەورە لە مەسەلە دابەزیو و ڕووداوەکان (( النازلة))دا وەکو زانایان دەیڵێن . فیقهیش شارەزابوونە بەمەسەلە شەرعی‌یە کرداری ( عملية )کان ، کە لەدووتوێی بەڵگەکانەوە هەڵ دەهێنجرێن ، هەربۆیە کردەی هەڵ هێنجان ( إستنباط )یش لەکاتێکدا دێتە ئاراوە کە ماناکان لە دەقە ئاشکراکاندا زۆر ڕوون نین ئالەوکاتەدا (مجتهدين) دەتوانن تواناییخۆیان بخەنەگەڕ بۆ دەرخستنیحوکمەکە لە کیتاب و سوننە و ئەو سەرچاوانەوە کە ئەم دووسەرچاوە ئاماژەیان پێ‌دەکردووە بۆ نمونە ( إجماع ) .

هەربۆیە کار و ئەرکی موجتەهیدین و زانایان ( فەرمان ڕەوابن یان نا ) تەشریعی نی‌یە لێرەوە سەروەری تەنها بۆ شەرعە بەو پێیەی لەقورئاندا هاتووە یا پێغەمبەری خوا گەیاندوویەتی ، سەروەری شەریعەتیش وەختێك دێتەدی کە فەرمان و نەهی‌یەکانی خوای گەورە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لەسەرجەم پەیوەندی‌یەکانی نێوان کۆمەڵگەی ئیسلامیدا کاتێکیش وولاتێك لەکرۆکدا وولاتی ئیسلامە کە پیادەی شەریعەتی تێدابکرێ ئەگینا ئەگەر زۆربەشی موسڵمان بن بەڵام شەریعەت تیایدا لەکارخرابێ پێی ناوترێ ( دار الإسلام ) . بەڵکو ئەکرێ هەرناوێکی تری لێبنرێ کە شیاو بێ پێی . لێرەوەیە پێویستە فەرمان ڕەوایان لەکاتی هەڵبژاردنیاندا مل کەچی‌دەربڕن بۆ سەروەری شەریعەت و دەرنەچوون لە دەقی شەرعی ، ووتاری خەلیفەکانی ڕاشدین لەکاتی بوونەخەلیفایەتی‌یاندا شاهێدی ئەم بنەمایەیە و خەڵکیش تا ئەوڕادەیە گوێ ڕایەڵە کەئەوان لە چوارچێوەی شەرع دەرناچن و گوێ ڕایەڵ دەبن بۆی (( لاطاعة لمخلوق في معصية الخالق )) (( لاطاعة في معصية إنما الطاعة في المعروف ) بخاري ، (( لاطاعة لمن لايطيع الله )) بخاري ، کەواتە دەقەکانی شەریعەت و نمونە پیادەکراوە زیندووەکانیش ئاشکران لەوبارەیەوە .

خوای گەورە خاوەنی دەسەڵاتی باڵایە لەم بونەوەرەدا هەروەها لەژیان و ژینی کۆمەڵگەدا و فەرمان ڕەوایی ڕاستەقینە هەرخۆیەتی سەروەری شەرعی‌خواش لەژیانیمرۆڤدا شتێکی سەلماوە بەپێی کیتاب و سوننەت .

لێرەوەش بەرپاکردنی شەریعەت پێویستی‌یەکی سەرشانی هەموو موسڵمانێکە و ئەمەش دەخوازێ ئوممەتی ئیسلامی و خەڵکی موسڵمان لەشێوازێکی ڕێکخراوی سیاسی‌دا ڕێك بخرێن کە ئەویش حکومەت و دەسەڵاتی ئیسلامی‌یە بەئەندازەی پیادەکردنی شەریعەت و بەرژەوەندی خەڵکی گوێڕایەڵی (*) بۆ ئەو دەسەڵاتە دەردەبڕدرێ و گوێ ڕایەڵیش لەئاوا بارودۆخێکدا بۆکەسی فەرمان ڕەوازی‌یە بەڵکو بۆ خاوەنی شەریعەتە کە مرۆڤی موسڵمان پاداشتی لەسەر وەردەگرێ ، ئەمە کورتەیەك بوو سەبارەت بە سەروەری شەریعەت لەدیدی ئیسلامیدا ، جا نازانم لەم بارەیەوە هیچ گومانێك دەمێنێ کە ئایا شەریعەت دەبێ سەروەربێ یان نا بەپێی دیدی ئیسلامی .

دیارە ئەوانەی نەیارین بەشەریعەت ئەوە ئاسایی‌یە چۆن دەڕوانن بۆئەم بابەتە ... بەڵام ئەوەی بانگەشەی ئیسلام ناسی و لەئیسلامەوە ڕوانین بکا ناتوانێ ئەم ڕاستی‌یە پشت گوێ‌بخا .

مەسەلەی پەسەندکردنی فرەلایەنی و دەساودەست کردنی دەسەڵاتیش نابێت کاریگەری سەلبی لەسەر ئەم بنەما سەرەکی‌یەی ئیسلام بکا .. هەربۆنمونە ئەوانەی پەسەندیانە حزبێکی عەلمانی ئەگەر دەنگی‌هێنا دەسەڵات بگرێتە دەست ئەوا دەبێ ئەم وەکو نەیار و (معارضة ) هەمیشە لەهەوڵی گەڕانەوەی سەروەری شەریعەتدابێ بەپێی ئەو ئالیەت و ئامرازانەی کە لەتوانادان و شیاون .... نەك لەگەڵ واقع دا خۆ بگونجێنن و دەست هەڵگرن لە داوایەك کە بەهیچ شێوەیەك بواری واز لێ هێنانی نی‌یە [1]

---

(*) گوێڕایەڵی‌لەمڕۆدا دەکرێ مل کەچی بۆیاساودەستوری ڵێوەربگیرێ ئەگەرەرعی‌بوو .

[1] سەیری ( الحريات العامة في الدولة الإسلامية )ی ڕاشد الغنوشی و ( الدولة و النظم السياسية ) و ( الفقه الإسلامي و أدلته )ی د.وهبة الزحيلي ب٨ بکە .

## ((سەرچاوەی دەسەڵات گەل و جەماوەرە))

لەپێشەوە ئاماژەکرا بەسەروەری شەریعەت ، کەئەمە هیچ کات مانای ئەوەنییە گەل و جەماوەر وخەڵکی هیچ ڕۆڵێکیان نییە لە دیاریکردن و دەست نیشان کردنی دەسەڵاتی سیاسیدا ، قەناعەتی هەرموسڵمانێك ئەبێ هەڵقوڵاوی ئەوەبێ کە خوایگەورە بەختیاری مرۆڤەکانی ویستووە و سەروەری شەریعەتیش لەو ڕەهەندەوە سەرچاوەی گرتووە ، ئەمە جگە لەوەی لەئیسلام دا هەردوو ڕەهەندی دونیا و دواڕۆژ لەبەرچاوگیراوە و تەنها تێرکردنی ئارەزووە فیزیکییە بایۆلۆژییەکانی مرۆڤ ئامانج نییە ، بەڵکو سەرەنجامی مرۆڤ ژیانێکی هەتاهەتاییە ، وون کردنیئەم ڕاستییە وا لە مرۆڤ دەکا بەباشی لە ڕەهەندی سەروەری شەریعەت و چەندەها چەمکی هاوێنەی تێنەگا ، ئەمە جگەلەوەی لە ئیسلام دا هەڵبژاردنی دەسەڵاتی سیاسی و جێگیرکردن و لابردنی مافێکی شەرعی جەماوەری موسڵمانانە و بەبێ ئەوان دەسەڵات شەرعیەت لەدەست دەدا و ئەوەی ڕوونە ئەوەیە فەرمان ڕەوایان پاش دەست نیشان کردنیان لەلایەن گەل و ئوممەتەوە بەپێی بنەماکانی شەریعەت بۆ فەرمان ڕەوایی کاردەبەن بەڕێوە و ئەم کارە مەترسیدارە بۆ حەز و ئارەزووی دەسەڵات داران بەجێ ناهێڵێ ئەمەش دەیەها ماف دەداتە دەست جەماوەر بۆئەوەی بتوانن نمایندەیی دەسەڵات دارێتی خۆیان بکەن لە بەشداری کردنی دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامیدا.

چەسپاندنی دەسەڵات بۆگەل و جەماوەر لە ئیسلام دا بەچەندەها بەڵگە سەلماوە و شتێك نییە لەخۆڕا هاتبێتە دی و لەژێر کاریگەری بیر و بۆچونەکانی تردا سەریهەڵدابێ هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشداین ئەم بنەمایەی فەرمان ڕەوایی لە ئیسلام دا خاوەن تایبەت مەندی خۆیەتی و جیاکاریهەیە لەوەی بەڕەهایی بوترێ (( فەرمان ڕەوایی گەل بۆ گەلە)) بەمانا ڕۆژئاواییە تەقلیدیەکەی .

ئێستە بابچینە سەر چەندبەڵگەیەك لەوبارەوە ، خوای گەورە دەفەرموێ ( وَ لَقَدْ مَكَّنَّاكُمْ فِي الْأَرْضِ ) ( ڵعراف :١٠ ) یا دەفەرموێ ( الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ)(الحج:٤١) ، واتە دەسەڵات و فەرمان ڕەوایمان لەزەویدا پێدان و سەقام گیرمان کردن ، یا خوای گەورە دەفەرموێ ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَ أَطِيعُوا الرَّسُولَ وَ أُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ ) ( النساو : ٥٩ ) واتە ئەوانەی ئێوە کاروباری خۆتان داوە بەدەستیانەوە جا لەبەر ئەوەی پیادەکردنی فەرمان ڕەوایی ناگونجێ لەلایەن سەرجەم خەڵکی و گەلەوە جێبەجێبێ کەواتە دەبێ هەندێ کەس

جێگر و نوێنەری خەڵکی و ئوممەت بن بۆپیادە کردنی دەسەڵات ، هەربۆیە لە ئیسلام دا خەڵکی سەرۆکی دەوڵەت هەڵدەبژێرێ و پاشان بەیعەتی پێدەدوەن ، تاکەکان خۆیان بەیعەت بەسەرۆکی دەوڵەت دەدەن و ئەویش لە بریتی ئەوان دەسەڵات و فەرمان ڕەوایی ڕادەپەڕێنێ ، سەرۆکی دەوڵەتی ئیسلامی بەپێی هەڵبژاردن و پاشان بەیعەت پێدان دەسەڵات دەگرێتە دەست ، واتە ئەوڕاستەوخۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و بردنەڕێوەی کاروباری فەرمان ڕەوایی لە ویستیخەڵکییەوە وەریگرتووە کە ئەویش بریتیبوو لە هەڵبژاردنی لەلایەن ئەوانەوە و پاشان بەیعەت پێدانیان بەومەرجەی حوکم بەقورئان و سوونەت بکا بەوپێیەی خەلافەت لە ئیسلام دا سەرۆکایەتیکردنی عاممەی موسڵمانانە بۆڕاپەڕاندن و بەرپاکردنی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی (( دیارە ئێمە نامانەوێ لێرەدا بچینە نێوهەندێ بابەتیتری وەك کەمینە و خاوەن ئاینەکانیتر بێگومان ئەوانیش مافەکانیان لەژێر دەسەڵاتی ئیسلامیدا پارێزراوە ئەگەر ئیسلام وەکوخۆی پیادە بکرێ ))

کەواتە ئوممەت سەرۆك و فەرمان ڕەوا [*] دەکاتە نوێنەری تا بەوکار و ئەرکە شەرعیيە هەستێ ، بەوپێیەی فەرمان ڕەوایی کردن لەسەرەتا( الإبتداء )وە مافیخەڵکییە ئەمەش لە داڕشتەی گوتاری قورئاندا سەلماوە ( وَ لَقَدْ مَكَّنَّاكُمْ فِي الْأَرْضِ ) ( لأعراف : ١٠ ) .

هەڵبژاردن (اختيار)و بەیعەت پێدان مافیخەڵکییە بەوپێیە خەڵك خۆیەتی بەکاری فەرمان ڕەوایەتی هەڵدەسێ و هەر ئەوانن ئەومافەیان بەخشیوە بە فەرمان ڕەوا ئەمەش لەسونەتدا سەلماوە ، لەم بارەیەوە عوبادەی کوڕی سامیت دەفەرموێ ((بايعنا رسول الله على السمع و الطاعةفي المنشط والمكره))هەروەها لەفەرموودەی پێغەمەری خوادا هاتووە کە فەرموویەتی (من بايع إماماً فأعطاه صفقة يده وثمرة قلبه فليطعه)هەر سەبارەت بە بەیعەت دان پێغەمبەری خوا دەفەرموێ ( من مات وليس في عنقه بيعة فقد مات ميتةً جاهلية) یا پێغەمبەری خوا لەپەیمانیعەقەبەی دووەم دا دەفەرموێ ( إختاروا لي اثناعشر نقيباً) یا فەرموی پێغەمبەی خوا ( إذا خرج ثلاثة في سفر فليؤمروا أحدهم ) رواه ابو داود .
یا دەفەرموێ (لايحل لثلاثة ان يكونوا بفلاة من الارض إلا أمروا عليهم أحدهم)رواه أحمد في مسنده .

---

[*]لەمڕۆدافەرمان ڕەواتەنهاکەسێك نییەبەڵکوفەرمان ڕەوایەتیکردن دەیەها دەزگاو وەزارەتی جۆراوجۆر دەخوازێ .

هەموو ئەمانە واجب بونی ئەمارەتمان بۆدەردەخەن و ئەوەیش بەدیار دەخەن کە ئەوکارە مافیخەڵکی‌یە ، هەرلەم ڕوانگە و تێگەیشتنەوەیە ئەبووحەنیفە بە ئەبوجەعفەری مەنسور دەفەرموێ (( خەلافەت بەبێ کۆبونەوە و بەیعەت و ڕاوێژی باوەڕداران بەدی نایەت )) [1] کەواتە فەرمان ڕەوایی‌کردن و دەسەلات بەڕێوەبردن مافیخەڵکی‌یە و خەڵکی دەتوانێ بیبەخشێ بەو کەسەی دەیەوێ ، بۆئەوەی پیادەی شەرعی‌خوای بۆبکا ئەمەکاتێك کە کۆمەڵگەکە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی بێ ، دیارە ئەم بنەمایە ، وەك دەست نیشان کردنێکی سەرەتا لەژیانی پێغەمبەری خوادا شوێن گەیەکی نەبووە ، بەوپێ‌یەی کاری پێغەمبەری خوا گەیاندنی پەیام و ئەحکامە ئیسلامی‌یەکان بووە ( بەمانا فراوانەکەی ) ، بەلام بنەمای سەروەری شەریعەت ڕوون وئاشکرایە و پێغەمبەری خوا لەژیانی‌دا بەتایبەتی‌تر لە مەدینە و دوای کۆچ پیادەی کردووە ، بەلام لەدوای وەفاتی پێغەمبەری خوا و هەرلەگەڵ دەست بەکاربوونی خەلیفەکانی ڕاشدین ئەتوانین بلێین بنەمای دەسەلاتی گەل لەبواری کرداری‌دا پراکتیکە بووە [1].

ئەبوبەکری صدیق کە خەلیفەی‌یەکەمی موسڵمانان بوو ڕاستەوخۆ دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەپاش موناقەشەیەکی توندی نێوان موهاجیر و ئەنسارەکان لە کەپری بەنی‌ساعیدە بەڕێوەچوو پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا بەخاك بسپێردرێت هەڵبژێردرا ، دیارە مەبەستی سەرەکی سەرجەم ئەو مشت و مڕانە ( لەگەڵ ئەوەی هەندێ دەیانەوێ خراپ تەفسیری بکەن ) بەجێ‌گەیاندنی بەرژەوەندی ئیسلام و موسڵمانان بوو ، یەکەم کەسێکیش کە ئەبو بەکری پالاوت ( ترشیح ) کرد عومەربوو ، پاشان موافەقەی لەسەرکرا و موسڵمانانیش بەیعەتیان پێ‌کرد و پاشان عەلیش ( خ.ل )بەیعەتی بە ئەبوبەکردا.

جا لەگەڵ ئەوەی هەڵبژاردنی ئەبوبەکر شێرزەیی‌یەکی پێوەبوو هەروەك پاشتریش عومەرئاماژەی پێ‌دەکا بەلام لەگەڵ ئەوەدا بەهەڵبژاردنی موسڵمانان ئەرك و کاری‌خەلافەتی پێ‌بەخشرا نەك بەسەپاندن و زۆرەملێ لەپاش هەڵبژاردنیش ووتارە باوەکەی‌دا کە ئاماژەیە بۆئەوەی چەندەها کەسی‌تر هەیە شیاوی ئەم کارەن و ئەمیش باشترینیان نی‌یە (( و لیت علیکم و لست بخیرکم )) بووم بەسەرپەرشتیار و کاربەدەستان هەرچەندە باشترینتان نیم .

---

[1] الکردي ، مناقب الإمام الجزء الثاني ل ١٥٠ .

[1] سەیری الدولة و النظم السیاسیه بکە .

هەڵبژاردنی عومەریش بە پالاوتن ( ترشیح )ی ئەبوبەکربوو لەشێوەی ( عهد )ێك دا بۆ موسڵمانان بەڵام پاش ڕاوێژکردنی (( أهل الحل و العقد )) پاشان موسڵمانان بەیعەتیان پێکرد و ڕازی بوون .

کاتێك ئەبوبەکر هەستی بەنزیك بونەوەی ئەجەلی کرد ، داوای لەخەڵکیکرد هەرلەژیانی خۆیدا یەکێك بەفەرمان ڕەوا و سەرپەرشتیاری کاروباری موسڵمانان دەست نیشان بکەن ، تالەدوای خۆی ناکۆکییان تێنەکەوێ و موسڵمانان پەرتەوازە و بەش بەش نەبن ، بەتایبەت پاش ئەوەی سەرەتای دەست پێکردنی جەنگ لەگەڵ فارسی و ڕۆم دا دەستیپێ کردبوو ، ئەوانیش کاروبارەکەیان دایە دەستی خۆی تا کەسێکیان بۆهەڵبژێرێ کە بۆدین و دونیایان خێر و چاکەی تێدا بەدیبکا .

ئەویش پاش ماوەیەك دەستیکرد بە ڕاوێژکردن لەگەڵ گەورە هاوەڵان و خاوەن ڕایەکان ، لەهەریەکەیان سەبارەت بە پالاوتنی عومەر پرسیاری لێکردن ، لەدیار و ناودارترین ئەوکەسانەی ڕاوێژیپێکردن عوسمان و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و سەعیدی کوڕی زەید و ئوسەیدی کوڕیحضیر و چەندانیتر لەکۆچەر و ئەنسارەکان ، ئەوانیش ستایشیچاکی عومەریان کرد ، هەندێکیشیان ترسیخۆیان سەبارەت بە توندوتیژییەکەی عومەر دەربڕی لەوانە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف ، ئەبوبەکریش بەوە وەڵامیدانەوە : کە ئەوبۆیە توندوتیژە چونکە من بە نەرم ونیان دەبینێ ، خۆئەگەر کاروبار بکەوێتە دەستی ، زۆرێك لەوانە واز لێدێنێ جاپاش ئەوەی ئەبوبەکر ڕاوێژکردنەکانی تەواوکرد داوای لە عوسمان کرد کەلەم بارەیەوە شتێك بۆ موسڵمانان بنوسێ .

پاشان ڕوویکردە خەڵکەکە لەوکاتەدا خێزانەکەی ( ئەسمائی کچیعومەیس ) گرتبووی ، پێی ووتن : ئایاڕازی دەبن بەوەی دەیکەمە خەلیفەتان ، سوێند بەخوا هیچ کەم تەرخەمییەکم لە ڕاوەرگرتن دا نەکردووە و خزمێکیخۆشم نەکردووە بەسەرپەرشتیار و سەرکردەتان ؟ وە من عومەری کوڕی خەتتابم کردووە بەجێنشین ، دەی گوێڕایەڵی بن ئەوانیش ووتیان : گوێ بیست و گوێ ڕایەڵین .

پاشان ئەبووبەکر فەرمانیدا بە عوسمان تا خەڵکی ئاگاداربکاتەوە و بەیعەت بدەن ، پاشان عوسمان ڕۆیشت و عومەر و ئوسەیدی کوڕی سەعیدی ( قرضي ) لەگەڵ خۆیبرد و بەخەڵکی ووت : ئایا بەیعەت دەدەن بەوکەسەی لەم نووسراوەدا هەیە ( واتە بۆ عومەر ) ؟ ووتیان بەڵێ ، وەپاش تەواوبونی بەیعەت ، ئەبوبەکریش بەئاشکرا بەیعەتی پێدا و

ئەوەشی ڕاگەیاند کە بەم کارەی تەنها چاکەی موسڵمانانی ویستووە و ویستویەتی لەئاژاوە دووربن ، ئینجا وەسیەتی چاکەی بۆعومەر کرد [١]

کەواتە لێرەدا عومەر تەنها بە ( عهد )ی ئەبوبەکر نەکراوە بەخەلیفە بەڵکو ( یەکەم ) لەپاڵاوتن دا ڕای گەورە هاوەڵان وەرگیراوە و پاشتریش خراوەتە بەردەمی خەڵکی هەربۆیە عەلی کوڕی ئەبو طالب بەوپێیەی زەیدی کوڕی عەلی لە ( مجموع )ە کەیدا لێی دەگێڕێتەوە دەفەرموێ ئیمامەت دانامەزرێ بە بەیعەتی موسڵمانان نەبێ (( ولا تنعقد الإمامة إلا ببيعة المسلمين ))[١] وە ( ابويعلى ) لە ( الأحكام السلطانية )دا دەڵێ (( ئیمامەت دانامەزرێ بەوعەهدەی کەئیمامی پێشوو داوێتی بەڵکو بە عەهدی موسڵمانان دادەمەزرێ ( الأحكام السلطانية ) و ( ابن تيميه )ش دەفەرموێ : بەهەمان شێوە عومەر کاتێك کە ئەبوبەکر عەهدی بۆکرد ، کاتێك بوو بە ( ئیمام ) کە موسڵمانان بەیعەتیان پێ‌ی دا و گوێڕایەڵی‌یان بۆی دەربڕی ، ئەگەر وای دانێین ئەوان عەهدەکەی ئەبوبەکریان جێبەجێ‌نەکرد و بەیعەتیان پێ‌ی نەکردایە ، نەدەبوو بەئیمام ( منهاج السنة ١ / ١٤٢ )[٢].

تەنانەت عومەر ڕازی‌نابێ لەسەرئەوەی کە هەندێك ووتبویان ئەگەر عومەر بمرێ من بەیعەت بەفلان دەکەم ئەوەش دەگێڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەم کارە پێویستی بەڕاوێژی موسڵمانانە و بەبێ ڕاوێژی ئەوان دانامەزرێ و بەیعەت پێ‌دانی ئەبوبەکریش خزانی تێدابووە و ترساون لە فیتنە ، ئەمە جگەلەوەی کەس وەکو ئەبوبەکری پێ نەکراوە [٣]

ڕۆڵی‌ئوممەت لەهەڵبژاردنی فەرمان ڕەوا و ڕاوێژ پێ‌کردنی‌خەڵکی لەهەڵبژاردنی عوسماندا بەڕوونتری دەردە بڕدرێ ئەوەبوو عومەر ( خ.ل )پاش پێکرانی و برینداربوونی‌لیژنەیەکی ڕاوێژی لەشەش کەس پێك هێنا : ئەوانیش عەلی و زوبەیری کوڕی عەوام و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و عوسمانی کوڕی عەففان و تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵلا و سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص بوون وعومەر سێ ڕۆژی دەستنیشان کردتاوەکو خەلیفەی تیادا هەڵبژێرن و نەخشەی ڕاوێژکردنە کەشی بۆدەست نیشان کردن ، ئەویش هەڵبژاردن

---

[١] سەیری طبقات ابن سعد:١٢٢/٣ ، ٢٠٠ ، و تاريخ الطبري:٥١/٤ــ٥٤،الفقه الإسلامي و أدلته ب/٦١٧٤ــ ٦١٧٥ بکە .

[١] الروض النفير ١٨/٥ .

[٢] سەیری ( الثوابت و المتغيرات )ی د.صلاح الصاوي ل ١٩٢ بکە .

[٣] سەیری هەمان سەرچاوە بکە .

بوو بەپێی ڕای زۆرینە ،ئەگەریش یەکسان بوون ئەوا ئەولایە پێش دەخرێ کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری لەگەڵدایە ، خۆ ئەگەر بەبڕیار و حوکمیعەبدوڵڵاش ڕازی نەبوون ئەوا لەگەڵ ئەوەبن کە عەبدوڕەحمانی کوری عەوفی لەگەڵدایە ، فەرمانیشیدا لە ملی ئەوکە سەبدەن کەپاش ئەوە ناکۆکی درووست دەکا و جیاوازی دەنێتەوە ، ئەبو( طلحة )ی ئەنساریش بە پەنجاکەسی ئەنساریەوە کردە پاسەوانی ئەهلی ڕاوێژ و فەرمانی ئەوەشیدانێ کە نابێ ئەمان بهێڵن ( ڕاوێژکاران ) سێڕۆژ زیاتریان پێبچێ بۆدەست نیشان کردنی ئەمارەتی یەکێکیان ، عومەریش پێش کۆچیدوایی بەسەعاتێك ووتی : خوایەگیان وامن بەتۆم سپاردن .

ئەهلی ڕاوێژ ئەوسێڕۆژە خەریکی ڕاوێژکردن بوون ، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف خەلافەی لەخۆی دارنی و خەلیفەیەتی نەویست بۆئەوەی یەکلاببێتەوە بۆ ڕاوێژکردن بەهاوەڵان و پیاوماقوڵان و ئەو سەرکردەسەربازییانەی کە دەهاتنەوە بۆ مەدینە ، ڕاوێژی لەگەڵ دەکردن ، بینیخەڵکی کۆکن لەسەر عوسمان یاعەلی . بەڵام زۆرینەی ئەهلی شورا و موسڵمانان زیاتر حەزیان بە عوسمان بوو .... پاشان عەبدوڕەحمان موسڵمانانی لە مزگەوت دا کۆکردەوە و بەڵێنی لە عوسمان و عەلی وەرگرت کە کار بە کیتاب و سوننە و ڕێ و ڕەوشتیهەردوو خەلیفەی ڕاشدین بکەن و بەعەدل و و یژدانەوە ڕەفتاربکەن و پاشان عەبدوڕەحمان بەیعەتیدا بە عوسمان و موسڵمانانیش بەدوایدا .

هەندێ قسەی تریش لەم سەروبەندەدا دەوترێ جێی متمانەنییە و شیاو نییە بەهەندێ لە هاوەڵان بەتایبەت کەسانێك کە پێشینەیان هەیە لەئیسلام دا و خاوەنی ڕاوێژ و پایەن (١)

بنەمای مافی ئوممەت لەهەڵبژاردنی دەسەڵاتداردا شتێکی وابووە کە لەهۆشیفەرمان ڕەوا و فەرمان بەسەردا کراوی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا جێگەی خۆی هەبووە بۆنمونە دەبینین کاتێك عومەر دەیەوێ سەعیدی کوڕی عامری جوهەمی بکاتە قازی و ئەویش بیانوو دێنێتەوە ، عومەریش پێی دەڵێ ((سوێند بەخوا وازت لێناهێنم ، کردوتانەتە گەردنم ( واتە خەلافەت )و وازم لێ دەهێنن ..... (٢)) ، گرتنەدەستی خەلیفەیەتی لەلایەن ئیمامیعەلیشەوە

---

(١) الفقه الإسلامي و أدلته ل ٦١٧٦ ــ ٦١٧٧ .

(٢) الدولة و النظم السياسية .

سەلمێنەرێکی تری ئەم بنەمایەیە لە کۆمەڵگەی ئیسلامی‌دا ... دیارە بەهۆی ئەو ئاژاوەگێڕی و فیتنەیـەی لـە پـێش بەخەلیفـەبوونی عـەلی دا ڕووی‌ـدا و سـەرەنجام بـەکوژرانی ئیمـامی عوسمان کۆتایی‌هات .

فەرمان ڕەوایەتی ئیمامی‌عەلی ئەویەك دەنگی‌یەی بەخۆوە نەبینی‌ی کە بۆخەلیفەکانی‌تر ڕەخسـابوو ، لەگـەڵ ئەوەشـدا گـەورەهاوەڵان و خـەڵکی ووڵاتـان بەیعـەتیان پێ‌ی‌ـدا .... هەرچەندە دواتـر گرفـت و کێشـمە کێشـمی زۆری بـەدوادا هـات ... ئـەوەی گـرنگ بـێ‌لێرەدا ئەوەیە ، کاتێك کەعوسمان شەهید دەکرێ خەڵکی لەئیمامی‌عەلی کۆدەبنەوە لەکاتێکدا ئەو لەماڵەکەی خۆیدایـە و ئەیانـەوێ بەیعـەتی پێ‌بـدەن بـەڵام ئـەو بەدەمیانـەوەنابێ و داوادەکا کەسێکی‌تر دەست نیشان کەن ...

بـەڵام کاتـێ سـووربوونی خۆیـان لەسـەرئەو مەسـەلەیە دەردەبـڕن ، ئـەویش وەڵامیـان دەداتەوە و دەڵێ : بەیعەت پێدانی من بەپەنهانی نابێ و دەبێ لە مزگەوتیش دابێ جا پاش ئەوەی خەڵکی ئامادەی مزگەوت دەبن ئەمیش دەچێتە سەر دوانگە و دەری‌دەبڕێ کە ئەم کارە ( هەڵبژاردنی خەلیفە ) کاری ئەوانە و هیچ کەسێك بەبێ پرسی ئەوان ناتوانێ ئەم کارە ئەنجام بدا ( إن هذا أمركم ليس لأحد من حق ألا أن أمرتم ) ... دواتر بەیعەتی پێ‌دەکرێ [1]

ئەمانـــە و ئەوەشـــی پاشـــتر باســـی‌لی‌دەکەین دەری‌ـــدەخا هەڵبـــژاردنی ســـەرکردە و سەرپەرشـتیاری موسـڵمانان بەهەڵبـژاردن و بەیعـەتی موسـڵمانان بەئـەنجام دەگـا ، پـاش پاڵێورانی لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە وە لەسەربنەمای ڕاوێژیشك کە لەئیسلام دا کەکارەکان دەبێ بەڕاوێژ بن (وَ أَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ ) ( الشورى : ٣٨ ) .

جێگیر کردنی فەرمان ڕەوایەتی و مافی‌خەڵکی لەدەست نیشان کردن و هەڵبژاردنی دا وەکو بناغەیەکی سەرەکی سستمی فەرمان ڕەوایەتی ئیسلامی بواری موجادەلەی تێدانی‌یە و شـتێکی ڕیشـەدارە لەکۆمەڵگـەی ئیسـلامی‌دا وە خەلیفـەکانی ڕاشـدین و هەنـدێ لەوانـەی پاش ئـەوانیش بەباشـی لی‌ـی تێگەیشـتبوون ، ئەوەشـی پاشتر لەڕێگـەی موعاوی‌یـەوە ئـەم بنەمایـە دەگوازرێتـەوە بۆسسـتمی پشتاوپشـت شتێکی‌پێچـەوانەیە بەئیسـلام و زانایـانی ئیسلام نەیان سەلماندووە ، هەرچەندە لەکاتی خۆیدا بیانوی بۆدۆزراوەتەوە و پاساو دراوە ... هەرسەلماندنی ئەم مافەی خەڵکی‌یە فەرمان ڕەوایـەتی ئیسلامی لەکۆمەڵگـەی ئیسلامیدا

---

[1] سەرچاوەکانی پێشوو .

لەبەرامبەر گەل دا لێپرسراوە ، چونکە فەرمان ڕەوا نوێنەری ئوممەتە بۆ پیادەکردنی شەریعەت و گەڕاندنەوەی دەسەڵات داریێتی بۆ گەل وەك مافێکی شەرعی ...

ڕووبەڕوو بونەوەی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر و حوسەینی کوڕی عەلی ( خ،ل ) بۆفەرمان ڕەوایەتی ئەمەویەکان ، لەبەرفەرامۆش کردنی ئەم بنەمایە و گۆڕینیبووە بۆ سستمی پشتاوپشت ( الوراثة ) یا هاوشێوەیەك لەوە ، چونکە دەسەڵات مافی گەلە نەك دەستە و چینێك ، هەربۆیە هەندێ لە خەلیفەکانی بەنیئومەییە لەم ڕەفتارە وازیان هێنا و کارەکەیان گەڕاندەوە بۆخەڵکی وەك کارکردنێ بەبنەمای دەسەڵاتی گەل و ئوممەت ، خالیدی کوڕی یەزیدی کوڕی موعاویە خۆیلەکار خست و ڕووبەڕووی خەڵکی ووتی : (( فشأنكم و أمركم .... ولّو من شئتم فأنتم أولى بأمركم ))[2] .

عومەری کوڕیعەبدول عەزیزیش پاش ئەوەی لەسەر بڕیارێکی پێشینەی خەلیفە سلیمانی کوڕی عبدالملك ( عهد )ی خەلافەتی بۆ کرابوو ، چووە سەر دوانگە و پاشان ووتی : ئەی خەڵکینە من بیدعەچی نیم بەڵکو شوێن کەوتەم ( دیارە لێرەدا مەسەلەی دەسەڵات و فەرمان ڕەوایی‌کەپێشتر بەپشتاوپشت هاتووە و ئەم دەیەوێ بیگێڕتەوە بۆ سەر ڕێ و شوێنی سوننەت ) .

جائەگەر خەڵکیشار و وولاتانی دەوروبەرمان بەوێنەی ئێوە گوێڕایەڵییان کرد ئەوا من دەبمە سەرپەرشتیار و والیتان ئەگەرنا من ( والی )نیم وپاشان دابەزی [1] .

لەگێڕانەوەیتردا هاتووە ((بۆخەلافەتەکەتان ڕاوێژبکەن))... ئەو وادەبینێ عەهدی خەلیفەی پێشوو تەنهاپاڵاوتنە و خەڵکی خاوەنی کۆتا بڕیارە .

دیارە لەم بارەوە قسەی زانایان گەلێك زۆرە بەڵام ئێمە تەنها بەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین و ئەم چەند نمونەیە واز دەهێنین ..

ئەوەش گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە شێوازی کرداری خەڵکی و ئوممەت بۆئەم دەسەڵاتانە ، ئەوە پەیوەندی هەیە بەسیاسەتی شەرعی‌یەوە و بۆکەسانی شارەزا و پسپۆڕ بەجێ دەهێڵرێ و بەپێی کات و شوێن و بار و دۆخ گۆڕانی بەسەردا دێ .

---

[2] الأعلم لخيرالدين الزركلي ل ٣٤٢ ، الدولة و النظم السياسية ٢٨٩ .

[1] الثوابت و المتغيرات ل ١٩٢ .

لێرەدا گرنگە ئەوە لەبیر نەکەین کە پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو ( دەسەلاتە )ی کە شەریعەت داویەتی بە ئوممەت بەهۆی ئەمەشەوە مافی دیاریکردنی فەرمان ڕەوا یالێپێچانەوە و لێپرسینەوە یا لەکار لادانی پێدراوە ، لەگەڵ سەروەری ( السیادة ) کە ئەمە تەنهامافیخوایە و هیچ کەسێك هاوبەشی ناکا ( إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَ لَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ ) ( یوسف : ٤٠ ) .

ئەم خاڵە خاڵیجیاکەرەوەی نێوان دید و تێڕوانینی ئیسلامییە لەگەڵ عەلمانیەتی هاوچەرخدا کە ئاینی لە دەوڵەت جیا کردووەوەتەوە و سەرچاوەی ئەحکام و تەشریعاتەکانی گواستۆتەوە بۆ خەڵکی تا لەڕێی نوێنەرەکانیانەوە لە دەزگاکانی نوێنەرایەتی و ( پەرلەماندا ) پیادەی بکا و ( ئەوانیش بەپێی فیکرەی خۆیان دای بڕێژن ) بەپێی ئەو دەسەلاتەش هەرشتێکیان بوێ ( حەرام یا حەلاڵی بکەن )بێئەوەی کەس دەسەلاتی بەسەریدا بشکێ یاچاودێری بکا .

بەلام دەسەلاتیگەل و جەماوەر لە ئیسلام دا لەبازنەی سەروەری شەریعەت دا دەخولێتەوە و بۆی نییە ئەگەر هەرهەمووشیان لەسەری کۆببنەوە ناتوانن حەلاڵێ کە خواحەرامیکردووە یا حەرامێ کە خوا حەلاڵی کردووە دەستکاری بکەن یا بەبێ مۆڵەتی شەریعەت و بنەماکانی شتێك لە ئاین دا دابنێن [2] .

ئەو پەیوەندییەی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا لە نێوان ( حاکم ) و ( محکوم )دا هەیە و ئەو بنەمایەی ( تەحەکومی ) پێوە دەکا و جۆرێك لە لێڵی و لێشێوانی لای هەندێ نوسەری هاوچەرخ درووست کردووە . هەندێکیان وەکو بیردۆزەی ( سەروەری گەل ــ سیادة الامة )ی فیقهی ئەوروپیحیسابیان بۆیکردووە بێئەوەی ئیعتبارێك دانێن بۆ چوارچێوە و مەدلول و مانای ئەو بیردۆزەیە .

هەندێکی تریان هەرلەبناغەوە بیری ( السیادة )یان لە فیکری ئیسلامیدا ڕەت کردووەتەوە ، ئەوەشیان ڕەت کردۆتەوە کە هیچ پەیوەندییەك هەبێ لەنێوان گرتنەدەستی خەلافەت و بیردۆزەی ( سەروەری السیادة ) ، لێرەوەیە گرنگی نازانن باس لەگەڵ فیکرەی (السلطة للأمة ) بکەن وەك باسێك کەخاڵی هاوبەشی هەبێ لەگەڵ سەروەری ئوممەت وە بەتایبەت لەکاتێکدا باس لە پەیوەندی ( حاکم ) ( محکوم ) دەکرێ لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا .

---

[2] الثوابت و المتغيرات ١٩٤ .

دیاره ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناڕۆشنییەی کە هەردوو چەمکی ( السیادة للأمة )ی بیری ڕۆژئاوایی و ( السلطة للأمة )ی فیکری ئیسلامیدا ( وەك یەکێك لەبنەماکانی سستمی فەرمان ڕەوایی ئیسلامی) لای نووسەران هەیە .

چونکە بیردۆزەی (( سەروەری گەل ـــ سیادة الأمة )) کە سستمی ڕۆژئاوا لەسەری بەندە ، لەسەر ئەوە بنیات نراوە کە گەل مافی دانانی یاسا ( تشریع )و هەڵبژاردنی فەرمان ڕەوای هەیە ، بەوپێیەی گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە .

جابەم مانایە لەبەشی یەکەمیدا (( بوونیمافی یاسادانان ( تشریع )) لەگەڵ فیکری ئیسلامی داژایەتی هەیە بەڵام لەڕووی دووهەمەوە (( مافی هەڵبژاردنی فەمان ڕەوا )) نزیکی لەگەڵ فیکری ئیسلامیدا درووست دەکا ، ڕەچاو نەکردنی بەشی یەکەمی ( سەروەری ـــ السیادة )بووەتە هۆی ئەوەی هەندێك لەو نوسراوانە بڵێن سستمی فەرمان ڕەوایی ئیسلامی لەسەر بیردۆزەی (( سەروەری گەل ـــ السیادة للأمة )) بنیات نراوە ..... دیارە ڕۆڵی گەل لە هەڵبژاردنی سەرۆك دا هەندێك جیاوازی هەیەوەك ئەوەی لە فیکری ڕۆژئاواییدا هەیە بۆنمونە لەئیسلام دا لەدوای هەڵبژاردنیشی واجبە بەیعەتی پێبدرێ ، پاش ئەوەشی هەڵدەبژێردرێ مافی ئەوەشیپێنادا لەخۆوە یاسا دابنێ و دەست نیشانی بنەما ڕێکخەرەکانی پەیوەندییە مرۆییەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی پێ بکا مەگەر لەبە ڕرۆشنایی مەبەستەکانی شەریعەت و بەرژەوەندییەکانیخەڵك دا ، چونکە لەوەدا دەبێ بگەڕێتەوە بۆ قورئان و سوننە و سەرچاوەکانیتری تەشریع ، بۆشتە نوێ و تازە پەیدابووەکانیش کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و موجتەهید قسەی تێدا دەکەن بەوشێوازەی شیاو و گونجاوە بە واقع ،کە دەکرێ هەندێجار لە ( ڕاپرسی )جەماوەریدا هەندێ بار و دۆخی نوێ یەکلا بکرێتەوە و بڕیاری لەسەر بدرێ .

دیارە فیکرەی سەروەری ( سیادة ) ئەگەر دەربڕینێکی تایبەتی هەبووبێ لای زانایانی موسڵمان و بەوشێوازە نوێیەی کە هەیە تەعبیری لێنەکرابێ بەڵام وەکو ناوەڕۆك و زاراوە بەکارهێنراوە ، سەروەری شەریعەتیش وەك دەربڕین نوێنییە و شتێکە گونجاوە بەکاربهێنرێ و بەپێی دیدە ئیسلامییەکە مانای تایبەتیش دەبەخشێ و سەرجەم ئەو داخوازییە قورئانییانە بانگەشەی گەڕانە بۆلای قورئان و سوننە دەکەن پەیوەستەبەم بنەمایەوە .

دیاره لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە واباشە ئامارژەی پێبکرێ ئەویش ئەوەیە ئەگەر بیردۆزی سەروەری ( السیادة ) تەوەر و بابەتی ئەو کێشمەکێشم و ململانێیانەبێ کە ئەوروپا لەمیانەی چەندین سەدەدا و لەنێوان چەندان لایەندا جێی مشت ومڕ و پێکدادان بووبێ تا ئەوەبو ( سەروەری ـــ السیادة ) درایە گەل وجەماوەر بۆئەوەی پیادەی مافی یاسادانان و هەڵبژاردنی فەرمان ڕەوا بکا بەوپێیەی سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە ، ئەوا ئێمە لەمێژوی ئیسلامیدا ئەو ململانێیە بەدی ناکەین ، کە ئایا کێسەروەری بەدەستە و خاوەنیسەروەرییە چونکە سەروەری براوەتەوە و هەموو لەسەرییەك دەنگ بوون کە ئەویش قورئان و سوننەتی ( صحیح )ە .

هەربۆیە بنەمای ( دەسەڵات بۆگەل ) کە لێرەدا لێیدەدوێین وەکویەکێك لە بنەماکانی فەرمان ڕەوایی ئیسلامی مانای مافی ئوممەت دەگەیەنێ لە هەڵبژاردنی فەرمان ڕەواییدا بۆئەوەی بڕیارەکانی شەرع بەدیبێنێ و سەرپەرشتی ئەنجام دانیبکا و مافی خەڵکی لەدەست نەدرێ .

چونکە سەروەری ( السیادة ) مانای ئیقرارکردنە لەسەر حوکمەکان کە ئەمەش تەنها بەقورئان و سوننەت دەکرێ ، بەڵام دەسەڵات ( السلطة ) هەڵدەسێ بەجێبەجێکردنی ئەوحوکمانە وخەڵکیشە دەسەڵات دادەنێ بۆئەوەی ئەم کارە گرنگە ئەنجام بدا .

ئەوەی بنەما ڕێکخەرەکان دادەنێ سەروەرییە و ئەوەشی جێبەجێی دەکاپیادە کارێتی ، ئەمەش ئەو چوارچێوەیەیە کە فیکری ئیسلامی بۆ هەریەکە لە سەروەری ( السیادة ) و دەسەڵات ( السلطة )دا دەبینێ . ئینکاری کردنی بنەمای ( دەسەڵاتی ئوممەت ) وەك بنەمایەکی ئیسلامی واتە ئینکاریکردنی مافێتی ، لە هەڵبژاردنی فەرمان ڕەوادا ، هەروەك لەسەردەمی ئەمەوی و پاشتردا ڕویدا .

سەبارەت بەهەڵبژاردنی خەلیفە و کردنی بەشێوەی پشتاوپشتی نەژادخوازی بەو شێوەیەی لە مێژوی ئیسلامیدا ڕوویدا ، هیچ کات نابێتە پاساویئەوەی کە موسڵمانان مافیئەوەیان نییە ئازادبن لە هەڵبژاردنی خەلیفە و فەرمان ڕەوادا ، چونکە ئەوەی ڕوویداوە بەڵگەی خراپی پیادەکردنە ، خراپ پیادەکردنیش بەڵگەی نەبوونی بنەماکە نییە . چونکە ئەم مافە شتێکی سەلماوە بەپێی قورئان و سوننەت لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین و چەند ماوە و فەرترەیەکی جیاجیا لەمێژووی ئیسلامیدا ، ئەمەش دەکرێ بکرێتە بەڵگە بۆئەم بنەمایە نەك ئەوەی لە مێژوودا ڕوویدا و بەخراپی پیادەکراوە .

ڕاستە ئەتوانین بڵێین ڕووداوە مێژوویییەکان ئەکرێنە بەڵگەی ئەوەی کە ئایائەوبنەمایە یا هەر بنەمایەکی تر پیادە بووە یان نا ، بەڵام ناکرێتە بەڵگەی بوون یان نەبوونی ئەوبنەمایانە لە ویژدان و بیروباوەڕی کۆمەڵگەکە و لەنێو فیکرەکەدا ، ئەمانەتی زانستیش ئەوە دەخوازێ سەرجەم ئەو ڕووداوانە بهێنرێن کە ئەو بنەمایانە تیایدا پیادەبووە ، نەك باس کردنی هەندێکی و بێدەنگی لە هەندێکی تری .

لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە گرتنەدەستی پایەی خەلافەت لەنێوموسڵماناندا بووە شێوە پشتاوپشتییەك و مافی گەل پێشێل کرا و ئەو بنەمایەش بەخراپی پیادەکرا لەگەڵ ئەوەشدا پشتاوپشتی ( الوراثة ) بەتەنها بەس نەبوو بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و خەلافەت بەڵکو پێویست بوو بەیعەتی موسڵمانانی لەگەڵدابێ ، وەك دەربڕینی ڕازیبوونی جەماوەر ، دیارە لەم میانەیە ڕەگەزی زۆرلێکردن ئینکاری لێناکرێ و بووە ، .... زانایانیش ڕووبەڕووی بونەتەوە لەوانە ئیمامیمالك و ئەبو حەنیفە و چەندانیتر کە لەمێژوودا تۆمارکراوە .

بەکورتی دەتوانین بڵێین مەسەلەی سەروەری بۆ شەرع و مافی یاسادانان تەنها بۆخوای گەورە و مافی میللەت و خەڵکی لە هەڵبژاردنی پێشەوا و سەرکردەیاندا یەکێك بووە لەو بەڵگە نەویستانەی لەدڵ و دەروونی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا چەسپیوە و ( هەرچەندە فرت و فێڵ کرابێ و بەچەندەها شێواز و خۆبواردن پیادەی ئەم بنەمایە نەکرابێ) ، زانایانیش زۆر لەسەر ئەم بنەمایە دوواون و بەدووردرێژی مەرجەکانی خەلیفەیان باس کردووە [١] تاوەکو موسڵمانان بتوانن باشترین کەس بۆ پێشەوایەتی خۆیان هەڵبژێرن .

چۆنێتی ڕاپەڕاندنی کاروباری دەسەلات و فەرمان ڕەوایی بەپێی بنەمای سەروەری شەریعەت و جێبەجێکردنی حوکمە شەرعییەکان وهەروەها ئامراز و ئالیەتی هەڵبژاردنی دەسەڵات بەهەموو دام و دەزگاکانیەوە و بەهەموو ئەو لیژنە و دەزگا پسپۆڕیانەی پێداویستی فەرمان ڕەوایەتی و باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەن ئەوا بەپێی ڕۆژ و گۆڕانکارییەکان ، عەقڵیەتی ئیسلامی لەژێر ڕۆشنایی وەحی و بەکارهێنانی عەقڵ و ژیری مرۆڤ باشترین هەل و مەرجی بۆ دەڕەخسێنرێ .

---

[١] سەیری الدولة و النظم السیاسیة بکە ( ٢٩٨ ــ ٣٠٢ ) .

سەرەنجام گەیشتینە ئەوەی بەشداری جەماوەری شتێکی سەلماوە ، ئەمە جگە لەوەی لە چەندەها ڕووکای تردا ئەم ڕاستی یە بەدەردەکەوێ ، هەر بۆنمونە ڕاوێژکردن و بەیعەت دان و چاودێری کردنی کاروبارەکانی فەرمان ڕەوایی و فەرمان ڕەوایان و سنووردانان بۆ کاروبارەکانیان لەکاتی پێویست و لێپرسینەوە و لادان وعەزل کردنیان لەکاتی خۆیدا [1] ، هەروەها لەمیانەی بەرگری کاری لەستەم وزۆرداری و.... هتد ، کە لەسەر ئەمانە دەیەها نمونە و بەڵگەمان هەیە چ دەقی شەرعی و چ واقعی بەرجەستەی مێژوویی ....

لەلایەکی ترەوە بەپێی ئەم مافە هەریەکە لە فەرمان ڕەوا ( حاکم )و گەل و فەرمان بەردار ( محکوم ) چەندەها ئەرك و مافیان لەسەریەکتری هەیە پێویستە بەرامبەریەك ئەنجامی دەن و کاری بۆبکەن تاوەکو فەرمان ڕەوا خزمەت کارێکی دڵسۆزی گەلەکەی بێ و دریغی نەکا لە بەدەست هێنانی بەرژەوەندی یەکانیان ، پاراستنی مافەکانیان ، لەولاشەوە گەل و خەڵکیش دڵسۆزی دەزگای فەرمانڕەوا و فەرمان ڕەوایان بن و گوێڕایەڵیان بۆ دەربڕن لەکاتی پێویستیش دا ڕاستیان بکەنەوە ...

## ( سێ یەم و چوارەم )
## دادگەری و یەکسانی

پێش ئەوەی شتێك بڵێم سەبارەت بەم دوو بنەمایە پێم باشە ئەوسەرنجە بخەمەڕوو کە ئەو دووبنەمایەی پێشوو کە باسمان کرد سەرەکیترین بنەمای فەرمان ڕەوایی بوون لەئیسلام دا ئەوەشی کە لەمەولا باسی دەکەین ، یا دەکرێت باسیان لێوە بکرێ لەژێر ئەودووبنەمایەدا بەشێوەیەك لەشێوەکان جێگەیان دەبێتەوە ، هەر بۆنمونە کە دەڵێین بنەمای دادگەری یا ڕاوێژ ( شوری ) بۆیە دەسەلمێنرێ چونکە لەلایەکەوە پەیوەندیدارە بەسەروەری شەریعەتەوە ، بەوپێیەی لەئیسلام دا فەرمانیان پێکراوە ، لەلایەکی تریشەوە ئەم فەرمان پێکراوانە پاراستنی مافی خەڵکی یە لەوەی دادوەرانە ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێ و حیساب بۆ بیر و بۆچون و ڕایەکانیان بکرێ ... بەهەمان شێوە ئەوانی تر ....

---

[1] سەیری ( الإسلام و الفكر الإسلامي المعاصر د.حسن الذين ) و ( في السياسية الشرعية د.عبدالله النفسي ) و ( الدولة القانونية و النظام السياسية الإسلام د.منير البياتي ) بکە .

لەپێشــەوە باسـێكی دادگـەریمان كـرد لەڕوانگـەی ئیسـلامەوە ، خـراپ نیـیـە لێرەشـدا گـوزەرێكی خێـرای بەسـەردا بكـەین وەك بنەمایـەك لەبنەماپێویسـتەكانی فـەرمان ڕەوایـی ئیسلامی ...

خوای گەورە دادگەری دەوێ و دژە بەستەم كاری ، هەرلێرەشەوە دەیەوێ باوەڕدارانیش دەوڵـەت داریـیـان لەسـەر بناغـەی دادوەری بێـت و دووربـن لەسـتەم وزۆرداری ، چـونكە ئامــانجی سـەرەكی لــەناردنی پێغەمبــەران و دابەزانــدنی پــەڕاوەكانیان جێبــەجێبونی دادگەرییە لەنێوان خەڵكیدا و نەهێڵانی ستەم و زۆرداریـیە ( لَقَـدْ أَرْسَـلْنَا رُسُـلَنَا بِالْبَيِّنَـاتِ وَ أَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَ الْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ ) ( الحديد :٢٥ ) . ئەسڵ و بناغەش لەئیسلام دا ئەوەیە كە دادگەری و فەرمان ڕەوایەتی دادگەر نیشانە و بەڵگەی ئیمان بێ یاخود گرنگترین نیشانەكانی ئیمان بێ . ستەم و فەرمان ڕەوایەتی ستەم كارانە بەڵگەیەكی كرداری بێباوەڕی و تاوانباری بێ چونكە ئەمـە حـەڵاڵكردن و بەدرووسـت زانینـی شـتێكە كـە خـوای گـەورە لەسەرخۆی حەرام كردووە ... پێوەری ڕاستەقینەی فەرمان ڕەواش سوربونێتی لەسـەر پیادە كردنی دادگەری ، بەسەربەخۆیی و كەس وكار و دەوروپشتیدا پێش ئەوەی بەسـەر هـەژار و لانەوازەكاندا پیادە بكرێ ( و الذي نفسي بيده لوأن فاطمة بنت محمد فعلت ذلك لقطعت يدها ) [1].

مێـژوی موسـڵمانانیش ئەوەنـدەی بەمێژوویـەكی ڕاسـتەقینەی ئیسـلامی دادەنـرێ ، كـە شیاوە بـەڕوحی پەیامەكـەیی و دادگـەری تیـادا بەرپاكراوە...نمونەگـەلێكی ئێجگـار زۆرمـان لـەوبارەوە پێیـە ، لەڕاسـتیدا دادگـەری لـەخودی خۆیـدا بەشـتێكی بـاش و چـاك دادەنـرێ هەرچـەندە لـە كـافرێكیش بوەشـێتەوە ، وە سـتەمیش لـەخودی خۆیـدا سەرزەنشـت كـراوە هەرچەندە موسڵمانێكیش پێی هەستێ ...

هەربۆیە خوای گەورە دەفەرموێ (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ) (الحجـرات:من الآيـة ٩) (وَ اللَّـهُ لا يُحِبُّ الظَّـالِمِينَ)(آل عمـران :٥٧) ، سـەركەوتن و سـەرفرازی بۆكـەس و فـەرمان ڕەوای دادگـەرە هەرچەندە كافریش بێ ، شكستیش بۆستەم كارانە هەرچەندە موسڵمانیش بێ ــ وەكو ( ابن تيميه ) فەرمویەتی و لەشوێنی خۆیدا ئاماژەمان پێی دا .

---

[1] فتح الباری ب ١٥ ل ٩٣ .

دادوەری لەسیاسەت و دادوەریکردنی خەڵکدا واجبێکە و ناکرێ دەست بەرداریببین و دەبێ جێبەجێببێ ،خوای گەورەش فەرمانیداوە بەدادگەری ( إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ)(النحل:٩٠) وە فەرمان دەکا بە پێغەمبەر (ﷺ) کە پێمان بڵێ من فەرمانم پێکراوە کە دادگەری لە نێوانتان دا بکەم ( وَ أُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ ) ( الشورى :١٥ ) یا دەفەرموێ ( قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ ) (ألأعراف :٢٩) خوای گەورە فەرمانی بە دادگەرییە ( وَ إِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ) (النساء:٥٨)دادگەری لەووتنیشدا پێویستە وەك دەفەرموێ (وَ إِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا)(الأنعام :١٥٢).

دادگەری لە دەوڵەتی ئیسلامیدا لە بیر و باوەڕی موسڵماناندا واجبێکی شەرعییە و دەبێ لەگەڵ کافرانیش دا پابەندبین پێیەوە ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَ لا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَ اتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ) (المائدة : ٨ ) جا ئەگەر دادگەری لەگەڵ سەرجەم خەڵکیدا پێویست و مەرج بێ ، خۆ ناکرێ لەگەڵ موسڵمان و باوەڕدار پیادە ناکرێ [١] .

هەر لەم ڕووەوەیە دەبینین لە دیدی ئیسلامی ڕەسەندا ئەگەر فەرمان ڕەوا دادگەر نەبوو دەبێ چاودێری بخرێتەسەری و ڕێ و شوێنە لەبارەکان بگیرێتە بەر بۆ بەخۆدا چوونەوە ئەگەر نا دەبێ لابرێ ... لە سیاسەتی شەرعیش دا جیاوازی دەکرێ لەنێوان ئەو تاوانەی کە پەیوەندی هەیە بە تاوانی شەخسی فەرمان ڕەواوە واتە ( السيرة الخاصة )و ئەو ستەمانەی کە لەخەڵکی دەکا و مافەکانیان پێشێل دەکا و ئازادییە شەرعی و گشتییەکانیان کانیان پێشێل دەکا کە ئەمانە لە گەورەترین گوناهێکن لەلای خوای گەورە .

دیارە فیکری دادگەری لەئیسلام دا فراوانە و دەچێتە نێو بوارەکانیخێزان و کۆمەڵگە و سەرجەم بوارە جۆرا و جۆرەکانی ژیانەوە ، لەلایەکی ترەوە هەروەك چۆن دادگەرێتی پایەیەکی گرنگە لە سەراپای ژیانی ئیسلامیانەدا لەوانەش بواری فەرمان ڕەوایی و لەلایەکیترەوە ستەمیش یەکێکە لە گەورەترین تاوانەکان و خوای گەورە حەرامی کردووە و فەرمانیشی داوە ستەمکاری نەکرێ ...

ئیسلامیش چەندەها ڕێگەی داناوە بۆئەوەی لەدەوڵەتی ئیسلامیدا ستەم کاری ئەنجام نەدرێ ، لەوانەش سەوەری شەریعەت و چاودێری خەڵکی ، لەلایەکیترەوە فەرمان ڕەوا بەبەڵێن و پەیمان و بە ڕازی بوونی خەڵك دەست بەکاربووە و دەبێ ئەرکەکانی سەرشانی

---

[١] السياسة الشرعية د.عبدالله النفيسي .

بەئەنجام بگەیەنێ پاشانیش دەبێ بەپێی دەقەکانی شەریعەت فەرمان ڕەوایی بکا و تێکەڵبێ بە خەڵکی و دورەپەرێزیان لێنەکا و بەدەمیانەوە بێ ، ئەمە جگە لە چەندان ڕێگەی تری وەك پەروەردەی ئیسلامی و قەزای سەربەخۆ و حەرامی ئازاردانی خەڵکی و بونی دەزگای پرسینەوە ( الحسبة ) و چاو دێری و ڕای گشتی و...[٢] هتد

بەڵام لێرەدا ئەوپرسیارە دێتەپێشەوە کە ئایا ئەگەر یەکێك لەبنەماکانی فەرمان ڕەوایەتی ئیسلام و بگرە سیمایەکی ئیسلام بە گشتی بریتیبێ لە دادگەری و ستەم نەکردن ئەی ئایا سەرجەم ئەو ستەمکاری و زۆرداریيانەی لە مێژوی ئیسلام دا ڕوویان داوە چۆن لێك دەدەرێتەوە و بەچی پاساو دەدرێ ؟

* ئەکرێ لێرەدا لەچەند خاڵێکدا ئەو مەسەلەیە ڕوون بکەینەوە :-

سەرەتا گرنگە ئاماژە بە تێبینیيەك بکەین بەوەی کە جیاوازیهەیە لەنێوان مێژوی موسڵمانان و مێژوویەك کە ئیسلام پێی ڕازییە [١]، ئیسلام دان نانێ بەمێژوویەکدا کە بەپێی بنەما و مەبەستەکانی ئیسلام پیادە نەکراون و ڕەنگدانەوەی حەقیقەتەکانی ئیسلام نین ، باموسڵمانانیش پێی هەستابن ، ئیسلام دان دەنێ بە لاپەڕە پرشنگ دارەکانی مێژووی موسڵماناندا و ئەویتر بە سەرپێچی و لادان دادەنێ .

با فلان و ئەم و ئەوێکیخاوەن پلەوپایەش پێی هەستابن ... وەهاش دەڕوانێتە مرۆڤ کە فریشتەنییە و هەموو سیفەتێکی باش و خراپی تێدایە و دەکرێ هەرلایەنێکی زاڵبکا بەسەر ئەوی تردا .

* هیچ کەسێ ناتوانێ بیسەلمێنێ کە ئیسلام ستەم و زۆرداری بەیاسا کردووە و شەرعیەتی پێداوە ، چونکە سەرجەم تەعالیمەکانی ئیسلام کودەتا و جەنگە بەسەر ستەم وستەم کاریتردا و بانگەشەیە بۆ دادگەریی تەنانەت زاناکانمان دەڵێن لەهەر کوێدا دادگەری هەبێ شەرعیخوا لەوێیە .

* هیچ کەسێ ناتوانێ بیسەلمێنێ کە ستەم و زۆرداری لەناو ئوممەتی ئیسلامیدا بووە بەبیروباوەڕێکی درووست و ڕەوا ( عقیدة مشروعة ) ، هەروەکو لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپیدا وەهابوو ، ئەوەبوو فەلسەفەیەکی سیاسی درووست بوو کە جۆرێك لە ئولوهیەت

---

[٢] الحريات العامة في الدولة الإسلامية .

[١] سەیری خەلیفەکانی ڕاشدین بکە د. صلاح عبدالفتاح الخالدي و: فاتح سەنگاوی .

و ئیمتیازاتی وای دەبەخشییە پادشا و پاپاکانی کەنیسە کە لەسەرووی یاساوە دای دەنان ، بەڵام لەنێو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا شۆڕش دژی ستەم و زۆرداری بەشێوەیەك بوو کە تا لەشوێنێك دەکوژێنرایەوە لەشوێنێکی تر دادەگیرسا ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامێتی بەها ئیسلامییەکانی هاووێنەی دادگەری و ڕەوا و ئازادیخوازیی لەدڵ و دەرونی زۆربەی موسڵماناندا بەڕادەیەك تیاچونی نەفس و سامان و داراییان لەپێناوی گەڕانەوەی ئەو بەها و ( مُثُل )ە وون بووانە بەکەم نرخ زانیوە کە لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدیدا بەرجەستە بووە . هەروەك ( أ.محمود الناكوع ) دەڵێ (( بەتوێژینەوەیەکی مێژووی کۆمەڵگەی عەرەبی ئیسلامی و مێژووی دەسەڵاتی سیاسی لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسیەکاندا ، کە بریتییە لە گەورەترین قۆناغەکانیمێژوو ، ئەوە وەردەگرین کە لادانەکانی ڕەفتاری سیاسی بنیاتی ڕۆشنبیری نەگرتەوە و پایەکانی عەقیدەی نەڕووخاند و ئەحکامەکانی شەریعەت و پەنا بۆبردنی لە کۆمەڵگەدا پووچ نەکردەوە و بەرهەڵستی ئازادی جووڵە و گواستنەوە و بازرگانی و بڵاوکردنەوەی زانست و پیشەی نەکرد ، بەڵکو لەڕاستیدا ژیانی مەدەنی گەشەدار بووە)) .

* ستەم و زۆرداری تاپۆنییە لەسەر مێژووی موسڵمانان ، بەڵکو ئیسلام لەم ڕووەوە ڕۆڵی هەرە گرنگی بینیوە ، لەنێو موسڵماناندا کەسی وا هەڵنەکەوتووە بانگەشەی ئلوهیەت بکا ، یا بەناوی خواوە قسە بکا ، یا گومڕایی و سەر لێشێواوییەکەی لەبەرامبەر خەڵك و جەماوەری خۆیاندا بگاتە ئەو ئاستەی لەبازاڕەکاندا (( چەکی لێخۆش بوون و بەهەشت )) بفرۆشرێت . یا زەوی بەموڵکی فەرمان ڕەوا دابنرێت .

مێژووی هیندییەسورەکان کە خاوەن داری ڕەسەنی ئەمریکا بوون کارەساتێکی زۆر دوور نییە ، داگیرکاری ئەوروپییە کانیش دژ بە زۆربەی وڵاتان لەسەردەمی نوێدا شتێکی نکوڵی لێکراو نییە ، وەك ئەوەی کۆشك و تەلارەکانیان بە جم جمە و خوێن و سەروەت و سامانی گەلانی چەوساوە پێکەوە نرابێ وایە ، ئەو کارەساتەی لە جەنگە جیهانییەکاندا بەسەر دانیشتوانی گۆی زەوی داهات بەرهەم و سەرەنجامی ئەو حەزە چڵێسەبوون کە تەنها لە بەرژەوەندی ماددی زیاتر هیچی نەدەبینی و .... هتد .

لەبەرامبەردا مەشروعیەتی باڵای ئیسلام کە فەرمان ڕەوایی ئیسلامی لەسەر بنیات دەنرێ وادەکا دەوڵەت بەرە و بانگەشەی خوایەتی نەچێ ( وەکو لە ڕۆژئاوادا ڕوویدا ...)و یاسا و دەزگا و کەسەکانی لەژێرسایەی دەسەڵاتی یاسابالاییدابێ کەبریتییە لە ( شەرع ) ،

مێـژووی کـۆنی ئیمبراتۆریەتـە کۆنـەکانیش ئاسـتی سـتەم کـاری ئـەوانمان زیـاتر بـۆ دەردەخـا ئەگەر بەراوردی بکەین بەمێژووی موسڵمانان بەوانەشەوە کە لایان داوە و ستەمیان کردووە.

* لەڕاستیدا مێژووی ئیسلام زنجیرەیەکی یەك لەدوایـەکی سسـتمی زۆرداری نـەبووە ، هـیچ سـەردەمێکی خـاڵی نـەبووە لـە جـۆرێکی ئـاوێزان بـوون ( تفاعل ) لەگـەڵ ئیسـلام دا و بەهاکانی ئیسلامیش تاڕاددەیـەکی باش لەزۆربـەی سـەردەمەکاندا باڵاییان هـەبووە ، فـەرمان ڕەوایـانیش مەشـروعیەتی خۆیـان لەشـەریعەتەوە وەرگرتـووە ( ئـەگـەر بـۆ پاسـاودانیش بوبـێ واتە شەریعەت جۆرێك لە هەژمونی تایبەتی هەبووە ) ، ئەمە جگە لـەوەی وولاتـانی ئیسـلامی لەئەزمونی هاوچەرخی عەلمانیدا لەدەردەسـەرێ و نەهامـەتی زیـاتر شـتێکی وەهابەرچاویان بۆبەرهەم نەهاتووە کە شایەنیباس بێ جگە لە پاشـکۆیایەتی و دواکـەوتوویی نـەبێ ، دیـارە گـەلی کوردیشـمان لـەوەدا پشـکی شـێری بەرکـەوتووە ، جـەماوەریش لـەم نێوەنـدەدا بـاجی هەرەگەورەی داوە .

* لادان لە بیروباوەر و بنەماکانی ئیسلام ، شاهێدیـەك نیـیە دژ بەئیسـلام بـەکاربهێنرێ ، جائەگەر ئیسلام سازێنەر و دروست کاری سـتەم و زۆردای نـەبێ ، بـەڵکو شـۆڕشێك بـێ دژ بەستەم و زۆرداری و موژدە بەخشی ئازادی و دادگەری بێ ئەوەشـی کـە لەهەنـدێ سـەردەم و کات دا ڕوویان داوە و ستەم و زۆرداری ئەنجام دراوە و لە دادگەری ترازاون ئـەوا هـەروەك لـە پێشەوە ووتمان ئیسلام لەبارەیـەوە بـەرپرس نیـیە ، ڕەواش نیـیە کـە بدرێتـە پـاڵ ئیسـلام و لەسـەر ئیسـلام حیسـێب کـرێ ، مـەرج نیـیـە مێـژووی ئیسـلام یەکسـان بـێ بـە مێـژووی موسڵمانان ، بەڵکو مێژووی ئیسلام چەردەیەکە لە هەڵوێست و ڕەفتار کە موسـڵمانان بـەپێی ئیسلام و لەوڕوانگەیەوە پێی هەستاون ... ئەوەیتر لەسـەر مێـژووی نـەفامی و هـۆزایـەتی و پیادەکردنی هەڵە کەڵەکە دەکرێ نەك خودی ئیسلام وەك ئاین و بیروباوەڕ .

* لەڕوانگەی هەڵوێست گیری لەخاوەن ئاین و بیروباوەڕەکانیتر ... مێژووی موسـڵمانان بەپێی ئەو سەردەمە دوور و درێژەی کە هەیبووەوە ئەودەسەڵاتە بەتوانایەی کە موسـڵمانان خاوەنی بوون لەزۆر ڕووەوە بواری مرۆڤایەتیانەی ئیسلام و موسڵمانان پـڕە لـە سـەروەری و سـەربەرزی و پاراسـتنی مافـەکانی مرۆڤــ و لەبـەر بیروبـاوەڕ و قەناعـەتی دینـی پاکتـاوی

بەکۆمەڵی هیچ خاوەن ئایین یا مەزهەب و دینێك نەکراوە [(١)] ، کە بەپێچەوانەوە ئەوە زۆر بەئاشکرایی لەلایەن گەلانی ئەوروپیەوە دەبینین کە نمونەیان لە چەندانی وەکو لەناوبردنی موسڵمانانی ئەندەلوس و قودس وهیندی یەسورەکان و جەزائیری یەکاندا دەبینین ئەمە جگەلە کارەساتەکانی سەردەمی هاوچەرخ و وێنەی بۆسنەوهەرسك و کۆسۆڤۆو چیچان و فەلەستین و کارەساتەکانی تری ژێردەسەڵاتی حکومەتە عەلمانی یەکان هاووێنەی کوردستان و .... هتد .

دەیەها زانای بەویژدانی تریش شاهێدی ئەم حاڵەتەن و مێژووش شاهێدی ڕێژەیەکی زۆری ئەو کاربەدەستانەیە کە خاوەنی ئاینی جیاوازبوون و لەدام و دەزگای دەوڵەتی ئیسلامی دا ڕۆڵیان بینیوە [(٢)] ، مانەوەی کەمینە ئاینی یەکان لە زۆربەی وولاتانی ئیسلامی دا بەجولەکەشەوە شاهێدی ئەوحاڵەتەن ، نکوڵی لەوە ناکرێ عەقڵیەتی کۆمەڵایەتی و هەندێ بیرو بۆچون لەهەندێ قۆناغی مێژوویی دا هۆکاربوون بۆهەندێ سوکایەتی بەڵام لەئاستی بەراوردکردندا نین بە ئەوانی تری جیاواز ، چ لەناوخۆ یان و چ لەبەرامبەر موسڵماناندا .

پێش کۆتایی هێنان بە چەمکی دادگەری خراپ نی یە ئاماژەیەکی کورت بەچەمکی دیموکراسی بکەین ، دیارە باس کردن لە دیموکراسی و چۆنێتی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی و ئەو قۆناغە مێژوویی یانەی پێیدا تێ پەڕیوە تاوەکو گەیشتنی بەم قۆناغەی ئەمڕۆ ، پاشان ووردکردنەوەی سەرجەم ڕەهەندەکانی و ئەو مەودایەی دەیگرێتەوە تا دەگاتە هەڵوێستی ئیسلام یاخود بزافە جۆرا و جۆرە ئیسلامی یەکان ، سەبارەت بە دیموکراسی باسێکی دوورودرێژە و بابەتێکی لەبارە بۆ نوسراوێکی تایبەتی و کتێبێکی سەربەخۆ ، هەربۆیە ناکرێ بەدرێژی بچینە ناویەوە و لەبارەیەوە بدوێین بەتایبەت باسەکە ئاوکێشە ، لێرەدا هەوڵ دەدەم بەکورتی و زۆربەچڕی ئاماژەیەکی پێ بدەین ، ئەمەش دوورمان ناخاتەوە لە ئەسڵی بابەتەکەمان و ئەم کورتە سەرنجانەش بەگرنگ دەبینم .

زۆرلەگەڵ ئەو ووتەیەی بیریاری ئیسلامی ناسراوی میسری ( فهمي هويدي )دام کە دەڵێ ( دووجار ستەم لە ئیسلام دەکرێ ، جارێك بەراوردی دەکرێ بە دیموکراسی ، جارێکیش دەوترێ ئیسلام دژی دیموکراسی یە ، چونکە بەراورد لە نێوان ئەودووانەدا هەڵەیە ،

---

[(١)] ئەمەحاڵەتی گشتی بووە ، بەڵام هەندێ کارەساتی وەکوقەتڵوعامی ئەرمەنی یەکان ئەوە بەڕاستی لەساتەوەختی پەرەسەندنی عەلمانیەت دابووە لەتورکیاوپاڵنەرەکەسیاسی بووە یائاینی ئەوە پێویستی بە دواداچوون هەیە .

[(٢)] الحريات المعلقة في الدولة الإسلامية / الشيخ راشد الغنوشي ، مركز دراسات الوحدة العربية ــــ بيروت آب / أغسطس ١٩٩٣ .

بانگەشەکردنی ناکۆکی و دژبونیشیان هەڵەیەکی گەورەترە ، ئەم باسە یەکەم پێویستی بە دەرخستن هەیە و دوەمیش داخوازی ڕوونکردنەوە و خستنەڕووە .

لەڕووی مەنهەجیەوە بەراوردکردن لەنێوان ئیسلام کەئاین و پەیامە و چەندەها بنەما لەخۆی دەگرێ بۆ ڕێکخستنی پەرستشەکانی خەڵکی و ڕەوشت و هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دیموکراسیدا کە سستمێکە بۆ فەرمان ڕەوایی و ئامرازێکە بۆ بەشداری ( مشارکة )و ناونیشانێکە هەڵگری چەندان بەهای ئیجابیە ئەستەمە ، بەڵێ زۆرشت هەیە ئەکرێ بوترێ سەبارەت بەو بەراوردکاریە ، بەڵام ڕەهەندی شارستانیانەی کێشەکە کە پێویستە ڕوون بێت ، بەوپێیەی ئیسلام پرۆژەیەکی شارستانیانەی تایبەت بەخۆی هەیە ، بەڵام دیموکراسی بەشێکە لەپرۆژەیەکی شارستانی جیاتر .

ئەم جیاوازیە نابێ بەمانای دژبوون یا ناکۆکی لێك بدرێتەوە ، چونکە بواری ڕێك بوون لەهەندێ بەها سەرەکی و نمونە بەرزەکاندا بەرقەرارە ، بەڵکو پێویستە لەبازنە و چوارچێوەی جۆراوجۆری و لێك جیایی‌دا لێی تێبگەین ..[1] .

ڕاستە زاراوەکان گەشەسەندووی ژینگەیەکی تایبەتن و ناکرێ بەتەواوی داڕنرێ لەو ژینگەیەی کە گەشەی تێدا کردووە بەڵام هەمووڵایەکیش ئەوە دەزانین چەمکەکانی مافی‌مرۆڤ و دیموکراسی و هاو وێنەیان سەرجەم مرۆڤایەتی بەشداریان کردووە لە داڕشتنی کرۆکەکەیدا و بەچەندین قۆناغ و باری جیاجیادا تێپەڕیون تا گەیشتووەتە ئەم قۆناغە کە لای‌کەم لەڕووی بیردۆزیەوە هەموو مرۆڤایەتی دەتوانن کە لکی‌لێ ببینن و پاشتریش لەواقع وپراکتیك دا ڕەنگ دەداتەوە ... لەهەمان کاتدا لەڕووی فیکریەوە ناکرێ هەموو زاراوەیەك بەڕەهایی بەکاربهێنین کە بارگاویە بە تایبەتمەندی بیروبۆچون و شارستانیەتە جیاجیاکانەوە تاوەکو هەڵوێستی ڕوون وەرنەگیرێ لەبەرامبەری دا و بارگاوی نەکرێ بەو چەمك و بیروبۆچونانەی بۆی دەگوازرێتەوە .

ئەتوانین بەکورتی بڵێین ئەوەی لەئیسلام دا پەسەند نیە بریتیە لەوەی دیموکراسی وەکو مەرجەعیەت و فەلسەفەیەکی ژیان بۆی بڕوانرێ و گەل لەڕێگەی نوێنەرەکانیەوە بێ‌گوێدانە هیچ بەهایەکی ئیسلامی و حەڵاڵ و حەرام و ( ثوابت )ە کانی‌ئاین بەئارەزوی خۆیان حەڵاڵ حەرام و حەرام حەڵاڵ بکەن ، ئەم حاڵەتە لای هیچ موسڵمانێك پەسەند نیە ،

---

[1] الإسلام و الديمقراطية ل١٧ ، توێژینەوەیەکەلەنێوکتێبی(الحركات الإسلامية و الديمقراطية دراسات في الفكر و الممارسة ) کە ( مركز الدراسات الوحدة العربية ) بڵاوی کردۆتەوە .

ئەگەر لەکۆمەڵگەیەکی ئیسلامیدا بارودۆخەکە بەوشێوەیەی لێهات ئەوا لەڕوی شەرعی یەوە واجبە سەرجەم موسڵمانان و بیرمەند و بانگخوازان کار بۆگۆڕینی بکەن و نەیاری خۆیان لەوڕووەوە بخەنە ڕوو، هەرئەم ڕووەی دیموکراسی یە وای کردووە هەندێ لە ئیسلام خوازان بەدوودڵی و ڕاڕایی یەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و یەکسانی کەن بە چەمکی عەلمانیەت ، لێرەوەش بە سەروبەرەوە ڕەفزیبکەن ... بەڵام دیارە ئێمە بڕوامان بەوە نی یە عەلمانیەت و دیموکراسی هەمووجار دەست لەملانی یەك و ( لازم و ملزوم )ی یەك بن ، لەم ڕووەشەوە دەیەها بەڵگەی مێژویی و هەنوکەییمان لەبەردەست دایە ، واتە مەرج نی یە ئەوەی دیموکراسی خوازبێ دەبێت عەلمانی بێ و هەمووعەلمانی یەکیش دیموکراسی بێ .

بەڵام دیموکراسی وەکو کرۆك و جەوهەر و بابەتێك لە فیکری سیاسیدا کە چەندین مانای وەکو ئازادی ڕا دەربڕین و هەڵبژاردنی فەرمان ڕەوایان و چاودێری کردن و لابردنیان یالێپرسینەوەیان و گەڕانەوەی ئەوان بۆلای گەل و ڕاوێژ پێکردنیان هەروەها دووربوون لەتاك ڕەوی و زۆرداری و دیکتاتۆریەت ، وە ڕێگەی تەعبیرکردن بێ لە داخوازی یەکانی جەماوەر و گرفت و کێشەکانیان و... چەندین خاڵی تری هاوشێوەی ئەمانە ، ئەوا بەم تێڕوانینە دیموکراسی ( لانیکەم لەم ڕووەوە ) دژنی یە بە ئیسلام و دابین کردنی ئەم مافانە لە ئیسلام دا دەستەبەر کراوە و داخوازی خودی ئیسلام خۆیەتی ، لەم ڕووەوە ئەکرێ زۆرینەی ئاراستە ئیسلامی یەکانی ئەمڕۆ وەها دانێین کە لە ڕیزبەندی دیموکراسیدان و دژ و ناکۆکن لەگەڵ ستەم و زۆرداری و دیکتاتۆریەت دا ... ئەمە جگە لەوەی ئالیەتی دیموکراسی شێوازێکی لەبارە بۆ پیادەکردنی بنەمای ڕاوێژ ( شوری ) کە ئیسلام گرنگی یەکی تایبەتی پێداوە ....

ئەمەش مانای وانی یە ناکرێ و ناتوانرێ شێوە و شێوازی لەوە باشتر بەدی بێت ، بەڵام ئەوەی لەواقع دا دەبینرێ ئەوەیە دیموکراسیەت ( بەم مانایە سەرەڕای کەم و کوڕی یەکانیشی ) تاکو ئێستا خۆی سەلماندووە ، دەرگاش والایە بۆ خستنە ڕووی بەدیلی تر تاوەکو بتوانرێ لەڕێیەوە مانا و چەمکەکانی دادگەری و مرۆڤ دۆستی و پێکەوە ژیان بەدی بهێنرێ کە بەشێکی جیا نەکراوەن لە فیکرە و دیدی ئیسلامی

## ( یەکسانی )

ئـەکرێ بـوترێ یەکسـانی لەدیـدە ئیسـلامیەکەوە شـتێکی وایجیاێیـە لـە بنـەمای دادگـەری ، دادگـەریش یەکێکـە لـە ڕواڵەتـە سـەرەکییەکانی کۆمەڵگـەی ئیسـلامی ، دادگـەری تـەواویش ئەوەیـە هاووڵاتیـان و خـەڵکی لـە مـاف و ئازادییەکانیانـدا یەکسـان بـن ، ئیسـلام هـانی دادگـەری و یەکسـانیدەدا و بانگەشـەی بڵاوبونـەوەی دەکـا لەسـەرجەم بوارەکـانی کۆمەڵگـەی ئیسـلامی و مرۆییدا ، چونکە مرۆڤـەکان بەشێوەیەکی گشتیی لـەدوو ڕیشـە و بناغەدا یەکسانن :

یەکـەم : سـەرجەمیان تـەکلیفیان لێکـراوە و کـەس جیاناکرێیـەوە لـەو داواکارییـە و پێغەمبەران و کتێبەکانی خواش بۆئەو مەبەستە نێرراون ( رُسُلاً مُبَشِّرِينَ وَ مُنْذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ ) ( النساء :١٦٥ ) واتە پێغەمبەرانێك کە موژدەدەر و ترسێنەرن ، تـا خـەڵکی هـیچ بەڵگەیـەکیان بەدەسـتەوە نـەمێنێت ، دوای ئـەوەی خـوا پێغەمبـەرانی بـۆ ڕەوانە کردوون .

دووهەم : سەرجەم مرۆڤەکان یەك ڕیشەوئەسڵیان هەیە ( يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَ خَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَ بَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَ نِسَاءً وَ اتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَ الْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً ) (النساء :١ ) واتە ئەی خەڵکینە لەخەشم و ناڕەزایی ئـەو پـەروەردگارەتان خـۆ بپـارێزن کـە ئێـوەی لـە تاکـە نەفسـێك درووسـت کـردووە ، هـەر لـەو نەفسـەش هاوسـەرەکەی بـەدی هێنـا و لـەو دوانـە پیـاوان و ژنـانی زۆریخسـتۆتەوە و بڵاوکردەوە ، هەروەها لەو خوایە بترسن کە لەیەکتر داوادەکەن بەناوی ئەوەوە ، پەیوەندی خزمایەتیش بپارێزن چونکە بەڕاستی خوا چاودێرە بەسەرتانەوە .

لێـرەوە ئـەم دووبناغەیـە ئـەوە دەخـوازێ سـەیری ڕەگـەز و ڕەنگـی مرۆڤـەکان نـەکرێ و جیاوازی ئاین و بیر و باوەڕکـان حاڵـەتی تایبـەتی دەخـوازێ کـە ئێـرە جـێی باسیدێیە ، جیاوازی نێوان گەل و نەتەوە و هۆزەکانیش دەبێ ( تعارف ) و یـەکتر ناسیی لێبکەوێتـەوە ( يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَ أُنْثَى وَ جَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَ قَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ) ( الحجرات :١٣ ) واتـە ئـەی خەڵکینـە بێگومـان ئێمـە هـەمووتانمان لـە نێر و مێیەك درووسـت کـردووە ، وە کردومـانن بـە چـەندە هاگـەل و تـیرە و هـۆزی جۆربـەجۆر ، تـا یـەکتر بناسن (پەیوەندیتان خۆش بێ بەیەکەوە ) بەڕاستی بەڕێزترینتان لایخوا ئەوکەسانەتانە

كە زۆرتر لەخواترسە و فەرمان بەرداری خوایە . دیارە قسە لێرەدا لەمەڕ هەڵس و كەوتە لەژیانی دونیادا نەك ڕاستی و ناڕاستی ئەوەی هەیە .

ئیسلام بەشێوەیەكی گشتی داوای یەكسانی دەكا ، یەكسانیكردنی باوك لەنێوان منداڵەكانی دا و پیاو لەنێوان ژنەكانیدا ( ئەگەر لە یەكێك زیاتری هەبوو) وە یەكسانی قازی لەنێوان لایەنە ناكۆكەكاندا هەموو ئەمانەش بە بەڵگە سەلمێنراون ... ئەكرێ بەڵگەكانی دادگەریش بۆ بابەتییەكسانی شیاوبن بەوپێیەی یەكسانی بەشێكە لە دادگەری ، هەر بۆیە پێویست ناكا ئەو بەڵگانە دووبارە بكەینەوە (*) دیارە بەوپێیەی باسەكەی ئێمە تایبەتە بە یەكسانی وەك بنەمایەك لەبنەماكانی فەرمان ڕەوایی لەئیسلام دا ئەكرێ لە چەند خاڵێكدا ئاماژەی پێبكرێ :

**یەكەم : یەكسانی لەبەرامبەر یاسادا:**

مەبەستیشمان لەم خاڵە جیانەكردنەوەی هیچ كەسێكە لە كەسێكیدی لەكاتی پیادەكردنی یاسادا ..لە سستمی ئیسلامیش دا یاسا لە قورئان وسوننەتەوە وەردەگیرێ بێئەوەی هیچ چین و ڕەگەز و ڕەنگێ لەویدی بەڕێزتر بێ ، كرێكار و میر و ڕەش و سپی و سەركردە و خەڵكی و دەوڵەمەند و هەژار و بەهێز و لاواز سەرجەمیان یەكسانن لەبەردەم یاسایئیسلام دا . لەشەریعەتی ئیسلامیش دا هیچ ئیمتیازێكی تایبەت نادرێ بەهیچ یەكێ لەوانە مەگەر بەركردەوەی چاك و ڕەفتاری باش نەبێ ( إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ) ( الحجرات : من الآية ١٣ ) لە فەرموودەشدا هاتووە (( من يبطئ عمله لم يسرع به نسبه )) السنن الدارمي ب/١ ل ٨٣ .

یاساكانی ئیسلامیش بەپێی كیتاب و سوننە لەسزا و سەودا گەرییەكان ، وە سەرجەم ئەحكامەكانی تریشدا گشتین و بەسەر هەموو لایەكدا پیادە دەكرێت و بەهۆی هیچ پلە و پایەیەكەوە كەسیلێهەڵناوێردرێ ئەگەر سەركردەی باوەڕدارانیش بێ ، لەقورئان و سوننەشدا یاسایەكی تایبەت نییە كە ئەوان لەخەڵكیتر جیابكاتەوە ، پێغەمبەری خواش لەژیانیدا تەئكیدی كردۆتەوە لەسەر بنەمای یەكسانی و بەتوندیش چووەتەوە بەڕووی

---

(*) بۆئەم باسە سەیری (الدولة القانونية ی د.منيرالبياتي) و (نظام الحكم في الإسلام د. محمد فاروق النبهان) و (في الفقه السياسي الأسلامي فريدعبدالخالق) و (الحريات العامة في الدولة الإسلامية)و(حقوق الانسان عبدالله حامد) بكە .

ئەوانەدا و یستویانە لەحەدێکی شەرعیدا تکا بکەن و هەوڵ دەن بەشێك لە حەددەکانیخوا پیادە نەکرێ ، بۆیە زۆر بەتوندی ڕوو بە ڕوی ئوسامەی خۆشەویستی خۆی دەبێتەوە کاتێك دەیەوێ لە مەسەلەی دەست نەبڕینی ئافرەتێکدا تکا بکا لەبەرئەوەی لە هۆزێکی ڕێزدار و شەریف بووە و پێی دەڵێ ( ئایا لەحەدێکی خوادا تکادەکەی ، بەخوا ئەگەر ( فاطمة )ی کچی محمد دزی بکا محمد دەستی دەبڕێ )) [1] .

پێغەمبەری خواش ( ﷺ ) ئەمە بەهۆکاری تیاچوونیگەلان دا دەنێ کاتێك تەنهایاسا بەسەر نەدار و هەژارەکاندا پیادە بکرێ و دەسەلاّت دار و بەتواناکانی لێ ببوێردرێ : ( إنما أهلك من كان قبلكم أنهم كانوا إذا سرق فيهم الشريف تركوه و إذا سرق فيهم الضعيف أقاموا عليه الحد ، وأيم الله لوأن فاطمة بنت محمد سرقت لقطعت يدها ) رواه البخاري و مسلم .

هەروەها خەڵکی بەچاوێکی یەکسانەوە تەماشا دەکرێ لەبەرامبەر یاسادا و پێغەمبەری خواش دەفەرموێ ( الناس سواسية كأسنان المشط ) خەڵکی وەکو دانەکانی شانەوان لە یەکسانیدا .

سەبارەت بەو هاونیشتمانییانەی کە موسڵمان نین ، ئەسڵ ئەوەیە ئەوان لەیاسای ئیسلامیدا یەکسانن لەگەڵ موسڵمانان دا ، ئەوەشی تایبەتە بەعەقیدە و بیروباوەڕەوە ئەوە لە بووارێکی تردایە .. پیادەکردنی ئەم بنەمایەش لەسەردەمی زێڕینی ئیسلام و پاشتریش نمونەی واقعی هەیە ، یەك لەوانە ئەو ڕووداوەیە کە عومەری کوڕی خەتاب هەڵوێستی گرت سەبارەت بە کوڕی والی میصر ( عەمری کوڕی عاص و پاش ئەوەی قیبتییەك شکاتی لێدەکا ئەویش دەنێرێت بەدوای هەردووکیاندا و پاشان تۆڵەی لێدانەکەی لە کوڕەکەی عەمر دەستێنێ و.... کە لەدواییدا ئەم ووتە بەناوبانگە دەڵێ( منذ كم ياعمر تعبدتم الناس و قد ولدتهم أمهاتهم أحراراً ) ( جبلة بن أيهم الغساني ) کە لە پادشاکانی ( آل جفنة ) بووە و موسڵمان بوو ،خۆیی و ( ٥٠٠ ) کەس لە کەس و کاری هاتن بۆلای عومەر و عومەریش زۆر دڵیپێخۆش بوو لەکاتی سوڕانەوە بەدەوری کەعبەدا پیاوێکی فەزاری پێی لە جلەکەی دەکەوێ و شیتەڵیدەکا ئەویش دەدات بەلوتیا و دەیشکێنێ و پاشتر ئەمە بۆعومەر دەسەلمێنن ، عومەریش پێی دەڵێ یادەبێ تۆڵەی بۆبکەیتەوە یا تۆڵەت لێدەستێنینەوە ، ئەویش دەڵێ ئەی ئەمیری باوەڕداران شتیوا چۆن دەبێ من پادشام و ئەو بازاڕییە ؟ عومەر

---

[1] بخاري ج ٨ ، ل ١٩٩ طبعة دارالكتب هەروەها لە(مسلم)یش دا هاتووە .

پێی‌دەڵێ ئیسلام یەکسانی‌کردوون مەگەر بە تەقوا وعیبادەت نەبێ ، ( جبلە ) دەڵێ وامزانی لە ئیسلام دا سەربەرزتر دەبم ، کۆتایی بەسەرهاتەکە بەوە دەبێ لەدوای مۆڵەت وەرگرتنێ بۆ بیرکردنەوە ( جبلە ) ڕادەکا و دەبێتەوە مەسیحی و دەچێت بۆ ( قسطنطينية ) .

**دووەم : یەکسانی لەبەرامبەر قەزادا :**

هەروەك چۆن لە ئیسلام دا هیچ کەسێك ئیمتیازاتێکی نی‌یە لەبەرامبەر یاسادا و یاسا بەسەر هەمووکەسێك دا پیادە دەکرێ وهیچ کەس و چینێك و ڕەگەزێك لەیاسا نابوێردرێ ، بەهەمان شێوە هەموو کەسێ لەبەرامبە رقەزادا یەکسانە و هیچ گرۆهو دەستە و بنەماڵە و چین و پلەدارێ یاسای تایبەتی‌نی‌یە و مەحکەمەی تایبەتیان بۆ دیاری ناکرێ ، یەکێك لەجێی شانازی‌یەکانی موسڵمان لەسەردەمە زێڕینەکانی و هەندێ ماوەی تریش سەربەخۆ بونێکی ڕێژەیی ( ئەگەر نەڵێین تەواوی هەبووە ) ، هەوەرها ئەم یەکسانی‌یەش بەسەر سەرجەم خەڵکی‌دا لەوانە خەلیفە و خەڵکی بەگشتی و خاوەن ئاینەکانی تردا پیادەکراوە .

ئیمامی عومەریش ڕازی دەبێ بەحوکمێکی بوێرانەی ( شورەیکی قازی ) لەبەرامبەر کەسێکی ئاسایی‌دا کە ووشترەکەی لای عومەر لاواز بووە شورەیك فەرمان دەدا مافی ئەوکەسەیە ووشترەکەی وەکوخۆی بەساغی بۆ بگێڕێتەوە ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی عومەر هان بدات شورەیك بکاتە قازی ( کە پێش ئەوە تەنها کەسێکی جێ متمانەی شکات لێکەرەکەی بووە ) ... هەربۆیە سەرکردە و فەرمانڕەوایانی موسڵمانان لە شەریعەتی ئیسلامی پیرۆزی‌یان نی‌یە و دەبێ مل کەچی یاسابن .

ئەوەتا ئیمامی‌عەلی ئامادەی قەزادەبێ لەگەڵ جولەکەیەکدا و قازیش لەبەرئەوەی ئیمامی‌عەلی بەڵگەی پێویستی نی‌یە ئەمە وائەکات مافەکە بدات بە جولەکەکە ، موغەیرەش کاتێ بە ( زینا ) تۆمەتبار دەکرێ بەشێوەیەکی ئاسایی مەحکەمە دەکرێ ، یەحیای کوڕی ئەکثەم ڕازی نابێ خەلیفە مەئمون بە تەرتیباتێکی تایبەتی‌یەوە لەبەرامبەر دژەکەیدا لە مەحکەمەدا دانیشێ و داوای لێ‌دەکرێ لەوشتەدا یەکسان کرێن کە ئەویش ڕاخستنی فەرشە بۆ هەردووکیان .

فەرمان ڕەوایان فەرمانیان پێ‌کراوە بە دادگەری لەنێو جەماوەریاندا فەرمان ڕەوایی‌بکەن و مافەکانیان پێ بدەن هەر بۆیە دەبینین قسەی تەواو و دروست سەبارەت بەم ئایەتە ( إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَ إِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ

إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعاً بَصِيراً ) ( النساء : ٥٨ ) ئەوەیە کەئەم ئایەتە سەبارەت بەم فەرمان ڕەوایانە و ئەوان لەپێش هەمووکەسێکەوە دەبێ ناوەڕۆکەکەی پیادەکەن ، ئایەتەکانی( عدالة ) یش لێرەدا شیاون و بەڵگەن بۆئەم (مەوقعە)ش .

دیارە لەمێژووی ئیسلام دا زۆر نمونەی ناوازە وجوان لەم بارەوە دەبینین کە دەکرێ نمونەبن بۆئەوانەی ئیسلام خوازن و ئەم شتانە بکەسەرمەشق و لەشێوازی نوێدا دووبارەیان کەنەوە و وەکو ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی بەها ئیسلامی‌یەکان تەماشای بکەن ، ئەمە سەرەڕای کەڵك بینین لەحیکمەت و دانایی کەسانی‌تر .

ئەمەش بۆئەوەیە تاوەکو ببنە ئەو ئوممەتەی خوای گەورە بە ( أمةً وسطاً ) ناوی بردووە زانایانی موسڵمانیش تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێ قازی لەنێوان ئەوانەی ناکۆکی‌یان هەیە لەهەمووشتێکدا یەکسانی بنوێنێ لەهاتنەژورەوە و سەرنج دان و ووتە و شوێنی‌دا نیشتنیان بێ‌ئەوەی جیاوازی لەنێوان بەڕێز و لاواز و موسڵمان و نا موسڵمان و.... هتد بکەن ...

عومەری کوڕی ( خطاب )یش نوسراوێکی نارد بۆ (أ بوموسى الأشعري )و پێی ووت ((وآس بين الناس في و جهك و مجلسك و عدلك حتى لايطمع شريف في حيفك ولا ضعيف من عدلك )) .

لەلایەکی‌ترەوە گەڕانەوەی ماف بۆ ستەم لێکراو بنەمایەکی تری ئیسلامی‌یە وەك لەفەرموودەدا هاتووە (( أيهاالناس إن ربكم واحد ، وأن أباكم واحد ،كلكم من آدم وآدم من تراب ، إن أكرمكم عندالله أتقاكم ليس لعربي على عربي ولا لعجمي على عربي ولا لأحمر علىأبيض ولا لأبيض على أحمر فضل إلا بالتقوى ، ألا هل بلغت ، اللم فأشهد ، ألا فليبلغ الشاهد منكم الغائب )) رواه البخاري .

**سێیەم :**

یەکسانی لەگرتنە دەستی پیشە و کار وبارە گشتی‌یەکاندا و لەئەستۆ گرتنی ئەرك و داواکاری‌یە گشتی‌یەکان ، مەبەستیش لەم یەکسانی‌یە ئەوەیە کە سەرجەم هاوولاتیان مافی گرتنەدەستی پیشە گشتی‌یەکانیان هەبێ و بەیەك شێوە هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا بکرێ بەپێی بوونی و تواناکان و مەرجە پێویستەکان لەڕووی یاسایی‌یەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ و هیچ مافێکی ڕەوایان پشت گوێ نەخرێ لەهەر ڕوویەکەوە بێ .

لەسستمی ئیسلامیدا هەمووکەسێ ئەگەر شیاوێتی هەبێ ( بۆنمونە بەتوانابێ و سپاردە پارێزبێ ) ئەتوانێ کاروبارە گشتی‌یەکانی دەولەت و کۆمەڵگەی ئیسلامی بەڕێوەبەرێ ، لەهەمان کاتدا ئەگەر کارەکە بەرپرسیارێتی‌یەك بوو ئەوا نابێ کەسەکە خۆی داوای بکا بەتایبەت ئەگەر شایستەی ئەوکارە نەبێ مەگەر خەڵکی پێی نەزانن یا نەیناسن چونکە لە (صحیح )دا هاتووە لە ئەبوموسای ئەشعەری‌یەوە کە فەرمویەتی ( دخلت علی النبي (ﷺ)أنا ورجلان من بني عمّي فقال أحدهما: یارسول الله أمرنا علی بعض ماولاك الله تعالی و قال الآخر مثل ذلك ، فقال : إنا والله لا نولّي هذا العمل أحداً سأله أو أحد أحرص علیه )) چونکە لە ئیسلام دا داواکردنی بەرپرسیارێتی لەبەر خودی بەرپرسیارێتی و حەز بە زەعامەت کردنی ( مرغوب ) نی‌یە ، بەڵکو دەبێ بۆ خزمەت کردن بێ و بەکەسی شیاوی خۆی بسپێررێ ، هەربۆیە پێویستی سەرشانی فەرمان ڕەوایانە باشترین کەس دەست نیشان کەن یا باشترین دۆخ بسازێنن تا شیاوترین کەس کاروباری خەڵکی بەڕێوەبەرن و پێغەمبەری خوا دەفەرموێ (( من ولی من أمر المسلمین شیئاً ، فولّی رجلاً وهو یجید من هو أصلح للمسلمین فقد خان الله و رسوله و المؤمنین )) رواه الحاکم في صحیحه . ئیمامی عومەریش ( خ.ل ) دەفەرموێ (( من ولّیمن أمر المسلمین شیئاً ، فولّی رجلاً لمودة أو قرابة فقد خان الله ورسوله و المسلمین )) .

هەربۆیە دەبێ کەسی خاوەن توانا و لێزان ( أهل الخبرة و الکفایة ) هەڵ بژێررێ ، نەك تەنهاجێی متمانە ( أهل الثقة ) بێ بەهۆی هەندێ هۆکاری شەخسی یا سیاسی لەپێشترەوە دانرێ چونکە ئەم کارە سپاردە ( أمانة )یە وەکو پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) بە ( ابوذر ) دەفەرموێ (( إنها أمانة و إنها یوم القیامة خزي و ندامة ، إلا من أخذ بحقها وأدّی الذي علیها)) رواه مسلم ... لە لایەکی ترەوە بەپێی فەرموودە (( باشترین دروست کراوێك لای خوای گەورە ئیمامێکی دادگەرە و بەقینترینیشیان ئیمامێکی ستەمکارە )) رواه احمد في مسنده .

لەئیسلام دا بنەمای سەرەکی ئەوەیە هەمووکەس شیاوە بۆئەوەی کاربکا و پیشەی گشتی لەدەوڵەتی ئیسلامیدا بگرێتە دەست جا ئەگەر باوونەریت و بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکان هەندێجار پێویستی کردبێ هەندێ مەرج بێن لەو کەسانەدا ، ئەمە بنەمای یەکسانی‌یە کە هەڵ ناوەشێنێتەوە ، چونکەپەیوەستە بە بەرژەوەندی گشتی‌یەوە .

ئەوەشی کە هەندێ پیشە نەسپێرراوە بە ( ذمّي ) ئەوە لەبەر ئەوەبووە سروشتی ئەو کارە وایپێویست کردووە کە تەنها موسڵمان پێی هەستێ ، وەکوخەلافەت و سەرکردایەتی جیهاد و ...هتد هەر شتێکیترە لەم شێوەیە کە بارێکی ئاینی تایبەتی هەبووە ... بەڵام ئەوەی کە پەیوەیستە بە وەزارەتی جێبەجێکردنەوە ئەوە زانایان بە دروستیان بینیوە ( ذمّي ) واتە غەیرە موسڵمانیش ڕۆڵی تێدا ببینن ، لەمێژوی ئیسلامیشدا نمونەی لەم جۆرەمان زۆر زۆرە . تەکلیف نەکردنیشیان بەهەندێ لەو کارانە ڕێزگرتنی هەست و سۆزی ئەوە بەوەی کە بەکارێك هەڵ نەسێ کە قەناعەتی پێی نیيە .

دیارە بەوپێیەی خەڵکی سەرجەمیان یەکسانن لە هەڵی گرتنە دەستی کاروبارە گشتیيەکان و لەهەمان کاتدا موسڵمان و غەیرە موسڵمانیش هەریەکەیان وەکو ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگەیە داواکاری دەکەوێتە سەریان ، هەموو داوایان لێکراوە ڕێزی یاسا و بەهاگشتیيەکانی کۆمەڵگە بگرن با قەناعەتیان بەهەندێکیشیان نەبێ یاخود بۆخۆیان پیادەی نەکەن .

لەڕووی داراییشەوە سەرجەم موسوڵمانان یەکسانن لەپێدانی زەکات و مەگەر ئەوانەی ماڵەکەیان کەم بێت و نەگەیشتبێتە ئاستی زەکات ، بۆیەش زەکات دانەنراوە لەسەر ناموسڵمانان چونکە ڕوویەکی پەرستشی هەیە و مەرجێکی موسڵمان بوونە ، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا ( جزيە ) دانراوە لەسەر ناموسڵمانان دیارە ئەمەش بەپێی حاڵ و بارودۆخی ئەوان گۆڕانکاری بەسەردا دێ ، بەموسڵمان بونیشیان لەسەریان نامێنێ یاخود ئەگەر موسڵمانان نەیان توانی بیان پارێزن ئەوا نابێ ( جزيە )یان لێ وەربگرن بەوشێوەیەی لەمێژوودا پیادە کراوە و بۆئەمڕۆش ئەم جۆرە بابەتانە ئاڕاستەی پسپۆڕان دەکرێ بۆ لێکۆڵینەوەیان .

هەروەها هەموو موسڵمانان دەبێ لەکاتێك دا کە پێویستیکرد جیهاد بکەن و ئەمەش (فەرزبونەکەی ) ( كفائی ) و ( عینی )یە بەپێی بارودۆخەکان ، ( جیهاد ) لەسەر ( ذمیین ) فەرز نیيە لەبەر هەمان هۆی پێشوو ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە زانایان وای دەبینن کە دروستە لەگەڵ موسڵماناندا پارێزگاری لەوڵاتی موسوڵمانان بکەن بەوپێیەی ئەوانیش هاووڵاتین لەو ولاتەدا ، وە ( لە دەستوری ) مەدینەشدا هاتووە (( وأن بينهم النصر على من دهم يثرب)) . دیارە ئەم بۆچونەش شیاو و لەبارە لەجیهانی ئەمڕۆماندا . لێرەدا واباشە ئاماژەیەکی کورت و خێرا بە ئازادیيە گشتیيەکان بکەین وەك بەرەنجامێکی بنەمای

یەکسانی لە ئیسلام دا وەکو ئامانجێکیش لەئامانجەکانی فەرمان ڕەوایەتی ئیسلامی ، هەرچەندە ئێمە لەنێو بنەماکانی فەرمان ڕەوایەتی ئیسلامیدا ئاماژەیەکمان پێ‌کرد .

سەرەتا واباشە ئەوسەرنجە بدەین کە نە لەئیسلام و نە لەغەیری ئیسلامیشدا شتێك نی‌یە پێی بوترێ ئازادی ڕەهای بێ بەندوباو ، هەرچەندە هەندێك هەبن بانگەشە بۆئەم دروشمە بکەن ، بەپێی ئەو دیدەش کە ئیسلام هەیەتی بۆ مرۆڤ و ئەو ڕوانینەش دەیخاتە ڕووسەبارەت بە دونیا و دواڕۆژی مرۆڤەکان ئاسایی‌یە ئازادی‌یەکان لە ئیسلام کۆمەڵێك بەندی تایبەتی هەبێ و لەهەندێ ڕووشەوە ( بەتایبەت لەبواری کۆمەڵایەتی‌دا ) کۆمەڵێك سنوور هەن کە ئامارەی نەبونی ئازادی ڕەهایە ، بەلای کەمەوە ئیسلام هەندێ شت بە نادرووست و ناشەرعی لەقەڵەم دەدا و پێی ڕازی نی‌یە لەگەڵ ئەوەشدا ئازادی‌یەکانی‌مرۆڤ بە مانا دروستەکەیی و تایبەتی‌تر لە مانا سیاسی‌یەکەی پارێزراوە ، پێشتر ئامارەمان دا بەوەی مرۆڤ لەلایەن یاسا و قەزای ئیسلامی‌یەوە بەیەکسانی بۆی دەڕوانرێ بەدەر لە هەر ئیعتبارێك ئەکرێ بەچەند خاڵێك ئامارە بە گرنگترین ئەو ئازادی‌یە گشتی‌یانە بکەین .

* ئەگەر لە ڕۆژئاوادا بەلای کەمەوە ـ دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ پشت بەکەسێتی مرۆڤی‌تاك ببەستێ و سەرهەڵدانیشی پەیوەست بوبێ بە ململانێی دژ بە کەنیسە و فەرمان ڕەوایەتی ڕەهای پادشاکان و گەڕانەوەی ئیعتبار بۆگەل ، ئەوا لە ئیسلام دا بیروباوەڕی ئیسلامی بناغەی مافەکانی مرۆڤە و بیریارانی نوێی فیکری ئیسلامیش جەخت لەسەر ئەو ڕاستی‌یە دەکەنەوە . لێرەوە مافەکان خوای گەورە بەخشیویەتی و ئەمانەتێکە لەسەرشانی هەموو باوەڕدارێك کە جێ‌بەجێی‌کا و بیبەخشێ ...

* ماف و ئازادی‌یەکانی لەسستمی ئیسلامی‌دا فراوان و گشت گیرن و ئازادی‌یە کەسی‌یەکانی هاووێنەی ڕێز گرتنی مرۆڤ و ئازادی‌هات و چۆو گواستنەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌دی و مافی ئاسایش و پاراستنی‌ماڵ و گیان و سامانی‌خەڵك دەگرێتەوە یان هەرشتێکی‌تر کە زیان بە کەرامەت و ڕێزی مرۆڤ بگەیەنێ ، ئەمە جگە لەپاراستنی مافی تایبەتی و کەسی ناموسڵمانەکان و هەروەها حەرامی ترس و تۆقاندنی‌خەڵکی و حەرامی‌جاسوسی و گومانی‌خراپ بردن و تانەدان لە ناموسی خەڵك ، ئازادی بیروڕاش

ئـازادی دەربـڕین و پیـادە کردنیعەقیـدە و(*) فێربـوون و ئـازادی و ڕۆژنامـە و گۆڤـار و ڕادەربڕین دەگرێتەوە .

هەروەها ئازادی کۆبونەوە و گفتوگۆ و پەیڤین و چەندان شێوە و شێوازیتر بەدی دەکرێ بەمـەرجێ سەرنەکێشـێ بـۆ دژایـەتی سـەربازی و چـەکداری ... نـاکۆکی تـایفی و عرقـی ، بونیهەنـدێ مـەرجیش بـۆ ئـەوباس و خواسـانەی سـەرەوە و هـەر شـتێکی تـری هاووێنـەیان بۆئەوەیە لەچوارچێوەی بەرژەوەندی ڕاستەقینەی خـەڵکی و جـەماوەردا بمێنێتـەوە و گەشـە بە گیانیلێبوردەیی و وتوێژی فیکری بدرێ نەك شتیتر ...

* هـــەروەها ئـــازادی لـــە ڕەخنـــەگرتن و داواکردنیمافـــەکان و ڕووبەڕووبونـــەوەی ستەمکاریەکان و ئازاد نەبونیشـی لەهـەر شـتێك کـە زیـان بەمرۆڤــ دەگەیـەنێ وەك درۆ و خیانەت و ناپاکی ....

هـــەروەها گرنگیـــدان بەئازادیـــە سیاســـیەکانی وێنـــەی ئـــازادی ڕێکخـــراوە و پارتیسیاســـی و فرەلایـــەنی و...هتـــد لەگـــەڵ ئـــەوەی فیکـــری ئیســـلامی هاوچـــەرخ ڕای جۆراوجۆری لەم بارەیەوە خستووەتە ڕوو شیاوی قسەلەسەرکردنن و خوازیارین سەبارەت بەم بابەتانە زیاتر بنوسرێ کە بەداخەوە کتێبخانەی کوردی لەم بارەیەوە نەدارە ...

## پێنجەم / ڕاوێژ ( الشوری )

ڕاوێژ و ڕاوێژکردن پێش ئەوەی بنەمایەك بێ لەبنـەماکانی فـەرمان ڕەوایـەتی ئیسلامی و سستمی سیاسـی ئیسـلامی ، ئەتوانین بڵێین بناغەیەکە بۆسـەرجەم ژیانی موسڵمانان ، نەك تـەنها لـەژیانی سیاسـی و پەیونـدی نێـوان کاربەدەسـت و خەڵکیـدا هەیـە بـەڵکو مـۆرکێکی ژیـانی کۆمەڵایەتیشـیانە هـەر لەپەیوەندیـە خێزانیـەکان تـا سـەرجەم پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیەکانی تری کۆمەڵگەی ئیسلامی ...

---

(*) سـەبارەت بەئازادیـدینیوگۆڕینیبیرەباوەڕ(ردة)جگەلەبۆچـونەباوەکەی بیروڕایتریـش هەیـە ، ئەوبۆچـونەیدەڵێ هەڵگەڕانەوەلـەدین(الـردّة)پەیوەسـت نیەبە(حـدود)ەوە بەمـەش حـوکم دان بەسەریدامەســـــلەیەکیئیجتهادیەو ئەگـــــەر کەســـــەکە جـــــەنگاوەربێ یــــاخود دڕکینەبێکۆمەڵێکیچەکداری دژبەدەسەڵات وخەڵك نەبێئەوائازادن چیدەکەن وچۆن دەبن ، دیارە مەسەلەی دوارۆژ کیتاب و حیسابی خۆی هەیە .

ئەمە جگەلەوەی لەلایەکیترەوە ڕاوێژ ( الشوری ) یەکێکە لەبوارەکانی پیادەکردنی بنەمای مافی خەڵك لە هەڵبژاردنی دەسەلات دارانیان و بەشداری پێکردنیان لە فەرمان ڕەوایەتی ئیسلامی و بەڕێوەبردنی دەسەلات دا .

لێرەوە ڕاوێژ دەبێتە نیشانەیەك لە نیشانەکانی دەوڵەت و ئوممەتی ئیسلامی و شێوازێکی گشتیی لە کۆمەڵگەی ئیسلامی و بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکیدا تەنانەت ڕاڤەکەرێکی گەورەی ئەندەلوسی وەك ئیمامی( قورطوبي ) شەرعیەتی فەرمان ڕەوایەتی پەیوەست دەکا بەبوونی ڕاوێژەوە ئەگینا لابردنی پێویست دەبێ .

ئەمە بنەمایەکە لە ئیسلام دا کە مرۆڤایەتی دوای هەوڵ و تێکۆشان و عەرەق و خوێنێکی زۆر پێی گەیشت ، کەچی ئیسلام لەژینگەیەکدا هێنای کە هێزی بەپیرۆز دادەنا و شانازی بەدوژمنکاری و زۆرداریەوە دەکرد ، هەرچەندە بەتەواویش پیادە نەکرابێ بەلام بنەمایەك بووە و سەرجەم زانایان بەکەم و کورتیەیان بینیوە لەفەرمان ڕەوایەتی ئەو خەلیفانەدا کە لەم ڕێگەیەوە دەسەلاتیان نەگرتۆتە دەست .

دان پێدانانی وەکو بنەمایەك لەئیسلام دا خۆی لەخۆیدا جێی شانازییەکی گەورەیە و لەهەر زەمەنێکیش عەقڵی ئیسلامی لەزیندویتی خۆیدابێ و بواری بۆبڕەخسێ دەکرێ بکرێتە بنەمایەکی گرنگی وەها لێیەوە ئیعتیبار بۆ خەڵکی و هەست و سۆز و ڕا و بۆچونەکانیان بکرێ کە زۆردەمێکە پێشێل دەکرێن و ....

( ڕاوێژ ) لە ئیسلام دا بریتییە لە میحوەریسەرجەم ژیانی ئیسلامییانە لە ڕووە سیاسیی و کۆمەلایەتی و ئابوری و بەڕێوەبەرێتییەکاندا ، خۆئەگەر ووردبینەوە لە قورئان و سەرجەم ئەو ئایەت وفەرمودانە تەنها لە پەیوەندییەکانی نێوان ( حاکم ) و ( محکوم )دا کورت نابنەوە بەڵکو سەرجەم ژیانیموسڵمانانە دەگرێتەوە .

بۆنمونە کاتێك خوایگەورەدەفەرموێ :- ( فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَ لَوْ كُنْتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَ اسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَ شَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّـهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ ) ( آل عمـران : ١٥٩ ) واتە کەوابوو ئەی ( محمد (ﷺ) ) بەهۆی ڕەحمەتیخواوەیە تۆنەرم و هێمن بویت لەگەڵیاندا ، خۆئەگەر تووڕە و قسەڕەق و بێبەزەیی بویتایە ، ئەوە هەموو لەدەورت بلاوەیان دەرکرد ، کەواتە چاوپۆشییان لێبکە و لێیان ببورە و داوای لێخۆشیان بۆبکە ، لەکار و پێش هاتدا پرس و ڕاوێژیان پێبکە ( دوای ڕاوێژ و پرس و ڕا ) ئەگەر بڕیارتدا پشت بەخوا ببەستە ، چونکە بەڕاستی خوائەوانەی خۆش

دەوێت کە پشتی پێ‌دەبەستن ، هەورەها لەسورەتی ( شوری )دا دەفەرموێ ( وَ الَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَ أَقَامُوا الصَّلاةَ وَ أَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَ مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ ) واتە ئەوانەی بەدەم بانگەوازی پەروەردگاریانەوە چون و نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجام داوە و کاروباریان هەردەم بە ڕاپرسی و ڕاوێژکاری‌یەوە لەو ڕزق و ڕۆزی‌یەی کە پێمان داون ، دەبەخشن ..

لەم دووئایەتەوە چەند سەرجێکمان بۆ درووست دەبێ لەوانە :

١- ئیسلام ئەو ئاینە ئاسمانی‌یەیە کە فەرمانی‌داوە بە ڕاوێژکردن وەك یەكێك لە تەعالیمەکانی‌خۆی و بنەمایەك لە بنەماکانی .

٢- ڕاوێژ لە ئیسلام دا پەیوەست کراوە بە پەرستنەکانەوە و لەگەڵ نوێژدا باسی هاتووە ( وَ أَقَامُوا الصَّلاةَ وَ أَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ ) ( الشورى : من ٣٨ ) .

٣- تایبەت کردنی سورەتێك لەقورئاندا بەوەی ناوبنرێ ( الشورى ) ئەمە جۆرێکە لە جەخت کردنەوەیەکی مەبەست دار لەلایەن خوای گەورەوە بۆ بەدەرخستنی ئەم بنەما گرنگە و ڕۆڵی بایەخداری لە ژیان و بوونی ئوممەتی ئیسلامی‌دا .

٤- ڕاوێژ ـ ( الشورى ) لەم دووسورەتەدا بۆ دوو مانا و بابەتی جیا لەیەك هاتوون :-

یەکەمیان : ڕوو لەهەموو سەرۆك و سەرکردەیەك دەکا کە ڕاوێژ لەگەڵ سەرباز و ژێردەستەکانی‌دا بکا ئەمەش لەم کاتەدا ئەوە دەگرێتەوە کە :

أ / فەرمان ڕەوا ڕاوێژ بە نوێنەرانی گەل دەکا .

ب / سەرۆك لە کارەکەیدا یا لەپیشە و شوێنی کاروباری‌دا ڕاوێژ بە لیژنەی بەڕێوەبەرێتی دەکا .

دووهەم : داوا لە خەڵکی‌دەکا لەنێوان خۆیاندا وە لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ ڕاوێژ بەیەکتری بکەن ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ :

ا / هەر تاکێك لەسەریەتی لە کاروبارە تایبەتی‌یەکانیاندا ڕاوێژ بە خەڵکی‌بکا هاوڕێ بەهاوڕێ‌کەی و باوك بە خاوو خێزان و ماڵ و منالی .

ب / ( کۆمەڵ )یش پێویستە لەسەری لەنێوان خۆیاندا ڕاوێژ بکەن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك و پاشتریش چاودێری‌بکەن لەبەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی‌دا . لێرەوە تێ‌دەگەین ( ڕاوێژ ) بنەمایەکی فراوان و گشتگیرە و بۆهەموو ئاست و بوارەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی دەشێ و دەبێتە پشت و پێگەی سەرجەم ژیانی موسڵمانانە .

٥- سەرەڕای ئەوەی ( ڕاوێژ ) لەبواری تەشریعەوە تەنها لەم دووئایەتەدا [*] هاتووە بەڵام ئەوەی ڕامێنێ لە قورئان و بەگرنگیەوە لێی بتوێژێتەوە و لەسەرەخۆبێ تیایدا ئەتوانێ لەم دووئایەتە ( هۆکار و بارودۆخی دابەزینیان )و دەیەها ئایەتی تر کە بۆپیادەکردنی بنەمای ڕاوێژ دابەزیون ... وە لە پیادەکردنی پێغەمبەر و ڕاڤەکردنی بۆئەم ئایەتانە ئەتوانرێ دەیەهایاسا و لائیحەی دەستوری بۆ فەرمان ڕەوایەتی لەئەمڕۆدا داڕێژرێ ، قورئانی پیرۆزیش بەشێوازی جیاجیاش ( جگە لە ئایەتە سەریحەکان ) باس لە ڕاوێژ و گرنگیەکەی دەکا .

بۆ نمونە خوای گەورە لەسورەتی ( النمل )دا سەبارەت بە ( بلقيس ) دەفەرموێ ( قَالَتْ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي أَمْرِي مَا كُنْتُ قَاطِعَةً أَمْراً حَتَّى تَشْهَدُون ، قَالُوا نَحْنُ أُولُو قُوَّةٍ وَ أُولُو بَأْسٍ شَدِيدٍ وَ الْأَمْرُ إِلَيْكِ فَانْظُرِي مَاذَا تَأْمُرِينَ ، قَالَتْ إِنَّ الْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَ جَعَلُوا أَعِزَّةَ أَهْلِهَا أَذِلَّةً وَ كَذَلِكَ يَفْعَلُونَ ، ٣٢ ـ ٣٤ )واتە بەلقیس بەئامادەبوانی ووت :ئەی ڕێزداران ڕاتان چیە ، چیبکەم باشە خۆمن هیچ بڕیارێکم نەداوە هەتا ئێوە لێی ئاگادار نەبووبن و ڕاتان لەسەری نەدابێ ، ئەنجومەنەکەی وتیان :خۆت دەزانی کە ئێمەخاوەنی هێز و توانا و دەسەڵاتی توندوتیژین فەرمانیش فەرمانی تۆیە ، بیربکەرەوە و تێفکرە ، چ فەرمانێك دەدەیت ئێمە ئامادەین ، بەلقیس ووتی: بەڕاستی لەشکری پاشاکان کاتێك چوبنە شار و دێهاتەکانەوە ، وێران و کاولیان کردووە و تۆوی خراپەیان چاندووە کەسانیخاوەن دەسەڵات و پیاوی ناوداری ئەوشوێنەیان زەلیل و ڕیسوا کردووە و هەمیشە ئەوە پیشەیانە و بەوجۆرە دەکەن.

لێرەدا شێوازێکی ( ڕاوێژ ) بەدەر دەکەوێ کە لەنێوان ( حاكم ) و ( محكوم )دا بەشێوازی گفتوگۆیەکی زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش و لەدۆخێکی زۆر ئازایانەدا بەڕێوە دەچێ .

فەرمان ڕەوا ( گەل یا نوێنەرانی گەل کۆدەکاتەوە و پێیان دەڵێ ( يا أيها الملأ ) ، پاشان بابەتەکە دەخاتە بەردەستیان و دەیخاتە ڕوو لە ڕاپرسیەکی گشتیدا و پێیان دەڵێ (( أفتوني )) . پاشان بنەمای پابەندبوون بەڕای کۆمەڵەوە ڕادەگەیەنێ و دەڵێ ( ماكنت قاطعة

---

[*] محمد عبده ئایەتی(وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) (آل عمران:١٠٤)زیاد دەکاوبەئایەتی ڕاوێژیدادەنێ بەوپێیەی بەرهەڵستی زۆرداری تێدایە .

امراًحتـى تشـهدون ) واتـه تـا ئامـاده دەبـن و بڕیـارو ڕای خۆتـان دەدەن ، پاشـان لـەنێوان کۆمەڵەکەدا گفتوگۆیەکی ئازادانەی لەسەرخۆ و زۆر جوان و لە دۆخێکی ئارام دا بەدی دێ ... هەیانە جەنگ بەباش دەزانێ ... هەشیانە ڕێکەوتن و ئاشتی پێباشە ، یەکێك لەو دوو ڕایەش زاڵ دەبی بەسەر ئەوی تردا ... ئیتر لێرەوە کاروباری جێبەجێکردنی بەجێ دەهێڵن بۆ فەرمان ڕەوا و پێی دەڵێن ( والامر إليك ) واته جێبەجێ کردنی کارەکەمان دایە دەستی تـۆ . ئـەمش چـیرۆکێکی زۆر نـاوازەی پیـادەکردنی ڕاوێـژی پڕپەنـدە بۆئێمـە ، لـەڕووە کۆمەڵایەتییەکەدا دەبینین خوای گەورە لە سورەتی ( النساء )دا دەفەرموێ ( وَ إِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَماً مِنْ أَهْلِهِ وَ حَكَماً مِنْ أَهْلِهَا ) ( النساء :٣٥ ) واته خۆئەگەر ترسان لەوەی نێوانی ژن ومێرد بشێوێت ( کێشەیان چارەسەر نەکرێت ) دادوەرێك لەخزمی پیاوەکە و دادوەرێك لەخزمی ژنەکە بنێرن ( بۆڕێکخستنیان ) . وە لەسورەتی ( البقرة )دا دەفەرموێ ( فَإِنْ أَرَادَا فِصَالاً عَنْ تَرَاضٍ مِنْهُمَا وَ تَشَاوُرٍ فَلا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا ) ( البقـرة :٢٣٣ ) جائەگەر هەدووکیان پاش ڕازی بوون و ڕاوێژ کردنیان و ویستیان جیا ببنەوە ئەوە هیچیان لەسەر نیيە .

ئەم نمونەیەش یەکێکە لەو نمونە زۆرانەی خوای گەورە گرنگی ڕاوێژی تێداڕوون دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە زۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی گرفتەکانی خێزان ، وە ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن پێویستە مرۆڤ بە یەکلایی ڕای دەرنەبڕێ هەتاوەکو ڕاوێژ نەکا بەوانەی پەیوەندییان هەیە بەوخێزانەوە لە خزم و کەس و کاری هەدوولا ... ئیتر ئەگەر بڕوانینە سوننەتیش ئەوا دەبینین چەندان فەرمودە هاتووە کە هانمان دەدا بەشێوەیەکی گشتی ( ڕاوێژ ) بکەین لەوانە :

١- (( ماتشاور قوم قط إلاهدوا لأرشد أمرهم )) أخرجه ابن شيبة و ابن جرير و ابن المنذر و ابن أبي حاتم عن الحسن .

٢- (( ماخاب من استخار و لاندم من استشار ) رواه الطبراني في ضعيف الجامع الصغير ، ئەگەر لاوازیش لە فەرموودەکەدا هەبێ ئەوا لەڕووی ماناوە تەواوە و پاڵپشتی تریشی هەیە .

٣- (( عن علي بن أبي طالب قال سُئل رسول الله ( ﷺ ) عن العزم فقال مشاورة أهل الرأي ثم أتباعهم )) رواه ابن مردويه عن علي ( فتح القدير ــ الشوكاني . )

٤- (( لم يكن أحد أكثر مشاورة لأصحابه من رسول الله ( ٤ ) )) رواه البخاري و الترمذي [١].

خۆگەر بەتایبەتیش باس لەحوكمی ڕاوێژ بكەین وەك بنەمایەك لە بنەماكانی سستمی فەرمان ڕەوایی لە ئیسلام دا ، وە لەڕووی سیاسەتی شەرعی‌یەوە بۆی بڕوانین ئەوا قسەی زۆر هەڵ دەگرێ و ئێمەش هەوڵ دەدەین سەربوردێكی تاڕادەیەك خێرای بكەین .

زۆرینەی زانایانی شەریعەت و یاسای دەستوریش ( ڕاوێژ ) وەك ( فریضة )یەكی ئیسلامی و بنەمایەكی دەستوری ڕەسەن دادەنێن لەسەرووی ئەو بنەماگشتی و ئوسوڵیە جێگیرانەی قورئان و سوننەت سەلماندویانە ... تەنانەت یەكێكی وەكو محەممەد غەزالی ئەڵێ ئەگەر فەمودەیەكی پێغەمبەری خوا ئەوە بسەلمێنێ كە ( بين الرجل و بين الكفر ترك الصلاة) مسلم،ئەوا بۆمان هەیە بڵێین ( إن بين الحكم الإسلامي و بين الحكم الإستبدادي ترك الشورى).

چونكە ئیسلام و زۆرداری ( استبداد ) دژن و بەیەك ناگەن ، تەعالیمەكانی ئاین خەڵكی دەگەیەنێ بەوەی تەنها خوا بپەرستن بەڵام ستەم و زۆرداری هەڵیان دەگێڕێتەوە بۆ ( بت پەرستی‌یەكی سیاسی كوێرانە ) ، الإسلام و الاستبداد السياسي ، شيخ محمد الغزالي ، دار الكتاب العربي ل ٦ .

هەربۆیە زۆربەی زانا و توێژەران ( ڕاوێژ )بە بناغەی فەرمان ڕەوایەتی‌یەكی چاك و ساز دادەنێن ، هەربۆیە ئیسلام كردویەتی بە ڕەگەزێك لەو ڕەگەزانەی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر بنیات دەنرێ ، سستمی فەرمان ڕەوایی ئیسلامی سستمێكی ڕاوێژ ( شورا )ی‌یە هەربۆیە خوای گەورە دەفەرموێ ( وَ أَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ ) ( الشورى :٣٨ ) وەكو لەپێشەوە ئاماژەمان پێ‌یدا .

ئەم دووئایەتە بەڵگەن لەسەر ئەوەی سیاسەتی موسڵمانان دەبێت بەڕاوێژ بێ و لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرابێ و هیچ كەسێك بەزۆر ڕایەكانی نەسەلمێنێ و لەهەمان كاتدا وەك لەپێشەوە ئاماژەمان پێ‌دا ( ڕاوێژ ) یەكێكە لە تایبەتمەندی‌یەكانی ژیانی موسڵمانانە ، خۆئەگەر سەیری سوننەتە گوفتاری و ڕەفتاری‌یەكانی‌پ ێغەمبەری خوا بكەین چەندان بەڵگەی‌تر دەبینینەوە كە بەڵگەی پێویستی ( ڕاوێژ )ن لەوانە ( استعينوا على اموركم بالمشاورة )[١]، (( المستشار مؤتمن ))[٢] هەروەها ( ئەبوهورەیرە ) ( خ.ل ) دەفەرموێ (هیچ

---

[١] سەیری ئەم سەرچاوانەبكە ١/ الحريات العامة في الدولةالإسلامية ٢/ كيف تحكم بالإسلام ٣/ في السياسةالشرعية .

[١] ماوردی لەأدب الدنياوالدين ل ٤٩٤ باسی‌كردووە .

[٢] رواه ابوداود والترمذي وحسن ونسائي ورواه ابن ماجة عن ابى هريرة .

کەسێ بە ئەندازەی پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) ڕاوێژی زۆر نەبووە) [٣] ئەمە جگەلەوەی پێغەمبەری خوا لەدەیەها ڕووداودا ڕاوێژی بەهاوەڵانی کردووە وەك دڵشادکردن و ڕێز لێنانیان ، وەپێی دەوتن (( أشيروا علي أيها الناس )) نمونەی ئەمەش ڕاوێژ کردنیەتیبە هاوەڵان لەپێش جەنگی بەدر تا بزانێ ئامادەییيان چۆنە بۆ جەنگان ، وە ڕایەکەی ( حباب بن المنذر )ی پەسەند کردوو لەڕای خۆی دابەزی لە هەڵبژاردنی شوێنی لەباروساز تا سوپاکەی لێ دابەزێنن ، لەپاش جەنگەکەش لەبارەی پەسەندکردنی بریتی لە هاوبەش پەیداکەرەکان ڕاوێژی بە هاوەڵان کرد ، پێش ڕودانی جەنگی ( ئوحد )یش ڕاوێژی بە هاوەڵان کرد سەبارەت بە دەرچون لەمەدینە یا مانەوە تیایدا ، پاشان ڕای زۆربەی لاوەکانیوەرگرت کە دەرچونیان پێباش بوو ( هەرچەندە خۆی حەزی دەکرد لەمەدینەدا بمێنێتەوە ) پاشانیش شکستیان هێنا ..

لە بەسەرهاتی دەم هەڵبەست (إفك)یش دا فەرموی ( أشيروا علي معشرمن المسلمين في قوم ...) ئەمە لە سوڵحی حودەیبیەدا بوو. هەروەها لە تالانی و دەستکەوتەکانی تیرەی (هوازن )دا ڕاوێژی کرد بەهاوەڵانی تا بیانداتەوە بۆئەوەی دڵیان خۆشکا ــ بێئەوەی هیچیان لێ وەرگرێ لە جەنگی ( خندق )یش ڕاوێژی بەهاوەڵانی کرد بۆئەوەی سازش بکا و ڕێکەوتن لەگەڵ ( أحزاب )دا بکا بەوەی سێیەکی بەروبوم وبەرهەمی ئەوساڵەیان پێ ببەخشێ ، بەڵام هەردووسەعد ( سعدبن عباد ) و ( سعدبن معاذ ) ڕازی نەبوون ئەویش ڕێکەوتنەکەی نەکرد ، هەر بەڕاوێژی ئەودوانە دانی نیوە بەرهەمی ئەوساڵە بەسەرۆکەکانی ( غطفان ) بەئەنجام نەگەیشت.

هەروەها خەلیفەکانی ڕاشدینیش لەسەر ئەم ڕێڕەوە جوانە دەڕۆیشتن هەربۆیە خەڵکیان کۆدەکردەوە لەهەر شتێکدا کە دەقی تیادا نەبوایە ڕاوێژیان پێ دەکردن ، لەوانە ڕاوێژکردنی ئەبوبەکر لە جەنگی هەڵگەڕاوەکان و کۆکردنەوەی قورئان ، هەوەرها ڕاوێژکردنی عومەر سەبارەت بەکێشەی ڕەشەخاکی عیراق و دابەش کردنی بەسەر جەنگاوەراندا یا دانانی خەراج تیایدا هەروەها ڕاوێژی عومەر لەدەیەها مەسەلەی تردا ....

---

[٣] رواه الترمذي .

دیارە راوێژ بە راوێژکاران دەکرێ ، کە بریتین لە وانەی خاوەنی راو پسپۆڕن لە مەیدانی کاریاندا، هەر چەندە دەکرێ بە پێی زەمەنیش بوارەکەی بە پێی (ضوابط) ی خۆی فراوان بکرێ.... لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە کە هەرلەزووەوە جێی باس و خواس و ووتەی زانایان بووە کە ئایا راوێژکردن پێویستە ئەنجام بدرێ یا سوننەتە؟!

پاشان ئەگەر راوێژکردن (واجب) بێ (کەئەمەیان پشت ئەستور ترە بەبەڵگەو زۆربەی زانایانی هاوچەرخیش لە سەر ئەم رایەن) [(١)] ئایا ئەنجامی راوێژکردنە کە سەبارەت بە فەرمانڕەوا شتێکە دەبێ پابەندبێ پێیەوە واتە وەکو زانایان دەفەرموون (ملزمە) یاخود هەر بۆ زانینی رایەکانیانە (معلمە) .. لێرە بەدواوە تیشکێك دەخەینە سەر وەڵامی ئەم دوو پرسیارە.

## حوکمی راوێژ

رایەك هەیە لە نێوان هەندێ لە زانایاندا دەڵێن راوێژکردن لەو شتانەی (وحي) یان لە بارەوە دانەبەزیوە وەك ئاشتی و شەڕو شۆڕ و رووبەڕوبونەوەی دوژمنان....هتد شتێکی (إختیاری) یە بۆ دڵخۆشی و رێزدانان بۆ ئەوانەی دەوروپشت چونکە خوای گەورە فەرمویەتی (فاذا عزمت فتوكل على الله ) آل عمران /١٥٩

(عزم) یش لە فەرمانڕەوادا دەکرێ لە سەر رای خۆی یا راوێژپێ کراوەکانی بێ، هەر لەبەر ئەوە دەبینین ئەبو بکر کاتێ سەبارەت بە جەنگی هەڵگەڕاوەکان راوێژی بە هاوەڵان کرد زۆربەی موسڵمانان لە ناو ئەوانەدا عومەر لەگەڵ جەنگ لەگەڵ کردنیان نەبوون کەچی ئەبوبەکر کاری بە رایەکەی خۆی کرد کە دەیووت: سوێند بە خوا ئەگەر (عقال* . پابەست) یەکم نەدەنێ کە دەیاندا بە پێغەمبەری خوا ئەوا جەنگ دەکەم لەگەڵیان، چونکە ئەو رای وابوو نابێ جیاوازی بکرێ لە نێوان نوێژو زەکات دا، ئەم زانایانە دەڵێن پێغەمبەری خوا بۆ

---

[(١)] لەوانە : (محمد عبدة، محمد رشید، عبد الوهاب، محمود شلتون، شهید عبدالقادر عودة ، عبدالرزاق السنهوري، عبد الكریم زیدان، وهبة للزحلي، د.عبداللة النفیسي، د. یوسف القرضاوي... هتد ئەمە جگە لە زانایانی پێشینی وەکو رازی، ابن عطیة، نووی، طبري......

* (عقال) بەمانای (صدقە)ی ساڵێك دێ.

دڵ راگرتنی هاوەڵان و حساب  بۆ کردنیان راوێژی پێ دەکردن ئەگینا خوای گەورە سەرجەم تواناکانی بەرێوە بردن و سیاسەت و ...هتد ی پێ بەخشیبوون یەك لەوانەی ئەم رایەی هەیە ئیمامی شافعی‌یە.
بەڵام هەندێکی تر (کە زۆربەی زانایانە و رایەکی بەهێزە) بۆچونیان ئەوەیە کە راوێژ واجب و پێویستە لەسەر فەرمانڕەوایان لە کاروبارە گشتی‌یەکاندا راوێژبە خەڵکی یا نوێنەرانی خەڵکی بکەن، کەواتە راوێژ فەرزێکی ئیسلامیە و پێویستە ئەنجام درێ لە لایەن ئەوانەی پێویستیان پێیەتی بە تایبەت لەو کارانەی راوێژی دەوێ، وەك کاروبارەکانی فەرمانڕەوایی و بەرێوەبردن و سیاسەت و یاسادانان (جگە لەوەی وەحی لەسەر هاتووە) و هەر شتێکی تر کە پەیوەستە بە بەرژەوەندی تاك و گشتی‌یەوە، هەر لێرەوە ئەو شتانەی کە راوێژەکەی تێدا ئەنجام دەدرێ دەست نیشانی حوکمەکەی دەکا (هەر چەندە راوێژ بەگشتی واجب بێ) بەڵام دەکرێ بۆ شتێکی دیاری کراو بە پێی رادەی گرنگیەکەی راوێژکردن تیایدا پێویستە یا سوننەت بێ...

**بەڵگەی ( واجب ) ی راوێژ لە دوو رووەوەیە :**

**یەکەم** : سەرجەم ئەو ئایەتانەی لە پێشەوە باس کرا، یەکێك لەوانە ئایەتی (وشاورهم في الامر)ە، لە تەفسیری (طبري) دا هاتووە کە سەبارەت بەم ئایەتە ئەڵێ : بۆیە خوای گەورە فەرمانی داوە بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە راوێژیان پێ بکا تاوەکو ئوممەتەکەی لە مەدا بیکەنە سەرمەشق لەو رووداوانەدا کە دێنە پێشەوە راوێژ لەگەڵ یەکتری دا بکەن (الطبری ب ٤ ل ٩٤) (حسن البصري و سفيان بن عينية)ش قسەیەکی وەهایان هەیە و هەمان را دەردەبڕن (تفسير الرازی ب٩ ل ٦٦) وە کاتێکیش خوای گەورە دەفەرمێ (وامرهم شوری بينهم) ئەمە وەسفێکی گشتیی ئوممەتی ئیسلامی‌یە کە راوێژکردن یەکێکە لە شەقڵە سەرەکیەکانی .. وەکو لە پێشەوە باسمان کرد.
دووەم: ئەوەشی زیاتر پێویست بوونی راوێژ تەئکید دەکاتەوە کاروکردەوەی پێغەمبەری خوایە، سەیر دەکەین پێغەمبەری خوا لەگەڵ ئەو هەموو رێزوگەورەیەی کە هەیبوو. وەلە (وحی) یەوە پشتگیری کراوە کەچی لە هەموو کەسێ زیاتر پابەند بووە بە راوێژەوە، تاوەکو بەوە ناسراوە هیچ کەسێ بەئەندازەی پێغەمبەری خوا پابەند نەبووە بە راوێژ کردنەوە هەروەك هاوەڵان دەفەرمون و زانایانیش رونی دەکەنەوە. تەنانەت ئەگەر واش دانرا ئایەتی (وشاورهم في الامر) مانای ئەوەش بگەیەنێ کە پێغەمبەری بۆیە راوێژیان پێ دەکا کە تەنها

دڵیان راگریٚ، نەك بۆ ئەوەی پاش تر کارەبە رایەکانیان بکات (کە ئەمە دوورە لە باری عەمەلی ژیانی پێغەمبەری خواوە) ، ئەوا دەووتریٚ ئەوەتەنها لە بەر ئەوە بووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەو پێیەی (وحی) بۆ دەهات ئەو پێویستیەیە زۆرەی بە راوێژ نەبووە، چونکە خوای گەورە چاودێری بووە وراستی کردووەتەوە، بەلاٚم بەراستی ئەم لێکدانەوەیە دژە بە واقعی عەمەلی پێغەمبەری خوا و ئەو هەڵس و کەوتانەی ئەو ئەنجامی داوە.

دیارە زۆرینەی زانایان لەسەر ئەوەن (واجبە) فەرمانڕەوایان راوێژ بکەن.. هەروەك باسکرا راوێژنەکردنیش مایەی گوناهباری و هۆکارێکی لەسەرکار لابردنێتی.

(فەخری رازی)یش سەبارەت بە (وشاورهم فی الامر) دەڵێ : (رووکاری ئەمر کردنەکە بۆ پێویستی و (واجب)یە چونکە ووتەی (وشاورهم) پێویستی بون دەخوازێت)[1]

و(امر) یش بەڵگەیە لەسەر (واجب) ی ئەگەر پاڵپشتی نەبیٚ لە (واجب) یەوە بیگۆڕیٚ بۆ (مندوب)ی.

(ابن عطية) ووتویەتی : (راوێژ لە بنەماکانی شەریعەت و فەرمانە زۆر گرنگەکانە، هەر کەسە راوێژ بە زانایان و دینداران نەکا لا بردنی پێویستە. ئەمەش ناکۆکی تێدا نیە)[2] واتە لەو کارە گرنگانەیە کە ناکریٚ وازی لیٚ بهێنریٚ .

ئیمامی (جصاص)ی حەنەفی وەلاٚمی ئەوانە دەداتەوە کەوای بۆ دەچن راوێژ پێویست و (واجب) نیە و دەڵێ : (دروست نیە فەرمان دان بە راوێژ تەنها بۆ دڵ خۆشی و دڵ دانەوەی هاوەلاٚن و رێزلیٚ گرتنیان بیٚ، هەوەك هەندیٚ لە زانایان وای بۆ چوون چونکە ئەگەر لای راوێژ پێکراوەکان ئاشکرابیٚ کە ئەوان پاش ئەوەی توانای خۆیان دەخەنە کار بۆ هەڵگۆستنی حوکمێك کە راوێژی لەسەر دەکەن، کاری پیٚ ناکریٚ و پەسەند ناکریٚ ئەوە نابێتە هۆی دڵ راگرتن و رێز لێنانیان بەڵکو ئەمە پەراوێزخستنیانە و ئاگادار کردنەوەیانە بەوەی راوبۆچونەکانیان پەسەند نیە و کاری پیٚ ناکریٚ، ئەم جۆرە بۆچونەش لێکدانەوەو (تأويل) یٚکی پوچ و بێمانایە)[3] پاشان راوێژ نەکردنی فەرمانڕەواو ئەمیر بەوەی راوێژ بەراوێژکاران نەکا و دەست بە راو بۆ چونەکانی خۆیەوە بگریٚ بە زۆرداری (إستبداد) دادەنریٚ و زۆر داریش سەردەکێشیٚ بۆ ستەم و ستەمیش تاریکیەیە بۆ رۆژی دووایی،

---

[1] سەیری التفسير الكبيری فخر الرازی بە٩ ل ٦٧ بکە.

[2] تفسير القرطبي ب٤ ل٤٩.

[3] أحكام القران- للجصاص-ب٢ – ٣٣٠

خوای گەورەش هەوەك لە فەرمودەی (صحیح) ی قودسیدا هاتووە .ستەمی لەسەر خۆی حەرام کردووە.
(شێخ محمد رشيد رضا ) لە بارەی راوێژەوە دەفەرموێ(فهذه القاعدة الأساسية لدولة الأسلام أعظم إصلاح سياسي للشر قررها القران في عصر كانت فية جميع الأمم مرهقة بحكومات إستبدادية استعبدتها في أمور دينها ودنياها، وكان أول منفذلها رسول الله ﷺفلم يكن يقطع أمراً من أمور السياسة والأدارة العامة للأمة الا باستشارة أهل الراي والمكانة في الأمة ليكون قدوة لمن بعده .. ، واذا أوجب الله المشاورة على رسول فغيره أولى ، ولا يصح أن يكون حكم الأسلام أدنى من حكم ملكة سبأ العربية، فقد كانت مقيدة بالشورى دينا ثابتا بقول الله سبحانه ، وسنة رسول العملية وسيرة الخلفاء الراشيدن واجماع الأمة، وإن جهل ذلك من جهلة من الفقهاء فجعلوها فضلية مندوبة لا واجبة لأرضاء الملوك والأمراء)[١]
کۆتایی بابەتی (واجب) ی راوێژ بە چەند دەستەواژەیەکی (د.وهبة الزحيلى) دەهێنین کە لە بەرگی هەشتەمی (الفقه الأسلامی وأدلته)دا هێناویێتی سەبارەت بە (واجب) ی راوێژ . د. (الزحيلى) دەڵێ ( رای من لەگەڵ ئەوەدایە کە راوێژ پێویستە لەسەر هەموو فەرمانڕەوایەك و زۆر گرنگە بۆی و پێویستە پابەند بێ بە ئەنجامەکەیەوە هەوەکو راڤەکاران دانیان پێیداناوە، بۆ ئەوەی کاروبارەکان بە پێی دانایی و بەرژەوەندی بڕۆن بە رێوە و بەرگری لە راسەپاندن بکرێ، چونکە بڕیار (حکم) ی ئیسلام لە سەر بناغەی راوێژ راوەستاوە و بەوەش جیادەکرێتەوە ، پێشینی چاکە کار (السلف الصالح) یش لەسەر ئەم رێڕەوەبوون، ئەمە ئەگەر ، نەیتوانی راوێژکاران قەناعەت پێ بکا بە باشترێتی رایەکەی خۆی (واتە ئەگەر نەیتوانی ئەمە بکا دەبێ پابەند بێ بە رای ئەوانەوە)، هەوەك چۆن ئەبوبەکر هەستا بە رونکردنەوەی بەردەوامی رایەکەی خۆی بۆ موسڵمانان سەبارەت بە جەنگ کردن لەگەڵ هەڵگەراوەکان و کۆکردەنەوەی قورئان، تا ئەوەبو پێی رازی بوون متمانەیان پێیدا. وەهەوەکو چۆن عومەریش قەناعەتی کرد بە نە یارانی لە (معارضيه) سەبارەت بە دابەش کردنی رەشە خاکی عێراق ( عومەر لەگەڵ دابەشکردنیدا نەبوو بەسەر جەنگاوەران دا – وەرگێر) ، تا ئەوە بوو رایەکەیان پەسەند کرد و هاوڕێکی بوون لە کارەکەیدا.
لەمەشەوە رایەکەی کۆکی لەسەر دروست بوو ، هەروەك (ئەبو یوسف) لە کتێبی (الخراج) و چەندان زانای تر باسی دەکەن.
بەڵام پێغەمبەری خواش ﷺ سەرەڕای پشت ئەستوری بە وەحی کەچی لەگەڵ ئەوەشدا راوێژی بە هاوەڵانی دەکرد بۆ دڵ نەوایی کردنیان و فێرکردنی ئەوانەشی لە دوای خۆی

[١] الوحي المحمدی– الشيخ محمد رشيد رضا – الزهراء للأعلام العربي ل ١٨٦–١٨٧.

دێن)* .

(حسن) (خ.ل) وتویەتی : خوای گەورە زانیویەتی پێغەمبەر ﷺ هیچ پێویستی بەوان نیە ، بەڵام ویستەیەتی بۆ دوای کۆچ و لە دونیا دەرچوونی رێ و شوێنیان بۆ دانێ. ئەمەش بریتییە لە مانای فەرمودەی خوای گەورە (فاذا عزمت فتوكل على الله) آل عمران ١٥٩ ، واتە ئەگەر شتێکت لە پاش راوێژکردن بڕییەوە، ئەوا پشت بە خوا ببەستە لە بەڕێوەچوونی کارەکەت لەسەر باشترین شێوە، چونکە ئەوەی لەبەرژەوەندی تۆدایە هەر تەنها خوا (بەتەواوەتی) دەیزانێ، نەتۆو نەئەوانەی راوێژیان پێ دەکەی نایزانن، خوای گەورە بە (وحي) ی خۆی رێ نمونیت دەکا بۆ باشترین شت، (بیهقي) لە (إبن عباس) ەوە دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی : بەڵام خواو پێغەمبەری خوا پێویستیان پێی نیە ، بەڵام خوای گەورە کردوویەتیە مایەی بەزەیی بۆ ئوممەت، هەر کەسێ لەوان راوێژ بکات بێ رێنمونی نابێ، هەر کەسێ وازی لێ بێنێ بێ لێ تێکچوون نابێ ( من استشار لم يعدم رشدا، ومن تركها لم يعدم غياً )

(أبن عطية) ووتویەتی : راوێژ لە بنەماکانی شەریعەت و فەرمانە زۆر گرنگەکانە هەر کەسێ راوێژ بە زانایان و دینداران نەکا لابردنی پێویستە ئەمەش ناکۆکی تێدا نیە. خوای گەورەش ستایشی باوەرداران دەکا بەوەی دەفەرموێ( وامرهم شورى بينهم) شوری٣٨

وە ( ابن خويزمنداد) دەڵێ : پێویستە لەسەر سەرپەرشتیاران (ولاة) لەو شتانەی نایزانن لە کاروباری ئایین داو گرفتیان تیایدا هەیە راوێژ بە پسپۆڕانی سوپا بکەن و لە بەرژەوەندییەکانیشدا راوێژ بە دەم سپی و (لێزانەکان) بکەن و لە کاروباری بەرژەوەنی وڵات و ئاوەدان کردنەوەشیدا راوێژ بە نوسەرو وەزیرو کار بەدەستان بکا)[1] لێرەوە بە دەر دەکەوێ کە راوێژ کردن سوننەتێك نیە بکرێ باش بێ و نەکرێ قەیدی نەبێ بەڵکو واجبێکە و دەبێ لەگەڵ کەسانی شایستەو تایبەتدا لە لایەن فەرمانڕەوایانەوە ئەنجام بدرێ ، هەر بۆیەش لە سستمی سیاسی ئیسلامیدا یەکێکە لە بنەماکانی فەرمانڕەوایەتی لە ئیسلامدا

* پێغەمبەری خوا لە کاروبارە دنیایەکاندا کە پێویستی بە لێزانیین و شارەزایی هەبووە راوێژی کردووە و پابەندیش بووە پێیەوە..

[1] تفسير القرطبي ٤/ ٢٤١ – الفقه الأسلامي وأدلته ب٨ ل ٦٢٠٤-٦٢٠٥

[2]سەر ئەنجام ئەوەش روون دەبێتەوە کە ئەگەر فەرمانڕەوایەك راوێژ بە دەست و پەیوەندو کەسی پسپۆڕ لە بواری خۆیدا نەکاو گوێ بەڕای خەڵکی نەدا ئەوا دەکرێ لە دەستوری ئیسلامیدا بەندێکی بۆ دانرێ بەوەی (هەر فەرمانڕەوایەك راوێژ نەکا لە کار لادەدرێ و وەلا دەخرێ).

## سەرەنجێکی گرنگ

ئایە بابەتیڕاوێژچییەولە چ شتێکدائەنجام دەدرێت؟ ئەیکێن ئەوانەیڕاوێژکردن دەیانگرێتەوە،واتەڕاویژکاران کێن؟هەوڵدەدەین لێرەدابەپوختی لێیان بدوێین... ڕاوێژکردن سەرجەم کاروبارەجیاوازەکان وئەوبوارەشەرعیانەدەگرێتەوەکەوا ئیجتیهای دینیودەقی شەرعیان لەبارەوەنییە،یادەققیا لەبارەوە هاتووە بەلاّم بۆماناو مەبەست وراڤەکردن و چۆنێتی دەقەکەکە پێویستی بە ڕاوێژهەیە...بەلاّم نابێتڕاوێژ لەدەقە ڕوون و ئاشکراکاندا بکرێ،مەگەر بۆچۆنێتی و ئالیەتی پیادەکردن یان بانگە شەبۆکردنیکەئەوەش بارودۆخ وشوێن وکاتەجیاوازەکا ن وگۆڕانکاریکان دەیخوازن وئێرە جێیباسی نییە.
کەواتەسەرجەم باس و خواسە کۆمەڵایەتی و سیاسی وئابووری و ڕۆشنبیریو....هتد ەکان جێی ڕاوێژکردنن ودەکرێت ڕاوێژیان تێدا بکرێت مەگەر لەو شتانەدانەبێت کەدەقی ڕوون وئاشکرایان لەسەر بێت یاخوو د لە ووردەکاری وشتە بچوکەکان بن کەپێویست بەڕاوێژکردن نەکات هەربۆیەڕاوێژداواکراوەلەشتانەداکەجێیڕاوێژن جائیتر گشتی بن وەکو هەڵبژاردنی فەرمانڕەواو بەڕێوەبردنی وولاّت و دانانی کاربەدەستان وڕاگەیاندنیجەنگ وئاشتی،یان تایبەتی بێت وەکوحوکمی سەوداگەری(معاملات)وتاوانەکا ن وکاروباری خێزان وهاوێنەی ئەمانەبن(زەمەخشەری)لەراڤەیئایەتی﴿وشاورهم في الأ مر﴾ دادەڵێ،واتەلەکاروباری جەنگ وهاوشێوەکانی کەلەبارەیانەوە وەحی داگیراوە راوێژیان پێ بکەهەروەهالە(أحکام القرءان)یالجصاص داهاتووە (ئەبێ ڕاوێژی پێغەمبەریخوا(ﷺ) بەوان

[2] سەیری ئەم سەرچاوانە بکە (نظام الحکم في الإسلام ، الفقه الإسلامي وأدلته، في السیاسة الشرعیة ، اصول الدعوة ، في الفقه السیاسي الإسلامي ، الدولة القانونیة في النظام السیاسي الإسلامي...) ئەم سەرچاوانەی لە پەراوێزدا ئاماژەمان پێ دا لەم بەشەدا بە ناراستەوخۆ کەڵکی لێ بینراوە.

لەو کاروبارانەدا بوبیٚ کەدەقی تێدا نیەیە چونکە دروست نیەیە ڕاوێژیان پیٚبکات لەوشتانە دا کەدەقییان لەسەر هاتووە ))[1] .

جائەگەر (ڕاویژ)مافێك بێت وپێویست بێت لەسەرفەرمان ڕەواو خەڵکی ئەنجامی بدەن،دیارەڕیکخستنی ئەومافیڕوایژکردنە بەپیٚیجیاوازیکات وشوێن وکۆمەڵگاوبارودۆخەکان دە گۆڕێت هێڵراوەتەوە بۆژیری [2]مرۆڤەکان خۆیان،ئەمەش نەمری شەریعەتی ئیسلامی دەردەخات لێرەداپرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە ئایە کێن ئەوانەیجیٚی ڕاوێژن وئەندامی ڕاوێژکاری(شوری)ن وەئایە ڕاوێژکردن بەکیٚ و لەگەڵ کیٚ دائەنجام دەدرێت ؟

## ئەندامانی ڕاوێژوڕاوێژکاری

ئایائەوانەی ئەهلی ڕاوێژن کێن وڕاوێژ بەکیٚ دەکرێت وچۆن ئەنجام دەدەرێت؟ئایا پێویستەودەخوازریٚسەرۆکیدەوڵەت یالیژنەی ئامادەکاری ڕاوێژکردن،ڕاوێژبە تاکە تاکەی خەڵکی یان هەندێکیان بکا؟.ئەوەیلەژیانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)و سوننەت وهەڵس وکەوتێوە وەردەگیرێت ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ)لەشتێك داکەجیٚیگرنگی پیٚ دانی خەڵکی بووبێت ڕاوێژیبە موسوڵمانان کردووە لەوشتانەدا کەچارە نوس ساز بووەوڕاستەو خۆپەیوەندی بەوانەوە هەبووە،هەروەك ولەدەرچوونی ئوحداڕویدا کاتێك لەشار دەچوون بۆجەنگ کردنی هاوبەش پەیداکەران ،ئەوەبوو ڕاوێژی پیٚ کردن وپیٚیوتن (أشيروا علي)هەروەها سەبارەت بە دەست کەوتەکانی هۆزی (هوازن)یش ڕاویژی بە هەموویان کردوو ئەوانیش پەسەندیان کردوڕاوێژکردنەکەی پێغەمبەریان بەدڵ بوو.لەهەندێك کاتیش داڕاوێژی بەهەندێك لەهاوەڵانیدەکردنەك بەهەموویان،وەك لەمەسەلەی دیلەکانی (بدر)داڕوویدا سەبارەت بەوەی کە(فدیە)یە یان لیٚ وەرگریٚ یانا ؟هەروەها پێغەمبەریخوا(ﷺ) ڕاوێژی بە(سعدبن معاذ) کردسەباەرت بە سازش کردنی لەگەڵ (غطفان)بۆئەوەی لەجەنگی (خندق)دابگەڕێنەوەبەرامبەر بەسیٚیەکی بەرهەمی ئەو ساڵە،ئەوانیش ڕوونیان کردەوەکە ئەگەر ئەمە فەرمانی خواییە تەنانەت ئەگەرحەزو ڕایجە

---

[1] الزمخشريالكتاب ب ١ ل ٢٢٦

[2] سەیریئەم سەرچاوانەبکە،الفقه الأسلامی وأدلة.(٢ )أصول الدعوة.

نابیشتەپێمان خۆشە بەلاَم ئەگەر ڕاوەرگرتن و پرس پێکردنە ئەوەئێمەتەنها شیرمان لەبەرامبەریاندا هەیەو پێغەمبەری خواش بەگوێی کردن ووازی هێنالەورێککە وتنەی لە گەڵ(غطفان )دابەنیازبووئەنجامی بدات. ئەم پێشینە مێژووی یەسولماوە لەسونەتی‌پێغەمبەری خواداو بەڵگەیە لەسەرئەوەی‌کەئەهلی‌شوراوڕاوێژکاران زۆرینەی خەڵك (جمهورالامة ) ن وجاری‌واهەیەتەنهائەوانەن کەلەوشوێنەدا ئامادەی‌ڕاوێژەکەن وپەیوەستە بەوانەوە وەکو لەدەست کەوتەکانی (غطفا)،جاری‌واش هەیەئەوانەن کەلەنێوگەل وهۆزەکاندادەم سپی ونوێنەرن وەك راوەرگرتنیهەردوو سەعید سەبارەت بەورێککەوتنە.جاری واش هەیە تەنها پەیوەستە هەندێك لەخاوەڕاوبیروبۆچونەکانەوەوەکو مەسەلەی گیراوەکانی جەنگی بدر...

لەبەرتیشکی ئەمانەش دا دەکرێت بڵێین :ئەوەی‌سەرۆکی‌دەوڵەت یان ئەودەزگاییەی‌ئەرکی ڕاوێژی دەکەوێتە سەر گۆڕانی بەسەردا دێ‌وجیاوازەبەپێی جیاوازی ئەو بابەتەی‌ڕاوێژکر دنەکەی تیادابەدی دەکرێ،لەوانەیە هەندێك لەوشتانە پێویستی بەجۆرێك لەمەعریفە وشارەزای تایبەتی هەبێ،هەربۆیەپێویستەسەرۆکی‌دەوڵەت ودەزگای بەرپرس ڕاوێژبەخاوەن پسپۆڕو شارەزایانی بوارە جۆربەجۆرەکان بکەن،لەپێشەوە ئاماژەمان کردبە قسەیەکی ئیمامی قورتبی کە بەئاشکرادەڵێ(دەبێ‌سەرکردەوپێشەوایان لەکاروبارە ئاینیە کاندابپرس بەزانایان بکەن ولەکاروباری شەڕوجەنگ داپرس بەپیاوانی‌سوپاوئەوانە بکەن کە بەرژەوەندییەکان دەزانن،لەخزمەت گوزاری وئاوەدانکردنەوەووەهەروەها بەرژەوەندی خەڵکی‌دا پرس بەنوسەرو وەزیروکاربەدەستان بکەن[1] ئەی‌ئەگەر جیاوازی لەنێوان ڕاوێژکاران وسەرۆکی دەوڵەت وخەلیفەداڕوویدا چ هەڵوێستێك دەگرێتە بەر؟بەتایبەتی‌کاتێك بابەتی زۆرینەوکەمینە دێتە پێشەوە،ئایاسەرۆك لەحاڵەتێکی وادا چی بکات؟ئەوەباسێکی تایبەتەدەکرێت بەدوادا چونی بۆبکرێت وقسەو باسی زیادهەڵ گرێ‌وبارودۆخ ورێکخستنی(حلاحیات)ی‌هەریەکەلەسەرۆك وئەنجومەنی ڕاوێژوشورالەبەرتیشکی ئایەت وفەرموودەکان و...چۆنێتی‌تەعامول کردنی‌لەگەڵیاندا دەکرێ ڕیك بخرێت . دیارەئەمەدوای ئەوەی(دەقێ‌شەرعی)لەبارەی مەسەلە تایبەتەکە

---

[1] أصول الدعوه ل ٢١٩_٢٢٠ . وە لەبەرانبەر(اهل شوری)دا(اهل الحل العقد)(أولی الأمر) بەکاردیت.

وەنەبێت کەواتەخاوەن ڕاوێژەکان(اهل شوری)(*) لەو کەسانەدیاری دەکرێن (ئەگەربەشێوە یەکی گشتی یا تایبەتی پەناوە بەردەست نیشان کردنیان ببڕێ)کەخاوەن ڕاوبۆچونی بەهێزووردەکاری وپێگەیشتنێکی تایبەتین وئەمانەش کەسانی پسپۆڕیبوارەتایبەت وجۆراوجۆرەکان دەگرێتەوە،بۆئەوی لەکاتی پێویست دا بۆلایان بگەرێنە وەو ڕاویژییان پێبکرێ وئامانجی دییاری کراو بپێکرێبەپێی توانا) بۆنمونە لەمە سەلەی شەرعی وقەزایەکانداڕاوێژبەزانایانی (قضاء)و(شەرع)دەکرێوبەهەمان شێوە لەبوارەجیاجیا کانی تری ئابووری وکۆمەلایەتی و دەرونی و...هتدیان هەندێك جارڕاوێژکاردەدەنرێت بۆبە رچاوڕۆشنی،بەلام مەرج نیە هەمووکاتێك پابەند بوون بەبۆچوونەکانییەوەبکرێت بەلکودەکرێت تەنها بۆ خستنە رووی بیروڕا (الإستشاره) بێت

**هەرلێرەدا گرنگە ئاماژەبدەین بەوەی جیاوازیهەیە لەنێوان( شوری_ڕاویژ )( الأستشارة )**

(الأستشارة)بریتییەلەوەیداوایبۆچونێك لەکەسێك بکەییاڕاوێژیپێبکەیئەوکەسەش جێی متمانەی ڕاوێژکەربێت لێرەدائەوەی کەڕاوێژەکەدەکاخۆی مافیئەوەی هەیە بڕیارلەسەرمەسەلەی دییاری کراوبدات،بەلام لە(شوری)دا(جماعة)یان(أمة)بڕیارلەسەر کاروبارێکی گشتی خۆی یاهەرکارێکی چارەنوس سازدەدا...

(الأستشارة)واجب نییە،ئەوڕایەش کەدەخرێتەپێش چاو مەرج نییە پابەندی پێوەدەر بپڕدرێ ،بەلام (شوری)پابەندێتی دەخوازێت دواتر دێینەسەر(ملزم)ی و(معلم)ی(شوری) جیاوازی نەکردنیش لەنێوان ئەم دووانەدا﴿(شوری)(الأستشارة)﴾ئەو گرفتەی دروست کردووەکە ئایا(شوری)(ملزمة)یا(معلمة)...چونکە بە جیاوازیکردن لە نێوان(شوری) و (الأستشارة)دەردەکەوێت(بەپێی بیروبۆچونی.د.شاوی)(شوری)(ملزمە)و(الأستشارة) (معلمە)دیارەڕێك وسازکردنی (أهل الشوری)وچۆنیەتی ڕێکخستنیکارێکە بۆ(ئومەت و خەلکی)بەجێ هێلراوە کەسانی خاوەن عەقل وژیری پێی هەلدەسێ ودەکرێت ئامراز وشێوازەکانی گۆڕین وگەشەسەندنیان بەسەردا بێ،ئەکرێهەندێکی بەهەلبژاردن وهەندێکی بەدیاریکردن جێبەجێ ببێ....

(*)ڕاویژپێکردن)کەئەم دوانەجیاوازیان هەیە ...(توفیق الشاوي)یەکەم کەسەکەبەووردیجیاوازی نێوانیانی کردووە ولە باسێکیگرنگی داسە بارەت بە ڕاوێژ(فقە الشوری و الأستشارة)دالە(٨٤٠)لاپەرە دانوسیویەتی ئەم مەسەلەیەبە باشی رون دەکاتەوە لەوجیاوازیانە:

هەروەهادەست نیشان کردنی مەرجەکانیشی  پەیوەندی هەیە بەسیاسەتی شەرعییەوە هەر بۆ نمونە یەکێکی وەك (فراء)لەسێ شت داکۆی دەکاتەوە.

١)العدالة  .

٢)العلم الذیبه یتوصل به الی معریفة من یستحق الامامة.

٣)ان یکون من أهل الرأیوالتدبیر المؤدیالی اختیار من هوللإمانةأصلح))[١]

کۆتایی باسی(أهل شوری_ڕاوێژەکاران)یاخود خاوەن ڕاوێژەکان بەدووسەرەنجیهە ریە کە لە (فهمی هو یدی) و(احمدکمال أبومجد)دەهێنین.

فهمی هویدی لەباسێکیداکەلە(المستقبل العربی ،ساڵی١٥ ژمارە  ١٦٦_ (کانوونییەکەمی ١٩٩٢) لە ل ٤_٣٧ دا بلاَ کردووە تەوە دە ڵێ : جیاوازی یەك هەیەلە نێوان (أهل الشوری) و (اهل لاجتهاد)پێویستە سەرنجی بدرێ،یەکەمیان خاوەن ڕاکانن لە(أمە)ت دا، ئەوانەیپێویستە نوێنەریسەرجەم چین وتوێژوتەییارو بیروباوەڕەکانیبن،هەرلێرەوە_ نوێنەرایەتی ناموسڵمانەکانیش ئەگەربن _ شتێکیڕاوەیە، بەلاَم ئەهلی ئیجتیهاد ئەوان بریتین لە شارەزاوخاوەن زانستەکان  لەزانایانیموسڵمان وئەوانەیکاریئیجتهادیان پێ دەسپێرێ بۆهەڵهێنجا نی حوکمەشەرعیە کان،

ئەوەلەشوێنکدا شەریعەت بناغەی یاساوتەشریع بێ، هەر بۆیەمەرجی موسڵمان بوون تیایاندا پێویستەو پێویستی بەروون کردنەوەش نییەکەئەهلی شورا ئەوانەن کەلە کۆڕی نوێنەرایەتی..(مجلس النیابی)داجێیان دەبێتەوە، بەلاَم ئەهلیئیجتهادبریتین لە پێکهاتەیەکی زانستی کەنزیکە لەبیرۆکەیدامە زراوەیگەورەزانایان (هیئةکبارالعلماء ).، یا (کۆمەڵەی توێژینەوە ئیسلامیەکان_ مجمع البحوث الأسلامیة)یاکۆڕی بالاَی ئیسلامی (المجلس الأسلامي الأعلی) [١](أبومجد) یش سەبارەت بەهەرسێزاراوەی (أهل شوری) و(أهل الحل والعقد)و(أهل الّجتیهاد)دەڵێ: ((نزیکترین باربۆسازکردنیئەم زاراوانە ئەوەیەکەدەربڕینی (أهل شوری)گشتی ییەوئامارژە ئەکابۆئەوانەیکە فەرمانڕەوا دەیەوێت ڕایان وەرگرێت لەکارێك لەکارەکاندا،پاشانیش ئاساییەسیفا ت ومەر جەکانیان بەپێی ئەوەی لێیان داوادەکرێ بگۆڕێ،بەلاَم (أهل الحل والعقد)ئەوا ئامارژەیە بەڕەگەزی کاریگەری کۆمەلاَیەتی

---

[١] سەیری(فی فقه السیاسیالأسلا میفرید عبدالخالق) ل.(١٠٨)بکە.

[١] الحر کات الأسلامیة والدیمقراطیةمرکزدراسات الوحدة العربیة سلسله کتب المستقبل العربی((١٤)) ل ٣٤

کەهەنـدێك لەخـەڵكی خـاوەنێتی .بەشـێوەیەك لایـەنگیرییان بۆکەسـێك یاڕایـە ك یابڕیارێـك یادەروازەیــەك تــەواو لەبارەبۆئــەوەی خــەڵكی پێیڕازیبێ‌وبچــنە نــاویۆەو مــل کەچــی بڕیارەکــانی بن،بــەڵام (أهــل الاجتیهاد)ئــەوانزیکترە لەژێربێــژی (منگیق)ەوەکەئەوانــەن کەئامادەگیان تێدایەبۆدەربڕینی ڕایدروست سەبارەت بەپرسیارەهەمەجۆرە فیقهی یەکان، جائەگەرمەســەلەی خــراوەڕوو ڕەنگێکــی تەشــریعییانەی هەبووئەوەپێویســتە مــەرجێك لەمەرجــەکانیان بــوونی توانــای ئیجتیهــادی بــێ بەماناشــەرعییەکەیواتەبەتوانایی لەسەردەرهێنانی حوکمە شەرعییەکان لەبەڵگە کانییەوەلەگەڵ(استقراء)و(معرفه)یەکیترکە پێویستە بۆ ئەم مەبەستە ،ئەگەرمە سەلەی خراوەڕو سروشتێکی ئابوری وکۆمەڵایـەتی یا ئەندازەیی یاپزیشکی یادارایی هەبێ‌ئەوە دەبێ‌ئەندازەیەك شارەزا بن لەو مەسەلانە ،ئەگینا ڕوو بەڕووبوونەوەیان بۆئەوکارە ودەربڕیینی ڕاوێژ(لەلایەن ئەمانەوە)دەبێتە زۆر لەخۆکردن وشوێن کەوتنی بێ‌زانیاری)[٢]

ئـەکرێ لەکۆتایـدا بڵـیین (أهل الشـوری) یاخود(أهـل الحـل العقد)هەرچـەندە لای هەنـدێك هەنـدیجیاوازییان هەبێ‌یادارشتنەوەی لەئەمڕۆدا بەشێوازی جیا جیا لـە خـۆ بگـرن بـەڵام دەکـرێ بڵـێین سـەرجەم ئەوکەسـانەدەگرێتەوەکەخەڵکیمتمانەیان بەڕایـەکانیان هەیـەوڕازین بەبڕیارەکانیان لەبەرئەوەی متمانە یان هەیەبەشارەزاییان و دڵنیان ئەوکەسانەسورن لەسەر بەرژەوەندیان ونوێنەریی ئەوانن بۆهەرکارێك کەپەیوەستە بەبەرژەوەندی خەڵکەوە...

## ئایا(ڕاوێژ–شوری) (ملزمة یامعلمة)

ئـەوەی تـائێرە ڕوونـە ئەوەیـە کەڕاوێژ(واجبـە)وخوای گەورەفـەرزی کـردووە لەسـەرفەرمان ڕەوایان وبە بێ‌ئـەوە یـەکێك لەبنـەماکانی فـەرمان ڕەوایـەتی لەسیستەمی سیاسی لەئیسلام داکــورت دێنــێ وفــەرمانڕەوای موســڵمان شــەرعییەت لەدەســت دەدات ئەمەســەرە ڕای ئەوەیسەرجەم ژیانی موسوڵمان دەبێ ڕەنگدانەوەیڕاوێژی پێوە دیاربێ...

بـەڵام ئــەوەی لێـرەدا گرنگــە لەســەری بـدوێین ئەوەیــە کــە ئایاپــاش ئەوەیزانرا(ڕاوێــژ) واجبەئەیئـەنجا میئەوڕاوێژەچـەندەفەرمان ڕەوا پێـوەی پابەندە؟ئـەی ئەگەرلـەنێو ڕاوێـژدا زۆرینەو کەمینەهەبوو..ئەوکا

---

[٢] الحريةالعامة في الدولة الأسلامية .ل .((١١٣_١١٤)

تەفـــــەرمان ڕەوا بـــــۆی هەیەلەگـــــەڵ هەرکامیاندابێ..یاخودپێویســـــتەمل کەچـــــی ڕای‌زۆرینەبێ؟وەیازۆرینـە چـەندە ڕۆڵـی هەیەلێرەدا؟ئەی‌ئەگەرسـەرۆك لەلایـەك و(ئەنجومـەنی ڕاوێژ) لەلایەکی دی‌بوون ئایا لێرەدا
ڕای سـەرۆك دەیخوا؟وەلەونێوەنـدەدا چـی دەکرێ؟ئەگـەر نەگەیشتنە ڕایـەکی دیـاری کـراو...
پێشـترۆ ئامـاژە مـان بەوەدالەڕوانگـەی بۆچـونەکەی تۆفیـق شـاوی یەوەکەئـەنجامی ڕاوێـژ (شـوری) دەبـێ پابەنـدی پێوەبکرێ،بـەلام ڕاوێـژپێ کـردن (الأستشـارة)بـۆزانینی ڕایەکانـە (معلمة)ومەرج نی‌یەکەسی ڕاوێژکەر پابەند بێ‌بەڕای ئەوانەی دەیەوێ‌ڕایان بزانێ،لەلایـەکی ترەوەئەوەمان زانی ئەنجومەنی ڕاویژ بەمانایەك لەماناکان بریتـی یە:لـەزانایان وموجتەهیدان پسـپۆڕانی سـەرجەم بـوارە جۆربـەجۆرەکان و ئەندامـەکانی ئـەم ئەنجومەنـە لەپیشـتەوەی شەرعن نەك لەپێشەوەی ، بیر وبۆچونیان لەمەبەسـت و هۆکارەکانـدا پابەنـدییان پێوەدەکرێ، لەهـەمان کاتـدا هەریەکـە یـان بۆهەرڕایـەك پاسـاوو بەڵگـە کـان دەخرێنـەڕوو(چ لـە کتـاب بێ‌یاسـوننەیا ئیجمـاع یـا قیـاس یامصـلحە)بێ،وەهەروەها بەرژەوەندیەکانی‌دەسـت نیشـان دەکرێن..جائەگەرئەنجومەنی ڕاوێژبەپێی بنەماکانی شەرع وئیجتیهادیش بڕیاریاندا،
لەوکاتـــەش داچـــەندین ڕالەیـــەك مەســـەلەدا دێتـــەدی،ئیتر ئـــەوەی دەخرێتـــە ڕوولـــەو ئەنجومەنەدایاسـایی یائابووری‌یاسیاسـی یاکۆمەلایـەتی بێ،هـەروەکو چۆن چوارمەزهەبەکە جیاوازیان لەبیرو بۆچووندا
هـەبووە ئـەوەش دەگەڕێتـەوەبۆجیاوازی ژیـری وتواناکـان لـەڕوی تەسـکی و فراوانـی وقـوڵی وبیرتیـژی چـەندان هۆکـاری تـرەوە ،سـەرەڕای چـەندین پاڵنـەرە تربۆدروسـت بـوونی‌ڕاوڕای جیاواز.
لێرەدادەکرێ‌زۆرینــە ڕایــەکیبا ن هــەبێ وکەمینــەش ڕایــەکی دی‌وەدەکرێ‌فــەرمان ڕەوا و سەرۆکی دەوڵەت لەگەڵ زۆرینە یاکەمینە دابێ‌یاڕایەکی تایبەتی هەبێ...
ئایـاحوکمی ئـەم جیـاوازیی یـە چـی یـە؟وەچ ڕایـەك لـەم ڕایانـەی ئەنجومـەنی ڕاوێژپێویسـتە شــوێنی بکــەوین؟ ســەرەتا پێویســتە ئــەوەبزانین کەنابێ‌زۆرینەوکەمینەلەســەربنا غــەی دەمـارگیری یاحیزبایـەتی بێ،وەئـەو ئەنجومـەنی ڕاوێـژەی کـە ئیسـلام دەیـەوێ ئەبێ‌تـەعبیر لـەڕای تـاکی موسـوڵمانانەی خـۆی بکـات ،بەشـێوازێك ڕیـك نەخرێ‌کەبـەڕەواوناڕەوا شـوێنی پـارت وحیـز ب وگروپەکـەی بکەوێ‌جائەگەرکاروبارەکـە ئاوهـا بـوو بەوشـێوازەڕۆیی بـەڕێوە ئــەوەدەکرێ بڵــێین ئەنجومــەنی ڕاوێــژ ئــەو مانافراونــەی ن وڕاســتە قینەیــەیی نــی

یەکەمەبەستەئەوەشی ئەمرۆش ناوی ئەندامانی شورای لێدەنرێ،ئەوەی لەئاستی حیزب وکۆمەڵێك پرۆژەو کاری ئەوکۆمە لانە دایەن نەك لەئاستی خواست و ویستەکانی سەرجەم کارو باری موسوڵمانانذابێ،هەندێ لەوئەنجومەنانەی ئەمرۆ زیاتر بۆ هەندێ کارو باری ئەم قۆناغە ی بانگەوازو کاریسیاسی ئیسلامین وەك لەوە نمایندەی ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی ئیسلامی یاخەڵکی موسوڵمان بە گشتی بن.

دیارەهەربابەتێدەقی شەرعی لەسەرهاتبێ‌مەگەربۆزیادەتێگەیشتن وپیادەکردنی ئەگیناناکەوێتە گفتوگۆیڕاوێژکاران وموجتەهیدانەوە.بەلاّم باسەکەلێرەدائەوەیەلەو کاتەدا ئەڕایەی کەزیاترە بەکیتاب وسوننەدەچێ‌نەزانراوەیامەسەلەیەکی(أجتیهادی)هاتە پێشەوەوناکۆکی لەنێوان سەرۆکی دەوڵەت وئەنجومەنی ڕاوێژدا دروست بوو.ئالەو کاتەدا سیستەمی سیاسی ئیسلامی چی هەیەبۆچارەسەرکردنی ئەوبارە؟وەقسەی کۆتایی بۆکێیە؟بۆئەمیرە یابۆ ئەنجومەنی ڕاوێژیادە خرێتەناو بژیوانییەوە.

**دیارە لەم باس و خواسەدا زیاتر لە ڕایەك هەیە لەوانە** :- هەیە بیروبۆچون و ڕای وایە کە سەرۆك یا فەرمانڕەوا تەنها راوێژ دەکا نەك پابەند بێ بە ئەنجامەکەیەوە واتە حساب بۆ زۆرینە ناکاو بەڵکو تەنها دەیەوێ ئاشنای رایەکان بێ .. (کە ئەمە مانای پابەند نەبونی فەرمانڕەوا دەگرێتەوە بەراوێژکردنەکەیەوە وەك لە پێشەوە ئامارژەمان پێ دا) هەیانە دەڵێن: پێویستە ئەمیرو سەرکردە پا بەند بێ بە ئەنجامی راوێژەکەیەوە ئەگەر زۆرینە رایەکی جیاوازی هەبوو لە (ئیمام- سەرۆك - فەرمانڕەوا)

دیارە لەم نێوانەشیدا رای تریش هەیە.

پابەند بوون بە رای زۆرینەی ئەنجومەنی شوراو پابەند کردنی ئەمیر پێیەوە هەندێ لە زانایانی کۆن و نوێ لەسەر ئەوەن کە لە ئەنجومەنی راوێژدا (کاتێ ئەو مەرجەیان تێدا بێ) ئەگەر ناکۆکی و جیاوازیان بۆ دروست بوو ئەوا دەبێت رای زۆرینەی ئەنجومەنی راوێژ وەربگیرێ و پێش بخرێ و فەرمانڕەواو سەرکردەش پێوەی پابەند بێ.. جا ئەگەر لە زوودا (زۆرینە و کەمینەیی) بەکار نەهاتبێ ئەوا ووشەی (جمهور)بەکار هاتووە (ترجیح) ی پێ دراوە لە شتە هەستیارەکانیشدا * هەرچەندە تاوەکو ئێستاش هەن ئەوانەی کە (باس و خواسی زۆرینەو پابەندێتی ئیمام پێیەوە بە (بدعە) یەك دادەنێن لە سیاسەتی شەرعیدا... لەوانە (عبد القادر عبد العزیز) کە ئەم لای وایە هەر کەسێ بەم شێوەیە بێ ئەوا بەکەسانی

* الدوله القانونیه ل ٢٧٠

خاوەن (المنهج الأنهزامی التلفيقي) دادەنێ و بە (صاحب التأويل الباطني ومحلل) حسابییان بۆ دەکا...

بەڵام لەلایەکی ترەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بیرو بۆچونی زۆرینە و کەمینە لە مێژووی ئیسلامیماندا بە جۆرێك لە جۆرەکان قسەی لێوە کراوە. (محمد ضياء الدين الريس) لەم بارەیەوە قسەیەکی ئیمامی غەزالی دەهێنێ و دەڵێ (فانهم لو اختلفوا في مبدأ الأمور وحب الترجيح بالكثرة) الأمام الغزالي الرد على الباطنية ل ٦٢ و ثاشتر ) هەوەها دەڵێ (فإن ولي عدد موصوف بهذه الصفات فالامام من انعقدت له البيعة من الأكثر) رشيد رضا لە (غزالي) ەوە باس دەکا لە كتاب الخلاف ل ٤٨ هەوەها دەڵێ (والكثرة.. أقوى مسلك من مسالك الترجيح) الأمام الغزالي: الرد على الباطنسة ل٦٣

(الريس) پشگیری ئەم رایە دەکا و دەڵێ (زانایانی (فقه) پشت بە رای (جمهور) دەبەستن کە بریتییە لە رای زۆرینە و زانایانی (أصول) یش لە باسی (الإجماع) دا زۆرینە بە (حجه) دادەنێن [1] ،شەهید (عبد القادر عوده) لە (الإسلام وأوضاعنا السياسية و (د. محمد العربی لە (نظام الحكم في الإسلام ) و قرضاوي لە (السياسيه الشرعيه) و ... و(د. أحمد شوقى الفنجرى) لە(كيف نحكم بالإسلام في دولة عصرية) و (د. عبدالله النفيسي) لە (فى السياسه الشرعيه) و دەیان زانای تر پشتگیری لەم رایە دەکەن..

دیارە بۆ ئەم مەبەستە چەندان بەڵگەیان هەیە کە دەکرێت لێرەدا زۆر بە کورتی بیانهێنین.

١- پێغەمبەری خوا و گەورە هاوەڵان ، لە جەنگی ئوحد دەرچوون لە مەدینەیان بەباش نە دەزانی بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرینە بە تایبەت لاوەکان دەرچونیان بەباش دەزانی ئەوە بوو پێغەمبەری خوا بڕیاری دەرچووزیدا.

٢- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دا بەوەی شوێنی (السواد الأعظم) ی موسڵمانان بکەوین . یا دەفەرموێ (.. لا تجمع امتي على الضلالة) صحيح الألباني .

٣- پێغەمبەری خوا بە ئەبوبەکر و عومەر دەفەرموێ (لو اتفقتما على رأي ما خالفتكما) [2] رواه أحمد، هەوەها فەرمودەی (عليكم بالجماعه والعامه) رواه الترمڑى وابن ماجه واتە لەگەڵ کۆمەڵ و گشتیدا بن.

٤- ( ابن كثير) لە تەفسیرەکەیدا گێرانەوەیەك لە ئیمامی عەلییەوە دەگێڕێتەوە سەبارەت بە وەی پرسیاری (عزم ) لە پێغەمبەری خوا کرا لەم ئایەتەدا (فاذا عزمت فتوكل على الله ) ئەویش فەرموی (مشاوةر أهل الرأى ثم اتباعهم)[1]

---

[1] الدوله القانونيه له (النظريات السياسيه )ی (محمد چيا و الدين الريس) (ل٣٢٣) ەوە وەریگرتووە

[2] واتە ئەگەر ئێوە هەردوکتان کۆك بن لەسەر بۆچونێك پێچەوانەیتان ناکەم.

٥- عومەر راوێژی لە نێوان شەش گەورەهاوەڵی دا دەست نیشان کرد پاشان دوا بڕیاری دا بەدەست ئەوەی لە زۆرینەی لەگەڵ دا دەبێت.
٦- ئەگەر ئەنجومەنی راوێژ هەبێ و رۆڵی بڕیاردانی نەبێ بە زۆرینە ئەبێ چ دەورێکی هەبێ ئەگەر هات و تەنها سەرۆك بڕیاربدات بە تایبەت لە مەسەلە ئیجتهادی و گۆڕاوەکاندا ، پاشان چۆن (أهل الشوی) بە (أهل الحل والعقد ) ناو دەبرێ ئەگەر بێتوانابن لە هەڵوەشان و گرێ دان و چارەسەرکردنی گرفتەکاندا.
٧- زۆربەی جار ئەم حاڵەتەی کە حساب بۆ زۆرینەی (شوری) نەکرێ و تەنها (فەرمانڕەوا خاوەنی دوا بڕیاربێ (أستبداد) و زۆرداری لێ کەو تووەتەوە. سەرەڕای ئەوەی راوێژکردن مانای خۆی لەدەست ئەدا ئەگەر سەرۆك پێوەی پابەند نەبێ.
٨- مێژوو واقعی ئێستاش دەیسەلمێنن زۆرینەو کۆمەڵ راکانیان نزیکترە لە (صواب) ەوە نەك تاك و کەمینە. دیارە باس لە زۆرینەیەکی خاوەن عەقڵ و ژیری دەکەین نەك ئەوەی ئاگای لە دین و دونیا نیە لەبەرامبەر ئەمەشەوە دەستەیەکی تر لە زانایانی کۆن و نوێ رایان وایە کە دەبێ بڕیاری کۆتایی بەدەستی فەرمانڕەوا بێ با دژیش بێ بەڕای زۆرینە کورتەی بەڵگەکانیشیان بەم شێوەیەیە.
١- ئەم فەرمودەیە ی خوای گەورەیە (وشاورهم في الامر فاڎا عزمت فتوكل على الله) (قتادە) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ (خوای گەورە فەرمانی داوە بە پێغەمبەر ﷺ ئەگەر عەزمی بوو لەسەر کارێ جێبەجێ بێ ئەوا بابەڕی بخاو پشت بە خوا ببەستێ نەك لەسەر راوێژی ئەوان بوەستێ (دیارە ئەمە راڤەی (تابیعی) ە لەولاشەوە راڤەی ترمان هەیە کە قسەی ئیمامی عەلیە)
٢- پێشینەی مێژوویی لەوانەبەڕێ خستنی سوپای ئوسامە و شەرکردن لەگەڵ (مرتدين) دا کە زۆرینە لەگەڵ ئەبوبەکردا نەبوون (دیارە لەبەرامبەر ئەمەدا (فعل) ی عومەر هەیە کە بۆ زۆرینە کردووە، هەروەها سوپای ئوسامە بە فەرمانی پێغەمبەری خوا بەڕێ خرا بوو، بۆ شەڕی هەڵگەڕاوەکانیش ئەبوبەکر توانی لە کۆتاییدا قەناعەتیان پێبهێنێ)
٣- سەرۆك خۆی بەرپرسیەکەمە لە کارەکانی هەر بۆیە ناکرێ رای کەسانی تر جێبەجێ کا ئەگەر قەناعەتی بە راستی و دروستی و (صواب) ێتی نەبێ.
٤- راستی و هەڵەیی لە سەر کەمی نەوەستاوە بەڵکو لەسەر خود و سروشتی رایەکەوەستاوە نەك ئەوەی زۆرینەی لەگەڵ دایە بەڵام وەڵامی ئەمەش بەوە دەدرێتەوە کە

---

(1) واتە راوێژکردن بە خاوەن راکان و پاشان شوێن کەوتنیان.

مەرج نیە کەمینەش رایەکەی پەسەند بێ بەڵکو زۆرینەو کەمینە ئەگەر لەیەك ئاستی ژیری و تواناداب‌ن زۆرینەکە بواری پێکانی زیاترە.
٥- کەمی و زۆری لە خودی خۆیدا بەڵگەیەکی (قاطع و راجح) نیە لە سەر دروستی (صواب)ی هەر رایەك .. قورئانیش ئاماژەی بەمەکردووە (لو ان تطع اكثر من في الارض يضلوك) ... دیارە ئەم ئایەتە باس کردنە لە زۆرینەیەکی بێ ئاگاو ئارەزوو بازنەك خواناس و ژیر و بیرمەند.
٦- لە جەنگ وشەڕدا سەرکردە دوای (مشاورە) چی بەباش بزانێ لە (نەخشەی جەنگ ئەوە جێبەجی دەکرێ بێ ئەوەی پابەندبێ بە رای ئەوانەوە هەرچەندە پابەندە بەراوێژ پێکردنیان..، دیارە بابەتی جەنگ دۆخێکی تایبەتیەو کێ دەڵێ مەرجە بۆ هەموو کاروبارێکی جەنگی دەبێت سەرکردە بەو شێوەیە مامەڵە بکا...ئەگەر بەم شێوەیە بڕوانین وا بزانین تەنها تەنها قسەی سەرکردە و فەرمانڕەوا دەیخوا ئەو کاتە ئەو ووتەیەی ئیمامی عومەر و هاوشێوەکانی چ کەڵکێکیان دەمێنێ کاتی دەڵێ (لاخير فيكم ان لم تقولوها ولا خير فينا ان لم نقبلها) أخبار عمر طنطاوي.
دیارە لەم نێوەندەشدا دا ڕای سێهەمیش سەر هەڵ دەدا ، ئەویش ئەوەیە هەر لەسەرەتاوە فەرمانڕەواو سەرکردە رازی بوو بەوەی کە ئامادەیە بۆ رای زۆرینە مل کەچ بێ وەك (عقد)ێك کە لە نێوانیادا یە ، ئەوا دەبێ لە رووی شەرعیەوە پابەند بێ پێوەی (واوفو بالعهد ان العهد كان مسؤولا) الاسراو ٣٤
(د.صلاح صاوی و د. قرضاوي) باسیان لەمە کردووە (هەروەها ((د.منير البياتي)) دەڵێ ئەگەر هات و زۆرینەی ئەندامانی (شوری) قەناعەتیان نەکرد بە رای سەرۆك و تەنها بەڕایەکی لاواز و (مرجوح) یان دەزانی و بە هەڵەیان دادەنا لەبەرامبەر دا رایەکی تریان بەپەسەند دادەنا و داوای (ناوبژیوان_ التحكيم) یان دەکرد ، ئەوا پێویستە ناوبژیوانی (التحكيم) بکرێن، دیارە ئەمەش زیاتر لەمەسەلە (اجتهاد) یەکاندا دێتە پێش.. ئەمەش دەخوازێ لە دەوڵەت دا دەزگایەك یان (محكمه) یەکی باڵا هەبێ بۆ چارەسەر کردنی ئەم جۆرە کێشانە و ئەندامەکانیشی لە ئاستی ڕەزامەندی سەرۆك و ئەندامانی (شوری) داب‌ن و لە ئاستێکی بەرزی لێزانین و (اجتهاد) داب‌ن و شارەزا ب‌ن بە بارودۆخ و سیاسەت واقیع...هتد هەر دوو لاش (ملزم) ب‌ن پێیەوە ، دیارە ئەمەش بە شێوازێك دا دەڕێژرێت کە یەکەم: کاتیی بێت ، دوەم : لیژنەیەکی بێ سەرۆك بێت بۆ ئەمەش ئەم بەڵگانەهەیەبەکورتی:
(فان تنازعتم فى شيئ فردءة الى اللةوالرسول ) النساو ٥٩ (تنازع-ناکۆکی) گشتیە، ناکۆکی ئەمیر لەگەڵ کار بەدەست و خەڵکەکەشیدا دەگرێتەوە٠

*پێغەمبەری خوا کەسەرۆکیدەوڵەت بوە کەچی (سعد بن معاذ )کەلە (أهل الحل والعقد) بوو کردویەتی بە(حکم)ی (بنی قریضة) کاتیٚکەپێیڕازی بوون (بەوەی ناوبژیوانی نێوان خۆی و ئەوان بێت)•

*پێشینەیەکی مێژویی ودەستوریهەیە لەم ڕووەوەئەبینین کاتێك عومەر ناکۆك بوولەگەڵ زۆرینەدا لەسەردابەشکردنی زەوی وزاری عێراقوشامو لەسەر ڕای خۆیان پاشتر ڕێك کەوتن لەسەر ئەوەی بۆ ناوبژیوانی پەنابۆ دە کەسی خاوەن راوێژ لە(ئەوس)و(خەزرەج) ببەن••

ڕای عومەریش وەکو ڕایەکی ئاسایی موسڵمانان بۆی بڕوانن وبەلای ئەودا نەیشکێنن،سەرئەنجام ڕازی بوون لەسەرئەمە پاشان ئەو پێکهاتە دە کەسی یە ڕاکەی (عومەر) یان بەپەسەندودروست (صواب) دانا ••

بەپێی ئەم رایەو ئەوەی پێشتریش ڕای (ئەمیر) پاش راوێژ (ملزم) ە لەمەسەلە ئیجتهادییەکاندا بەمەرجیٚ :

١- زۆرینە ڕای سەرۆك بە پێچەوانەی دەق بزانن یابە هەڵەی دابنێن لێرەوە(ناوبژیوانی دەست پیٚ دەکا)•

٢- ئەگەر (ئەنجومەنی راوێژ) لەسەرەتاوە داوایان کرد سەرۆك پابەند بیٚ بە رای زۆرینەوە لەمەسەلە (اجتهادی) یەکان و ئەویش ئەم رایەی پەسەند کرد [١]

دیارە خەڵکی دەتوانن بەپێی بۆ سازان و گونجانی بارو دۆخیان هەر رایەك لەم رایانە پەسەن کەن و کاری لەسەر کەن بۆ خۆیان کە سەرجەمیان مایەی مرونەت وسازی شەریعەت دەگەیەنیٚ بۆ هەموو سەردەم و کاتیٚ

گومانی تێدا نیە کە سەرۆك دەبیٚ (لە سستمی سیاسی ئیسلامی دا) وەك لەهەر دەسەڵاتێکی تریشدا هەیە دەکریٚ کۆمەڵێك (إمتیازات) ی هەبیٚ لەلایەکی ترەوە مل کەچی سەرۆك بۆ زۆرینە ش مانای ئەو دەگەیەنیٚ بڕیاری ئەو ئەنجومەنە (بەڕای من) نڕیاڕی (اولی الامر) لە وێوە گۆڕایەڵی کردنی (اولی الامر) و (فەرمانڕەوا) دەست پیٚ دەکا ، ئەرکەکانی ئەنجومەنی (شوری)ش زۆرن و ئێرەش جێگەی باسکردنی نیە دەکریٚ بڵێین زۆربەی ئەو باس و خواسەی ئەمڕۆ لە پەرلەمان و وەزارەتەکاندا جێی باس و خواسن بەشێکن لە کاری ئەنجومەنی (شوری) جگە لە چەندان لیژنەو دەزگای تر کە بۆ بابەتی جۆراو جۆر دروست دەکرێن ، دیارە لەم میانەیەدا باسی زۆر گرنگ و ئاوکێش ماوە لە وانە خاڵە کۆك و جیاوازەکانی نێوان راوێژ و دیموکراسی هەروەها ئیسلام و فرە حزبی و کەمینەکان و کاری

---

[١] سەیری الدولة القانونیة ی د. منیر البیاتی بکە (کە ئەوەی سەرەوە رای ئەوە)

**ئافرەت لە بوارەکانی فەرمانڕەوایی و سیاسی دا کە لێرەدا بواری باسکردنی نیە و نوسراوی تایبەت و سەربەخۆی دەوێت .**
**ئەمە جگە لە چەندان بابەتی بواری سیاسەتی شەرعی تری دەسەڵاتی جێبەجێ کردن کە زۆرینەیان لە بواری (متغیرات) ی شەرعین و لە روانگەی مەبەستەکانی شەریعەت و پێداویستیەکانی واقع دا قسەی خۆی لەبارەوە دەکرێ...**

# سیاسەت و سیاسەتی شەرعی

## خوێندنەوەیەکی خێرا

کەم ووشە و چەمك هەیە هێندەی سیاسەت ناشرین و قێزەون بوبێ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووە دوورو درێژەی سیاسەت و پیاوانی سیاسی هەیان بووە لەجەور و ستەم و زۆرداری و سەرکوت کردن و خۆویستی و بەرژەوند خوازی و دەسەلاٌت گەرایی وخواردنی مافی گەلان و سەرەڕای ناشرین پێشاندانی سیاسەت بۆ مەبەست و مەرامی تر، (أوستین رنی) دەڵێ ساڵی ١٩٤٤ یەکێك لە دەزگاکانی کۆکردنەوە و ڕاپرسی پرسیارێکی ئاڕاستەی (٢٥٦٠)ئەمریکی کرد پرسیارەکەش ئەمەبوو (ئەگەر منالێکت هەبێ و یەکسەر خوێندن تەواو بکات ئایا دەتەوێ سیاسەت بکاتە پیشەی ژیانی؟) لە ٦٩٪ یان زۆر بەسادەی ووتیان نەخێر و لە ١٣٪شیان وەلاٌمی تەواویان نەدابویەوە و وتبویان "(ئەوە لەسەر باردۆخ وەستاوە). تەنها ١٨٪یان وەلاٌمەکەیان بەبەڵێ بوو، ئەمە جگە لەوەی لە٤٨٪ی ئەوانەی پرسیارەکەیان ئاڕاستەکرابوو، ووتبویان باوەڕمان بەو وتەیە هەیە کەدەڵێ:(نزیکە بوتری ئەستەمە – مرۆڤ بەڕاستگۆیی و ئەمینداری بمێنێتەوە ئەگەر بچێتە گوڕەپانی سیاسەتەوە) جا ئەگەر ئەمە ڕاپرسی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بێ ئەبێ ڕێژەکەی ئێستاکە چی بەسەر هاتبێ؟ئەوەش ڕاپرسی تری دەوێ، دیارە ئەم دیدە سەبارەت بەسیاسەت بەهۆی ئەوەوە بووە کەسیاسەت کردن لەجیهانی هاوچەرخ دابریتی بووە لە فێڵ دەست بڕین و ستەم و زۆرداری و هەڵخەڵەتاندن.

هەر لەم ڕوانگەیەوە دەوترێ فلاٌن کەس ئەو توانایەی نەبوو فلاٌن شت بگرێتە دەست یان بەرپرسی فلاٌن کاربێ لەبەر ئیعتباری سیاسی دانرا نەك لەبەر لێوەشاوەیی خۆی یاخود دەوترێ ئەو کارە لە ڕووی زانستی و ئابوورییەوە خراپ و نەشیاوە بەلاٌم ناچارین لە بەر ئیعتباری سیاسی وەهابکەین(١).

بەدەر لەوەی کەووتمان بابزانین پێناسەی سیاسەت چیە ومەیدانەکانی چین و چی دەگرێتەوە بۆئەوەی هەلۆیستی ڕوونی لەبەرامبەردا وەربگیرێ.

وەئایا چەندی بەئیسلام دەخوات وچی شتێکی نامۆیە پێی وەئایا ڕاستە سیاسەت ئەوەندە قێزەونە کەدەبێ مرۆڤی دیندار لێی دوور کەوێتەوە و سیاسەت نەکا وەئایا بۆچی هەر ئەو کەسانە خۆیان دەکەنە پێشەنگ لە کاروباری سیاسی و سیاسەت کردندا، سەرەتا با ئەوە بلێین ووشەی سیاسەت کە لە کوردیدا (ڕامیاری) بۆ دانراوە بەواتای کاروبار خستنەدەست ورام کردن دێ، لەزمانی عەرەبیش دا بەواتای راپەڕاندنی کاروبار و بەڕێوەبردنیەتی (القیام بالأمر وتدبیره)، کاتێکیش دەوترێ (ساس الامر سیاسة) واتا پێی هەستا (قام به)، کاتێك یەکێك کاروباری خەڵك دەگرێتە دەست پێی دەوترێ(سوس الرجل أمور الناس). (السیاسة)ش راپەراندن و ئەنجام دانی کاروبارەکانە بەو شێوەیەی چاك و چاکسازی تێدا ئەنجام بدرێت (القیام بالشئ بما یصلحة)(٢).

ئەوەی تێبینی دەکرێ هەروەك (السید صدرالدین القبانجی)ش ئاماژەی پێ دەکا کە واتا زمانەوانییەکی ووشەی(سیاسە) مانایەکی گشتی هەیە و تایبەت نیە بەکاروباری دەوڵەت و حکومەتەوە. بەم واتایەش خەمخۆری و بەڕێوەبەری لە هەر کار بوارێك دا (سیاسەتە)، بەم پێیە دروستە بوترێ: ئازاد سیاسەتی بەو شێوەیەیە لەگەڵ برادەرەکانیدا، یا دەوترێ لەبازرگانیدا سیاسەت بەو شێوەیەیە، هەر لەهەمان روەوەیە کە دەوترێ: سیاسەتی بەکرێ دان و سیاسەتی بەرهەم هێنان، یا سیاسەتی بازاڕ...هتد.

بەڵام (سیاسەت) لەڕووی پێناسە و زاراوەوە ئەو واتا فراوانەی نییە کەلە زمان دا هەیەتی، هەر بۆیە دەبینین زۆرکەس سیاسەت ڕەت دەکاتەوەونایەوێ سیاسی بێ یان دەڵێ هیچ زانیارییەکم بە سیاسەت نییە لەگەڵ ئەوەی توانای بەڕێوەبردن وڕێکخستنی چەندان کاروباری هەیە ...(سیاسەت بە واتا و پێناسە تایبەتیەکەی واتای بەڕێوەبردن و سەروکاری کردنی ئەو کاروبارە کۆمەڵایەتیەگشتیانە دێ کە پەیوەستە بەفەرمان ڕەوایی و دەسەڵاتەوە)(٣) بەم واتا و پێناسەیەش لەفەرموودەی پێغەمبەری خوادا ئاماژەی پێ دراوە ((کان بنو إسرائیل تسوسهم أنبیاؤوهم))متفق علیە، پێغەمبەرانی بەنو ئسرائیل هەڵسان بەبەڕێوەبردنی کاروباری بەنو ئیسرائیل و پێشەوایی کردنیان لێرەوە دەکرێ

بوتریٚ سیاسەت بە واتا زاراوەییەکەشی دژ و پێچەوانە نیە بە واتا زمانەوانییەکەی، چونکە دەبێتە بەشێك لە ئەو، لە ڕووی تەنگی و فراوانیەوە جیاوازن... لە زماندا بەڕێوەبەری و سەروکارییە بەڕەهایی... لەپێناسە زاراوەییەکەیدا کە پاشتریش هەندێك پێناسەی لێك جیای تری دەهێنێن بریتیە لە(بەڕێوەبردن و سەروکاری لەو کاروبارانەی پەیوەستە بەحوکم و دەسەڵاتەوە ).

تەنانەت لە واتا فەڕەنسی و ئینگلیزیە کەشیدا(politique) پۆلیتیکی(politics) نزیك لەوەی ڕابورد و بە واتای بەڕێوەبردنی شار(تدبیر المدینە)دیٚ، بەو پیٚ یەی لەهەردوو ووشەی—polis المدینە– والتدبیرteche پێك دیٚ بەیەك گرتنیشیان ئەو واتایە لەخۆدەگریٚ(٤). کە بریتیە لە بەڕێوەبەری کاروباری شار، ئەم پێناسەیە ڕیشەیەکی کۆنی هەیە... لە ڕوانگە ئیسلامیەکەشەوە پاشکۆی (الشرعیە)شی بۆ زیاد دەکریٚ بەو پێیەی دەبیٚ سیاسەتی ئیسلامی لەشەرعەوە سەر چاوەبگریٚ و پەیرەو و مەبەستەکانی لەوەوە شەرعیەت بەدەست بهێنیٚ و مێژوی سەرهەڵ دانیشی بۆنەی تایبەتی خۆی هەیە... هەروەکو ووشەی سیاسەت لە ڕوانگە ئیسلامیەکەیەوە(پاشتر دەچێنەوە سەری) بەڕەهایی پەسەند ناکریٚ بەڵکو دەبیٚ(الشرعیة)شی بۆ زیادکریٚ یاخود لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەو شێویە بیٚ، چونکە سیاسەتی ناشەرعیش هەیە و سیاسەتی شەرعیش(بریتی یە لە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی بەپێی ناوەڕۆکی شەریعەت بەتایبەت لەو شتانەی پەیوەستن بە کاروباری فەرمان ڕەوایی ودەسەڵاتەوە کەدەکریٚ ناوە ڕۆکەکەی بەپێی سەردەم و گۆڕانکارییەکان گۆڕانکاری بەسەربیٚ..)(٥).

خۆ ئەگەر بەپی ی پاشگری (الشرعیة)ش سیاسەت بە کارهێنرا ئەوا مەبەست لێی سیاسەتە بە شێوە ئاسایی و واتا زاراوەیی و زانستیەکەی و دانابڕدریٚ بەسەر سیاسەتێکی نائەخلاقیدا.

جارێکی تر بابچینە سەر چەند پێناسەیەکی تری (سیاسەت) بەڵام باشە ئەو سەرنجە بخەینە ڕوو کە ئێمە مەبەستمان نی یە بچینە نێو ئەو باسانەی کە قسە و باسی زۆر

هەڵدەگرن لەوانە ئایا سیاسەت (زانست–علم) یا (هونەر–فن)ە یا هەردووکیان و چەندان پرسیاری تر کە لێکۆڵینەوەی تایبەتی دەوێ.

خاوەنی (القاموس السیاسي) لە بارەی ئەم ووشەیەوە دەڵێ:(سیاسەت زانستی دەوڵەت دارییە)... ئاماژەش بەوە کە ئەرستۆ دامەزرێنەری یەکەمی ئەم زانستەیە لە کتێبی (السیاسة)دا کەتیایدا باس لە یاسای کۆمەڵگەی مرۆیی دەکات هەر لە خێزانەوە کە یەکەم یەکەی کۆمەڵایەتییە پاشان باس لە شار و دواتر لەدەوڵەت و پەیوەندی بەتاك دەوڵەتانی ترەوە دەکا کە ئەمەش بەسیاسەتی مەدەنی یا سیاسەتی دەولی ناسراوە.

لە هەمان کاتدا توێژینەوەی سیاسی سیستمی یاسای دەوڵەت و یاسا بنەڕەتیەکانی و یاسای فەرمان ڕەوایی و تەشریعی دەگرێتەوە، بەهەمان شێوە توێژینەوەی (النظم السیاسیة) و (مبادئ)ە کانی دەگرێتەوە... تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ ئێستا وای لێهاتووە ووشەی (سیاسەت) بە واتای هونەری فەرمان ڕەوایی و بنەما ڕێکخەرەکانی پەیوەندی دەوڵەت بە دەوڵەتانی تر و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دەگرێتەوە و لەو چوارچێوەیەی بە یاسای دەولی و دبلۆماسی دەناسرێ(٦).

لەفەرهەنگی لیتریەی فەرنسی ١٨٧٠ بەم شێوەیە پێناسەی کراوە (سیاسەت زانستی فەرمان ڕەوایەتی دەوڵەتە). یاخود بریتییە لە: (علم السلطة المنظمة في الجماعة الانسانیة عامة) (زانسی دەسەلاتی ڕێکخەرە لە کۆمەڵگا مرۆیی یەکاندا بەگشتی) کە دوفرجیە و زۆرێکی تر کردویانە، لەفەهەنگی (وبیر)ی ساڵی ١٩٦٢دا هاتووە کە سیاسەت بریتی یە لە: (هونەری فەرامان ڕەوایی کۆمەڵگا مرۆییەکان) فەرهەنگی ئەمریکیش سەبارەت بەم پێناسەیە دەڵێ: ((زانستی سیاسەت یەکێکە لەو زانستە کۆمەڵایەتیانەی باس لە بیرودۆزە و ئەقڵیەتی سیاسی و سیستەمی حکومەت و بەڕێوەبەری دەکا و سیاسەت زانستێکی ئەکادیمیە و بیردۆزی سیاسی و سیستەمی حکومەتەکان و یاسای گشتی و ئاڕاستە سیاسی و نەخشەکانی و بەڕێوەبەریەتی گشتی و پەیوەندییە دەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەکی دەگرێتەوە).

بە واتایەکی فراوانتر وە بۆ ئەوەی تەنها (علم السیاسة) باس کردن نەبێ لە دیاردەی دەوڵەت یا دەسەلأت ئەوا قەبانچی دەڵێ پێناسەی زانستی سیاسەت(علم السیاسة) بە((العلم بظواهر المجتمع السیاسي) یاخود ((العلم بظواهر المجتمع ذي الادارة المنظمة)) بەباشترین پێناسە دادەنێ(٧)، ئەمەش جەخت کردنە لەڕووە سیاسەیەکەی کۆمەڵگا کە بریتییە لە فەرمان ڕەوایەتی.

(موسوعة السیاسة)ش چەند پێناسەیەك بۆ سیاسەت دەکا لەوانە((سیاسەت بریتیە لە هونەری سەرکردیەتی و فەرمان ڕەوایەتی کردن یا زانستی دەسەلأت یا دەوڵەت داری و ئەو پەیوەندیانەیە کە لە نێوان فەرمان ڕەوا و خەڵکی دا هەیە).

لە پێناسەیەکدا کە بە(أكثر دقة وشمولا) واتە((وردتر و گشت گیر))تر ناوی دەبات دەڵێ:((سیاسەت بریتیە لەو چالاکییە بێ وێنە کۆمەلأیەتیەی ڕیکخەری ژیانی گشتییە و ئاسایش و هاوسەنگی و پێکەوەسازی دەستەبەر دەکا- بە هۆی هێزی شەرعیەت و سەروەرییەوە- لە نێوتاك و کۆمەڵە مونافیس و ململانێ کارەکاندا لە یەکەیەکی فەرمان ڕەوایی سەربەخۆدا لەسەر بناغەی پەیوەندییەکانی هێز، ئەوەشە دەست نیشانی جۆری بەشداری لەدەسەلأت دا دەکا بەڕێژەی ئەو هاوکاری و گرنگیەی بۆ بەدەست هاتنی پاراستنی یاسای کۆمەلأیەتی و ڕەوتی کۆمەڵگا دەستەبەری دەکا).

لە پێناسەیەکی تردا دەڵێ:((ئەو هەوڵەیە دەدرێ بۆ بەر پاکردنی یاسا و دادگەری و زاڵ بونی بەرژەوەندی گشتی و کۆمەلأیەتی هاوبەش لە بەرامبەر پەستان و زۆرکردنەکانی کۆمەڵە بەرژەوەندی خوازەکاندا-ضغوط المصالح الفئوية)) ...ئەمە جگە لەهێنانی چەند پێناسەیەکی تر لەوانە پێناسەی مارکسی و چەند پێناسەیەکی گاڵتەجاری.

عومەرعەلی غەفوریش چەند پێناسەیەك دەهێنێ بەپشت بەستن بەچەند سەرچاوەیەك لەوانە ((سیاسەت بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو هونەرانە دەگرێتەوە کە پێویستییەکانی کۆمەڵگەی ئینسانی تێردەکەن)) ((هونەری بەڕێوە بردنە، ڕێگەی بەڕێوەبردنی هەموو ئەو شتانەیە کە بۆکاروباری گشتی دەگەڕێنەوە)).

((سیاسەت هونەری بەشداری کردنی خەڵکە بۆ چاودێری وچاککردنی ژیانی کۆمەلآیەتی))
(علم السیاسة، مارسیل بریو، ت: محمد برجاوی ۹، ۱۱، ۱۲-۳۳-۳٤)(۸).
ئەمە پێناسەی سیاسەت بوو بە واتا زانستییە کەی کەدەکرێ بووترێ سەرجەم ئەو پێناسانە لە دوو خاڵ دا کۆدەکرێتەوە :
یەکەمیان : باس لە هونەری بەرێوە بردنی دەوڵەت دەکا چ کاروبارە ناو خۆییەکانی بێ یا دەرەکیەکانی.
دووەم :خەمخۆری و بە تەنگەوەبون و ڕەچاوکردنی کاروبار و بەرژەوندی گشتیی خەڵکە لە سەرجەم بوارەکانـدا و پێشێل نەکردنێتی لەبەر خاتری بەرژەوەندی چینێك یادەستەیەکی دیاریکراو... دیارە ئێمە خۆ دەبویرێن لەوەی کە فرت وفێل و چاوبەستەکی و بەرژەوەندی خوازییانە نادروست بە هونەر یا زانستی سیاسەت دابنرێ خۆ ئەگەر ئەمە ناوێکی هەبێت ئەوا بریتییە لە سیاسەتی چەواشە یا سیاسەتی نائەخلاقی...
جا ئەگەر سیاسەت بەرێوەبردنی دەوڵەت و کاروبارەکانی بێ یابریتی بێت لە خەمی بەرژەوەندی گەل و دابین کردنی پێداویستییە کۆمەلآیەتی و بژێوییەکانیان. ئەوا مافی هەر مرۆڤێکە بزانێ چی بۆ ئەکرێ چی لە دەوروبەریدا ڕوودەدا... ئایا چۆن کاروباری خەڵکی بەڕێوە دەبرێ وکێ سەر پەرشیارو خەمخۆری کارەکانێتی ئەمەیە ئەرستۆ ناوی دەنێ ((مرۆڤ گیاندارێکی سیاسی یە)).
جا پێناسەکان هەرچۆنێك بێت ئەوە ئاشکرایە سیاسەت هۆکارێکی سەرەکیە ئەگەر وەك وەك خاوەنی (القاموس السیاسي) نەڵێین تاکە هۆکاری کۆمەلآیەتیە بۆ ڕێکخستن و سازدان لە نێوان داخوازیە سیاسی و کۆمەڵەیەتی یە لەبن نەهاتووەکانی دەستە و کۆمەڵە کۆمەلآیەتیەکان وەك ئاماژەمان پێ ی کرد، ئاوێزانی سەرجەم بوارە کۆمەلآیەتیەکانی ژیانی کۆمەڵگە دەبێ... سیاسەت ئەمڕۆ ڕێکخەری ژیانی مرۆڤەکانە بەگشتی و بەشێوازێك ئاسایش و ئاشتی و سەقامگیری بەدی بهێنێ بەو ئەندازەیەی لە

توناداية له ئـه‌نجامی خوێندنـه‌وه‌ی سـه‌رجه‌م بواره‌كـانی ژیـان و حسـاب كـردن بـۆ واقـع سیاسـه‌ت هۆكارێكـه له‌ڕییـه‌وه داواكارییـه سـه‌ره‌كی و ئه‌سـته‌مه‌كانی تـاك و كۆمه‌ڵـه‌كان ده‌گۆڕیَ بۆ حاڵه‌تێكی ساز و گونجاو له‌ڕێگه‌ی گونجاندن و هاوسه‌نگی ومرونه‌ت و سـازش كـردن و پله‌پله‌ییـه‌وه، وه‌له‌ڕێگـه‌ی دانـانی یاسـاوه كـه پشـت ئه‌سـتوره به‌ده‌سـه‌ڵات وشه‌رعیه‌ت، سه‌ره‌ڕای له‌ده‌ستابونی هۆكاره‌كانی هێز و زۆرلیَ كردن(٩)، ئه‌وه‌شمان لـه‌بیر نه‌چیَ كه چه‌ندان بواری تر هه‌یه جا ئه‌گه‌ر ئه‌مه واتای سیاسه‌ت بیَ، ئه‌وه مافی هـه‌موو كه‌س و هاووڵاتیه‌كه به جۆرێك له جۆره‌كـان به‌شـداری تیایـدا هـه‌بیَ و بشـكداری بكـا لـه ده‌سـه‌ڵاتی سیاســی ووڵاته‌كه‌یـدا له‌بـه‌ڕێوه‌بردنی دا، بـه هه‌رشـێوه‌یه‌ك كـه‌بواری ئـه‌و به‌ڕێوه‌به‌ری یه ده‌سازیَ، دیاره له‌سه‌ر بناغه‌ی چـه‌ندین بنـه‌مای مه‌بـده‌ئی و فه‌لسـه‌فی و كارگێڕی كه له ئه‌مڕۆدا جێی گرنگی پێدانی هونه‌ر یا زانستی سیاسه‌ته، بگره لـه كرۆكـی كــارێتی هــاو وێنــه‌ی بــیردۆزه و فیكــری سیاســی و سیســتمی سیاســی به‌ســه‌رجه‌م ڕه‌هه‌نده‌كانیه‌وه وه‌ك ده‌ستور و حكومه‌ت و به‌ڕێوه‌به‌ری كاره‌كـانی حكومـه‌ت و پـارت و كۆمه‌ڵه سیاسیه‌كان و ڕای گشتیی...

# سیاسەتی شەرعی

بە سەرنج دانێكی خێرای سیستمە جۆربەجۆرەكانی ئسیلام ئەوە ڕوون دەبێتەوە كە ئەگەر لەئیسلامدا تەنها دەقێكی ڕاستەوخۆ و ئاشكراش نەبێ لەسەر بەڕێوەبردن فەرمان ڕەوایی كاروباری موسڵمانان ، ئەوا چۆنیەتی خەمخواردن و پیادەكردنی ئەو بوار و سیستەمانەی ئیسلام داوای دەكات ئەوە دەخوازێ یان ئەوە بەپێویست دەگرێ كەناكرێ موسڵمانان خۆی بەباوەڕدار و مسولْمانی تەواو بزانێ ئەگەر وێڵی ئالیەت و ڕێ چارەیەك نەبێ كار ئاسانی بكا بۆ پیادەكردنی ئەو چەمكانەی ئیسلام دەیەوێ لەواقع دا بەرجەستەیان بكا.

فیقهی سیاسی یا فیقهی سیاسەتی شەرعی یەكێكە لەبوارە فراوانەكانی فیقهی ئیسلامی كەزەمینەیەكی یەكجار فراوانی ژیانی مرۆڤ لەخۆدەگرێ بەئیزافە و زیادكردنی سەرجەم ئەو چەمكانەی كەپێی دەوترێ ئیجتیهاد و سەرچاوەكانی تری ئەحكام كە بە(مصادر غیر أصلیة)دەناسرێن وێنەی (مصالح مرسلة، قیاس، إستحسان ...هتد) ناوچەی (عفو)یش یا (المسكوت عنە) (بێ دەنگی لێكراوەكان) هەندێكی بەقیاس و هەندێكی بە(مصالح مرسلة) و... هتد پڕدەبێتەوە.

دیارە (سیاسەتی شەرعی ) هەموو ئیسلام نی یە بەلاَم بوارێكی گرنگە لە ئیسلامدا و جێگەی گرنگی پێدانی فیكر و ئیجتیهادی ئیسلامییە... چونكە چەندان بواری ترمان هەیە و هەریەكەشی مەیدانی قسە لەسەركردنی تایبەتی دەوێ، ئەوەیشی پێی دەوترێ(السیاسة الشرعیة)یاوەكو ابن القیم دەڵێ :(السیاسه العادلة) ئەوا باسكردنە لەو پەیوندیە لەنێوان تاك و دەوڵەت و فەرمان ڕەوا و خەڵكی و دەسەلاَت و گەل دا هەیە، ئەو مەیدانەی سیاسەی شەرعی دەیگرێتەوە ئەمڕۆ لەچەندان بواری وەك: فیقهی دەستوری و مالی و كارگێڕی و نێودەوڵەتی و جینائی ... هتد.. جێی دەبێتەوە و قسەی لەسەر دەكرێ ...

بابەتەکانیشی لە فیقهی ئیسلامی دا، تایبەت بوون بەوەی پێی دەوترا (احکام الامامة) لەوانە حوکمی ئیمامە و مەرجەکانی و پێویستیەکانی سەر شانی و چۆنێتی دانانی و لەکارخستنی و لادانی. هەروەها بابەتی وەزارەت و مەشروعیەت و بەش و مەرجەکانی وەزیر و پێویستی یەکانی سەر شانیان ئەمە جگە لەباسی دیوانەکانی دەوڵەت و حکومیان و پێویپستی سەرشانی والیەکان لە ئەحکامەکانی جیهاد و ڕێککەوتن (هدنة) و سوڵح و (أمان) و ئەحکامەکانی وەزارەت وحسبە و ئەوەی بە(الاموال السلطانیة) ناسراوە لەڕووی داهات و بەخشینەوە و دانانی والیەکان لە کاروبارەکانیان و ئەحکامی ئەهلی (ذیمة) و سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی دەوڵەت، کە بەپێ ی گۆڕان و فراوان بوونی ئەم بازنانە فراوان ئەبێ...

زانایانمان بەسەرجەم مەزهەب و بۆچوونە جیاجیاکانیانەوە ئەم یاسانەیان لە(فیقهی) گشتی و کتێبی تایبەتیدا باس کردووە وەك (الاحکام السلطانیة)ی ماوردی شافعی/(٤٥٠)هـ وأبی (یعلی)حنبلی (ت/٤٥٨)و(غیاث الامم في التیاث الظلم) یا (الغیاثي) هی ئیمامی (حرمین أبی المعالي الجویني) الشافعی(٤٧٨) و(السیاسة الشرعیة في إصلاح الراعي والرعیة )ی إبن تیمیة و(الطرق الحکیمة) و (الفراسة)ی ابن القیم (٧٤٩) هەروەها (الخراج)ی أبی یوسف ت١٨١) و(الخراج) یحي ابن آدم ٢٠٤ (الاموال) ابن سلام ت٢٢٤، چەندانی تر لەم بوارەدان.

هەروەها (معید النعم ومبید النقم )ی تاج الدین عبدالوهاب ابن السبکی ٧٧١ و(نظام الحکومة النبویة المسمی بالتراتیب الاداریة) عبد الحي الکتانی (تسهیل النطر وتعجیل الظفر في اطلاق الملك وسیاسة الملك )ی ماوردی ٤٥٠) وچەندان کتێبی تری وەك (دستور معالم الحکم)ی محمد بن سلامه القضاعي ٤٥٤ و(التبر المسبوك في نصیحة الملوك )ی ابی حامد الغزالی ٥٠٥(سراج الملوك )ئەبوبەکری الطرطوشي٥٢٠ و(الشفاء في مواعظ الملوك والخلفاء)ی محمد ابن الجوزي ٥٩٧ و(الفخري في الاداب السلطانیة)ی محمد بن علي طباطبا ٧٠٩سەدان کتێبیی تر، سەر سەرەڕای هەوڵی زانایانی هاوچەرخ(١٠) لەم ڕووەوە.

مەبەستیشمان لە چەمکی سیاسەتی شەرعی ئەو جۆرەیە لە سیاسەت کە لە سەر بنەما و ئــەحکام و ئاراســتە شــەرعیەکان بنیــات نــراوە و مەبەســت و هۆکارەکانیشــی لــەو چوارچیوۆەیەدا جیّ ی دەبێتەوە  چونکە بەڵگە نەویستە و دەکریّ سیاسـەت دژی شـەرع بیّ هەروەك بەڵگە نەویستە و دەکریّ سیاسەت دژی شەرع بیّ یا نا شـەرعی بـیّ بـەپیّ ی دیدی ئیسلامی، هەر بۆیە لەکۆن ونویّ دا ئەم چەمکە واقعیەتی بووە دەیبیّ،  سـەرەتای ئـەم چـەمکەش لـەو کەمتەرخەمیانـەوە سـەری هەڵـدا کـە هەنـدیّ لەفـەرمان ڕەوایـان ئەنجامیان دەدا لە ژێر ناوو پاساوی (سیاسەت)دا... گوزارەی(شەرعی)کەش ئاماژەیە بۆ ئـەو چوارچـێوەی لەسـنوری شــەرع دا جــیّ ی دەبێتــەوە بــەڵام دەبــیّ ئــەوە بــزانین مەبەستمان لە(شەرع) لێرەدا ئیسلامە بە واتای ئەو سیاسەتەی لە قورئـان و فـەرمودەوە وەرگیرابیّ نەك هەندیّ تێگەیشتنی تایبەتی یا تێزی مێـژوویی لـە کـە لـەپوور و کـەلتوری ئیسـلامی یـەکجار زۆرن و مـەرج نییـە یەکسـان بـن ئیسـلام، چـونکە لـەو مێـژووە دور و درێژەدا ئیجتیهادی پابەند بەکات و شوێنی زۆری تێدایە کە پێچەوانەی مەبەست و کرۆکی ئیسلامە... هـەرخودی سیاسـەتی شـەرعی مەیـدانێکی یـەکجار فراوانـی بـواری ئیجتیهـاد لەخۆ دەگریّ... گرنگ ئەوەیە دژ نەوەستیّ لەگـەڵ دەققـە شـەرعیەکان و یاسـا و ڕێسـا چەسپاوەکانی شەریعەت دا.

زانایانی پێشین بیّ ئاگانەبوون لەچەمکی سیاسەت و قسە و باسیان لێی کردووەو بـەپێی تێگەیشتنی خۆیان لەم چەمکە دوواون... (د.القرضاوی) دەڵیّ سیاسـەت لـەلای زانایـانی پێشینمان دوو، واتای هەبووە:

یەکـەمیان: واتـا گشـتی یەکـەی بـووە (کەپێشـتر ئاماژەمـان پـیّ کـرد) بریتـی یـە لەبـەڕێوەبردنی کاروبـاری خـەڵکی و ڕاپەڕانـدنی ئـیش و کـارە دونیاییـەکانیان بـەپیّ ی ڕێسـاکانی ئیسـلام، هـەر بۆیـە دەبیـنین (خلافـە) بـەوە پێناسـە دەکـریّ کەبریتیـە لـە جێگرتنەوەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بۆ پاراستنی ئایین و پیادەکردنی ئەو ئایینەش لە کاروبارەکانی دونیادا.

دووەمیشیان: واتایەکی تایبەتە ئەویش بریتیە لەو دید و بۆچونەی پێشەوای موسڵمانان بەباشی دەبینێ یا ئەو بڕیار و حوکمانەی دەری دەکا بۆ دوورخستنەوەی خەڵك لە خراپەیەك کە هەیە یاخود نەهێشتنی خراپەیەك کە دەکرێ بێتەدی یا چارەسەکردنی بارودۆخێکی تایبەت(١١).

سەرجەم ئەو کار بەدەستانەی بەپێ ی شەریعەت ئیسلامیان لەمەیدانی ژیاندا پیادە کردووە سیاسەتیان بەهەر دوو واتاکەی ڕەچاوکردووە، زۆرینەی هەرە زۆری ئەو ڕا و بۆچون و ئیجتیهادەنوێیانەی خەلیفەکان، بەتایبەت ڕاشدین پیادەیان کردووە و هەر یەکەیان شتێکی جیا لەوەی ووتوە یاکردووە، ئەوا زیاتر لە ژێر واتای دووەمی سیاسەت دا جێی دەبێتەوە... (ابن القیم) لە هەر دوو کتێبەکەیدا (الطرق الحکمیة) و (الفراسة) دەیان نمونەی لەم بارەیەوە هێناوەتەوە(١٢)، (ابن القیم ) سەبارەت بەچەمکی (السیاسة الشرعیة) لە(الطرق الحکمیة) و (الفراسة)دا گفتوگۆیەکمان بۆ دەهێنێ کەلە(علامة) (ابن عقیل)ی وەرگرتووە لە کتێبی (الفنون )دا.

(ابن عقیل) دەڵێ: سەبارەت بەدروستی ڕەفتار بەسیاسەتی شەرعی لە سوڵتان نشین (سلطنة) دا گورج و گۆڵییە(هو الحزم) و سەرجەم زانایانیش ئەم قسەیان کردووە.

شافعی فەرموویەتی(لا سیاسة الا ماوافق الشرع) سیاسەت ئەو کردارەیە کە ڕەوابێ بەپێی شەرع.(ابن عقیل)یش دەڵێ سیاسەت ئەو کردارەیە کە خەڵکی بە هۆیەوە لەخراپە و پشێوی دوور دەکەونەوە و لەچاکە نزیکتر دەبن با پێغەمبەریش نەیهێنابێ یا وەحی لەسەر نەهاتبێ، ئەگەر مەبەست لە گوتەزاکەی شافعی (الا ما وافق الشرع) دژنەبونی بێ بەوەی لە شەرع دا هاتووە ئەوە تەواوە، خۆ ئەگەر مەبەستیش ئەوەبێ سیاسەت تەنها بریتیە لەوەی شەرع ووتویەتی ئەوە هەڵەیە و بەهەڵەخستنەوەی هاوەڵانیشە(١٣).

پاشان (ابن القیم) ڕای خۆی دەخاتە سەر ئەم باسە و سەرنجی خۆی دەخاتە ڕوو کەئەمە کورتەی مەبەستەکەیەتی: ئەم باس و خواسی سیاسەت زۆر پێی هەڵ خلێسکاندووە، زۆر تێگەیشتنی بەهەڵەدا بردووە، هەندێ کەمتر حەقیان تیایدا نواندووە تەنانەت (حدود) و

(مافەكانیان) لەكار خستووە و جورئـەتیان داوەتـە بـەردەم  خراپـەكاران و شـەریعەتیان بەشێوەیەك كەم كورت پێشان داوە كە لە توانایـدا نـەبێ بەرژەوندیـەكانی  خـەڵك بـەدی بهێنـێ و پێویسـتی بـەدەر لـەخۆی بـێ، چـەندان دەرگـای راسـت و رەوایـان لـە خۆیـان داخسـتووە،  لەگـەڵ ئـەوەی خۆیـان و جگـە لەخۆشـیان، بـێ دوودڵـی زانیویانـە ئـەو رێگایانەی گونجـاوو پڕاوپـڕە بـەواقع بـەڵام بەگومانـەوە وایـان زانیـوە دژن بەبنـەماكانی شەرع، ئەوەشی ئەم دید و بۆچونەی بۆ دروستكردوون كەم ئاشنایەتیان بووە سـەبارەت بەناسینی شەریعەت و واقیع و چونێتی پێكەوە سـازانیان، ئەمـەش دەرگـای خراپـەكاری كردەوە لەسیاسەتیاندا و خراپەكاری زۆریان بەدی هێنا ... هەندێكی تر لەبەرابەر ئەماندا زیادەڕەویان كردووە و بەپێچەوانەی حـوكمی خـوا و پێغەمبـەرەوە شـتیان ئـەنجام داوە ئـەم دوو دەسـتەیەش هیچیان بـەباش لـە پـەیامی پێغەمبـەر تـێ نەگەیشـتوون، چـونكە ئامـانجی نـاردنی پێغەمبــەران و كتێبــەكانیان بــەرپاكردنی دادگــەری (قســط)ە،  ئــەو دادگەریــەی زەوی و ئاسمانــەكانی لەســەر ڕاگــیراوە جــا كــاتێ نیشــانەكانی دادگــەری بەدەركـەوتن و بەهــەر ڕێگەیـەك ڕووی خۆیـان خسـتەدەر ئـەوە شـەرع و ئـاینی خوایـە ...خوای گەورەش ڕونی كردۆتەوە مەبەستێتی دادگەری بـەرپابێ لـەنێوان بەندەكانیـدا و خەڵكی ئەو دادگەرییە بەئەنجام بگەیەنن هـەر ڕێگەیـەكیش (عـدل) و (قسـط)ی ئەهێنایـە دی ئەوە بەشێكە لەئاین و پێچەوانەی نییە لەگەڵیدا.

بۆیە ناوترێ سیاسەتی عادیلانە و دادپەروەرانە پێچەوانەیە بەوەی شەرع باسـی كـردووە یا فەرمویەتی، بەڵكو ڕێكە بەو شتانەی شەرع هێناوێتی و بەشێكە لەبەشەكانی.

ئێمەش (مەبەستی خۆی و زانایانە) بەپێی ئەو زاراوەیە و بە كارهێنانی ئێـوە (مەبەسـتی خەڵكییە بـە گشـتی) نـاوی دەنـێین (سیاسـەت) ئـەگینا ئەگـەر وابـێ ئـەوا بریتـی یـە لـە دادگەری خوا و پێغەمبەرەكەی بەڵام بەو ناو و ناونیشانانەوەوە دەركەوتوە.

بۆ ئەم مەبەستەش دەیەها نموونە دەهێنێتەوە من لێـرەدا تـەنها یـەك نمونـەیان دەهێـنم (ابن القیم )دەڵێ: پێغەمبەری خوا بەهۆی تۆمەت (تهمە)ەوە خەڵكی گرتـووە، كـاتێكیش

نیشانەی گومان و دوودڵی لەسەر تۆمەتبار بەدەر کەوتبێ سزای داوە. جا هەر کەسێ هەر تۆمەتبارێکی گرت تەنها بەوەندە وازی لێ هێنا کە سوێندی بدا و ئیتر بەرەڵای کات لەگەڵ ئەوەش دا بزانێ ناسراوە بە خراپەکاری و دزی و جەردەیی و بڵێ نایگرم تەنها بەهۆی دوو شایەتی دادگەرەوە نەبێ، ئەم قسەی پێچەوانەی سیاسەتی شەرعیە (١٤)، ئەمە سەرەڕای چەندان حوکم و بڕیاری تر کە خەلیفە و هاوەڵان بۆ سەردەم و بارودۆخی خۆیان گرتویانەتەبەر و ڕەچاوی بەرژەوەندی ئەو کاتەیان کردوە.

(د.یوسف القرضاوی) چەند ووتەیەکی تری (ابن القیم) مان بۆدەخاتەڕوو کە لە(إعلام الموقعین)ەوە دەیهێنێ و دەری دەخا کە ئیسلام بۆ ناوەڕۆك و کرۆکی مەبەستی شتەکان دەڕوانێ و بەو پێیەش باشی و خراپی دیاری دەکرێ... هەر لەم ڕوانگەیەوە (ابن القیم)ئەوە پەسەند ناکا کەڕێ و ڕێبازەکانی فەرمان ڕەوایی (شەریعەت) و (سیاسەت)بن و سەبارەت بەم دابەشکردنە(ابن القیم) دەڵێ: دابەش کردنی ڕێ و ڕێبازەکانی فەرمان ڕەوای هەندێکیان بۆ شەریعەت و حەقیقەت یاخود وەك دابەش کردنی هەنێکی تر کە ئاین دابەش دەکەن بۆ عەقڵ و نەقڵ هەموو ئەم دابەش کردنانە دابەش کردنێکی پڕو پوچن (قسەکە هی ابن القیم )ە، بەڵکو سیاسەت و حەقیقەت و تەریقەت و عەقڵ هەموو ئەمانە دابەش دەبن بۆ دروست نادروست (صحیح وفاسد) دروستەکەی بەشێکە لەبەشەکانی شەریعەت بەشی تری نی یە، پڕپوچ (باطل)یش پێچەوانە و ناکۆکە بە شەریعەت، ئەم بنەمایەش لە گرنگترین بنەما و بەسوترنیانە، ئەمەش لەسەر یەك شت ڕاوەستاوە، ئەویش هەمەلایەنی پەیامی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) سەبارەت بەهەر شتێ کەبەندەکان لەمەعریفە و زانست و کردار پێویستیانە و ئومەتەکەشی لەدوای خۆی پێویستیان بەکەس نی یە و تەنها ئەوە نەبێ شەریعەتیان پێ بگات)(١٤).

بەپێ ی وتەکانی هەریەك لە (ابن عقیل) و (ابن القیم )ئەوە دەردەکەوێ سیاسەت بەشێکە لەشەریعەت و لقێکەی لێی ..نەك دژ و بەرامبەر و ناکۆك بەیەکتری .. ئیسلام لەسیاسەتدا کورت ناکرێتەوە هەر بۆیە زاراوەی ئیسلامی سیاسیش هەڵەیە، مەگەر

بەکەسانێك بوترێ زیاتر گرنگی بدەن بە بواری سیاسەت لـە ئیسـلامدا ئـەو کـات دەبێتـە سیاسەت لە ئیسلامدا نەك ئیسلامی سیاسی وەك جۆرێك لە ئیسلام.

بەڕەهایی ناوترێ سیاسەت خراپە، چونکە سیاسەتیش وەك هەر بـوارێکی دیکـە بـاش و خراپ و پەسەند و ناپەسەندی هەیە، ئیسلام بە چەند بەنـد و سـنور و بـەها و ڕەوشـتێك سیاسەت ڕەنگ ڕێژدەکا و لیـرەش لێزانـی سیاسـی و کـار لـەبواری سیاسـەت دا یەکێکـە لەبوارەکانی کاری موسڵمان و جوان ئەنجام دان و پیادەکردنیشی ئەگەر بـەو شـێوەیەبێ کـە دادگـەری و مـاف پـەروەریی بـەدی بهـێنێ ئـەوا ئـەوە پیادەکردنـەی هۆکـاری نزیـك بونەوەیەتی لەخوای گەورە وەك هەر کارێکی تری پەسەند و شەرعی، سیاسەتی شـەرعی وەك چەمکێك کاتێك هاتەدی کەخەریك بوو بەناوی سیاسەتەوە لاڕێی لە شەریعەت دەکـرا ... گومانی تیدا نیە کە بواری سیاسەتی شەرعی بوارێکی فراوانی ئیجتیهادی ئیسلامیە و لەو بوارانەش دا کە بواری ئیجتیهادە (ڕای پێشەوا، یا جێنیشـینی پێشـەوا یـا ئەنـدامانی شورا... هتد لەشتێکدا کە دەقێکی شەرعی لە بارەیـەوە نـەبێ ، یـا لـە شـتێکدا کەچـەند لایـەن و ڕوو (احتمـال)ی تیـابێ و ڕاوبۆچـونی زۆر هـەڵ بگـرێ، ئـەوا لـەم کاتانـەدا دەگەڕێینەوە بۆ بەرژەوندییەگشتییە باس نەکراوەکاندا (المصالح المرسلة)، مادەم ئەو ڕا و بۆ چونە لەگـەڵ یاسـایەکی شـەرعی دا ڕوو بـەڕوو نـەبێ... جـاری واش هەیـە ئـەو ڕا و بۆچونە بە گوێرەی بارودۆخ و داب و نەریت و ئەگۆڕێ(١٥).

ئەم بۆچونانەی زانایانی (سلف) ئەوە دەسەلمێنێ کە مەدلولە شەرعیەکانی سیاسـەت لـە ئیسـلام دا ئاسـۆیەکی بـەر فراوانیـان هەیـە و تـاوەکو مـەودای جیهـانی پێکهاتـە کۆمەڵایەتییەکانی ناو دەوڵەت و بوارەکانی ژیـان چـڕو ئـاڵۆز تـر بـن ئـەوانیش فـراوانتر و بەربلاًو تر دەبن، چونکە لەدەقەکاندا ڕێساگەلێکی فراوان هەیە کە زەمینەی ئیجتیهـاد و (استنباط) خۆش دەکا و چارەسەری بۆ کێشە و مەسەلە هاوچەرخەکان دادەنێ(١٦).

بەپێی تێروانینی زانایانمان (کەنمونەیانم باسکرد) ئەوە دەردەکەوێ کە سیاسەت بە واتـا شەرعیەکەی ڕاپەڕاندنی کاروباری خەڵکە بەشێوەیەك لە چاکە و خێر و خۆشی نزیککیـان

بکاتەوە و لەگەنەدەڵی و خراپەکاری بە دووریان بگرێ لە هەمان کاتدا بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەشێکە لە شەریعەت و کارێکە لەو کارانەی پێغەمبەری خۆمان و سەرجەم پێغەمبەران بەشێوەیەك لە شێوەکان پێی هەستاون، زاناو مێژوونوس د.ضیاء الدین الریس لەکتێبی (النظریات السیاسیة الاسلامیة) ل٢٧-٢٩دا دەڵی: (هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە ئەو سیستەمەی پێغەمبەری (ﷺ) و باوەڕدارانی هاوەڵی لەمەدینەدا بەرپایان کرد- ئەگەر لەڕوانگەیەکی عەمەلیەوە بۆی بڕوانین و بەپێوەری سیاسەتی هاوچەرخیش بیپێوین- ئەکرێ بەتەواوی واتای ووشە بە((سیاسی)) وەسف بکرێ. ئەمەش ڕێگر نیە لەوەی لەهەمان کاتدا بە((ئاینی)) وەسف بکرێ، لەکاتێکدا ئەگەر ئاڕاستەی ئیعتیبارەکە ڕوانین بێ بۆ ئامانج و پاڵنەر و ئەو بناغانەی کە لەسەری بنیات نراوە.

سیستەم (نظام) ئەکرێ لەیەك کاتدا دوو وەسفی هەبێ... حەقیقەتی ئیسلام هەمەلایەنەیە، هەردوو بواری ماددی و گیانی (روحی) پێکەوە کۆدەکاتەوە و لەکاروباری ژیانی دونیا و دواڕۆژی مرۆڤ قسەدەکا ... ئەو دووانە پێکەوەبەندن و ناکرێ یەکێکیان لەوەی تر جیابێ ئەم ڕاستیەی سروشتی ئیسلام ئەوەندە ڕونە کە پێویستی بە ماندوبونێکی ئەوەندە گەورە و زۆرنیە بۆ بەڵگە هێنانەوە لە سەری، ئەم ڕاستییە پشت ئەستورە بەڕاستی یەکانی مێژوو، قەناعەت و بیروباوەڕی مسوڵمانانیش بووە لەسەرجەم چاخە ڕابردووەکاندا. خەریکیشە زۆرینەی ڕۆژهەلأت ناسان هەستی پێ دەکەن لەگەڵ ئەوەی لەژینگەی ئیسلامەوە نزیکیش نین. سەرەرای ئەمەش چەند کەسێك لە ڕۆڵەی موسڵمانان، ئەوانەی خۆیان بە((نوێ خوان)) دەناسن بەئاشکرا نکوڵی لەم ڕاستیە دەکەن، ئەوان وەها بانگەشە دەکەن ئیسلام تەنها ((بانگەوازێکی ئایینیە)) لەمەش دا مەبەستیان ئەوەیە بڵێن ئیسلام تەنها بیروباوەڕە یا پەیەندییەکی ڕۆحی یە لەنێوان تاك و پەروەردگاریدا هیچ پەیوەندیەکی بەژیانی ماددیانەی دونیامانەوە نیە و ناکرێ ئەمە پەیوەست کرێ بەکارو بارەکانی وەکو مەسەلەکانی جەنگی و دارایی، لەپێشەوەی

هەموویانیش کاروبارە سیاسییەکان، یەکێك لەو گوتزایەی دووبارەی دەکەنەوە ئەوەیە کە دەڵێن ((ئایین شتێکە و شەریعەتیش شتێکی تر))(١٧).

ئەمە حەقیقەتی ئیسلامە تەنانەت خۆرئاوییی یەکانیش بەتایبەت (ڕۆژ هەڵاتناسان) لەگەڵ ڕق ئەستوریان بەرامبەر ئیسلام دانی پێدا دەنێن و سیاسەت بە بەشێکی دانەبڕوای ئەم ئیسلامە دادەنێن، کەچی تازە نەوەی موسڵمانان دەیانەوێ بەچەندەها بڕوبیانووی ناشایستە سەرجەم ئەو ڕۆڵەی لێ بسەننەوە کە بەشێکە لە ئیسلام خۆی و لێی جیاناکرێتەوە یاخود بەبێ ئەوە ئیسلامێکی کەم کورتە، لەم بارەیە وە د.القرضاوی دەڵێ: (ئیسلامی ڕاستەقینە-بەوشێوەیەی خوا داینـاوە- بۆنێکی سیاسیانەی هەیە، وەکاتێك واتا سیاسییەکان لەئیسلام داڕنێ، ئەواکراوەتە ئاینێکی تر ئەکرێ بوزی یا(نصرانی) بێ یاجگە لەمانە، بەڵام بەو شێوەیە ناوی بنرێ ئیسلام ئەوە نابێ) (١٨).

ئەمەش ڕاستیەکە تەنانەت ڕۆژهەڵاتناس و ناموسڵمانەکانیش هەستیان پێی کردووە، پێم باشەچەند ووتەیەك لەو باریەوە بخەینەڕوو، لەوانە:

١-دکتور((فتزجرالد))Dr.v.fitzgerahd

دولێ:((ئیسلام تەنها (ئایین نی یە))((Areligion)) بەڵکو ((هەروەها سیستمێکی سیاسیشە(Apolitical Systemm)

سەرەڕای ئەوەی لەم سەردەمانەی دواییدا چەند کەسێ لەموسڵمانان بەدەرکەوتن کەخۆیان بە((هاوچەرخەکان)) وەسف دەکەن و هەوڵ دەدەن ئەم دوو بوارە و لایەنە لێك جیابکەنەوە بەڵام سەرجەم کۆشکی بیرکردنەوەی ئیسلامی لەسەر ئەوبناغەیە بنیات نراوە کە ئەم دووبوارە پێکەوە بەندن و ناکرێ یەکێکیان لەوی تریان جیابکەینەوە)).

٢-مامۆستا((نللینو))C.A.Nallino دەڵێ: ((موحەممەد)) لەیەك کاتدا ئایین(*Ariligion*)) و دەوڵەت ((astate)) ی بنیات ناوە سنوری ئەم دووانەش بەدریژایی ژیانی پڕاوپڕی یەك بوون )).

٣–دكتۆر((شاخت)) Dr.Schachtدەڵێ: ئیسلام واتای زیاتر لە ئایین دەگرێتەوە، ئەو هەروەها نمایندەی چەندان بیردۆزەی یاسایی و سیاسییە، کورتەی قسەش ئەوەیە ئیسلام سیستمێکی تەواوی ڕۆشنبیرییە هەریەکە لە ئایین و دەوڵەت پێکەوە گرێ دەدا).

٤–مامۆستا ستروپمان R.Strothmaunدەڵێ ((ئیسلام دیاردەیەکی ئاینی سیاسییە چونکە دامەزرێنەرەکەی پێغەمبەربوو. وەسیاسی و دانا و ((پیاوی دەوڵەت بووە)).

٥– مامۆستا ((ماکد دونالد)) ((D.B.Macdonald)) دەڵێ: ((لێرە (لەمەدینە)دەوڵەتی ئیسلامی یەکەم پێکهات و بنەما سەرەکیەکانی یاسای ئیسلامی دانا)).

٦–سیر تۆماس ارنولد Sir.T Arnold دەڵی: ((پێغەمبەر لەیەك کات دا سەرکردەی دین ودەوڵەت بوو)).

٧–مامۆستا ((جب)) دەڵێ: ئێستا کە ڕوون بویەوە کە ئسلام تەنها بیروباوەڕێکی ئایینی تا کەکەسی نی یە بەڵکو کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆی بەپێویست گرتووە، کە شێوازێکی دیاری کراوی هەیە لەفەرمان ڕەوای دا و چەندان یاسا و سیستمی تایبەت بەخۆی هەیە)).

مێژوونوس و سیاسی ئینگلیزی ((هربت فیشەر )) دەڵێ: ((ئیسلام هەر لەسەر تاوە ئەندازەیەکی گەورەی سیاسەتی لەخۆگرتووە)).

٩–(برنارد لویس)) کەناسراوەترین ڕۆژهەڵاتناسە هاوچەرخەکانە دەڵێ: لەڕاستیدا ئیسلام، هەر لەسەرەتاوە، پەیوەستە بەپیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسیەوە، بەوەی کەکۆمەڵی موسڵمانان لەمەدینەدا دەوڵەتیان دروست کرد پاشان ئەو ڕوداوانەی بەدوای ئەمەدا هاتن وای کرد ببێتە ناوکی ئیمپراتۆرییەتێك ... ئەو جیاکردنەوەیەی لەنێوان هەردوو دەسەڵاتەکەدا هەیە (ئاینی و زەمەنی) بەهیچ شێوەیەك لەئیسلام دا بونی نیە،

هەروەها چەندان دووانە ووشەی هاو وێنەی (دنیوی )، (نجس)، (دینی)، (روحی) و (زمنی) وا هەیەکە لە زمانی عەرەبی(فصیح)دا بەرامبەری نییە )).

١٠- ڕۆژ هەڵاتناسی سویسری ((مارسیل بوازی))یش دەڵێ:((لەئیسلام دا، ناکرێ لەسیاسەت بگەین بەبێ ئایین))(١٩).

لە کتێبی ((الغرب نحو الدرب باقلام مفکریه))ی(محفوظ العباسي) زۆر وتەی لەم بارەیەوە هێناوە دەکرێ بۆی بگەڕێینەوە.

جا ئەگەر کەسانێك بەئایەت و فەرمودە و قسەی زانایانیشمان دڵیان ئاو نەخواتەوە گوێ بیستی قسەی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتناسانیش نەبێ بەناوی (نوێ خوازی یەوە) (کەلەڕاستی دا من پاشکۆیی خوازیی زیاتر تیادا دەبینم ) پێ دابگرێ لەسەر دوورخستنەوەی سیاسەت بەواتا دورستەکەشی لە ئیسلام ئەوا نازانم چۆن پێناسەیان بکرێ و چ جۆرە وتووێژێکی لەگەڵدا ئەنجام بدرێ، من وا ئەبینم رقێکی ئەستور لەپشت زۆر لەو بۆچونانەوە هەیە وەك لەوەی لێکۆڵینەوەی زانستی و بابەتی بێت. خۆ ئەگەر مەبەستیش لەسیاسەت تەنها ئەو ئامراز و مومارەسانە بێ کە بەرژەوەندی نادروستی پێ بێتەدی و مافی مرۆڤی تیادا پێشێل بکرێ بۆ خاتری چەندکەس و کۆمەڵ و چین و رەگەز و دەوڵەتێك لەپیادەکردنی ئەو سیاسەتەشدا هیچ بەها و نرخێك بۆ ئەخلاق و چەمکە مرۆییەکان دانەنێ تەنها بۆ بەدیهاتنی بەرژەوەندی تایبەتی بەکار بهێنرێ ئەوە لەئیسلام بەدوورە و ئیسلام بەم واتایە سیاسەتی پەسەندی نییە ئەو کاتە دەبێتە ئەوەی(ابن القیم) بە (سیاسة ظالمة)ی دادەتێ و لە چواچێوەی ((السیاسة الشرعیة)) دا جێی نابێتەوە.

لەسیاسەت دا ئەم جۆرەی سیاسەت بە (ماکیافیللەت) ناسراوە و بە دوورە لە هەموو ڕەوشت و بەهایەك و لەسیاسەت کردنیدا پێوەرێکی جێگیری بەهایی نی یە لەسەری بوەستێ یا ڕەچاوی بکا مەگەر لە بەرژەوەندی خوازیدا نەبێ، ئەمەش لە سیاسەتی هاوچەرخ و هەنوکە دا زۆر بە ڕون و ئاشکرایی دەبینرێ، هێرۆشیما و ناگازاکی و جەنگە

جیهانیـەکان و جینۆسـایدی کـورد و کارەسـاتەکانی بۆسـنە و کۆسـۆڤۆ و فەلەسـتین و چیچان و ئەفغانستان... لە ئەمڕۆ نمونەی ئەو سیاسەتە چەوتەیە کە هەنوکە لـەجیهانی عەولەمە و بانگەشە کردنی مافەکانی مرۆڤدا پیادە کراوە و دەکرێ.

ئـەو سیاسـەتەی کـە کیسـەنجەر (وەزیـری دەروەی پێشـووی ئـەمریکی) سـەبارەت بـە ڕێککەوتن نامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ دەڵێ:((لەڕاستی دا سیاسـەتی ئێمـە سـەبارەت بە کورد ئەخلاقی نەبوو نە ئەوە بوو یارمەتیان بـدەین، نـە وازمـان لێ هێنـان گرفتـەکانی خۆیان بە سازش لەگەل حکومەتی عێراقی دا چارەسەر بکـەن، ئێمـە هانمـان دان پاشـان دەستمان لێ کێشاندنەوە)) هەروەها لە کتێبی (الدبلوماسـیة)دا کـە لـە سـاڵی١٩٩٤ دەری کردووە ئەڵێ:(لەسیستمی نوێی جیهانید و لەگەڵ نزیك کەوتنـەوە لەئەگـەری دەرکـەوتنی هێز گەلی نوێی مونافیس، دەبێ جـەخت لـە سـەر بەرژەوەنییـە نـە تەوەییـەکانی بکـرێ، ئەمەش لەسەر حسابی(پرنسیپە) ((میسالی))و ئەخلاقیەکان.

(مابلز کوبلاند) یش کە ڕاوێـژکار بـووە لـە لیژنـەی پـلان دانـانی سیاسـەتی ئـەمریکی لـە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاسـت لـە وەزارەتـی دەرەوەی ئـەمریکی دەڵێ:(سـتراتیژییەتی ئێمـە دوو ڕووی هەیە ئەخلاقی و نائەخلاقی هەر کاتێ پاپەند بوونمان بە پرنسیپە ئەخلاقیەکانەوە زیان گەیاندن بێ بە بەرژەوەندیە کانمان، ئەوا قوربانیدان بـێ گوومـان لـە سـەر حسـابی پرنسیپە ئەخلاقیەکان دەبێ نەك لەسەر حیسابی بەرژەوەندییەکانمان)(٢٠).

ئەمەیە سیاسەسەتی داڕنراو لە ئەخلاق و بەها مرۆییـەکان...ئەمەیـە ئیسـلام پەسـەندی ناکا و کەسانێکی وەکو پێشەوا نورسی و موحەممەد عەبدە پەنایان بە خوا گرتووە لێی و دەڵـێن پـەنا دەگـرین بـەخوا لـە شـەیتان و لـە سیاسـەت. ئـەوەشمان لـەیاد نەچـێ کـە سیاسەت وەکو خودی خۆی تاوەکو ئەمڕۆش لەهەموو حاڵەتێکدا دانەڕنراوە لـە ڕەوشـت، تەنانەت هەوڵی زۆریش هەیە بەها ڕەوشتیەکانی بۆ بگەڕێتەوە، ئەو بەهایانەش ئەمڕۆ لـە سیاسەتی ناوخۆی زۆرێك لە وولاتاندا دەبینـرێ شـێوێنەواری باشـی هـەبووە و مافـەکانی مرۆڤـی زیـاتر پاراسـتووە... نمونـەی ئـەو بەرجەسـتەبونەی گەڕانـەوەی ئەخلاقـە بـۆ

سیاسەت.بانگەشەکردنی مافـەکانی مـرۆڤیش نمونـەی گەڕانـەوەی بـەهای ڕەوشـتییە بـۆ سیاسەت.

---

## پەراوێزەکانی ئەم بەشە:

١ـ اوستن رني ـ سياسة الحكم ترجمة د. حسن علي الذنوب.

٢ـ لسان العرب لە ماددەی ( سـوس )دا زۆری لەسـەر ئـەم وشـەیە ووتـووە بـەڵآم هـەموو واتاکان لەم بازنەیەدا دەخولێتەوە.

٣ـ علم السياسة / تجديد من وجهة نظر اسلامية. السيد صدرالدين قبانجي.

٤ـ هەمان سەرچاوە.

٥ـ السياسة الشرعية د. يوسـف القرضـاوي، هەروەهــا ( الجـامع في طلـب العلـم الشـريف، عبدالقادر عبدالعزيز.

٦ـ القاموس السياسي / احمد عطية الله ل ٦٦١.

٧ـ علم السياسة / قبانجي ل ١٠ ـ ١٣.

٨ـ جەدەلی ئیسلامی و عەلمانی ـ عومەر عەلی غەفور ل ٤٠.

٩ـسەیری ( موسوعة السياسة ) بکە.

١٠ـ سەیری ( السياسة الشرعية )ی قرچاویو ( الجامع في طلب العلم الشريف ) بکە..

١١ـ السياسة الشرعية د. يوسف القرضاوي.

١٢ـ سەیری ( الطرق الحكيمة ) ل ١٦ـ ٢٨ و( الفراسه ) ل ١٦ـ٢٤ بکە کە هەردوکیان هی ( ابن القيم )ن ئەتوانین بڵێین یەك کتێبن.

١٣ـ سەرچاوەکانی پێشوو .. ل ١٥٠

١٤ـ سەرچاوەکانی پێشوو، د.یوسف القرضاوي لە کتێبەکانی ( ابن القيم ) بينيوە.

١٥ـ السياسة الشرعية. ل ٣٨.

١٦ـ ناميلكەی تەعاليم، پێشەوای شەهيد ل ٧. مجموعة رسائل الامام الشهيد حسن البنا ب١ ل.٢٥٥

١٧ـ سەيری ( الدولة في الاسلام )ی د. يوسف القرضاوي ل٢٦ بكە.

١٨ـ الملحق العربى لجريده يەكگرتوو، العدد / ٢٦٥ بابەتی ( الاسلام اللاسياسی ) سالم الحاج.

١٩ـ بۆ ئەم وتانە سەيری ( من فقه الدولة في الاسلام ) هەروەها ( سقوط الغلو العلماني )ی د. محمد عمارە بكە.

**٢٠ـ جەدەلی ئیسلامی و عەلمانی / عومەر عەلی غەفور ل ٤٣.**

تێبینی: ئەم بابەتە لە چاپەکەدا بەهەڵە دانەگیرابوو، دواتر لەم پیدی ئێفەدا بۆمان زیاد کرد، بێ گۆڕینی فۆنت و شێوازەکەی، هەمان بابەت لەکتێبی سەبارەت بە ئیسلام و سیاسەت دابەزێنراوە.

## چەند كاروبارو كێشەیەك سەبارەت بەپیادەكردنی شەریعەت و توێژینەوە لەسەر كردنی*

كارو بارو كێشەی پیادەكردنی شەریعەتی ئیسلامی ئەو پەیوەندی‌یە جەدەلیە بەدەردەخات كەلەنێوان فیكرو واقیع دا هەیە، ئەگەر چی شارستانی‌یەتی ئیسلامی هەر لەسەرەتاوە لەسەر بناغەی وێناو دیدێكی گشتگیرانە بۆ مرۆڤ و بوون و جیهان بنیات نراوە كەلە خولگەی ئەو بیروباوەڕە یەكتا پەرستی‌یەدا چەقیان بەستبێ و ئاوێتەی رەگەزەكانی بوبێ لەسەر ئاستی بونایەتی (ئەنتۆلۆژی) و مەعریفی (ئەبستمۆلۆژی) و ئەسكیۆلۆژی بەشێوازێك كە رێكی‌و تەواوی بەم تێڕوانینە ببەخشێ. بەلاّم لەگەلّ ئەمەش دا وردەوردە و لەسەر خۆ لادان لەو نمونە پێوەری‌یە ئیسلامی‌یە بەدی هات كە سەردەمی پێغەمبەرایەتی و خەلافەتی راشدین نمونەی بوو. وەدەربڕینێك لەو كەلێنە سستمیانەی لەروی بەرنامەو رەفتارەوە لەبەها بالاّكاندا خۆی دەنواند ، سەرەتای ئەولادانە لەبواری سیاسی‌یەوە دەستی پێ كرد ئەویش بەدوور كەوتنەوە لەراوێژ كردن (الشوری) تا گەیشتە تەبەنی كردنی پەیڕەوی زۆرداری لەدەسەلاّتدا ئەم بارەش هەر دەبوو رەنگدانەوەی فیكری و مەعریفی ببێ و لەشێوەی

---

* ئەسلّی ئەم بابەتە پوختەی تاووتوێ كردنی چەند وتارو وانە بێژی(محاضرە) یەك بووە پەیمانگای جیهانی بۆ فیكری ئیسلامی لە ژێر ئەم ناونیشانەدا پێشكەشی كردووە:

- العلاقة بين الشريعة والقانون ١٩٨٦
- الشريعة الإسلامية والقانون١٩٨٨
- قضايا عملية متعلقة بتطبيق الشريعة الإسلامية١٩٨٩
- مفهوم تطبيق الشريعة١٩٨٨
- الأولويات الشرعية ...

دیارە پاش پوختە كردن و كورت كردنەوەیان لەلایەن هەمان دەزگاوە ... (لەبەر پەیوەندی راستەو خۆی بەباتەكەمان پێمان باش بوو وەك پاشكۆیەكی وەرگێڕاو بیخەینە پێش چاوی خوێنەران.)

سەرچاوە / قضايا إشكالية في الفكر الإسلامي المعاصر .

قضايا تطبيق الشريعة و تدريسها- عبدالله جاد

ڕەوتەکانی جەبرییەت و تەسەوفی زیاد ڕەو بەدەرکەوت لەوەش مەترسیدار تر کشانەوەی شەرعناسی (فیقه) بوو لەبواری ژیانی گشتیدا، تاوای لێهات کورت بویەوە لە ڕێکخستنی کاروبارە تایبەتییەکانی تاك دا، وەکو تاك، ئەوتاکەش نا کەهۆکاری چاکساز بوونی لەئومەتەوە بێو ئەوباری بۆ بڕەخسێنێ یاخود ئەوانەبن کەخاوەنی دیدو ئیجتهاد بن لە کاروبارە گشتییەکانی ئومەت دا، ئەم بارەش بەخۆدا چوویی تاکەکانی بەخودی خۆیاندا زیاتر کرد بەتایبەت لەو ماوانەی لاوازی مەودایەکی دوورو درێژی هەبوو، هەرئەمەش دەرگای کردەوە بۆ هاتنە ناوەوەی داگیرکاری بیانی بەسەرجەم ئەو سستم و دەزگاو بەهاو بیرانەی لەگەڵ خۆیدا هاوردەی کرد تاسەرەنجام سەری کێشا بۆ ئەوەی شەریعەت زۆرتر دوور بخرێتەوە و لاببرێت لەژیانی ئومەت دا .

لێرەوە خەڵکی موسڵمان (ئومەت) بەدەست دووفاقەییەکی تاڵەوە دەیانلاند کە بەر ئەنجامی ئەو بیرو ویستانە بوو( کەپانتایی ژیانی داگیر کردبوو) پاشان لە ژێر کاریگەری ئەو تەنگ پێ هەڵچنینانەدا بانگەشەی بیریارو چاکسازکارانی دەستی کرد بە بەئاگاهاتنەوە لەو خەوەی باڵی کێشابوو بەسەریدا، پاشتریش بانگەشەی پیادەکردنەوەی شەریعەت لەسەرجەم بوارەکانی ژیانداو لەژێر سایەی بەرەنگاری وبارودۆخی میدان خوازی شارستانییەتی ڕۆژئاواییدا برەوی پەیداکرد، شارستانییەتی ڕۆژئاوایی بەو پێیەی شارستانییەتێکی زاڵ بوو، ویستی سەرەڕای هەژمونی مادییەکی هەژمونێکی فیکریش بسەپێنێ ، بەپێ یەش ڕۆشنبیری و شێوازی تایبەت بە خۆی لەژیاندا بچەسپێنێ بەسەر شارستانییەتەکانی تردا وەپاشانیش کاری کرد بۆ کەنار خستن و دور خستنەوەی شەریعەت لەژیانی ئوممەتی ئیسلامی وەك سڕینەوەیەك بۆ کەسێتی شارستانیانەی ئەو کەئیسلام کرۆك و جەوهەرەکەیەتی، وەدای ماڵێ لەبەندوباوە یاساییانەی ئاوێتەی بووە وپێکهاتەو شانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیانەی ئەوی پێکەوە گرێ داوە.

لەگەڵ ڕاپەرینی ڕابونی ئیسلامی وەك بانگەشەیەك بۆ داوەری کردن بەقورئانی پیرۆزو سوننەتی پاکی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەرجەم بوارەکانی ژیانداو وەلەگەڵ شکستە بەردەوام و زۆرەکانی یاسادەست کردەکاندا، پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی بوو بەداواکاری و داخوازییەکی گشتی ئوممەت بەسەرجەم چین و توێژەکانییەوە ( دیارە بەدەر لەڕۆژئاوا ویستەکان) بۆ ئەوەی سەربەخۆیی شارستانیانەی خۆی تەواو کامڵ بکا .

وەگەر لەکاتێکدا بانگەشەی پیادەکردنی شەریعەت چەندین پرسیار بوروژێنێ سەبارەت بەو دەروازە لەبارو شیاوانەی ئەم پیادەکردنە دەیخوازێ و ئەوپەیڕەو ورێو وشوێنەی لەم بارەیەوە دەگیرێتەبەر ، ئەوا پێویستە هەر لەسەرەتاوە ئەم بابەتەبخرێتە بازنەو چوارچێوە مێژوویەکەیەوە تاوەکو لەڕەهەندە واقعیەکانیەوە ببینرێت هەروەکو چۆن ئەمڕۆکە پێی گەیشتوین و دەبینرێت .

گەرچی ئەو هۆکارانەی لەڕووی مێژوویی‌یەوە وردەوردەو لەسەرخۆ بونە هۆی کەنار خستنی شەریعەت لە ژیانی ئوممەت دا تاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامن و خۆیشی لەوبارە دواکەوتویە شارستانی‌و لاوازی‌یە دا دەبینێتەوە کە پەیوەندی و گرێبەندەکانی ئوممەتی پارچەپارچە کردووەو سەربەخۆیی پێ لەدەست داوەو پاشکۆیەتیش بەهەموو شێوازە جۆراو جۆرەکانیەوە، سیاسی وئابوری و رۆشنبیری گرنگترین ئەو هۆکارانەن رۆڵیان بینیوە لە دوور خستنەوەی پیادەکرنی شەریعەت بۆ نمونە لە میسردا ئەوا دانانی یاسا بیانی‌یەکان لەجێی شەریعەتی ئیسلامی هاوکات بوو لەگەڵ مل کەچ بوونی میسر بۆ داگیرکەری بەریتانی و هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی لەشەریعەتی ئیسلامی هەڵێنجرابون و شۆڕشی عەرەبی دانی پێدا نابوون، ئەم دیمەنەش لەچەندین وڵاتی جیهانی ئیسلامیدا دووبارە بویەوە کە کەتبونە ژێردەسەڵاتی رۆژئاوایەکانەوە، جائیتر لەڕووی داگیر کردنی سەربازی‌یەوە بوبێ یاخود لەڕێی ئیمتیاز پێدانی بیانی‌یەکانەوە بێ ، تەنانەت لەمیسردا کاتێ کەدەست کرا بەگەڕانەوەی هەندێ لەو سەربەخۆییانە وەها پێویست بوو بەشوێن ئەوەدا پیادەی شەریعەتی ئیسلام بکرێ وەك چاکسازی‌یەکی تەشریعی کەبەسەربەخۆیی ئوممەت پێ تەواو دەبێ بەڵام بارودۆخی پاشکۆیەتی بۆ رۆژئاوا وەهای کرد ئوممەت نەتوانێ لەدیلێتی یاسابیانیەکان دەربچێ، لەگەڵ تەسلیم بون و دانانی ئەو لیژنەیەی کەدانانی یاسای مەدەنیان پێ سپێردرابوو بەزەرورەتی ئەوەی بەبێ ئەو یاسایە لەحوکمەکانی شەریعەتەوە وەربگیرێ تاوەکو رێك وسازبێ لەگەڵ باوو نەریتەکانی ئوممەتدا کەچی لیژنەکە گەڕایەوە بۆ هاویەکی و هاوڕێکی لەگەڵ یاسا نوێ‌یەکاندا ، فەرمان رەوایان دەست کەلاو دروست کراوی کۆلۆنیاڵ بوون، فەرمان بەسەردا کراوەکانیش زۆرینەیەك بوو هیچی لە بارەی کاوربای خۆیەوە نەدەزانی‌و نەیدەزانی چی بکات کەمینەیەکی بەرۆژئاوایی کراو هەبوو، کەرۆژئاوا پەروەردەی کردبوون پێ ی گەیاندبوون بۆ ئەوەی سەری رمی بن لەوڵاتەکانماندا . وەهای دەبینێ هەر پاشەکشەو گەڕانەوەیەك لەشێوە ژیانی رۆژئاوایی هەڵگەرانەوەیە

لەشارســتانیەت و دەرچــونە لەمەدەنیەتی ڕۆژئــاوایی و گەرانەوەیــە بــەرەو تــاریکی دواکەوتن و نەزانیو نەفامی.
ئەم قورسایی و ئاستەنگانە درێژەو بەردەوامی هەبوو، وێرای ئەوەی لەدەستوردا هاتبوو کە شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەو ژێدەر بێ بۆ تەشریع لەگەڵ بوونی پابەندیەکی یاسایی بۆ جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامی کەچی لەرووی پیادەکردنەوە ناکۆکیو دواخستنێکی بەردەوام هەبوو لەژێر بیانووی بانگەشەی پلە بەندیەتی لەکاردا کەسەر ئەنجام وەلاخستنێکی زیاتری شەریعەتی لێ کەوتەوە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئاستەنگەکانی ئابوری و خۆسەپاندنی بیانی بەسەر ئابوریماندا، دادەنرێ بەهۆکارێکی سەرەکی وەلاخستن و لادانی شەریعەت لە فەرمان ڕەوایی کردنی وولاتدا ، ئەمەش بەدان پێدانانی ڕۆژئاوا خۆی ، نیوزویك لە ١٩٨٩/٨/٥دا نوسیویەتی ئەو قەیرانە ئابوری یەی وای کردووە بەچڕی پشت بە ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا ببەسترێ و سەرکەشی هەندێ لەلاوان سەردەکێشن بۆ دواخستنی پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی تائەو مەودایەی ئەکرێ ئەمریکیەکان لەوڕووەوە دڵنیابن!
لەلایەکی ترەوە پیادەکردنی شەریعەت بووە بەدروشمێکی سیاسیو ئەوەی دەیزانێ و نایزانێ بەرزی دەکردەوەو داوای دەکا ، لەزۆر لاوە دەورو خولی دەدەن هەریەکە لەئیسلامیو ڕۆژئاواویستەکانی پەلکێش کردووە، ئەوانەی وادەبینن پیادەکردنی شەریعەت هەنگاوێکە لەپێناوی بەرپاکردنی شەریعەت هەنگاوێکە لەپێناوی بەرپاکردنی ((دەوڵەتێکی ئاینی )) گشتگیرو هەمەلایەنە کە((پیاوانی ئاینی )) فەرمان ڕەوایەتی دەکەن ، بەهەموو ئەو مانایانەی لەو بۆچونەدا هەیە هەر لەدواکەوتوویی وزیادەڕەوی لەرەفتارو تائەو تاوان و خراپکارییانەی بەناوی ئیسلامەوە ئەنجام دەدرێت و ئیسلام لێیان بەری یە، ناتوانن جیاوازیش بکەن لە نێوان ئەوانەی وەها باس لەئیسلام دەکەن بەو پێیە پێکهێنەری یەکەم بێ بۆ پڕۆژەیەکی شارستانی سەربەخۆ خوازی ئوممەت . وەلەنێوان ئەو کۆمەڵانەی سنوریان بەزاندووە یاخود لەسلوکیاندا لایان داوە بونەتەهۆی ئەوەی کاروباری پیادەکردنی شەریعەت بێبەهاونرخ بکەن سەرنجی خەڵکی لێ دوور بخەنەوە، ئەمەش وای پێویست کردووە لەسەر ئەوانەی گرنگی بەم کێشەیەدەدەن زۆر بەدڵنیایەوە هەڵوێستی خۆیان لەو هەولانە رابگەیەنن جا ئیتر لەلایەن فەرمان رەوایانەوە بوبێ یاخود لەلایەن فەرمان بەسەردا کراوانەوە بێ ، واتە هەردوولایان پێکەوە.

لەژێر سایەی سەرجەم ئەو ئاستەنگانەی پێشوودا کەرۆژ لەدوای رۆژ رووبەری وەلاخستن و کەنار خستنی شەریعەت لەژیاندا بەرین وفراوان دەکا، پێویستە دەست بکرێ بەچالاك کردنی شەریعەت لەڕووی کرداری‌یەوە لەژیانماندا لەو روانگەودیدەوە کەوا دەبینێ شەریعەت مەنهەجێکی تەواوی ژیانەو حدودەکان و دەر کردنی یاساکان و پابەندبونی دادگاکان بەوەی پیادەی کەن تەنها بەشێکێتی و ئەم داخوازیانەش نمایندەی بەشێکی شەریعەتن ، ئەم مەنهەج و رێرەوەش سەر دەکێشێ بۆ لێدانی چەندان دەرگای واز لێ هێنراوی شەریعەت بۆ روو بەڕووبونەوەی گرفتە شارستانی‌یەتی‌یە هەرە گرنگ و پێویستی‌یەکانمان ، هەنگاوی یەکەمیش لەمەدا ئەوەیە بە شەریعەت لەژیانماندا بژێن و ئیسلام بکەینە دادوەرو حەکەم لەپەیوەندی‌یە جۆراوجۆرەکانی نێوانمان و مەنهەجی ئیسلام بکەینە دادوەر (حاکم) لەنێوان خێزان و قوتابخانەو زانکۆو کۆمەڵە پیشەسازی‌و ئابوری‌یەکانمان بێ ئەوەی رووبەڕووی یاساکانی دەوڵەت ببێتەوە ئایا لەمەدا هیچ کەس بەرەنگارمان دەبێتەوە ؟!

پێویستە جارێکی تر پەروەردەی دەرونی خۆمان بکەینەوە لەسەر رێڕەوی شەریعەتی ئیسلامی ، ئا ئەمە چەمکی شەریعەتی ئیسلامی‌یە کەپێویستە بانگەشەو بانگەوازی خەڵکی بۆ بکەین بەم مەنهەجەوە ئەکرێ چەندە هاژەوی مروو ببوژێنێتەوەو زیندووی کەینەوە لەبواری پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی دا ، چونکە لەژێر سایەی کورت کردنەوەی رۆڵی شەریعەت ، ئەم چەمکە تەنها لەسنور (حدود)ەکاندا دەروازە والابوو لە بەرامبەر سستم و چەمکە بیانی‌یەکان بۆ پڕ کردنەوەی بۆشایەکان ، لێرەوە ئەکرێ ئامارژە بکرێ بۆ دۆزی مافەکانی مرۆۋ و ئەو گرنتیانەی لەسەر بناغەی گوتەزاکانی فیکری رۆژئاوایی دەخرێتە روو، بێ‌ئەوەی بەپێی شەریعەتی ئیسلامی ( تأصیل) کرێ کەچەندەها گرەنتی ریشەدار لەمێژینەی بۆ مافەکانی مرۆۋ خستۆتە روو بەوەر گرتن لەقورئانی پیرۆزەوە ، پێویستە مافەکانی مرۆۋ لەسەر بناغەی شەریعەت بنیاد بنرێ و زۆر بەجدی‌یەوە داخوازی بکرێ، داخوازی کردنی ئەوەی دەوڵەت رای گەیاندووە کەپابەند دەبێ بەدەستورەوە یاخود رێکخراوە زانستی‌و فیکری‌یەکان رای دەگەیەنن لەوەی پێویستە دەوڵەت وەلامگۆی حەزو داواکاری‌یەکانی جەماوەر بێ، کە یەکەمیان مل کەچی‌یە بۆ ئەحکامە ئیسلامی‌یەکان هەروەها بەدەمەوە بوونی گرێ کوێرە کۆمەلایەتی‌و ئابوری‌یەکانمان کەتەنها هەوڵی دەوڵەت بەس نی‌یە بۆ رووبەڕوو بونەوەیان ، جاکاتێ شەریعەت لەنێوان خۆماندا پیادە دەکەی وەکو

کۆمەڵگە ئەوکاتە کەمینەیەکی زیادە ڕەوو خۆشگوزەران نابینی کە ئینتەلای کردووەو توشی ژان هاتووەو لەو لاشەوە زۆرینەیەك کەمترین شتێك نابینێ کە خۆی پێڕبگرێ، چونکە موسڵمانی ڕاستەقینەی خۆشگوزەران ئەوەیە لای خۆیەوە ببەخشێ بەوانەی کەنیانە ئەگینا لە ڕووی ئیسلامەتیەکەیەوە کەم وکورە ، هەر بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمانان ئەگەر بیانەوێ ئیسلامیانە بژین ئەبێ لەخۆیانەوە دەست پێ بکەن ئەو ملیارەها بێ شومارەی کەهەندێ خەزناندویانە بگەڕێتەوە بۆ کارپێکردن و دەستاو دەست پێ کردنی تاوەکو لەنێوان نەوەکانی ئومەت دا کەڵکی لێ ببینرێ .

لەلایەکی ترەوە گرفتی زۆرداری دەست بەسەرا گرتنی مافی ئوممەت هەیە لەراوێژ کردندا ، ئەوەی _ کە لەڕووی مێژوویەوە_ یەکەم لادانێك بووە لەچەمکی شەریعەتی ئیسلامی ، ئەوەشی بارەکەی زیاتر ئاڵۆز کردووە ئەو ڕووبەڕوو بونەوە دروست کراو ورووژێنراوەیە کەلەنێوان ئیسلام و ئامرازەکانی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوایی‌دا هێنرایە ئاراوە لەهاو وێنەی ڕاپرسیو یاساکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەك پێویستی جەخت کردنەوە لەسەر مافی خەڵکی بۆ دەستە بەر کردنی ژیانێکی ئازاد و ڕێزدار دەخوازن لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوریو سیاسیەوە وەك بەشێکی دانەبڕاوی لە سستمی ژیانی ئیسلامیانە ، بەشێوەیەك بتوانرێ ترس و دڵەڕواکێ ی ئەوانە نەهێڵرێ کەوا دەانن بانگەشەی پیادە کردنی شەریعەت تەنها ئەوەیە ئەوان لێرەو لەوێ سەبارەت بەهەندێ پیادەکردنی نەشیاوو لادانی سلوکی بیستویانە، لەلایەکی نرەوە پێویستە جارێکی تر لەهەموو بوارەکاندا دامەزراوەکانمان بنیاد بنەینەوە لەسەر بناغەی راوێژێکی ڕاستەقینە کەئەمەش پێویستی بەبەرچاو ڕۆشنی و ورەبەرزی هەیە. ورەیەك لەلایەن ئەو بنکە بەرفراوانەی ڕێ بەتاك دەدات کۆنترۆڵی خۆی لەو ڕووەوە بخاتە گەڕ (وتەحەکومی پێوە بکات ) ، وەبەرچاو ڕۆشنیەك لەلایەن ئەو ڕوناکبیرانەوە کەدەتوانێ ئەوە ڕوون بکاتەوە کە سەرکەوتنی بەردەوامیو پێشکەوتنی لەوەدایە کە بنکەی فراوانی گەل باوەڕیان وابێ کەخزمەتیان پێشکەش دەکەن نەك دەنگ و بیرو رایەکانیان بەسەردا بسەپێنن. لەڕاستیدا وەلاخستنی راوێژ (الشوری) هۆکاری شکستی ئەو ئەزمونە شێوێنراوانە بوو کە بۆ پیادەکردنی ئەوەی پێی دەوترا شەریعەتی ئیسلامی لەولاتانی وەك سودان و لیبیا، لە حاڵەتی لیبیدا پیادە کردنی (حدود)لەسەرەوە سەپێنرا لەکاتێکدا ڕژێمی لیبی بەردەوام بوو لەو مۆرکە سلبیەی کەهەیبوو، دەستی دەگرت بەسەر داهێنکاری و ئازادیەکانی خەڵکیدا، خەڵکیش ئەویاسایانەیان پشتگوێ

دەخست وەك رەفزكردنێ بۆ ئەو رژێمەی ئەو یاسایانەی بەمەبەستی سەپاندنی دەسەڵات و زاڵێتی خۆی سەپاندوبێ .

بەڵام لەحاڵەتی سوداندا ئەوە بوو (نمیری) لیژنەیەكی پێك هێنا بۆ پیادەكردنی شەریعەتی ئیسلامی تاوەكو خەڵكی بخەڵەفێنێ لەداواكردنی ئەو پیادەكردنە كەكاتێ بینی خەڵكی جیددین لەداواكاری‌یەكەیاندا ، هاتن چەند یاسایەكی شێوێنراویان هێناو دایانە پاڵ ئیسلام خزاندیانە ئەو یاسایانەوە كەبەیاساكانی سێپتەمبەری ١٩٨٣ ناسرابوو بەكەوتنی ئەم رژێمەش ئەو یاسایانە وەك بەشێك لەپاشماوەكانی سەردەمی رژێمی لەناوچوو هەڵوەشێنرانەوە نەك وەك هەڵوەشاندنەوەی حوكمی شەریعەت ، بەڵكو وەك هەڵوەشاندنەوەی پیادەكردنێكی خراپی هەندێ لەو یاسایانەی بەدرۆو هەڵبەستراو درابوونە پاڵ شەریعەتی ئیسلامی‌یەوە.

پوختەی ئەم ئەزمونانەو جگە لەمانیش ئەوەیە كەناكرێ لەرێی ئەوانەوە حوكم بدەین بەسەر شەریعەتی ئیسلامی‌دا چونكە شەریعەت بەهۆی كاری خەڵكی‌یەوە حوكم نادرێ بەسەریدا بەڵكو ئەوبڕیارو حوكمی هەیە بەسەركردارەكانی خەڵكی‌دا ، لەژێر تیشكی ئیسلام و بەپێوەری شەریعەت بڕیارو حوكم دەدرێ بەسەر هەر ئەزمونێكی مرۆیی‌دا ، ئەوانەش دەپرسن چ ئیسلامێكتان دەوێ وەڵامیان دەدەینەوە بەوەی ئیسلاممان بەو شێوە دەوێ كەخوای گەورە لەقورئاندا دای بەزاندووە ، وەبەپێی سوننەت پیادەكراوە ، ئێمە داخوازی ئەوە ناكەین چاولێكەری هیچ نمونەیەك بكرێ هەرچۆنێك بێت، بەڵكو پێویستە لەسەرمان لەشەریعەتی ئیسلامی‌دا ئیجتهاد بكەین ئەو شەریعەتەی هەم چەسپاو جێگیرەو هەم بواری گۆران وگەشە كردنیشی تێدایە بۆ ئەوەی بگەینە شێوازێك لەو چارەسەرانەی سازو رێكن بەكۆمەڵگاكانمان بەشێوەیەك گرەنتی پاراستنی شەریعەت لەئارادابێ تاوەكو هیچ كەس و لایەك نەتوانێ یاری گاڵتەجاری پێ بكات .

پشت تێكردن و وازهێنان لە شەریعەت بەردەوام هاوشانی دواكەوتنەو شكست بووە، ئەمەش بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی شتێكی لەبەرچاوە تەنانەت ئەكرێ وادابنرێ دەست گرتن بەشەریعەتەوە پێوەری گەشەكردن و هەڵسانەوەی شارستانیانەیە هەر بۆیە كاتێك ئەوانەی داخوازی گەڕانەوەی شەریعەتی ئیسلامی دەكەن تەنها ئەوە نی‌یە داوای گۆڕینی كۆمەڵێك یاسا بكەن بەهەندێكی تر ، بەڵكو داخوازی گەڕانەوەی ئەو پڕۆژە شارستانی‌یە بزرەیە كەسەربەخۆیی بۆ ئوممەت دەگەرێنێتەوە كۆسپەكانی رێی لادەبا، لەلایەكی ترەوە

چەندان پرسیار دەوروژێنرێت سەبارەت بەئمكانیەتی پیادەكردنی شەریعەت بەدەر لەبوونی دەسەلاتێك سەرەڕای ئەو گرنگیەی كەهەیەتی ، بەلام ئایا ئەوە بەسە بۆ ئەوەی داوای چوارچێوەی یاسایانەی شەریعەت نەكرێ ؟ خۆ ئەگەر دانمان نا بەوەی یەكێك لەو كۆسپانەی رێگرن لەبەردەم پیادەكردنی شەریعەت دا بریتیە لەوەی تاك و كۆمەڵگەی موسڵمانان لو دووفلیقانەییەكدا دەژی لەنێوان پیادەكردنی پەرستنەكان و عەلمانیەتێك لەمامەڵەو سەودا گەریدا ، ئایا ئەكرێ تەنها بەبوارە پەروەردەیی و كۆمەلایەتیەكان واز بهێنین ئەوەش بەوەی شەریعەت لەدەرونی خۆمان و لە دەزگاكانماندا پیادەبكەین ؟ یاخود ئەمە بانگەشەیەكە بۆ پێشكەش كردنی نمونەو مۆدیلێكی پیادەكردنی شەریعەت كە ترساوەكان دڵنیا دەكاتەوە راڕاكان دڵشاد دەكا؟ لەم رووەوە (د.العوا) ئەوە راست دەكاتەوە كەئامانج لەمە ئەوەیە كە مرۆڤ تەنها هەر بە دەسەلات ناژی ، تەنانەت ئەگەر دەسەلاتیش چاك بێ ئەوا تەنها ئەمە بەس نیە بۆ پیادەكردنی شەریعەت ئەگەر كۆمەڵگە باش نەبێ، هەر بۆیە پێویستە بەوەندەی لەبەردەست دایە دەست پێ بكەین وەك كاركردنێ بەبنەمای (مالا یدرك كله لایترك كله) بێ ئەوەی ئەم دۆزو كێشەیە بەجێ بهێڵین بۆ دوا خستنێكی بەردەوام بەتایبەت لەكاتێكدا بانگخوازان سەرقاڵی بانگەشەكردنی پیادەكردنی شەریعەتن لەڕووبەڕوو بونەوەی علمانیەكاندا ، وەبەشوێن ئەو هۆكارانەدا وێڵن كە دەیان گەیەنێت بە پیادەكردنی شەریعەت وەك بەشێك لەبانگەوازەكەیان بۆ گەڕنەوەو داڕێژانەوەیەكی ئیسلامیانەی سەرجەم بوارەكانی ژیان، لەنێو قولایی و گۆڵمەزی ئەم سەرقالیانەدا توێژینەوەكان سەبارەت بەشەریعەتی ئیسلامی وەك سستمێكی یاسایی پەرەسەندووی گەشە كردوو كەبە درێژایی سەدان ساڵ كاروباری خەڵكی بەڕێوە بردووەو بەرژەوەندیەكانی پاراستووەو دادگەری لەنێوانیاندا چەسپاندوە و یەكێتیو ویستی ئوممەتی پاراستووە، كە ئێستا وەستاوە یا نزیكە لەوەستانەوە، كەئەم جۆرە توێژینەوانە یەكێكە لەو هەنگاوانەی ئەم جۆرەی جەدەلی عەلمانی/ئیسلامی تێ دەپەڕێنێ كە رەنگ رێژەیەكەی مۆركی ململانێی سیاسی وەرگرتووەو لەوەشدا خۆی دەنوێنێ كە بانگەشە بكرێ بۆ دووبارە ئیجتیهاد كردنەوە لەشەریعەتی ئیسلامیدا بۆ گەیشتن بەبارێكی دروستی مەسەلەی پیادەكردنی شەریعەتی ئیسلامی ووروژاندنی ئەو كێشە براكتیكیانەی لەم رووەوە سەر هەڵدەدات .

جائەگەر گوێڕایەڵی کردنی بڕیارەکانی شەریعەتی ئیسسلامی کارێکی پەرستش(تعبد)ی بێ، ئەوا سەرجەم ئەو تەکلیفاتانە دەگەڕێنەوە بۆ دەستەبەر کردنی مەبەستەکانی شەریعەت لە دروست کراوەکاندا ، کە ئامانجی کۆتـــایی بەدی هێنانی بەرژەوەندییەکـــانی خەڵکییە لەپاراستنی نەفس و ناموس و دارایی وئاین وژیری یان.

بەو پێیەی خوای گەورە مرۆڤەکانی رێزدار کردووە بەژیریو ساغ و سەلامەتی عەقل و فیکری کردوونەتە جێی تەکلیف ، وەلەبەر ئەوەی دەققەکان جێگیرەو کۆتایی هاتوون و بارو دۆخەکان تازە دەبنەوە کۆتاییان پێ نایەت کەواتە دەبێت هاوسەنگی بکرێ لەنێوانیاندا لەرێی ملدان بەوەی کۆمەڵ (الجماعه) رۆڵیان هەیە لەدارشتنەوەی بنیادی تەشریعی ژیانیان بەوەر گرتن لەکیتاب و سوننەتەوە ، وە لەژێر سایەی بەرنامەو پەیڕەوێکی بابەتیانەی وا کەلە مەبەست و ئامانجەکانی شەریعەت تێ بگاو جیاوازی بکات لەنێوان حوکمە جێگیرەکان و ئەو حوکمە کاتیانەی گۆڕانکا ری پەسەند دەکەن .

لەم ناوکۆ(سیاق) دیەوە ئەکرێ لەو گوتەزایەوە تێبگەین کە دەڵێ شەریعەت بۆ هەموو کات و شوێنێك دەگونجێ ، نەك بەو مانایەی کە بوونێکی نەگۆڕەو بەسەردەمی پێغەمبەرخوادا (ﷺ) دەستی پێکردو کۆتایی پێ هات و مۆڤیش بەشێوەیەکی ئامرازیانە پیادەی دەکات بەڵکو گونجاوییەکەی بۆ هەموو سەردەم و شوێنێك بەو شێوەیە کە ژیری مرۆڤ ئیجتهاد بکا لە پیادەکردنیدا بۆ سەرجەم شوێن و کاتە جۆراو جۆرەکان تاوەکو بگەن بەو حوکمە شەرعییە جوزئیانەی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی بەدی دێنێ .

ئەمەش گرنگی رێکخستن کاری چەمکەکان دەوروژێنێ _ تاوەکو کارەکان تێکەڵی یەك نەبن_ وەکو چەکەکانی ئاین وشەریعەت، کە سەرەڕای ئەوەی دەست لەملانێ و پێکداچوونیان لە نێواندایە ، کەچی ئەوەی باوە لای زانایان بەکار هێنانی دەستەواژەی ئاینە بۆ کرۆکی بیروباوەر بەو پێیەی ئەسڵی دینە، بەڵام شەریعەت کۆی ئەو حوکمانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە کارو کردەوەکانی مرۆڤەوە چ بەفەرمان پێدان بێ یاخود سەرپشك کردن یادانان ( وضع) بێ ، ئەمەش گونجاوە بەو تێگەیشتنە باوەی سەبارەت بەشەریعەتەکان هەیە بەو پێیەیکۆمەڵە یاساو رێسایەکن بۆ رێکخستنی رەفتارو پەیوەندییەکانی خەڵکی لەنێوان خۆیاندا ، لەسەر بناغەی ئەم جیاکارییە ئەکرێ بوترێ کە ئەم حوکمانە چەند بەشێکی جێگیر لە خۆ دەگرن کەناکرێ گۆڕانکاریان بەسەردا بێ ، بەشێکی تریشیان بەپێی جیاوازی کات و شوێنی گەشە کردن دەیان گرێتەوە ، بێئەوەی ئەمە گومان بخاتە سەری لە پاڵپشت و

سەنەدی شەرعی ئەو بەشە لە حوکمەکان جا ئیتر ئەوە فەرمودەیەك بێ یاخود سوننەتێکی کردەیی بێ چونکە کاروبارەکە لێرەدا پەیوەستە بە جۆرێکی تر لە وێژینەوە لەبەڵگەدارێتی ئەو پاڵپشتیەیە دروستی دەکات ، نەك دروستی ئەورێو شوێنەی فەرمودەکەی لێوە هاتووە " چونکە ئەکرێ ئەو هاوەڵ بەڵگانەی لە بارەیەوە هەن بەڵگەبن لەسەر ئەوەی ئەو بڕیارەی ئەو (سند)ە دانی پیادا دەنێ کاتیی بێ یاخود بۆ (ندب) بێ نەك (وجوب) یاخود ئیجتهادێکی تایبەتی پێغەمبەر (ﷺ) بێ کە تیایدا بەرژەوەندی رەچاو کردبێ وەکو هەر خەڵکێکی تر، هەروەکو لەفەرمودەی موتوربەکردنی خورمادا بەدەر دەکەوێ، ئیجتهاد کردنی پێغەمبەر (ﷺ) نابێتە شەریعەتێکی گشتی مەگەر بەڵگەو پاڵپشتی بەهێزی لەو بارەیەوە هەبێ.

پوختەی قسە ئەوەیە ئەگەر شەریعەتی ئیسلامی بریتی بێ لەو بڕیارانەی خوای گەورە کە سەبارەت بەکارو گردەوەی بەندەکانی هەیە، ئەوا تێگەیشتن وپوخت کردنی ئەو حوکم وبڕیارانە لەسەرچاوەکانیەوە کۆمەڵە موجتەهیدێك پێی هەستاون کە هەرچی ئامرازێکی ئیجتهادیان بۆ رەخسابێت بەکاریان هێناوە ، لەهەموو ئەمانەشەوە سستمێکی یاسایی بەرز گەشەی کردووە ، کە گەشەو پەرەسەندنی هاوکات و پەیوەست بووە لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان بەکارلێك کردن لەگەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکان تاوەکو ئەو کاتە ی بەربەست خرایە نێوان ئوممەتی ئیسلامی سستمە و یاساییەکەیو گۆڕاندنی بە دەقەکانی یاسای رۆژئاوایی کە بۆ چەندان دەیەی دوورو درێژ بەربەردەوامی فەرمان رەوایەتی پێ دەکرێ .

بزر بوون و ئامادەیی سستمی قانونی ئیسلامی کە لەشەریعەتی ئیسلامدا خۆی دەنوێنێ لەکاتێکدا کە گەشەی کۆمەڵایەتی ئابووری کۆمەڵگە ئیسلامیەکان بەدوای یەکدا دێن ئەوە دەخوازێ رەوتی ئیجتهاد لەشەریعەتی ئیسلامی جارێکی تر دەست پێ بکاتەوە بۆ بڕینی ئەو بۆشاییەیئەم جۆرە نائامادەییە بەجێی هێشتووە ، ئەمەش چاك سازی کردنی سستمی فێرکاری دەخوازێ بەشێوەیەك وای لێ بکا بەتوانا بێ لەسەر پێگەیاندنی کەسانی موجتەهید لەشەریعەتی ئیسلامیدا و بتوانن لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ئوممەتەکەیاندا هەڵکەن ، چاکسازی کردنی دەزگا فێرکارییە ئیسلامیەکان بەردێکی بناغەییە لەدۆزی پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامیدا.

لەو کارە (عملی) و پراکتیانەی مەسەلەی پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی دەیوروژێنێ بوونی دەقە لەدەستورەکاندا بەوەی شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەی یاسادانانە ، پێویست

بوو یاسادانەر ئیلهام لەم راستییەوە وەر بگرێ بۆ ئەوەی چاوبگێڕێتەوە بەو یاسایانەی دانراوە تاوەکو وردەوردە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی ڕێکسازی بۆ دروست بێ ، بەڵام نائامادەیی ئەم ئاراستەیە سەری کێشا بۆ ناکۆکی تەشریعی ناموٚ لەنێوان مادەکانی دەستوورو یاسادا ، هەوڵەکانی مەحکەمەی دەستووریش لەچارەسەر کردنی ئەم ناکۆکییەدا سەرکەوتوو نەبوو، هەروەك بونی دەقق لەسەر ئەوەی (الشریعە) بە (ال)ی چاوگ (مصدر) سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە ئەوەی چارەسەر نەکرد ، کارکردن بەشەریعەتی ئیسلامی کێشەی ئەوەی نی‌یە کە دەققێکی تەشریعی هەبێ یانەبێ بەئەندازەی ئەوەی کاروبارێکە لەرووی عەمەلی‌یەوە پەیوەستە بەنیازو تواناوە، جا ئەگەر عەزمی تەواو هەبێ لەسەر دەست گرتن بەشەریعەتی ئیسلامی‌یەوە ئەوا کۆسپەکان تەخت دەبن هەنگاوەکان خێرا دەبن ئەگینا بزافی تەشریعی وەرگرتن لەسەرچاوە ئیسلامی‌یەکان خاوو خلیچکی بەسەردا دێ تەنانەت لەگەڵ بوونی دەققێکیشدا، مەسەلەی تواناش پەیوەستە بەبوونی توانای ئیجتهاد کردن و هەڵگۆستنی ئەو حوکمە عەمەلیانەی شیاوی پیادەکردنن ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی واقعی کۆمەڵایەتی بەو ئەندازەیەی پیادەکردنی شەریعەت ئامانجەکانی خۆی بپێکێ ، هەر لەژێر سایەی ئەم دەروازەیەدا وەرگرتن لەسەرچاوە تەواکاری‌یەکانی تری شەریعەتی ئیسلامی جێی دەبێتەوە ، وەك گەڕانێك بەدوای حوکمی شەرعی‌دا بۆ پڕکردنەوەی بۆ شایی‌یەکی تەشریعی کە پێچەوانە نابێ بەدەققی کیتاب و سوننەت نمونە ئەو سەرچاوە تەواوکاریانەش ئەوەیە کە سیاسەتی شەرعی ناودەبرێ بەواتای ئیجتهاد کردنی فەرمان ڕەوا(حاکم) بۆ دەستەبەر کردنی بەرژەوەندی‌یەکانی خەڵکی لە کاروبارێکدا کە دەققێکی کیتاب و سوننەی لەبارەوە نەهاتووە بەڵام لەهەمان کاتدا دژی نابنەوە ، ئەمەشە(ابن تیمیە) بەبەشێکی شەریعەتی دادەنێ نەك بەدیل و جێگیر بێ .

هەوەها کەڵك بینین لەسەرچاوەکانی ترەوە کارێکی(وارد) ە تەنانەت لەگەڵ بوونی دەققیش لەسەر ئەوەی شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەی یاسادانانە چونکە ئەمە دەکەوێتە چوار چێوەی ئیجتهادەوە بۆ دەست خستنی بەرژەوەندی لە سەرچاوەکانیەوە، ئەکرێ بەرژەوەندی لەچەند چارەسەرێکدا بێ کە کەسانی تر پێش ئێمە پەیان پێ بردبێ ((منظرت في فارس و الروم فإذا هم یغیلون أولادهم فلا یضر أولادهم ذلك شیئا)) جیاوازی وجیاکاری موسڵمانان بەزەرورەت مانای وانی‌یە دەبێ بەتەواوی جیاواز بن لە هەموو شتێکی کەسانی تردا بەتایبەت پردی نێوان ڕۆشنبیری‌یەکان هەڵوەشاوەتەوە هەربۆیە گەرەکە هاوکێشەیەکی

دورست بەدی بێ لەنێوان پاراستنی ناسنامەو – لەهەمان کاتدا – گەیشتن بەوانی ترو هەڵکردن لەگەڵیاندا .

ئەکرێ بوترێ – دیارە لەرووی ئیجتهادەوە– پلەپلەیی شتێکی پێویستە لە پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامیدا بەو واتایەی زۆرێك لە(حدود) ەکان مەرجی پیادەکردنیان تیادا بەدی نەهاتووە ، لە ژێر سایەی بزر بوونی راوێژو لەدەست دانی مافەکانی مرۆڤدا لەوانەیە چارەسەر بریتی بێ لەپەنا بردنە بەر تەمێ کردن *٠ لێرەدا پێویستە تەئکید بکەینەوە لەسەر چەند بوارێکی فەرامۆش کراو لەسەر شەریعەتی ئیسلامیدا، ئەوەش بریتییە لەوکارانەی پەیوەستە بەراوێژ و دادگەری و بەرپرسیارێتی لێ پرسراوان ، کەئەمڕۆ بەسەرورەری یاسا ناوزەد دەکرێ ، کە ئەمەش لەهەمان کاتدا چەند مەرجێکی پێویستن بۆ پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی ، چەند فەریزەیەکی بزرن و گەرەکە پێش باس وخواسی حدود و سەوداگەرییەکان بکەون .

ئەوەی ماوە یادی بخەینەوە ئەوەیە پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی دوا هەوڵو بەر ئەنجام نییە و پیادەکردنیشیان نامان بەخشێ لە ئەرکی گرنگی چاکسازی کردنی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی ، پپێویست نییە بزربون و نائامادەگی شەریعەت بکەینە ئەو خەم و پەژارەیەی وابزانین هەرچی دواکەوتنی سیاسیو ئابوریمان هەیە پەیوەستە بەوەوە * ، پیادەکردنی شەریعەت سەرناکێشێ بۆ شاردنەوەو نەمانی هەرچی دیاردەکانی خراپەو گەندەڵی هەیە، بەڵکو شەریعەت پێکهاتەیەکی یاساییە ئەرکو کاروباری ئەو زیاتر کردنی هەوڵەکانی چاکەو کەم کردنەوەی هەڵی خراپەیەو گەماڕۆی سەرلاری و سەر لێشێواوی توندتر دەکاو هانی رێنمونی و رێنیشاندەری دەدات.

ئەو گفتوگۆو مشت و مڕانەی سەبارەت بەم بابەتە لەئارادایەو خراونەتە روو ، جەخت لەسەر دانانی سستمێکی دورودرێژی ئەولە ویاتەکان دەکەن سەبارەت بەکاروباری پیادەکردنی شەریعەت کە راوێژ(شوری) لەلوتکەدایە و بە(حدود)ەکانیش کۆتاییان پێی دێ، لەجێی ئەوەی شەریعەت تەنها بخزێنرێتە پیادەکردنی (حدود)ەکان و تووشی چەند کێشمەکێشێکی نەزۆك بکرێت ، راوێژ رێگەی راست و دروستە بۆ چاکسازی کردنی کۆمەڵگەو دەوڵەت

---

* کەواتە زیاتر بوونی هۆشیاری و خەم خۆری جیددی لەهەر گەلێکدا هەبێ ئەکرێ بتوانێ زۆر بواری ژیانی زیندەگی خۆی بگۆڕێ و لەزۆر بواردا پێش بکەوێ با لەلای ترەوە کەلێنیشی هەبێ، وەرگێڕ

بەشێوازێك كە ڕێگە خۆشكا بۆ پیادەكردنی شەریعەت، لەلایەكی ترەوە بانگەشەی پلەپلەیەتی لە پیادەكردنی شەریعەتدا چەندان پرسیار دەوروژێنێ چونكە ئەم بارە پێویستی بەگرەنتی هەیە بۆ جیدیبونی، داخوازی دانانی بەرنامەیەكی كرداریيە بۆ دیاری كردنی قۆناغ و هەنگاوەكانی ئەم پیادەكردنە پلەپلەیيیە، بۆ گەیشتن بە پیادەكردنێكی تەواوی شەریعەت تاوەكو بانگەشەی پلەپلەیەتی نەبێتە بیانویەك بۆ دواخستن، یاخود كاتێك پیادەكردنی شەریعەت داخوازی چاكسازی كردنی سستمی فیركاری یە ئایا دەبێت پیادەكردنی شەریعەت دوابخەین تاوەكو ئەم جۆرە چاكسازی كردنە بەدی دێ و تەواو دەبێ؟! یاخود لەو شوێنەوە دەست پێدەكەین كە دۆزەكە پێی گەیشتووە هەر لە كۆڕای جەماوەری سەبارەت بەو باتەو بونی چەند یاساو تەشریعی ئامادە بۆ پیادەكردنی بە فیعلی ، هەروەها هەندێ سەرنج و تێبینی سەبارەت بە گوتەزای (توفیق) كردن لەنێوان دەققەكان و بەرژەوەندیيە نوێ بووەوەكان هەیە، چونكە لە زاراوەی (توفیق) كردن مانای گریمانەی دژبوون لەئارادایە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی شەریعەت لە ڕێی فیقە گەشەكردوەكەیەوەو ئەو نوێ بونەوەیەی لەسەرجەم كات وشوێنەكاندا هەیەتی ، بۆ بەدیهێنانی بەرژوەندیيەكانە، هەروەها ئەو قسەیەش كە دەڵێ دژایەتی نیيە لەنێوان هەندێ لەیاسا دەست كردەكان و شەریعەت پێویستی بەپێداچونەوە هەیە چونكە كارەكە پەیوەستە بەدوو سستمی یاسایی جیا لەیەك بەڵام كاروباری گومانەكان ( الشبهات) كە داخوازی پەنا بردنەبەر تەمێ كردن (تعزیر)ە پێویستە نەبێتە بنەماو ڕێسایەك ، هەنێ ڕای تر هەیە ئاماژە بەوە دەدەن كە جۆرێك لە كپ كردنەوەو گەمارۆی ڕاگەیاندن بەدی دەكرێ سەبارەت بەمەسەلەی شەریعەت بەشێوازێك ئەمەش جۆرێكە لەدەست درێژی كردنە سەر مافی مرۆڤ لەوەی ئاشنابێ بەهاو چوارچێوەی ڕۆشنبیری خۆی بێ، ئەوەتا ڕاپرسيیەكان دەری دەخەن ڕێژەیەكی گەورەی فێركاران نەزان وبێ ئاگان لە ئەحكامەكانی شەریعەت سەرەڕای ئەوەی تامەزرۆی پیادەكردنینی، سەرەڕای دانان جیاوازیو لێك جیایی سستمی یاسایی ئیسلامی لەدەست كرد كەچی پرۆسەو كردەی پاڵفتەكردنی یاساكانی ئێستا لەو شتانەی پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامین وەكو پرۆسەو كردەی ناشتنی ئەندامەكانە لەجەستەی مرۆڤدا واتە وەستاوە لەسەر گەڕانەوەی دڵی تەشریعی یانەی موسڵمان بۆ جەستەی ئیسلامی كە زۆر ئاتاج و پێویستی بە پسپۆری لیزان و شارەزا هەیە، لێرەوە گرنگی بانگەشەی چاكسازی پەیمانگا فێركاريیەكانمان بۆ دەردەكەوێ ، بێئەوەی ئەمە مانای هەڵواسینی پیادەكردنی

شەریعەتی ئیسلامی بێ تاوەکو ئەم چاکسازی‌یە بەئەنجام بگات، بەڵام تاوەکو مەودایەکی دوور چاکسازی فێرکاری بناغەو ئەساسە، ئەوەش تەئکید دەکرێتەوە کەتەنها بەشەریعەت (بەمانا یاسایەکەی) کۆمەڵگاکان چاکساز نابن و مەسەلەی بەئیسلامی کردنی ژیانیش فراوانترە لە مەسەلەی تەشریع، ئەم بەئیسلام کردنەش بەدی نایەت مەگەر دوای تێپەڕاندن چەندەها ئاڵۆزی و ئیشکالیات، لەوانەش ئەو یەکانگیری و هاوتایی‌یەکەی نێوان شەریعەت و یاسا دەیوروژێنێ .

## لەنێوان شەریعەت و یاسادا

لەسەرەتادا توێژینەوە سەبارەت بەپەیوەندی نێوان شەریعەت و یاسا داخوازی دانانی سنورو ڕێو شوێنی ئەو پەیوەندی‌یە بەهەموو ئەو پێکدا چویی جیاکاری‌یەی دەیوروژێنێ لەیەك کاتدا سەبارەت بەو پەیوەندی‌یەی لەنێوان شەریعەت و یاسادا هەیە ، ئەو موعالەجەیەی دانراوە بۆ پەیوەندی نێوان شەریعەت و یاسا مۆرکێکی ڕووبەڕوبونەوەی دوژمنکارانەی هەیە شەرعی‌یەکان یاسا دەستکردەکان بەکوفرو سەرلێشێواوی دادەنێن لە کاتێکدا یاسایی‌یەکانی شەریعەتی ئیسلامی بە سستەمێکی یاسایی وەستاوە دەبینین کە شیاو نەبێ بۆ پیادەکردن، تەنانەت وەها بڵاوە کەشەریعەت لە ڕووبەرووی یاسادایە بەو پێ یەی دوو سستمی دژو ناکۆك بەیەك بن، لە گەڵ ئەوەی ئەمە شوێنەواری سلبی خۆی هەیە، لەوانەیە گرنگترینیان روخاندنی فیکرەی یاساو ڕێزگرتنی بێ لەدەروونی موسڵماندا ، چونکە هەستێکی سوکایەتی کردن بەیاسا بەدی دێت و بواری لێدەرچون و فێڵ لێکردنی دەرەخسێ بەو پێیەی ئەو یاسایانە شەرعی‌یەتیان نی‌یە کە ئەمەش هەڵگری مەترسی ڕێزنەگرتنی یاسای لێ دەکەوێتەوە هەرچەندە لەشەریعەتی ئیسلامی‌شەوە هەڵقولابێ ، هەموو ئەمانەش داخوازی توێژینەوەی واقیعی ئەو پەیوەندی‌یەن کەلەنێوان شەریعەت ویاسادا هەیە لە هەموو رەوکانی‌یەوە بەتایبەت لە رەهەندە مێژوویی‌یەکەیەوە لە ڕێی خستنە رووی پلەو پایەی شەریعەت لەیاساداو یاسا لە شەریعەتدا بۆ گەیشتن بە یاسایی کردنی شەریعەتی ئیسلامی بەشێوازێك کە یارمەتی پیادە کردنی بدات. لەچەندان بۆنەدا یاسا باسی شەریعەتی ئیسلامی کردووە، یەکەمیان کاتێ دەققی دەستوری هەیە لەزۆربەی دەوڵە تە ئیسلامی‌یەکاندا بەوەی کەشەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەیەکی یاسادانان (تشریع)ە بونی ئەم دەققەش چەندان ئالۆزی جۆراوجۆری وروژاندوە کە سەرەنجامی بەلەبەکارخستنی

کۆتایی هات، بەو بیانووەی گوتارەکە بۆ(مشرع)ە نەك قازی، لەواقیعدا کێشەیەکە کێشەی بونی دەققێك یا راست کردنەوەی نەبوو، – ئەگەر نیازەکان پاك و پوخت بونایە– ئەوەندە بەس بوو کە دەققی دەستوری هەبوو لەسەر ئەوەی ئیسلام ئاینی دەوڵەتە بۆ ئەوەی پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی دواتر بەئەنجام بگەیەنرێ، لەژێر سایەی ئەم دەققەدا تەسەوری هێنانی ئەویاسایانەش نەدەکرا کە پێچەوانە بن بەو شەریعەتەی ئەم ئایینە فەرمانی پێداوە بۆنەی دوەمیش کاتێك بوو کەبەیاسا دەقق دانرا لەسەر ئەوەی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەیە بۆ یاساکانی مەدەنی و تەشریع پێشکەوتووە و بنەماکانی مەدەنی و تەشریع پێشی کەوتووە و بنەماکانی یاسای سروشتی و رێساکانی عەدالەتی بەدوادادێ بەشێوەیەك چەندان ئاڵۆزی و هەڵەکاری دەوروژێنێ ، لەلایەکەوە دەققەکە بەناڕۆشنی هاتووە بە دیاری کراوی مەبەست لەبنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی دەست نیشان ناکا، لەلایەکی ترەوە یاسادانەر (مشرع) کاتێك ئەم دققەی لەیاساکانی رۆژئاواوە وەرگرتووە بێئاگابووە لەوەی کە شەریعەت سستمێکی یاسایی یاسایی تەواو کارە پێویستی بەگەرانەوە نىیە بۆ سەرچاوەی تری پاش خۆی ، هەروەها شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەیەکی مێژوویی بووە بۆ زۆر لەو مەسەلانەی یاسادانەری دەستکرد لەفیقهی ئیسلامیىیەوە وەری گرتووە . هەروەها هەندێ لەدققە یاسایىیەکان سەرچاوەی ئاینیان هەیە، ئەوەتا یاسا هەندێ ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامی وەرگرتوە بەتایبەت لەهەندێ مەسەلەی باری کەسێتی (الاحوال الشخصیە) دا بۆ ئەوەی ببێتە تەشریعێکی پابەن (ملزم) بۆ گشت خەڵکی بەموسڵمان و ناموسڵمانىوە، بەتایبەت لە ژێر سایەی کەمی ئەحکامی تەشریعی بەر فراوانی لای ناموسڵمانەکان، ئەمەش پێویستی سور بوون لەسەر یەکێتی تەشریع دەخوازێ لەولاتێکدا چونکە ماف دان بەهەندێ کەمینە لەوەىبەپێی یاساکانی خۆیان کاروبار بەرێوەبەرن ، دەروازەیەك دەکاتەوە بۆ بەدەر کەوتنی ئیمتیازە بەبیانىیەکان*
بەلام سەبارەت بەباری یاسا لەشەریعەتی ئیسلامیدا ، ئەوا کەلەپوری ئیسلامی ئاشنای چەمکی یاسابووەو هەر لەکاتێکی زووەوە بەکاری هێناوە ، لەکاتی باس کردنی سیاسەتی شەرعىدا (ابن القیم) باس لە((یاسا سیاسىیەکان)) دەکات، بەواتای دەسەلاتی فەرمان

* دیارە ئەم بۆچونەو هەندێ بۆچونی تریش پێویستیان بە روونکردنەوە هەیە و بەوەندە چارەسەر ناکرێ ، سەرەڕای ئەوە بواری ئیجتهادە . وەرگێڕ

ڕەوایان لەڕێکخستنی ئەو کاروبارانەی کە دەققی لەبارەوە نەهاتووە ئەو یاسایانەش زۆر لەو ڕێکخستن و یاسانەی ئێستا دەگرێتەوە، هاو وێنەی یاسا ئابوریو داریـیەکان وریکخستنی کەرتەکانی ژیان...هتد.

ئـــەم یاســـایانەو (هاوشـــێوەکانیان) بناغـــەو ریشـــەکەیان لـــەم ئایەتـــە پـــیرۆزەدا دەبیسترێتەوە((وأطیعوا الله وأطیعوا الرسول و أولی الامر منكم)) لە فیقهی ئیسلامیدا مشت و مڕ هەیە سەبارەت بەدەست نیشان کردنی ئەوەی کە کێ سەرپەرشتیار و کاربەدەست(ولی الامر)ە و بۆی هەیە ئەو مافە بەکار بهێنێ و مەرج و سنورەکانی ئەو بەکار هێنانە چین.

ئەگەر شەریعەت هاوبەشی یاسابێ لەوەدا کە هەردوکیان پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی ڕێك دەخەن شەریعەت فراوانترو هەمەلایەنەو گشتگیرترە، چونکە بەڕدەیەك فراوانە– لەگەڵ سەوداگەریکاندا– بیروباوەڕ و ڕەوشت پەرستشەکان دەگرێتەوە ئەمەش مەسەلەی پەیوەندی نێوان ڕەوشت و یاسا دەوروژێنێ، چونکە یاسا جیاکاری دەکات لەنێوان بنەما ڕەوشتییەکان و بنەما یاساییەکان لەسەر بناغەی ئەوەی یاسا بەسزادانی دونیاییانەی بەمەرج گرتووە، لەکاتێدا شەریعەت ئەم جۆرە جیاکاریانەی بەمەرجی پابەند داردانەناوە سەرەڕاری ئەوەی سەرجەم ئەو بوارانەش لەخۆ دەگرێ– هەربۆیە ئەکرێ– بەپێی بنەمای (إن الله لیزغ بالسلطان مالا یزغ بالقرآن) هەندێ جار ئەوەی بە دەسەڵات لادەبرێ بەئامۆژگاریو قورئان لانابرێ– هەر بنەمایەکی ڕەوشتیانە بگۆڕێ بەبنەمایەکی یاسایی پابەند ئەوەش لەفیکرەی تەمێ کردن (التعزیر) دا بەدەردەکەوێ کە بریتییە لەوەی کاربەدەست دەسەڵاتی دەست تێوەردانی هەبێ ئەگەر هات و تەرازوی ڕەوشت لە کۆمەڵدا کەلێنی تێکەوت بۆدانانان بەو سزایانەیلەسەر تاوانەکان(الجرائم) وا دادەنرێ کە هی ئەو تاوانانەی خوای گەورە بەدەقق حەرامی کردوون بەڵام دەقیدانەناوە لەسەر سزادانانیان، کە ئەمەش نەرم ونیانی(مرونە)یی کە بە تایبەتمەندییەکی شەریعەتی ئیسلامی دادەنرێت.

مەبەست لەکاربەدەستان–أولی الامر– لەسەر رای بەهێز– سەرکردەکان وزانایانە بەو پێیەی موجتەهدن لە تێگەیشتنی ئەحکامی شەرعیدا بەشێوەیەك شایستەی ئەوەن ببنە چاودێری کاروباری شەریعەت، بەڵام گەشەکردنی مێژوویی سەری کێشا بۆ جیابونەوەی زانایان و سەرکردەکان لەیەکتری تاڕادەی پێکدانی نێوانیان ئەوەبوو کاربەدەستانی یەکلابوونەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و زانایانیش دانیان ناوە بەوەی مافیان هەبێ لەڕێکخستنی کارو باری دەوڵەتدا بە پێی ناوەرۆکی سیاسەتی شەرعی و ئەو یاسا سیاسیانەی پێویستە هەموو

کەس پابەندی بێ ، لەگەڵ پوکانەوەی ئیجتهادو داروخانی بارودۆخی فەرمان رەوایان پێویستی بەبەیاسایی کردنی حوکمە شەرعیەکان بەدەر کەوتن بۆ ئەوەی بەئاسانی بتوانرێ بۆی بگەڕێتەوە بەتایبەت لەگەڵ زیاد بونی پەنابردنە بەر بەیاساکردن لە دەوڵەتە ئەوروپیەکان، لەشوێنە جۆراو جۆرەکانی جیهانی ئیسلامیشدا چەندان هەوڵ بەدەرکەوتن بۆ بەیاساکردنی ئەحکامەکان ، لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە گۆڤاری (الاحكام العدلیە) وکتێبی(مرشد الحیران) وجگە لەمانەش بکەین، بەڵام ئەم هەوڵدانانە زۆبەیان لاوەکی بوون و پێویستیان بەوردەکاری و دەست نیشان کردن هەبوو کە دوو جیاکاری بەیاساکردنەوەکانی ئێستان، فەرمان رەوایان پەنایان بردە بەر-دیارە وەك ملکەچی یەك بۆ دەسەڵاتی رۆژئاوایی- تەشریعاتە رۆژیاوایی یەکان بۆ رێکخستنی زۆربەی بوارەجۆراوجۆرەکانی ژیان بەشێوەیەك سەری کێشا بۆ پوکانەوەی رۆڵی شەریعەتی ئیسلامی لە ژیانماندا.

کەواتە دەگەینە ئەو سەرەنجامەی کە بواری ئەو رووبەڕوو بونەوە دوژمنکاری یەی نێوان شەریعەت ویاسا لەئارادا نیە، ئەوە فیکرەیەکە ئاتاجی پێداچونەوەیە، چونکە لەلایەکەوە فیکرەیەکی ووردەکار نیە لە رووی واقعیەوە، لەلایەکی ترەوە سەردەکێشێ بۆ چەندان سەرەنجامی رۆخینەر، لەوانە رۆخاندنی فیکرەی پابەند نەبوون بە رێکخستن کاری یەکان- سەرچاوەکەی هەرچی یەك بێت — لەدڵ و دەرونی موسڵماناندا وون بونی گیانی خۆگونجان لەگەڵ یاسادا کە کەکێکە لەو تایبەتمەدنی یانەی رۆژئاوایی یەکان هەیانە و یەکێکە لە هۆکاری گەشەکردنەکانیان سەرەڕای ئەوەی موسڵمانان لە هەموو کەس زیاتر لەپێش بون بۆ ئەو کارە، بەهۆی ئەو پلەوپایەی شەریعەت لایان هەیبوو تەنانەت ئەتوانرێ بوترێ دەوڵەتی ئیسلامی دەوڵەتێکی یاسایی یە چونکە سەروەری تیادا بۆ شەریعەتی ئیسلامی یە و دەوڵەت لە ئیسلامدا تەنها هەر ئەوە نیە ملکەچی حوکمی شەریعەت بێ، بەڵکولەسەرەتاوە شەریعەت خۆی دروستی کردووە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەك پابەندی یەك بە ئەحکامەکانی شەریعەتەوە دەوڵەتی بەرپاکرد بە پێچەوانەی بارودۆخی رۆژئاواوە کە دەوڵەت خۆی یاسا دادەنێ و بەپێی بەدەر کەوتنی گۆڕانی بەرژەوەندی یەکان رێکی دەخات و دەستاکاری دەکات .

ئەمە تێڕوانینێکی وردکار نیە ، چونکە زۆرێك لەیاساکانی ئێستا- ئەگەر نەڵێین زۆرینەشی- ئەمەونە نیو چوارچێوەی ئەو بوارەی حکومەت رێگەی پێ دەدا لە دەوڵەتی

ئیسلامیدا لەدەرکردنی ئەو ڕێکخستن کارانەی لەو بوارانەی دەققی لەسەر نەهاتووە و پێچەوانەو دژنین لەگەڵ کیتاب و سوننەت دا بۆ ڕێکخستنی کاروباری خەڵکی، تەنانەت ئەگەر سستم بگۆردرێ بە سستمێکی ئیسلامی ئەوا ئەو یاسایانە گۆڕانی بەسەردا نایەت چونکە ئامانجی ڕێکخستنی ژیانی خەڵکی یە بەشێوەیەك کە ماڵ وداراییو ناموسیان بپارێزێ وێنەی یاساکانی هاتووچۆو تۆماری عەقاری وئەشغالێ گشتی و...هتد .

هەروەها ئەم فیکرەیە بەو گشتگیرییەی داویەتی بە گوتەزای دژو ناکۆك بون، سەرجەم بوارەکانی یاسا دەگرێتەوە، دەست نیشانی ئەو ناوچەیەمان بۆ ناکا کەپێویستە گرنگی پێ بدەین بۆ دەست نیشان کردنی نەخۆشی یەکە و وەسف کردنی چارەسەرکردنەکە.

لەگەڵ بەرز بونەوەی تەوژمی ئیسلامیدا جارێکی تر سەرلەنوێ پێویستی و ئاتاج بون بۆ بەیاسا کردنی شەریعەتی ئیسلامی سەری هەڵدایەوە ، وەك ڕێ خۆشکردنێ بۆ پیادەکردنی بەو پێیەی بەیاساکردن بازنەی پێگەیشتن لەنێوان شەریعەت ویاسادا و یەکێکە لەو چارە سەرانەی دەکرێ دابنرێ بۆ تێپەڕاندنی ئەو ڕووبەڕوو بونەوەیە ، وە بۆ چارەسەر کردنی ئەو فرە ڕاییەی لەشەریعەتدا هەیە و لەوانەیە سەربکێشێ بۆ ئەوەی هەندێ کەس فرت و فێڵ بکا لە پیادەکردنیدا فیکرەی بەیاسایی کردن(تقنین) جێگەی مشت و مڕێکی دوورودرێژ بووەجا ئیتر لە فیکری ڕۆژئاواییدا بوبێ یاخود ئیسلامی ، (ابن المقفع) لە (رسالە الصحابە) دا ئەم بابەتە دەوروژێنێ بۆ یەك خستنی حوکمە شەرعییەکان لەسەر جەم ناوچەکانی دەوڵەتی عەباسیدا، هەروەك چۆن دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی دا ، حوکمە شەرعیە ئیسلامییەکان بەیاسا بکا لەڕێی (مجلە الاحکام العدلیة) ەوە، بەیاسایی کردنی شەریعەت بەردەوام پاڵپشت ونەیاری هەبووە بە درێژایی مێژووی ئیسلامی.

نەیارەکان وا دەبینن نا ئامادەیی بەیاسا کردن ( غیاب التقنین ) وادەکات تەشریع بەپێی گەشەی ژیان بەرین و گەشە کردوو بێت بێ ئەوەی چاوەڕێی ڕێکخستنەوەی یاساکان بکرێ بەو شێوەیەی لەبەیاساکردندا بەدی دەکرێ ، کە لەوانەیە هەندێ جار چەند ساڵێك بخایەنێت ، هەروەها دانانی دەسەڵاتی یاسادانان (تشریع) لەدەستی دەزگای یاسادانەردا کەبووەتە ئامرازێکی سیاسی لەدەستی دەستەڵات دارانذا سەردەکێشێ بۆ دوورخستنەوەی شەریعەتی ئیسلامی لە بواری پیادە کردندا ، بەڵام بەڵگەی ئەوانەی پشتگیری ئەم پیادەکردنە دەکەن لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە زەرورە یاسا بەیەك شێوە بێت و زانراوەو دەست نیشان کراویش بێت ، هەروەك چۆن بوونی قازی موجتەهیدیش کە خۆی ڕاستەوخۆ

حوكم لەشەریعەتی ئیسلامی‌یەوە هەڵهێنجیّ شتێکی ئاسان نی‌یە، لەبەر ئەو گرنگی‌یەی بەیاساکردن هەیەتی ئەکریّ بەچارەسەرێکی ناوەند لەم جیاوازی‌یە دەربازبین ، ئەوەش بەوەی بەیاساکردن تەنها کاروبارە گشتی‌یەکان بگرێتەوە و حوکمە تەفسیلی‌یەکان لەژێر سایەی ئەو چوارچێوەیەدا بۆ ئیجتهادی قازی بەجیّ بهێڵریّ و بەپێی بارو دۆخی هەر وڵاتێك حیسابی بۆ بکریّ، بەهەمان ئەو شێوەیەی کۆمەڵەی ئەوروپی پێی هەستاون ، لە هەمان کاتدا پێویستە چوارچێوەی گشتی دابنریّ بۆ ئەو لیژنەیەی ئەو بنەماو رێسا گشتی‌یانە دادەنیّ ، بۆ دەست نیشان کردنی چۆنی‌یەتی راپەراندنی کارەکانی ، وەك ئەو چوارچێوە ئیجتهادی‌یەی کارەکەی تێدا ئەنجام دەدریّ و ئەو بناغانەی پێویستە پشتی پیّ ببەستریّ وەدەست نیشان کردنی ئەو پێوەرانەی بەهۆیەوە هەڵبژاردن لە نێوان بیروڕا جیاوازەکاندا بەئەنجام دەگا لەگەڵ بناغەکانی ئەو هەڵبژاردنە، بەمەش ئاراستە گشتی‌یەکان دیاری دەکرێن وەك ئەوەی ئایا بەیاساکردنەکە لەکۆی مەزهەبە ئیسلامی‌یەکاندا بەئەنجام دەگا یاخود لە مەزهەبێکی دیاری کراوەوە، خۆ ئەگەر لەیەك مەزهەبی دیاری کراوەوەیە ئەی پێوەری هەڵبژاردنی نێوان بیرو راجیاوازەکانی نێو خودی ئەو مەزهەبە چی‌یە ، ئایا وەرگرتنی بیرو رای بەهێز ( راجح) ە یاخود رای زۆرینەو جمهورە یاخود ئەو بیرو رایەیە کەبەر ژەوەندی بەدەست دێنیّ، خۆ ئەگەر رووە و وەرگرتن لە مەزهەبەکانی ترەوە هەنگاو نرا بۆ چەند کاروبارێکی دیاری کراو چۆن دەکریّ گرەنتی ئەوە بکریّ ئەو هەنگاوە سەر نەکێشیّ بۆ دەرکەوتنی نا کۆکی لە نێوان مادە بەیاساکراوەکان و چەند کاروباری تر سەبارەت بە قۆتاغەکانی بەیاساکردنیش ئەکریّ بەشێوەیەکی سەرەکی دابەش بکریّ بۆ دوو قۆناغ ، لەیەکەمیاندا ناکۆکیە ئاشکراو رونەکانی نێوان یاساکانی ئێستاو شەریعەتی ئیسلامی لابریّ ودوور بخرێتەوە وەکو سوو(ربا) و بەدی هێنانی جێگرەکانی ئەو یاسایانە بەمەرجیّ پلەپلەیی لەپیادەکردنی شەریعەتدا نەبێتە بیانوی دواخستنی پیادەکردنی ، هەروەکو وەها باو بوو، وەلەم قۆناغەشدا وەستان روونەدات بۆ ئەوەی پاڵفتەکردنی یاساکانی هەنووکە لەو شتانەی پێچەوانەن لەگەڵ شەریعەت دوا ئامانج بیّ، لەکاتێکدا کارەکە پەیوەستە بەدوو سستمی یاسایی لێك جیاوە کەهەر یەکەیان فەلسەفەو ئاراستەو سەرچاوەی تایبەت بەخۆی هەیەو پێویستە لە قۆناغی دواتر دا کاروبارەکانی تری تایبەت بەهەڵبژاردن و خیارە سەرەکی‌یەکانی کۆمەڵگە یەکلا بکرێتەوە وەکو مەسەلوی راوێژ و چۆنی‌یەتی رێکخستنی و سستمی موڵکایەتی و کێشەی ئافرەت ، پێویستە ئەو ناکۆکیانەی

سەبارەت بەم مەسەلانەلە ئارادان تێبپەڕێنرین و بەرەو چارەسەر هەنگاو هەڵنرێ و ئەو هۆگارە پێویستی‌یانە بگیرێتە بەر کە ئەم بیرو بۆچونانە دەخەنە شوێنی پیادەکردنی کردارییانە- هەر بۆ نمونە – بێسودە ئەگەر رۆچین لە نێو ئەو مشت و مڕەی سەبارەت بەپابەندێتی راوێژ(إلزامية الشورى) لەئارادایە ، لەکاتێکدا هەردوولایەنەکە چ ئەوانەی وەها دەبینن راوێژپێکردن بۆ زانیاری وەرگرتن و ئاگادار کردنەوەیە یاخود ئەوانەی وا دەبینن راوێژکردن بۆ پابەندی پێوەکردنە گەرەکە روونی کەنەوە ئەوە چۆن بەدی دێ ، وەئەو رێو شوێنانە چین دەگیرێنە بەر بۆ بەئەنجام گەیاندنیان وەچۆن ئەکرێ بنیادی ئەو دام و دەزگایانە بنرێ لەکۆمەڵگەدا لەسەر بناغەی ئەم بۆچونە یائەوی دی ، روون و ئاشکراشە یەکلایی کردنەوەی ئەم جۆرە هەڵبژاردنانە زیاتر لەمەسەلە سیاسی‌یەکانەوە نزیک ترە وەك لەتێگەیشتنی حوکمە شەرعی‌یەکان ، لێرەوەش دەخوازرێ ئەم بابەتانە بخرێتە ژێر توێژینەوەیەکی هۆشیارانەوە، لەلایەن سەرجەم دام ودەزگاکانەوە بۆ گەیشتن بەرایەك کە ئەکرێ بخرێتە روو تاوەکو نمایندەی ئەو چوارچێوەیەبێ کە دانەرانی بەیاساکردن ئیجتهادی خۆیانی تێدا بکەن .

گەرەکە تاوەکو ئەم بەیاساکردنە مەبەستەکانی خۆی بپێکێ لەوەی لەوێوە توێژینەوەی واقع بکا یاخود ئەوە ئەنجام بدا کەزانایان بە ئەنجام دانی هۆو مەبەستەکان و بەئەنجام گەیاندنی مەبەست تەعبیری لێ‌ دەکەن بۆ ئاشنابوون بەو کێشەو رەهەندە راستەقینانەی واقع دەیوروژێنێ سەبارەت بەو کێشەو کاروبارانە ، پێویستە لێکۆڵینەوەی ژینگە بکرێ بۆ ئاشنابوون بەوەی کە ئایا هیچ لەو بەرژەوەندیە راستەقینانە هەیە کە داخوازی تەعدیل کردنی یاسا دەکا یاخود لەشتێکی دیاری‌کراودا دەست بەم بیروبۆچونەوە یائەوی ترەوە بگیرێت ، بۆئەوەی بەیاساکردنەکە چارەسەر نەبێ‌ بۆ چەند کرفتێکی وەهمی یاخود چەند بەرژەوەندی‌یەك جێبەجێ بکا کە بەرپا نەبووە – بەتایبەت لەو کاروبارانەی پەیوەستە بەبناغەکانی کۆمەڵگەو سەقام گیر بوونی لەوەدایە- بۆ نمونە – چەندێك داخوازی ئەوە بکەن تەڵاق یا فرەژنی سنوردار بکەن لەبەر ئەو بەرژەوەندی‌یەی کە تیای‌دایە بەهۆی ئەوەی ئەو مافە بەخراپی بەکار هاتووە لەسایەی گەندەڵی ویژدان و رەوشتەکاندا ، گەرچی پێویستە یەکەم جار جەخت بکرێتەوە لە رێی لێکۆڵینەوەی بارودۆخی کۆمەڵگەوە راستی و دروستی ئەم گوتەزایە ئایا رێژەی تەڵاق و جیا بوونەوە بەهۆی فرەژنی‌یەوە بەبێ هۆی پێوست گەیشتووەتە رێژەیەك کەبووبێتە دیاردەیەك تاوەکو دەست تێوەردانی پێویست بێت یاخود

ئەمە تەنها دەنگ دانەوەی بانگەوازو هاواری چەند تەوژمێکی فیکری غەوارەو نامۆن ، هەموو ئەمانە زیاتر پەیوەستن بە فیقهی واقعەوە وەك لەوەی پێویست بێ بە فیقهی ئەحکامەوە، جا ئەگەر زانایانی ئوصول گەیشتبنە ئەو رادەیەی بڵێن ئەکرێ تەعدیلی حوکمەکان بکرێ ئەگەر ئەمە پێویستی بەوەش بێ دەققەکە لەکار بخرێ * (دیارە بەپێی بارودۆخێکی تایبەت ) بۆ جێبەجێ کردنی بەرژەوەندییەکی زەروری و گشتی و بێ دوودڵ ئەمەش ئەوە پێویست دەکا هەڵبستین بەچەندان لێکۆڵینەوەی مەیدانی شیتەڵ کاری بۆ تەئکید کردنەوە لەبوونی یانەبوونی ئەم جۆرە بەرژەوەندییە .

لێرەدا پێویستە جەخت بکرێتەوە لە دوو دۆزی مەنهەجی کە پرۆسەی بەیاساکردنیان لەسەر بنیاد دەنرێ یەکەمیان راوێژە چونکە پێویستی بە یاساکردنە لەسەر بناغەی فراوانترین ئاستی راوێژکردن لەگەڵ دام و دەزگاو رێکخراوەکان بەئەنجام بگا ئەوە ئەکرێ لەوێنەی یەکەمیدا بخرێتە مشت ومڕی گشتییەوە چونکە لەوانەیە هەر مادەیەکی یاسایی چەندان کاریگەری کۆمەڵایەتیو ئابووری بەرفراوانی هەبێ کە بەخەیاڵی یاسادنەردا نەهاتبێ تاك بێ یاکۆمەڵ بەشێوەیەك وەگەڕخستنی بنەمای راوێژی لێ بکەوێتەکار بۆ ئەوەی بەیاساکردنەکە لە چەندان رووەوە بەرژەوەندی بەدی بێنێ .

خاڵی دووەم پەیوەستە بەزەرورەتی ئیجتهادی بە کۆمەڵ لە بەیاساکردندا کە بەهۆی ئەو فرە رۆشنبیرییەی کە تیایدا دەژین لەنێوان رۆشنبیرییەکی شەرعی و رۆشنبیرییەکی مەدەنی و فرە لقی لە پسپۆڕییە زانستیەکاندا ئاڵۆزبوونی گرفتەکانی واقع و پێکدا چوییان بەشێوازیك پێویست دەکا ئیجتهاد لەرێی دەزگایەکی بە کۆمەڵەوە بێ کە لە گەڵ زانایانی شەریعەتدا زانا پسپۆڕەکانی زانستە هاوچەرخە جۆراوجۆەکان کۆبکاتەوە ، بەم بیرورا جەماعییەوە ئەکرێ بەباشترین شێوەی گونجاو بگەینە ئەو رایەی بەرژەوەندییەکان بەدی دێنێ لە کاروبارە گرنگ و جێ بایەخەکاندا.

لەکۆتاییدا پێویستە گرەنتییەکی دەزگا خوازی هەبێ بۆ مانەوەی سەروەری شەریعەت لەکۆمەڵگەدا ، ئەمەش شێوەی دەزگایەکی قەزایی وەر دەگرێ هاووێنەی دادگا دەستوورییەکان و چاودێری پابەند بونی قەزاو سەرجەم دەزگاکانی دەوڵەت دەکا

---

* دیارە ئەوە وردەکارییەکی زۆری دەوێ و کەسانی پسپۆڕو شارەزا بە دین و واقع پیاوی ئەومەیدانەن .وەرگێڕ

بەشەریعەتەوە وە  پسپۆڕانی کارو باری شەریعەت لەخۆ دەگرێ ئەوانەی خیبرەی دووردرێژ پێی گەیاندوون تاوەکو رای خۆیان بڵێن بەشێوەیەك جێی دڵنیایی هەموو لایەك بێت وەبەو شێوەیەی کە گونجاندن لە نێوان سەرجەم چالاکییە تەشریعیو جێبەجێ کاری و قەزائیەکاندا دەستەبەر بکا.

مشت ومڕ هەموو بوارەکانی ئەم بۆنیادە فیکرییەی گرتۆتەوە کە خراوەتە روو* هەر لە ناونیشانەکەیەوە ، کە بۆچونێك هەیە وای بۆ دەچێ پێویستی بەورد بوونەوەو دەست نیشان کردن لەو بارەیەوە لە ئارادایە چونکە دیاری نەکراوە ئایا مەبەست لەیاسا(قانون) واتا گشتییە کەیەتی یاخود یاسا لە وڵاتێکی دیاری کراوو لەبارودۆخێکی دەست نیشان کراودا وە ئایا دروستە یاسا وەك بەرامبەرێك بۆ شەریعەت دابنرێ – کەدانراوێکی خوایە– یاخود باشترو لەپێش تر ئەوەیە ناونیشانەکە بگۆڕێ بۆ فقهی ئیسلامی و یاسا بەو پێیەی هەر یەکەیان هەوڵێکی مرۆیانەن هەرچەندە جیاواز بن بەجیاوازی سەرچاوەو ئاراستە .

ئەمەش زورەتێکی دەست نیشان کردنی ئەو چەمکانەی دەخرێنە ڕوو دەوروژێنێ هاو وێنەی شەریعەت وفیقەو یاسا چونکە بەبەردی بناغەی نەستەقی فیکری دادەنرێ لەم جۆرە باسانەدا* هەر لەرووبەڕو بوونەوەی نێوان شەرع ناسان و قانونییەکانەوە تا دەگاتە مەسەلەی بەیاسا کردنی ئەم رووبەڕوبونەویە ئەگەر بکرێ بێتەدی– کاتێ شەریعەتی ئیسلامی بەوە پێناسە بکەین کە سستمی ئیسلامی بەهەمەلا یەنییەکەی دەگرێتەوە – ئەوا لە نێوان هەوادارانی سستمی ئیسلامی و نەیارانیدایە نەك لەنێوان شەرع ناسان ویاساناسەکاندا بەڵام ئەگەر شەریعەتمان بەوە پێناسەکرد کە بواری یاسایی سستمی ئیسلامییە ئەوا لەم رووەوە رووبەڕوبونەوە بەدی ناکرێ، چونکە لەروی داڕشتنی یاساییەوە بەمانای شوێن کەوتنی بنەما یاساییو لەڕووی هونەرییەوە کە سازبێ بۆ دەربڕینی ئاراستەکانی کۆمەڵگە، رۆڵی یاسادانەر(مشرع) لەسستمی ئیسلامیدا جیاواز نییە لەکەسانی تر مەگەر لەو ئاراستەیەی ئیلهامی لێ وەردەگرێ ، وە لەوسەر چاوەیەی یاساکەی لێوە دادە رێژرێ، لێرەوە رووبەڕوبونەوەکە لەنێوان ئەو فەلسەفەیەدایە کە هەژموونی کردووە بەسەر ئەو کەسەدا کە تەشریعی ئیسلامی دادەڕێژێ و ئەوەی تریش کە

---

* هەندێ لەم ئاماژانە پەیوەندی بەئەسڵی ئەم بابەتەوە هەیە کەلە سەرەتاوە ئاماژەمان پێداوە.وەرگێڕ

* لە هەندێ شوێندا ناچار دەبین شێوازی دەربڕینەکەی نوسەر بگۆڕین وەکو لێرەدا ، بەڵام بەهەمان ناوەرۆکەوە .وەرگێڕ

جگــە لــە تەشــریعی ئیســلامی بــاڵی بەســەردا کێشــاوە، لەلایــەکی تــرەوە گوتــەزای ڕووبەڕووبونەوەی نێوان شەرع ناس و قانونیەکان لە ڕووی واقعیەوە لە ڕەهاکاری بەدەر نیە، بۆ نمونە لەمێژووی تەشریعی میسریدا کاتێك یاسا بیانییەکان هێنرایە میسرەوە هیچ کەس بەئەندازەی قازیەکان سەرنجیان لەسەر نەبوو، ئەگەر هەندێکیش تەئکیدی لەسەر بوونی ڕووبەڕووبوونەوە کردبێ نەك تەنها لەنێوان یاساناس و شەرع ناسەکان بەڵکو لە نێوان پیاوانی یاساناس خۆیان و ئەوانەی خاوەنی ئاراستەی ئیسلامی و بەدەر لەوانیشن ئەوا پێویستە تەئکید لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە ئەم ڕووبەرووبونەوەیە بەهۆی ئەو سیفەتانەیانەوە نەبووە کە ئەمیان شەرع ناس و ئەویان یاساناس بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ بناغەی جیاوازی فەلسەفیان .

مەسەلەی دووەم پەیوەستە بەیاساوە لە ڕووی پەیوەندیەوە بەشەریعەت ، ئایا سور بوون لەسەر نارێکی یاساکانی ئێستە لە گەڵ شەریعەت و لێرەشەوە ناشەرعی بوونی ، ئەمە هۆی هەرەس هێنانی فیکرەی ڕێزگرتنی یاسایە یاخود ئەمە لەلایەکیەوە ئەگەڕێتەوە بۆ کەم وکورتی خودی ئەو بنەمایانە خۆی لە ناعەدالەتیو دەست بژێری و هەڵاوردن لەپیادەکردندا بە شێوەیەك کە دژە بە فیکرەی یاسا و ئەو مەبەستانەی هەیەتی لە ڕێکخستن وەك یەکیو دوورخستنەوەو وەلا خستن و دادگەری ، هەروەها زۆر لەو بنەمایانەش وەلامگۆی هیواو خواستەکانی گەل نییەو تەعبیر لەو ناکات چەنکە لەکاتی دانانی دا بەرژەوەندی زۆرینەی ڕەچاو نەکردووە بەڵکو بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵێکی کەم دانراوە بەشێوەیەك کە بچڕان لە نێوان ئەوو خەڵکدا بەدیدێ ، گرفتەکە لەودا نییە کەشەریعەت لەڕووی ئاستەوە لەیاسا جیاوازە بەڵکو لەوەدایە حوکمە یاساییەکان لە چەندان سەرچاوەی هاو تەریب بەشەریعەتەوە وەرگیراوە ئەمەش جارێکی تر دەمان گێڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ڕەوشت و یاساداهەیە ، ریزگرتنی یاساو ڕەچاو کردنی ڕەوشت لەبناغەدا دەگەڕێنەوە بۆ یەك ئەسڵ بەڵام لەسایەی دوو فلیقانەیی نێوان ئوصوڵی وەزعی و دەست کردێتی یاساو ریشە ئاینییەکانی ڕەوشت (ئەم نالەباریە بەدەر کەوت) لێرەوە پشت گوێ خستنی یاساو ڕێز لێ نەگرتنی لێ کەوتەوە، گرفتەکە لێرەدا پەیوەستە بەپەیکەری پرۆژەی گشتییەوە لەکۆمەڵگەدا ، موسڵمانان بە گرنگی یاسا ئاشنا بوون و ڕێزیان لێ گرتووە، لەبەر سەقام گیریو ڕێکخستنی کۆمەڵگا تەنانەت ئیمامی شەعرانی وادەبینێ پێویستە موسڵمان گوێ ڕایەڵو پابەند بن بەیاسای بێباوەڕانەوە لە وڵاتیاندا مادام پێچەوانە نەبێ بەئاین یاخود

فەرمانی تێدا نەبێ بەخراپەیەك ، سەبارەت بەپەیوەندی نێوان رەوشت و ئاینیشەوە گەرەکە کۆمەڵێك بەند (ضوابط) دابنرێ بۆ دەست تێوەردانی فەرمان رەوا لەدانانی ئەحکامدا بۆ رێکخستنی بزاوتی کۆمەڵگە ئەگەر هاتوو کەلێنی تێ کەوت بۆ ئەوەی بەرژەوەندی نەکرێتە بیانوی پشت گوێ خستنی شەریعەت.

بەڵام پرسیارێکی هەمیشەیی هەروا دەمێنێتەوە ئەویش بریتییە لەوەی ئایا ئەبێ چی بکەین کاتێك یاسا رێز لەشەریعەت ناگرێ ، ئەوەی دەخوازێ لەنێوان بەرژەوندیو پشێوی زەرمەندییەکاندا هەڵسەنگاندن ئەنجام دەین کەلەسەر پیادەکردنی ئەم یاسایە بنیاد دەنرێ بەشێوازێك کەچەندان گرفت و ئیشکالییەت دەوروژێنێ کە داخوازی چەندان توێژی نەوەو باس و خواسی دوورو درێژ لەو بارەیەوە ئەنجام بدرێ.

لەلایەکی ترەوە پێویستە کارو بارە هونەری و یاساییەکان لە رادەبەدەر سەرقاڵمان نەکەن ، چونکە لە بناغەدا کێشەکە کێشەیەکی ژیاریو سیاسییە، جا ئەگەر خیاری ژیاریانە بریتی بێ لەپابەند بوون بەشەریعەتی ئیسلامییەوە ئەوا پێویستە ئەم خیارە لە ئاستی دەست بژێری فەرمان رەوادا یەکلاکرێتەوە چونکە چەندان کارو بار چارەسەر دەکا، هەروەها پێویستە شەریعەتی ئیسلامی کورت نەکەینەوە لەبەیاساکردنی فیقهی ئیسلامیدا وەك بەدواداچونێك بۆ بانگەشەی هەندێ لە حوکمەکانی فیقهی ئیسلامی و پیادەکردنی هەندێ لە سزاکانیان کردووەتە پەرەیەکی داپۆشینی عەورەتی سستمی فەرمان رەواییان هەر کاتێ کە مایە پووچ و موفلیس بون، نابێت ئەوانەی داخوازی پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامیدەکەن وابزانن ئەم کارە تەنها لەوەدا کورت هەڵدێ کە چەند حوکمێکی فیقهی ئیسلامی لە شێوەی چەند مادەیەکی یاسایی دا بەشێوازێکی هاو چەرخ کۆتایی دێ بەڵکو ئەوەی پێویستە دانانی چەندان چارەسەرە بۆ گرفتە هاوچەرخەکان لە رێی ئاراستەی ئیسلامییەوە و بەشێوەی چەندان بنەمای یاسایی بە دارشتنەوەیەکی هاوچەرخانە بە سوود وەرگرتن لە فیقە و مێژووی ئیسلامی نەك کورت کردنەوەیان تەنها لەو دوانەدا ، شەریعەتی ئیسلامی دۆزی رێ و شوێنی دادگەریو ئازادیو گۆران و راپەرینێکی شارستانیانەی هەمەلایەنانەی هەیە.

لەم رووەوە مامۆستا جمال الدین عگیە وەڵامی خۆی هەیەو دەیەوێ دەری خا کە پەیوەندی نێوان شەریعەت و یاسا پەیوەندییەکی ناکۆکی و دوو فلیقانەیی نییە یەکێکیان بەدیلی ئەوی تر بێ تەنانەت لەشەریعەتدا بوارێك بۆ یاسا هەیە وەك تەعبیرێك لە تەواوکاری

دەققەشەرعی‌یەکان و قورسی و زەحمەتی بارودۆخە گۆڕاوەکان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دی وەلە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ، مەترسی‌یەکە لێرەدا ئەوەیە رێز نەگرتنی یاساله ئێستادا ئەو پرسیارە دەوروژێنێ پرسیاری چۆنی‌یەتی ریزگرتنی یاسا لە سایەی دەولەتێکدا کەشەرع پیادە دەکا دێتە ئارا ئەو رێزگرتنە چۆن دەبێ ، بەتایبەت زۆر لەو یاساو رێکخستننانەی ئێستا بۆ پاراستنی ناموس و ماڵ ودارایی خەڵکی دانراون و لەبارودۆخی پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی‌دا درێژەی دەبێ بواری ترس لە بیرۆکەی بەیاساکردن نامێنێ ، چونکە ئەوانەی فیکرەی دانان و داڕشتنی یاسایان پێدەسپێررێ بریتین لە ئەهلی حەل وعەقد لەبیریارو زانایان و ئەوانەی بەراستی نمایندەی بەرژەوەندی و بیرو بۆچونی خەڵکین، هەڵبژاردن لە نێوان حوکمە شەرعی یە جۆراو جۆرەکاندا زیاتر پەیوەستە بەتێگەیشتنی واقع(الفقه الواقع) تێگەیشتنی بەرژەوەندی‌یەکان (فقه المصالح) وەك لەوەی پەیوەندی هەبێ بەمەسەلە هونەری‌یەکان و فیقهی‌یە وردەکانەوە.

لەم ناوکۆیەدا گفتوگۆو مشتومڕەکان سەبارەت بە ئەولەویاتە شەرعی‌یەکان دەخرێنە روو وەك نمونەیەك بۆ ئەو توانا لە رادە بەدەرانەی زانستە شەرعی‌یەکان لەخۆی دەگرن ئەوەی ئەکرێ لەرێی تێروانینی نوێ وە تیای‌دا رەها بکرێ بۆ ئەوەی زیندویەتی خۆی بەدەست بهێنێتەوە کە بەهۆی زنجیرەیەك لە دابڕانی یەك لەدوای یەکی نێوان هەندێ لەم زانستانەو نێوان واقعدا بەدی هاتووە.

کاتێك رایەڵەکانی پەیوەندی نێوان ئەحکامەکانی فیقە و ئوصولٚ و لەنێوان ئەو ئوصولانەو زانستەکانی عەقیدەدا بێ هێزو لاواز بوو حوکمەکانیش لەچەند هۆکا رێکی کا راوە بۆ د ابین کردنی زیندوێتی کۆمەڵ و پاڵپشتی‌یەك بۆ پەیوەندی‌یە گرێدراوەکان و پێکەوە گرێدراوی ناو خۆوە گۆڕا بۆ چەند پەرژین و چەپەرێکی دەرەکی کەوردەوردە لە قاڵبێکی شەکڵی رووتدا ووشك هەڵهات .

بابەتی ئەولەویاتی شەرعی وەك تیڕوانینێکی مەنهەجی نوێ بووەوە کە زانستی فیقە و ئوصوڵەکەی و زانستەکانی تری شەریعەت پێکەوە گرێ بدا ، هەرچەندە لەناونیشان و شێوازی‌دا تازە بوو بەڵام لەماناو روحی‌دا لە خیبرەی ئیسلامی‌دا ناسراوەو لە دەرگای دراوە و موسڵمانان پێی ئاشنا بوون .

لەسەرەتاوە وا باشە جیاکاری لەنێوان سستمی بەرەنگار بوون و بە باشتردانان (التعارچ والترجیح) لەگەڵ سستمی لە پێشینەیی (أولويات) دا بکەین کە زۆر جار تێکەڵی و پێکدا

چوویيان هەيە ، يەكەميان سستمێكە پەيوەستە بەرێگەكانی چارەسەر كردنی پێچەوانەبونی نێوان بەڵگەكان لە روانگەی دەلالەتی بەڵگەكانەوە لە كاتێكدا سستمی لەپێشتری و ئەولەويات پەيوەستە بە پيادەكردنی ئەو دەققانە لەسەر زەمينەی واقع ، لەم روەوە ئيمامی شاگبی وا دەبينێ موجتەهيد دەبێ تێڕوانينی هەبێ سەبارەت بەوەی مرۆڤ چی بۆ باش و گونجاوە لە كاتێكەوە بۆ كاتێكی تر لە بارێكەوە بۆ بارێكیتر (( چونكە دەرونەكان لەوەرگرتنی كردەوە تايبەتەكاندا وەكو يەك نين )) ئەم تێڕوانينەش بۆ سەرەنجامی كارەكان بوارێكە ((قورس بەدەست دێ بەڵام تامی شيرينەو سەرەنجامی باشەو بەپێی مەبەستەكانی شەريعەت دەڕوات بەڕێوە )).

ئيسلام بەڕادەيەك گرنگی داوە بەبابەت ئەولەويات كە هيچ ئايين يا فەلسەفە ياخود تەنانەت هيچ زانستێك لە زانستەكان لەو رووەوە شان لەشانی نادات

، چونكە دەست نيشان كردنی ئەولەويات لەچەند هەوڵێكی پێ نەگەيشتوو زياتر نىيە كە لەهەردوو زانستی دەروناسی و ئابوريدا دراون بۆ رێكخستنی پێداويستىيە مرۆيىيەكان كە بەهيچ حاڵێك ناگات بەو سستمە ئەولەوياتەی لەشەريعەتی ئيسلامىدا هەيە و هەر لە بن گرتن و رێكخستنی كاروبارەوە كە لە خستنە رووی رێسا ئوصولی و فيقهىيەكان و مەبەستەكانی شەريعەتەوە بەدەر دەكەوێ كە زانايان بە شێوەيەكی بەر فراوان رونيان كردووەتەوە بەو پێيەی ئەو مانا و حيكمەتانە لەخۆ دەگرێ كە لەلايەن شارعەوە سەرنجی دراوە لەهەموو بارەكانی تەشريع ياخود زۆربەياندا ، تايبەتيش نىيە بەجۆرێكی تايبەتی حوكمەكانی شەريعەتەوە ، چونكە تەشريعی خوايی پەيوەستە بەمەبەست و حيكمەتەكانەوە هەرهەموويان ئامانجيان پاراستنی جيهانە لە رێی دەسە بەر بوونی بەرژەوەندیيەكان و پوچ كردنەوەی خراپىيەكانەوە ، وە ئەكرێ ئەم بەرژەوەندييانە دابەش ببێ بۆ هەرە پێويستىيەكان (الچروريات)و پێداويستىيەكان (الحاجيات) و جوانكارىيەكان (التحسينيات)ە، لە ژێر دەروازەی هەرە پێويستىيەكان (الچروريات) دازانايان ئاماژەيان داوە بە پێنج شتە گشتىيەكە ئايين و نەفس و ژيری و وەچەو دارايی، بۆ هەر يەكێ لەم پێنج جۆرە چەندان نمونەيان هێناوەتەوە، جا ئيتر لەسەر ئاستی بەدی هێنان بێ ياخود پاراستن ، هەمان شتيش سەبارەت بەپێداويستی و جوانكارىيەكان لە ئارادايە ، زانايانيش بۆ هەر ئاستێ لەم سێ ئاستە ئاماژەيان داوە بە بوونی چەند حوكمێكی تەواوكار كە ئامانجی ئەو بەشەی پێی بەدی دێ ، وە زانايانيش ئەوەيان روون كردۆتەوە كە ئەم

ڕێزگرتنە پەیوەستی یەکی ئەولەویاتە واتە ئەگەر ڕەچاو کردنی یەکێك لەم ئاستانەکە لێنی لەوەی پێشوتردا دروست کرد ئەوا پشت گوێ دەخرێ .
لەلایەکی ترەوە زانایان جیاوازیان کردوەتە نێوان بەرژەوەندیە هەموەکی یاگشتیەکانی سەرجەم ئوممەت و بەرژەوەندیەیە تایبەتیەکانی تاك. یاخود کۆمەڵێکی سنورداری تاکەکان پاشانیش بەپێویستیان داناوە بەرژەوەندی گشتی پێشخرێ بەسەر تایبەتدا ئەگەر دژ وەستان لەم ڕێسایانەو جگە لەمانەش سستمێکی روونی ئەولەویات جێی خۆی گرت کە لەشێوەی چەندین ڕێسای رون و ئاشکرادا خراوەتە روو لەکتێبەکانی فیقە و ئوصولْ و(أشباه و النظائر) بەڵام ئەمەش مانای ئەوەنیە ئەم سستمە دوورە لەچەندان ئاڵۆزی کە یەکەمیان پەیوەستە بەریزگرتنی پێنج شتە گشتیەکە لە ژێر تیشکی ئەو فەرمودە پیرۆزەی هاتووە کە دەفەرمێ ((من قتل دون مالە فهو شهيد ومن قتل دون عرضه فهو شهيد )) ئایا ئەمە مانای پێش خستنی ناموس و ماڵە بەسەر ئایین دا یاخود ئەم فەرمودە یە پەیوەستە بەسستمێکی تری ئەولەویات؟ ئەوەی جێی تەحقیقە ئەوەیە کە نەئەمەیانە نەئەوی تر چونکە بەر پەرچ دانەوە دەست درێژی لە ناموس و ماڵ بناغەیەکە لە بناغەو ئەسڵەکانی ئایین (( والذين إذا أصابهم البغي هم ينتصرون)) ئاڵۆزی و ئیشکالیەتی دووەم پەیوەستە بەمەودای پێداویستی زیاد کردن بۆ ئەم گشتیاتە، چونکە شێخی غەزالی لەم رووەوە وای بۆ دەڕوانێ پێویستە دادگەری (العدالە)ی بۆ زیاد کرێ بەو پێیەی ئامانجی پەیامی هەموو پێغەمبەران بووە، هەروەها ئازادی (الحريە) ش کە هەر دەبێ ببێ بۆ ڕێك و پێك کردنی سستمی دەوڵەت وەك داخوازیەکی پێش دادگەری چونکە ئوممەتی ئازادە دەتوانێ کاروبارەکانی بە دادگەری ببا بەرێوە، بە چاو پۆشین لەوەی کە ئایا ئەم (کلیات) ە دەچێتە ریزی (کلیات الخمس) ە کەوە یاخود پەیوەستە –وەکو هەندێك وای دەبینن– بە سستمێکی ترەوە کە پیش مەبەستەکان (المقاصد) دەکەوێ کە ئیمامی شاگبی دایناوە ، لەگەڵ ئەوەدا پێویستە جەختیان لەسەر بکرێتەوە وەك کەڵك بینێك لە لێزانی (خبرە) ی مێژووی ئیسلامی و ئەو کەلێنانەی کە تەرازوی دادگەری و بزربوونی ئازادیەوە سەریان هەڵداوە وە لەو شوێنەوارە روخێنەرانەی کە کاری لەپێکهاتەی ئوممەت کرد ، پاشانیش هەندێ وای بۆ دەچن پێویستە ئەو کولیاتانە نوێ بکرێنەوە، ئەمەش بەگرنگی دان بەو بوارەی پەیوەستە بە ڕێکخستنی کۆمەڵ تیایداو بەو شێوازەی تاوتویی پێ دەکرێ ، ناکرێ بەردەوام هەر بەڵگەی پاراستنی ئیسلام بۆ ژێری مرۆڤ تەنها بەوەبێ عەرەقی حەرام کردوە، لەبەر ئەوەیئیسلام

دژایەتی هەر شتێکی تری کردووە کە سەر بکێشێ بۆ ساختە کاری هۆشیاری و ژیری سەرخۆش کا لەو گومڕاییانەی بە هۆی حەزو ئارەزو و دەمار گیریەوە دروست دەبن هەروەها پاراستنی نەفسیش تەنها پاراستنی خودی تاك ناگرێتەوە بەڵکو هەروەها پاراستنی خودی کۆمەڵیش دەگرێتەوە ئەوەش بە پاراستنی بنەماو راگرەکانی.

ئاڵوزی و ئیشکالیەتی سێهەمیش پەیوەستە بەئەندازەی ریێژەی ریزکردنی ئەوکولیاتانە ، ئایا ئەم ریز کردنە جێگیرە یاخود رێژەییەو بە گۆڕانی کۆمەڵگاکان و سەردەمەکان دەگۆڕێ؟ وەئایا دانانی ئەم موفردە پیادە کاریانە لە ژێر یەکێك لەو ناونیشانانە هەمەکیانە گەشەکردن پەسەند دەکا یا نا؟

گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی سستمی ئەولەویات دەستەبەرکەری وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانەیە ئەمەش بەو پێیەی چەند بنەمایەکی ئوصولی و رێسایەکی یەکلا کەرەوەن ،بەو مانایەی ئەمانە دڵنیاکەرن و گومانی تێدانیە و ناگۆڕێت چونکە ئەوان وەکو تەرازویەکن کە پێویستە گومان لەخۆ نەگرێ ئەگینا ئەو شایستەی ئەو ناوە نەدەبوو ، ئەم یاسا ئوسوڵیانە پشت ئەستورن بە پوختەی جوزئیاتی شەریعەت نەك دەقێکی دیاری کراو، ئیمامی شاگبیش بە ((تەواو ترین مەعنەوی )) ناوزەدی دەکا.

ئەم بنەماو رێسایانە بەو مۆرکانەی پێشویەوە چوارچێوەیەکی بیر دۆزی ئیتفاق لەسەر کراو پێشکەش دەکا کە ئەکرێ هەر تاکێك یا کۆمەڵێك سستمی یایبەتی ئەولەویاتی خۆی لێوە بگۆزێ و( وەربگرێ) .

پاشان قۆناغێکی تردێ کە ئەویش رێساو بنەما فیقهیەکانە کە خاوەنی پلەیەکە لە دڵنیا بەخشی بەڵام ناگاتە پلەی رێسا قەتعیەکان لێرەوەش دەکرێ تەنها ئستپنائی پێ بکرێ بەڵام پیادەکردنی ئەولەویاتەکان لە واقعداو دیاریکردنی چەند ئەولەویەتێکی دیاریکراو ئەوە کارێکی گۆڕاوە لێرەوەش ئەو وەسفەی ئیمامی شاگبی دێتە ئاراوە کە هەندێ لەمەسەلەکان بە زیادکراوی(إضافي) ناو دەبا بەو مانایەی (( لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی وە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تردەگۆڕێت )) ئەمەش هاوڕێکە لەگەڵ ئەوەی لە توێژینەوە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکاندا بەگەشە کردنی ئەولەویات دەناسرێ .

لەو بەرچاو خستنەی پێشووەوە روون دەبێتەوە کە سستمی ئەولەویات لە خیبرەی ئیسلامیدا تەنها وێنای فیکری یاخود هەوەس بازیەکی بیردۆزەیی نیە بەڵکو رێی خۆی گرتووە تە بەر بۆ ژیانی زانستیانەی ئوممەت هەر لەو هەڵویستەی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)

هەیانبوو سەبارەت بەهەڵبژاردنی خەلیفە، لە کاتێکدا هێشتا جەنازەی پێغەمبەر (ﷺ) نەنێژرابوو ، چونکە دەیانزانی مەترسی دواخستنی هەڵبژاردنی خەلیفە لەسەر یەکێتی ئوممەت چەندە تاوەکو دەگەینە هەڵوێستی (إبن تيمیە) لە مەمالیك بۆ پاراستنی بونی ئوممەت و ناسنامەکەی کە هەممو ئیعتبارێکی تر دەسڕێتەوە ئەبینین لەو بارەیەوە کتێبی (( إقتضاء الصراط المستقيم مخالفة أهل الجحيم)) لەو بارەیەوە دادەنێ، بونی سستمێك بۆ ئەوکارە لە پێشینەکان ئەولەویات وەك سستمێکی کەخاوەنی مۆرکێکی ژێر بێژانەیەو هاریکاری مرۆڤ دەکات بۆ بەرچاو ڕۆشنی بڕیارەکانی و ریزگرتنی ئەولەویاتەکانی و هەڵبژاردەکان لە نێو یەکتریدا یەکێکە لەنیشانەکانی روشدی تاك و کۆمەڵ کاروبارەکە زیاتر مەترسیدارتر دەکا لەسایەی قۆناغێکی شێواوی فیکری و ڕۆشنبیری بە شێوەوەیەك پێداویستی بۆ سستمێکی ئەولەویات زیاتر جەخت دەکاتەوە بۆ دیاری کردنی ئەو ئاراستەو رەوتانەی پێویستە لەسەر ئوممەت رووی تێ بکا وەك هەوڵێك بۆ چاکسازیو گۆرانکاری، ئەگەر رێگەمان پێ بدرێ دەست نیشانی ئەولەویاتی بزاڤی ئیسلامی و بەرنامەی بانگەوازەکەی بکەین پێویستە لە سەرویانەوە کێشەی سەربەخۆیی و پاشکۆیەتی ریز بەند بکەین.

گرنگ ئەوەیە مەسەلەی ئەولەویات لەسەر هەموو ئاستەکان بخرێتە روو تاوەکو بگاتە ریکخستنی ژیانی کەسێکی ئاسایی و ئەمەش بەدی نایەت مەگەر بەوەی ژێری موسڵمان هەر حەفتا لقەکەی ئیمان لە خۆ بگرێ و نەخشەکەی بەشێوەیەك بکێشێ کە ئەسڵ و چڵەکانی روون بکاتەوەو توێژینەوەی ئەو هۆکارانەش بکا کە پایەکان / مەبەستەکانی لەسەر راوەستاوەو پێی بەدی دێ وە بەشێوەیەکیش ئەولەویاتەکە لە چوارچێوەیەکدا بێت کە پەروەردەکردنی ئەخلاقی زانیاری بە شەریعەت پێکەوە کۆ بکاتەوە ئەوا لەم کاتەدا پێویستە فیربوونی فیقهی ئەولەویات لەهەموو قۆناغەکانی فێر بووندا بە شێوەی چەند بنەماو رێسایەکی ووشك هەڵهاتوو نەبێت، بەڵکو بەفێربوونی چۆنێتی کەڵك لێ بینین بێ لەروی عەمەلیەوە جائیتر لە رێی چەند تاقیکارییەکی سادەوە بێ یاخود چەند پێشبڕکێیەك بەم شێوازە نوێ کردنەوەی مەنهەجەکانی پەروەردەی ئایینی تەواو دەبێ بۆ ئەوەی لەسەر چەند بناغەیەکی ژێر بێژی هەڵس و کەوت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ نەك وەك ئەوەی ئەمڕۆ بۆی دەروانرێ وەکو ئەوەی تەنها کۆمەڵە فەرمان و نەهی کردنێکی بێ ریشەو پەیوەندی بێ لەمەبەست و ئامانجەکانی.

ئـەکرێ لـەم ڕووەوە پشـت ببەسـترێ بـەو توانايـەی کـە کۆمپيوتـەر دەی ڕەخسـێنێ چـەند بەرنامەيەکی فێرکاری گونجاو بە هەموان ، ديارە دەبێ چاوەڕوانی ئەوە نەکەی ئەم بەرنامە بگەنـە ئـەو ئاسـتەی کـە بەرنامـەکانی ميراتیيـەکان (المواريـث) پێـی گەيشـتوون ، کەلەسـەر چەند ڕێسايەکی دياریکراو بنياد نراوەکە گۆڕانکاری بەسـەردا نايـەت، بـەڵام دياری کردنـی ئەولەوياتەکان تيايدا بواری ئيجتهادی مرۆڤ و ئەنـدازە گيریيـەتی ، لەلايـەکی تـرەوە نابێـت کۆمپيوتـەر ببێتـە مايـەی تەمبـەڵی عـەقڵی بـەڵکو ئـامرازێکی هاريکـارە بـۆ داهێنـان کـاری و ئەکرێ لەم ڕووەوە سود لە ڕێو شوێنی زانايانەو لێزانانە ((نسق الخبير)) و بنەمای مەعريفی خزمـەت گـوزار ببينـرێ لـەدياری کردنـی نەخۆشـی بەوپێيـەی دەزگـای کۆمپيوتـەر هاوکـاری پزيشـك دەکـا لـە ڕێـی ئـەو زانياريانـەی سـەبارەت بەحاڵـەت( وبـارودۆخی) نەخۆشـەکەش دەيخاتە ڕوو.

سەبارەت بەئاستی زانستە کۆمەڵايەتیيـەکانيش ، لـەم ڕووەوە زانسـتی ئابوری ئيسـلامی لـە بـواری گەشـەو نەخشـەی بەخشـينەوە و چـەندان هـەوڵی دەسـت پێشـخەری هـەبووە بـۆ سـود بينيت لە سستمی ئەولەويات و هەندێکيش لەم ڕووەوە ئاماژە بە سێ کۆمەڵە دەکەن لە چوار چـێوەی زانسـتی ئابوریـدا ، يەکـەميان دەسـەبەرکردنی سـنوری دابـين کردنـی پێداويسـتیيەکان (الکفـاف) ە بـۆ مرۆڤـی موسـڵمان، دووەمـيش بـەرگری ئابوریيـە بـەواتای دەستەبەر کردنی سەربەخۆيی ئابوری لەجيهانی ئيسلامیدا کۆمەڵەی سێهەم پەيوەستە بە ئابوریيەکانی فێرکردن بە چەمکە فراوان و گشتگيرەکەيەوە.

بەڵام کاتێك دادەبەزينە ئاستی جوزئیيەوە ئەو پرسيارەمان ڕووبەڕوو دەبێتـەوە کـە ئايـا کـێ پيادەکردنی سستمی ئەولەويات لە ئەستۆ دەگرێ ئايا دەوڵەت ئەوە لە ئەستۆ دەگرێ ياخود لە ڕێی ئامرازو(آليات)ی بازاڕو لـە ڕێـی هەسـت پـێکردن (التحسس)ەوە بـەدی دێـت؟ لێرەوە ئـەکرێ ئيلـهام وەرگريـت لـەو تێڕوانينـە هاوسـەنگەی ئيسـلام هەيـەتی بـۆ تـاك وکۆمـەڵ کـە هەردوکيان لە چوار چێوەی ڕێنمايی خوايی دا کارلێك دەکەن.

ئەگەر ئەولەوياتەکان لە بوارێکی زانستیيەوە بۆ يەکێکی دی لێکتر جيابن ئەوا ئەمە جێگـەی گرنگی پێدانە بەناوکۆ(نسق)  بەو گشتگيریيەی هەيەتی ئەوەش بە تەئکيد کردنـەوە لەسـەر ريزکـردن و پـۆلێن کردنـی ڕێسـاو بنـەماکانی ئـەو ناوکۆيـەی نزيـك دەبێتـەوە لـە شـێوەی ئـەو بازنانـەی تردا جێگەيان بوەتـەوە بـۆ ئـەوەی بگەينـە بازنـەی هـەرە گـەورە کولياتـی بيروباوەڕو ئايين کە هەموو ئەوانی تر لە خۆ دەگرێ...

## لــــەكۆتـــــاییدا

دوای ئـەوەی تـا رادەیـەك باسمـان لـە پێكـدا چـوویی و پێكـەوە گـرێ دراوی ئیسـلام و كۆمەڵگە و ئیسلام و سیاسـەت و ئیسلام و بوارەكـانی ژیان و بنـەماكانی فـەرمانڕەوایی كرد بەمان ئیجابیەكانی ، و باس كردنیشمان لە كۆی بابەت و باسـەكاندا پشت ئەستور بوو بە دەققەكانی قورئان و فەرموده ئەمە جگە لـە رای زانایـان (كەیـەكجار زۆرە و بەكـەمیش پـەنای بۆ براوە ) لە كۆی ئەوەی رابورد ئەوە روون بویەوە كە بە هیچ شێوەیەك ئیسلام وەكو ئایین بەو شێوەیە كەهەیە بە پێی دەققە بنەڕەتیەكانی بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێت دا بڕێت لە ژیان و سیاسـەت و فـەرمان رەوایـەتی ئـەو هەوڵانـەش دەیانـەوێ بەهـەر لێكدانـەوە و راڤەیـەك بووە ئەم پرۆسەو كارە ئەنجام بدەن ئەوە وەك ئەوە وایە بڵێین نوێژ و پەرستشـەكانی ئیسلام دەكرێ نەكرێن و تەئویلی نەكردنیشیان بەبەڵگەی پـڕو پـوچ پاساو بدەن، یاخود وەكو ئەوا یە دێن ودەققەكانی سەرپۆش و خۆداپۆشین بە شێوەیەك لێك دەدەنەوە كە ئـەوەی ئـەمڕۆ لەسەرجەم دونیادا هەیە، هـەمووی شـەرعیە و ئیسـلامیانەیە بگـرە ئیسلام خۆیشـی زۆربـەی سـەرزەمین دەگرێتـەوە ، پێناسـەیەكی لاستیكیانـەی وەهـای بـۆ دەكـەن كـە ئـەوەی هەسـتی ئیمانی و ئیسلامیە دەیمرێنن و بێباوەڕو باوەڕدار و موسڵمان و كافری تێدا یەكسان دەكەن و سەرجەم بەهاو بڕیارە ئیسلامیەكانی تریش بە پێی تێڕوانی ئـەوان هیچ بەهایـەكی واقعی نامێنـێ و تـەنها شـتێكی مێـژوویین و دەكـرێ بـە پێـی گۆڕانكاریـە هەنوكەییـەكان گۆڕانیـان بەسەردا بێت.

دیارە ئەگەر وا بڕوانرێ ئـەوا دڵنیـاین نـەك ئیسـلام و كۆمەڵگـەو سیاسـەت و فەرمانڕەوایـەتی لێك جیان بگرە هیچ شتێكی ئیسلام (ئەگەر لەبەر پەستانی جەماوەری و هەنـدێ ئیعتبـاراتی تر نەبێ حیسابی بۆ ناكرێ ) ناهێڵرێ كاریگەری لەسەر ژیان هەبێ لێرەوە ئێمـە ئـەو هەڵانـە جا چ لەدەرەوەی واقیعە كوردیەكەوە بێ كە ئەمڕۆ چەندانی وەكو (ئەرەگون ئەبو زێد) و هتـد . رابەرایەتی دەكەن و چ لە ناوەوە بێ كە چەندین دەزگاو كەسـی لـە پشـتەوەیە بـە لادان لـە تێگەیشـتنی راسـتی ئیسـلام دادەنـێین و هەوڵـدانێكی چەواشـە كارانـەو پاشـكۆیانەن و بـە ڕوحی راستەقینەی ئیسلام و دەققە ئاشكراكانی نامۆو نەشیاون .

وەهاش دائەنێین زۆرێك لەوانە پێشخانێكی دوژمنایەتیان لەگەڵ بیری ئیسلامیدا هەیـە بگـرە بە پێشینەیەكی لادیزیو چەپ گەراییەوە لەم رێگەیەوە درێژە بەو هەوڵانە دەدەن .

هـەر بۆیـە زۆر بەهەڵپـەن ئەگـەر بـە هـەڵکوروزاویش بێـت بەرهـەمێکی وەکـو (الإسـلام واصـول الحکم) (ئیسلام و بنەماکانی فەرمان ڕەوایی) عەلی عبد الرازق وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی کە لەکاتی خۆیداو لە ساڵی ١٩٢٥ دا هەراو مشت و مڕێکی گەورەی نایەوە و لەلایەن زانایان و بیریـارانی ئیسـلامیەوە وەڵام درایـەوە کەچـی لەسـاڵی ٢٠٠١ واتـە پـاش (٧٦ ) سـاڵ لـە کوردستاندا ڕۆشنبیران وخەمخۆرانی فیکرو سیاسەت وەری دەگێڕن بۆسەر زمانی کوری، خۆ ئەگـەر ئەمـە لـەوە وە دێ کـە نوسـراوی زانایـەکی ئەزهەریـەو لـە رووی شـەرع ناسـیەوە حسابی تایبەتی بۆ دەکرێ و جێی ئیعتبارە.. ئەوا ئێمە دەڵێین نـەك یـەك زانا بگرە هـەزاران (زانـاو بیریـار ) مـان هەیـە کەهـەر لـە روو یئیسـلامی ودەققـی شـەرعیەوە سـەلماندویانەو دەیسـەلمێنن ئیسـلام تێکەڵـە بـەژیانی مـرۆڤ و بـوارە جـۆراو جۆرەکـانی ژیـان بـە گشـتی بەبوارەکانی کۆمەڵایەتیو سیاسی و ئابورییەوە ، فەرمانڕەوایەتی و سیاسەتیش بەشێکن لە گرنگی پێدانی دەققە شەرعیەکانی ئیسلام ، هەرچەندە ئیسلام لەم رووەوە گەورەترین بواری بەرینی بۆ ژیری مرۆڤ و عەقڵی ئیجتهادی هێشتۆتەوە ، باشە ئەو بەرێزانە بۆچی لایەك بەلای نوسراوەکانی ئەواندا ناکەنەوەو وەری ناگێڕنە سەر زمانیکوردی ؟! یاخود بەلای ئەوانـەوە هەرچی دژو پێچەوانە بێت بە بیر بۆچونی ئەوان ئـەوا دیـدێکی تەقلیدیـەو نـاکرێ گوێی بۆ بگـیرێ ، هەرکەسـەش خزمـەت بـە پرۆسـەی علمانیـەت بکـا کەسـێکی پێشـکەوتوو خـوازەو روناکبیرو بیر مەندە، وەرگێڕانـی یەکـەمی ئـەم کتێبـە کـە بـاوکی ژیـار کردویـەتی پڕیەتیلـە هەڵەی زەق ، لە رووی وەرگێڕانی بابەتەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ، کارەکە پەلەپەلی تێدا کراوە، کرنك ئەوە بووە بخرێتە بازاڕەوە ئیتر هەرچۆنێك بووە ، ئینجا من لە کاتێکدا خەریکی ئامـادەکردن و نوسـینی ئـەم کتێبـە بـووم ئـەم کتێبـە بەچـاپ گەیشـت ، هـەر بۆیـە بەخوێندنەوەیـەکی خێـراو سـەرپێیی هەسـتم بـە زۆر هەڵـە کـرد ، کەئەمـە چـەند نمونەیەکیەتی:-

لـە ل(١٣٠) دێـڕی (١٨،١٩،٢٠) وەرگێڕانـی ئـەم هۆنراوەیـە (کـە هـەم هۆنراوەکـەو هـەم وەرگێڕانەکەش دەهێنم) دیارە لێرە دا باس لە قسەی یەکێك لە شاعیرە هەڵگەڕاوەکانە دوای وەفاتی پێغەمبەرو بەخەلیفەبوونی ئەبوبەکر دەڵێ :- (اطعنا رسول الله ماکان بیننا - فیا العباد الله ما لأبي بکر أیورثنا بکراً اذا مات بعده - وتلك لعمر الله قاصمة الظهر)

گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا بوین جادەی بەندەکانی خوا بۆ ئەوبوبەکریش ، میراتکریـەتی بەکر ئەگەر مرد پاش ئەو ئەوەش عومەری خوایە کە پشتگیرو پشت ئەستورە) لێرەدا جگەلە

لاوازی وەرگێڕانەکە (لعمرالله) کە سوێندە لە زمانی عەرەبی دا ، بە (عومەری خوای لێک داوەتەوە) ( قاطمة الظهراء ) کەماناى ( پشت شکێنە ) بە (پشتگیرو پشت ئەستور لێکداوەتەوە) .
یا لە (الضروف الکفائیة) ی لە ل(١٥٢)دا دێڕی ١٢ بە (پێویستی بەبەس بوەکان) وەرگێڕاوە، کە ئەگەر بەدوای ئەمانەدا بچی بەدەیەهای وای تێدایە ، بەتایبەت لە زاراوەکانی وێنەی (معتزله) و (خوارج) و .... هتد بەلاَم لەلای ئەو جۆرە کەسانە ئەوە گرنگ نیە ئەوەی گرنگ بێ تەنها خستنە رووی بەرهەمێکە لەو بوارەدا خزمەت بکا؟!
پاش ماوەیەکی تر کەمن هێشتا خەریکی نوسین و تەواو کردنی ئەم بابەتە بووم چاوم کەوت بە وەرگێڕانی دووەمی کتێبەکەی (علی عبد الرازق) کەلە لایەن (هاوژین مەلا ئەمین) و (ئارام تەها) وە وەرگێڕرابوو ، دیارە بە چاو خشانێك بە کتێبەکەدا بۆم دەرکەوت کە ئەم وەرگێڕانەیان بەهێزە بەتایبەت یەکێك لەو دوو وەرگێڕە پێشینەیەکی ئیسلامیانەی هەیە (بەپێی زانیاری من) ، هەرچەندە بەپێی رێکلامی پێشینەی کتیبەکە لە کاتی وەرگێڕانی ئەو کتێبەدا ئەو دوو بەرێزە کارمەندو هاوکاری دەزگایەکی علمانی مەشرەب بوون و یەکێك لەدروشمەکانی ئەو گۆڤارەی رێکلامەکەیان تێدا کردوە (عەلمانیەتە) ، ئەم وەرگێڕانەش بووە پاڵپشتێك بۆئەوەی ( ئەم کتێبە گرنگ و بەنرخە ؟( بەو شێوە لاوازەی وەرگێڕانی یەکەم خسیتە روو لە نرخی دانەبەزێو رۆڵی خۆی ببینێ و پەیامی خۆی لە گۆڕەپانی کوردیدا بگەیەنێ، ئەم ووتانەم بۆئەوە نیە بڵێم کەسانی تر ماڤی تەعبیرکردنیان نیە لە بیرو بۆچوونی خۆیان بەهەررێگەو شێوەیەك بووە ، ئەوە مافی خۆیانەو تەعبیر لە دیدو تێڕوانینێکی تایبەتی دەکا ، بەلاَم لە هەمان کاتدا شپرزەیی و تەعمیم کردنێکی بێ سەرەو بەرەو نازانستی لەو جۆرە هەولاَنەدا دەبینرێ و مرۆڤ هەست دەکا رقێکی شاراوە لە پشتەوەی زۆرێك لە نوسینانەدا خۆی حەشار داوە ، تەنانەت بۆ ئەم مەبەستە پەنا بۆ جۆرێك لە ساختەکاری و بڕین و (قطع) کردنی دەربڕینی هەندێ لە زانایانیش دەکرێ بەمەرجێ لەخزمەتی مەبەستی خۆیاندا بێ ، هەر بۆ نمونە با سەیری وتەیەکی شێخ ( محمد عبده) بکەین کە یەکێك لەوبرادەرانە دەیکاتە سەرەتای بابەتێکی لە و شێوەیە ، گوایە شەخصیەتێکی وەکو ئەو بە شێوازێکی عەلمانیانە بۆ دەسەلاَتی روانیوە و ئیسلامیشی وەها سەیر کردوە ، هاتوە قسەیەکی شێخ (محمد عبده) ی لە (سیاق) ی خۆی دەرکردوە کە

ئەمە قسەکەیەتی ( ان الاسلام لا یعرف سلطة ، سوی سلطة الحکمة والموعظة الحسنة) (روانگەو رەخنە ساڵی یەکەم ژمارە ٣ بەهاری ٢٠٠١ )
بێئاگا لەوەی یا بە خۆ بە بێئاگا کردن لەوەی لە پێش ئەم قسەیەوە قسەی تر هەیە و تیایدا ئەوە دەسەلمێنێ کە موسڵمانان دەبێ خەلیفەیان هەبێ و خەلیفەش (معصوم) نیە و لەسەر موسڵمانان پێویستە راستیان کەنەوە، ئەگەر هەڵەیان کرد ، ئەم راست کردنەوەیەش مافی هەموو موسڵمانێکە هەر وەکو لە کتێبی (الإسلام و النصرانیه) دا ل ٦٥،٦٧ دا دەڵێ (الخلیفة عند المسلمین لیس بالمعصوم ولا هو مهبط الوحي ولا من صفة الإستئثار بتغیر الکتاب والسنة ولا یخطة الدین بمزیة في فهم الکتاب والعلم بالاحکام ولا یرتفع به الی منزلة خاصة ، ثم هو کطاع مادام علی الحجة والنهج والسنة والمسلمون له بالمرصاد. فاذا انحرف عن النهج اقاموه علیه واذا اعوج قوموه. فالامة أو نواب الامة هي التي تنصبه والامة هي صاحبة الحق في السیطرة علیه وهي التي تخلعه متی رات ذلك من مصلحتها فهو حاکم مدني من جمیع الوجوه) تا ئەگەنە ئەوەی کاك شوان بۆ مەبەستێکی نەشیاو بەکاری هێناوە(لیس في الإسلام سلطة دینیة سوی سلطة الموعظة الحسنة وهي سلطة خولها الله لادنی المسلمین)[1] بەلام لە بەرئەوەی لە دەربڕینی (وحي سلطة قولها الله لادنی المسلمین) لە قازانجی فیکرەکەیدا نیە ئەوەی نەهێناوە... ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەم جۆرە بیرکردنەوانە ئامادەیی خیانەتی نەقل کردنیشن، ئەگەر لە قازانجیان دا نەبێ .
لەلایەکی ترەوە هەندێ لەوانە هەر لەسەرەتاوە شانازی بە عەلمانی بونی خۆیانەوە دەکەن* ئەمەش وامان لێ دەکا ئەو راستیەیە بسەلمێنین کە هەر لە سەرەتاوە ئێمە و ئەوان لە دوو تێڕوانینی جیاوازەوە بۆ مەسەلەکان دەڕوانین ئیتر خۆماندوو کردن لەگەڵ هەندێ تێزی گوماناویدا شایەنی زۆر لەسەر وەستان نین...
هەر لەسەرەتاوە ئەو ئیسلامەی ئێمە بۆی دەڕوانین جیایە لەو ئیسلامەی ئەوان بۆی دەڕوانن، ئیسلام لەلای ئەوان لە باشترین حاڵەتدا ئاینێکە پەیوەستە بە پەیوەندییەکانی

---

[1] کیف نحکم بالاسلام في دولة عصریة ل٢٢٨

* لە وڵاتانی ئیسلامیدا زۆرن ، تەنانەت کەسێك لەوانە کە خۆی بە خاوەنی پرۆژەیەکی نوێ خوازی دەزانێ لە فیکری ئیسلامی دا زۆر بەئاشکرایی ئەوە دەڵێ کە (محمد ارگۆن) نەك هەر ئەوەندە بگرە لەدواکاریدا یەکێك بووە لەو (٢٠) کەسەی کە راسپاردە (توصیه) یان کردووە بە دوا بڕیاری فەڕەنسی سەبارەت بە حیجاب

نێوان مرۆڤ و خوا و لە ویژدانی تاکە کەسیدا هەندێ جار رۆڵی ئیجابیانە دەبینێ ئەمە ئەگەر روانینەکەیان باش و ئیجابی بێ ئەگین بە دیوێکی تردا ئایین لەلای ئەوان بە ئیسلامیشەوە تلیاکی گەلانەو سازێنەری سەرجەم هۆکارەکانی دواکەوتن و کارەساتەکانە.....

بەڵام ئەو ئیسلامەی ئێمە باوەڕمان پێیەتی تەواو جیایە لە تێڕوانینی ئەوان، ئێمە ئیسلامێك دەناسین و بانگەشەی بۆ دەکەین کە تایبەت نیە بە وولات و کەس و رەگەز و مەزهەبێکەوە، ئیسلامی قوڕئان و سوننەیە ئیسلامێکی رون و ئاشکرایە سەرچاوەکانی دیارە، ئامانجەکانی روونە (قطعیات )و (ظنیات) ی تێدایە .. (اجتهاد) و (تجدید) لە خۆ دەگرێ ... مامەڵەی لەگەڵ سەرجەم ژیارو میللەتاندا کردووە.

لە پیادە کردنیسیدا بە باش و خراپ بەرجەستە کراوە کاتێك وەکو خۆی پیادە کراوە دادگەری بەرپا بووە، وەکاتێکیش پیادە نەکراوە وەك هەر بەرنامەیەك هەڵگرانی خراپە کارییان ئەنجام داوە..

ئیسلام وەکو خودی دەقەکان زیادەو خڵتە هەڵ ناگرێ لێیشی کەم ناکرێتەوە ، بە ئارەزوش بەش بەش و پەرت پەرت ناکرێ و هەندێکیت بەدڵ بێو ئەوی دی بدەیتە دواوە.

ئیسلامێك نەتوانراوە لە (اصل) ی (مصدر) دا بشێوێنرێ و دەست کاری بکرێ * ئیسلامێك میانگیری یەو هاوسەنگی لە نێوان سەرجەم داخوازی یە کانی مرۆڤ وبوارەکانی ژیانیدا دەکا و گشت گیرانە بۆ سەرجەم شتەکان دەڕوانی ... و تەکامولانە سەیری ژیان دەکا...

ئیسلام پەیامێکە بۆ تاك و کۆمەڵ و ئومەت، ئاراستەی هەیە بۆ دەرونی مرۆڤ و لە رێگەی رەهەندی ئیمانی و ئەخلاقیەوە ئاشنای دەکا و لە بواری کۆمەڵا یەتیش دا دەیەوێ دادگەری و هاریکاری و دابین کاری بێتە دی و هاوکاری یەکتری سیمای کۆمەڵگەکەبێ و لە ڕووی سیاسیشەوە ئامانجی فەرمانڕەوایەتی ئیسلام و دامەزرانێتی لەسەر بنەمای دادگەری و راوێژو دوو ربونە لە ستەم کاری بە هەموو رەهەندەکانیەوە .

* قورئان هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە، فەرموودەش سەرەڕای ئەوەی دابەش دەبی بۆ چەند جۆر بەڵام ئەوەی کاری پێ دەکرێ و سەرچاوەی تەشریعە فەرموودەی (صحیح) ە

لــه رووی ژیاریشــەوە مەبەســتێتی زەوی ئــاوەدان کاتــەوە و شارســتانێتی بنیــات بنــێ و بەختــەوەری مرۆڤــەکان دابین بکا... لـە فەترەیـەکی زەمـەنیش دا لـەم بـوارەدا خزمـەتی زۆری پێشکەش بە سەرجەم جیهان کردووە.

لـە هـەموو گـرنگتر لـە گـەڵ ئـەوەی بەختـەوەری مرۆڤـی لـەم دوونیایـەدا دەوێ دەشـیەوێ مرۆڤـەکان سـەرفرازی دونیـا ودوارۆژ بکـا و بەهاەسـەنگی‌یەکی نـاوازەش دونیـا و دوارۆژ پێکاوە گرێ بدات [1]

---

[1] بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە (الإسلام كما تؤمن)ی د.. یوسف القرضاوی(في التنوير الإسلامي ل٤٠

سەرچاوەکان

١- المنهج الحركي للسيرة النبوية الجزء ١-٢-٣ منير محمد الغضبان مكتبة الزرقاء – الاردن – الزرقاء

٢- السيرة النوية لابن هشام ج١ج٢ العاشر دار الفكر- بيروت-بغداد ١٩٨٦

٣- الطرق الحكمية في السياسة الشرعية / ------ ابن القيم الجوزي – ١٣٨٠- ١٩٦٠ الناشر المؤسسة العربية للطباعة والنشر

٤- السنن الالهية د. عبد الكريم زيدان دار إحسان الطبعة الاولى ١٤١٣-١٩٩٣

٥- مركز دراسات الوحدة العربية

الحريات العامة في الدولة الاسلامية الشيخ راشد الغنوشى . الطبعة الاولى – بيروت – ١٩٩٣

٦- الاحكام السلطانية والولايات الدينية- ابي الحين محي الدين محمد – البصري البغدادي الماوردى (٤٥٠ه) / دار الكتب العلم (بيروت- لبنان)

٧- العلاقات الخارجية للدولة الاسلامية (دراسات مقارني) د. سعيد عبد الله حازب المهيري- مؤسسة الرسالة / الطبعة الأول ١٤١٦- ١٩٩٥

٨- الفراسة / لابن القيم الجوزي ٦٩١- ٧٥١ – صلاح احمد السامرائي ١٩٨٦

٩- الإسلام/ سعيد حوى / دار الكتب العلمية-بيروت لبنان الطبعة الثانية / ١٣٩٩ – ١٩١٩

١٠- نظام الحكم في الإسلام د. محمد فاروق النبهان كلية الحقوق والشريعة جامعة الكويت / اعادة الطبع ١٩٨٧ – مطبوع جامعة الكويت

١١- الثوابت والمتغيرات في مسيرة العمل الإسلامي المعاصر د. صلاح الصاوي الطبعة الثانية – ١٤١٨- ١٩٩٨ / مطبعة وزارة التربية ---٢٤٨ – ١٩٩٧

١٢- في الفقه السياسي الإسلامي مبادئ دستورية . فريد عبد الخالق . دار الشروق الطبعة الاول ١٤٨ – ١٩٩٨م

١٣- الإسلام كما نؤمن به ضوابط وملامح (في التنوير الإسلامي -٤٠-) نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع الطبعة الاول ١٩٩٩

١٤- نظام الاسلام / تقي الدين النبهاني

١٥- ياساى ژيان لە ئيسلامدا / ن : ابو الاعلى المودودى و : خالد ولى على على خدر بەردە كۆزى چاپخانەى (الحوادپ) بغداد ١٩٨٧

١٦-الدولة والنظم السياسية ممارسة نظام الحكم في الاسلام ابراهيم عبد الكريم الغازي/ دكتورا في القانون والفلسفتة / جامعة فورتسبورط المانيا الغربية . دار المتنبي للطباعة والنشر ١٩٨٩م – ١٤٠٩ه

١٧- جەدەلى ئيسلامى و عەلمانى / ن . عومەر عەلى غەفورى ٢٠٠١

١٨- مواضيع وقواعد إسلامين /عصمت هاشم حسين ، الطبعة الثانية ١٤١٧ ـ ١٩٩٦ /مطبعة ذيان / اربيل .

١٩.أصول الدعوة تأليف دكتورعبدالكريم زيدان /المحامي والاستاذ المتمرس فيجامعة بغداد.

٢٠ ـ في السياسة الشرعية الدكتور عبدالله النفيسي دار الدعوة ، الكويت الطبعة الاولى ١٤٠٥ه ـ ١٩٨٥ م .

٢١ ـ عبدالجواد ياسين (السلطة في الاسلام ) ، العقل الفقهي السلفي بين النص والتأريخ

٢٢ ـ مافى مرۆڤ لەنێوان ئيسلام وواقعدا :بەشى يەكەم ،ن /محمد رشدى عبد ، و غازى اسماعيل /چاپى يەكەم ١٤٢١ ـ ٢٠٠٠.

٢٣ ـ المعتزلة واصول الحكم ، د.محمد عمارة ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر الطبعة الاولى ١٩٧٧ .

٢٤ ـ علم السياسة تجديدمن وجهة نظر اسلامية ، السيد صدر الدين القبانضي .

٢٥ ـ ادب الدنيا والدين ، لأبي الحسن علي بن محمد الماوردي المتوفي ٤٥٠ ، الطبعة الرابعة ١٣٩٨ ـ ١٩٧٨ .

٢٦ـ مقدمة ابن خلدون ، دار الفكر .

٢٧ ـ السياسة الشرعية ، في الاصلاح الراعي والرعية ، لتقي الدين بن تيمية ، الطبعة الخامسة ١٩٩٠ مكتبة المعارف ـ بغداد .

٢٨ ـ من فقه الدولة في الاسلام ، د. يوسف القرضاوي ، دار الشوق .

٢٩ ـ دولة المدينة وتشريعاتها الدستورية ، اعداد : خالد محمد صالح الكردي ، رسالة ماجستير في جامعة الخرطوم ١٤٢١ ـ ٢٠٠١ .

٣٠ ـ السيرة النبوية الصحيحة / محاولة لتطبيق قواعد المحدثين في نقد روايات السيرة النبوية . الجزء الاول /د. اكرم ضياء العمري / مركز بحوث السنة والسيرة ١٩٩١

٣١- دوارِۆژ بۆ ئيسلامة و محسن جواميَر / بلآوكراوةكانى يةكطرتووى ئيسلامي --- ئةسكةندةنافيا ١٩٩٢- ١٤١٤

٣٢- حقوق الإنسان / بين عدل الإسلام وجور الحكام / عبد الله الحامد / لجنة الدفاع عن الحقوق الشرعية/ تموز ١٩٩٥

٣٣- فقه السيرة / د. محمد سعيد رمضان البوطي، الطبعة السابعة دار الفكر ومكتبة الشرق الجديد – بغداد

٣٤- محاظرات في تاريخ الافكار والنظم السياسية اعداد بسام عبد الحميد. كلية الامام الاوزاعي للدراسات الإسلامية . بيروت . لبنان ١٩٩٨- ١٩٩٩
٣٥- سقوط الغلو العلماني د. محمد عمارة / دار الشروق / الطبعة الاولى ١٤١٦- ١٩٩٥
٣٦- منهج التغيير الإجتماعي في الإسلام / د. محسن عبد الحميد / مكتبة القدس
٣٧- احياء علوم الدين / الجزء الثالث / ابي حامد الغزالي / عالم الكتب
٣٨- منهاج المسلم / ابوبكر جابر الجزائري
٣٩- الإسلام بين الشرق والغرب / علي عزت بيجوفيتش رئيس البوسنة والهرسك / ت محمد يوسف عدس / الطبعة الاولي ١٤١٤- ١٩٩٤
٤٠ – مذكرة النظم الإقتصادية / كلية الإمام الاوزاعي د. عبد الغزيز هيكل
٤١- مختصر زاد المعاد لابن القيم / تأليف الامام محمد بن عبد الوهاب / دار القلم للطباعة والنشر – بيروت – لبنان ١٤٠٣
٤٢- فقة السنة سيد سابق / دار الفكر- الطبعة الرابعة ١٤٠٣-١٩٨٣م
٤٣- الفقة الإسلامي وادلتة ج٨ / د. وهبة الزحيلي
٤٤- الدولة القانونية في النظام السياسي الإسلامي / د. منير حميد البياتي
٤٥- قورئان و طفتوطؤيةك لة ثيَناو ئازادي دا / فاتح سةنطاوى
٤٦- رياضه الصالحين / للإمام النووي
٤٧- الدولة والمجتمع / د. محمد شمرور . ١٩٩٤ – ١٤١٤
٤٨- سێ گۆشه نیگا . د. سه‌باح به‌رزنجی / چاپی یه‌كه‌م / چاپخانه‌ی وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده ١٤١٨- ١٩٩٨
٤٩- دین و سیاسه‌ت / ئاماده‌كردنی سه‌رۆ قادر / بابه‌تێكی كاك عومه‌ر عه‌لی غفور (سروشتی په‌یوه‌ندی ئایین و سیاسه‌ت پتر له رایه‌ك)
٥٠- القاموس السياسة ج٣ / عبد الوهاب الكيالي / المؤسسة العربية للدراسات والنشر
٥١- الجامع في طلب العلم الشريف تاليف عبد القادر عبد العزيز / الجزء الثاني / الطبعة الثانية ، -- ١٤١٥ه
٥٢- الفراسة/ لابن القيم الجوزي، وتحقيق صلاح احمد السامرائي
٥٣- كيف نحكم بالإسلام في دولة عصرية .د. احمد الفنجري.
٥٤- الحركات الإسلامية والديمقراطية مركز دراسات الوحدة العربية، سلسلة كتب المستقبل العربي(١٤)
٥٥- السياسة الشرعية في ضوء نصوص الشريعة ومقاصدها / د. يوسف القرضاوي / مكتبة وهبة

٥٦- الإسلام والفكر الإسلامي المعاصر / د. حسن الزين
٥٧- في السياسة الشرعية د.عبدالله النفيسى

پێرستی بابەتەکان

پێشەکی
دەسپێك (ڕێ خۆشەریەك )
دەوڵەت چیە
پایەکانی دەوڵەت (گەل، هەرێم، دەسەلاتی گشتی)
دەسەلات و دەوڵەت .. هۆکاری سەرهەڵدان
بیرودۆزی گەشەکردن لە خێزانەوە...
بیردۆز هێزو زاڵێتی
بیردۆزە ئاینیەکان (بە خوا کردنی فەرمانڕەوایان
– ماف پیرۆزی خوایی
– ڕێ پێدانی خوایی
بیردۆزەی دیموکراسیەکان
(پەیمانی کۆمەڵایەتی لای هۆبز – لۆك – ڕۆسۆ)
بیردۆزو دیدی ئیسلامی لەهەر سەرهەڵدانی دەسەلات
بونی دەسەلات دەققەکانی ئیسلام دەیخوازێ
لە مێژووی ئیسلام و سەردەمی وەحی دا
ڕاگەیاندنی پەیماننامەی مەدینە
ڕێگەکانی هاتنی ئەم بەڵگەنامەیە
مێژووی نوسینی بەڵگە نامەکە
دەققی نوسراوەکەی پێغەمبەری خوا لە نێوان کۆچکەرو پشتیوانان و جولەکەدا
بەڵگە نامەکەو خوێندنەوەیەك
بەڵگەنامەی پەیمانیٰ‌نێوان کۆچکەرو پشتیوانان
گرنگترین ئەو مادە دەستوریانەی بەندی هەردوو (صحفیە) ەکە بۆ دەوڵەتی دەست نیشسانی کردوووە
تیشکێك سەبارەت بە (تێگەیشتنی چەمکی دەسەلات لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین دا)
دەروازەیەك بە رووی ئیسلام و ژیاندا
سستمی ڕەوشتی لە ئیسلام دا

تایبەتمەندیەکانی سستمی رەوشت لە ئیسلام دا
سستم و بواری کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا
تایبەتمەندیەکانی سستمی رەوشتی لە ئیسلامدا (چاودێری کردنی رەوشت- پابەندبون بە واتای دادگەرییەوە گرنگی دان بە خێزان – پایەی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا – بەرپرسێتی تاك لە چاك سازی کۆمەڵگەدا- هاوکاری و پەروەردە بوون- کۆمەڵگەی کردارو رەفتار )
سستمی ئابوری لە ئیسلام دا
تایبەتمەندیەکانی بورای ئابوری لە ئیسلامدا
چەند بنەمایەکی گشتی لە سیستمی ئابوری ئیسلامیدا
مافی موڵکدارێتی تایبەتی
مافی میرات و وەسیەت
داهات و پێدان لە ئابوری ئیسلامدا
سستمی جیهاد لە ئیسلامدا
سستمی تاوان و سزادان لە ئیسلامدا
تاوان و خراپەکاری
جۆرەکانی تاوانکاری
سزادان
سستمی قەزا لە ئیسلامدا
(چەند ستمێکی تر
دادگەری و ستەمکاری دیدێکی ئیسلامیانە
سستمەکانی ئیسلام و چەند پرسیارێك
ئیسلام و بنەماکانی فەرمان رەوایی
سەروەری شەریعەت و دەسەڵاتی گەل
سەرچاوەی دەسەڵات گەل وجەماوەرە
دادگەری و یەکسانی
یەکسانی راوێژ
حوکمی راوێژ
سەرنجێکی گرنگ

ئەندامانی راوێژ و راوێژكاری
ئایا راوێژ (ملزمە) یا (معلمە)
پابەندبون بە رای زۆرینە
سیاسەت و سیاسەتی شەرعی خوێندەنەوەیەكی خێرا
سیاسەتی شەرعی
چەند كار و بار و كێشەیەك سەبارەت بە پیادەكردنی شەریعەت
لە كۆتی یدا
سەرچاوەكان
پێڕستی بابەتەكان

تێبین: هەر گرفتێكت بینی لە ریزبەندی یان ناونیشانی بابەتەكاندا پەیوەندی هەیە بەم نوسخە ئەلیكترۆنییەوە كەهەندێك دەستكاری كراوە